عەبدولرەحمان مونیف

# درەختەکان و ...

# تیرۆری مەرزوق

ڕۆمان

دلاوەر قەرەداغی

کردوویە بە کوردی

چاپی یەکەم

1998

- درەختەکان و تیرۆری مەرزوق
- بـــابــــــەت : ڕۆمان
- نووســـــــەر : عەبدولڕەحمان مونیف
- وەرگێـــــــڕ : دلاوەر قەرەداغی
- ســـاڵ : **1998** چاپی یەکەم
- کوردستان – سلێمانی
- کۆمپیوتەر : ئەستێرە
- چاپ : چاپەمەنی بابان
- تیراژ : **500** دانە

لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە ژمارەی سپاردنی (**48**)ی پێدراوە.

# سەرنجێك

خولیای تەرجومەکردنی ئەم رۆمانەی (عەبدولڕەحمان مونیف) ئەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سالآنی هەشتا ئەو دەمەی کە قوتابی زانکۆ بووم، ئەم خولیایە بەرەو تاراوگە لەگەڵم هات، تا لە پاییزیساڵی – دا دەستم کرد بە تەرجومەکردنی و لە بەهاری ساڵی دواتردا تەواوم کرد.. سەفەری چاپکردنی ئەم بەرهەمە دژوارتر بوو لە سەفەری تەرجومەکردنی.. لە ماوەی (––) ساڵی رابردوودا چەند جارێك لێرەو لە دەرەوە هەوڵی لە چاپدانیمدا.. بەلآم هەموو ئەو هەولآنە بە هەدەر چوون.. ئیدی لە سەرەتای ئەمساڵدا پڕکێشیی لە چاپدانیم کردو بڕیارمدا بە تیراژێکی کەم بیخەمە بەر دیدەی خوێنەرانی ئازیز.. گەر هاندان و ڕانومایی هەندێ لە دۆست و هاوڕێیان نەبووایە، ئەوا خۆم تەنها باڵ و بەرهەمەکەش بە نیوەناچڵ جێدەما.

دلاوەر قەرەداغی

مایسی

1998

~

# نەسكی یەكەم

# 1

کۆڵ مەدە، گوێت لێیە چیت پێدەڵێم؟ کۆڵ مەدە.... لەم شتانەی دواییش گەڕێ، کە لە دەروونتا، یادەوەرییەك یان سۆزێك جێدێڵن، تۆ بە تەنیا هەر خۆت، لە پردەکە پەڕیتەوە، ئیدی پێویست ناکا، ئەو ئەسەفە دەستەمۆیە، لە چاوەکانا بخوێنێتەوە، ئەوان بیر لە تۆ ناکەنەوە، تەنانەت گەر شتێکیشت پێ بڵێن، لە دڵەوە نایڵێن. هەموو شتێك لە دوای خۆتەوە جێبێڵە ، گەر توانیت .... هەرگیز ئاوڕ لە دواوە مەدەرەوە.

بەڵام تۆ بە کەست نەگوتووە کەنگێ سەفەر دەکەیت، دڵنیابە حەوانەوەیەکی نزیك لە لەزەت دایاندەگرێت، لەو وشە گەورانەیان بووراێت، کە ساتی ماڵئاوایی لەسەریانا دەهات و دەچوو، گەربێن، ئەوا هەریەکەیان، بە ڕێگە تایبەتییەکەی خۆی شتێکت پێدەڵێ، بەڵام ئەوان ئێستا دەنوون، بەڵێ دەنوون، تۆش لەم سەعاتە درەنگەدا، بۆ هەزارەمین جار، دەست بۆ گیرفانەکانت دەبەیت، تا دڵنیابیت، هەموو شتەکان لە جێگەی خۆیانان، پەساپۆرت، بلیتی قیتار، بەڵگەنامەی تەندروستیی، موافەقەتنامەی کارکردن.

هێشتا روخسارە بەشکۆ و قۆچاخەکان لەسەر روخسارت دەردەکەون و تۆش لە پەساپۆرتەکە دەنۆڕی، بەلایەنگیرییەکی بڕندەوە لێی دەنۆڕی، وەك بڵێی لە هەندێك ساتی دیاری کراوا، خۆت

بە خاوەنی نەزانی، پاش ئەوەی گشت پەڕەکان، تەنانەت پەڕە سپی‌یەکانیش، هەڵدەدەیتەوە و لە هەموو شتێك دڵنیا دەبیت، روخسارت دەگەشێتەوە، پاشان سەرلەنوێ، دەست بەسەیرکردنی دەکەیتەوە، وەك ئەوەی یەکەم جار بێ ببیبینی، لە وێنەکە، لە نامەکە، لە ئیمزا سەوزو شینەکان دەنۆڕیت، پاش ئەوەی دڵنیا دەبیت، بەڵگەنامەی تەندروستییەکە دەردێنی، پەڕەکانی هەڵدەدەیتەوە، زانیاریەکان دەخوێنێتەوە، کە بە زمانی عارەبی و فەرەنسی نووسراون، لەسەر هەندێك ووشە دەوەستی، بیردەکەیتەوە، پاشان هەر چۆنێ بێ وەرگێڕانەکەیت بە دڵ دەبێ!

کەسێك بڕواناکا، چەند چاوەڕێت کرد، تا ئەم کاغەزە نەفرەتیانەت وەرگرت، بەڵێ... هیچ کەسێکی سەر رووی ئەم زەوییە نیە وا مەزەنەکا، کاغەزی وەك ئەوە، کە وەرگرتنیان نیوسەعات ناخایەنێ، تۆ زیاتر لە دوو ساڵ بێ، چاوەڕێی وەرگرتنیان بیت!

بەڵام زەمەن چییە؟ بەلای خەڵکییەوە چیە؟ ئەی بەلای تۆوە چییە؟ بۆچی بابەتەکە بەم شێوە هەڵەیە دەخەیتە روو؟ بۆچ لە گۆشەی زەمەنێکی ماتماتیکی مردووەوە لێی دەڕوانیت؟ زەمەنی مانگ و رۆژەکان؟!

پەساپۆرت، مانای ئەم بەڵگەنامە بچکۆڵەیە نیە، کە لە نێو دەستتدایە، گەر ئاوا مەزەنەی مەسەلەکە بکەیت، زۆر هەڵەیت!! ئەی پەروەندە قەبەکان؟ تەنانەت موختارەکەش، ئەیتوانی رێی سەفەرت لێ بگرێ، بەڵام ئەو پارە کاغەزە سەوزەی بەترسەوە لە سەرمێزەکە داتنا ، وای کرد لە ساتێکا هەموو شتەکان بگۆردرێن ، وای کرد! زەردەخەنەیەك بیگرێ و پێت بڵێ : فەرموو کوڕم!

ئەی ئەو پیاوانەی لای ماڵەوە چاوەڕێیان ئەکردیت؟ ئەوانەی لە نانەواو پاکەت فرۆشەکەیان ئەپرسی؟ ئەو پیاوانەی لە کۆڵانەکەوە دوات کەوتن؟ لە چایخانەکەو لەسەر هەمان ئەو مێزە دائەنیشتن، کە تۆ لەسەری دائەنیشتی، سەیریان ئەکردی، پاشان خۆیان خەریك ئەکردو لە دووریان ئەڕوانی، ئایا مەزەنە دەکەیت، ساتێك لەوانە هەڵە بووبیت؟ خۆت فریومەدە!! گوێی ئەوانە هەڵەناکا، گوێیان هەموو شتێك وەردەگرێ، هەر ئەو رۆژە، پاش ئەوەی ووشەکانت لە هەوادا، بوونە دەنگی مردوو جارێکی تریش تەقینەوە، دواتر بوونە تارمایی و لە پەروەندە شین و سوورەکانا، کەڵەکە بوون...

رۆژی دوایی ، پیاوێك ، کە لە پشت مێزێکی بریسکەدارەوە دانیشتووە، تێت دەڕوانێ، تێت دەڕوانێ و زەردەخەنەیەکی تۆکمەش روخساری گرتۆتەوە، بەدەستی گەمە لەگەڵ ئەموستیلە نقێم

سەوزەکەی پەنجە توتەیدا دەکا، پاش ئەوەی، دڵنیا دەبێ لەوەی، روانینەکانی بە تەواوەتی پێکاوتی، ناکاو، زەردەخەنەکەی نامێنێ دەستیو سەر ئەنگوستیلەکەش دەکێشێتەوە، پرسیارت لێئەکا، تۆش دەشڵەژێی، بە دەنگێکی لەرزۆك وەڵام دەدەیتەوە، بیردەکەیتەوە، هەوڵ دەدەیت، گەلۆرانە، زەردەخەنە بتگرێ، پاشان پێت دەڵێ : (با بزانین!) چەند مانگێکی تریش چاوەڕێ دەکەیت!

ئەی ئەمە بۆ سەر زەمەن زیاد ناکرێ ؟ هەوڵ بدە وردتر لە مەسەلەکە بگە: بەدرێژایی رۆژ بەدواتەوەن، بە درێژایی شەو بە دواتەوەن، لە هەر کوێیەك دانیشیت دائەنیشن، گوێ رائەدێرن، دەروانن، کاتێك دەنوویت، هێشتا کارەکەی ئەوان تەواونەبووە، پێویستە هەمان شەو، راپۆرتەکە بنێرن، پیاوە کورتەبنەکەی ناو ژووره پەردە دادراوەکان، لە نێو دەستیدا، پەرەکان هەڵدەدتەوە، مەزەنەت دەکا لە کاتی جنێو دانا، مەزنەت ئەکا لەو کاتەی بەچرپە ئەدوێی، پاشان هێڵی سوور بە ژێر هەندێ ووشەدا ئەهێنێ، بە دەرزی یەك، کاغەزێکی بچکۆلە، بەراپۆرتەکەوە دەچەسپێنێ و دەینێرێ، پیاوێکی تر، دەیخوێنێتەوە، بە قەڵەمێکی سەوز دەنووسێ:

(بۆ بەشی زانیاریەکان)، بە وردی لە پەروەندەکە بپێچنەوە!!.

ئەی موافەقەت نامەی کارکردن؟ ئێستا لە هەموو شتێك گەڕێ، هەوڵ بدە بیرخۆتی بەرەوە....

ئەی هاورێکان؟ مەترسە گەر جێیان بێڵی، پاش ماوەیەکی تر دەزانن سەفەرت کردووە، ئەشێ گلەیی بکەن، بەڵام وا بزانە پێت ووتوون، سەعات لە یەك لایداوە، وا لە دوو نزیك دەبێتەوە، شەمەنەفەرەکەش، لە جێگەیخۆی نەجولاوە، مەزەنە بکە، ئێستا هاوڕێکانت لێرەن، بازنەیەکی چکۆڵە بەدەوردتدا، نوکتە، قسە، راسپاردە، هیچ شتێکی تر نازانیت، دەکەونە باوێشك دان، لە کاتژمێرەکانیان ئەروانن لە کارمەندی وێستگەکە دەروانن، لە تۆ دەروانن، ئەشێ ماندووبن، پێویستە ئەم هەڵوێستەت پێبزانن، بەڵام گوێ لەو گلەیی و گازندانە مەگرە کە ئیحراجت ئەکەن، هەلی ئەوەیان مەدەرێ بیڵێن!!

ئەی سەفەر بە نومرە دوو؟ هیچ کەسێك بۆی نیە لەسەر ئەم مەسەلەیە هەڵباتێ، تۆ بەتەنیا خۆت بڕیار دەدەی، لەبەر زۆر هۆ خۆت بڕیار دەدەی : توانای دارایی، لەخۆبوردویی، تێکەڵاو بوونی خەڵکی، هەر شتێکی تر کە بە خۆتی دەڵێی، سیمای جابییەکە وشك و بێ جووڵە، بە هەستێکی بەردینەوە لێی پرسیت :(نومرەیەك؟ دوو) شڵەژایت، خەریك بوو بڵێی نومرە یەك، بەڵام لە رووی ئەم تەحەدایە

خۆت گرت، بە دەنگێکی نیمچە گڕ، هەر وەك ئەوەی بەرگری لە خۆت بکەیت، ووتت: نومرە دوو، مەسەلەکە بە خێرایی کۆتایی هات، بێ ئەوەی سەیرت بکا بلیتەکەی دایتێ و تەنها ووشەیەکیشی نەگوت! !

جانتاکەت بە هێمنی دانا و بە ئاراستەی رێ رۆیشتنی شەمەنەفەرەکە دانیشتیت خەڵکی لەسەر شۆستەکەن،، ئەم دەرسەت لەبەرە، چاوەرێت کرد،شەمەنەفەرەکە لەجێگەی خۆی نەجولاٌوە، خەڵکی لەسەر شۆستەکەن،خەڵکانێك چ روخسارێکیان نییە، خەڵکانێك لەمەوبەر نەتدیون، فرۆشیار، گەشتیار، کرێکارانی شەمەنەفەرو وێستگە، تۆش لە فارگۆنی نومرە دوو دایت، دەست لە پەساپۆرت موافەقەتنامەی کارکردنەکەت دەدەیت.

– سلاٌو برا...

بە لەهجەیەکی مەحکەم وای گوت، سەرە سپیەکەشی لە دەرگای فارگۆنەکەوە هێنایە ژووری..

– سلاٌو....

– ئەم کورسییانەی لای تۆوە چۆڵن؟ ئەمەی پرسی و لەسەر شانی راست، کە جانتایەکی زەردی شڕی هەڵگرتبوو، هاتە پێشی! !

– فەرموو..

جانتاکەی بە شەکەتییەوە فڕێدایە سەر زەوی فارگۆنەکە، بە تەوسەوە وتی:

–گیراوە.. گیراوە ، هەمـووی گیراوە... درۆ ، دەلەســـە ، هەر کەسـێك بۆ حسـابی تایبەتی خۆی شەمەنەفەرێکی دەوێ، بە زمانێکی نوێ بەردەوام بوو.. وتی: سەفەرەکەم کورتە و بێزارت ناکەم..

– فەرموو... هەموو ئەم جێیانە چۆڵن...

وەك ئەوەی داوای لێبوردن بکا، وتی :

– لە شەمەنەفەردا، جێگە زۆرە.... زۆر زۆرە، بەلاٌم هەر کەسێك دەیەوێ راکشێ، دەیەوێ بنوێ...

ساتێك بێ دەنگ بوو، پاشان بەردەوام بوو:

– تەنها قەبر چاوی خەڵکی تێر دەکات...

تەمەنی پەنجا سالاٌن دیار بوو، لاوازو ئێسکی دەم و چاوی دەرپۆقیو، ملی لە نێو کراسە دەڵبەکەیەوە، وەك ملی باڵندە هاتبووە دەرێ، چاوەکانی لە نێوان خۆڵەمێشیو شین دا، پێکەنیناوی و گاڵتە جار ئەیانواند، جلەکانی دەڵب و رەنگاورەنگ، چلێکی سەوزی بە کونە قۆپچەی چاکەتە شینەکەیەوە کردبوو، کە قۆپچەی ئاڵتونینی بریسکەداریی پێوە بوو، مەتارەیەکی زەردی کاڵی عەسکەری، کردبووە شان...

بەدڵنیایی و حەوانەوەوە سەیری چوار دەوری خۆی کرد، مەتارەکەی داگرت لەسەرخۆ هەڵیواسی، وەك ئەوەی دەست بە دەم و چاوی ئافرەتێکا بێنێ، دەستی بەسەر مەتارەکەدا دەهێنا...

شوتی شەمەنەفەرەکە لێیدا، پیاوێکی قەڵەو هاتە ژووری، بە دەنگە دەنگەوە هاتە ژوری و کەلوپەلی هەمە جۆری پێبوو:

– سەلامون عەلەیکوم.

بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بکا، بەهەناسە بڕکێوە لەسەر کورسییەك پاڵیدایەوە....

شوتی شەمەندەفەرەکە، بۆ جاری سێ یەم لێیدا، سەعاتی سەفەر هات.

شار دوور دەکەوێتەوە، گلۆپەکانیش کە یەکەمجار وەك ئەستێرەی ئاسمانێکی سەر بەرەوخواروەهابوون، لەگەڵیدا دوور دەکەوتنەوە، پاشان لە دەزوولەی درێژی پێکدا چوودا، ریزیان ئەبەست لەگەڵ لەرینەوەی شەمەنەفەرەکەدا، کە بەرەو باکوور هەڵشەگژا، ئەوانیش دەلەرینەوە، کاتێك خێرایی شەمەنەفەرەکە زیاد بوو، بزووتنەکەی، بە لێدانی دڵی ئاژەڵێکی ئەفسانەیی ئەچوو، لەگەڵیدا، گەرمی و رووناکی لە فارگۆنەکانی نومرە دوودا، زیاتر دەبوو، وێنەکان لەسەر جامەکە پێچەوانە دەبوونەوە و لەگەڵ تاریکی یانا، ئاشکرا تر دەیاننواند، شەو لە دەرەوە، قووڵ و تاریك داهات بەڵام هەوا قورس و تێکەڵ بە بۆنی دوکەڵ و بیرەوەری بوو، لە دەرووندا، هەستێکی شاراوەو خەمگینی دەزاند..

– سێ سەعاتە و دەگەینە سنوور...

پیاوە قەڵەوەکە ئەمەی ووت و بۆ خوارەوە چەمی‌یەوە، تاکو پێڵاوەکانی داکەنێ، پشتەملی سوورو خوێن تێزاو، بێ‌ئەوەی سەر بەرزکاتەوە ئەوەی ووت...

– شەمەنەفەرەکە، ماوەیەکی درێژ لەسەر سنوور دەوەستێ؟

دانیشتنەکەی رێك کردەوە، چاوەکانی لە دەم و چاوێکی هەویرینی شل و شۆڕدا بوو، لوتێکی گەورەی وەك پارچە یەك لاستیك تیایدا دەرپەرییبوو، بەخەمەوە سەیری کردین و وتی:

– ئەوە لەسەر ژمارەی نەفەرەکان وەستاوە، لەسەر بوونی تەنگ و چەڵەمە..

گران هەناسەیەکی وەرگرت و پاشان بە زەلیلانە وتی:

بەگوێرەی رۆیین، بەڵام تێکرا لە نێوان دوو سێ سەعات دایە..

(چەند سەعاتێکم لەم وولاتەدا ماوە، پاش ئەوە جێی دێڵم، جارێکی تر بۆی ناگەرێمەوە، بەڵێ، ناگەرێمەوە،گەر بشگەرێمەوە، بیست ساڵێکی تر ئەگەرێمەوە، خۆم لەگەڵ کارە نوێیەکەمدا دەگونجێم، گەر دەرکرێم لێی، ئەوا کارێکی تر دەدۆزمەوە،گەر وڵاتەکەشم بۆ نەگونجێ، دەچمە وڵاتێکی تر... گرنگ ناگەڕێمەوە ! !).

لێی پرسیم:

– یەکەم جارە سەفەر دەکەیت؟

(بیردەکەمەوەو تێی دەڕوانم، لەوە دەچێ، یەکەم جار بێ سەفەر بکەم؟ چی لە من داوە ؟).

– لەم رێگەیەوە یەکەم جارە...

(پیاوە قەڵەوەکە هەردوو قاچی بۆ سەر کورسیەکە بەرز کردەوە، بۆیمباخەکەیشی شل کردەوە).

(سەربەستی خۆی وەردەگرێ، مادام بەم رێگەیە نەشارەزام، بەلای ئەوە حاڵەتێکی حەزاریی نیم، خەریکە هێرشم بۆ دێنێ، ئەیەوێ خوێم بەسەرا بادات).
– فەرموو... پاکەتە جگەرەکەم بۆ درێژ کرد...
– سوپاس، لە سایەی خواوە جگەرە ناکێشم!!
(کەواتە ناخواتەوە، نوێژ دەکا، رۆژو دەگرێ، رەنگە دزیش بکا!!)
– فەرموو.. پاکەتە جگەرەکەم بۆ پیاوە لاوازەکەی تەنیشتم درێژ کرد..
– ئێی وەڵڵا... سوپاس..
(ئەم پیاوە جۆرێکی ترە، لە سەرهەمان کورسی‌یەکەی پاڵ من دانیشتووە، دوور لە گۆشەکەدا بیرلە شتێك دەکاتەوە، لەسەر پێڵاوە تۆزاویەکانی، ئاسەواری رێ رۆیشتنێکی درێژ هەیە).
– ببوورە... ببوورە... تۆ دایگرسێنە...
(گەر جگەرە نەبا، دنیا بە گڕ کڵپەی دەسەند، ئادەمیزاد پێویستە شتێك داگیرسێنێ، شتێك بسوتێنێ).
–بەخێر... بۆ کوێ سەفەر ئەکەیت؟
بێ‌بیرکردنەوە.. وەڵامم دایەوە :
– بۆ باشوور!!
– بۆ کوێ؟
– بۆ باشوور.. بێگومان سەرەتا بە باکوری وولاّتا دەڕۆم، پاشان بۆ ئەوپەڕی باشوور.
– کار یان گەشت؟
(چی پێ بڵێم؟ ئایا ناچارم وەڵام بدەمەوە؟ بەلایەوە چیە گەر بۆ کار بڕۆم یان بۆ گەشت؟ خۆ من پرسیارم لێ نەکردووە؟ نەعلەت لە خۆی و خۆ تێ‌هەڵقورتاندنەکانی، گەر بم خوێندبایەوە، تووشی ئەم پرسیارو وەڵامە قێزەوەنە نەئەبوم، وا ئەو زیاتر هێرشم بۆ دێنێ، من ئێستا لە وەزعی بەرگریدام).
– گەشت لە پێناوی کارکردنا...
– مەبەستت گەڕانە بەدوای کارکردنا...
– تا رادەیەك..
(سەد جار بڕیارم داوە درۆنەکەم، بەڵام لەوەها وەزعێکا، چی بکەم).
– ئەم کتێبانە عارەبین؟
– هەمووی نا، هەندێکیان عارەبی و هەندێکی تریشیان فەرەنسی...

(توێژنیەوە لە رابوردوو، یەکێکە لەو کتێبانەی لەسەر مێزە چکۆڵەکەی بەردەمم دانراوە، ئێستا دەست بە خوێندنەوەی بکەم؟ کاتێك بیر پەرتەوازەو بڵاوبێ، تێگەیشتن کردەیەکی زۆر ئاڵۆزە ئادەمیزاد بێئەوەی تێبگا، دەخوێنێتەوە، بەڵام گەر هەموو ئەو شتانەی کە خوێندویەتیەوە، بیری بێتەوە، مێشکی دەتەقێ، بیر چوونەوە ئاسانترین رێگەی ژیانە).

– کارەکەت بازرگانیە؟

– نا... لەوە زۆر دوورترە... شوێنەوار ناسی‌یە گەورەم!

بێدەنگ بوو، دەمەوێ سەرسوڕمان لە چاوەکانیدا ببینم، کاتێك بیر لەم ووشەی شوێنەوار ناسیە دەکاتەوە، ئەمە لە ووشە تا سێنەرەکانە، تەواو هەر وەك ووشەی پیاو کوژ، چەتە، گۆر هەڵکەن، ووشەکە خێرایی ئەنجامەکانی پێکا، وەك لوورەی ئاژیر ، لەسەریدا دەنگی دایەوە ، بە لچ هەڵقورتانەوە پاڵی دایەوە ، حەزم کرد پێی ڕابوێرم:))

– هیچ زانیاری‌یەکت لە بارەی شوێنەوار ناسیەوە هەیە؟

(نۆرەی منە، پێویستە زیاتر گاڵتەی پێ بکەم، گەر پیاوە، با بەرگە بگرێ، ژیان هێندە بچکۆلە نیە، وەك ئەوەی ئەو مەزنەی دەکا، با هەموو شتێك لەگەڵ کارەکەی خۆیدا بەراورد بکا، تا بۆی دەرکەوێت، چەند نەفام و ترۆیە).

– هەندێك شوێنەوارم دیوە، بەڵام بە گشتی سەرنجیان ڕانەکێشاوم!

– بۆچی؟

– تەنها بەردو کۆشکی داڕووخاوە، بەلامەوە سەیرە، چۆن خەڵکی گرنگی پێدەدەن..

(با لەسەر هێرشەکەم بەردەوام بم، بەڵام وا دەردەکەوێت ، ئەو گۆشە بە هێزەم بزرکرد کە مەزەنەم دەکرد لێیەوە ئەتوانم بجەنگم).

– بێزەحمەت ئەی ئیشی تۆ چیە؟

– بازرگان..

– بازرگانی چی؟؟

– بازرگانی جۆراوجۆر.. کوتاڵ، دانەوێڵە، ڕۆن

پیاوە لاوازەکە، بە دەنگێکی شەرمن، لە سوچەکەوە وتی :

– ببورە مامۆستا... لە نێو جەرگەی شارۆچکە کەمانا، لە تیبە شوێنەوار هەیە، ئەشێ تۆ بزانیت، یان رەنگە دیدەنیت کرد بێت..

جارێك پێش دوو ساڵ، دیدەنیەکی کورت بوو..

– هەموو ساڵێك، ژمارەیەکی زۆر بێگانە، هەندێك جار عارەبیش، گەشتی قوتابخانەکان و هینی تر، دیدەنیمان دەکەن...

شەو لە دەرەوە، وەك رەشماڵێکی رەشی تۆخ تاریك و نوتەك، شەمەنەفەرەکە هەناسە بڕکێیەتی و رووەو سنوور بە سەر گردۆڵکەکەدا سەردەکەوێ، پیاوە قەڵەوەکە، روانینێکی تێکەڵ لە ڕیزی شاراوە و گومان تێم دەڕوانێ، بەزەیی بەم پیاوەی بەردەمیدا دێتەوە، پیاوێك بەم شەوە، لە پێناو بەرد و و پارچە سیرامیکدا سەفەر دەکا، لە دڵی خۆیدا دەڵێ : لەم جیهانەدا، شتێك نیۆەندی هاوسەنگی خۆی وون کردووە، لە ئاکامی ئەم شیرازە تێك چونەش، هەموو شتێك تێك چووە، سەرێك مەردەیەها پارچە ئەهێنێ، کیسەیەك گەنم، بەرامبەر هەموو کۆشکەدا ڕوخاوەکانە، کەڵکی ئەو کۆشانە چیە؟ بۆچی خەڵکی دەیدەنی یان دەکەن؟ چ گاڵتە جارییەکە! ! لەو پەڕی دونیاوە سەردانی ئەکەن! !

سەری بۆ دواوە لا کردوەوە چاوی بۆ نووستن لێك نا!

پیاو لاوازەکەی سوچەکە سەیرم دەکا، لەسەر جامەکە شێوەی پێچەوانە بۆتەوەو دەیبینم، دەستی بە گیرفانیدا کرد، دەری هێنایەوە، جارێکی تر دەستی بە گیرفانیا کردەوە، پاکەتێك جگەرەی دەرهێناو بۆی دریژ کردم...

– فەرموو مامۆستا... بەتکاوە زەردەخەنەی هاتێ...

جگەرەیەکم دەرهێنا، دۆستانە پرسیم:

– سەفەرەکەت درێژە؟

– نەخێر.. دوای سنوور بە دەکیلۆمەتر دائەبەزم، یەکەم شاری دوای سنوور...

دەیویست شتی تریش بڵێ، بەڵام بێدەنگ بوو، جگەرەکەم بۆ داگیرسان، لەگەڵ یەکەم مژی دوکەڵەکەدا، بەهێمنی دەستی بە دەستم دا کێشا، بە خێرایی وتی:

– ئیهمالی کە! !

بە بۆڵەبۆڵێکی نزیك لە جرەی ئاژەڵ، وەڵامیم دایەوە، بە چاوانێکی واق ورماو تیی روانیم، هەر وەك ئەوەی شتێکی بوێ، یاخود بیر لە شتێك بکاتەوە، بەسەرسوڕمانەوە، روانینەکانی لە نێوان من و کابرای قەڵەو، کە لە پرخەی خەودا بوو، دەهێناو دەبرد، کە سەیریم کرد، چاوەکانی تروکاند، بە خۆیدا هاتەوەو لە سوچەکەدا خۆی گرمۆڵە کرد، بەڵام ناکاو ڕاپەڕی و بە هەڵچوونەوە لێی پرسیم:

– دەمەوێ ئارەق بخۆمەوە.. یارمەتی هەیە؟

پێش ئەوەی وەڵام بدەمەوە، وتی:

– ئارەق دەخۆیتەوە؟
وەڵامم نەدایەوە، کەوتە حاڵەتێکەوە کە تیایدا ئارەزوو لە گەڵ ترس و گوماندا بەیەکا دەهاتن. بەڵام کاتێك دەستی بۆ مەتارە هەڵواسراوەکە راکێشاو لێی کردەوە، رووی گەشایەوە، بە ئارەزوو خستنە بەر بانگی کردم، کە سەری مەتارەکەی کردەوەو ئارەقی تێکرد  شێوەی دانیشتنەکەی گۆڕی، بە شێوازێك، کە رەت کردنەوە هەڵناگرێ، پێی ووتم:
– فەرمووو مامۆستا..
– نا... نا، تۆ بخۆرەوە!!
پێدەچوو تووڕە وەڵامم دابێتەوە گەڕایەوە دواوە و هەڵیدا، پاشان پڕی کردەوەو بە بەری دەستی دەمی سڕی و پێکەکەی بۆ راگرتم...
سەری مەتارەکەم وەرگرت و خواردمەوە، هەستم کرد، بەد خوویەکی خەمگینو شێتانە رۆچۆتە گشت خانەیەکی جەستەمەوە مەنسوور! ئارەق خواردنەوە لە ئەووەڵی سەفەرا؟ وەعدتدا نەخۆیتەوە، وازی لێ بێنێ، کەچی ئەوەتانێ بەر لەوەی سوێندەکەت کۆن بێ دەست پێ دەکەیتەوە، دەڵێی بۆتە چارەنووسم، بۆتە هاوڕێی هەمیشەیم، تۆ سەربەستیت چیت دەوێ بیکە، بەڵام بۆچی سوێنت خوارد. ئەمە بەهەر حاڵ) بەڵکو ئەوەتا لەگەڵ رێبوارێکیشدا دەخۆیتەوە! بۆچی ئازاری خۆم بدەم؟ دەمەوێ بخۆمەوە، بەڵێ دەمەوێ بخۆمەوەو تەواو!).
بێدەنگی باڵی کێشا، لە بۆشایی دەڕوانم، خەیاڵم لە گەشتێکی بێهودەدایە، دەنگی وەك ئەوەی لە جیهانێکی ترەوە بێت هاتە گوێم.
– مامۆستا... روخسەت هەیە پرسیارێکت لێ بکەم؟
– فەرمووو.
– رات بەرامبەر شوێنەوارەکانی تیبە چیە؟ گرنگن، یاخود گرنگ نین؟
– بەخوا بەووردی نازانم...
بێئەوەی رێگە بدەم، گومان لە قسەکانم بکات بەردەوام بووم:
– من لە پیشەی شوێنەوار ناسیدا نوێم، لەمەولادەمەوێ دەست بەکاربم!
(بۆچی حەقیقەت نەڵێم؟ پەیوەندیم بە شوێنەوار ناسیەوە چیە؟ ئەو کارەی رازی بوون لەسەری بیکەم، وەرگێڕانە، تەنها وەرگێڕان).
کەواتە هەروەك من، ئێمە لە یەکتری دەچین...
– چۆن؟

– منیش ئێستا دووەم جارمە سەفەر بۆ کاسپیییە تازەکەم ئەکەم..
– چ کاسپیەک؟
– جل و بەرگی کۆنە ئەکڕم لە یەکەمین شاری دوای سنوور دەیانفرۆشم...
– قازانجی هەیە؟؟
– خوا نەیبڕێ.
– ئەم ئیشە قەدەغە نیە؟
– لە بناغەدا قەدەغەیە... گەر بیانەوێ گێچەڵم بکەن، ئەوا بە قاچاخچێتی دادەنێن، بەڵام جەماعەتی هەردوولا لەسەر سنوور رازین...
زەردەخەنەیەکی هاتێ و و بە تۆنێکی تر وتی: جگەرە، گۆرەوی، دەرمان، ئارەق، جارێکی تر تۆنی ئاخاوتنەکەی گۆری و وتی : گەورەم خوانەیبڕێ..
سەر لە نوێ تێم روانی، پیاوێکی لە رولاواز، روخساری خەمگین، سەرنجی کۆمەڵە جلێکی کۆنەم دا، هەر کە هەستی کرد ئاوها ورد سەیری ئەکەم قاچی لە هەوادا بەرزکردەوە، بە پێکەنینەوە کەوتە ژماردنی ئەو پانتۆلانە، کە لە پێی کردبوون، پاشان چاکەتە دەڵبەکەی کردەوە، لە ژێریەوە سێ چاکەتی تریش دەرکەوتن...
(کەواتە ئادەمیزاد دەتوانێ کاسپیەک بدۆزێتەوە، بەڵێ، کار تەنها شتێکە کە ئادەمیزاد بە دوایدا دەگەڕێ، لە پێناویا سەرکێشی دەکا، تەنانەت گەر تووشی مەترسیش بێ، توشی مردن، بێکاری جۆرێکی ترە لە مەرگ، بۆچی بیرم لە کاسپیەکی وەک ئەم کاسپیە نەکردۆتەوە؟
ببمە قاچاخچی جل و بەرگی کۆنە؟ شورەیینیە؟ مەنسور! شورەیی ئەوەیە بێکار بیت، شەرەفی ئادەمیزاد کارکردنە، تەنانەت سۆزانیەکیش، کە لە پێناوی ناندا کاردەکا زۆر لەوانە شەریف ترە، کە بەتاڵ و حەتاڵن).

مستر فرانسوا مارتان، شەقامی مەدام کوری – پاریس.
رازاوەترین رێزو سلاوتان پێشکەش دەکەم، پێتان رادەگەیەنم، ئەو ئاگادارییی نامەیەم خوێندەوە، کە لەم دواییەدا بلاوتان کردەوە، لە بارەی پێویستیتان بە وەرگێڕێک کە زمانی عارەبی و فەرەنسی بزانێ...

بەوەی کە ئەو خاڵە داواکراوانە لە من دا هەن، سوپاستان دەکەم گەر ئەرکی رازی بوونتان بۆ خستنە کارم بکێشن، بەپێی مەرجە بلاّوکراوەکان چاوەڕوانی وەلاّمتانم شکۆمەندترین رێزم بۆتان...

تێبینی:

جگە لە زمانی عارەبی و فەرەنسی، ئاگادارتان دەکەم. کە من نمرەیەکی بالاّم لە مێژوو، لە زانکۆی برۆکسل بە دەست هێناوە، لە زانکۆش، ماوەی سێ ساڵ مامۆستا بووم ..

پاش هەفتەیەك ئەم نامەیەم بەدەست گەیشت ..

مستر مەننسور عەبدول سەلام... س. پ .

مستر فرانسوا نامەکەتانی خوێندەوە، سلاّوی خۆیتان پێدەگەینێ - رازی بوونی تەواوی خۆیتان، بۆ کارکردن لەگەڵمانا، ئاشکرا دەکا، مانگانەکەتان لە چوار مانگی یەکەما هەر وەك لە ئاگاداری نامەکەدا هەیە لە سنووری کەمترین دا دەبێ، پاش ئەمە بۆ ماوەی دوو ساڵ عەقدتان لەگەلاّ دەبەسترێ، مانگانەکە، بەرازی بوونی هەردوولا دەست نیشان دەکرێت..

لە کاتی رازی بونتانا تکایە بەزووترین کات ئاگادارمان کەن، لە ماوەیەك کە ئەوپەڕەکەی کۆتایی ئابە، بۆ زانین پێویستە هەر چۆنێك بێ، لە یەکی تشرینی یەکەمەوە ئامادەبونتان لە شوێنگەکانی کارکردن دوانەکەوێ.

پاریس – ی تەمموز

ئیمزا : شارل بونیە

بەم شێوەیە، لە بێکارەیەکەوە بوومە بە وەرگێڕ، لە مامۆستایەکی مێژووی هاوچەرخەوە بۆ شتێك لە دونیای شوێنەوارناسی و رابوردوو، ئێستا هەست دەکەم تامی دوکەڵەکە، لە گەرووما خۆش و بەلەزەتە، وەك ئەوەی جگەرەیەك بە ئارەقی نێوچەوان پەیدا کرابێ، لەو جگەرەیە نەچێت، کە بە قەرز کڕابێ!

ئامادەبووم، ببمە دەرکەوان، ببمە حەماڵ، ببمە جابی، گرنگ ئەوەبوو، لەم وولاتە نەفرەتیە بچمە دەرێو و کارێك بدۆزمەوە...

چەند سەعاتێك ماوەو خاکی نیشتمان جێ دێلم، بەڵێ نیشتمان جێ دێڵم، ئەشێ هەتا هەتایە بۆی نەگەرێمەوە، هەموو ئەو بەیتە شیعرانەم بیردەچێتەوە کە لە قوتابخانەدا لە بەرم کردوون، سۆزو سەفەرو مانگی بیابانم بیردەچێتەوە،

(کاتێك دەستم بەخەمەوە کێشایەوە، هەستی شلەژان گشت خانەیەکی هزری گرتبـوومەوە کاتێك بینیم فرمێسکی چکۆڵە بەگۆنای خۆشـکەکەما دێتە خوارەوە  پێم ووت، ئەم نێردەی شوێنەوارناسی‌یە زیاتر لە دوو ساڵ ناخایەنێ، پاش ئەوە دێمەوە، رەنگە بەر لەوەش بگەرێمەوە، ئازیزەکەم... گرنگ ئەوەیە کارێك بدۆزمەوە) (نیشتمان چیە؟ خاکە؟ گردۆڵکەی روتەنە؟ ئەو چاوە توندو تیژانەیە کە توڕەیی و تەوسیان لێدەرئەپەڕێ؟ نیشتمان ئەوەیە ئادەمیزادی تیا برسی بێ؟ لە شەقامەکانا چەواشە بێ و بەدوای کارێکا بگەڕێو سیخورەکانیش بەدوایەوە بن؟

چەندە ئەو رۆژانە سەخت بوون؟! بەڵام چەند سەعاتێکیان ماوەو کۆتایی یان دێت، گەر شەمەندەفەرەکە، لە دواوێستگەدا بووەستێ، زۆر لە خۆم دەکەم لەوێدا هەڵ میزێم، نامەوێ هیچ شتێك لەگەڵ خۆما هەڵگرم، تەنانەت ئەو بیرەوەرییە رەشـانەش ، کە لەسـەر جل و بەرگ و روخســـــارم هەڵکوڵراون، دەمەوێ جێیان بێڵم ببمە ئادەمیزادێکی تر، ئادەمیزادێك رەبتی بەم خاکەوە نەبێ).

(مەزەنە بکە!! نیشتمان!، ئەم ووشەیە چەندە گەورەو ترسناکە، نیشتمان بەگوێرەی ئەوەی کە من پاش ئەزمونێکی تاڵی زیاتر لە بیست ساڵ بۆم دەرکەوت ئەو جێگەیەیە کە ئادەمیزاد کاری تیادەکا، لە نێو ئەو خەڵکانەدا، کە دەیانناسیێو خۆشی دەوێن، ئیدی کەسێکی واقیعیم، ئەو زیندە خەوانە لە زەینما سڕراونەتەوە، شتەکان واتێ ناگەم کە دەوتران،لەمەولا هێمای پتەویان لە لام هەیە، هێمای گەرم، هێمایەك کە ئەشێ بتوانم لە پێناویانا بجەنگم!).

– ببووره مامۆستا، دەمەویٚ ئەزیەتت بەم دەتوانی یارمەتیم بدەیت ، تاکو لە سنوور دەپەرینەوە، دووچاکەتم بۆ هەڵگریت؟
– ئاسانە... بێنە...
پاش ئەوەی پێڵاوەکانی داکەند، وەك رێویەکی پیر چووە سەرکورسییەکە، لەژێر رووناکی بنمیچەکەدا، وەك منالێك خەنی ببوو، جانتا گەورە شرەکەی کردەوەو دوو چاکەتی لیٚ دەرهێنا، پاشان هاتە خوارەوە...
– دەتوانیت یەکێکیان بکەیتە بەرت، ئەوتریش لە بشتتەوە هەڵواسیت!
– بمدەریٚ، یەکێکیان دەخەمە جانتـاکەمەوەو ئەویتریشیان لێرەدا هەڵدەواسم..
– ئارەزووی خۆتە، بەلاّم وا باشترە یەکێکیان بکەیتە بەرت، بەکێکیش لێرەدا هەڵدەواسم، دەستی بۆ جێگەکەی نێوانمان راکێشا...
سەرسورمان و خۆشی لە روخساریدا شەوقی دایەوە...
– دەتوانین یەك دوانێکی بدەینیٚ بەدەستێکی شل و شۆر ئاماژەی بۆ ئەو پیاوە کرد، کە بەرامبەرمان بوو، لە چاوانیدا، ئازارێکی بە چێژ قەتیس ما.
– پیٚم وایە چ نالیٚ!...
– ئاخر نایناسین..
– ناسینی ناویٚ، کارێکی ئاسانە و بۆ ئەو هیچی تیٚ ناچیٚ..
– ئەی گەر قایل نەبوو؟
– هەولێ لەگەلٚ ئەدەین،خۆ هیچ زەرەر ناکەین!..
– بەلاّم ئاخر جاریٚ نوستووە!
پاش ماوەیەك وتی: نا.. پێویست ناکا، گەر ئیمرۆ نۆرەی ئەوانە بیٚ کە دەیانناسم، گەر نۆرەی ئەوانەی جاری پێشوو بیٚ چ گەرم پیٚناکەن..
– تەواو دلٚنیانیت؟
– وا بزانم هەمان جەماعەتن..
– ئەی گەر ئەوان نەبن؟
– گەر هینی تر بن، ئەکەونە گێچەلٚ پیٚ کردنم.
وای ووت و بەسەرسورمانەوە چاوەکانی تروکاند، هەر وەك ئەوەی قسە لەگەلٚ خۆیدا بکا، وتی: دەورەو سەرلەنویٚ لەگەلێاندا رێك کەوە!؟ زەبرو زەنگ ئەنوێنن، تاکو بەرامبەرێکی زیاتر وەرگرن، دەلێن :

– تۆ قاچاخچیت ... ها ؟ نازانیت ئەم شـــتانە قەدەغەن؟
تەمێ نابن تا لاکەلەکەتان لە زیندانا دانەرزێ! دوای بگرەو بەردەیەکی ئاشکرا، یەکێکیان بانگت دەکاو لەگەڵت پێك دێ.
ئاوڕی لێم دایەوە و بەخەمەوە وتی:
– جاری پێشو بەرتیلێکی زۆرم دا، مەسـەلەکە هەر بەوە کۆتایی نەهات، هەزار بێگاریشیان دا بەسەرما...
بێدەنگ بوو، سەیری جامەکەی کرد سەری باداو دەستەکانی بەیەکاداو وتی: ئەوەی ئاسمان فڕێی بدات زەوی دەیگرێتەوە...
– چما دوای ئەم بەرتیل دانە، هیچت دەست ئەکەوێ؟
– گەر بەرتیلەکە زۆرنەبێ، ئەوا قازانجی هەیە، بەڵام مانای چی قازانجی هەیە. مەبەست ئەوەیە خوا نەیبرێ.. هەندێك جاریش قازانجەکەی ماندووبوون و جنێو پێدانە..
سەری باداو بەزەردەخەنەوە لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:
– مامۆستا ژیان پێویستە، منالآن نانیان گەرەکە، بە باوەر بەخۆ بونەوە بەقاچیدا کێشا و بەدەنگێکی بەرزی خۆڕاگرانە وتی: ئەلیاس.. تەگبیری خۆت بکە!!
(ئای خۆزیا..دەسەلاتم هەبووایە، گەر رۆژێك دەسەلاتم هەبا، ئەم دونیایەم وێران دەکرد، جیهان پێویستی بە هیچ نیە، بە وێران کردن نەبێ، هەموو شتێکی ئەم دونیایە گەندەڵ بووە، خانەکانی هەڵوەشاون، بۆگەن بوون، چی دی لەمەولا چاککردنەوەی مەحاڵە، پێویستە بۆ هەتا هەتا وێران کرێ تا بەڵکو دونیایەکی نوێ لەسەر داروپەردووکەی بنیات بنرێ، ئەشێ خەڵکانێکی ترو لە جۆرێکی نوێ، لە نێو جەرگەی جیهانێکی ترەوە بێن تاکو ئەم زەوییە پاکژ کەنەوە، ئەو زەوییەی کە ئێستا داپۆشراوە بە چینێکی ئەستوور لە پۆخڵی و گەندەڵیی).
بیرم دەکەوێتەوە......
(زانکۆ پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە نیە، ناتوانین چ شتێك بکەین، بڕیاری دەرکردنەکەت لە لایەنە بالآکانەوە دەرچووە، لە لێپرسراوانی سیاسیەوە، تەنها کاری من ئەوەیە بڕیارەکەتان پێ ڕاگەیەنم...
– بەلآم دەمەوێ هۆکانی بزانم..
– هیچ لە بارەی هۆکانەوە نازانم.. بڕیارەکە هۆی تیانیە!
– ئەی زانکۆ، ناتوانێ شتێك بکا؟.
– دەتوانێ چی بکا؟
– بڕیاری دەرکردنەکە ڕاگرێ، ناڕەزایی بەرامبەر دەربڕێ، لانیکەم هۆکانی بزانێ...

– مادام مەسەلەکە سیاسی‌یە، ناتوانرێ هیچ شتێك بکرێ..
– مانای چیە، مەسەلەکە سیاسی‌یە؟
– دەرکردن لە بەرهۆی سیاسی....
– دەرکردن هەر دەرکردنە، پێویستە لە سەر زانکۆش شتێ بکا!..
– زانکۆ پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە نیە، دەتوانێت بۆ راگرتنی دەرکردنەکە، یاخود بۆ زانینی هۆکان سەر لە لێپرسراوان بدەیت، تەنها کاری من ئەوەیە بڕیارەکەت پێ راگەیەنم، ئێستاش وا دادەنێم، پێت راگەیەنراوە، تکاشم وایە سەر لە سەرۆکی بەش بدەیت، تاکو کارەکانت بۆ تەواو کات، من بە ئەسەفەوە ئەم بڕیارەم پێ راگەیاندی، من چ گوناهێکم نییە..
– گەر لە شوێنی من بوویتایە چیت دەکرد؟
– تکات لێ دەکەم ئیحراجم مەکە، من فەرمانبەرێکم و بەکاری خۆم هەڵدەستم، هیچ شتێکی ترم نیە بیڵێم..
– ئەمە مانای وایە فڕێ ئەدرێمە سەرجادە، ئاوارە دەبم؟
– مامۆستا مەنسور، تکات لێدەکەم، تەقدیری زروفم کە، جارێکی تر پێت ئەڵێم بڕیارەکە لە سەرەوە هاتووە، هەر وەك من بزانم، هۆیەکانیش سیاسین..
– لە هەموو دنیادا، زانکۆ مامۆستایان دەپارێزێ، بەرگری لە سەربەستی‌یان دەکا، کەچی لێرە...
– مامۆستا مەنسور، تەواو!).
– ووتت پیاو دەبێ تەگبیری خۆی بکا... ها؟
– ئا بەڵێ، هەزار رێگە هەیە، بتڵە ئارەق، گۆرەوی، شتێك خشەخشی بێ، هەموو کاتێ رێگەچارە هەیە..
سەرلەنوێ بیرم دەکەوێتەوە..
(وەلید بەگ تارماییەو لە شێوەی ئادەمیزادایە، بوونی هەیە و بوونی نیە، وەلید بەگ نەیدەویست بم بینێ، تەنانەت بیستنی ناوەکەشم، نیگەرانی ئەکرد، هەوڵی دەدابە زەردەخەنەیەکی گەلۆرانە، بەرێ کا، لە ماڵەوە نەبوو، لە دائیرە نەبوو، لە چاکترین بارودۆخدا، کاتێك نەکرایە خۆی بدزیبایەوە، کۆبوونەوەی گرنگی هەبوو..
جیهان بە خێرایی ئەگۆڕێ، تا بەر لە ماوەیەکیش ئەو بەدواما دەگەڕا، بەلایەوە گرنگ بووم، جارێك پێی ووتم، پێویستە بە هەر شێوەیەك بێ لە زانکۆ داتمەزرێنین، زۆرشتی وەها کراوە، کەی پەیوەندیت پێوەکەم؟ نا...نا سبەینێ خۆم دێم بۆ لات، بەڵام ئێستا پیاوێکی خەتەرم، ترۆکراوم، نایەوێم، بۆ بەدوور ڕاگرتنی خۆیان لە هەر جۆرە شوبهەیەك پێویستە لێم دورکەونەوە).

- ئەڵێی چی خەبەری کەینەوە و ئەم چاکەتەی بدەینێ؟
چاکەتێکی کۆنی کاڵی بە دەستەوە گرتبوو..
- ئارەزووی خۆتە، تۆ لە من باشتری دەزانی...
- بەڵام نایناسین، قایل دەبێ؟
- هەوڵێکە و هیچ زەرەر ناکەین..
- با ئێستا لێی گەڕێین، کە لە خەو هەستا، پێی دەڵێم.
(دیسانەوە بیرم دەکەوێتەوە...
- ئێوارەت باش..
- ئێوارەت باش...
- بێ زەحمەت مامۆستا وەلید لەوێ یە؟
- کێ دەیەوێ؟
- مەنسور..مەنسور عەبدول سەلام.
- راوەستە... ببوورە نوستووە..
- بێ زەحمەت، کەی لە خەو هەڵدەستێ؟
- نازانم..
- ئەکرێ لە سەعات شەش تا حەوت، پەیوەندی پێوە بکەم؟
- باشتر وایە، لە دائیرە پەوەندی پێوە بکەی!).
(ئەوانە مافی خۆیانە بنوون، تەواو مافی خۆیانە، نووستن هەستی تەواوی دڵنیایی و حەوانەوەیان پێ دەبەخشێ، کە لەخەو هەڵدەسن هێمن دەبنەوە، ئەحەوێنەوەو روخساریان ئەگەشێتەوە، دەتوانن باشتر بڕیاری دادوەرانە دەرکەن، نووستن بۆ هەموو کەسێ، حەوانەوەیەکی راستەقینەیە، هەندێ کەس لە تاو قەرزارەکانیان ئەنوون، یاخود لەتاو تارمایی سیخورەکان، خەڵکانێ هەن، هەر ئەو کاتەی سەر دەخەنە سەر سەرین، خەویان لێدەکەوێ، خەویان نازڕێ و عامودی تەلەفۆنەکان ناژمێرن...
نوستن بۆ من مۆتەکەیە، ئازارە، لە ئازاری رۆژ بەسوێ ترە خۆم بینی، بەلێواری چالێکەوەم و لەبەردەممەوە، کۆمەڵێك دڕندەی پیاو خۆر، بە هێواشی دێنە پێشێ، کەڵبە زەردە تیژەکانیانم دەبینی، چاوانیان پڕیشکی دەدا، کشامە دواوە، لە پڕێکا بورامەوە، کاتێك بە ئاگا دەهاتمەوە قورگم ووشك و زمانم ببووە پەڵاس).
(جارێکیان لەسەر جێگەکەم کەوتمە خوارەوە، ژێر چەناگەم برینداربوو، ئەو برینە بۆتە نیشانەو پەڵەیەکی بچکۆلەی بێ موو).
زامەکانی لەشم هێندە زۆرن، لە ژماردن نایەن، زامەکانی رۆژانی منداڵیی، زامی پاژنەپێم، کاتێك پێڵاوەکانم دەیگرت، زامی کەوتنە خوارەوەم لە سەر درەختەکان، ئەو کاتەی بابەم و قەیسیم دەدزی،

بیرم دێت : ئەبو حەیایا بەردێکی پیاکێشام و تەختی ئەرزەکەی کردم، جیٚبرینەکەی تا ئێستا لە سەرما دیارە، ئەبو حەیایا کابرایەکی شێت و خاوەن باسکێکی پۆلاًیین بوو).

– گەر دەترسیت، بێنە با ئەو چاکەتە بخەمە ناو جانتاکەمەوە.. !

– ناترسم، بەلاًم نامەویٚ تەماعم تیٚبکەن، ئەوانە چاویان تێر نابیٚ، جاری پێشوو هەموو ئەو جل و بەرگانەیان کۆکردەوە، کە پێم بوو، لەسەر زەویەکە کۆمەڵیان کرد، هەر وەك ئەوەی بیانەویٚ لیٚم بکرن، پارچە پارچە کەوتنە ژماردنی، پاشان نرخێکی زیاتر لە وەیان لە سەردانا، کە پێم کڕی بوون، زیاتر لە نرخی فرۆشتنیان، دەستیان بە مامەڵە کرد، مەزەنەبکە، تەنانەت ئەو جل و بەرگانەشیان لەبەری نەفەرەکان داکەند کە بۆیان هەڵگرتبووم، ئەوانە هەموو شتێك دەزانن ! !

– پێکێکی تر دەخۆیتەوە ؟

بە نەشئەیەکی منالاًنە، مەتارەکەی لێکردەوە و پێکێکی تێکردو بۆی ڕاگرتم، هەستی بە بەختیاریەکی بیٚسنوور دەکرد.

– فەرموو بخۆرەوە... باشترین شت ئەوەیە ئادەمیزاد بخواتەوە، تا شتەکانی بیر بچێتەوە، وەك پشیلەی کێوی، هەستێکی سەیری ئاشنا بوون گرتینی، بینیم، پریاسکەیەکی کردەوەو پارچەیەك نان و پارچەیەك پەنیری لیٚ دەرهێنا، لە ژێر پیٚیەکانیدا، و لە زەمیلەیەکی چکۆلەدا، کە لەوەوپێش سەرنجم لیٚی نەدابوو، سەلکیٚ تەماتەو خەیارێکی دەرهێنا، سەیری کردم و زەردەخەنەیەکی هاتیٚ، لیٚی پرسیم:

– چەند سەلکە پیازێکم پیٚیە، حەزت لیٚیە ؟

– نا سوپاس، هیچم بۆ ناخوریٚ !

– ئاو زایە دەمم، هێند بەلەزەت پارچەنانەکەی ئەخوارد کە تەسەور ناکریٚ، بەر لەوەی وشەکانی ببیستم، خۆ نەویستانە دەستم بۆ نانەکە ڕاکێشاو پارچەیەکم لیٚکردەوە، بیٚویست دەنگی لەزارم هاتە دەر:

– لەتیٚ نانم دەویٚ، مەزە بۆ ئارەقەکە !

– ئارەق خواردنی گەرەکە...

– تەنها نان بەسە...

– بم بوورە مامۆستا.. ڕەنگە خواردنەکە ئەوەش نەبیٚ، بەلاًم...

بە چاو داوای لیٚ بوردنی دەکرد، ماسولکەکانی دەم و چاوی بەبیٚ ویست ئەبزوان، هەر وەك ئەوەی داوای لێبوردن کەن ! ..

(نا.... نان و چا ناخۆم، ئەوە خواردن نیە، دایکم دەیووت: کوڕم پێغەمبەر نانی گەنمی لە نانی جۆ دەنا، حەرامە بۆ تۆ، بڕوانە ئەو پارچە نانە چەندە خۆشە، هەر وەك كێك دەبریسكێتەوە، تاقی بكەرەوە).

یەکەم جار ماسولکەی روخساری گرژبوو، وەك ئەوەی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوە ئامادەکا، پاشان لێوەکانی جولان و سەرکونە لوتی بەرزکردەوە، بە هێواشی چاوانی کردەوە...

– فەرموو بەشدارییەکمان لەگەڵ کە...

پیاوە لاوازەکە، فەرمووی لە کابرای قەڵەو کرد، کە تازە لە خەو هەستابوو...

– سوپاس.... بەخۆی گوت: دا خۆ سەعات چەند بێ؟ پاشان چاوی لە پیاوە لاوازەکە بڕی و پرسی : چەندمان ماوە بۆ سنوور؟

– هێشتا ماوێتی، زیاتر لە دوو سەعات!

– ئەم بۆنە چیە؟

هێشتا نەی بینیبووین دەخۆینەوە، دڵنیاش نەبوو، ئێمە سەربەست بووین لەوەی بخۆینەوە، ئەویش سەربەست بوو لەوەی بخواتەوە یان نەخواتەوە، لەوە دەچێ بەیەکا هەڵگژێین، ئایا ئەبێ روخسەتی خواردنەوەی لێوەرگرین؟ بۆچی خەڵکی هەریەکەیان چاوی لەسەر ئەو تیرە؟ کەس هەیە رێگەی نوێژکردن لەو بگرێ؟

– لووتم بڵندکرد تا بۆنکەم.....گوتم:

– لەوانەیە بۆنی ئارەق بێت...

بەلامەوە گرنگ نیە چی دەڵێ، لەو ساتەدا حەزم بە تەحەداکردن بوو، ئامادەبـووم، گەر بەرپەرچ بداتەوە ، گەر تەنها ووشەیەك بڵێ، بیقەومێنم،پێنەئەچوو ئاخرییەکەی بەخێر بگەڕێ ...

بە چاوێکی پڕ لە تەوس سەیری کردین، دەستێکی بە دەمیدا هێنا، وەك ئەوەی بیەوەێ بەر لە لیکەکەی نێو دەمی بگرێ و بۆ ناوەوە رایماڵی، پاشان بە هێمنی قاچی راستی داگرت و لەسەر پێڵاوەکانی داینا، خۆی بە ئەژنۆکانیەوە گرت، بەزەحمەت لەسەر کورسییەکە راوەستاو پاکەتێکی پڕ لە شیرینی دەرهێنا، بێئەوەی سەیرمان بکا، کەوتە خواردنی شیرینی...

پیاوە لاوازەکە ، بە دەنگێکی ترسنوکانە لێی پرسیم:

– چەقۆت پێیە؟

– نەخێر....بۆچیتە؟

– خەیارەکەی پێ قاش ئەکەم..

– پێویست ناکا، ئاوا دەیخۆین، بە تورەیی دەستم بۆ تەماتە گەورەکە راکێشاو بەدگان نیوەیم لێ کردەوە، پاشان پێکەکەم هەڵداو سەری مەتارەکەم دایەوە بە پیاوە لاوازەکەو ووتم:
– لە خۆشیت ! !
سەری مەتارەکەی وەرگرت و نیگای لەکابرای قەڵەو بری، بێ ئەوەی بدوێ، سەری مەتارەکەی بەرزکردەوە، وەك ئەوەی بڵێ : لە خۆشیت !
بەرامبەر ئەو کابرا قەڵەوە، هەستم بە دوژمنایەتی دەکرد، دەمویست گاڵتەی پێبکەم، تەحەدای بکەم، بە دەنگێکی بەرز لەگەڵ پیاوەلاوازەکەدا، سەری قسەم دامەزراند:
– رات چیە، ئارەق خۆش نیە ؟
بە دوو دڵیەوە، وتی:
– ناحەقت نیە، بە دەنگێکی نزم و بەسەر راوەشاندنەوە وتی:
– بەڵێ.... ئا بەڵێ خۆشە...
– لەوە خۆشترت خواردۆتەوە ؟
ئارەزووم زیاتر دەبوو، بەو پیاوە قەڵەوە رابوێرم، بەڵام ئەو متەقی لە خۆی بڕی بوو، بەشێنەیی ، پارچە شیرینیەکەی دەجوو ، سەیری جامەکەی دەکـرد ، وا دیارەبوو گوێی لە قسەکانمان دەگرت، ئەشێ لەسەر شوشەی جامەکە لێمان بروانێ...
پیاوە لاوازەکە، لەو دوو دڵیە هاتە دەرێ کە ئەیسلەماندەوە، بێدەنگیەکەی شکاند :
– دەزانی مامۆستا،ئەم ئارەقە عادیەیە، لە (تیبە) ئارەقی خۆماڵی دروستدەکەن،
کە هەزاران جار لە ئارەقی تر خۆشترە، لە راستیدا ئارەقی بازار پیسە، گەر ئادەمیزاد ناچار نەبێ، نەیخواتەوە باشترە، ئەو کەسانەی لەسەر ئارەقی خۆماڵیو ئەو ئارەقەی خۆیان دروستی دەکەن راهاتوون، ناتوانن جگە لەوە، ئارەقی تر بخۆنەوە، بێ دەنگ بوو، پاشان تۆنی دەنگی گۆڕاو وتی:
– گەر رۆژێك لە رۆژان بێی بۆ تیبە، تامی دەکەی، ئەوسا خۆت حوکم بە...
– بێگومان ئارەقی خۆماڵی زۆر چاکترە، بەڵام بەزەحمەت چنگ ئەکەوێ...
کابرای قەڵەو لە پڕێکا سەیری کردین ، وەك ئەوەی چیتر تەحەمولی ئەو قسانەی نەمابێ .. وتی :
– هەموو ئارەقێك پیسە، بە توورەیی پرسی : ئێوە موسڵمان نین؟

پیاوە لاوازەکە بە دەنگێکی خەمگین، هەر وەك ئەوەی تاوانێك لەسەر خۆی لابەرێ وتی:

– من مەسیحیم ! !

کابرای قەڵەو بەتوڕەیی ئاوڕی لێم دایەوەو پرسی : ئەی تۆ؟

بە تەوس و بە تەحەداوە، وتم:

– قوربان، موسڵمانم... مەجوسیم.... نازانم....

– ئەی چۆن ئارەق دەخۆیتەوە؟

تا ئێستا نازانم چۆن ئازایەتی گرتمی، تا تەوس و هێمنی یەکەم تێك نەدەم، ووتم:

– تۆ وەلی ئەمرمی، باوکمی، خوامی؟

بە شڵەژانەوە وەڵامی دایەوە، وەك ئەوەی چاوەڕێی ئاوها بەرەنگاربونەوەیەك نەبوبێ....

– نا... نا بەڵام لە موسڵمان حەرامە بخواتەوە....

شێوەی ئاخاوتنی بە تەواوی گۆڕی، دەیویست قسەکان بەلایەکی ترا بەرێ، وتی:

– مامۆستا دەزانی،مەی نەك هەر حەرامە، بەڵکو پزیشکەکان دەڵێن زیان بەخشیشە.... خۆم تەسلیم نەکرد، هێشتا ئارەزووی بەرەنگاربوونەوە بەری نەدابووم، وتم:

– بزانم، یان نەزانم، ئەمە مەسەلەیەکی تایبەتیە، برواشم وایە، پێویست ناکا کەسانی تر، لوت بژەننە، ئەو مەسەلە تایبەتیانەوە...

– من مەبەستم ئەوەنەبوو، بەڵام لەسەر موسڵمان پێویستە ئامۆژگاری برای موسولمانی خۆی بکا....

– ئامۆژگاری لە شتی ترا!

– خوا هیدایەتتان با، هەر ئەوەندە ئەڵێم!

– قوربان خوا هیدایەتمان با...یان...، نەمویست درێژەی بەمێ، بێدەنگ بووم و بەخێرایی پێکەکەم هەڵدا، سەری مەتارەکەم دایەوە بە پیاوە لاوازەکە، هەستم کرد، بێ هودەیی لە ناخم دا ئەچۆڕێ، بۆ دەمەوێ تۆڵە لەم پیاوە بکەمەوە؟ چیم لێی داوە؟

– ڕێگەم دەدەیت پرسیارێکت لێ بکەم؟

کابرای قەڵەو قسەکانی ئاراستەی من کرد، بە هێمنی و باوەڕ بە خۆبونەوە ئەدووا، ئەم کابرایە شایانی ڕێز نیە، ڕەنگە لەسەر سوکایەتی ڕاهاتبێ، مادام بازرگانە ئەوا لەلای ئەو، هەموو شتێك شیاوی سازشە، ئێستا دەیەوێ بکەوێتەوە وەعزدان.. با ببینم).

– فەرموو بپرسە !..

– ببووره نامەوێ بێزارت کەم، بەڵام زۆربەی ئەو کەسانەی لە بارەی تامی مەیەوە پرسیارم لێکردوون، ووتویانە تامی ناخۆشە، دەتوانی بۆم روون کەیتەوە، مادام تامی ناخۆشە ئەی بۆچی دەیخۆنەوە؟

(قسەکەی باوکمم بیردێتەوە، کە جارێکیان وتی:

لە راستیدا تامی خۆش نیە، مادامەکی وایە، ئەوا باشتر وایە، ئادەمیزاد خواردنەوەیەکی قورس بخواتەوە، یەکجارەکی بیخواتەوە، نەشئە بیگرێ و ببڕێتەوە، بەڵام ئەم بیرە قۆڕە، سەرم سوڕماوە، نازانم چۆن بە درێژایی شەو دەیخۆنەوە!

– کێ پیێی ووتوی تامی ناخۆشە، خۆت خواردوتەتەوە؟

– ئەعوزو باللە، لە سایەی خواوە دەمم تێوە نەداوە.

– ئەی کەواتە کێ پیێی وتی؟

– زۆربەی ئەوانەی پرسیارم لێ کردوون...

لە پیاوە لاوازەکەم پرسی : تۆ ئەڵێی چی؟

– مەی، هەموویان تامیان وەك یەك نیە، خۆشیان هەیە و تاڵیشیان هەیە وەك ژەهر، گەر ئارەق چاك بێ، تامی خۆشە.....

بە روخسار ئەدوا، کابرای قەڵەو کەللە رەقانە لێی پرسی :

– کامیان تامیان خۆشترە،چا یا ئارەق؟

پیاوە لاوازەکە، بەشڵەژانەوە وتی:

– چا خۆشەو ئارەقیش خۆشە......

بە دەنگێکی نەرم و کەمێ بەترسەوە، پیاوە لاوازەکە بەردەوام بوو:

– مەسەلەکە زەوقە، خەڵك هەیە حەز لە چا دەکاو هەمیشە حەز لە ئارەق دەکا.

– بە خوا هەموو ئەوانەی لێم پرسیون،ووتویانە تامی ئارەق هیچە، بەڵام خوا بەو بەڵایەوە گیرۆدەی کردوون، هەمووشیان ئاواتی ئەوە دەخوازن تەرکی کەن...

پاش چەند ساتێك وتی: زۆریش تۆبەیان کرد...

بەزەردەخەنەوە ووتم: بۆچی تاقی ناکەیتەوە؟

– ئەعوزو باللە، خوا بمان پارێزێ...

وای وت وەك ئەوەی تاوانێکی لەسەر خۆی لابردبێ.

بە گاڵتە جاڕیەوە ووتم: تاکو بتوانیت حوکم بەسەر تامەکەیدا بدەیت!..

– نا مامۆستا، نەخۆیم ئەوێ و نە تامەکەشی...

تاوێك بێدەنگ بوو، پاشان بە زمانێکی جیاوازتر وتی:

– خوایە لێمان بە دوورکە و ئەوانەیش رزگارکە، کە پێوەی گیرۆدەبوون...
– سبەی کورەکانت پێت دەڵێن، تامەکەی زۆر خۆشە..
– نا مامۆستا، ئاگات لە دەمت بێ، منداڵەکانم ئابڕوومەندن، گەر یەکێکیان دەمی تێوەدا سەری دەبڕم...
نەمتوانی خۆم لە بەر پێکەنینێکی هیستیریدا بگرم، پێم ووت:
– دیارە تۆ پاڵەوانی سەرپەڕاندنیت ! !
– ببوورە مامۆستا، مەبەستم هیچ نەبوو، بەڵام دەزانی کە من پیاوێکی موسوڵمانم، بەرۆژو دەبم و نوێژ دەکەم و پەبڕەوەکانی ئایین، بەجێ دێنم، لەسەر هەمان رێگە،منداڵەکانیشم پەروەدەکردووە، لە سایەی خواوە هیچیان تامی ئەو ژەهرەیان نەکردووە...
– ئەی خۆ ئێمە خوێری سەر جاددە نین؟
پیاوە لاوازەکە راپەڕی و لە ژێر باڵمەوە گرتمی، هەستی دەکرد بەشەڕ دێین ئاورم لێدایەوەو ووتم:
– بەرمدە هاوڕێم، من ئەم جۆرەکەسانە دەناسم، لای ئەمانە ئایین وەك پەردە وایە، دوو لای هەیە، ژیانیشیان هەمووی لەسەر شمشێرەکەی بەندە، تاکو بادانەوەیان ئاسان بێت، تۆ نایانناسیت، ئەمانە درۆدەکەن، تەڵەکەبازی دەکەن، دزی دەکەن، پاش ئەوە، رکاتێك نوێژ، گشت گوناهەکانی پێش و پاشیان دەسڕێتەوە، هەر بازرگانێك لەمانە، رۆژی سەد جار خەڵکی ئەخەڵەتێنن، سوێند دەخوا گوایە قازانجی نەکردووە، بەڵام دواجار قارون ئاسا، پارە لەسەر پارە کەڵەکە دەکات، تۆ نازانیت، قازانجی رۆژێکیان بەرامبەری موچەی مانگێکە !
(ئایا ببمە دۆن کیشۆتێکی نوێ و ئەم کەڵەکە پۆخڵیەی ئێستا لەبەردەمما دانیشتووە، بە دوژمنی دانێم؟ گەر پێستی ئەم ئاژەڵە داماڵم، وەك دیوارێکی قووڕین، پۆخڵی و هیچ و پۆچی و درۆی لێ نیشتبووە، بەڵام لە دواجار تاوان و حەقارەتی ئەم، لەهینی ئەوانی تر زیاترنیە، رەنگە لەوانی تر باشتر بێ بێگومان لەوانەی ناسیومن باشتر دەبێ، کۆمەڵ ئەو خەڵکا نەی ئاوا خولقاندووە، پێویستە خۆم لە شەڕێکی هیچەوە نەگلێنم).
– برام ، خەڵکی چوون یەك نین، بازرگانی دز هەیە، بازرگانی ئابرۆمەندیش هەیە، پەنجەکانی دەست وەك یەك نین! !
– دەزانیت ، هەندێك لەوانەی ئێستا کە لە زیندانەکان ئاخنراون ، هەزاران جار لەو دادوەرانە چاکترن کە دادگاییان کردوون و حوکمیان

بەسەراداون؟ هەندێك سۆزانیش لەو ئافرەتانە بە ئابڕووترن، کە نەچونەتە بەر خۆر؟
– هەموو شتێك دەبێ..
– نەخێر... وایە
– برام ، تاوێك بێدەنگ بوو ، پاشان وتی: دەتەوێ سوکایەتم پێبکەی؟ گەر دەتەوێ فەرموو..
– نامەوێ سوکایەتیت پێ بکەم و ناشمەوێ سەروفەسالێت ببینم، بەڵام جەنابت وەك ئیمامی جومعە کەوتویتە وەعزدان : حەرام، حەڵاڵ، ئابروو، سەدان جار گوێمان لەم قسانەبووە، منالێ نین تاکو ببیتە وەلی ئەمرمان، ئێمە دەمانەوێ بخۆینەوە، خۆ شەریك میزاجمان نیت؟.. وازمان لێ بێنە !!
– خەتای من نەبوو...
– نا خەتای من بوو، من ووتم : حەرامە، حەڵاڵە، وا نیە؟
– قسە، قسەی هێنا.
– باشە، ئێستا دەتوانیت بنوویت و شەڕمان لێ لادەیت؟
– نووستن بەزۆرە؟
– تا لەم بەڵایە رزگارمان بێت!
– خوا عافوت کا.
– باشە قوربان.. خوای عافوم ئەکا... تەواو؟
بێدەنگی باڵی بەسەرمانا کێشا، کە سەیرم دەکرد قێزم لێی دەهاتەوە، هەموو شتێکیم بەلاوە دوژمن بوو، تەنانەت پێڵاوەکانیشی ئەستوور وەك ئەوەی هینی ئادەمیزادێکی بەسەر چووبێ، بێ ئارەزوو، مەتارە ئارەقەکەم راکێشاو پێکێکی نوێم تێکرد..
ئەمویست لەگەڵیا بگەمە کۆتاییەك، وام نیازبوو، گەر تەنها ووشەیەك بڵێ، ئارەقەکە بکەم بە دەم و چاوو پێڵاوو هەموو شتێکیدا، بەڵام لە پڕێکا هەستا، بەتوندی جانتاو کەلوپەلەکانی تری کۆکردەوە، بە ئانیشکی دەرگاکەی کردەوە، بێئەوەی سەیرمان بکا، چووە دەرەوە..
لە رارەوەکەدا، گوێم لە دەنگی بوو، هاواری دەکردو جنێوی دەدا..
ئەم جارەیان بە هێمنی، سەری مەتارەکەم بۆ پیاوە لاوازەکە درێژ کردو پێم ووت:– لەم سەگە رزگارمان بوو، ئێستا دەتوانین بە میزاجێکی ناسك بخۆینەوە...
بە هێمنی‌یەکی خەمگین، پێکەکەی وەرگرت و سەرلەنوێ دەستمان بەخواردنەوە کردەوە...

– وتت ئەو پیاوە ناناسیت... وانیە؟

هەستی کرد، سەرنجەکانم تاوانێکی ئەخەنە پاڵ، بە دەنگێکی گەرم و بێگوناهانە وتی:

– سوێند دەخۆم نایناسم،گەر بم ناسیبا، یان تەنانەت گەر لەمەوپێش بم دبیا، چاکەتێك یان دووانم دەدایە...

– ئەی بۆچی بەو زمانە قسەی لەگەڵا ئەکردیت؟

– تەنها پرسیار بوو، ئەبێ بشزانی کابرا پیاوێکی دەوڵەمەند بوو...

– دەوڵەمەندبوون چ پەیوەندییەکی بەو مەسەلەیەوە هەیە؟

– ئاخر دەوڵەمەندەکان بەهێزن، زۆر بەهێزن، هەڵەیە گەر ئادەمیزاد لەگەڵیانا بەشەربێ!

– گەر نەتناسیبا، نەت دەزانی دەوڵەمەندە!

– ئەو خۆی وتی دەوڵەمەندە !...
– کوا وای وت...؟
– خۆم گوێم لێبوو، ئا وای ووت.... دڵنیام وای ووت..، دەستیشی نایە سەر سنگی، بیرت چۆوە ؟
– وتی بازرگانم، نەیوت دەوڵەمەندم !
– بەڵێ..بەڵێ، بەڵام بازرگانەکان هەموویان دەوڵەمەندن..
حەزم ئەکرد، سوعبەتی لەگەڵ بکەم و بیترسێنم:
– دەزانیت ، بۆ یەك لەحزە چاوی نەچـــوبـــووە خەو؟ گوێی لە هەموو ئەو قسانە
بوو کە لە بارەی پیاوانی گومرگەوە کردت، دیارە ئێستا ئەبێ بۆ لای ئەوان چووبێ و
هەموو شتێکی پێ ووتبن، چی دەکەیت؟
– بروام وایە نووستبوو، لە هەموو ئەو ماوەیەدا، چاوەکانی نوقابوون.
– وا خۆی نیشان دا، نووستووە، ئەوە زەلامێکی پۆقزەو ئەیەوێ تێوەمانگلێنێ.
– هیچی خراپمان ووت؟
– هەموو شتێکت ووت، جنێوت بە پیاوانی گومرگ داو ووتت بەرتیل وەردەگرنو دزی دەکەن.
– من هەرگیز وام نەوتووە....
چاوە خۆڵەمێشی‌یەکانی، بەلای شینا نواندیان، لێواولێو بوون لە ترس و پرسیار، پێم ووت: گرنگ ئەوەیە ئێستا شتێك بکەیت و نەهێڵی خەبەرت لێ با ! !
– دەتوانم چی بکەم؟
– بیکوژە، بەڵێ بیکوژەو پاشان دەرگای فارگۆنەکە بکەرەوەو لاشەکەی فرێ بەرە دەرەوە، شەوەو کەس پێ‌نازانێ...
– تۆ گاڵتە دەکەیت ! !
ئەمەی ووت و چاوە ئەبڵەق بووەکانی لەسەر شتێك نەدەگیرسانەوە، لەسەر روخسارە چرچو لۆچەکەی، شوێنگەی ترس نەخشی، ووتم:
– گاڵتە ناکەم، تەنها ئەوە لە پیاوانی گومرگ رزگارت دەکا....
– بەڵام ئاوها مەسەلەیەك کوشتن هەڵناگرێ...
– کەیفی خۆتە.. دوایی نەڵێی پێت نەوتم !
– ئەزانم سوعبەت ئەکەیت،خۆت باش ئەزانیت کە ناکرێ مرۆڤێك لەبەر ئەوەی ئارەق ناخواتەوە بکوژرێ.

– گەر لەسەر وەها تاوانێك مرۆڤ نەكوژێ... ئەی لەسەر چی بكوژرێ؟
– كێ وتویەتی جائیزە مرۆڤ بكوژرێ؟
– ئەمە ئەوەیە، كە لە هەموو سات و لە هەموو دنیادا رووئەدا..
– كوشتن؟
– بەڵێ كوشتن....
– بەڵام لە پێناوی هۆی ماقولڵ دا.....
– بەڕای تۆ، ئەو هۆ ماقولانە چین؟
– راستت دەوێ؟
ئەمەی ووت و بەتەواوی چاوی لە چاوانم بڕی:
– بەڵی... راستم دەوێ...
– بەرای من، چ شتێك نیە لە دونیادا ئەوەی بێنێ كە مرۆڤی لەسەر بكوژرێ!
– ئەی كابرا، نایكوژێت؟
نەمتوانی خۆم لەبەر پێكەنینا بگرم، قاقایەكی هێندە گەورەم لێدا كە دەنگم وڕەی شەمەنەفەرەكەی شاردەوە، ماسولكەكانی، دەم و چاوی خاوبونەوەو پڕبوون لە خۆشی، لەگەڵمدا دەستی كردە پێكەنین، بەڵام لە پڕ وەستاو لێی پرسیم: بڵێی گوێی لە قسەكانم بووبێ؟ پێت وایە خەبەرم لێبدات؟
– بەڵام تۆ چ شتێكی خراپت نەگوتووە....
– بیرم نایەتەوە...
پاش ساتێك بێدەنگی، و بیركردنەوە، وەك ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بدوێ، وتی:
– جارێكی تر بە تەنیا نایەم...
جگەرەكانمان داگیرسان، بە دوكەڵەكە لە هەوادا شێوە بازنەی دروست ئەكردو بەخۆشیەوە لێی ئەڕوانی، وەك ئەوەی ئەو بازنانە زۆر بیرەوەری بخەنەوە یاد، لەپڕێكا سەیری كردم و دەم و چاوی گرژبوو، وتی:
– مامۆستا دەزانی، تفێكی قووت داو بەردەوام بوو: دەزانی، تەنانەت جەماعەتەكەشمان ئەوانەی ئەم كاسپی یە ئەكەن، حەزناكەن كەسی تر ئەم كاسبیەیە بكا، لەگەڵ ئەوەدا، كە خەڵك لەوێ، جل و بەرگی زۆریان دەوێ، دەستی بۆ جێگەیەك راكێشا، تێگەیشتم مەبەستی شارۆچكەكەی رێگەمانە.......
– بەڵێ جل و بەرگی زۆریان دەوێ، چەند بتوانن، دەكرن، لەوەندە زیاتریشیان دەوێ، بەڵام ئەمانە،"بەتوڕەیی دەستی جولان"،

حەزناکەن کەسێکی تر، سەفەریان لەگەڵا بکا، لێی دەترسن، وەك دوژمن سەیری دەکەن، بۆ ساتێکی درێژ بێدەنگ بوو، پاشان، بە سرتە، وەك ئەوەی لەگەڵ خۆیا بدوێ، وتی:

– رەنگە بەرامبەرێکیان بوێ!

– هیچ شتێك بێ بەرامبەر ناکرێ، هەتا ئەو زەلامەی بەرامبەرمان دانشتبوو، دەیووت نوێژدەکاو رۆژو دەگرێ، پاش مردن چاوەڕوانی بەرامبەرێك لە خوا دەکا، چاوەڕێی ئەوە دەکا بچێتە بەهەشت، چی دەبوو گەر بەهەشت نەبووایە، لەو بڕوایەدایت نوێژی کردبا؟

– تێ ناگەم بۆچی ناهێڵن، مەزاحمیان نابم، قازانجەکەیان لەگەڵ بەش دەکەم، هەموو ئەوەی دەمەوێ هاوڕێیە،کاتێ ئادەمیزاد خۆی تەنیا ئەبینێ، نازانێ چۆن هەڵس و کەوت دەکا، بەڵام کاتێك لەگەڵ کەسانی تردا دەبێ، ئازاو زیرەك دەبێ...

– باشە بۆچی قاییل نابن لەگەڵیان بیت؟

– بڕواتبێ نازانم، بە زیاتر لەیەکێکیانم وتووە: با پێکەوەبین، بەڵام قاییل نەبوون، پێم دەڵێن : بە دوای کاسپییەکی ترا بگەرێ، واز لەم کارە بێنە، ماندووت دەکا و هیچی لێ قازانج ناکەی!

– لەم شەمەنەفەرەدا لەگەڵمانان؟

– بەڵێ، لە فارگۆنەکەی لامانەوەن...

بە هەموو روخساری ئەمەی وت، بەڕاوەشاندنی سەرو جووڵەی چاو.. لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

– نەك هەر ئەمە، بەڵکو کاتێك لە وێسگەکە بووین، ئاغا گرتمی و وتی: گەر لەم فارگۆنە نزیك بیتەوە، دەستی بۆ فارگۆنەکەی پاڵمان راکێشا، هەر چیت بەسەرهات خۆت مەسئولیت بەوخوایە، بەخوا ماڵت وێران دەکەم، بۆ ئەو دونیات ئەنێرم...

– سەیرە، تەنانەت نزیك بوونەوەش لێیان خەتەرە؟

– نایانەوێ فێر بیت، کارەکە بە نهێنی دەزانن...

– چ نهێنییەکی تیایە؟

– کاتێك پێم ووتن، لە ئێوە زیاتر ئەدەمە پۆلیسی گومرگ و بێ یارمەتی ئێوە من تەگبیری خۆم ئەکەم کەچی، پێم پێکەنین، تەنها ووشەیەکیان پێ ووتم: وتیان: گەر ئازایت.. تاقی کەرەوە ! !

بەخەمەوە سەری باداو لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: جاری پێشوو زەحمەت بوو، بەرتیلم زۆردا، بە زۆر کەسم داو شتێکم قازانج نەکرد، نازانم ئەمجارەیان بەرتیل دەدەم یان نا....

– ئەی کەسانی تر.. قازانجی زۆر لەم کاسپییە ئەکەن؟

– دانی پیانانێن، تەنها بە پێکەنین و تەوسەوە ئەلێن : تاقی کەرەوە، پاش ئەوە، هەر وەك چۆن وازت لە زۆر کاسپی تر هێناوە، واز لەم کاسپی‌یەش دێنی!
– مەبەستیان کام کاسپی‌یە؟
پێکەنینێکی خەمگین پی‌کەنی، لەگەڵێدا سیمای ماندوو، چاوەکانیشی دەتروکاند، هەر وەك ئەوەی هەوڵ بدا، یادەوەری‌یە بەسۆی‌کان لەسەری دوورخاتەوە، وتی:
– من... مامۆستا من کێم؟ بە خەمەوە کێشای بەسنگی خۆیداو وتی: من ئەو نەگبەتەم بچمە سەر دەریا ووشك ئەکا، هەروەك ژنەکەم دەڵێ، هەروەك هەموو ئەوانە دەڵێن، کە دەمناسن!!
– کەواتە، زۆر جۆر کاسبیت کردووە؟
– گەر لێم بپرسی، کام کاسپی‌یەت نەکردووە، دەتوانم بە ئاسانی وەڵامت بدەمەوە!
– کەواتە زۆر پیشە دەزانیت؟
بەخەمباری زەردەخەنەیەکی هاتێ، دانە رەشەکانی دەرکەوتن و وتی: لێت ناشارمەوە، هیچ پیشەیەك نازانم، ئەمەش نهێنی نوشوستی هێنان و نەگیرسانەوەمە لەسەر کاسپی‌یەك!!
– ئەزانم ناتەوێ خۆت هەڵکێشی ، هەوڵ ئەدەیت لە توانا و نرخی خۆت کەمکەیتەوە، پێم بڵێ چ کاسپەکت کردووە؟ چ پیشەیەك بەڵەدیت؟
– من ئادەمیزادێکی فاشیلم، ئەم کارەی ئێستاش دەیکەم، لە کارەکانی ترەوە فێری بووم، کاتێك سەر سورمانی لە چاوانما خوێندەوە وتی: سەیر نەبێ بەلاتەوە، گەر پێت بڵێم: پیشەیەك نەماوە، نەمکردبێ، لەهەموو ئەو پیشانەدا، قەرزار دەرچووم‌و دنیا لەبەر چاوم رەش بووە، تا دەرەنجام گەیشتمە قەناعەتێك، دەست بدەمە هەر شتێ، ئیتر نەگبەتی ئەو شتە دەگرێ، رقیشم لەوکەسانە نیە، کە پێمدەڵێن: نەگبەت!
بە چرپە وتی:
– دەڵێن ئەمە سزای دایك و باوك لێ رەنجانە، رەنگە، بەڵێ، نازانم...
سەیری کردم و بێ‌دەنگ بوو، پاشان هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی:
– مامۆستا، وام پی‌خۆشە، پارووە نانەکەم، بە ئارەقی نێو چەوانم پەیداکەم، دەمەوێ کاربکەم، ناتوانم بێ‌کاربمێنمەوە، بەلام کاتێك لە

کارێکا فەشەل دێنم، یەك و دوو لەوە ناکەم بە دوای کارێکی ترا بگەرێم، هەر جۆرە کارێك بێ..
– بەلاَم بۆچی پێت دەڵێن نەگبەت؟؟
تیَی روانیم و زەردەخەنەیەکی تاڵ لەسەر لێوەکانی نەخشی، وتی:
– دەتوانم چی بکەم؟ بێئەوەی چاوەرێ بکا، بە خێرایی وەڵامی دایەوە : زەمانە غەدری لێکرم، جگەرەیەکی لە پاکەتەکەی دەرهێناو بەتوندی سەرەکەی هەڵگلۆفی و وتی: ناتوانم دوای سەعات شەش لە جێگەدا بمێنمەوە، تەنانەت لە ساتی نەخۆشیشدا رقم لە نێو جێگەیە، پێویستە کاربکەم، ناتوانم دانیشم و سەیری خەڵکی بکەم.
ووشەکانی تووڕە دەیاننواند، وەك ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بدوێ، وتی: پێوستە کار بکەم، هەتا کەریش ناتاوانی بێ کارە دانیشێ، گەر بێ کاربم ، لە خۆوە عەسەبی دەبم و زوو هەڵدەچم، شێتانە رەفتار دەکەم، دەست دەوەشێنم، هاوار دەکەم و ئارەزوودەکەم شتێك بشکێنم، دیوارەکان برووخێنم، پەنجەرە بشکێنم، بچمە سەربانی کەنیسەو لەوێوە خۆم فرێ بدەمە خوارەوە، تەنانەت کاتێ ئادەمیزاد خۆی ئەکوژێ، ئەوەش هەر بە جۆرێك لە کار حیسابە ! !
ویستم هێوری کەمەوە، بە نەرمیەوە ووتم:
– بەلاَم لە گوندەکانا ئیش زۆرە، وەك دەڵێن، تەمەن دوایی دێ، بەلاَم کار دوایی نایە، لەو باوەرەدام، گەر یەکێك کاری بوێ، دەستی ئەکەوێ.
– تۆ وا دەڵێی، بەلاَم گەر لە شارۆچکەکەمانا بژیایتایە، خۆت حوکمت بەسەر مەسەلەکەدا دەدا ...
–نەت دەتوانی، بە کشتوکاڵەوە خەریك بیت؟
– دوای ئەوەی ئەو زەوییەم فرۆشت کە لە باوکمەوە بۆم جێمابوو، فرۆشتم، ئیتر نەمتوانی دەست بۆ زەوی بەرم و پاچێك لە زەوی بدەم...
دەنگی گۆڕا:....
– راستە جارێکی تر لە زەوی دا ئیشم کردەوە، بەلاَم بە هەمان چێژەوە نەبوو، بێدەنگ بوو، وەك ئەوەی یادەوەری کۆنی وەبیرهاتبێتەوە، بە هێمنی و لەسەرخۆ وتی:
– پێش ئەوان دەمرم، ناچار دەبن گۆڕەکەم بۆ هەڵکەنن، ئەمە دوورم دەخاتەوە لەوەی پاچ بە دەستەوە بگرم..
– تا ئەم رادەیە رقت لە جوتیارییە؟
– رقم لێی نیە، شەرم ناکەم، پێکەنی و بەردەوام بوو: هەروەك ئەوەی مامم پێش مردنی وتی: ئارەقەی ئابڕوو لە روخسارت تکاوە !..

– بەڵام بۆچی بە جوتیارییەوە خەریك نابیت؟
– ئەمە چیرۆکێکی هەیە، حەز ناکەم بیرم بکەوێتەوە..
لە جامەکەوە دیاربوو، چاوانی چکۆڵە ببوونەوە، ئەو دەربڕینانەی لەسەر روخساری نەخشی بوون، دەهاتنەوە یەك و ئەگەشانەوە، وەك ئەوەی سەر لە نوێ، ژیانی بە بەر چاوانیدا رەت بێ..
بۆ ئەوەی تەسەللای بدەمەوە، ووتم:
– هاورێم ژیان، زۆر لەوە زەحمەت ترە کە خەڵکی مەزەنەی ئەکەن، ئەو کەسەیشی بیەوێ بژی، پێویستە لەسەری موغامەرە زۆربکاو لە سەریشی پێویستە کەسێکی ئازاو بوێر بێ...
هەستم کرد، ووشەکانم گەلۆرانەن و هیچ ناگەیەنن ، لە ووتنی پەشیمان بوومەوە.

– ژیان خۆش و زەحمەتە... بەڵێ زەحمەتە...

بەسەر تەکاندانێکی شاراوەوە ئەمەی وت، لەسەر خۆ ئاوڕی لێم دایەوە، چاوەکانی پرشنگیان ئەداو فرمێسك لەنێویانا قەتیس مابوو، بەبێ ووشە زۆرشتیان ئەدرکاند، لە ناخم دا هەڵڵەرزیم، خوا خوام بوو چاویم لەسەر هەڵگرێ یان سەیری جێگەیەکی تر بکات، بەڵام هەر چاوانی لە چاوم بڕی بوو، سەرەسپیەکەشی وەك بەندۆڵی کات ژمێر ئەلەرییەوە...

ماسولکەکانی روخساری تۆزێك گرژبوو، بە مۆنییەکەوە وتی: بیرم دەکەوێتەوە، لەو رۆژەوە بەدوا، رقم لە هەموو شتێك هەستا، دەمویست خۆم بکوژم، بەڵام خەڵکی نەیان هێشت ئەوە بکەم، لەو ساتەوە، هیچ چارەسەرێکم بۆ کێشەکەم، نەدۆزیوەتەوە، جگە لەوەی کە ئەبێ بە شێوەیەك لە شێوەکان بە زەبرو زەنگ بم بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆم بکەمەوە...

هاوڕێم دەزانیت ئەوەی ئێستا لە بەردەمتا دانیشتووە، ژیانێکی سەخت ژیاوە، رەنگە خۆش بووبێ، نا... نەخێر، هەرگیز خۆش نەبووە، ژیانێکی بە سوێ بوو، ئەمە گرنگ نیە، بەڵام هەر ژیان بوو، بەڵێ ژیان بوو، بەتایبەتی پاش ئەوەی ئەو تفەنگەم هەڵگرت کە لە باوکمەوە بۆم مابۆوەو دامە شاخ، لە چیا بوومە چەتەو ئاوارەو ئاژەڵ، چوار ساڵم لە چیا گوزەران، ئێستاش هیچ لێی پەشیمان نیم، ژیان چیە؟ کەس نازانێ... بەڵێ ژیان چیە؟ لەو رۆژەوە ژیانم گۆڕا، جیددی و لە هەمان کاتیشا گەلۆرانە بوو...

پاش ئەوەی لێی کەوتمە گومانەوە، پێم وابوو ورێنە ئەکا، یاخود سەرخۆشبووە، لێم پرسی:

– بزانم... لە بارەی چیەوە ئەدوێی؟

بەتەوسەوەو بەبێ ئەوەی شێوەی ئاخاوتنەکەی بگۆڕێ، وەلآمی دایەوە:

– لە بارەی ژیانە خۆش و زەحمەتەکەوە، بە لاتەوە سەیر نەبێ، هەموو شتێکت پێ دەڵێم:

– تەمەنم بیستوچوار ساڵان بوو، شەیدای قومار ببووم، ئەو شەیدابوونە ساکارو ئاسایی دەستی پێکرد، تەواو وەك هەر شتێکی تری ئەم ژیانە، ئادەمیزاد کاتێك تێوەئەگلێ نازانێ ژیانیشی بەهۆیەوە دەگۆڕێ، لە پێشا یاریمان لەسەر گوێز دەکرد پاشان لەسەر مریشك، رۆژێ هات یاریم لەسەر سێ گوێرەکەکەم کرد، دواجار یاریم لەسەر درەختەکان کرد.....

دەمبردەوەو دەمدۆڕان، زۆرم دۆڕان، زۆریشم بردەوە، زۆر جار دنیا بەدەممەوە پێدەکەنی، تەنانەت گوێم بەو زیانانە نەدەدا کە لێم دەکەوت، تاکو ئەو رۆژە هات، رقم لە شارۆچکەکە بۆوە، وەك قەفەزێکی بچکۆلە ئەهاتە بەر چاوم، بەتایبەتی پاش ئەوەی زۆر زۆر گۆڕا، پاش ئەوەی جوتیارەکان درەختی بایەم و قەیسی و گوێزیان دەبڕیەوەو لە شوێنەکەیا پەموویان دەچاند!...

لە شارۆچکەکەمانا، کشت وکاڵ رووەو گۆڕان ئەچوو، لەگەڵیدا ژیانیش گۆڕا پێشان تیبە ئەتگوت باخچەیەکی چکۆڵەیە، حەزت لەچی بووایە لەوێ هەبوو، وەك سەوزەو میوەجات، رۆژێك لە رۆژان بووە زەوییەکی رووتەن، تووڕە مەبە گەر بڵێم، جووتیاران خەڵکانێکی گەلۆرن، زۆر لە مەیمون دەچن، لاساییکردنەوەنەبێ، هیچی تر بەڵەدنین، دوای ئەوەی بەری رۆژاوای شارۆچکەکەیان کردە پەموو، بەرهەمێکی زۆری هێنا، ژیانی خەڵکی گۆڕا، درەختەکانی تیبەیان بڕییەوەو بیری ئاویان لەگشت جێگەیەکا لێدا، شارۆچکەکە بووە، چیمەن زارێکی سپی، لە میانەی وەزری میوە رنینەوەدا، لە مەودای چاودا، جگە لە درەختەکانی باخەکەم و پەموو، هیچی تر لە تیبەدا نەدەبینرا....

نەم دەویست درەختەکانم ببڕمەوە لەگەڵ باوکما رواندبووم، هەموو شتێکم لە یادە، کاتێك درەختەکانمان دەرواند، باوکم دەیوت : ئەلیاس. ئەم دەرختانە وەك کوڕ وان لە کوڕان ئازیزتریشن، باوەڕناکەم کەسێك لە دنیادا هەبێ، کوڕی خۆی بکوژێ، گەر مردم

ئاگات لێیان بێ، من وەك ئەمانەتێك بەتۆیان ئەسپێرم، گەر درەختێك پێش کاتی خۆی ببڕێتەوە، ئەوا لاشەکەم لە گۆڕدا رائەچڵەکێ...

که لەگەڵ باوکما درەختەکانمان دەرواند، یارمەتیەکی زۆریم دا، دەمبینی رۆژ دوای رۆژ گەورە ئەبوون، لە ژیانی باوکمدا بەریان گرت، تا وایان لێهات، لە هەموو درەختەکانی تری شارۆچکەکە بالآتربوون، هەر لەو ساتەوە پەیوەندی‌یەکی شاراوە لە نێوانمانا دروست بوو، کاتێك دراوسێیەکمان، درەختەکانی خۆی بڕی‌یەوە، زۆر خەفەتم خوارد، یەکەم جار لەبەر خۆمەوە، پاشان لێیان تورە بووم و سەیری چاوە بەر تەسکە تەوساوییەکانیانم کرد، پێم وتن :

ئێوە بەبڕینەوەی درەختەکان، رزقی خۆتان دەبڕن، ئێوە پردەدەنە ژیان، دڵنیام خوا تۆڵەتان لێدەکاتەوە، لێم تووڕە بوون، گەلە کۆمەکی یان لێ کردم، شانازی‌یان بەپارەکەی نێو لەپیانەوە دەکرد..

رۆژێکیان، پێش چاندنی پەموو بەمانگێك درەختەکانی باخەکە شکۆفەیان کردو وردەوردە سەوز هەڵئەگەڕان، پیاوەکان هاتن بۆ لام و ووتیان : ئەلیاس پەموو دەوڵەمەندی کردووین، تۆ تەنیا کەسێکیت، خاوەنی زەوی‌یەکیت، کە پارەی بە نێوچەوانەوە نیە، ئەلیاس، تۆ هێشتا هەژاریت، ووتیان (درەختەکانی باخەکەت بۆتە دوژمنی ئێمە) تاوێك بێدەنگ بوون و بەردەوام بوون: ئیمشەو تەنها یاری لەسەر درەختەکان دەکەین، ئێمە پارە دەدەین و تۆش درەختمان بەرێ).

نەمدەویست یاری بکەم، لەوساتەدا، درەختەکانی باخەکە، شکۆفەیان ئەکردو بەهاواری بەسۆز، مژدەی وەرزی خێریان دەهێنا، لەوانە قەشەنگترم لە جیهانا شك نەئەبرد، لە کیژۆلآن جوانتر و لە کانیاوەکان روونتربوون.

هەستم کرد، پیاوەکان پیلانم لێ دەکەن، پێم ووتن، لە سەر هەموو شتێك یاری دەکەین درەختەکان نەبێ، برایان لە درەخت گەڕێن، بەلای ئێوەوە هیچ ناگەیەنێ، بەلآم بەلای منەوە، تاقە شتێکە بەم ژیانەوەم گرێئەدا، بەلآم ئەوان لە سەر داواکەیان سووربوون، ئەو شەوە یاریمان نەکرد..

ئای، بریا دنیا لەو شەوەدا دوایی هاتبا، خۆزیا بەشەر بهاتینایە، خۆزیا بکەوتینایە وێزەی یەکتری، هیچ شتێك رووی نەدا، گەر درەختەکان بژیانایە، ئەوا رەنگە تا ئێستا بمانایە، بەلآم شەوی داهاتوو، ئارەزوویەك تا رادەی مەرگ، تیاما تەقیەوە، لەو ساتەدا هەستم کرد، هێزێك پالم پێوە دەنێ شتێك بکەم، لەسەر ئەوە سوورنەبووم،بەلآم لە ناخما هەستێکی بەهێز کەوتە جووڵە، رادەپەڕی،

هەستم کرد، ژیان ئەوە ناهێنێ، ئادەمیزاد، زۆر پێوەی پێوەست بێ، ئەو شەوە، پاش ئەوەی خواردمانەوەو بە بۆنەی خەتەنە کردنی کوڕی موختاری بەری رۆژهەڵاتەوە گۆرانیمان ووت، سەیرم کرد پیاوەکان سەیرم دەکەن و تاقیم دەکەنەوە، دەنگە تەوساوییەکانیان وام لێدەکەن، یاری بکەم، قاییل بووم یاری لەسەر درەختەکان بکەم، یەکەم جار ووتم، بە تەنیا یاری لەسەر دار بایەمەکان دەکەم، هێندەی نەبرد پەشیمان بووەمەوە، ووتم تەنیا لەسەر درەختەکانی بەری رۆژاوای باخەکە یاری دەکەم...

بەری رۆژاوای باخەکە، لاکێشەیی و پێك هاتبوو لە زەوی یەکی کلسی، درەختەکانی زڕبوون و وەك درەختەکانی بەشی رۆژهەڵات بە بەر نەبوون، دوژمنایەتییەکی شاراوەم بەرامبەر ئەو درەختانە هەبوو کە زیاتر لە درەختەکانی بەری خۆرهەڵات خۆم لەگەڵ ماندوو کردبوون، لەگەڵ ئەمەشا درەختەکان هەر شکایەتیان لە شتێك هەبوو، کە نەم دەزانی چیە ! !

سەرەتای شەو، پارەیەکی زۆرم بردەوە، پێم وابوو، ئەو پارەیە بەشی ئەوە دەکا، باخێکی دوویان سێ جار گەورەتری لە باخەکەی خۆم پێ بکرم، ئەمبینی، درەختەکان گەورەدەبن و بەرەو ئاسۆ بەرزدەبنەوەو سەرجەم کێڵگەکانی پەموو دائەپۆشن، شارۆچکەکە جارێکی تر، پاش ئەو سێ ساڵ قات و قڕی‌یە، سەوز دەبێتەوە.

یاریم کرد، بەڵام هەمان ئەو شەوە، بوومە پیاوێکی تووڕەو هەرزە، دەمبینی درەختەکان یەکەیەکە بەلادادێن، یەکەم جار یاریمان لەسەر درەخت، درەخت کرد، دواتر بووە دوودوو، دواجار بەیەك کەرەت یاریم لەسەر دە درەخت کرد...

بەڵێ ئەو شەوە دۆڕاندم، لە درەختەکانی بەری رۆژاوا حەوت درەخت مابۆوە، لەگەڵ دارگوێزە گەورەکەدا، بیرم چوو پێت بڵێم، دارگوێزە گەورەکە، وەك پاسەوانێکی بەشکۆ، لە دەروازەی باخەکەدا رەگی داکوتابوو، هەموو شتێك سڵی لێئەکردەوە، ئەو دەرختە هێندە بەتەمەن بوو، تەنانەت باوکیشم بیری نەدەهات کەی روێنراوە....

ئەو شەوەی یاریمان کرد، خەونم بەو درەختەوە بینی، هەستم کرد ئازاری هەیە، دەگری، باوکم بینی دەم و چاوی پڕ بوون لە جێگە زام، لە جێگە زامیش زیاتر، بەڵکو زامێك بوون و خوێنیان لێدەچۆڕا، ترسام، گینگلم دا، ووتم هەر کە رۆژ بۆوە، بۆلای پیاوەکان دەچم و پێیان دەڵێم : بەرامبەر ئەو درەختانەی دۆڕاندوومن، هەر چیتان دەوێ، ئەتاندەمێ..

شەوی دواتر، جارێکی تر یاریمان کرد، زۆر درەختم بردەوە، بەڵام زۆری ترم دۆڕان، کاتێك ئەو درەختانەم دەدۆڕان، کە پێش چوار ساڵ بە دەستی خۆم رواند بوومن، هەر ئەوە نەبوو لە تاو ئازار نەمرم، دنیا لە بەر چاوم رەش بوو، موچورکەیەکم پیاهات، هەموو بوونمی هێنایە لەرزین، دەمبینی درەختەکان رایان دەکرد، بەزەویدا رۆ ئەچوون، ئەبوونە بڕە تەختە و منیش توانای چ شتێکم نەبوو، حاڵی نەئەبووم، نەم دەبردەوە، بە بەردەوام ئەمدۆڕان، تاکە درەختێکم نەدەبینی هینی خۆم بێ، درەختەکان نەمان، لە چاو بزر بوون، منیش زیاتر پێم دائەگرت و هارتر ئەبووم، بە دەنگی بەرز هاوارم دەکرد: دەبێ وەریان بگرمەوە، ناکرێ تا ئەم رادەیە بەخت یاوەرم نەبێ، هەموو شتێك کۆتایی خۆی هەیە ...

بەدۆڕاندنی درەختەکانم، هەموو شتەکان کۆتایی یان هات، بەری رۆژاواو بەری رۆژهەڵات، دارگوێزەکەش، ئەوەی لە بارەیەوە قسەم بۆ کردیت، کە لە دەروازەی باخەکەدا وەك خواوەندێك بنجی داکوتابوو، ئەویشم دۆڕان.

بێبیرکردنەوە، بە پیاوەکانم ووت: ئەم درەختانە هینی منن، تەنها هینی منن، هیچ کەسێك بۆی نیە لێمیان زەوت کا، پێکەنین، گاڵتەیان پێ کردم، ووتیان : ئێمە هەموو شەوێ یاری دەکەین ، زۆرمان دۆڕاندووە ، ناتوانین بتدەینەوە، پێم ووتن: ئەو درەختانە هینی منن، بەڵام ئێوە گەلەکۆمەتان لە درەختەکان کرد، نازانن مانایان چیە؟ من تەنیا کەسێکم خۆشمدەوێن و تەنها خۆم خاوەنیانم...

کاتێك بینیم قسەکانم سوودیان نیە، بەزێدانم ووت کە هاوسێی زەویەکەم و، زۆربەی درەختەکانی بردبۆوە،: زێدان زەرییەکەمت بۆ جێدێڵم، بەڵام بەمەرجی درختەکان نەبریتەوە، وتی :

ئێمە تەنها یاریمان لەسەر درەختەکان کردووە، دەمانەوێ تۆش ببیتە یەکێك لە ئێمە، وەك ئێمە یەموو بچێنی، ووتم : من نامەوێ دەوڵەمەندبم، پاشان شارۆچکەکە گەرەکی بە سەوزەو میوەیە، من دەتاندەمێ،ساڵی داهاتوو دەتاندمێ، پیاوەکان هەموو بەیەك دەنگ ووتیان: نا....نا جگە لە درەختەکان، هیچی ترمان ناوێ......

هێشتا رۆژنەبووبۆوە، سەد سەرمەڕی پشتیرەکەی زێدانم قەتڵوعام کرد،چوومە ژوورەوە، بە کێردێکی گەورەوە کەوتمە کەلە پاچەکردنیان، لە سەریانم دەدا، لەبن ورگیانم ئەدا، لە بەرپشتیانم دەدا، تفەنگەکەی باوکم لە شانابوو، بڕیارم دابوو، هەر کەسێك بێتە سەر رێم، بیکوژم، کە لە پشتیرەکە چوومە دەرەوە، هەموو خانەکانی لەشم پڕببوون لە بۆنی خوێن و میزو و هاوار.

زێدانم بینی،چرایەکی بە دەستەوەو بەرەو لای پشتیرەکە رای دەکرد، بەروویدا وەستام و پێم ووت: گەر هەنگاوێك بێیتە پێشەوە، دەتکوژم، لە شوێنەکەیدا ووشك بوو، ترساو نەیتوانی هیچ شتێك بکا، لێی نزیك بوومەوە، سەیری چاوە تۆقیوەکانیم کرد، ملیم گرت و گوشیم، ویستم بیکوژم،بەلاّم لەو کاتەدا، بیرێکی شێتانەم بۆهات، پێم ووت زێدان ناتکوژم، دەتوانم بتکوژم بەلاّم نایکەم، باوەڕی نەکرد، وەك ژن دەگریا، سەیری دەکردم و دەپاڕایەوە.

پێم ووت: ئێستا شتێکم لە تۆ دەوێ، وەلاّمی نەدایەوە، دەگریا و دەلاڵایەوە، وتم :

دەمەوێ جلەکانت داکەنی و هیچی تر نا ! !

لێم پاڕایەوەو وتی: درەختەکانی ناوێ و داوای نرخی مەرەکانیش ناکا، هیچی ناوێ تەنها وازی لێ بێنم، بەلاّم وازم لێ نەهێنا، پێم ووت: هەڵبژێرە... کامیانت دەوێ، دەتەوێ بمریت، یان جلەکانت داکەنی؟

پاڕانەوەکانی بەگوێمدا نەچوون، تەنها ئارەزوویەکم هەبوو، زێدان بە رووتو قوتی ببینم، نەم دەزانی بۆ؟

جلەکانی داکەند، هەڵم گرتن و لە سەر زەویەکە کۆمەڵم کردن، بەچڵە دارێك کەوتمە بریندارکردنی لەشی، دەمویست نیشانەیەك لە لەشیدا هەڵکۆڵم کە، تا مردن بیری نەچێتەوە، هاواری دەکردو چڵە دارەکەیش لە گۆشتەکەی دەچەقی، دەپاڕایەوە،منیش بەرقەوە، سەرپشتی، سمتی، سەرسنگیم بریندار ئەکرد، پێم ووت: تا زیندووبیت، ئەو نیشانانەت پێوە دەبێ، لە یادت بێ، ئەو نیشانانە سزای یەك درەختن، گەر درەختەکان ببریتەوە، ئەوا لە سزای هەر درەختێکا دەیان نیشانەی ئاوا لەسەر لەشت جێدێڵم، باش بیر لە قسەکانم بکەرەوە، باش بیر لەوە بکەرەوە کە دەیڵێم، ئێستا دەڕۆم، بەلاّم جارێکی تریش دەمبینیتەوە، تفێکم لێکردو جلکانم هەڵگرت و دامە شاخ، بەڵێ دامە شاخ، لەوێ ژیام، بە تاقی تەنیا دەژیام،چەند جارێك خەڵکم رووت کردەوە، بەلاّم زۆرکات، بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانم راوم ئەکرد، لە چیا، لە خەم و بیرکردنەوەدا رۆئەچووم، بەلاّم دیمەنی درەختەکان بۆ ساتێك لە بەرچاوم ون نەبوون، شەوو رۆژ بیرم لێدەکردنەوە، ئەمبینین بەشکۆوە لە ناوەڕاستی بیابانە رووتەنەکانا بنجیان داکوتیوە، ئەمبینین، گەمەیان لەگەڵ بادا دەکرد و چۆلەکەکانیان لە ئامێز دەگرت، ئەمبینین رۆژانی بەهار بە گوڵ دەتەقینەوەو هاوینانیش بەبەر، ئەمبینین زستانان رووت دەبونەوەو لاواز ئەبوون، کاتێك رەشەبا هێرشی بۆ دەبردن، بۆ زەوی ئەنەوین و داوایان ئەکرد دڵنیایی و گەرمی‌یان پێببەخشرێ...

شەو و ڕۆژ تەنیا بیرم لە درەختەکان دەکردەوە...
بەلامەوە سەیربوو وەك ڕووبارێکی بەخوڕ ئەدواو منیش گوێم لێ دەگرت، پاش ئەوەی ڕوانینەکانم گۆڕان و بوونە، سەرسوڕمانێکی تێکەڵ بەترس، لێم پرسی : دوای ئەوە، مەسەلەکان بە چی گەیشتن؟
بە نەشئەوە مەتارەکەم لێ کردەوەو سەرەکەیم پڕکردو بە خێرایی بۆم پاگرت، دەمویســـت پێش ئەوەی زنجیرەی بیرکردنەوەی بپچڕێ لەسـەر قسـەکانی بەردەوام بێ:
– هاوڕێم... هەروەك پێم ووتیت، دامە شاخ، چوار ساڵ لەوێ ژیام، لە ئەشکەوتەکانا ژیام وخواردنم گژوگیای و گۆشتی باڵندە بوو، هەندێك جاریش ئاژەڵم ڕاوئەکرد، لەو کانیاوە بچکۆلەیە ئاوم دەخواردەوە، کە لە چیاکەوە بۆ دۆڵەکە، بەرەو تیبە ئەهاتە خوارەوە، لەو ماوەیەدا، تەنها سێ جار بۆ شارۆچکەکە دابەزیم، هیچ شتێکم لەو شارۆچکەیە نەدەویست، تەنانەت حەزم لە جگەرەیش نەبوو، ئاخر ئەو شتە لە بەین چووبوو کە من دڵم پێ بەستبوو....
مانگی چوارەم دابەزیمە خوارەوە، تەنهایی زۆری بۆ هێنام، نەم دەزانی بۆ؟ دەمویست لەسەر هەر شتێك لەگەڵ خەڵکیدا ڕێك کەوم، ئامادەبووم، نرخی مەڕەکان، هەر پارەیەك کە زێدان بەرامبەر زامدارکردنی جەستەی داوای ئەکا بیدەم، تەنانەت ئامادەش بووم، پەموو بچێنم......
بەڵام کاتێك ئەو شەوە گەیشتمە باخەکەم، بینیم هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە، یەکەم جار نەمناسییەوە، لەرزێکی سارد، لەسەرمەوە ڕۆچووە گیانمەوە، دارپەمۆکان گەورە ببوون، بێویستی خۆم، وەك شێت کەوتمە هەڵکەندن و پێپیانان و وێران کردنیان، لە ماوەی سەعاتێکا یەك دار پەمووم بەساغی نەهێشتەوە، بێ ئەوەی سەرکەم بە هیچ ماڵێك لە ماڵەکانی تیبەدا، یەکسەر بەرەو چیا گەڕامەوە...
ئەمجارە کاتێك گەیشتمە چیا، هەستم بەرەزامەندی کرد، دڵنیایی دەروونمی گرتبۆوە، تیبە ببووە شارۆچکەیەکی چکۆڵە، تەنگ و ژیان تیایدا هەڵ نەدەکرا، سەیرم لێهات چۆن توانیومە ئەو هەموو ساڵانەی تیا بەرێ کەم...
دەزانیت، ئادەمیزاد کاتێ لە شوێنێکی تر جێگیر ئەبێ، لەگەڵیدا ڕەفتار و دەروونیشی دەگۆڕێ، کاتێك لە چیا بەتەنیا بووم، بیرم لەو ژیانە پڕ نەگبەتیە دەکردوە، پرسیاری زۆرم لەبارەی ئەوەوە دەکرد کە، بۆچی ئادەمیزاد ڕقیان لە یەکتریە، بەڵام چ وەڵامێکم چنگ نەکەوت، جارێك بە خۆمم ووت: خەڵکی تیبە، کاتێك درەختەکانی ئەلیاسیان بڕیەوەو بەو شێوەیە نابووتیان کرد، چ قازانجێکیان کرد؟

بیرم لەو مەسەلانە و هینی تریش دەکردەوە، دڵنیا بووم لەوەی گەر خەڵکی تیبە، وەك من لە چیا بژیانایە ، دەیانتوانی، تیبە هەزاران جار ئاوەدان تر بکەن...

ئادەمیزاد لە چیا دەبێتە مەخلوقێکی سەیر، باشتر لە خەڵکی تیبە ئەبیستیٚ، باشتریش لەوان دەبینیٚ، بەردو مانگ و با، هەموو شتێك زۆر باشتر دەبینیٚ، درەختەکان، لە زەبروزەنگ ئەکەون، زیاتر لە ئادەمیزاد نزیك دەبنەوە، کە پاڵم بە بەردێك لە بەردەکانی چیاوە دەدایەوە، هەستم بە لەزەت و حەوانەوە دەکرد، کە سەیری مانگم دەکرد، روخساریم خەمبار دەبینی، هەر ئەوەنەبوو هۆن هۆن بەسەر تیبەدا بگری، ئەو ئەشکەوتەی تیایدا ئەنووستم، سەیرترین شتێکە لە ژیانما بینیبێتم، زستان گەرم و هاوینانیش فێنك، لە ئاوی ئەو کانیەیە ساردتربوو کە لە چیاکەوە بەرەو تیبە ئەهاتە خوار....

گەر لە بارەی ئاژەڵەکانی ئەوێوە لێم بپرسیت، پێت دەڵێم رەفتاری سەیریان هەیە، یەکەمجار، دەترسن، هەڵدێن، بەڵام دوای چەند مانگێك، وایان لیٚدیٚ پێت ئاشنا ئەبن و لێت نزیك ئەبنەوە، ناوی جوان جوانم لە ژمارەیەکیان نابوو، لە دوورەوە لەگەڵ یەکتری دا دەدواین، لێم حاڵی ئەبوون و لیٚیان حاڵی ئەبووم، تەنها ئەو ساتانە نەبیٚ کە ئادەمیزاد برسی دەبیٚ و شتێك نادۆزێتەوە بیخوا، ناچار دەبووم هەندێکیان راوکەم، گەرچی ئەوەم زۆر نەئەکرد، بەڵام خەمێکی قورس دەیگرتم، هەستم بە پەشیمانی دەکرد، پاش ئەوەی بە نارنجۆکیٚ ئەو کەرویشکە خۆلەمێشیەم پێکا ، کە لە نزیك ئەشکەوتەکەوە دەژیا و ، دوای ئەوەی ، ئەو خەونو ئازارەم راڤەکرد، بۆم دەرکەوت، گوناه رۆچۆتە ئێسکمەوەو ئادەمیزادێکی شێواوی لیٚ دروست کردووم...

لەگەڵ ئەوەشدا، کە لە چیا زۆر لە فیکران ئەچووم و هەموو شتێکم دەبینی، بەڵام هەر خەمبار بووم، پێویستم بە خەڵك بوو لەگەڵیان بئاخڤم، پێویستم بە درەخت بوو رۆژانە ئاویان بدەم و سەیریان کەم، بەڵام خەڵکی تیبە لە هەموو ئەو شتانەیان مەحرووم کردبووم، تەنیا شوانەکانم ئەبینی، تەنانەت ئەوانیش بەزوویی پێم ئاشنا نەبوون، تەواو هەروەك ئاژەڵەکان، بەڵام پاش ئەوەی تەواو لێم دڵنیا بوون، شیریان ئەدامیٚ، ناو بەناوێکیش، کاریلەیەکی چکۆڵەیان بۆ سەردەبڕیم...

لەگەڵ شوانەکانا، لە بارەی خەڵکی تیبەو درەخت و مەڕومالاتەوە دەدواین، بەڵام بەر لەوەی خۆر بگاتە ناوەڕاستی دۆڵەکە بە پەلە دەگەڕانەوە......

رۆژێکیان بەسەرما هات، بە گۆچانێکی کورتی نوك تیژ، خۆڵی دەورو پشتی قەلاَکەی موراد ئاغا بپشکنم، لە پڕێکا پارچەیەك ئاسنم دۆزیەوە، یەکەم جار وام زانی ئاڵتونە، بەلاَم پاش ئەوەی خوێم خستە سەرو توند لێم خشان، سوور وەك رەنگی مس دەرکەوت، وێنەو شتی وەهای لەسەربوو، کە لیَیان حالَی نەئەبووم......

لەگەلَ ئەمەیشدا، چەند سەعاتێکی زۆرم بەسەیرکردنی قەلاَکەوە بەسەردەبردو نێو خۆڵەکەی دەگەرام،راستە بێجگە لەو پارچە ئاسنانە، هیچ شتێکی ترم نەدۆزیەوە، بەلاَم ئەو بەردو سێبەرانەم خۆش دەویست، کە قەلاَکە لە رووبەرێکی فراوان دا دروستی کربوون، رۆژانی هاوین، ماوەیەکی درێژ لە ژێر سێبەرەکەیدا دەنووستم.

گەر لەو ساتەدا لە تیبە بومایە، پارچە پارەکانم پیشانی خەڵکی دەدا، هەموومان پێکەوە ئەکەوتینە گەڕان بە دوای کەنزا، بەلاَم پاش ئەو سالاَنە کاتێك بۆ تیبە گەڕامەوە مەیلم نەبوو هیچ شتیَ لەو بارەیەوە بەکەس بلێَم، تەنها کەسێك کە پارەکانی بینی،پیَی ووتم:ئەلیاس، خۆت ماندوومەکە، هیچ شتێك ناکا، چونکە لە تیبە یان لە هەر جێگەیەکی تر کەسێك نیە، رازی بیَ لەباتی ئەوە، نانێکت بداتیَ.....

بە پەرۆشیەوە لێم پرسی :

– ئەو پارچە ئاسنانە لە کوێن؟

– تا ئێستا هەندێکیانم ماوە، ئاماژەی بۆ جێگەیەکی دوورکرد، لە سنووقێکا دامناون، کە لە پاش مردنی دایکم جیَماوە، گەر منالَەکان سندووقەکەیان نەکردبێتەوە، ئەوا تا ئێستا ماون..

– ئەو پارچانە زۆر دەکەن، دەتوانیت بیانفرۆشیت......

– جارێکیان، کە لە ئوتێل کارم دەکرد، پیشانی خەڵکم دا، بەلاَم کەس نەیکڕی جگە لە دانەیەکیان نەبیَ، کە بە لیرەیەکی رەشادی، بە پیرەژنێکم فرۆشت، وتی دەیکاتە ملوانکە.....

– وا بزانم زۆر دەکا، زایەیان مەکە...

– نەمتوانی بیانفرۆشم، بەخۆم ووت:ئەلیاس پارێزگاریان بکە، ئەوانە بیرەوەری رۆژانی شاخن....

– ئای گەر ئێستا پێت بوونایە؟

– چی دەبوو گەر پێم بوایە؟...

– دەمبینین...

– پێت دەووتم چەند دەکەن؟

– بەلاَم من هیچ شتێك لە بارەی پارەی کۆنەوە نازانم...

– رۆژێك دەیانبینی، زایەیان ناکەم... تا رۆژێك دەیانبینی.

به حەسرەتەوە هەناسەیەکی داو بەردەوام بوو:
– بێ ئەوەی کەسێك بم ببینێ، دووساڵ لە شاخ مامەوە، من هەندێك جار خەڵکم ئەبینی، لەو ڕێگەیە نزیك دەبوومەوە، کە ساتی ڕۆیشتن یان هاتنەوە لە تیبە دەیانگرتە بەر، بەڵام نەمهێشت تەنها جارێك بم بینن، دەمتوانی ژمارەیەکی زۆریان لێبکوژم و ڕێگەیان پێبگرم، وەك مەیموون بیان خەمە هەلەکەسەما، بەڵام نەمکرد...
به شوانەکانا، جوابیان بۆ ناردم و ووتیان : بۆ شارۆچکەکە بگەڕێوە، دایکت لەگەڵ زێدانا ڕێك کەوتووەو هەموو شتێ قابیلی چارەسەرە، بەڵام گوێم لەوە نەگرت، زانیم هەموو ئەو شتانەی دەیانەوێ، ئەوەیە کە بە قەڵبەیەکما بدەن، تۆڵەم لێبکەنەوە، زێدانم دەناسی، باش دەمناسی، جارێك لە سەر نۆرە ئاودان تێکچووین، لەیەر ئەوە، بەر لەوەی بەری میوەکان پێبگەن، هەمووی ڕنین، دانی بەوەدا نەنا، هیچیشی بەسەرا ساغ نەبۆوە، بەڵام لە دواییدا بەوەم زانی، کاتێك یەکێك لەوانەی بۆ ڕنینەوەی بەرەکان بەکاری هێنابوون بۆی گێڕامەوە....
ئێستاش گەر زێدان بم بینێ چی دەکا؟ تاکو تۆڵەم لێ نەکاتەوە، وازم لێدێنێ؟ لێی نەدەترسام، بەڵام دەمزانی چ جۆرەپیاوێکە، بە دەمتەوە بێ ئەکەنێ و لەدواشەوە خەنجەرت پیا ئەکا، ئەتکوژێ و لەگەڵ تەرمەکەشتا ئەڕوا، من ئەو جۆرە کەســانەم خۆش ناوێ ، ترسـام ، گەر بینیبام ، شێت دەبــووم ، ئەمجــارە نەم دەهێشت لە دەستم دەرچێ، بە تایبەتی پاش ئەوەی درەختەکانی بڕیبۆوە، وام دەزانی بەرامبەر بڕینەوەی درەختەکان زۆر دوو دڵ ئەبێ کەچی کردی....
جارێك، شوانێکیان ناردەلام، کە پێشتر شوانی لای باوکم بوو، شوانەکە پێی ووتم: ئەلیاس، دایکت نەخۆشە و، ڕای سپاردووم، بەر لەوەی بمرێ، ئەیەوێ بگەڕێیتەوە بتبینێ، گەر بی توانیایە، خۆی دەهات، یەکەم جار باوەڕم نەکرد، بەڵام ڕۆژی سێیەم هاتەوەو وتی: دایکت دەمرێ، ڕەنگە نەگەیتە لای و بمرێ، ئەم جارەیان خۆم پێ نەگیرا، دوای چەند ڕۆژێ بۆ شارۆچکەکە دابەزیم، کاتێك چوومە ماڵەوە، دایکم لەسەر هەمان جێگەکەی نووستبوو، ڕاستە بە تەمەن دەینواند، بەڵام هێشتا باش بوو، خەریك بوو سەیری کەم، ڕاپەڕی و هەستی بەبوونم کرد، هاوڕێم دایك هەستێکی شاراوەی بەشتەکان هەیە، ئەوانە وەك درەخت زۆر قسەناکەن ، بەڵام بەشێوەیەکی بەچێژ گوزارشت لە خۆیان ئەکەن ، پێم ووت: دایە... بۆ درۆت لەگەڵا کردم؟

وتی: گەر درۆم نەکرادیە، نەم دەتوانی بت بینم...، هەولم زۆردا، بەلام گوێت لێنەدەگرتم و نەدەهاتیت....
ووتم: درۆ دەکەیت!
وتی: درۆی دایکان لە پێناوی بینینی کوڕەکانیانا، نوێژە..
ووتم: بەلام زێدان دەناسیت، گەر بیبینم دەیکوژم، گەر ئەویش بم بینێ ناهێڵێ جارێکی تر بۆ چیا بگەرێمەوە...
وتی: ئەوەی موختارو ریش سپی‌یان دایدەنێن، دەیدەینە زێدان و دەگەرێیتەوە....
ووتم: بۆ ئەمە، داوات لێکردم بگەرێمەوە؟
گریا، پاڕایەوە، ووتم: دایە، ناتوانم ئیتر لەم شارۆچکەیەدا، هەڵکەم، ئەم شارۆچکەیە درەختی تیاناروێ ئادەمیزاد ناتوانێ تیایدا بژی، رۆژێك لە رۆژان، تیبە وەك ئارەقی نەعنا سەوز بوو، ئیمرۆ بووەتە گۆڕستان، بووەتە زەوی‌یەکی روتەن و خۆلاوی ناتوانم تاقەرۆژێك چیە تیایدا بژیم...
پێش بەرەبەیان، شارۆچکەکەم جێهێشت، دەنگی دایکم دەبیست، پڕ لە تکاو داوا، بەلام گوێم لێ نەگرت...
دوای سێ رۆژ، هەمان شوان هاتە لام، ئەو شوێنەی دەزانی کە ئاوم لێدەخواردەوە، وتی: ئەم جارە پیرێژنەکە بەڕاستی مرد، جاری یەکەم نەیدەویست بمرێ، چونکە هیوای بەگەڕانەوەت هەبوو،بەلام ئیدی لەبەر ئەوەی لە هەموو شتێك بێهیوا ببوو، گیانی سپارد، تەنها ئەمەی نەوت، بەڵکو لەوەش زیاتر وتی: خەڵکی تیبە بەگەڕانەوەکەتیان زانیوە، جنێویان زۆر داوەو ووتوویانە: ئەلیاس تا هەتا بەلەعنەت بوو!..
– بۆیە پێت دەڵێن، دایك و باوك لێ رەنجاو؟
– چونکە دوای گەرانەوەم بۆ تیبە، لەگەڵیان رێك نەکەوتم..
– کەی بۆ تیبە گەڕایتەوە؟
– چوار سالم لە چیا بردە سەر، لەو ماوەیەدا زێدان مرد، ئاوی شارۆچکەکە کەمی کردو لەگەڵیدا هەموو شتێ ووشك هەڵگەڕا، ئاوەکە بەشی ئاودانی ئەو پەمووەی نەئەکرد، کە چاندبوویان، لە هەموو جێگەیەکا، پەموویان چاندبوو، لە باخچەی مالان، لەم لاولای رێگەکان، لەو دەشتانەی رۆژێك لە رۆژان بە درەخت رازابونەوە، لە هەموو بستە زەوی‌یەکا، بیریان لێدابوو، بەلام دوای دووسێ ساڵ بیرەکان وشکیان کرد، وەك کونە مشکیان لێهات، ئاویان تیانەما، ببونە زەلکاو و بۆنێکی ناخۆشیان لێدەهات..

دەزانیت، بیرە ئاوەکان وەك درەخت وان، گەر نەیدەیتێ، ناتداتێ، چۆن دەتوانی بە بیرەئاوەکان ببەخشیت، گەر درەختەکان بڕدرابێتەوە؟ درەختە کانە باران دێنێ، لەو پەڕی دنیاوە باران دێنێ، هەورێکی رەش دێنێ و ئاسمانی تیبە دەگرێ و چەند رۆژێك بە شەوەکانیەوە باران بەردەوام ئەبارێ و خۆش ناکاتەوە، هەندێك ساڵ کە باران زۆر ئەباری زەوی ئەخوسا، باوکم دەیووت:

خوا لەلافاو بمان پارێزێ، بەڵام ساڵان تێپەڕین و باران وەك میزی سەگ دەباری، ساتێك و خۆشی ئەکردەوە ، درەختەکان بوون بارانیـــان دەهێنا، درەختەکان وەك منداڵ وان، بەو رادەیەی خوا سەیری منداڵان دەکا و چاودێری یان دەکا، بە هەمان رادەش لە میانەی درەختەکانەوە، سەیری زەوی دەکا، گەر خەڵکی درەختەکانی خۆیان بڕیبێتەوە، ئەوا خوا فەرامۆشیان دەکاو باران بەسەر ئەو کەسانەدا دەبارێنێ، کە درەختیان هەیە...

بەم جۆرە تیبە هەموو شتێکی دۆڕان، درەخت و پەموویشی دۆڕان، هاورێم، دەزانیت دۆڕاندنی درەخت وەك دۆڕانی پیاوەتی وایە، قەرەبوو ناکرێتەوە، خەڵکی بیریان کردەوە، لە خوا پاڕانەوە، بیرە ئاواکانیان چەند جار قووڵتر کردەوە، بەڵام بیرەکان ئاویان نەئەدا، پەموو بەر لە چرۆ کردنی وشك هەڵئەهات و ئەمرد، وەرزەکان بەسەر دەچوون و خەڵکیش کۆچیان دەکرد...

رۆژێکیان بیریان کردەوەو ووتیان: ئەلیاس نەگبەتی بۆ هێناوین، هیچ چارەیەکمان نیە، ئەوە نەبێ، یان بیکوژین، یاخود بۆ تیبەی بێنینەوە...

بەو شوانەی کە بووبووە پەیامبەری هەردوو لامان، ووتم: بۆ شارۆچکەکە دەگەرێمەوە، بەڵام تازە خێرو بێری بۆ ناگەرێتەوە، گەر خێروبێرتان دەوێ، ئەوا لە درەختەکانا بۆی بگەڕێن، بەڵام ئەوان لەو قسەیە حاڵی نەبوون...

رۆژێك بۆ تیبە گەڕامەوە، ووتم: ئەلیاس بگەڕێوە، چی دەبێ با ببێ،خەمم بەسیمای پیـــاوەکانەوە بینی، ماندوو واق و رچـــاو و نەیان دەزانی مردوون، یاخــود
زیندوون، نەیان دەزانی، بچێنن، یان نا...

لێت درێژ نەکەمەوە، پێم ووتن: ئەی خەڵکانی تیبە، گەر وا دەزانن، ئەلیاس نەگبەتی بۆ جێهێشتوون، وا من گەڕامەوە، گەر دەتانەوێ جارێکی تر بژینەوە، ئەوا درەختەکان رێگەی ژیانتانە، لەم شارۆچکەیەدا نامێنم، گەر جارێکی تر باخەکەم نەکێڵم و گەشە نەکا، گەر دەتانەوێ نەگبەتی بەرتان بدا، ئەوا بەشێکی زەویەکەم بەنەوەو

یارمەتیم لە کێلاَنیا بدەن، بەلاَم بەشەکەی تری , وەك نرخی مەڕەکان، ئەیدەمە کوڕەکانی زێدان، تەنها ووشەیەکم لە بارەی زێدان و جیٚزامەکانی لەشییەوە نەوت، چونکە زێدان شایستەی ئەو زامانە بوو....

چەند رۆژێك جێم هێشتن، گەڕامەوەو پێم ووتن: قاییل دەبن؟

پاش بیرکردنەوە، قاییل بوون، دوایی پەشیمان بوونەوە، جارێکی تر قاییل بوون، پاشان پەشیمان بـــوونەوە، بڕیارم دا بمێنمەوە، بەلاَم دوور لە زەوی، با ئەوانیش چیان پیٚخۆشە ئەوە بچێنن!!

دوای ئەوەی زەویەکەم فرۆشت، نانەواخانەیەکم لە شارۆچکەکە کردەوە، یەکەم نانەواخانە بوو لە تیبە، خەڵکی بەلایانەوەسەیربوو و گاڵتەیان پیٚدەکردم، دەیان ووت: بڕوانن، خورما بەرەومەککە دەبا، چەند مانگێکی نەبرد، پارەکانم تەواو بوون و نانەواخانەکە وەستا...

گەر بیان ویستایە، نانەواخانەکە لە ئیش نەئەکەوت دەیانتوانی ئەو نانە بکڕن کەمن ئەمبرژان، بەلاَم نەیان دەکری، رێبوار و غەریب و هەندێ شوان نەبێ کەسی تر نانیان لیٚ نەئەکڕیم، بەلاَم خەڵکی ئەو نانەیان دەخوارد، کە خۆیان دەیانکردو پێدەکەنین...

بەیانی رۆژێکیان، هیچم لە بەردەممدا نەبینی، تەنها بەری رۆژهەلاَت نەبێ، کە بۆم ئاوەلاَبوو، بانگی دەکردم، سواری ئەو ماشێنە بووم، کە بەرەو شار دەڕۆیشت، بەخۆم ووت: تیبە بۆ خەڵکەکەی جیٚدێلَم و دەڕۆم..

له شار لای بۆیاخچی‌یەك بوومە شاگرد، پاشان بوومە کرێکاری خانووبەرە، لەم کاسپی‌یەشدا بەختم وەك بەختی نانەواییەکە وا بوو، رۆژێك کارم دەکردو رۆژانێکیش بێ کار، لەو شارە گەورەیەدا برسی بووم، دەسوڕامەوەو ماندووده‌بووم، ئەو روخسارە توڕانە ئازاریان دام کە لە بۆنی درەخت ناگەن و بەزەییان بەغەریبانا نایەتەوە، بیرم کردەوە جارێکی تر بۆ تیبە بگەڕێمەوە، بەڵام ئەو رقە زەردەی لەدەموچاوی خەڵکەکەیدا دەمبینی، خێرا لەو بڕیارەیان پەشیمان دەکردمەوە،هاوارێك لە ناخما دەنگی دەدایەوە و سڵی پێ ئەکردەمەوە، پێی دەووتم: لێرە بمێنەرەوە، بەدوای کارێکی ترا بگەڕێ...!

گەڕام، تاکو بوومە کرێکار لە کارگەیەکی خشت دا، بە درێژایی بەیانیان قاڵبم دەگرتەوە، کە ساتی نان خواردنی نیوەڕۆ دەهات، دەحەوامەوە، نانم دەخواردو سەیری درەختە دوورەکانم دەکرد،لەو ساتەدا، چ ئاواتێکم نەبوو، ئەوە نەبێ، لەژێر سێبەری درەختێك لەو درەختانەدا دانیشتم نیوەڕۆیانی هاوین، چەند شەنگ و شۆخ بوون ئەو درەختانە، تەنها سێبەریان رانەئەخست، بەڵکو خاوەن بۆنێکی وەهاش بوون، کە رۆ ئەچووە دڵەوە، دەنگی خاوەن کارگە، لەو خەونە کورتەی رادەپەڕاندم:

– من ئەم جوتیارانە دەناسم، وەك ماری زستان تەمەڵن، بەڵام کاتێك داوای کرێکانیان دەکەن، لە مارەوە دەبنە گورگ...

هەڵدەستام تاکو لەگەڵ ئەو ئامێرە نەفرەتیەدا بخولێمەوە، دەسوڕامەوە و دەسوڕامەوە، بینابیم لێڵ ئەبوو، نەم دەزانی من

دەسووڕێمەوە، یاخود ئەو ئامێرە نەفرەتیە، خۆر ئاوا بوون کریٚکەم وەردەگرت، پارەکە وەك تووانەوەی خویٚ لە ئاودا ئەتوایەوە، ئوتێلی (تیبە)ییەکان نیوەی دەبرد، خواردنیش نیوەکەی تری...

ڕۆژانێکی زۆر تێپەڕی، نەمتوانی تامی ئارەق بکەم، ڕۆژانێکی زۆرتر تێپەڕی، هەر بیرم لە درەخت و تیبە دەکردەوە، تا ڕۆژێکیان خاوەن کارگەکە پیٚی ووتم:

– ئەلیاس، لە بەیانیەوە مشوری کارێکی تر بخۆ!

ماوەیەکی درێژ بە دوای کارا گەڕام، ئەمجارە بوومە تونچی حەمام، بۆ ژێر زەمینێکی دوزەخ ئاسا، دادەبەزیمە خوارەوە، دارم لە نێو تونەکە ئەنا، چەند سەعات لەوێدا دەمامەوە، هیچ شتێك ئازاری نەئەدام، سووتاندنی دارەکان نەبیٚ، وام مەزەنە دەکرد، هەر پارچەدارێکی، لە تیبەوە، لە باخەکەمەوە هاتووە، بۆنی دارت کردووە کە ئەسوتی؟ بۆنی هەر لە بۆنی نان دەچیٚ،لە بۆنی شتێکی زیندوو، ئازارم دەچەشت، بەلاٚم بۆ ئەوەی ئادەمیزاد بژی، پێویستە کاربکا..

لەو سەعاتە درێژە قورسانەدا، کاتێك لەو ژێر زەمینە نەفرەتیەدا دەوەستام، هیچ شتێك تەسەللای نەدەدامەوە، ئەو دەنگە ناسکە خۆشانە نەبیٚ، کە لە دوورەوە دەگەیشتنە گوێم، دەنگی ئەو ئافرەتانەی، لە سەرەوە، لە حەمامەکەدا خۆیان دەشت، بە درێژایی پاش نیوەڕوان، جگە لە ڕۆژانی هەینی، هەموو ڕۆژانی هەفتەیەك تایبەت بە ژنان بوو، ئەو ڕۆژانە، هەستی دلنیایی دایدەگرتم، وەك ئەو هەستی دلنیاییەی، کە ئادەمیزاد دوای تەواو کردنی کارێکی گەورە هەستی پیٚدەکا، پاش ئەوەی لە میوە ڕنین دەبێتەوە، پاش ئەوەی جۆگەیەك لیٚئەدا، بۆ ئەوەی ئاوبێت و کیلگەیەك ئاوبدا...

حەزم لە دەنگی ئافرەتەکان بوو، بەڕادەیەك لەزەتیان ئەدامیٚ کە ئیدی لە فیکرانەوە ئەچووم، مەزەنەی ئەو ئافرەتانەم، یەکە یەکە دەکرد، خەریك بوو تەواو دەمناسین و پیٚیان ئاشنا ئەبووم، (عەدلە)م بەدەنگیدا ئەناسی، کە هەموو چوارشەمموانێك دەهات، بەدەنگ ڕیٚ ڕۆشتنیاە دەمناسیەوە، بە پێکەنینەکەیا کاتێك ئاوی بەسەری (وەدیعە)دا دەکرد، هەروەها دایکی لەیلاو غەزالەشم دەناسی، غەزالە، هەر دوو کچە چکۆلەکەی، لە مابەینی رانیا ئەگرت، دووکچە چکۆلەکەش، هاوارێك هاواریان دەکرد، دلی پیاوایان ئەکرد بە ئاو، تەنانەت جاریٚ لە جارەکان، قەستم بوو لەسەر ئەوە لە غەزالە بدەم، بەڕوویا هاوارکەم، تەنها ووشەیەکی پیٚ بلێم، پیٚی بلێم: ئەی دل ڕەق گوناهە بۆ تۆ، ئەوانە منالن و بەرگەی ئەو ئاوە لەکولە ناگرن..

زیاتر له ساڵێکم لەو حەمامەدا بردەسەر، بە چاوی کزەوە لەو کاسپی‌یە چومەدەر، تیشکی رۆژبووە دوژمنم، لە میانەی هەموو ئەو ساڵەدا، درەختێکی سەوزم نەبینی، بەری سێوو قەیسیم نەبینی، چۆن گەشە دەکەن و ئاڵ ئەبن، لەو ژێر زەمینەدا، وەك کوێرە مشکێکی گەڕ، دەچوومەوە ناو خوم، بێ وەستان دارم لە نێو تونەکە ئەنا، کە دەرگاکە دەکرایەوە لە ترسی ئەوەی نەبا تیشکی رۆژ کوێرم بکا، چاوم دەنووقان....

رۆژێك، لە خۆوە، هەستم کرد ئیدی رۆحم گەییوەتە سەر لوتم، بەپەلە، خێرا بۆ لای خاوەن حەمامەکە سەرکەوتم و پێم ووت: چیتر نامەوێ بۆ تاقە لەحزەیەك کارکەم، هەر ئێستا دەمەوێ ئەم شارە نەفرەت لێکراوە جێ بێلم، جارێکی تر بۆی ناگەڕێمەوە...

خاوەن حەمامەکە، هەوڵی لەگەڵمادا، زۆر هەوڵیدا، پێی ووتم: دوو هێندەی کرێکەت دەدەینێ، پشووت دەدەینێ، بەلآم پێم ووت: ئیتر ناتوانم بەرگەی ژیانی ژێر زەوی بگرم، ئەمەوێ خۆرو درەخت ببینم، دەمەوێ لە سەر زەوی بژیم، گەر مردیشم، ئەوا یەك جار و بۆ هەتا هەتا دەچمە ژێر زەوی...

بەم جۆرە حەمامەکەم جێ هێشت، ماوەی دوو مانگ بۆ وە دەست هێنانی کارێك دنیام تەی کرد، لە خاوەن دوکانەکانم دەپرسی، لە رێبوارانم ئەپرسی، لە موختاری ئەو گەرەکەی تیایا نیشتەجێ بووم، لە خاوەن ئوتێلی (تیبە)ییەکانم پرسی بەلآم کەس وەلآمی نەدامەوە...

– گەرایتەوە تیبە؟

پرسیارەکەم لەجێی خۆیدا نەبوو، وەك ئەوەی لە خەونێك رام پەراندبێ سەرنجمدا، روخساری گرژ بوو، بێ ئەوەی چاوەڕێی وەلآمەکەی بکەم پێم ووت:

– مەبەستم ئەوەیە، دوای ئەوە چی روویدا؟

– کار و بێ کاری وەك بەدوای یەکا هاتنی شەو و رۆژ، دووبارە دەبوونەوە، کارم زۆر کردو بێ کاریشم زۆرچەشت، دوای حەمامە نەحلەتییەکە، هەولم دا یادەوەری ئەو ژنە کریستاڵی‌یانە لە خۆما بسرمەوە کە لە دەروونما رۆنیشتبوو، بەلآم لەگەڵ ئەو هەوڵەشدا، شتێ لە ناخما ئەبزووا، شتێك لەوەو پێش سەرنجیم نەدا بوو، من زۆر گوێم نەئەدایە ئافرەت، بەلآم بێ ئەوەی بەخۆ بزانم بیرم لێ‌ئەکردنەوەو خەوم پێوە ئەبینین، دەزانیت، ئافرەتیش، وەك زۆر مەسەلەی تری ئەم ژیانە، گەر ئادەمیزاد دەوڵەمەند نەبێ، ناتوانێ بیگاتێ، مەبەستم ئەوەیە، هیچ نەبێ، دەبێ هەندێ پارەی هەبێ، منیش لەو کاتەدا، خاوەنی هیچ شتێك نەبووم..

بڕیارم دا، هەرگیز بەرۆژ بیر لە ئافرەت نەکەمەوە، بیرکردنەوە لە ئافرەت پێویستی بە هێمنی و کاتێکی درێژ هەیە، سەعاتەکانی شەوم بۆ وەها بیرکردنەوەیەك شك ئەبرد، رووت وقووت ئەمهێنایە بەر چاوم، رەنگی لەشی، کە هەر لە ناوکە گەنمەشامی دەچێ، ئەو دەمەی خۆر دەینەخشێنێ، وەك درەختی دوای باران ئەبریسکێتەوە، زیاتر لە جارێك ئافرەتم بەنوستویی هێنایە بەر چاوم، قژی وەك سێبەری دارگوێزە گەورەکە پەخش و تاریك...

درێژەی نەدەمێ، لە هەموو بارێکیدا، خەیاڵم لە ئافرەت کردەوە ووردەکاریەکانی لەشیم، بەتەواوی ناسی، رەنگی گۆی مەمکی، رەنگی قاچی، چرچ و لۆچی سك و هەموو شتێك، هەموو شتێك تەنانەت دەمتوانی لە ساتی نووستنمدا، دەست بۆ هەر بەشێکی بەرم، بێ ئەوەی بم بینیایە، دەمزانی کام بەشەیەتی......

لەو ماوەیەدا، هەستم بەمەحرومیەکی وەها کرد، کە لەوە و پێش هەستم پێنەکردبوو، وەك ئەوەی سەری دونیام لێهاتبێتە یەك و خەریك بێ بخنکێم، ئازار لە پشتما پەیدابوو، چاك نەبوومەوە تاکو لە چایخانەیەکی نەحلەتیدا کارێکم دۆزییەوە و وەك ئەونی جۆلاً ئەهاتم و ئەچووم، شەوو رۆژ سینییەك ئاوم بەدەستەوە بوو، تینوێتی خەڵکیم ئەشکاندو پەرداخەکانیش وەك جاران، پڕ لە ئاو دەبوونەوە، ئەبو زەیاب خاوەن چایخانەکە بوو، بەسەرما هەڵدەشاخاو، دەیووت:

– تا بێت کەر دەبیت، قەت فێز نابیت، نابینی مشتەرێکان داوای ئاگر دەکەن؟

کێ ئاگرەکەیان بۆ بەرێ، خۆم بۆیان بەرم؟

وەك نەفرەت لێکراوێك، خۆم بە کورسی و مێزەکانا ئەداو و دەچووم تاکو لەجیاتی سینیەیە ئاو، مقەڵییەکە هەڵگرم، لەسەر پاژنە پێ دەسوورامەوە، ئاگر...ئاگر...تاکو بۆ جاری دووەم دەنگی وەستا ئەهاتە گوێم:

– ئەی ئاو؟ دەتەوێ مشتەرێکان خۆیان بۆسەر کانیەکە بڕۆن و ئاو بخۆنەوە؟

چاوەرێی چیت؟ بۆ ئاویان بۆ ناهێنی؟ دەستم بۆ مقەڵییەکە رادەکێشاو دەمم دەجولان، تاکو ببینێ، بەلام هەرگیز هیچی نەدەبینی، دەنگیم دەهاتەوە گوێ:

– کورم، ئەقڵ زینەتی خوایە، بۆچی بەکاری ناهێنی؟ ئێستا مقەڵییەکە دانێو سینیەیە ئاوەکە هەڵگرە...

زۆر پیشم ئەخواردەوە، بەلام ناچار بووم بمێنمەوە، چونکە کاری ئەو چایخانەیە، نانەکەو جێگەیەکی چکۆڵەی تیابوو ستاری تیابگرم، دوای ئەوەی خەڵکی چایخانەکەیان چۆڵ ئەکرد کورسییەکانم وەك

گردۆڵکەیەك کوللە لەسەر مێزەکان هەڵ دەچنی و پاشان لێی ئەنووستم..
رقم لە ئەبوزەیاب بوو، رقم لەوانە بوو کە بەهیچ تێر نەئەبوون، رقم لەو ئاگرەبوو، کە بۆ خەڵکانێکی بێکارەم ئەبرد، کەسانێکی بەتاڵ و حەتاڵ کە چ کارێکیان نەبوو جگە لەوەی بەمەقاشێکی چکۆڵە لەسەری نێرگەلە بدەن و لێکدا لێکدا بلێن: ئاگر...ئاگر..
لە هەموو ئەوساڵەدا، کە شاگرد چایچی بووم، بیرم لە ئافرەت نەکردەوە تارماییەکەیشم نەبینی، گوێم لە دەنگی نەبوو، دوور.. لەو دیو پەنجەرەکانەوە ئەمبینی،پێم وابوو ئیدی ئافرەت شتێکی مەحاڵە، یاخود تەنها تارماییەکە و گەر ئادەمیزاد دەستی لێبدا نامێنێ و ئەرەوێتەوە، تەنانەت لە شەوانی بێئیشیشدا، کە تیایدا خۆم ئەخواردەوەو لە برسێتیدا دەتلامەوە، ئەمتوانی ئافرەت بێنمە پێشچاو .. خەیاڵی لێبکەمەوە و بحەوێمەوە، بەڵام کە سەرم ئەخستە سەر سەرین، خەو دەیبردمەوە و لە هۆش ئەچووم، وەك ئەوەی بکەومە بیرە ئاوێکی بێبنەوە.
سینییە ئاوەکەم بەدەستەوەو ئەهاتم و ئەچووم، لە خەڵکانێکی بەختەوەرم ئەڕوانی، بەخیلیم پێ دەبردن، چاوەڕێی ئەو رۆژە بووم، بتوانم هەندێك پارە کۆکەمەوە و دەست بدەمە کارێك..
مەزەنە نەکەیت من سەیری مشتەرێکانی چایخانەکەم ئەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا کە تەمەنێکم لەگەڵا بردبوونە سەر، بەڵام سەیرم نەکردبوون، گەر ئێستا بە یەکێکیان بگەم، نایناسمەوە...
بەتاسەوە لە دێوەرەکان وورد دەبوومەوە، کە گۆرەوی و عەترو جلی ژێرەوەیان لە چایخانەکەدا ئەفرۆشت، لێ یان نزیك دەبوومەوەو سەیری روخساریانم دەکرد، گوێم لەو وشانەیان دەگرت، کە بێ ماندووبوون دەیانووتەوە، تاکو خەڵکی بۆ کڕینی

کەل و پەلەکانیان هان بدەن...
لەگەڵ خۆمدا، بڕیارم دا گەر هەلم بۆ هەڵکەوێ، دەست بدەمە کارێکی لەو جۆرە، زیاتر لەمەش، جورئەتم کرد بیر لەو کاسپییە بکەمەوە، بەڵام بەشێوەیەکی چاکتر...
پاش ساڵێك، جارێکیان ئەبوزەیاب تووڕەبوو، هاواری دەکرد و جنێوی دەدا، بەرێکەوت، بینیمی سەیری دەکەم، بێ هۆ کەوتە جنێو پێ دانم، خۆم نەگرت، بەڵام تەنها ووشەیەکم نەووت، چووم بۆ ئەو سووچەی کە لێی دەنووستم، جلەکانم کۆکردەوەو بڕیارێکی خەتەرم دا، بڕیارم دا، لە چایخانەکە نەمێنم!!

له ژیانتا گایەکت دیوه که بەلەسه ئەبێ؟ ئەبو زەیاب وەك گا بەلەسەبوو، ئەو رۆژه، کاتێك بینی، بەهێمنی له بەردەمیا وەستام و داوای کرێکەمی لێ دەکەم، شالاوی بۆ هێنام، شانی گرتم و رای وەشاندم، بەڵام من هەر هێمن بووم، نه وەڵامم دەدایەوەو نەخۆم لێ راپسکاند، که دەستی به جنێودان کرد، نازانم چۆن بوو، وتم: تۆ ئاژەڵێکی درندەیت، وەك کەمتیار درندەیت،چونکه هەست به ئازاری هەژاران ناکەیت...

به سەرسورمانەوه تیێ روانیم، کاتێك دڵنیابوو لەوەی ئەلیاس له بەردەمیا وەستاوەو ئەو وشانه لەزاری ئەو هاتونەته دەر، نەراندی: بێدەنگ به هەی سەگ، بەقووڵی تیێ رامام ووتم: گەر ووشەیەکی تر بڵێی سەرت دەشکێنم، وەك ئەوەی باوەڕنەکا ساکا، خەڵك و خوا لێمان کۆبوونەوه، سەیریان دەکردین، بەهێمنی‌یەك که پیێ رانەهاتبووم، به دەنگێکی بەرز ووتم : ئەبوزەیاب! کرێکەم بەرێ و ووشەیەکی خۆشیش بڵێ، تا بەسەلامەتی جێت بهێڵم، ساتێك بێدەنگ بووم و پاشان وتم: بەر له کرێکە، ووشەخۆشەکه بڵێ.. یەکەندە ردوو، دۆخەکه گۆڕا، ئەبوزەیاب سەیرکردنێکی پڕ له بوغزو رق تیێ روانیم، خەڵکیش به دەورمانا بێدەنگ بوون و چاوەڕێی وەڵامی ئەو بوون، منیش له جێگەکەما، چەقی بووم، لەسەر ئەوه سووربـووم ، گەر هەوڵ بدا ، هێرشم بۆ بێنێ، شتێك بکەم ، گوێم له دەنگی بوو، به تکاو تورەبوونەوه وتی:

– ئەلیاس! هەڵسه جلەکانت لەبەرکه و بۆ سەر کارەکەت بگەڕێوه، بەڵام هەڵنەستام، بێدەنگ مامەوه و چاوەڕوانی هێمن بوونەوەیم دەکرد، جارێك و دووجاری تر، داواکەی دووبارە کردەوه، زمانەکەی له هەموو جارێکا دەگۆڕا، بەڵام من له جێگەکەما نەدەجووڵام، لێی مۆڕ ئەبوومەوه، دوای ئەوەی ئیتر حەوسەڵەی بینینمی نەما...وتی:

– حەیفه چاکه لەگەڵ سپڵەدا بکەی، ئێسقان ئەدەیته سەگ دوایی گازت لێئەگرێ، بەروویا نەڕاندم، هاوارم کرد، کەوتمه جووێن باران کردنی، پێم وت: ئەبوزەیاب خۆت سەگیت، سەگ ئەوەیه که رێزی ئادەمیزاد ناگرێ، ئەوەیه که رێزی خۆی ناگرێ، ئەبو زەیاب، سەگ ئەوەیه، پەلاماری خەڵکی بدا، سوکایەتی به خەڵکی بکا، من لەسایەی خواوه رێزی خۆم گرتووه و پەلاماری کەسم نەداوه، رووم کرده ئەو کەسانەی، که لێمان کۆ ببوونەوه، ئێوه حوکم بەن کاممان بەئەدەبین؟!

جوڵەیەك کەوته خەڵکەکه که زیاتر جورئەتی دامەبەر، گوێم له قسەکانیان نەبوو، بەڵام روخسارتانم بینی، لیواو لێو له جەسارەت و

پشت گرتنی من، هەستم کرد شتێکی وەك ئینسافم لە پشتە، تێم روانی : پاشان بەئەسەفەوە سەرم تەکان داو ووتم: کرێ کەم بەرێ و هیچی ترم ناوێ...

---

دوای سێ ڕۆژ گوێدرێژێکی سپی بەگوڕم کڕی، دەیەها پێداویستی چکۆڵە، کە بکرێ لە گوندەکان بفرۆشرێ، وەك ئاوێنە، دەرزی مورووی، خەنە، سەرپۆشی ڕەنگاو ڕەنگ، شانەو دەزووم لە نێو هۆرەکەی سەر پشتی نا، وێرام جلی هەرزانی ژێرەوەو چەند پارچەیەك کوتاڵ و پێنج جووت پێلاویش بکڕم.

پێش ئەوەی شار جێ بێڵم و بەرەو دێهاتەکان بەڕێ کەوم، شەکرو چاو و خوێم کڕی و بیرم نەچوو سێ ڕوبە جۆش بۆ کەرەکەم بکڕم...

کرینی ئەو کەرە، گرنگترین شتێك بوو لە ژیانما، خۆشییەکی وای پێ بەخشیم کە تا ماوەیەکی درێژ کاتێ لە گوندێکەوە ئەچووم بۆ گوندێکی تر،درەختەکانی بیربردمەوە شت و مەکم دەکڕی و دەمفرۆشتەوە، قازانجم زۆر دەکرد، ئەسەفم بۆ ئەوە ئەخوارد کە لەوەوبەر ئەم کاسپییەم نەکردوە، وێرای ئەوەش لەو گوندانەدا کە هامشۆم ئەکردن بوومە کەسێکی ناسراو، لە نێوان من و خەڵکیدا، پەیوەندی خۆشەویستی و ئاشنابوون، دروست بوو..

– تا ئەوکاتە بەهیچ ئافرەتێ ئاشنا نەبوویت؟

بە زەردەخەنەیەکی فێلاّییەوە ئەوەم لێپرسی... هەستی کرد باوەڕ بە قسەکانی ناکەم، سەیری کردم و سەری لەقاند، پاشان دەمی کردەوەو لچی بەسێ پەنجە گرت، ئەیویست شوێنگەی دگانە کەوتووەکانیم نیشان بدات..

دگانەگانی وردو ڕزیو، بە تۆێژێکی ڕەش داپۆشرابوون، جێ دگانەکانی پێشەوەی، بۆشاییەکی گەورەبوو، پوکەکەی ژێری، ڕەنگە

سوورەکەی نەمابوو، ببووە قاوەیی، کاتێك دڵنیابوو، لە مەبەستەکەی گەیشتووم، وتی: وەك دەبینی دگانەکانم کەوتــوون و چەند ساڵێکی کەمم لەم ژیــانەدا مـاوە، پاشــــــان دەمرم، لەگەڵ ئەوەشا تاقە نهێنییەك، کە قەت نەم دۆزیەوە، ئافرەت بوو...

– ئافرەت نهێنی نیە، پیاو هەوڵ دەدا بیکاتە نهێنی، هەر وەك چۆن لەزەت لە یاری مشك و پشیلە وەرئەگرێ...

– گەر وا بیربکەیتەوە، ئەوا فرت بە ژیانەوە نییە !

بە زمانێك، کە بەلامەوە درۆیینە و مردوو بوو وتم:

– هیچ نازانم، هەوڵ دەدەم فێر بم!

زمان و روخسارو پرشنگی چاوەکانی گۆڕاو وتی:

زۆر جار شتەکان، ئاسان خۆیان دەنوێنن، هەروەك ئەوەی نهێنییان لە خۆ نەگرتبێ، بەلأم لەپڕێکا دەگۆڕێن، تەواو نوێ خۆیان دەردەخەن، بە رادەیەك نوێ، ئەڵێی یەکەم جارە ئەیانبینی، بێدەنگ بوو، بەم سەرەتایە دڵ خۆش نەبوو، چاوانی واق ورماو و لێواو لێو لە پرشنگ، لە فیکرانە نەوە ئەچوو، یادەوەرییەکان بە کێشیان ئەکرد، بێدەنگییەکی قورس باڵی کێشا، ورەی شەمەنەفەرەکەش، وەك ئاژەڵێکی بەلەسە تاریکی شەقار ئەکرد...

وا خۆم نیشان دا، لەگەڵ راکەیدام و ووتم:

– نکۆڵی لەوە ناکەم ژیان خاڵی لە نهێنی بێ، کەس وەها نکۆڵییەك ناکا، بەلأم ئادەمیزاد بە سروشتی خۆی، ئارەزوودەکا، رازو پیرۆزیی بداتە هەندێ شت، بەکەشف کردنیان دڵخۆش ئەبێ...

– من لەم ژیانەدا لە زۆر شت ناگەم، کە بەلامەوە، لە ئافرەت کەمتر ئاڵۆزترن، ئافرەت و درەخت یەك سروشتیان هەیە..

– چۆن؟

ئەمەم پرسی و لەیەك کاتا مەسەلەکە خۆش و بێ هوودە ئەینواند، بەتوندی وەلأمی دایەوە: – درەختەکانت دیوە، کاتێك لە مانگی نیسانا بەشکۆفە ئەتەقنەوە؟

– درەختم لە نیسانا دیوە...

– دیوتە چۆن بەشکۆفە ئەتەقنەوە؟ لە قولأیی زەوییەوە بۆ سەرەوە بڵێسە ئەدەن؟

– شتێکی سایيە، ئادەمیزاد ئەو شتانە دەبینێ کە حەزی پێیانە..

– ئەمەیە جیاوازی نێوان ئەو کەسەی درەختی خۆش دەوێ و ئەو کەسەی درەخت تەنها وەك چڵ و چێوی سەوز ئەبینێ....

– لەبەر ئەوەی هەستم ئەکرد خەریکە قسەکان بەلایەکی ترا ئەرۆن... وتم:

– ناتەویٚ لە بارەی ئافرەت و نهێنییەکانیەوە بدویٚی؟
– لە بارەی ئەوەوە ئەدویٚم!...
وای وت و روخساری وشك هەڵگەڕا..وەك لەتە بەردێکی لیٚهات..
– لەو شتانە دەدوێین کە خەیاڵیان لیٚدەکەینەوەو حەزیان لیٚ دەکەین...
– بەڵی لەو شتانەی حەزیان لیٚ دەکەم، لەم ژیـانەدا، لە هەموو شتێك زیاترم خۆش دەوێن.
– پێت نەبرم ، هەر چۆنیٚ ئەتەویٚ ، لەم نهێنییە بدویٚ کە خۆشت دەویٚ و لەدوی ئەگەڕیٚی!
– رۆژێك لە رۆژان خۆشەویستیت کردووە؟ مەبەستم خۆ تیٚ هەڵقورتان نیە، بەڵام ئەوەی دەیلێم، ئەو کەسانە تیٚی ناگەن، کە دایکیان ژنی بۆ هێناون و پاشان مردوون!
– من ژنم نەهێناوە!
– خۆشەویستیت کردووە؟ کەسێکت خۆش دەویٚ؟
– زۆر..
– سوعبەت ناکەم!
– بە تەحەداوە لە چاوەکانیم روانی و ووتم: ئەزانیت تۆ ئافرەت ناناسی، لەبەر ئەمە لەلات وەك نهێنی..خۆی دەنوێنیٚ گەر بتناسیایە، جۆرێکی تر ئەدوایت.
– من خۆم پێم ووتیت نایناسم!
– باس لەو شتە بکە کە دەیناسیت!..
– چاوەڕیٚ بکە!
هەوڵیدا قۆڵی چەپی هەڵ کات، بەڵام نەیتوانی، کەوتە داکەندنی یەکە یەکەی چاکەتەکانی بەری، قۆڵی تا سەر باسك هەڵکرد، شوێنگەی برینێکی گەورەم بینی، لەگەڵ نیشانەیەکی سەوزدا، کە هێڵەکانی نادیارو بەیەکاچووبوون، لیٚی پرسیم : دەیبینی؟
چاوەکانی لەسەر نیشانەو زامەکە، هەڵنەدەبڕی...
– دەیبینم..
– ئەمە یەکێکە لە نهێنییەکانی ژیان..
– چۆن؟
– پاش ئەوەی سوڵتانم کڕی، بیرم چوو پێت بڵێم، سوڵتان ناوی گویٚ درێژەکەمە کە لە بارەیەوە قسەم بۆ کردیت، ئاشناییەکی وەها لە تێوانمان دروست بوو کە بەدەگمەن دوو کەس کۆدەکاتەوە، کەرێکی سەیرو زیرەك بوو، بەڵیٚ سەیرترین کەر بوو بەچاو بینبێتم، بیٚئەوەی تەنها ووشەیەك بدویٚ، لە ئادەمیزاد ئاقڵ تربوو، بڕوام

پیّبکە، زیاتر لەوەی من دەمکرد، ئەو شت و مەکی دەکڕی و بەخەڵکی دەفرۆشتەوە، لە گوندێکەوە ئەیبردم بۆ گوندێکی تر، هەروەك ئەوەی ئاژەڵان خاوەن هەستێکی وەهابن، وایان لیّ بکا زیاتر لە ئادەمیزاد تیّبگەن، یاخود تەنها ئەو خاوەنی ئەو هەستانەبوو، کاتێك بەقسەی ئەوم دەکرد، فرۆختم زۆرو قازانجمان دەکرد، گەر بەقسەیشم نەکردایە، وەك لەسەرەتادا وابوو، هیچ قازانجمان نەئەکرد، شت و مەکەکانم بیشانی خەڵکی دەدا، بە ئافرەتەکانم دەوت، ئەمە باشە، ئەمە هەرزانە، بەڵام ئەوان هەر پێدەکەنین و جگە لەوە شتێکی تریان نەدەکرد...

چەند جارێك مەسەلەکە دووبارە بۆوە، لە دواییدا بۆم دەرکەوت، ئەو قازانجەی ئەیکەم.. زیرەکی سوڵتانە، بەڵیّ ئەو کەرە سەیربوو، کە دەگەیشتینە دووریّیانەکان، لێم دەپرسی : سوڵتان ! لە کویّوە بڕۆین؟ وەڵامی نەدەدایەوە، پاش ئەوەی قەپی لە هەواکە دەدا، سەری بەرز دەکردەوە هەروەك ئەوەی هەڵیمژیّ، پاشان دەزەری و لایەکیانی دەگرتە بەر، منیش بەقسەیم ئەکرد، لێمدەپرسی : بەڵام سوڵتان ماوەیەکی زۆرە بۆ گوندی عەزراویە نەچووین؟ جاری پێشوو کاتێك سەرپۆشە رەنگاو رەنگەکانمان پیّفرۆشتن، گوێت لیّ نەبوو چیان پیّ ووتین؟

گویّی دەگرت و لە فیکرەوە ئەچوو، دواجار بڕیاری ئەوەی دەدا کە پێویستە بەرەو کویّ بڕۆین، مەسەلەکە ئاوا دەستی پیّکرد، تا ئەو کاتە ئافرەتم نەناسی بوو، ئەوکاتانە نەبیّ کە دارم دەخستە توونی حەمامەکەوە، یان کاتێك منالّ بووین و گوێمان لە چیرۆکەکانی تیبە دەگرت، خەیالّم وێنەی ئافرەتی بۆ دەکێشام، تەماشام کرد بیّویست بیر لە ئافرەت ئەکەمەوە...

رەنگە لەبەر ئەوە بیّ کە گونداوگوندم دەکردو ئافرەتم دەبینی، وەزعەکە وەك ئەوە نەبوو کە لە چایخانەکە بووم...

ئیدی دەنگە تەرو ناسکەکانیم ئەژنەوت، سنگ و مەمکیانم ئەبینی و ئەیانوروژاندم..کۆتەکانی جەستەم بەودا شۆڕببوونەوە، سمتیان وەك ئاگر ئەلەریەوە ئەودەمەی گۆزە ئاویان ئەنایە سەرشان.

لەو گوندانەدا زانیم ژیان بەبیّ ئافرەت تەرسەقولەکەی سوڵتان ناهێنیّ... پێمسەیربوو چۆن پیـــاو بەبیّ ئافرەت دەژی، گرنگ نیە ژنت بیّ، یان شتێکی تر گرنگ ئەوەیە ببیّ و پیاو دەستی بیگاتیّ، کەوتمە بیر لیّکردنەوەی و گەیشتمە دەرەنجامێك کە نەئەچوە ئەقڵەوە، بۆم دەرکەوت، ئافرەت بە رادەیەك ئاسانە، کە بۆ وەدەست

خستنی، پێویست بەو هەموو تێفکرینە  ناکا دەزانی ئافرەت چی گەرەکە؟
– پێم ووتیت من هەقم نییە، پێم بڵێ چی گەرەکە؟
– بەڵام دەبێ بزانیت، بە رێگەی تایبەتی خۆت دۆزیبێتتەوە...
– بە رێگەی تایبەتی خۆم دۆزیومەتەوە، بەڵام دەمەوێ رای تۆ بزانم، دوایی پێت دەڵێم.
– پاش بیرکردنەوەیەکی زۆرو ئاڵۆز، بۆم دەرکەوت ئافرەت شتێکی مەحاڵە، راستە هەموو رۆژێك و لە هەموو جێگەیەکا ئەیبینی، بەڵام وەك خۆر وایە ناتوانیت دەستی لێبدەیت!..
– تو شەیتان پێم بڵێ چۆن زانیت؟
– هاورێم ئافرەت پێچەوانەی ئەوەیە کە ئێستا باست کرد..
– چۆن..؟
ئەوەم پرسی و ووشەکانی وەك درِك لاکەلەکەیان دەرزی ئاژن دەکردم..
– ئافرەت مت و مورو و قسەی خۆشە.
– مت و موورو و قسەی خۆش؟
– بەڵێ مت و مورو و قسەی خۆش،جگە لەوە شتێکی تر نیە...
تێی روانیم، دەیویست کاریگەری وشەکانیم لەسەر بزانێ، بەڵام توند دەموچاوم
گرت، بۆ ئەوەی نەهێڵم هیچ ببینێ، تاکو وشە شاراوەکانی سیحری خۆیان        ون کەن ... وتم:
– هێشتا ئەم رەچەتەیە ئەخوا؟
– وەك ئەوەی بروا نەکەیت!
– بڕوا دەکەم، بڕوادەکەم، دەیویست بە خێرایی ئارامم لێ ببڕێ، زەردەخەنەیەکی سەرکەوتووانەی هاتێ و پاشان وتی:
– ئافرەت پێویستی بە چیە؟ بە خێرایی لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو، ئافرەت پێویستی بە قسەی خۆشە، راستە زۆر شت و مەکی ناو هۆرەکەم ئەدانێ، سەرپۆش، ئاوێنە، خەنە، جار نا جارێکیش شەکرو ئارد، لەگەڵ ئەمەشدا، دڵی ئافرەت هیچ نایکاتەوە، ووشە نەبێ.......
سەرلەنوێ، بە هێمنی دەستی بە لەبەرکردنەوەی چاکەتەکانی کردەوە، هەموو ساتێ چاوەکانی رۆشن ئەبوونەوەو ئەکوژانەوە، وەك ئەوەی ئەم یەك بەدوا یەکا هاتنە، ئاگری یادەوەری لەسەریدا هەڵایساندبێ، ئەو یادەوەرییە خەمگینانەی کە تێپەڕی بوون، ئەو یادەوەرییە خۆشانەی کە لەو رۆشناییە پرشنگدارەدا ئەکەوتنەروو.

دوای ئەوەی لە لەبەرکردنەوەی چاکەتەکان بۆوەو توند قۆپچەی دوا چاکەتی داخست، سەری بردە دواوەو وتی: من و سوڵتان دەوەستاین و ئافرەتانمان لێکۆدەبوونەوە، ئەمیان قۆپچەو دەرزی دەویست، ئەویان شانەیەکی سپی گەورە، ئەمیشیان سەرپۆشێك بەرەنگی گوڵاڵە سوورە، پێم دەووت: ئەم سەرپۆشە جوانترە! بیدەبەسەرتا، تاقی بکەوە، یەکەم جار دەمویست سەرپۆشەکانم بفرۆشم، لە پێناوی ئەوەدا ئەمگوت: چەند جوانیت کاتێ ئەم سەرپۆشە سەوزە ئەدەی بەسەرتا کە وام دەگوت لە چاوانیا شتێکم دەبینی، هەر کە بەیەکێکیانم دەووت: بەم سەرپۆشەوە جوانیت، لە چاوانیدا، شتێکم ئەبینی زیاتر لە پێکەنین، ئەمبینی لە خۆشیدا هەر ئەوەنیە بکەویتە سەما، شتێکی شاراوە... نەم ئەزانی چیە؟

لەو ساوە، ئەم ووشانە کەوتنە سەرزمانم، بە ئەنقەست بەو ئافرەتانەم دەووت کە شتیان لێ دەکریم..

مەزنە بکە، تەنانەت پیرێژنەکانیش، کە تڵپی تەڕیان تیانەمابوو، کاتێك پێمدەووتن: دایکی وەردە، کە ئەم کراسە دەپۆشیت، بیست ساڵ تەمەنت بچووکتر دەبێتەوە، کە ئەمەم پێدەوت، دڵ خۆش دەبوو..

پێی دەووتم : وەرە چایەکمان لا بخۆرەوە، پێش ئەوەی بڕۆی، پارویەك نانمان لەگەڵ بخۆ، تۆش فەرحە! بڵێ لەم ناوچەیەو ئەولاتریش پیاوێك هەیە لە مێردەکەی تۆ بەختیار تر بێت؟ بەنازەوە لێی دەپرسیم : بۆچی؟ پێم دەووت : دەیخوا ئەم ماڵەی لێ نەسەنێ، لە تەوقی سەریەوە ئامازەم تا قولەپێی ئەدا بەپێکەنینەوە، پێی دەووتم : تۆ شەیتانیت، بەلآم بە ئەزموون و فامیدەیت!..

ئەم قسانەم بۆ ئەوە دەکرد بژیم، بەلآم پاش ماوەیەك هەموو شتێکم تیادا گۆڕا، بەو جۆرە ووشەم یەکارنەئەهێنا، کە ئادەمیزاد لەگەڵ ریخی مانگادا دەیکا، نا.. ئەمبێژا ئەوجا ئەمهێژا، ئارنگم لە ووشەکان دەهێنا، ئەوجا لە زارم ئەهاتنە دەر ئیدی ئەوکات بە تەواوی مەبەستی خۆیان ئەپێکا...

دەستی بۆ لای چەپی سنگی برد، پێکەنی!

سەری باداو بەردەوام بوو...

– لەگەڵ رۆژانا، ووشەکان بوونە مەخلوقاتی سەیر، تەواو هەر وەك کەرەکە، ژیانی تایبەتی خۆیان و کاریگەریی تایبەتی خۆیان هەبوو،، کە ئافرەتان لە دەورم کۆدەبوونەوە، هەریەکەیان دەستی لەو شت و مەکانە ئەدا کە پێمبوون، بەرێگەی جیاواز جیاواز رەفتارم لەگەلآ دەکردن، حەزم دەکرد شت و مەك بە یەکێکیان بفرۆشم، چونکە

روخساری لە نانی برژاو دەچوو، لە بارەی شارو سەرپۆشەوە دەدواین، لە بارەی مێردو منداڵەکانیەوە پرسیارم لێ دەکرد، بێ ماندووبوون و بەشێوەیەکی شاراوە، کە هەرگیز تێی نەدەگەیشتم، دەگەیشتینە ئەوەی کە دەمانویست، یەکێکی تریان، ئارەزووم نەدەکرد مامەڵەی لەگەڵابکەم، چونکە ئابرووی سەگ لە چاوەکانیابوو، دەیویست و نەیدەویست، ئەم جۆرە ئافرەتانە، ناتوانی بیانگەیتێ، چونکە ئەقڵیان وەك کوللە، لە هەڵبەزو دابەزدایە، ئیدی کە تۆی ئەنگاوت، بە ووشەی گەورە سەرزەنشتت ئەکا، لە چاویەوە، فرمێسکێکی وەك بەڵغەم دێتە خوارەوەو پێت دەڵێ: تاکو مردن ئەم گوناهە ئازارم دەدا، جارێکی تر دووبارەی ناکەمەوە، بەڵام من ئەم جۆرە ئافرەتانە دەناسم، درۆدەکا گەر تۆ لەگەڵیا هەوڵت بدایە، جارێکی تر بۆ ئەو گوندە نەدەگەڕایتەوە، چونکە بەرازو شەرواڵ پیسیت، ئەڵێ فریوی داوم، سەیری قاچی کردووم و نوقورچی لێگرتووم وویستویەتی پەلامارم بدات...

شێوەی گۆڕاو چەند جارێك سەری لەقاند، هەر وەك ئەوەی شتێکی هاتبێتەوە یاد، پاشان بەردەوام بوو وتی:

– دەزانیت ئەو شت و مەکانە چین، کە دێوەرەیەك لە سەر کەرەکەی هەڵیان دەگرێ؟

وەڵامم نەدایەوە..

– وەڵامم لێت ناوێ، چەند هەوڵ بدەیت، نازانێت چونکە هەمیشە، شتێك هەیە لە بیری دەکەیت، من خۆم فرۆشیار بووم، کەچی بیرم ناکەوێتەوە، دەیان جار هەوڵی ئەوەم داوە، بەڵام هەموو کاتێ، شتی نوێم کەشف کردووە....

سەرنجی‌دا لە قسەکانی حاڵی نەبووم، یەکەم جار زەردەخەیەکی هاتێ، پاشان گۆڕیە قاقای پێکەنین و وتی:

– ئافرەتان بەقەد ئەم شتانەو زیاتریش، یەکێکیانت بیردێتەوەو دەڵێی ئەمەیان، دەگەڕێیت و دەگەڕێی، لە پڕێکا وازی لێدێنی و دەڕۆی، لە خۆت دەپرسیت، بۆچی هەوڵت دا؟ ئەوساتە لاوازە لە کوێدایە کە لەسەرتا تەقیەوەو شتێکی پێ ووتیت.... تۆ نازانیت، ناکرێ جارێکی تر لەمەوبەر ئەو ئافرەتە ببینیتەوە، ئەوە شتێ نیە جگە لە ووشەیەك، کە ئیدی کەرەکەت لە ئاخوڕێك یان لە ژێر درەختێکا ئەبەستێتەوەو
لەگەڵیدا ئەڕۆی بۆ جێگەیەك کەس نەتانبینێ...

– تۆ خەو ئەبینی، کەسێ گوێی لێت بێ، وا ئەزانێ لەو گوندانەدا ئافرەتێك نەماوە، لەگەڵیدا نەنووستبی!

– وام نەوتووە..

– پەشیمان بوویتەوە؟
– پەشیمان نابمەوە، بەڵام پێت دەڵێم، ئافرەتم زۆر ناسیوە...
– چەند ئافرەتت ناسیوە؟
– ژمارە گرنگ نیە، رەنگە وەك كەسانی تر نەبم، بەڵام زۆر جۆری ئافرەتانم ناسیوە...
– ئافرەتان یەك جۆرن، هەر ئافرەتێك لەوی تر دەچیٚ، لە هەموو ئافرەتانی تر دەچیٚ...
– سوێند بە مەسیح تۆ هیچ شتێك نازانی!...
– تۆ پێم بڵیٚ، كە هەموو شتێك دەزانی...
– من نازانم، سەرم لە ئافرەت سوڕماوە..
– تۆ لە بارەی نهێنییەوە دەدوایت، كەچی ئەوەی تا ئێستا باست كردوە، ئەو شتانەیە كە خەیاڵیان لیٚدەكەیتەوە، تەواوێك هەروەك ئەوەی لەحەمامەكەدا دەتكرد...
– راستت دەویٚ؟ بیٚ خەیاڵی پیاو، ئافرەت چ مانایەكی نیە، مەزەنەی چی دەكەیت، گەر پیاو نەبوایە ئافرەت چی بوو؟
بە تەوسەوە لێم پرسی ئەلیاس ئەزانیت ئەوەی بینیوتە تەنها خەیاڵە، تۆ ئافرەتت نەناسیوە، بەڵكو بە خەیاڵ ناسیوتن!!
– ئەی ئەو زامەی ئێستا بینیت؟
– چیرۆكی ئەو زامە چیە؟ تو ئەو خوایەت، پێم بڵیٚ و بېڕێتەوە..
– شتیٚ كە زیاتر سوكایەتی بیٚ بۆ ئادەمیزاد ئەوەیە كە بیٚ سەبەب خۆی لە مەسەلەیەكەوە بگلێنیٚ...
– مەبەستت چییە؟
– مەبەستم هیچ نیە...
وەك ئەوەی لەگەڵ خۆیا بدویٚ، دەستی بەقسە كردن كرد:
– ئەلیاس تۆ ئاژەڵیت؟ بۆچی خەڵكی بێزار دەكەیت؟ كیٚ پیٚی وتی وەك سەگی تینوو زمانت درێژ كەیت؟ كیٚ پیٚی ووتووی بدویٚی؟
– من خۆم پرسیارم لێكردیت!
– گەر وەك نەفەرەكانی تر بوویتایە، قسەمان نەدەكرد...
– حەز ئەكەم بدویٚی، دڵنیابە زیاتر پەرۆش دەبم گوێم لێت بیٚ، بەڵام تۆ دەتەویٚ ئازارم بدەیت، هەروەك ئەو ئازارەی كەهی ئافرەتانت داوە!!
– راستیت دەویٚ؟
– جگە لەوە شتێكی ترم ناویٚ...
– من ئازارم بە دەستی ئافرەتانەوە چەشتووە، تەنها ئازاری یەكێكیانم داوە..

– پێت خۆشە، ئەو ئازارەم بۆ بگێڕیتەوە؟
– با زۆر شت واز لێبێنم و پێت بڵێم، ئەو زامەی ئێستا دیت، تەنها زامێکە، که سارێژ نابێ، چەند سالێکی تر ئەمرم، ئەو پەڕی دە سالی تر، بەلأم ئەم زامە، لێکدا لێکدا خوێنی لێدەچۆڕێ...
– ئەی ئەوزامانەی لای ئافرەتان جێت هێشتووە؟
– زامی چکۆڵەن!!
– گرنگ نیە، چکۆڵە بن یان گەورە، کاتێك ئادەمیزاد زامدار دەبێ، ئیدی بیری ناچێتەوە!!
– کێ ووتوویەتی بیرم چۆتەوە؟
– با لە بارەی زامەکەتەوە بدوێین، ئەو زامەی ئێستا بینیم...
سەیری کردم و زەردەخەنەیەکی خەمبار لەسەر روخساری ئەهات و ئەچوو، بەردەوام بوو:ئەزانیت سولتان زامداری کردم!!
– هەموو ئەو قسانەی لە بارەی ئافرەت و زامەوە کردت، دواجار کەرەکە زامداری کردوویت؟؟
– بەڵی ئەو زامداری کردم، نەمدەتوانی لەو لەحزەیەوە سەیری کەم، راستە پاش ماوەیەکی زۆر ئەمە روویدا، پاش زیاتر لە دوو ساڵ، بەلأم نەمهێشت رووداوەکە بەسەریا بڕوا و شتێك نەکەم، تۆڵەم لێ کردەوە...
– تێ ناگەم دەڵێی چی؟
– دەزانم، چونکە هەموو رووداوەکە نوکتەیەکی شێتانەیە..
– لە بارەی چیەوە دەدوێی؟
– لە بارەی ئافرەتەوە، لە بارەی ئەو تەنها ئافرەتەوە، کەسالأنێکی درێژ بەسەر ناسینیدا تێپەڕیوە، کەچی تا ئێستا لەبەر چاومە، لە هەموو ساتێك دا، درێژەی نەیەمێ کاتێك بەگوندەکانا دەگەڕاین، لەوێوە چیرۆکەکە دەستی پێکرد، راستە من ژمارەیەك ئافرەتم ناسیوەو لە رەفتاریان گۆڕیوم، بەلأم ئەو ئافرەتە، تەنها خۆی بوو وای لێکردم، ببمە ئادەمیزادێکی تر...
ڕۆژێکیان، بەلای خانوویەکی چەپەکا، تێپەڕین، پیرەژنێك و کچەکەی تیا ئەژیان، لە پاڵ خانووەکەوە، باخچەیەکی چکۆلەو زەوییەك هەبوو، پانیەکەی لە چل گەز زیاتر نەبوو، درێژیەکەشی سەدگەز یان تۆزێك زیاتر بوو، من و سوڵتان وەستاین، ویستمان ئاو بخۆینەوەو شت و مەکەکانیشمان بخەینە روو، بەڵکو ئەو دوو ئافرەتە شتێکمان لێبکڕن.
پیرێژنەکە ئاوی بۆ هێناین و خواردمانەوە، کاتێك هەستم کرد نایانەوێ هیچ بکڕن، ویستم بڕۆم بەلأم سوڵتان نەڕۆی، وەك ئەوەی

شتێك به زەوییەكەوە نوساندبێتی و بۆلای خۆی راكێشیێ، نەیدەویست بجوولێ، قسەم لەگەلا كرد، جنێوم پیێدا، لیێمدا، كەچی له جێگەكەی خۆیدا نەجولاو نەجولا! !...

له دلی خۆما ووتم كەرەكە شێت بووە، تەواو شێت بووە، ئەگینا بۆ ناروا؟ له دلی خۆما ووتمەوە، ئیمرۆ شەكەتیی برستی لیێ بریوە، با تۆزێك دانیشتین و ماندوویمان بحەوێتەوە، ئەوجا ناوی خوای لیێ دێنین و ئەرۆین..

دانیشتین و دانیشتنەكەمان درێژەی كێشا، زیاتر له جارێك هەولم دا به هێمنی سولتان قەناعەت پیێكەم كه برۆین، پێم ووت لەو گوندە دەنووین، كه لێرەوە سەعاتە رێیەك دوورنیە، پێم ووت، له ئاشەكە دەنووین، كه ئەویش له بەری دووەمەوە ئەوپەری سەعاتە رێیەكە، پێم ووت، به درێژایی سبەینێ پشوو ئەدەین، نەشت و مەك دەكڕین و نه دەفرۆشین...

بیێدەنگ و چاوی نەدەتروكاند، ووتم : سولتان پێویستە بجولیێ، بەلام هەر وەك ئەوەی لەگەلێ ئەوم نەبێ هەموو هەولێكم به هەدەر چوو..

دوو ئافرەتەكە، بینییان كەرەكە چۆن مانی گرتووە، یەكەم جار هیچیان نەووت، بەلام كاتێك خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو، من هەر له سولتانم دەژەندو جنێوم پیێدەدا، پیرێژنەكە هات، چایەكی بۆ هێنام و وتی : كوڕم لیێ گەڕێ، ئەقلی خۆت مەخەرە ئاستی ئەقلی ئەوەوە، كەران مان دەگرن و به خۆشی لەگەلیان بجولێرەوە..

ووتم: بەلام ئەمەوێ پێش ئەوەی تاریك دابێ، بگەینە ئەو گوندە..

وتی: ئیمشەو له لای ئێمه بنوون ... ئەبینی بەیانی كەرەكەت بۆتە كەرێكی تر...

ئەمە ئەوە بوو كه روویدا، ئەو شەوە له لای ئەوان نووستم..

ووتم ژمارەیەكی زۆر ئافرەتم دیوە، بەلام ئافرەتم نەدیوە، له كچی ئەو پیرێژنە بچیێ، به بێ دەنگی و بێ وەستان كاری دەكرد، جێگەی به خۆی نەئەگرت، دانی بۆ مریشكەكان رۆئەكرد، ئالیكی به گاكان دەدا، چغەی له سەگەكان دەكرد، هەموو ئەوانەی ئەكرد بێ ئەوەی ماندوو بێ و پیێ ئەوەی سكالایەك دەربڕیێ...

به درێژایی ئەو ئێوارەیە، نەم بینی سەیرم بكات تەنها جارێك نەبێ، تەنانەت كاتێك خواردنی بۆ دانام و بۆ نان خواردن خولقی كردم، وەك ئەوەی بانگی تارماییەك بكات بانگی كردم، شەو كاتی نوستن، چراكەی له ژوورەكەی ئەودیو دانا، تا لیێ بنووم، لەوساتەدا كه

دەچووە دەرەوە، روانینەکانمان بەیەکتری گەیین، رەنگە رێکەوت بووبێ..
ئەو روانینە چکۆڵەیەی کە لەحزەیەکی نەخایاند، ئەوە بوو کە هەموو ژیانمی داگیرکرد، هەموو شتێکی تیاگۆڕیم، ئەو شەوە بیرم زۆر کردەوە، لە دڵی خۆما ووتم: ئەم ئافرەتە لە هیچ ئافرەتێکی تر ناچێ، جوان نەبوو، بەڵام شتێکی تیابوو، نەمدەتوانی تێ ی بگەم، شتێك کە کار لە ئادەمیزاد دەکا، ئازاری دەداو دڵیشی خۆش ئەکا...
ئەو شەوە ترسام، لە دلێ خۆما ووتم، جارێکی تر بۆ ئێرە نایەمەوە، لەو ئافرەتە ترسام، لە مەسەلەیەك دەترسام، کە هەرگیز نەمدەتوانی تێ ی بگەم، دەمزانی چەندین بەدخویی لەم سنگە نەفرەتیەمدا جۆش دەداو هەموو خوێنم ئالوودە ئەکا، تەنانەت، پێش ئەوەی بنووم، چەند کەرەت جنێوم بە ئەلیاس دا، ئەو ئازارەم بیرکەوتەوە کە دوای ناسینی هەر ئافرەتێ، ئابلۆقەی رۆحم ئەدا...
بۆ بەیانی، بەر لە خۆر هەڵاتن، هۆرەکەم لە پشتی سوڵتان ناو بڕیارم دابوو بەر لەوەی ئەوان لە خەو هەستن و بم بینن، من خۆم بدزمەوە، ووتم، هەندێك پێداویستی ساکاریان بۆ جێ دێلم، بەڵام خەریك بوو لە ئامادەکردنی کەرەکە دەبوومەوە، تا کچی پیرێژنەکە دەرکەوت و نان و چای بۆ هێنام، دەنگە تەرە ناسکەکەی لە دوامەوەو لە تاریکایی بەیانیەکی ناسك دا هاتە گوێم، وتی :
بەر لەوەی بڕۆیت، شتێك بخۆ!
سێ رۆژ تێپەڕی و خەریك بوو کچەم بیرم دەچۆوە، بەڵام شەوانە هەستم بەحەوانەوە نەدەکرد، بەلامەوە گرنگ نەبوو، قازانجەکە بژمێرم، یاخود داواکاری ئافرەتان بەجێ بێنم نیوەرۆی سێیەم، کە هێشتا لە (مەحرەبە) ئەو گوندەی کە دەمانویست بۆی بچین دوور بووین، سەیرم کرد سوڵتان، بەرەو لای گوندی مغێریب لا دەکاتەوە، لغاوەکەیم گرت و ووتم : سوڵتان! ئەم جارە تۆ بەگوێم دەکەیت، من بەگوێ ی تۆ ناکەم، ئەمجارە بۆ (مەحرەبە) دەرۆین، هەوڵم لەگەڵ دا، بەڵام لەگەڵ پێ داگرتنی زیاترما، ئەو زیاتر مانی دەگرت، لغاوەکەیم بەرەلاکرد، تا بزانم بەرەو کوێم دەبا، لە ماوەی دوو سەعاتا، جارێکی تر، خۆم لای پیرێژن و کچەکەی بینی‌یەوە.
گەر بە گوێ ی سوڵتانم نەکردبا، مەسەلەکە کۆتایی هات بوو، بەڵام کاتێك ئادەمیزاد بە گوێ ی کەرێك دەکا، ئەوا دەبێ تەحەمولی هەموو ئاکامەکانیشی بکا، حەقی ئەوەی نیە لۆمەو سەرزەنشتی کەس بکا...
ئەو شەوە، لە بارەی تیبە و بازرگانییەوە، بۆ دوو ئافرەتەکە دووام، لە بارەی سوڵتانەوە، کە بێ ئەوەی داوای لێ بکەم، بۆ ئێرەی

کێش کردووم، پێم ووتن: بینیتان چۆن جاری پێشوو، هەوڵم لەگەڵدا بەڕێ کەوین... نەهاتە ژێر بار! ئیمڕۆش هەمان شت روویدا، ئەمە شتێکی سەیرەو لەمەوبەر هەرگیز شتی وای نەکردووە...

دوو ئافرەتەکە پێ‌کەنین، یەکەم جار کچەکە پێ‌کەنی، ئەو شەوە بڕیارێکی خەتەرم دا، دوای شێوکردن، نەحلەتی دووەم کرام، کە بە هیچ شتێك بە نەحلەتەکەی سوڵتان نەدەپێورا، ووشەکان بەسەرما زاڵ بوون، بێ‌بیرکردنەوەو بەبێ مەبەست، لە دەممەوە دەهاتنە دەرەوە..

بەر لە نووستن، پیرێژنەکە وتی: هەفتەیەك مۆڵەتمان بەرێ، بیرلە مەسەلەکە بکەینەوە، نابێ تووڕەبیت، گەر لە بارەی تۆوە، پرسیار لە دانیشتوانی (مەحرەبە)بکەین...

بەر لە کۆتایی هاتنی هەفتەکە، هەموو شتێك کۆتایی هات، لە ماوەی دوو مانگا ژنم هێنا،.. کە کەوتە بیرکردنەوە خەم روخساری گرتەوە، فرمێسکی چکۆڵە لە چاوانیدا قەتیس ما، دانیشتنەکەی گۆڕی وەك ئەوەی لەسەر ئەو لاوازییەی کە نەیتوانیوە بەرگەی بگرێ سزای خۆی بدا، بەو شێوە دانیشتنە نوێیەی دەنگی گۆڕا، روخساری گۆڕا، بە دووچاوی خاڵی تێ روانیم و بەردەوام بوو: رەنگە شوورەیی بێ، ئادەمیزاد لە بارەی ژنەکەی خۆیەوە بدوێ، دەتوانێ چی لەبارەیەوە بڵێ؟ بەتایبەتیش ئەو شتە وردانەی رووداوێك، یان هەرایەکیان لێ‌ناکەوێتەوە؟

دەسبەرداری کەرەکەو دەسبەرداری شانەو ئاوێنەکانیش نەبووم، بەڵام ئەو بازنەیەی کە لە ناویدا دەسوڕامەوە تا رادەیەك تەسك بۆوەو ناوی زۆر لە گوندەکانم بیرچۆوە، ئافرەتەکانیانم نەئەهاتنەوە یاد، خۆر ئاوابوونیش بەرەوماڵەوە دەگەڕامەوە..، وەك مناڵیم لە تیبە، هەمووشتێکم جوان دەبینی،درەختەکان شکۆفەیان ئەکردو سەوز ئەبوون، پاشان بەرەکان گەمەیان لە ناویدا ئەکردو قورس و تۆکمە ئەچەمینەوە، کە هاوین دەهات، هۆرەکەم، واز لێ دەهێناو سێووبایەمی ووشکم لە سوڵتان دەناو بەرەو شار دەرۆشتین، کە دەگەڕامەوە، ئارد و شەکرم لەگەڵ خۆما دەهێنا، جارێکیان وێرام، دۆشەکێکی چکۆڵە، بۆ ئەو کۆرپەیە بکڕم، کە خەریك بوو لە نێو رەحمی (حەنە)دا دروست ئەبوو، بەڵام دونیا تا سەر بۆ کەس نیە، رۆژێکیان پیرێژنەکەمرد، کە هێشتا سکی حەنە چوار مانگ بوو، لە ماوەی کەمتر لە مانگێك دا، زەویەکەمان فرۆشت، دوای ئەوە، بڕیارمان دا بۆ تیبە بگەڕێینەوە.

تیبە  لە ماوەی ئەو ساڵانەدا زۆر گۆڕابوو، ئەو نەمامانەی کە لە ژمارەیەك شوێنی کێڵگەکانا، روێنرابوون، گەورە ببوون و خەریك بوو بەریان دەگرت، پەموو  کە پێشتر وەك  شەپۆلی ئاو هەموو زەوی داپۆشیبوو، تەنها رووبەرێکی فراوانی لە بەری رۆژهەڵات گرتبۆوە، کوڕی حاجی زوین، کە ئەندازیاری کشت و کاڵ بوو، دەوری لەمەدا هەبوو، بە خەڵکی تیبەی ووتبوو: پێویستە سەرلە نوێ درەخت بڕوێننەوە، تاکو ئاسمان باران بباریێنێ، ئەوان قاییل نەبوون، بەڵام ئەم لەسەر ئەوە سووربووبوو، پێی ووتبوون: پەموو مەشکێننەوە، درەخت لە پاڵیانا بڕوێنن، گوێیان لێنەگرتبوو، بەڵام چەند مانگێك تێنەپەڕی، هەموو شتێك گۆڕا، خەڵکی ناچار بوون درەخت بڕوێنن، دوای ئەوەی  هەور بەسەر ئاسمانی تیبەدا تێئەپەڕی و نەئەوەستا، ئاسمانی تیبە لە زەویەکی قاقڕ دەچوو، بەردەوام هەوری بەسەرەوەبوو، بەڵام باران نەدەباری، درێژەی نادەمێ، لە ماوەی ئەو ساڵانەدا، تیبە لە سەرێکی کەچەڵ دەچوو، کە خەریك بوو قژی لێ ئەروایەوە...

هەر هێندە نا، بەڵکو ساڵحەکوێریش نانەواخانەیەکی کردبۆوە، قەشە سەمعانیش بیری لەوە کردبۆوە، نانەوا خانەیەکی تر بکاتەوە، کاتێك خەڵکم بینی، نانی نانەواخانەکە دەکرن لە دڵی خۆما ووتم: ئەلیاسە شوومی باوان لێرەنجاو، هیچ شتێك لە کاتی خۆیا ناکا، تەنانەت گەر بە خەڵکی تیبە بڵێ، خۆر لەو دیو چیای زهورەوە هەڵدێ، گاڵتەی پێ دەکەن و ئەڵێن کوا وایە !، لەگەڵ ئەوەشا، هەموو رۆژێك، خۆر دەبینن، سواری چیای زهور دەبێ و تاماندوو دەبێ، لەویا دەمێنێتەوە، پاشان بەلای باخەکەی قەشە سەمعان دا دەڕوا، کە ئەمیش دیسان ببووە کێڵگەی پەموو....

بۆ تیبە گەڕامەوەو خەمەکانیشم بۆ گەڕانەوە، دەمتوانی چی بکەم؟ درەختم رووانبا؟ خانووەکانی تیبەم بە رەنگی سەوز، کە هەر لە رەنگی درەخت دەچێ، رەنگداندبا؟ بڵێی خەڵکی تیبە حەمامێکیان ویستبا بوێ ـ تاکو تیایدا ببومایەتە تونچی؟

نەم دەزانی خەڵکی تیبە چی یان دەوێ، رۆژانێك مامەوەو بیرم دەکردەوە ـ تاکو رام لەسەر کارێك، لە ئاشەکەی مام شوکری ئۆقرەی گرت، مام شوکری وتی: من مرۆڤێك و کەرێکم پێویستە، من و سوڵتان ئەو مرۆڤ و کەرە بووین...

خێرا بۆ دێی مەحرەبە گەڕامەوە، کەرەکەم لەوێ جێ هێشت بوو، تاکو ئامادەی کەم و دەست بەکار بکەین...

هاوڕێم دەزانی، کەرو هەموو رەگەزەکانی تری ئاژەڵ، رۆحێکی رووناکیان هەیە، کە بە سۆزو ئارەزوو دائەگیرسێ، گەر ئەو رۆحانە فەرامۆش کرێن، یان گەر ئادەمیزاد بەرامبەریان توندو تیژبێ ـ بەلادا دێن وئەمرن...

هەر کە کەرەکەم بینی نەمناسییەوە، لەڕو لاوازببوو، وەك ئەوەی ماوەیەکی درێژ بێ، نە نووستبێ و نە هیچی خواردبێ، لە سوچێکی خانەکەدا وەستابوو، رووی لە دیوارەکە کردبوو، خەمبار بینیم، دەم و چاوی بە دیوارەکە دەخووران، بە هێمنی بەرەو لای چووم، نەم دەویست بم بینێ، وەك هەموو جارێکی تر، هەستی بە شتێك کرد، سەری بەرزکردەوە، قەپی لە هەواکە گرت، زیاتر لە جارێك لوتی بزواند، پاشان ئاوڕی دایەوە، کاتێ هەستی بە بوونم کرد، کوت و پڕ هەموو شتێ گۆڕا، خوێنی تێزا، بە قاچ لە زەویەکەی ئەدا، دگانەکانی سپی و بریسکەیان دەهات، پێئەچوو لە خۆشیدا پێبکەنێ...

من بیستوومە تەنها ئەسپ، گەر لە خاوەنەکانیان جیابنەوە خەمبار دەبن و لە خواردن و خواردەنەوە دەکەون و لە خەفەتا دەمرن، بەڵام لە بارەی کەرەوە دەڵێن، لە توخمێکی خراپەو هەستی نیەو خاوەنەکانیان ناناسن، تەنها ئارەزووی بەو سەعاتە هەیە کە تیایدا دەژی.

سوڵتان وانەبوو، هەر لە ئەسپ دەچوو، کاتێ بینیمی دەنگێکی لاوازی نزیك لە گریانم بیست، کە لە سنگی دا جۆشی دەدا، لە خۆشیدا، بەدەوری خۆیدا سوڕایەوە، پاشان خۆیدا بە زەوییەکەدا، بە هەردوو لادا خۆی ئەگەوزان، وەك ئەوەی ئادەمیزادێك بێ و سوژدە بۆ زەوی بەرێ و ماچی کا...

لە رێی تیبە، سەر لە نوێ قسەمان لە بارەی ئەو گوندانەوە کرد، کە دیدەنیمان کردبوون و تیایانا سەوداو مامەلەمان کردبوو، خەڵکانێکی زۆرمان بیرکەوتەوە، هیچ هەلێکم نەدایە، لە بارەی ئافرەتەکانەوە بدوێ، چونکە بۆ پیاوێکی خاوەن ژن، جوان نییە باسی ئەو ئافرەتانە بکا کە لەوەو پێش ناسیونی، پاش سێ رۆژ رێ رۆیشتنی شەکەت گەیشتینە تیبە، کە گەیشتین، بۆنێکی تایبەتی گەییەلوتم، بۆنێك، کە هەر لە منالیمەوە پێی ئاشنا بووم، بۆنی باران بوو، رۆحم نەشئە گرتی، سەرم گێژی خواردو لەگەڵیدا بیرم لە هەموو شتێکی ئەم ئەرزە کردەوە..

وەستا و نەیویست تاقە ووشەیەکی تر زیاد بکا، وەك ئەوەی ئارەزوویەکی بەهێز کونترۆڵی زەمـەنی کردبێ و لە جوڵـە وەستاندبێتی، بێ ئەوەی هەسـت بکەم،          پێم ووت:

– له تیبه بوویته ئاشەوان، وانیه؟
– دوای چوار مانگ جارێکی تر له تاریکیدا له تیبه هەڵهاتم .. مەزەنەم دەکرد، تارماییم بەدواوەیەو راوم ئەنیٚ، دەزوولەی ئاگر له نێوان ئەم دەستانەو – تۆزێك دەستی بەرزکردەوه و هێمای بۆزامەکه کرد– نێوان ئەو نەفرەته رەشەی له تیبەدا خوڵقاوه، درێژ بۆوه...
گەر بۆ دەقیقەیەك جیٚ بهێڵرایه، مەسەلەکه بەتەواوی دوایی ئەهات، بەڵام زۆر جار هەستی ئادەمیزاد ئەبێته ئازارێك که، ئێسقان هەڵەکۆڵیٚ و تا دوای مردن لەویا دەمێنێتەوه، تارمایی یەك رۆچووه ناخمەوه و خوێنی ئاڵودە کردم، میزێکی رەشی تێکرد، کاتێك ئادەمیزادیش، خوێنی تێکەڵ به میزی تارمایی دەبیٚ، ئیدی هەرگیز نایەتەوه سەرخۆ، تا ئەو رۆژەی دەمریٚ، راونراوو مەلعون ئەبیٚ، ئەو قەشەیەی پێش چەند ساڵێك بینیم، وای پیٚ ووتم، بەڵام کاتی خۆی بڕوام پیٚنەکرد، تا ئەو ساتەی بینیم ئەو ئافرەته دەمریٚ..
– تو خواکەت پێم بڵیٚ، له بارەی کام ئافرەتەوه دەدویٚی؟
– له هەموو ژیانما هەستم نەکردبوو، ئادەمیزاد بتوانی هێندە خەمبارو تووڕەبیٚ، تەنها دووجار نەبیٚ، جاری یەکەم کاتێك درەختەکانیان بڕیەوه، جاری دووەمیش کاتێك حەنه مرد..
– بەڵام بۆ لێگەڕای بمریٚ؟
– دەزانیت چۆن درەختەکانیان بڕیەوه؟
بەخەمەوه لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: له ئاشەکەدا، وەك گایەکی کوێر دەخولامەوه، تۆزی ئارد چاوو روخساری دا ئەپۆشیم، خۆریش له دەرەوه، گەرمایی‌یەکی تەڕوبڕی دەنارد، زەوی و درەختەکانی بەشکۆفه دەتەقانەوه، بەخۆمم دەووت: ئەلیاس! لێرەدا زۆر نامێنیتەوه، لەم کونه نەفرەتیەدا نامێنێتەوه، بیرم لەوه دەکردەوه، ئاشەکه جیٚ بێڵم و زەوی یەك بکڕم، تاکو سەرلەنویٚ دەست به رواندنی درەختەکان بکەمەوه، بیرم دەکردەوه، ئەمبینی کۆرپەکەم گەورەبووەو پێکەوه زەوی دەکێڵین و ماندوو دەبین، ئەمبینی له ئاودانی زەویەکەدا یارمەتیم دەدا، تاکو زەویەکه تێر ئاوبیٚ، وەك مەیموون لەم درەختەوه باز بۆ ئەو درەخت ئەدا، تاکو بەره بڵندەکان لیٚکاتەوه، بەیانیان کازیوه، ماڵاتەکه پێش خۆی دەدا، هەنجیرو تریٚ بۆ خەڵکی تیبه و گوندەکانی دەوروبەر دەبا، ئاوا دەسوورامەوەو بیرم دەکردەوەو لەگەڵ خۆما ئەدوام، سات ناساتێکیش له خۆرم ئەروانی.....
هاتنه لام، بیرم نیه کیٚ هات و چ شتێکیان ووت ..

چەقۆیەکم گرت، بە دەستەوەو هاوارم کرد، دەمویست ئەو کەسە بکوژم کە لە ساتی منالّ بوونا ژنەکەمی کوشتووە، پرسیارم لە کەسـانی دەوروبـەرم کرد، کامیان
بکوژەکەیان بینیوە؟، یەکەمجار وەلاّمیان نەدامەوە، پاشان ووتیان : گوناهـ مەکە...
دووبارە لێم پرسینەوە، بێدەنگ بوون، چوومە سەربانەکە، تاکو بیدۆزمەوە.
چوومە مالّە دراوسێکەوە، بەلّکو خۆی لەویا شاردبێتەوە، بەلاّم کەسم نەدی...
دەنگی خەلّکیم وەك قاغە قاغی قەلەڕەش دەهاتەگوێ، روخساریانم رەش وەك میزی تارمایی دەدی، حەنە لە نێو جێگەکەیدا کەوتبوو، تنۆکە ئارەقیش بەسەر چەناگەیەوە قەتیس مابوو، قژی وەك تەلی گرژوبڕاو لە سەر جێگەو زەویەکە پەخش ببۆوە..
هەموو شەوەکانم بیرکەوتەوە، حەنە ئا لەم جێگەیەدا، سەری ئەنایە سەر باسکمو نەیئەزانی سەرین چیە؟
دەروونم روناك بۆوە، بینیم رووناکیەکی ورشەدار، لە ناخمەوە هەلّدەقوولّی و هەموو شتێك رۆشن دەکاتەوە، بە هێمنیەکی هەزار جار پیرۆزتر لە قەشە سەمعان، لە حەنە نزیك بومەوە، بێ ئەوەی قەلە رەشەکانی دەوروبەرم هەست بکەن، چەقۆکەم تەواو لەو جێگەیەی کە سەری دەخستە سەر، رۆبردە ژووریێ و کەوتمە ماچ کردنی...
ماچەکانی چەندە گەرم و بە چێژ بوون، دەیانسوتاندم، ئارەزووی دێوانەیی لە دەروونما دادەگیرسان، چێژێکی وەها گرتمی، کە لەگەلّیدا هەستم کرد، مەرگ هەزاران جار لە ژیان قەشەنگترە، بەخیلیم بە مردووەکان برد، ئیتر دوای ئەوە، تاکو عەسر، هیچم بیرنایەتەوە.....
هەموو شتێك کۆتایی هاتبوو...
حەنە خرایە گۆڕەوە، کە هێشتا منالّەکەی لە سکا بوو، دەستم بە سنگمەوە بەسترابوو، پەلّەی خوێن لەسەر کراس و لەسەر سنگم بوو، دنیا لە بەرچاوم بچکۆلّە ببۆوە، تا رادەیەکی وا بچکۆلّە، کە تاقە ئادەمیزادێك دەیتوانی بیگۆڕێ...
جگە لە دەنگی سولّتان، دەنگەکانی دەوروپشتم نە دەبیست، دەم و چاوی ئەو نەبێ، هیچ دەم و چاوێکی ترم نەدەدی...
ئەو شەوە، پاش ئەوەی خەلّکی بە نووستوویی جێیان هێشتم، لە دەنگی سولّتان بە ئاگا بوومەوە، دەنگی وەك ئەو رۆژەی لە گوندی محربە دیم، نزم بوو...

به پەلە چوومە دەرەوە، سوڵتان وەك ئاسك بەدواما ڕای دەکرد، کە لە دواماڵی تیبە، تۆزێك دوورتر کەوتمەوە، وەستام، چەقۆکەم دەرهێنا، بە هێمنی‌یەکی وەها، کە تەنها خەڵکە نەفرەت لێکراوەکان خاوەنین، دەستم بەگریان کردو سەری سوڵتانم دەسری، پاشان لەگەڵیدا دووام، بۆنی دەم و چاوو ملیم کرد، بە دەستم هەموو لەشی، تاکو ژێر قاچەکانیشم سری، کاتێك هەستم کرد، دڵم بەشتێکی ڕەش پڕبووەو شالاو بۆ دەرەوە دەهێنیێ، دەمی چەقۆ تیژەکەم لە ملی ناو و هەموو شتێك کۆتایی هات...

خوێن، وەك میزی تارمایی، گەرم و بەخوڕ فیچقەی کرد، دەستم تا باسکم هەڵکرد، تیایدا چەقۆکەم دەهێناو دەبرد، سوڵتانیش هەر هێمن و دەستەمۆبوو، کەوت بەئەرزاو وەك ئەو ڕۆژەی لە محربە دیم، کەوتە خۆ گەوزان، لەو ساتەدا لە قەدیسێك دەچوو، لە پاکژ ترین ساتەکانی نوێژا ئیدی لەتیبە بەرەو چۆڵەوانی هەڵاتم، تارمایی‌یەکان ڕێگەیان لێ دەگرتم، دەزولەیەکی ئاگریش، لە نێوان ئەم دەستەو ئەو شارۆچکە نەفرەتیەدا، درێژ دەبۆوە.

---

له ریۆی شار، سیێ رۆژ بەندكرام، بينيانم زەندەق چووانه رادەكەم و خوێن بەدەست و روخسارمەوە وشك بۆتەوە، ووتيان : پياوكوژە، نانيان نەدامیێ، سەيری چاوە گرياناویيەكەيان نەكردم چاويان تەنها لەسەر خوێنەكه بوو، بانگێكی درِندانه له ناخيانا، بۆ كوشتنم بزووا، كاتێك دايانم به پۆليس، نەمتوانیێ تاقه وشەيەك بلێم، هەموو شتێكم بيرچوبووه، تيبه و حەنه و سولتان، تەنها ئارەزوويەكم هەبوو، ئارەزوويەكی خۆش هانی دەدام، خۆم بكوژم....

له بەندیخانەدا هەوڵم دا خۆم بکوژم، سەرم بە دیوارەکەدا دەدا، بەڵام گرتیانم و لێم توڕەبوون ، پەڕۆکان لە برینـــەکە بوونەوە، بەڵام لە ساتێکا هەستم کرد، تاڕادەیەکی وەها ماندووم، ناتوانم هیچ شتێك بکەم...

له نێوەرۆی رۆژی سێیەما وازیان لێ هێنام، پێیان ووتم: ئارامت هەبێ، ئارامی کلیلی رزگاربوونە، ووتیان : حەق نیە پیاوان، لە پێناوی ئافرەتێکا خۆیان بکوژن، کە لە ساتی مناڵ بوونا مردووە، ووتیان : انا لله وانا الیه راجعون ! !

وازیان لێ هێنام، تاکو بەرەو تیبە بگەرێمەوە، بەڵام هەر کە تۆزێك دوور کەوتمەوە، رووم بەلای رۆژهەڵاتا، بەرەو لای شارا وەرگێڕا.

لەگەڵ ئەوەشا کە شاری گەورە ئادەمیزاد دەپارێزێ بەڵام لەناوەوە تا مردن بڕستی لێ ئەبرێ، لەو شارانەدا، مردن عادەتێکی باوەو هەموو رۆژێك روودەدا، لەبەر ئەمە ئادەمیزاد نابزوێنێ و بەلای ئەوانەوە هیچ مانایەکی نیە، بەڵام لە گوندە بچکۆلەکانا، ئادەمیزاد تا ئەو ساتەی لە ژیان ماندوو نەبێ نامرێ، مەرگ لە سەر قوببەی کەنیسەکە وەك قەلە رەش هەڵ ئەتروشکێ یاخود ئەبێتە پشکۆ یەك لە چاودا، دەسوتێ و هاوار دەکا، ئیتر دوای ئەوە ئادەمیزاد ناتوانێ لەو گوندانەدا بژی...

لە رێگەم دا بۆ شار ئاوێکی زۆرم خواردەوە... ئاوێکی خۆشی وابوو لەوەتی چیام جێ هێشت بوو لەو جۆرە ئاوەم نەخواردبۆوە، هەستم ئەکرد تێرم و جگە لە نووستن هیچی ترم نەئەویست، دەزانی شارەگەورەکان، پڕ لە نوێنی گەرم و جێگەی نوستنن، بەڵام غەریبێ گەر دەوڵەمەند نەبێ، ناتوانێ تیایانا بنوێ، تەنانەت مزگەوتەکانیش دەرگاکانیان بە رووی رێبوارانا دائەخەن....

رووم لە چایخانەکە کرد، بەخۆمم ووت: دەبێ ئەبو زەیاب ئەو سوکایەتی کردنەی بیرچووبێتەوە، لەلای ئەو چایەکی گەرم دەخۆمەوەو دەنوم....

ئەبو زەیاب، تەواوێك بیری چووبوومەوە، بەڵام کاتێك بیری کەوتمەوە، تەنها سوکایەتی کردنەکەی بیرکەوتەوە، پارەیەکی خستە دەستمەوەو وتی: کوڕم! چایخانەکەم خەڵکی بە ئابڕووی لێ دادەنیشێ، ناتوانم بیکەمە ئوتێل، برۆ سواڵی دوو پوول بکەو جێگەیەك بدۆزەرەوە تیابنوو، روم لە حەمامەکە کرد، خەڵکانێکم بینی ئەوانە نەبوون کە دەمناسین، کاتێك لە بارەی ئەبو نورەوە پرسیارم لێکردن وتیان: ساڵێکە حەمامەکەی فرۆشتووە، هیچی ترم نەوت.

بۆ ئەوەی وەك سەگ لە شاری گەورەدا نەمرم، سەر لە نوێ ئافرەت هەڵیگرتمەوە.

– ئافرەت؟ تۆ بەختەوەریت! ئافرەتێك بەرنادەی یەکێکی تر دەدۆزیتەوە...

– تۆ سەرەڕۆیت، لە تەمەنێکی زوودا دەمریت، بەڵێ پێش ئەوەی ئەو شوێنەوارانە ببینی کە بەدوایانا دەگەڕێی، دەمریت...

– ئێستا لە من گەڕێ، بەلامەوە گرنگ نیە کەی دەمرم، دەمەوێ گوێم لێت بێ بزانم تۆ لەم دنیایەدا، چەند جار مردوویت!...

– دەزانیت ! من دەمێکە درێژ مردووم، رەنگە ئەو شەوە مردبێتم، کە قاییل بووم قومار لەسەر درەختەکان بکەم، نەك لەبەر ئەوەی دۆڕام، هەموو کاتێ ئادەمیزاد بۆی هەیە بدۆڕێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی قومارم لە سەر شتێك کرد، کە کەس بۆی نیە قوماری لەسەر بکا، من قومارم لەسەر سروشت کرد، لەسەر شتێ کە خاوەنی نیم....

– ژیان هەمووی قومارە، زۆر جار قومارێکی دۆڕاوە، بەلأم با ئێستا واز لە ژیان بێنین... لە بارەی ئەو ئافرەتە نوێیەوە بۆم بدوێ!

– بەلاتەوە سەیرە، گەر پێت بڵێم، تەنها ئەو ئافرەتە لە مردن رزگاری کردم، چ ئافرەتێکیش... ئەو ئافرەتەی کە لەوەو بەر سوکایەتیم بەرامبەر کرد بوو....

– تۆ حەز دەکەیت ئازاری خۆت بدەیت، وا مەزەنە دەکەیت، هەر شتێك بکەی، سوکایەتی کردنە بە خەڵکی...

– نا...نا، بە پیاوێکی باشم تێ مەگە من پیاوێکی شەڕانگێرم، خەڵکی تیبە ناحەقیان نەبوو، کاتێك ناویان نام، نەحلەت...

– نازانم، لە بارەی ئەو ئافرەتەوە بۆم بدوێ، پێت دەڵێم سوکایەتیت بەرامبەر کردووە یا خود خۆت وا مەزەنە ئەکەیت!

– وا مەزەنە دەکەیت، خۆم ناناسم؟، ئەو برە شەڕانگیزییە ناناسم کە لە ژێر ئەم چاکەتە نەحلەتیانەدایە، نامەوێ کەس پێم بڵێ من کێم ؟

– تۆ دەزانیت، بەلأم من دەمەوێ بزانم....

– گوێ بگرە..

خەڵکی بەم ئافرەتەیان دەووت(دایکی بەیادر) ناوە راستەکەشی نهادبوو، بەلأم لە شار، ناوەکەی ببووە نەهدە، کاتێ من و سوڵتان، لە گوندەکان ئەهاتین و دەچووین، ئەو ئافرەتەم ناسی ناسیم، خەڵکی دێی (بیلە)بوو، ئافرەتێك بوو، هەروەك دەیانگوت لە درەخت کرابۆوە، بەتاقیتەنها دەژیا، بۆ ئەوەی بژی لە ماڵەکەیدا داڵدەی هەندێ پیاوی ئەدا، خەڵکانێکی زۆر لەگەڵ پیاوێکا بینیبوویان، نەیاندەناسی، لەگەڵ ئەو پیاوەدا کاتی خۆی دەبردە سەر، بەتایبەتی مانگە شەوان و لەسەر خەرمان، پیاوەکە بەردەوام دەماخی کردبوو کە

سوسەی مرۆڤێکی ئەکرد دوور دەکەوتەوە، وەك ئەوەی لە کەسێك بترسێ، نەهدە لەگەڵ ئەو پیاوەدا رایدەبوارد و پێدەکەنی، لەگەڵ کازیوەدا، لە یەکتری جیادەبوونەوە، ئەو پیاوانەی لە ساتی هاتنەوەیدا دەیانبینی، تێ بینییان ئەکرد خەمبارە، هەروەك ئەوەی ئەو ساتە لەگریان ژێر بوبێتەوە، کاتێك پیاوان بۆسەر کێڵگەکانیان دەچوون، رێکەوتیان دەکرد، ئاسایی گاڵتەی لەگەلا دەکردن و ووشە ناشیرینەکانیانی پێ قەبوڵ بوو، زۆر بەرگری لەو دەستانە نەدەکرد، کە بەرەوسنگی شاڵاویان ئەهێنا، لەسەر خەرمان دەهاتەوەو سەیری کەسی نەدەکرد، گوێی لە تانەو تەشەری پیاوەکان ئەخەواند.......

مەسەلەکە بە نهێنی مایەوە تاکو لە شار یەکترمان بینیەوە، بەڵام چۆن سوکایەتیم بەرامبەر کرد؟ منیش هەروەك پیاوانی تر پیاوم، گەر ئەو ئارەزووە شێتە بم گرێ، هەموو شتێکم بیر دەچێتەوە....

شت و مەکم بە هەندێك کەس بەقەرز ئەداو ماوەیەك لەسەر پارەکەی دەوەستام، وەك چۆن بە خەڵکی ترم دەدا، ئاوا بە نەهدەشم دا، دووسەرپۆش و شانەیەکی لێوەرگرتم و وتی: دوایی پارەکەیت دەدەمێ..

رۆژێکیان ئافرەتێکی ترم ناسی، بەڵێنی دا لە گەڵم بنوێ، گەربچم بۆ لای نەهدە و ئەو شتانەی لێ بسەنمەوە کە داومەتێ، وتی: پێویستە شتەکان بێنیتەوە و جگە لەوە شتێکی تر وەرنەگریت، تەنانەت نرخەکەیشی وەرمەگرە...

بێ دوودڵی چووم بۆ لای نەهدە و پێم وت: شت و مەکەکانم بدەرەوە..

وتی: ئێستا نیوەی پارەکەیت دەدەمێ...

ووتم: نا

وتی: سبەینێ هەموو پارەکەت دەدەمێ...

ووتم: نا

وتی: سەرپۆشەکەم لە سەرکردووە!

ووتم: هەرچۆنێك هەیە شتەکانم بدەرەوە......

تکای لێ کردم، گریا، وتی: تەنها ئیمرۆ با لام بێ، بەڵام رازی نەبووم.

کاتێك بەشت و مەکەکانەوە، بۆ لای ئافرەتەکە گەڕامەوە، شت و مەکەکانی بەدەستەوە گرت و ژێرەو ژوری کردو پاشان بۆی گەڕانمەوە و وتی:

– ئێستا دەتوانیت بچیت بەلای کاری خۆتەوە!

وتم: ئەی ئەو بەڵێنەی لە نێوانمانایە؟

وتی: پیاوان هەموو کاتیّ بەرامبەر بەڵێنەکانیان بەوەفان، دایە قاقای پێکەنین و رای کرد...
بۆ لای نەهدە نەگەڕامەوە تا ئەوکاتەی لە شار بینیمەوە، کە بینیمی بە پەرۆشەوە تیّی روانیم، شانی گرتم و رای وەشاندم و لە بارەی دەستەپێچراوەکەمەوە پرسیاری لیّ کردم، شەرمم کرد، نەم دەویست تاکە ووشەیەك بڵێم، بەڵام ئەو دەسبەردارم نەبوو، چەند دەقیقەیەکی نەبرد پێکەوە ریّی ئەوژوورەمان گرتە بەر کە ئەوی تیا ئەژیا...
مەزەنە بکە، پیاوە دەوڵەمەندەکان، وەك حەشەرەیەکی خەتەرناك سەیرت دەکەن، تەنها دەیانەویّ جیّیان بێڵیت، کاتیّ ئەرۆیت روویان دەکرێتەوە و زەردەخەنەی رەزامەندی دەیانگریّ، بەڵام ئەو هەژارانەی خاوەنی هیچ شتێك نین، ئەو پێخەفەت لەگەڵابەش دەکەن، کە لەسەری دەنوون، ئەو ئاوەشت لەگەڵا بەش دەکەن، کە دەیخۆنەوە..
نەهدە، لەسەر ئەو کاسپیەیە بەردەوام بوو کە لە (بیلە)دەستی دابوویە، کە بۆ ژوورەکەی دەهاتەوە ماندوو خەمبار بوو، بەڵام لەگەڵ ئەو خەمەشدا، شتێکی وەك هەناری لە دڵیا هەڵ گرتبوو، شتێکی خۆش، دەیویست بیبەخشی، زۆری پیّدەبەخشیم ، تەنانەت من بەرامبەر هەر پارووە نانێك کە دەمخوارد، هەستم بە شەرمەزاری دەکرد، تا رۆژێکیان ، دوای ئەوەی کارێکم دۆزیەوە ، بڕیارم دا جیّی بێڵم..
پێم ووت: نەهدە، دەمەویّ بڕۆم.
بە پەرۆشەوە لیّی پرسیم : بە شتێك بێزارم کردوویت؟
وتم: نەو
وتی: شتێکم لێت ناویّ، بیریشم لەوە نەکردۆتەوە بم خوازیت، بیرم لە بەختیاریش نەکردۆتەوە، بەڵام خۆزگە لەم شارە گەورەیەدا، هەردوو پێکەوە ئەماینەوە !
نەم توانی تەنها ووشەیەك بڵێم، بێدەنگ بووم، ئەو ئێوارەیەی کە چوومەوە دەرەوە، لەسەر جێگەکەی دوو سەرپۆش و شانەیەك وئاوێنەیەکم بۆ دانا...
ماڵەکەم جیّهێشت...
لەو ساوە نەم دیوەتەوە....
کە تەواو بوو، تیّی روانیم و پرسی:
– ئێستا زانیت، چۆن سوکایەتیم بەرامبەر دایکی بەیادر کرد؟ یەك جار سوکایەتیم بەرامبەر نەکرد، بەڵکو دووجـــار، رەنگە زیـــاتر لە دوو جــاریش، ئەمەیە

جیاوازی نێوان پیاوان و ژنان....
به دەنگێکی ساردومات ووتم:
– ئەو سوکایەتیانە چکۆڵەن.. جگە لەوە چیت کردبا؟
– وەك پێم ووتیت، زام بیرناچێتەوە، زامی گەورەو زامی بچکوڵە، ئادەمیزاد هەرگیز بیری ناچێتەوە...
– خاڵێك ماوە، ئەی پیاوە دەماخ کردووەکە؟
بەخەمەوە تیَی روانیم و وتی:
– چیرۆکی ئەو پیاوە، نەهدە ئەو پیاوە نەناسراوەی خۆش دەویست کە لەسەر خەرمان بەرێکەوت ناسی بووی، ماوەیەکی درێژ لە گەڵیا مابۆوە، پیَی ووتم: رازی بووە لەگەڵیا بنویَ، بیَئەوەی دەماخەکەی لیَ کاتەوە، مەزەنەکە، لەگەڵیا دەنویَ و دەماخەکەیش لەسەر روویەتی، بۆچی؟
دواهەمین شەو بۆی دەرکەوت بوو ئەو پیاوە قەشەی گوندەکەیە......
پاش ئەوە، نەیتوانی بوو تەنها رۆژێك لە بیلە بمێنێتەوە، تا ئێستا خەڵکی بیلە دایکی بەیادر دەناسن و کەسێك نییە باوکی بەیادر بناسیَ.
– ئەی تۆ، چۆن لە شاردا ژیانت بەردە سەر؟
– لەو شارە نەفرەتیەدا، بە چەرمەسەری ژیانم بردە سەر، لەگەڵ هەموو خۆر هەڵاتنێکی نویَدا، لەگەڵ هەموو پاروە نانێکا، ئازارو زیللەتم دەخواردەوە، وەك جاری پێشوو، لە کارێکەوە بۆ کارێکی نویَ دەچووم، لە کارێك دەرنەکرام سەرزەنشت نەکرێم...
ئەکرا، کەرێك بکرم و بەنێو گوندەکانا بگەرێم، بەڵام هەر کە بیرم لەوە کردەوە، خەمێکی توند کە نەمتوانی خۆمی لەبەرا بگرم، دەستی ئەنایە بینم. ئەو خەمە بەری نەدام تا ئەو کاتەی بە دەنگی بەرز سوێندم خوارد جارێکی تر بیر لەو مەسەلەیە نەکەمەوە.
دەستم کرد بە کار، یەکەم جار لە بیناکاری و دواتریش بومە کرێکاری رێگەوبان، لەو خانوانەدا دەنووستم، کە هێشتا بیناکەیان تەواو نەبووبوو، لەو بینا گەورەو لە هەموو لاکراوانەدا، هەستم بە ئازارو تەنیایی کرد، وەك ئەوەی لە پاپۆرێکی جیَهێڵراوا بم و دەریـایەکی هەڵچوو بیبات و بیهێنیَ، شەوانێکی زۆر تێپەریَ و نەم توانی بنووم، لە پەناو پەسێرەکانا لە ترسی بای سارد خۆم دەشاردەوە، بە پارچە تەختەو کارتۆن، ئەو پەنجەرانەم گرت، کە وەك گۆر دەمیان کردبۆوە، بۆنی ئەو تەختانەی دەمسووتاندن، لە بۆنی ئێسقان دەچوون، کە بە چیمەنتۆ سواغ درابیَ، ئەو تەختانە لە

تەختەکاني حەمامەکە نەدەچوون، لە دارەکانی تیبەش نەدەچوون، بە رقەوە هەڵم دەدانە ئاگرەکەوە، تاکو گەرمايی‌يان لێوە هەڵمژم، بەڵام لە ماوەی چەند ساتێکا دەبووە، دوکەڵێکی رەش و بونیادەم خۆی لە بەریدا نەئەگرت....

تا مـــــاوەیەکی زۆر، بەرگەی ئەو خـــــانووانەم نەگرت جێم هێشتن، رۆژێکیـــان کە

بەلای یەکێکیانا تێپەڕبووم، زۆر سەرم سوڕما، هەروەك ئەوەی چەند مانگێك لەوەو پێش، دالدەی کەسی نەدابێ، بە رووناکی ئەدرەوشایەوە، خەڵکی دەچوونە ژوورەوەو دەهاتنە دەرەوە، دەست و پلیان بە ئارنگ و زەردەخەنە روخسارياني پۆشيبوو ، پەنجەرەکان بێ ماندوویی بە دەست دەکرانەوە ، هاوڕێم! ئەم ژيـــانە تا رادەیەکی وەها سەیرە، کە ناچێتە ئەقڵەوە!

بێ ئەسەف، لەو خانووە گەورانە رام کرد، ژوورێکی چکۆڵەم بە کرێ گرت، تیایدا تامی ژیانم چەشت، ژوورەکە بەڕادەیەکی وەها چکۆڵە بوو، ئادەمیزاد گەر تیایدا بسوڕایەتەوە، هەرگیز ماندوو نەدەبوو، بەلاّم لە هەموو لایەکیەوە گەرمایی دەهات، هێندە بەس بوو، بە هەناسە بیکەمە ژوورێکی گەرم و خەون هێن، لەو ژوورەدا، زۆر جار هەستم دەکرد، حەنە و سوڵتانم لە لاوەن.....

مانگ دوای مانگ مەسەلەکان دەگۆڕان، جارێك بە ئازاری وەها پڕدەبوو، کە ئیتر حەوسەڵەی ژیانم نەدەما، جارێکی تر لە پڕێکا رۆحم پڕ ئەبوو لە نەشئەیەکی سەیر، لەوەها حاڵەتێکا زۆر بیرم لە ژیان ئەکردەوە، خەوم دەدی زەویەکم کڕیوە، درەختم تیا رواندووە، خەوم دەبینی ژنم هێناوە، رۆژێکیان وێرام خەو ببینم بەوەوە، کە ئەسپێکی رەش و جوانی بەگوڕم کڕیوە، بەیانی هەمو رۆژێك لە تاریکایی کازیوەدا، زینی دەکەم و ئەچمە سەرپشتی لە میانەی سەعاتەکانی یەکەمی بەربەیاندا، بەهەموو لایەکی باخەکەدا ئەسورێینەوە، شەونمی کەوتووی سەرگەلاّی درەختەکان، لە شانم دەتەکێنم، لە کەوتنیدا گوێم لە دەنگێکی خۆش دەبێ، ئەوساتە هەستم بەچێژێکی وەها دەکرد، بەرگەی نەئەگیرا، کاتێك لە درەختەکان وورد دەبوومەوە گەورە ئەبوون و بەریان ئەگرت....

بەلاّم ژیان، لە ئادەمیزاد ناگەڕێ، تەنانەت خەونیش ببینێ..

لە کار دەرکرام، گەڕانم بە دوای کارێکی ترا درێژەی کێشا، نازانم چۆن قاچم بۆ چایخانەکەی ئەبوزەیابیان کێش کردم، بێ ئەوەی بە خۆ بزانم چوومە ژوورەوە، وەك سەگێکی کلۆڵ لە بەردەم مێزە گەورەکەدا وەستام، کە ئەبوزەیابی لەپشتەوە دانیشتبوو دوای ئەوەی

لە گوزەرانی پرسیم، بەزمانی باوکێکی دڵ رەق پیێی ووتم: کوڕم سندووقێکی پێڵاو بۆیاخ کردن بکڕەو وەرە بۆ ئێرە.

## 10

بۆ سبەینێ، یەکەم کەس بووم چووم بۆ چایخانەکە، سندوقێکی بریقەدارم خستە سەر شان و دوو وێنەم پیا هەڵواسی، وێنەیەکیان ئەسپێکی سپی بوو، بەم جۆرە سەرلەنوێ، لە چایخانەکەدا گوزەرانم دەست پێکردەوە..

ئەو سندووقە، خووی خراپی فێرکردم، لە ژێرەوە سەیری خەڵکم دەکرد، پێڵاوو گۆرەوی بوونە جیهانە تازەکەم.

تاقیت کردۆتەوە! لەسەر کورسی‌یەکی بچکۆلە دانیشی و لە ژێرەوە سەیری دەم و چاوی کەسانی ژوور سەرت کەیت؟

گەر هەوڵی ئەوەت دابێ، سەرنجی شتی سەیر و سەمەرەت داوە، لوتەکان گەورە دەردەکەون زۆر گەورە، بەڵام چاوەکان وەك هێڵێکی درێژی رەش خۆ ئەنوێنن، بەڵام کۆتاییەکانیـــان پچڕاوە، چەناگەکانیش پارچەیەك گۆشتەو و لەدوا لەحزەدا، بەدەم و چاوەکانەوە، نوسێنراوە، دەم و چاوەکانم ئاوا دەبینی، کاتێك لە ژێرەوە سەیرم دەکردن...

هەروەها پێڵاوو گۆرەییش دونیایەکی سەیر بوون، پێڵاوی رەنگاورەنگ، هەندێکیان یەك رەنگ، رەش، قاوەیی، سپی، گۆرەویەکانیش: دراو، ئاوریشمی، پاك، هەندێکیان بۆنێکی وایان لێدەهات، بەراز بەرگەی نەدەگرت، خەڵکیش، ئەو گۆرەویانەی لە پێیان کردبوو، هەرچۆنێك بوایە، پێئەکەنین، پێڵاوەکانیشیان دەبریسکایەوە، لە کۆتاییدا، بێئەوەی سەیریان کردبای، پارەیەکیان ئەدایتێ....

لەم دونیا بۆگەنەی پێڵاودا، هەژارەکان لە دەوڵەمەندەکان میهرەبانتر بوون، هەژارەکانم بە پێڵاوەکانیانا بە زەردەخەنەکانیانا، بەو جگەرەیەوەی کە پێشکەشیان ئەکردیت دەناسیەوە، لەم پیشە نوێیەمدا، فێری فێڵ بووم، پێڵاوی هەژارەکانم بە دڵسوزیەوە بۆیاخ دەکرد، کە هیچ بۆیاخچییەك نەیدەزانی، توند فڵچەکەم بە پێڵاوەکانیانا ئەهێنا، وەك ئەوەی بمەوێ بیان درێنم، تا ئەمتوانی بریسکەم لێئەهێنان بە جۆرێ کە خاوەنەکەی هەستی بە تەریق بوونەوە دەکرد، بەڵام ئەوانەی قسەیان لەگەڵا نەدەکردم و سەیریان نەدەکردم، بەقێزەوە پێڵاوەکانیانم بۆیاخ دەکردو بەتورەییەوە سەیرم دەکردن...

دوای ماوەیەك، جووتێك نەعلم کری و بە چایخانەکەدا ئەسورامەوە، تاکو دوور لەو پیاوە شل و شۆڕانەو لە گۆشەیەکا، بۆیاخ بکەم، ئەوەی دەیویست پێڵاوەکانی بۆیاخ بکا، با دایانکەنێ، ئاوا بریارم دا، ووتم ئەمە بۆ منیش و بۆ ئەوانیش چاکترین رێگەیە، بەڵام هێندەی نەبرد، ئەبو زەیاب نارەزایی دەربری پێی ووتم:

پیاوان حەزناکەن، پێڵاوەکانیان داکەنن،ماندو و مەشغوڵیان ئەکا سەرلەنوێ سندووقەکەم کردەوە شان و کەوتمەوە گەران، بێ ماندووبوون هاوارم دەکرد تا خەڵکی بە ئاگا بێنمەوە، بە سنوقەکەم دا ئەدا...

چەند مانگێك مەسەلەکە وا مایەوە لەسەر سندووقەکە راهاتم و ئاشنایەتیەکی سەیر لە نێوانمانا دروست بوو، موحافەزەیم دەکرد، رۆژی چەند جارێك دەمسری‌و بریسکەم لێدەهێنا زەنگێکی بچکۆلەی

زەردم بۆ کڕی، لە ناوەراستەکەیدا هەڵمواسی، ئەو زەنگەم لە ئاگادارکردنەوەی مشتەریەکانا بەکاردەهێنا، تاکو کاتێك بریسکەی پێڵاوەکانیانم تەواو ئەکرد، قاچیان بگۆڕن....

هاوڕێم! سەیرنەبێ بەلاتەوە، رۆژێك هات، چونکە ئەو رۆژە بۆ ئەلیاس زۆر دێ، رۆژێکیان پێڵاوی گەنجێکی بچکۆلەم بۆیاخ دەکرد، وا دەردەکەوت تەمەنی لە هەژدە ساڵ زیاتر نەبێ، گەنجەکە وەك، رووناکی دەدەروشایەوە،، جلەکانی بەرادەیەك جوان بوون، هەموو ئەو چاکەتانەی ئەهێنا کە ئێستا هەڵم گرتوون، رووخساری بە لەشساغی شالأویئەدا، هەموو شتێك تیایدا، هاواری بە ژیان دەکرد...

خەریك بوو دەستم بە بۆیاخ کردنی پێڵاوەکانی دەکرد، وەك مارێك پێوەیدابێ راچڵەکی، پێی ووتم: کوڕم، باش چاوت بکەوە، دەستت لە گۆرەوەیەکان نزیك مەکەوە، نابینی سپی و پاکن؟

کەوتمەوە بۆیاخ کردن، ساتێکی کورت تێ نەپەڕی، جارێکی تر راچڵەکیەوە، وتی: کورم، دەبێ هەموو جارێك تێت گەیەنم، کاتێك بۆ جاری سێیەم جولا، قاچم گرت و بەهێز بە سندووقەکەوە نووساندم، تووڕەیی لە ناخما تەقیەوەو خستمیە سەر کەڵکەڵەی شەڕ، هەر کە جارێکی تر وتی : کوڕم، گۆرەویەکانم کرد بە یەك پارچە رەشی، تەواو پیسم کرد، کاتێ سەیری کردم و ویستی قسەبکا، مشتێکم لە دەم و چاوی سرەواند، پاشان یەکێکی تریشم تێسرەواند، هەمان رۆژ چایخانەکەم جێهێشت وئیدی لە ژیانما بۆی نەگەڕامەوە، بەڵام سندووقەکەم سێ رۆژ لا مایەوەو دوایی فرۆشتم...

ویستم کەشی ئافرەتی لا بژێنمەوە، ووتم:

– دەبینم لەم گەشتی درێژی ژیـــــانەدا ئافرەتت بیرچۆوە؟ ئەی نەت ووت ئافرەت
نهێنی‌یەکی شاراوەیە؟ ئەو نهێنی‌یەت نەدۆزیەوە؟

– ژیان ئافرەتە، پیاو ناتوانێ ئافرەتی بیربچێتەوە، تا ئەم ژیانە جێ نەهێڵێ، هاوڕێم بیرم نەچۆتەوە، بەڵام پارووەنان زۆر جار رێگە لە بەردەم ئافرەت دا ئەگرێ، بینینی دەکاتە شتێکی مەحاڵ، لەگەڵ ئەمەشا ئافرەت بەردەوام ئەو کرمە بووە کە بێ وەستان دڵی کون کردووم......

– لەگەڵ ئەوەشا، لە گەشتی هەموو ئەو ساڵانەدا، لە ئافرەت نەدوای؟

– دوای حەنە، ئافرەت بووە شتێکی تر..

– دوای ئەو، ئافرەتت نەناسی؟

– ئافرەتم زۆر ناسی، بەڵام لە شێوەی ئەودا نەمناسین...

سەرەتا بیرم لە ئافرەت نەکردەوە، کاتێك بیرم لێ دەکردوە، تەنها تارمایی حەنە لە بەرچاوم بوو، دوای حەنە، وەك چۆن ئاو بەژێر پرددا دەڕوا، ئاوا ئافرەت بەدڵما گوزەریان ئەکرد...

– دەتوانم گوێم لە چیرۆکی تر بێ؟

– وەك پێم ووتیت، دڵی پیاو خاڵی نیە لە ئافرەت، رەنگە ئەو ئافرەتە زیندووبێ یان مردوو، رەنگە ژنت بێ یان دۆست، یان هەرشتێکی تر بێ، بەردەوام ئافرەت هەیە، بەلاّم گەر پیاوێك ببینی و ئافرەت لە دڵیا نەبێ، دڵنیابە ئەوە پیاونیە، لاشەیەکە و چاکترە لە گوڕ نرێ...

– مەبەستت ئەوەیە حەنە لە دڵتا مایەوە و کەسی تری نەچووە ناو؟

بەهەژانێکی توند لە سنگی خۆی داو وتی:

– لێرەدا ئافرەتێك دەنوێ، لێرەدا نووست و هەر لێرەدا دەمێنێتەوە، تاکو گاسنێك دێ و زەویەکە هەڵ دەگێرێتەوەو ئێسکم دەکاتە خۆڵ، دەیکاتە کەپەك...

– حەنە، وانیە؟

– چما لەو زیاتر، ئەم سنگە شایستەی کەسی تر هەیە؟. راستە من کابرایەکی هەژارم، هەر کەسێ بم بینێ دەڵێ ئەم پیاوە رەش داگەڕاوە، جگە لە نان هیچی تر نازانێ، کاتی ئەوەی نیە، بیر لە شتی تر بکاتەوە، بەلاّم گەر بە چەقۆیەکی تیژ، ئەم سنگەم هەڵدڕی، دوو دڵی تیادا دەبینی نەك دڵێك!

– لە بارەی حەنەوە ئەدوێی؟

– دوای مەرگی ئەو، نەفرەتم لە هەموو شتێك کرد، گەر ئێستا ئەو جووجەڵە بچوکانە نەبونایەو چاوەڕێی خواردنیان نەکردبا، هەموو شتێکم جێدەهێشت و سەری خۆم هەڵدەگرت...

– بۆ کوێ؟

– نازانم، گرنگ ئەوەیە لە تارمایی‌یەکان رزگارم دەبوو...

– کاتی ئەوە هاتووە بیرت بچێتەوە، ژیان مامۆستای یەکەمی ئادەمیزادە...

– بەلاّم فێرنەبووم، برواش ناکەم دوای ئەم تەمەنە فێربم...

– ئادەمیزاد هەموو شتێکی بیردەچێتەوە، من نامەوێ دڵنەواییت بکەم تۆ خۆت دڵنەوایی خۆت دەکەیت، گرنگ ئەوەیە ئادەمیزاد واقیعی بێ، بیر لەوە بکاتەوە کە دەبێ... کاتێ ئەم ووشانەم ووت، هەستم بە کلۆڵی هەر ووشەیەکیان کرد، هەستم بە هیچ و پوچی‌یان

کرد، بەڵام ئەو خەم و بێ دەنگیەی لە روخساری ئەلیاس دا دەرکەوتن وایان لێ کردم، شتێك بڵێم..
بەخەمەوە سەری راوەشان، تێی روانیم و وتی: ئەمە ئەوەیە کە کردوومە، ئەوە کە لێی پەشیمانم!
– لەوە پەشیمانیت، کە بیرت چۆتەوەو واقیعی بوویت!
– پەشیمان بوومەتەوە، چونکە وەك پێشوو حەنەم بیرنایەتەوە، زیاتر پەشیمانم چونکە ئافرەتی ترم ناسی.
–تۆ هەڵەیت!
– چونکە ژنم هێنا، چونکە ئافرەتی ترم ناسی.
– خاوەن فەلسەفەیە کە ئەشێ لەگەڵت کۆك نەبم!
– نامەوێ هیچ کەسێك لەگەڵما کۆك بێ، ئەمە تەنیا بۆ خۆمە، هاورێم! خۆشەویستی تەواو شتێکی تایبەتیە، نازانم چۆن پێت بڵێم کەچی لەم سەرە ماندووەدایە، بەڵام هەست بە کلۆڵی دەکەم، هەژاری لای من شورەیی نیە، دەمرم و هەر هەژارم، نان دێت و دەروا، بەڵام خۆشەویستی تا دواسات لەگەڵ ئادەمیزاد دەمێنێتەوە، چاك ئەمەت لە یاد بێ، گەر نایزانیت، رۆژێك دێ بیزانیت!
تاوێك بێدەنگ بوو، مەتارەکەی راکێشا و پێکێکی تێکرد،.... بێ ئەوەی بدوێ، بۆی راگرتم و وتی:
با لە چاوی مردووان بخۆینەوە!
خواردمانەوە، دیار بوو ئاخاوتن و یادەوەرییەکان ماندوویان کردبوو، بەڵام ئەو بێدەنگیە قورسەی بەدڵ نەبوو کە باڵی بە سەرمانا کێشابوو، بە چاوانێکی خەمبار تێی روانیم و وتی:
– با ئەو کاتەی ماوە، بە گفت و گۆی ترەوە بیبەینە سەر...
– ئارەزووی خۆتە!
لە پرێکا، هەموو شتێکی تیادا گۆرا، تۆزێك چاوی نوقان و سەری بە لای چەپا لارکردەوە، وتی:
– ئەی تۆ، بەڵێ تۆ، نۆرەی تۆیە بدوێی؟
تۆنی دەنگی گۆراو لەسەری رۆیشت :
– هەر لە منالێمەوە، پێم لەکەنیسە بریوە، لەو ساتەوە پاکانەم لە گوناهەکانم نەکردووەو تاقە زەنگێکم لێ نەداوە، بەڵام لەم ماوەیەدا، جۆرێك قسەم کرد... کە پێشتر وا نەبووم....
– هێشتا شتت زۆر پێیە بیانڵێی، بەڵام من....
پێکەنینێکی دەبەنگانە پێکەنیم، پاشان ووتم: هێشتا منالم، تەنها پیاوە
گەورەکان، مافی ئەوەیان هەیە بدوێن...

– ئەزانم تۆ خۆت لەقسەکردن ئەدزیتەوە..، لە چاوانتا چیرۆکی زۆر هەیە، بەڵام لێیان دەترسیێ، زیاتر لەوەی کە من لە حەنە دەترسێم...
– شتێکی گرنگم نیە بیڵێم.
– لەم ژیانەدا ئادەمیزاد لە یەك دوو جار زیاتر، چ بوارێکی نیە بدویێ، کاتێك کە هەست دەکا، لەسەر کۆچە هەموو ئادەمیزادێك شتی خۆی هەیە، بیڵێ، دەزانیت، گەر ئادەمیزاد ئەوەیان بوتایە کە هەیانە، هەستم دەکرد ژیان، هیچ و پووچە و شایستەی زیاتر لە تفێك نیە؟
دەنگی گۆڕا، وەك ئەوەی لەگەڵ خۆیا بدویێ، وتی:
– ژیان چیە، بەراست ئەم قەحپەیە چیەیە، گەر بە درێژی بیر لەم مەسەلەیە بکەینەوە شێت دەبین... لە دایك ئەبین، ئازار بە منالیمانەوە ئەچێژین ئەوکاتەی بە قونمانا ئەکێشن، پاشان کە گەورە ئەبین، یارمەتی باوکمان لە درەخت رواندنا دەدەین، دواتر خەڵکی دێن تا بیانبڕنەوە، کەی دەیانبڕنەوە؟ ئەو ساتەی گەورەو سەوز بوون، ئەو ساتەی ئادەمیزادیان پێوە هۆگر بووەو بەلایەوە بۆتە هەموو شتێکی، لێرەوە مەرگە ساتەکە دەست پیێئەکا، پاشان لەگەڵ رۆژانی برسێتی و راکردن بەدوای نانا گەورەدەبین، لە کۆتاییشدا، دەمرین و دڵمان وەك درکەزی بەخەمو نەگبەتی قورس بووە..
لە وشەکانیم ئەخواردەوەو تینوتیم ئەشکا، لەگەڵ ووشە بەوشەیدا بووم، بەڵام شەیتانێك لە دڵمەوە هەڵدەقوولاً، ئەو شەیتانە دەیویست ئەلیاس بێزارکاو گاڵتەی پیێبکا، ووتم :
– تا ئەو رادەیەوە مەسەلەکە رەش نیە، بەڵام خوویئادەمیزاد وەهایە، کە چێژ لە بیرچوونەوەی بەختەوەرییەکانی ئەبینیێ، جگە لە خەمەکانی هیچی تری بیرنەکەوێتەوە...
– سوێند بە شەیتان، رۆژێکم بە بەختیاری نەگوزەراندووە...
– نابیێ ژیان هەمووی خەم بیێ، کاتێك حەنەت لە پالاً بوو بەختیار نەبوویت؟
– ئەمە تەنها شتێکە کە نایزانم، لە نێو زریانی خەمدا، بیرم چۆوە..
– تۆ هیچ نازانیت، بەختیاری نازانیت، ئافرەت ناناسیت، گەر ئێستا لە هەر بابەتێك بدوێین، دەڵیێ نایزانم...
– رەنگە لێم درێژ کردبیتەوە، بەڵام هەروەك پێم ووتیت، پێویستە ئادەمیزاد دوا ووشەی بڵیێ و برواو تیێ پەڕیێ، ئەمە ئەوەیە کە ئێستا دەیکەم، رەنگە ئەوکاتەی کە دیواری بیێدەنگی شەقار دەکەم، هەست بە حەوانەوە بکەم....

– بەراستی ئێمە شێتین، بێ ئەوەی بزانین بۆ، خەریکە دەمانەوێ لەگەڵ یەکتریدا بەشەر بێین..

سەر لە نوێ خواردمانەوە، دانیشتنەکەی گۆڕی و زەردەخەنەیەکی هاتێ، هەروەك ئەوەی خۆی لە قوراوێك هێنابێتە دەرەوە، سەیری پەنجەرەکەی کردو وتی:

– پاش پێڵاو، جارێکی تر کرێکاری خانوو، پاشان یانسیب فرۆش، ماوەی سێ مانگیش شوانکارە، خاوەن مەڕ بە دەنگێکی گرو تووڕە وتی: پێویستە سوپاسی خوا بکەیت، چونکە تا ئێستا دەژیت، توانیوتە بە درێژایی ئەم ماوەیە بخۆیت و بنوویت، سەری بە هێمای هەڕەشە لێکردن راوەشاند، پاشان دەم و چاوی سوور هەڵگەڕاو خوێنی تێزا، کاتێك ترسام، مەسەلەکە پەرەبسێنێ و ببێتە شتێکی خەتەر وتی:

– کرێ، خواردن و خواردنەوە بوو، جگە لەوە شتێکی ترنیە، بیرم لەوە کردبۆوە قازانج کەم بەڵام ئەو زیانەی لێم کەوتووە، وای لێکردووم، شەوانە نەتوانم بنووم، بە دەنگێکی تووڕەتر لە جاری پێشوو، وتی: نەگبەت، وون بە لەبەر چاوم، ئەگینا کەوڵت ئەکەم..

بێ قسە، خاوەن مەڕم جێ هێشت، تا سەرلەنوێ ئاوارە ببمەوە، هاوڕێم! دەم تاکە ئەندامێکی ئادەمیزادە، کە وەستانی بۆ نیە، لە هەموو ساتێکا دەجووڵێ.... ساتی خواردن، ساتی خۆشەویستی، ئەو ساتەش کە جنێو بە خەڵکی ئەدا...

# 11

کاسپییەکی ترم دۆزییەوە : ئەمجارەیان بوومە دەبباغ!
هەر لەو ماوەیەدا بە ژنێکی تریش ئاشنا بووم! پێم وتیت ئافرەت دونیایەکی سەیرە... بەڵام وا پێ ئەچێ باوەڕ نەکەیت!
چوار نەفەربووین، لە حەوشێکی گەورەدا ئەژیاین، سێ پیاو و ئافرەتێك، بەڵام خاوەن حەوشەکە، پیرێژنێکی لەعنەتی بوو، دوو ژووری لەسەربان ، خۆی واتەنی لە قاتی دووەم هەبوو!
ئێمەی پیاوەکان، لە بەرەبەیانەوە ئەچووینە دەرەوە، بەڵام ئافرەتەکە، کە لە دواییدا بووە ژنم..وەك کارەکەرێك کاری ئەکرد، رۆژێك کاری ئەکردو رۆژێکیش ئیسراحەت بوو... ئەو ماوەیەی بێ ئیش بووم زۆر ئەمبینی... جارێك داوای شەکرم لێ کرد، جارێکی تریش داوای دوونان.. ئەویش داوای لێکردم بزماری بە دیوارەکەدا بۆ دابکوتم و کردم، جارێکی تریش داوای لێکردم لە گواستنەوەی گەنجینەکەدا

یارمەتی بدەم.. وتی ئەو گەنجینەیەی کڕیوە، بەلاّم دوای ئەوەی بووە ژنم، دانی بەوەدانا کە نەیکڕیوە، بەڵکو بەرامبەر کارەکەی لە یەکێ لە ماڵەکانا داویانەتیّ.

گرنگ، من ئەو ئافرەتەم ناسی، وەك هەموو یەکترناسینێکی تر، لە بارەی خەڵکانی دەوڵەمەندو دلّڕەقی‌یانەوە دووایـن، قسەشمان لە بارەی هەژارە تەمبەڵەکانو شانسیشەوە کرد..... پێم وابوو ئافرەتێکی ناسك و شەرمنە..بەلاّم دوای ماوەیەك بۆم دەرکەوت، من لەم دونیایەدا هیچ شتیّ نازانم!!

کاتێك ژنەم خواست، خاوەن ماڵەکە، لە دوو ژوورەکەی سەربان هاتە خوارەوەو لە ژووری ژنەکەما نیشتەجیّ بوو. ئەو ژوورەشی دا بەکریّ کەمنی تیابووم.. لە سەربانەکە ژیانمان ئەبردەسەر، دەمانخواردو ئەنووستین و لە بیری نانی سبەینیّدا بووین، خەونمان ئەبینی... حەزم نەئەکرد زۆر بدوێم، لەبەر ئەوەی هەستم ئەکرد چ شتێکم پیّنیە لە بارەیەوە بدوێم... گەر زیاتر لەوە قسەم کردبا، ئەوا ئەبوو لە بارەی (حەنە) ەوە بۆ ژنە تازەکەم بدوامایە... بەلاّم نەمکرد.

دوای چەند مانگێك، ژنە پیّی لیّ کردمە کەوش و بەتوڕەیی پیّی وتم : ئەلیاس گۆڕاویت، بەر لەوەی بمخوازیت پیاوێکی تر بوویت، حەزت لە پێکەنین و قسەکردن بوو.. کەچی ئێستا... (بە ئەسەفەوە سەری لەقاند).

من هەرگیز نەگۆڕابووم، ئەو قسانەم بۆ ئەکرد کە ئەمزانی لەگەڵیدا هەستم بە بەختەوەریی ئەکرد، تەواو وەك ئەو بەختەوەرییەی کە لە پێش هێنانیدا هەستم پیّئەکرد... بەلاّم ئەو هەرگیز لەمە حاڵی نەبوو!

کار گەیشتە رادەیەك، هەر کە چاوی پێم ئەکەوت، خۆی بە قۆپچە دورینەوە خەریك ئەکرد، یان بە درۆوە ئەنووست، پاشان خووی بەوەوە گرت بە سەعات لای پیرێژنە لەعنەتیەکەی خاوەن ماڵ بمێنێتەوە، نەمئەزانی لە بارەی چییەوە ئەدوان، بەلاّم سەرنجم ئەدا کە ژنەکەم خۆشی ناوێم... بە رووما هەڵدەشاخا... تانەو تەشەری ئەوەی لێئەدام کە بێکەسم، نە باوکم هەیە و نە دایك...من وانەبووم بەڵکو ئەوە ژیانە کە ئادەمیزاد ناچار ئەکا وەك گا لە بۆشاییدا باوەخولّی بکا.

سیّ ساڵم لەگەلّ ئەو ژنەدا گوزەران، لە ماوەی ئەو سیّ ساڵەدا جگە لەو، بە هیچ ئافرەتێکی تر ئاشنا نەبووم... سەرپۆش و شانەم بۆ ئەکری، دوو جووت پێلاّوو زۆرشتی تریشم بۆ کڕی، زەخیرەم لە شەکرو ئارد بۆ ماڵەکە دابین ئەکرد... زۆربەی جار بەشی مانگیّ شەکر

لەماڵەکەمان هەبوو، کاتێکیش ئەدواین... باسی (حەنە) نەبێ، باسی هەموو ئەو شتانەم بۆ ئەکرد کە ئەمزانی.

دەزانیت.... بۆ پیاو شورەیی‌یە لە بارەی ئافرەتێکەوە بۆ ئافرەتێکی تر بدوێ... ئەو لەو بارەیەوە پرسیاری لێ ئەکردم...من وەلامم نەئەدایەوە. ئیدی ئەوکەوتە گاڵتە پێکردنم... ئەیوت: تۆ خۆت کوشتوتە.. کە وای دەگوت: خەم دایدەگرتم...وەك تاوە بارانی مانگی نیسان، خەم شالاوی بۆ ئەهێنام...بەلام ئەو خەمەم حەشار ئەدا.

جارێکیان پێم وت: بۆچی ئیرەیی پێ ئەبەیت؟ ئەو ساڵانێکە لە ژێر گلا نووستووە؟.. وەلامی دامەوە : ئێوەی پیاوان ئەمانتان نیە، شتێك ئەڵێن و شتێکی تر ئەکەن... وتم : مەبەستت لە چی‌یە؟ وتی: مەبەستم تۆیە... باوەڕ ناکەم جگە لەمن چ ئافرەتێکی تر نەناسیت؟

لەوساوە، لە جاران زیاتر... حەنە بووە خولیاو بیرکردنەوەم... ژنەش لە جاران زیاتر لە قسەم دەرئەچوو.. بێترس ئەچوو بۆلای پیرێژنەکە و تەنانەت کاتێکیش خەڵکی ئەنووستن... گوێم لێبوو ئەوان هەر خەریکی چەنەبازی خۆیان بوون.... گەر بانگم بکردایەوە... ئەهاتە حەوشەو بەسەرما ئەیقیژان: خەڵکی خەبەر مەکەرەوە... تۆ بنوو، دوایی دێم..

چاوەڕێم ئەکرد و نەئەهات.

رۆژێکیان زوو بەئاگا هاتمەوەو نەمدی، هەر شتێ کە بتوانرێ، بدزرێ لە ماڵەکە دزی بووی و هەڵاتبوو.. تا ئێستاش نازانم هەموو ئەمانە بۆچی روویاندا؟

چەندین جار لە خۆم پرسی : ئەمە بۆ روویدا؟ هەموو ژیانمانم هێنایەوە بەر چاوی خۆم... بەلام هیچ پاساوێکم بۆ ئەو هەڵوێستەی نەدۆزییەوە.

لەدڵی خۆما وتم: ئەلیاس تۆ لە تێگەیشتنی ئەو ژنەدا هەڵەبوویت.. ئەبوو هەڵبێ!

+ سێ ساڵ لەگەڵیا ژیایت و نەتزانی بۆ هەلات؟

– گاڵتەم پێ ئەکەیت... وانیە؟

+ ئەم قسانە هی گاڵتە نین.. بەلام سەیرم لێ دێ چۆن لە کاتی خۆیدا ئاگادار نەبوویت... چۆن لەو ماوەیەدا سەرنجی هیچ شتێکت نەداوە؟

– هەڵەیە گەر ئادەمیزاد لە تێگەیشتنی ئافرەتا، تەنها پشت بە سەرنجەکانی خۆی ببەستێ.... گەر ئافرەت نەیەوێ یارمەتی بدا، پیاوەکە هەرگیز ناتوانێ تێی بگا!

+ مەبەستم ئەوەیە، لەو ماوەیەدا هیچ شتێکی وای لێ نەوەشایەوە، نیشانەی ئەوەبێ کە هەڵدێ؟
– من لە تێگەیشتنا خاوم، کە شتەکان روو ئەدەن، ئەوجا ئەکەومە لێکدانەوەو راڤەکردنینان!
+ چۆن هەلاّتنی ئەو ئافرەتە لێك ئەدەیتەوە؟
– پێم وتیت نازانم، قەت نەمتوانی لەوە بگەم... ئێستا بەخۆم ئەڵێم: ئەلیاس گەر پیاوێکی ماقووڵ بویتایە، ئەو ئافرەتەت لێ هەڵ نەئەهات... بەلاّم نەمدەزانی پێویستە چی بکەم؟
+ منالّت لێی نەبوو؟
– منالّەکانی کوشت!
+ منالّەکانی کوشت؟!
– بەڵێ، لەو شارەدا دوو کوڕی خۆم بەخاك سپارد.. گەر نەمردنایە.ئێستا لەگەڵم ئەبوون و تا لە سنوور ئەپەڕینەوە ئەم چاکەتانەیان لەبەر ئەکرد!
+ چۆن کوشتنی؟
– ساواکانی لە سکیدا تەمەنیان سێ چوار مانگێك بوو، ئیتر کەوتە لالانەوەو گریان، بە دووگیانی هەموو ژیانی لێ تاڵ کردم، کار گەیشتە رادەیەك ئیدی نەیدەهێشت بنووم، رۆژانە دووجار گەنجینەکەی هەڵدەگرت، تا منالّەکان لە سکیدا لەباربچن.. لەسەر سیسەمەکەوە، لەسەر پاژنەی پێ بازی بۆ زەوی‌یەکە ئەدا... بەدرێژایی شەو لەگەڵ ئەو کەمتیارەدا خەریکی چەنەبازی بوو.. هەموو جارێکیش بیانوویەکی ئەدۆزییەوە.
+ تۆیش نەتئەتوانی هیچ بکەیت؟
– سەرەتا هەوڵم دا، بەلاّم جنێوە ناشرینەکانی منالّەکانی لا دزێو کردم، وەك ئەوەی کاریلەی چکلۆلەبن و میز بە خۆیانا بکەن... حەوسەلّەم نەما.. لێی گەڕام چی‌ئەکا با بیکا، پێی ئەووتم: پێستە بۆگەنی کردووی، ئەتەوێ منالّەکانیشت ببنە پێستە خۆشکەر؟ ئەلیاس بەر لەوەی بیر لە منالّەکان بکەیتەوە.. بیرێك لە خۆت بکەرەوە...
وشەکانی لە دەروونم ئەچەقین، ئەیانکوشتم.. تەنانەت کاتێ ئەنووستین، پشتی تێئەکردم... قێزی ئەهاتەوە سەیرم کا.. من گلاّوو دڵرەق نەبووم..، تا ماندوو ئەبووم دەستم بە ئاوو سابون ئەشت، رۆژانی ساردی زستانیش، تا خۆم نەشتایە لێی نزیك نەئەبوومەوە... بەلاّم پێ ئەچێ بۆنی پێستە تێکەلاّوی خوێن ببێ..
+ ئەی پیرێژنەکە... نەیئەزانی؟
– سەری مارەکە ئەوبوو

+ هیچی ئەزانی؟
– هەواڵیم لێ پرسی، پێم خۆش نەبوو ناوەکەی بیێم.. بە تایبەتی کە زیاتر لە جارێك لە کاتی بانگ کردن و قسەکردن لەگەڵیدا لە ناوەکەیدا هەڵەم کرد... لە بارەیەوە لە پیرێژنەکەم پرسی... تیێی روانیم و زەردەخەنەیەکی گاڵتە جارییانەشی هاتێ.. وتی:
– نازانم... (وای وت و شانی راوەشان).
جاری دووەم لێم پرسییەوە:
– بڵێی بۆ کوێ چووبێ؟
زەردەخەنەکەی لەسەر روخساری سڕییەوەو بەتوڕەیی وتی:
– جا بۆ لەمن ئەپرسیت؟ دایکیم؟ خوشکیم؟
وتم: بەلاّم تۆ باش ئەیناسیت، هەموو شتێ لە بارەیەوە ئەزانیت، ئەبێ بزانی بۆ کوێ چووە...
وتی: نازانم!
وتم: هەموو شتێ لە ژێر سەری تۆدایە هەی پیرێژنی نارەسەن.
بەسەر سورمانێکی نزیك لە حەپەسانەوە، ئەو ووشانەی بەدەم خۆیەوە دوبارە کردەوە.. وەك ئەوەی بیەوێ تێ یان بگا، "پیرێژنی نارەسەن....ها!!". پاشان کوتوپڕ بەسەرما تەقییەوە و هەموو شتێ لە روخساریدا گۆڕا، بەلاّم من دەرفەتم نەدایە و پێم وت:
– ئەی ئەو کلەی چاوتی پێ ئەرێژیت؟ شەرم ناکەیت...؟ وا ئەزانی کچۆڵەیت؟
وتی: ئەتەوێ نەسیحەتم کەیت؟
وتم: گەر باوك و بیست مێردەکەت نەیانتوانێ نەسیحەتت بکەن ئیتر من چۆن ئەتوانم؟
بێ ئەوەی وەلاّم بداتەوە، تفێکی لە دەم و چاوم کرد... دەستی کرد بە قیژەقیژو جنێودان... جۆرە جنێوێك کە تەسەوڕم نەئەکرد هیچ ئافرەتێ بیانزانێ... ئێستا ناتوانم ئەو جنێوانە بڵێمەوە چونکە شەرم ئەکەم... لەو پەڕی توڕەیی دا... کێشای بەسەر سنگما و بۆ دواوە پاڵی پێوەنام، چوومە دەرەوەی ژوورەکە، کە بە پێپلیکانەکانا سەر ئەکەوتم... قیژانێك بەسەرما قیژاندی زەندەقم چوو... گوێم لێی بوو... ئەیوت:
– توخوا تۆ پیاویت... پێلاّوەکانی ژنەکەت پێ حەرامە... پێلاّوەکانی لە کەللە سەرت باشترە.. چاکی کرد هەڵهات... توخوا تۆ پیاویت؟
گەرچی ئەقڵم تێك چووبوو... بەلاّم من هەر بە بێپلیکانەکانا سەر ئەکەوتم، نەمدەزانی چی بکەم؟ کاتێك بینیم لێم نابێتەوەو لە دوامەوە

هەر خەریکی جنێودانە، گۆزەیەك ئاوم لەسەر لای دیوارەکە هەڵگرت و تێم گرت.. خەریك بوو گۆزەکە سەری بشکێنیٚ... بەڵام خوا رزگاری کرد.. هاورێم.. سەیرترین شت لەم ژیانەدا ئەوەیە کە خەڵکانی شەڕانگێز نامرن..زیاد لە پێویست ئەژین ... بۆ ئەوەی ژیانی خەڵکی تێك بەن..

– ئەی دوایی.. مەسەلەکە بە چیدا کەوت؟

– هێند قیژاندی، تا ژمارەیەکی زۆر خەڵکی لێمان کۆبوونەوە، من لە ژوورەوەو قیژەو جنێوەکانی ئەهاتنە گوێم..وەك ئاگر لەشی ئەسووتاندم... جارێکی تر بۆی چوومەوە دەرەوە.. هاواری کرد :

– تۆ ئەی.. تۆ ئەی ئەلیاس... دڵت لە ژنەکەت پیسەو دواییش لە خەڵك ئەپرسی بۆ کویٚ چووە؟ هەی بیٚ شەرەف... تۆ پیاو نیت... نە ویژدانت هەیە و نە دین.. هەر ئێستا... هەر ئێستا کریٚی سیٚ مانگم ئەویٚ..

بەدەم ئەو جنێوانەوە قاچی بەزەوی یەکەدا ئەدا... پاشان ئاوری بۆ خەڵکەکە دایەوە و وتی: خەڵکینە.. ئەی دنیا سیٚ مانگە نەیداوە منیش لیٚی بێدەنگم، تەنها ووشەیەکم نەوتووە، ئەموت : قەیناکە.. ئەبیٚ نەیانبیٚ.... بەڵام وەك ئەبینن، ئەوەی چاکە بەرامبەر سپڵە بکا، خراپەی دەرحەق ئەکریٚ.

جارێکی تر ئاوری لێم دایەوە و ئەمجارەیان بە هێمنی وتی: ئەلیاس... گویٚ بگرە.! خەڵکە ئێوەش بە شایەت بن... ئەمرۆ ئێوارە. ئەبیٚ کریٚکە بەیت.. سیٚ رۆژیش لێت ئەوەستم ماڵەکە چۆڵ کە... هیچم ناویٚ... تەنها ماڵەکە چۆڵ کە... ماڵ ماڵی خۆمە... ماڵەکەم شوێنی خەڵکانی ئابڕوومەندە... نامەویٚ نموونەی وەك تۆی لیٚبیٚ...

ویستم شتێك بڵێم... بەڵام نەمتوانی!

ئەمزانی... ژنەکەم هەموو سەری مانگێك کرێکەی ئەدایە.. دڵنیابووم کرێکە بە رێك وپێکی درابوو،... بەڵام لە ئاوها وەزعێك دا چیم گوتبا؟

کیٚ باوەری پیٚ ئەکردم؟ کیٚ لەسەری ئەکردمەوە؟

گرنگ، پاش دوو رۆژ.. لەو حەوشە نەفریتیە چوومە دەر... تەنها کریٚی مانگێکم داو وتم: گەر ئاسمان و زەوی ژێرەو ژووربن لە کریٚی مانگێك زیاتر نادەم.

لە خوای ئەویست ماڵەکە جیٚبڵێم.. منیش جگە لەوە هیچ چارەیەکی ترم نەبوو، چوومە دەریٚ ولەعنەتم لە هەموو شتێکی ئەم

دونیایەکرد، ئافرەت و ماڵ و کریێ... چەندین جاریش لەعنەتم لە خۆم کرد.
هێند خەمبار بووم کە تەسەوەرم نەئەکرد لەم دونیایەدا ئەو هەموو خەمە هەبێ، یاخود ئادەمیزاد تا ئەو رادەیە بەرگەی خەم بگرێ، هەندێك جار بریارم ئەدا خۆم بکوژم... جاری تریش هەستم ئەکرد مەزلووم و بێ گوناهم.
+ ئەی چۆن ئەو زامەت بیر چۆوە؟ جارێکی تر نەت بینی‌یەوە؟
– گەر بم ویستبا، بینینەوەی زەحمەت نەبوو.. هێندە بەس بوو موراقەبەی ئەو حەوشەم کردبا کە ناوم نابوو هێلانەی کونەپەپوو... یەك دوو رۆژێك موراقەبەم ئەکرد... بەڵکو بۆلای پیرێژنەکە بهاتبایەوە.
بەڵام ئەو ژنە ئیدی لە ناخم چووبووە دەر.
دوای ئەوەی هێوربوومەوە، زۆر پەشیمان بووم لەوەی لە بارەی ژنەکەمەوە پرسیارم لەو کەمتیارە پیرە کرد... چەند بەد بەختە ئەو پیاوەی کە پرسیاری ژنەکەی لە خەڵکی ئەکا... ئیدی وەك هەموو جارەکانی تر هەڵەم زۆرکرد.
+ بێ ئەوەی هیچ بکەیت.. مەسەلەکە کۆتایی هات؟
– ئەبوو چی بکەم؟ هاورێم... ئەبێ بزانیت گەر ئافرەت بڕیاری شتێکی دا... تەنها یەك شت ئەتوانێ بەر لە جێبەجێ کردنی بگرێ.
+ ئەو شتە چی‌یە؟
– مردن...بەڵی مردن تاقە شتێکە کە ئافرەت لە بڕیارەکەی پەشیمان ئەکاتەوە.
+ لە شاردا.. گوزەرانت بەردەوام بوو..
– بەڵێ ئازار بەردەوام بوو، سەرەتا بیرم کردەوە شار جێ بێڵم، بەڵام دەنگێ لە ناخما پەشیمانی ئەکردمەوە.. پێی ئەوتم: ئەلیاس.... تۆ پیاویت! پیاویت و هیشتا گەنجیت... جێی مەهێڵە... لە شارا بمێنەوە... لە سەر کاسبیەکەت بمێنەوە...
وام کرد، بۆ گەرەکێکی دوور گواستمەوە، زۆر دوور لە هێلانەی کونەپەبوو، لەگەڵ پێستە خۆشکردنا بەردەوام بووم، دووساڵ تێنەپەری کە بوومە شەریکە سێیەکی ئەو دوکانی پێستەیەی کە کارم تیا ئەکرد.. دوای ساڵێکی تر بوومە شەریك لە نیوەیدا، دوای کەمتر لە شەش ساڵ.. خاوەن دوکانەکە مرد و خۆم بوومە خاوەنی.
+ ئیتر بۆ خۆت دەوڵەمەند بوویت؟
– ئێمەی هەژاران نازانین چۆن دەوڵەمەند ئەبین... ئەشێ پێویست نەبێ ئێمە دەوڵەمەندبین. ئەو پارەیەی دێتە گیرفانمانەوە لە خۆیەوە تەواو ئەبێ. راستە ئیدی لە خانووە چۆڵ و تازە گەچ کاری کراوەکان

دا نەئەنوستم... بەڵام کەڵکەڵەی شتی نوێ کەوتبووە سەرم... ئەمویست لە پێستە خۆشکردن، لە شار، لە هەموو شتێ ڕزگارم بێ... گەر بەر لە هەڵهاتنی ژنەکەم، لە ناخمەوە هەستم بە بەرەنگاریەکی شاراوە نەکردبا، ئەوا وازم لە کارەکەم ئەهێنا... پێی ئەوتم: پێستە خۆشکەر!! بۆنی قێزەون!! کوڕی پێستە خۆشکەر! وای دەوت و بەگاڵتە جاریەوە پێدەکەنی... بە خۆم دەوت: پێویستە لەسەر ئادەمیزاد کاربکا، کار شورەیی نیە!... کاتێك هەلات.. بڕیارم دا هەر پێستە خۆشکەربم و واز لەو کاسپیەم نەهێنم... پێستە خۆشکردن لە هەزاران کاسپی تری ئەم دونیایە باشتربوو، کاتێ پێستەکە لە نێو دەستما ئەبووە پارچەیەك ئاوریشمی تەڕ... لە دڵەوە هەستم بە حەوانەوە ئەکرد.. هەڵم ئەگێڕایەوە.. بەسەر سوڕمانەوە سەیرم ئەکرد.. پاشان لە دەستی خۆم ورد ئەبوومەوە ئەموت: ئەلیاس... دەستەکانت خۆش بێ!

+ ئێستاش دێوەرەیت و جل و بەرگت پێیەو لە سنوور ئەپەڕیتەوە؟

چۆن وازت لە پێستە خۆشکردن هێنا؟ بۆچی وازت لێ هێنا؟

– لە (تیبە) پەندێك هەیە ئەڵێ: فلاّن قونی نیە! واتە لەسەر کارێك ئۆقرە ناگرێ.. زەوی لە ژێریا گەرم نابێ.. لە کارێکەوە ئەچێتە سەر کارێکی تر... لە جێگەیەکەوە، بۆ جێکەیەکی تر. دەمن ئەو ئادەمیزادەم.

دوای ئەوەی دوکانی پێستە خۆشکردنەکە بووە هی خۆم، دووساڵ تیایدا مامەوە، ئەشێ ئەو ماوەیە لە بارترین کات بووبێ کە تیایدا هەستم بە حەوانەوە و جێگیربوون کردبێ... بەڵام سەر لە نوێ خەونی شێتانە بەنێو سەرمدا کەوتەوە سوڕانەوە.. سەعاتەکان تێئەپەڕین و من خەونم ئەبینی.. خەیاڵی زەوی ودرەخت لێی دابوومەوە، هەوڵم ئەدا ئەو خەیاڵانە لەسەرم دوور خەمەوە.... دوورم ئەخستەوە... دوورترم ئەخستەوە... بەڵام ڕۆژی دواتر بەهێزترو توندتر شاڵاویان بۆ ئەهێنامەوە... تا ئەو کاتەی تەواو کۆنترۆڵی کردم و بڕستی بەرگری کردنم لێبڕا.

شەو و ڕۆژ... بۆنی زەوی ئەیدا لە دڵم...زەوی تاقە پەرۆش بوونێ بوو کە هەستم ئەکرد کۆنترۆڵی کردووم.. وام لێهات بە ڕقێکی ئەستوورەوە لەو پێستە ووشك هەڵاتوانەم ئەڕوانی کە وەك گەلای ژاکاو ئەهاتن و ئەچوون... ڕۆژ دوای ڕۆژیش سەوداو مامەلەم لەگەڵ مشتەرییەکانا ووشك و رەقتر ئەبوو.

– ئەلیاس! کەی پێستەکە تەواو ئەبێ؟

– مانگێکی تر!
– مانگێك؟
– گەر بەلاتەوە زۆرە... بچۆ بۆلای پێستە خۆشکەرێکی تر.
– بەڵام ئاخر مانگێك... زۆرە؟
– کاتم نیە... گەر ناتوانیت چاوەڕێ بکەی.... ها پێستەکەت بگرە و فەرموو بڕۆ.
– ئەلیاس... بیست ڕۆژ بەسە!
– پێم وتیت مانگێك... یەك ڕۆژ کەمتر نابێ.

کار گەییەی ئەوەی زۆربەی مشتەرییەکانم لێ تەکینەوەو تەنها لەگەڵ ژمارەیەکی دیاریکراوا مامەڵەم هەبوو... تەنانەت ئەو ژمارە کەمەش بە رەقی و ووشکی زمانەکەم قەلس ببوون.. بۆیە ئەوانیشم لێ تەکینەوە.. ئیدی ڕۆژێك هات.. بڕیارم دا دوکانەکە بفرۆشم.

## 12

هەر کە پارە هاتە دەستم، کەڵکەڵەی دیدەنی کردنی گۆڕی (حەنە) کەوتە سەرم، تا ئەوکاتە بیرم لەوە نەکردبۆوە لە تیبەدا نیشتەجێ بمەوە. بەڵام لەسەر گۆڕەکەی حەنە، دەنگێکی گریاناوی هاتە گوێم، دەنگی (حەنە) بوو، ئەو دەنگە گریاناوییەی گشت ماسولکەکانی

جەستەمی هێنایە لەرزەو شەپۆلێکی بە کوڵی گریان هوروژمی بۆ هێنام.
دەمێك بوو سەردانی گۆڕی (حەنە) م نەکردبوو، وەك ئەوەی ئەو ئافرەتەم بیرچووبێتەوە... یاخود ئافرەتێك بووبێ وەك هەموو ئافرەتانی تر.. لۆمەو سەرزەنشتی خۆم کرد ... وتم : ئەلیاس ... تۆیش وەك هەموو پیاوانی تر وایت... نە بەڵێنت هەیە و نە وەفاو خۆشەویستی ئەفامی، هەشت ساڵ... بەڵێ هەشت ساڵ زیاترە... چڵێکی سەوزت لەسەر ئەو گۆڕە نەڕواندووە، گوڵێك لە گوڵەکانی تیبەت لەسەر دانەناوە.
ڕۆحم لێوان لیۆبوو لە کەسەرو ئازار، شەرمم لە خۆم کرد، گریام، هەوڵم دا بدەمە بیابان.. نەمئەزانی چ بکەم.
ڕۆژی دوایی... خۆم بینی بەو پارەیەی پێم بوو زەوی یەك ئەکرم، هاورێم... سەیرکە ئەلیاس لە تیبە زەوی ئەکرێ؟ زەوی یەکی ئاسایی نا... بەڵکو زەوی‌یەکی پڕلە ریخی مەڕ و مالآت و چڵە پەموو.
لە زەوییەکەم روانی، بە پەرۆش بوونەوە لێی ورد بوومەوە، دوای کەمتر لە لەحزەیەك... زەوییەکەم بەڕادەیەك لەلا سەوز بوو کە هیچ شتێك بەر چاوی باخەکەمی نەگرتبوو.. دارگوێزە گەورەکەم بینی.. وەك ئەوەی تەمەنی هەزاران ساڵ لێ... بەشکۆیەکی شەنگەوە لە باخەکەدا بنجی داکوتیبوو، پاشان داربایەم و دارقەیسییەکەم بینی، لە بەری ڕۆژ هەڵاتیشەوە ترێ و هەنجیر... لە ناوەڕاستیشا، دار گێلاسەکە لاوازو باڵا ڕێك وپێك بۆ سەرەوە هەڵکشابوو، پێ ئەچوو بەو باریکەلەیی و رەشاقەتەی بیەوێ بەسەر درەختەکانی ترا بنازێ... لە پاڵ ئەو دارگێلاسەدا... دارسێوی بەبەر هەبوو، دەمبینی دڵۆپە ئارەق ئەمشواتەوەو منیش لە هەوڵی ئەوەدا بووم ستوون بۆ ئەو درەختانە بکەم بەر لەوەی پەلکەکانیان لە ژێر قورسایی بەرەکانیانا بشکێنەوە.
کە چاوانم کردەوە، وژەی (با) هاتە گوێم کە بە نێو لاسکە پەمووە ووشەکەکانا گوزەری ئەکرد، لە دەنگی پێستە ئەچوو بەر لە خۆشەکردنی، لە هەر ساتێکا خەمبار بووم و دڵخۆشیش، هەموو شتەکانم لە پێکدا چوونی بەردەوامیانا ئەبینی، چڵە سەوزەکان.. لاسکە پەمووەکان، بەری دارگوێزە گەورەکە.... تەرسەقولی ئەو رانە مەڕانەی کە بەسەر ئەم زەوی یەدا تێپەڕین، جۆگەلە، درەختەکان... هەموو ئەمانەم ئەبینی!.
نەمئەزانی چی بکەم؟
سێ ڕۆژی لەسەر یەك بیرم کردەوە، چوارەم ڕۆژ بە ڕقەوە کەوتمە هەڵکەندنی پوش و پەڵاشەکان، بڕیارمدا درەخت لە زەوییەکەدا

بڕوێنم... گەر حەنە منی بینیبا، زەردەخەنەیەکی گەورەی دەهاتێ و بۆ یارمەتی دانم ئەکەوتە خۆ...پوش و پەلاشەکانی لە جێگەیەکا کۆ ئەکردەوە و کۆمەڵی ئەکردن، پاشان ئاگرێ تێبەرئەدان، (سوڵتان) یش بە سمە قورسەکانی...بێماندوو بوون پێی بە پۆشو پەلاشەکانا ئەنا... دوای پلیشانەوەیان لە بەینی قاچی دوور ئەخستەوەو بەسەریدا هەڵئەمیزی... ئای گەر ئێستا سوڵتان زیندوو بوایە گەر زیندوو بوایە، بۆ لەحزەیەك جێی بەخۆی نەئەگرت، ڕۆژانە دەیان جار ئەچوو بۆ تیبە و ئەهاتەوە، گاسنی هەڵدەگرت، میوەو گژوگیای هەڵئەگرت، هەموو شتێکی بەخۆشحاڵیەوە ئەنجام ئەدا، ئێوارەیش بێئەوەی ووشەیەك بڵێم لە سەرپشتی هەڵیئەگرتم، ئەکەوتە ڕێ و منیش گۆرانیم بەسەر پشتیەوە ئەوت، کە ئەگەیشتینە ماڵ، شێو ئامادەو پڕ لە هەناسەکانی (حەنە)..

بەدەم کارکردنەوە خەونم زۆر ئەبینی، هەستم بە ماندوویی نەئەکرد، تاقە شتێکم بیرنەچووە کە ئەبوو بیکەم.

دوای ئەوەی لاسکە پەمووە وشکەکانم هەڵکەند، زەوییەکەم کێڵا، دووجار هەڵم گێڕایەوە، پاشان تا تەواو تێر ئاوبوو ئاوم دا، لەو ماوەیەدا بە تیبەدا زۆر گەڕام، بە باخەکانیا تیپەڕیم، پاچ و پەینیم کڕی، سەفەرم بۆ شوێنێکی نزیك کردو نەمامی سنەوبەرم کڕی تا بیانکەمە پەرژینی باخەکە.

کەمتر لە دوو مانگ، نەمامی لاواز و تەریب بە درێژایی و پانی زەوی یەکەدا بەرزبۆوە، لەسەرخۆ و ئارام چاوەڕێم کرد تا خاك ئامێزیان پیاکا و خۆراك و گەرمایی‌یان پێ ببەخشێ... هەموو ڕۆژێك چاوەڕێ بووم، تا خونچەکانم بینی، سەوزو چکۆلە لەســـەر ئەملاو لای نەمــامەکان خڕ ئەبن...ڕۆژەکان درێژ بوون...

درێژتر لە ڕۆژانی تر... دواجار بەهار هات و لە بەهاریشا هەمووشتێ ئەتەقێتەوە.

لای هەر نەمامێکەوە دائەنیشتم، بە شەیداییەکی شێتانەوە لێیان ورد ئەبوومەوە، قسەم لەگەلا ئەکردن، پرسیارم لێ ئەکردن :

داخۆ تینوویان نیە... داخۆ هیچ کوێ یان نایەشێ... زۆرم لێئەکردن وەلامم بدەنەوە.. لە پرسیارکردن ماندوو نەئەبووم... تا گەرما هات و بینیم گرێی زۆر لە نەمامە لاوازەکان، خڕوسوور هەڵئەگەڕێن، دوای چەند ڕۆژێك، ووردە گەلا کە ڕەنگیان لە نێوان زەردوسەوزا بوو، لەو گرێیانەوە وەدیارکەوتن، گەلای بریسکە داربوون بەخەم و بۆ یەکەم جار سەریان بەرامبەر خۆر بەرز ئەکردەوە... زۆر خەمم بۆ ئەو پەلکانە خوارد کە شکۆفەیان نەکردبوو... تەواو وەك ئەو

خەمەی کە بۆ منالأنێك ئەمخوارد کە بەر لەوەی لە دایك بن ئەمردن... چەند رۆژێك وازم لیٚئەهێنان، ئەمگوت بەڵکو خۆیان گوڕی ژیانیان تیٚبیٚ، چواردەوریانم هەڵکەند، ئاوم دان بەدەنگی بەرز قسەم لەگەڵاّ کردن، هانم دان دەست بە ژیان بکەن... بەلأم هەر کە تیشکی خۆر بەتاوترو رۆژیش درێژ تربوو ئەو نەمامانە بەلاهاتن و ووشك هەڵگەڕان.... خەفەتم زۆر بۆ خواردن... لە گورزەیەکی چکۆڵەدا کۆم کردنەوە لە ترسی ئەوەی نەبا یەکێك پیٚیان پیانیٚ... لە گۆشەیەکی باخەکەدا دامنان.

– ئەی ئەمجارەیان (تیبە) چۆن بوو؟

– گۆڕابوو... ئەو شارە نەعلەتیە زۆر گۆڕابوو.

قەشە سەمعان کەنیسەیەکی نویٚی دروست کردبوو، کەنیسەیەك بەگومبەزێکی بەرزەوە. لە ناوەوە جێگیرکرابوو، بەبیٚ پاڵپشتی هیچ جۆرە عامودێك، بەشکۆوە لە هەوادا راوەستا بوو... بۆ دروست کردنی ئەو گومبەزە، پارەیەکی زۆر لە مەسیحیەکانی تیبە کۆکرایەوە... پارەشیان لە من سەند... گەرچی من لە ژیانما کەنیسەم خۆش نەویستووەو هیچ پەیوەندیەکم پێوەی نەبووە...

هەر هێندەنا. بەڵکو کەنیسە رووداوی سەیری بەخۆوەدی : (باوە فوئاد) لە کەنیسە دەرکرا دوای ئەوەی قسەلۆکێکی زۆری دوا خرا، بە تایبەتی لە بارەی ئەو مەسەلانەوە کە پەیوەندی بەدان پیانانەوە هەبوو، گەرچی خەڵکی بەدەنگی بەرز لەو بارەیەوە نەئەدوان، بەلأم هەموو خەڵکی تیبە، بەوانەیشەوە کە ساڵأنێك بوو تیبەیان جیٚهیشتبوو، بیٚ ئاماژەو بیٚ وشە هەموو شتێکیان ئەزانی.... لەبەر ئەمە نەدەبوو مەسەلەکە وەك پێشوو بەردەوام بیٚ، بۆیە بە بڕیارێکی توندونیژ کە قەشە سەمعان پیٚی راگەیاند، باوە فوئاد تیبەی جیٚهێشت... ئەمە کۆتایی قۆناغێك بوو، چونکە ئەو کەسەی کە جێگەی باوە فوئادی گرتەوە، پیاوێکی سەیربوو.. حەزی بەگۆشەگیری بوو، خەڵکی هەرگیز ئولفەتیان پێوەنەگرت، تا دەهات هەستی رق و کینە لە نێوان ئەم و ئەواندا زیادی ئەکرد، تەنانەت ناوەکەشی لەو ناوە قورسانە بوو کە خەڵکی تیبە توانای نوتق کردنیان نەبوو، تا ئەهات مەسەلەکان ئاڵۆزتر ئەبوون، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بە لە دایەك بوون و روداوە گرنگەکانەوە هەبوو، مێژوو بەر لەوە لەسەر ئاماژە ناسراوەکان دیاری ئەکرا.... زوربەی جار مێژوو گەیشتنی یەکیٚ لە باوکەکان یاخود مردنی بوو، کاتیٚ خەڵکی تیبە نەیانتوانی ناوی ئەو باوکە نویٚیە نوتق بکەن، خۆیان ناوێکیان بۆ دۆزییەوە.. ناویان نا

(مەتی)، ناویان نا (میخائیل)، بەلأم خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر بە (باوکە نویّ) یەکە بانگیان کردو ئیدی ووشەیەکی نریان پیّوە نەلکاند.
کەواتە، کەنیسە یەکیّ بوو لە دیاردەکانی گۆڕانی تیبە، پیّویستە بزانیت کە من مەسیحی‌یەکی هاکەزاییم، کەنیسەم خۆش ناویّ و پەیوەندیم بە باوکەکانیەوە نیە، کە ئیّستا لە بارەی کەنیسەوە قسەت بۆ ئەکەم، ئەبیّ بزانیت کە کەنیسە گیّچەڵی زۆری بۆ دروست کردووم و ئاسەواری وای لە ناخما جیّهیّشتووە کە تائەمڕۆ نەمتوانیوە بیانسرمەوە.
بەلأم سەبارەت بەوانەی لە میانەی ئەو سالأنە لە تیبە مردبوون، یاخود سەری خۆیان هەلگرتبوو... وەك هەموو گوندەکانی تر، ژمارەیەکی زیاتر لە دەیەها کەس لە خەڵکی تیبە مردبوون... یاخود سەری خۆیان هەلگرتبوو.
لە بارەی شتەکانی تریشەوە هەروا... وەك ولأتانی دی، خەڵکی لە تیبە لە دایك ئەبوون و هەر لەویّ ژنیان ئەهیّنا،خۆشەویستیان ئەکرد و رقیشیان هەلّئەگرت، کە باران نەئەباری، ترسیان لیّ ئەنیشت... بە دریّژایی شەو لە بارەی ئەو پۆلیسەوە ئەدوان، کە ئەیانگوت لە نزیك کانییەکە بەکوژراوی دۆزراوەتەوە... کەس لە بارەی کوشتنەکەیەوە هیچی نەئەزانی.
حەکایەتەکان لە بارەی کوشتنی ئەو پۆلیسەوە زۆر بوون، هەندیّ کەس ئەیانوت دەمەوئیّوارە کوژراوە لە کاتی گەڕانەوەیدا لە ئەنجامدانی ئەرکیّك، هەندیّکی تر ئەیانوت، هەمان رۆژ، پیّش ئەو رووداوە، پەلاماری (شیّخ مەتوی) داوەو دوو سەر مەڕو حەوت مریشکی لە رەشماڵەکەی بردووە.. پۆلیس شیّخیان گرتووە و لیّیان داوە...بەلأم خەڵکی گوندی (تەلە) ئەیانوت :
ئەو ئیّوارەیە شیّخ مەتوی لە گوند نەبووە.
خەڵکی تر هەبوون ئەیانوت : ئافرەتیّك ئەو پۆلیسەی کوشتووە، شتیّکی گرنگیان لەو بارەیەوە نەئەخستە روو، تەنها ئەوەیان ئەکردە بەڵگە کە گوایە جل و بەرگی ئافرەتانەیان لە نزیك لاشەکەوە دیوە. ئیتر ئاشکرایان نەئەکرد ئەوئافرەتە کیّیەو بۆچی پۆلیسەکەی کوشتووە ! !
بۆیە ئەم شتە ئەگیّڕمەوە، چونکە شوبهەش کەوتە سەر ئەلیاس، هەبوو ئەیوت، ئەو شەڕەی کە دوومانگ لەوەوبەر لە نیّوان من و پۆلیس دا روویداوە، پەیوەندی بەو کارەساتەوە هەیە، دواجار پۆلیس گرتمی و میرازیّکی وایان کردم کە مردنم بە چاوی خۆم بینی.

بەڵام چ شتێکم بەسەرا ساغ نەبۆوە و پاش چەند مانگێکیش بکوژەکە دەرکەوت...لە ئەنجامی شەڕێکدا لە نێوان پۆلیس و قاچاخچی یەکدا، قاچاخچی‌یەکە کوژراو دەفتەرێکی چکۆڵە لە گیرفانیدا دۆزرایەوە لێی تووسرابوو(پێویستە بەرازەکان بمرن، پێویســـتە تۆش بمریت ئەی (موســـەیفری کەچەڵ) ... ئەی نۆیەمین چاوی مار... لە خواریشەوە پەنجە مۆرێك بەخوێن و ئیمزایەکیش لەسەری.

راستە پۆلیس پێی وانەبوو مەسەلەکە لەوێدا کۆتایی بێ، چونکە قاچاخچی‌یەکە کوژرابوو، پۆلیسیش مرۆڤێکی زیندوویان ئەویست، بەڵام پاش گەرانێکی زۆر و چاوەڕوانیەکی زۆرتر، لەسەر ئەو بناغەیە پەروەندەکە داخرا کە... بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی دەست پۆلیس کەوتوون، ئەشێ کابرای قاچاخچی خودی بکوژەکە بێ.

پیاوانی پۆلیس لە تیبە چەند جارێك ئاڵوگۆریان پێکرا، دوا جار بەر لە گەیشتنم بوو بە دوومانگ. کاتێك خەڵکی لە بارەی پۆلیسە تازەکانەوە ئەدوان، پێیان وابوو لەوانەی پێشوو باشتر ئەبن... بەڵام ئەو شتانەی کە دواتر روویاندا، دڵنیای کردم کە ئەم پۆلیسانە، لەوانی پێشوو نارەسەنترن...

لە تیبە دوژمنایەتی لە نێوان موسوڵمان و مەسیحی یەکانا کەوتەوە، راستە دوای هەوڵێکی زۆر توانرا کۆتایی بەو دوژمنایەتییە بهێنرێ.

پیاو ماقووڵانی شارە دوورەکان تێکەوتن... بەڵام من هەر لەسەرەتاوە ئەو رووداوانەم پێخۆش نەبوو، بەد بەختی یەکی زۆریان بۆ نامەوە، لەبەر ئەوەی حەزم نەئەکرد لەوەها دوژمنایەتییەکەوە بگلێم و نەیشم ئەتوانی خۆمی لێ بەدوور بگرم.

رۆژی سێیەم دوای قەسابخانەکە، هەر وەك مەسیحی‌یەکان ئەیانووت، یاخود دوای (غەزو)ەکە، هەر وەك موسوڵمانەکان ئەیانووت، پەتروس و ئیبین خلدە هاتنە لام و وتیان قەشە سەمعان تۆی ئەوێ.

چووم بینیم، گەر پێویست نەبا کە دواتر بۆت باس ئەکەم سەردانیم نەئەکرد، پێی وتم: (تایەفەکەت داوای کوشتنی شێخ موقبیلت لێ ئەکەن، لەبەر ئەوەی کوشتنی شێخ، سەرکەوتنی مەسیحی یەت و وەڵامی داوای خواوەندە، ئەو مەسیحی‌یەی ئەوها داوایەك ئەنجام بات، ئەوا کەنیسە پەروەندەیەکی بە ئاوی ئاڵتون نووسراوی بۆ هەڵئەگرێ.... نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو ناوی ئەو رۆڵە دڵسۆزەی خواوەند ئەگاتە هەموو کەنیسەیەکی سەر زەمین و ئەبێتە ئادەمیزادێکی باڵا و نموونەیی).

———

قایل نەبووم، گاڵتەم بەو خەڵاتانە ئەهات کە قەشە سەمعان لە بارەیانەوە دووا، ئەو گاڵتە هاتنە قەشەی زۆر تورەکرد، دوا جار بەدەم پەنجە بادان و هەڕەشەلێکردنەوە وتی: ئەلیاس گوێ بگرە، فەرمانی خواوەندت رەت کردەوەو سەرپێچی کەنیسەت کرد، مەسەلەکە تا ئەویا سزای نیە، بەلاَم گەر کەسێك بەو قسانەی نێوانمان بزانێ، ئەوا تۆ ئیتر خۆت دانێ خەڵکێکی ترۆو مەلعونیت، نەك ئەمە... باوە سەمعان بە شێوەیەك سەری راوەشاندو دەستی بادا، کە ئیدی بەتەواوی تیَی گەیاندم گەر لە بارەی ئەو مەسەلەیەوە وشەیەك لە زارم بێتەدەر، ئەوا ژیانم ئەکەوێتە مەترسییەوە.

بۆ یەکەم جار ئوتێلێك لە تیبە بۆ ڕێبواران کرایەوە، خاوەنەکەی ناوی نابوو (ئوتێلی سەعادەت) خەڵکەکە پێ ئەکەنین کاتێ ئەو پیاوە نەناسەیان ئەبینی وەك بەردە ئاش خول ئەخوات و خوری و لۆکە ئەکڕێ.... دوای ئەوەی دوو دارتاشـــەکەی

تیبە نەیانتوانی بە دڵی ئەو سیسەمی بۆ دروست کەن، جوابی نارد.

لە شارە دوورەکە بۆی بێنن، خەڵکی تیبە لە کۆڕو دانیشتنەکانیانا نوکتەی زۆریان بۆ کابرای خاوەن ئوتێل دروست ئەکرد، پێشبینی ئیفلاس کردنیان ئەکرد، تەنانەت هەندێك لە گەنجەکان گرەویان لەسەر ئەوە کرد.

کابرا لەسەر بڕیارەکەی خۆی سوور بوو، قسەی موختارو ریش سپییانی بەگوێدا نەچوو، بە هۆی کڕینی خوری و لۆکە و هەندێ رایەخەوە ئاشنایەتی لەگەڵا پەیدا کردبوون... ئەم پیاوە تا ئەو ڕۆژەی وەك یەکێ لە دەوڵەمەندەکانی تیبە پەنجەیان بۆ رائەکێشا، هەر یەرگەی گرت.

هەر لەم ماوەیەدا بوو، کە سەردەمی برایانی نەسراوی کۆتایی هات.

لە ماوەیەکی زۆر لەوەو بەرەوە ئەم دوو برایە بزیشکی شارۆچکەکە بوون، دەرمان و چارەسەری پێویستیان بۆ هەموو نەخۆشیەك ئەدایە خەڵکی، نەسراوی براگەورە دگانی هەڵدەکێشا و هەندێك جاریش خەتەنەی منالْی موسولمانەکانی ئەکرد، بەلاَم نەسراوی برا بچووك دوکانەکەی کە بەرامبەر کەنیسەی کۆن بوو، هەموو شتێکی تیابوو، حەب و گژوگیاو دەزوو، چەند جۆرێکی ئالیك و پەین... خەڵکی تیبە بەو شوێنەیان نەئەوت دوکان، بەڵکو ناوی (ئەجزاخانە) یان لێ نابوو.

نەسراوی بچووك کورتەبنەو لە بەردێکی چوارگۆشە ئەچوو، چونکە هەموو شتێك لەو پیاوەدا لەبەرد ئەچوو، روخساری، گرژو مۆنیی... پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی دا بەپێچەوانەی نەسراوی گەورەوە بوو... ئەمیان تابڵێی ئەهلی زەوق بوو، لە تیبە و گوندەکانی دەوروبەردا

هیچ ئاهەنگێك ساز نەئەكرا گەر نەسراوی گەورە پێش هەمووان دەعوەت نەكرابا، ئەوەی ئەمی لای خەڵكی خۆشەویست كردبوو، گرنگی نەدانی بوو بە پارە... ئەم پێچەوانەی برا كەی بوو.

لەو ماوەیەدا، سەردەمی برایانی نەسراوی كۆتایی هات، لەبەر ئەوەی پزیشكێ بەناوی (نەعیم ئاغا) هاتبووە تیبە و عەیادەیەك و نەخۆشخانەیەكی لە ماڵەكەیدا كردەوە، خەڵكیلە بری ئەوەی بۆ چارەسەری نەخۆشییەكانیان بچن بۆ لای نەسراوی، سەردانی (نەعیم ئاغا) یان ئەكرد، گلۆڵەی نەسراوی كەوتە لێژیی، جگە لە سەودا ومامەڵەی لەگەڵ كۆچەرییەكاندا، دوكانەكەی وەك هەمان دوكانەكانی تربوو... بەڵام داوو دەرمانەكانی بەسەرچوون و لەبری ئەوە داوودەرمانی پزیشكی بە رەنگی ئاڵو واڵا پێچراو كە بە نرخی خەیاڵی ئەفرۆشران جێگەی داو و دەرمانە ساكارەكانی نەسراوی گرتەوە... بەڵام لەو وەختەوەی كە پەموو لە تێبەدا چێنرا، ئیتر پارە چ شتێك نەبوو بەلای خەڵكییەوە.

بەڵام نەسراوی براگەورە هەر مایەوە، گەرچی وەزعی وەك جاران نەمابوو..ساڵان. گۆڕی بووی، لەبەر ئەوەی زەمەن هەمووشتێ ئەگۆڕێ، دەنگی كرخن و نووساو ببوو، زوو ماندوو ئەبوو، دوای خواردنەوەیەكی زۆر نەبێ، میزاجی گۆرانی وتنی نەبوو، تەنانەت موسوڵمانەكانیش درێغیيان لەوە نەئەكرد خواردنەوەی بدەنێ تا شەوەكانیان وەك شەوانی مەسیحی یەكان درێژ و خۆشبێ.

نەسراوی گەورە وەك جاران دگانی هەڵدەكێشا، منداڵی موسوڵمانەكانی خەتەنە ئەكرد، بەڵام بازاڕی كارە پزیشكی یەكانی رووی لە كزی كرد، ئەو ئافرەتانەی كە منداڵەكانیان لەسەر داوو دەرمانی دیاریكراو راهێنابوو، هەر بۆ لای نەسراوی گەورە ئەچوون و داوای چارەسەریان لێ ئەكرد، كە پیرەمێردەكانیش هەستیان بە ماندوویی‌و لاوازیی ئەكرد، روویان ئەكردە لای نەسراوی گەورە و بە نهێنی داوایان لێ ئەكرد یارمەتی‌یان بدا، نەسراوی گەورەش بەپێكەنینەوە داوودەرمانی مقەویی دروست كراو لە رەگی رووەكی ئەدانێ.

لە بارەی نەسراوی یەوە زۆر دووام، لە بەرئەوەی ئاشنایەتییەكی نوێ كۆی كردبووینەوە... بێ لەوەی كە خزم بووین خوشكەكەیشم هێنا... بەڵام ئەمەشیان چیرۆكێكی خۆی هەیە.

**13**

– ئاگر لە تیبە بەربیٚ و بەر لافاو کەویٚ و تەفرو تونای کا، بە باسکردنی ئەو شارۆچکە نەفرتییە ماندووم کردیت!
– بۆ ماندوویيە کە... تەنها هەر خۆت ماندووبوویت، بەلاّم تازە تیبە بۆتە رابردووت.. بۆتە بەختەوەری و نەگبەتیت، کاتێکیش مرۆڤ لە بارەی رابردووەوە ئەدویٚ، هەست بە تالّی و هەست بە پالّەوانێتیش ئەکا... ناچێتە ئەقلّەوە لەو حەمکە مەرگەساتانەدا ژیابیٚ و بەرگەی گرتبیٚ.
– هاورێم! لە پالّەوانێتی گەرییٚ... دلّنیابە کەس پالّەوان نیە درەخت نەبیٚ... جگە لە درەخت کەسی تر پالّەوان نیە!
– ما دامەکی وایە لە بارەی ئەو درەختانەوە بدویٚ کە دواتر رووانْدت، ئەبینم ئێستا باسی تیبە لە کۆتاییەکەیدا ئەکەیت!
– گەر کەسێك گویٚی لێم بیٚ ئاوها باسی تیبە ئەکەم، وا ئەزانیٚ باسی گرنگترینو گەورەترین شاری دونیا ئەکەم.
– هەموو مرۆڤێك شارەکەی خۆی خۆش ئەویٚ و بە گرنگترین شاری دونیای ئەزانی!
– بەلاّم من ئیدی چ شتێکم خۆشناویٚ، حەوسەلّەی ژیانم لە تیبە و هیچ شارێکی ترا نەماوە.
– ئەی ئەو قەیرەی لەمپەڕی دونیاوە هەلّیگرتبێت، تاکو تاجەگولّینەی لەسەری دانیٚی؟
– هەندیٚ جار ئەو قەیرە ئەبووە کۆت و پێوەندو لە پێمەوە دەئالاّ، پەکی جولّەو تەنانەت بیرکردنەوەشی ئەخستم..
– ئەمە گەر هەندیٚ جار وابووبیٚ... بەلاّم تۆ هێشتا بەختیاریت!
– ئادەمیزاد ئەتوانیٚ لە پالّ قەبرێکا بەختیاربیٚ؟
– مەسەلەکە هەر قەبرنیە... بەلّکو بۆتە یادەوەریی... ئەوە یادەوەریشە کە مرۆڤ ئەخاتە جوولّە، بەختیاری ئەکا و ئازاریشی ئەدا.... یارمەتی ئەدا بەرگەی خەم و نەهامەتی بگریٚ... دەی بەلاّم ئێستا با لە یادەوەریی گەڕێین... لە بارەی درەختەکانەوە قسەم بۆ بکە!
– ئەزانی شار چی‌یە؟ ولاّتان چین؟ ئایا بەردو گومەزی کەنیسەیە؟ ئایا داو و دەرمانەکانی برایانی نەسراوی‌یە؟ ئایا ئەو پۆلیسەیە کە دەبوو بەچوارمانگ زیندانی کردن باجی کوشتنەکەی بەم؟
ئەزانیت... شار بریتی‌یە لە ئادەمیزاد و درەخت، ئادەمیزاد و درەختیش لە تیبەدا وەك جاران نەمابوون... تیبە لە چاوان بزربوو..

له بارەی ئەو هەموو گۆڕانەی کە لە تیبەدا روویدا بوو پرسیارم لە خەڵکی کرد، ووتیان : ئەلیاس خۆی گۆڕاوە... لە تیبە زیاتر گۆڕاوە... تیبە زۆر نەگۆڕاوە... راستە هەندێ لە خانوو بەرەکانی رووخاون و لەسەردارو پەردووەکەیان هینی تر دروست کراوە، کەنیسە تازەکە جێگەی تەویلەکەی وەستا (زەکەریا) ی گرتۆتەوە... پەموو خۆر هەلأت و خۆرئاوای تیبەی داپۆشیوو هەنووگە ئەو روبەرە زۆر و زەوەندی پەموو بەرتەسك بۆتەوەو زەوی و زارو باخەکان وەك جاران سەوز بوونەتەوە، راستە هەموو ئەم شتانە گۆڕاون...بەلأم پێمان بڵێ کام ولأتە نەگۆڕاوە؟ کە بێدەنگ ئەبووم و وەلأم نەئەدایەوە ئەیانگوت : ئەوەی گۆڕاوە ئەلیاسە..ئەلیاس چیدی تیبەی خۆش ناوێ چیدی ئەو مهرەبانیەی جارانی بەرامبەر تیبە نەماوە... ئەو مهرەبانییەی کەوای لێکرد مەروماڵأتەکەی زێدان لە پێناوی تیبەدا قەتلوعام کا...

ئەلیاس.. شارە دوورەکە گۆڕیوتی، بویەتە ئادەمیزادێك بۆنی زەوی ناکەیت... چ شتێکت خۆش ناوێ.

بەڵێ هاورێم... ئەوەی گۆڕاوە ئەلیاسە!

ئەو کرمەی لە دڵیا لە دایك بوو، رۆژ دوای رۆژ گەورەتر ئەبێ، ئەلیاس ئەو کەسەنییە کە تیبەی خۆشدەویست و عاشقی ببوو، ئەو کەسە نیە کە لە پێناویدا خۆی ئەکوشت... ئەو ئەلیاسە ئێستا بۆتە مرۆڤێکی نارەسەن... نازانێ چی لە دلأیەو ناشزانێ چی ئەوێ! بەڵێ! ئەو کرمەی رۆژێك بە چکۆلەیی لە دایك بوو.. کام رۆژ؟ ئەو رۆژەی کە درەختەکانیان بڕییەوە؟ یان ئەو رۆژەی کە دامە شاخ و لەگەڵ هەموو خەڵکی نیبەدا کەوتمە دوژمنایەتی؟ ئەو رۆژەی بۆ شار هەلأتم و لە خانووە چۆڵەکانا نووستم؟ یان ئەو رۆژەی (حەنە) م خواست؟، یا خود ئەو رۆژەی کەتیایدا مرد؟

بڕوام پێ بکە نازانم!! ئەشێ تا ئێستا کە بۆت ئەدوێم زۆرم بەقسەکانمەوە نابێ، بەلأم لە شتێ دڵنیابە.... کە تەواو لێم روونە... ئەویش ئەوەیە وا مەزانە بەختیارم.. بەلأم نەگبەتیش نیم... شتێ لە ناخم دا پاڵ بەئەقڵمەوە ئەنێ و بەرەو دوولا ئەیجوڵێنێ... ئەلیاس بە شەپۆلەکانی دەریا ئەچێ... ساتێك ئۆقرە بەخۆی ناگرێ... چونکە گەر داسەکنێ ئەوا ئەمرێ..

– ئەی پارەو ئافرەت؟

– رائەکەم و رائەکەم... چاڵ بەدەوری درەختەکانا هەڵدەکەنم.... ئاویان ئەدەم، پەینیان ئەکەم، لە رۆژانی ساردی زستانا بە گونیە و هەناسەم گەرمیان ئەکەمەوە... تاکو بەرگەی بەفرو باران بگرن...

بەڵام دواجار... کەمتر سەوز ئەنوێنن لەو درەختانەی کە رۆژێك لە رۆژان رواندبوومن.
– ئەی ئافرەت؟
– زۆرم ناسی، لە شەوە ترسناکەکانا هەڵاتم، مەزەنەی هەر سێبەرێکم بەتارمایی ئەکرد... هەر تارماییەکیش بە ئافرەت.... ئافرەتم ناسی، سەعاتی تەڕوبڕو خۆشم لەگەڵیانا بردەسەر، لەگەڵ ئافرەتی قەڵەو و لاوازدا نووستم... لەگەڵ دایك و لەگەڵ قەیرە کچانا... بەڵام لە هەموو جارەکانا بە کوێرەوەری زیاترەوە ئەچوومە دەر، حەنە بوو کە رۆحی وێران کردم؟ بە قووڵی بیرم لەمەسەلەکە کردەوە...... بەخۆم گوت: ئەلیاس... هەموو شتێ لە بیر خۆت بەرەوە... سەر لە نوێ لەگەڵ ئافرەتانا دەست بکەرەوە بە ژیان... بەڵام وەك بۆم باسکردیت : لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا کە هەڵات راستگۆ بووم... تا شەکەت ئەبووم خۆم ئەشت، بۆ ئەوەی لە بەرچاویدا پاك بنوێنم.... سەر پۆشم بۆ ئەبردەوە... کەچی لێم هەڵات... ئەشێ هەڵەبووبم... لە بەر ئەوەی بە باشترم ئەزانی بێدەنگ بم... بەڵام هەموو ئەوانە هەڵەی من نەبوون... ووشەکان خۆیان هەڵئەهاتن... کاتێ خەریکی پێیستە خۆش کردن بووم وشەی زۆر لەسەرمدا ئەهاتن و ئەچوون، بەڵام کاتێ ئێوارە ئەگەڕامەوە، وێنەی حەنە لە زەینما ئەنەخشا، روخسارە خەمبارەکەیم بیرئەکەوتەوە، تێشتەکەیم بیرئەکەوتەوە کە بۆنی بیبەرو نەعنای لێئەهات... زۆر شتم بیرئەکەوتەوە، کاتێك لەو بارەیەوە لە فیکرەوە ئەچووم، ئیدی ووشەکانم لێ زایە ئەبوون... تەنها ئەوەنەبێ، نەمئەتوانی بیر لە چ شتێکی تر بکەمەوە... ئەمیش تورە ئەبوو، گاڵتەی پێ ئەکردم.... پێی ئەوتم: هەی پێستە خۆشکەر... منالێشت ئەوێ؟ ئەمتوانی چ بکەم؟ ئەقڵم هاوسەنگی خۆی لە دەست دابوو!!
– ئەلیاس تۆ خەون زۆر ئەبینی!
– تەنها خەون شك ئەبەم... ئەتەوێ ئەویشم لێ زەوت کەی.
– ئەوە تەنها شتێکە کە هیچ کەس ناتوانێ لێت زەوت کا!
– تەنها شتێکیشە کە ئازاری ئەم ژیانەم لا کەم ئەکاتەوە... بڕوا بکە گەر خەون نەبا، نەمئەتوانی لەحزەیەك بژیم، پێم بڵێ ژیان بەبێ خەون بریتی یە لە چی؟ خەونە وا لە مرۆڤ ئەکا لە رۆژانێکی جوانتر لە رۆژانی ئێستای بنوارێ کە لە ویستگەی ئەو لاتردا چاوەڕێی ئەکەن. خەونە وا لە ئافرەتێ ئەکا، کە پیاوێکی قۆزتر و میهرەبانتر لە مێردەکەی ببینێ کە لە شارەکەی ئەولاتر چاوەڕێی ئەکا.... خەونە

وا ئەکا درەخت ببینرێ هەزاران جار جوانتر لە درەختە زەرد هەڵگەڕاوەکانی تیبە، کە لەســەر
گردۆڵگەو لە دەشت و لە ملاولای رێ و بان و لە هەموو شوێنێکا رووان....

مرۆڤ لە پێناوی ئەو خەونانەدا ئەژی! راستەکاتێ ئادەمیزاد چاوانی ئەکاتەوە... تەواوی ئەو خەونانە ئەڕەونەوە... بەڵام خەونەکە تایبەت بە خۆی ئەمێنێتەوە.

– هەموو مرۆڤێك خاوەنی خەونی خۆیەتی، کەس نابێتە شەریکە خەونی کەسی تر، نامەوێ خەونەکانت لێ بزرێنم... بەڵام بۆچی لە بارەی ئەو درەختانەوە قسەم بۆ ناکەیت کە دواتر لە تیبەدا رووأندت؟ لە بارەی ئەو ژنەوە کە هێنات؟ پێت وتم خوشکەکەی نەسراویت هێنا؟ نەت هێنا؟

– ئیدی ژیان لە تیبەدا کەسی بۆلای خۆی رانەئەکێشا.. خودی ئەلیاس... لە خەڵکانی تر زیاتر خوازیاری لە بیرکردنی ئەو ژیانە بوو.... بۆچی تۆ سووریت لەسەر ئەوەی هەموو شتێ بزانیت؟

– ئەی تۆ کرمێك لە دڵتا نیەو شەو و رۆژ دڵی کۆت کردوویت... منیش کرمێك.. لە جۆرێکی تر لە دڵما هەیە... کرمەکەی من ئەوەیە ئەمەوێ لە ژیانی خەڵکی بزانم... ژیانیانم بۆ ساغ بێتەوە.

– بۆ چی؟

– ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارەت بدەمەوە!

– ئەتەوێ ژیانم لێ بدزیت؟ لا سایی کەیتەوە؟ ئەم ژیانەم بۆ خەڵکە دەنیئەکان بگێڕیتەوە؟ ئەو خەڵکە دەنیئانەی کە ئەیانناسم و ئەوانەشی کە نایاناسم؟!

– بەچیم ئەزانی؟ کابرایەکی بەدو بەد خوو دیارم؟

– ئیدی توانای حوکم دانم بەسەر مرۆڤا نەماوە.

– راستە ئێمە یەکتری ناناسین، رێکەوت بە یەکتری ئاشناکردین، دوای ماوەیەك لە یەکتری جیا ئەبینەوە... بەڵام وا بزانم خەڵکێکی بەد نیم، نەمویستووە سوکایەتیت پێ بکەم.... یاخود ویستبێتم ژیانت بدزم... بەڵام سەبارەت بەوەی کە بمەوێ لاسایی‌ژیانت بکەمەوە.... ئەمە ئەوەیە کە ئاواتی پێ ئەخوازم... ئەوەی تا ئێستا گوێم لێی بووە... شتێك بووە هاندەر.... رێم ئەدەی لاسایی ژیانت بکەمەوە؟

– ئەمە تەنها شتێکە کە ناتوانیت!

– بۆچی؟

– چونکە هەموو ئادەمیزادێك ژیانی خۆی هەیە، قەت ناشێ دوو ژیان لە یەکتری بچن، دەتوانی لاسایی ژیانم لە رووکەش دا

بکەیتەوە.... بەڵام ئەمە (بەسنگی خۆیدا کێشا) کەس ناتوانێ لاسایی بکاتەوە... تەنانەت گەر بتەوێ لاسایی ژیانی کەسێکی تر بکەیتەوە... هەر کەسێ بێ... ناتوانیت!.... هیواکانم، ئازارەکانم، سەفەری درێژ، پێستە خۆشکردن، پێڵاو بۆیاخ کردن، خانووە چۆڵەکـان ، شـوانکارەیی، پاشــــان حەنەو ئەو مەرگە دلڕەقەی کە لێی دزیم؟ با وا دانێین هەموو ئەمانەت لاسایی کردەوە.. ئەی لە کوێ سوڵتانێك ئەدۆزیتەوە؟ ئەشێ بڵێی لەسەر ئەم زەوییەدا هەر کەر زۆرە.. دنیـا بڕوخێ بەســەر کەرا ئەکەوێ ... بەڵام کەرێکی وەك سوڵتان نادۆزرێتەوە بەڵێ.... نایدۆزیتەوە... ئەی درەخت؟

پێم بڵێ درەختت هەیە؟ درەختەکانیان بڕیویتەوە؟ قومارت لەسەر ژیانی خۆت کردووەو لە دواییدا پەشیمان بوبیتەوە؟!

– چۆن ئەڵێی ناشێ دوو ژیان بەتەواوی لە یەك بچن؟ ئەی ژیانی خۆت و حەنە، زۆر لە یەکتری نەئەچوون؟ بەراوردی ژیانی خۆت و حەنە، لەگەڵ ژنی دووەمتدا بکە، ئەبینی زۆر شت و زۆر ئادەمیزاد لەیەك ئەچن...

– ئەتەوێ تێکەوم...؟

– ئەمەوێ لەگەڵما ئەمین بیت!

– گەر ژیان راستگۆبێ، ئەوا ژیانی ئادەمیزاد لە ژیانی کەر و سەگ ئەچێ... هەروەها لە ژیانی مرۆڤی تریش... بەڵام گەر ژیانی ئادەمیزاد..وەك ژیانی نەسراوی بچووك وابێ ئەوا لە ژیانی بەراز ئەچێ... لە گژوگیای زەلکاوەکەی نزیك تیبە ئەچێ.

– من و تۆ لە زۆر شتا کۆکین.. ئەشێ لەیەك بچین!

– چیت لێم ئەوێ؟

– چ شتێکم ناوێ... ئەمەوێ لە بارەی تیبەوە بدوێی... ئەو کاتەی کە جارێکی تر بۆی گەڕایتەوە؟

– هەفتەیەك نابا تیبە جێ دێڵم، پاشان بۆی ئەگەڕێمەوە.... بەرەو گوندێکی نزیك، بەرەو شاخ.. بەرەو سەفەرێکی درێژ سەری خۆم هەڵدەگرم... بەڵام دواجار ئەگەڕێمەوە....

– خۆشت ئەوێ... بۆیە بۆی ئەگەڕێیتەوە!

– بویتە پۆلیس؟

– بۆچی؟

– چونکە وەك پۆلیس گەمارۆم ئەدەی....

– ببوورە گەر بێزارم کردبیت!

– مەسەلەکە پەیوەندی بە بێزارییەوە نییە... بەڵام گەر ئاگرێك ئەو تیبە شومەی سوتاندبا.. گەر زریانێك داری بەسەر بەردیەوە

نەهێشتبا... گەر شتێکی ئاوهای لێرووداد با... ئێستا مەسەلەکە دوایی هاتبوو...

– لە کەیەوە رقت لە تیبەیە؟

– لەو کاتەوەی یەکەم بەردی تیا دانرا.

– تەنانەت بەر لەوەی درەختەکانیش ببڕنەوە؟ بەر لەوەی درەختەکانت ببڕنەوە؟

– کاتێ درەختەکانیان بڕییەوە دوا داوی پەیوەندییان لە نێوان من و تیبەدا پچڕاند، وەك پێم وتیت : بەردەوام درەختەکان ئەڕوێن... ئەڕوێن و پاشان گەورە و سەوز ئەبن... ڕۆژێکیش دێ وشك هەڵئەگەڕێن... ئەمە ئەزانم بەڵام کە درەختەکان ئەبڕێنەوە.. لەگەڵیانا شتێکی تر ئەبردرێتەوە... شتێکە نابینرێ و ناوی نیە... ئەمە ئەو شتەیە کە لەگەڵ برینەوەی درەختەکانا... ئەویشیان بڕییەوە.

– بە شێوەیەکی ئاڵۆز ئەدێی.

– گەر شێوەیەکی تری جیاواز لەم شێوەیە بەڵەد بام ئەوا پێی ئەدووام.. من خۆیشم نازانم.. مەسەلەکە چۆن روویدا... کوت و پڕ کەوتم و هەموو شتێك لە ناوەوەم دا پچڕا...وەك پچڕانی ژێیەك... ئیدی لەو ساتەوە دڵم کەوتە خوارەوە...... کەوتە نێو جاڵێکی تاریك و سەفەرە پڕ ماندوویییەکە دەستی پێکرد... سەفەرێك کە بتوانم تیایدا خۆم رزگارکەم...

– زیاد لە پێویست بەقسەکانتەوە ئەنێی، کاتێ مەزەنە ئەکەیت برینەوەی درەختەکان لە ئاستی ئەو ئەهەمیەتە دایە... بە دوای هۆکارەکەدا گەڕاویت و ئەوەشت لە درەختە بڕاوەکانا دۆزیوەتەوە... خەڵکانی تریش... لە شتی ترا بینیویانەتەوە.

– هاورێم... با لە هەموو ئەوانە گەڕێین.. چیتر حەوسەڵەم نەماوە.

– ئارەزووی خۆتە... تۆیت ئەدوێی.. تۆیت خەون ئەبینی...ئادەمیزاد خاوەنی ژیانی تایبەتی خۆیەتی و کەس زۆری لێ ناکا بیداتێ، کەس ناچاری ناکا بیدرکێنێ..گەر خۆت نەتەوێ بدوێی.. ئەوا من ڕێزی بێدەنگیەکەت ئەگرم... هەروەها رێزی هەموو ئەو شتانە ئەگرم کە کردووتە.

– خاوەن نهێنی خەتەری وانیم... نەوێرم بیدرکێنم... بەڵام ئەو تیبەیە شەکەتی کردم، بۆتە رەمزێکی هەمیشەیی بۆ رق لە خۆ ووتم..بۆ رق وونم لە هەمووشتێ.

– ئەی ئەو شارەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ ئازارت تیا چەشت؟

– شاریش وەك تیبە وا بوو!

– ئەی شارەکانی تر!

– هەموو شارەكان وەك یەكن.. وەك یەك وان... بەڵام پێویستە بزانی ئەو كرمە لە شارا گەشە ناكا.. لە ناخی ئادەمیزادا گەشە ئەكا، بەڵێ لە ناوەوەیدا گەشە ئەكا...  تا ئیدی لە ناكاو ئەیداتە لەشی... لە تەوقی سەرییەوە تا قولە پێی.
– كەواتە بەڵاكە ئادەمیزادە... نەفرەت! ! !
– نازانم ، بەلامەوە گرنگ نیە بزانم!
– گەر بۆ چەند ساتێك لە مرۆڤ گەڕێین ئەتوانیت لە بارەی ئەلیاسەوە، هەروەك ئەوەی ئادەمیزادێكی تر بێ بدوێین؟ ئەو ئەلیاسەی كە بۆ تیبە گەڕایەوەو سەرلەنوێ كەوتە رواندنی درەختەكان...
– سووریت لەسەر ئەوەی بزانیت؟
– بەڵێ.. گەر پێ داگرتنەكەم بێ هودە نەبێ!

## 14

تیبە لای من قەبرەكەی (حەنە) بوو، ئەو قەبرەی كە درێژییەكەی دوو مەترو پانییەكەشی لە نیو مەتر زیاتر نیە... زەوییەكەی قاقڕ...

–

دڕکەزی لەملاولایەوە رووابوون.. پێت وانەبێ من رقم لە دڕکەزییە.. پێچەوانەی زۆر لە خەڵکی، من لە دڕکەزیدا بلیمەتییەك لە بلیمەتییەکانی تیبە ئەبینم... گەرلە دڕکەزی وردبیتەوە.. زۆر لەو درەخت و گوڵانە جوانترن کە خەڵکی خۆشیان ئەوێن.

کە دڕکەزییەکانم ئەبینی... لە دڵی خۆمدا ئەمگوت: سروشت کەسی لە بیرناچێ... تەنانەت ئەو گۆڕانەش کە کەسێ ناچێتە سەردانیان، یەکێ هەیە تەماشایان کا... یەکێ هەیە دەستی بەسەریانا بێنێ..، وەك هەڵکێشانی دڕك لە دەست، بۆ ئەوەی ئازاری پێنەگەیەنم ئاوها دڕکەزییەکانم لەسەر گۆڕەکە هەڵدەکێشا.. بە خۆمم دەگوت: ئەی ئەو درەختە پیرۆزانەی کە لەسەر گۆڕی هەژاران ئەڕوێن.. رۆژێ لە رۆژان سەوز ئەبنەوە..

لە ماوەی سێ رۆژا.. گۆڕەکەی حەنەم لە هەموو گۆڕەکانیتر جوانتر کرد، گۆڕەکەیم گەورە نەکرد، پارچە مەڕمەڕیشم بەکارنەهێنا... نا.. هەرگیز بیرم لەوە نەکردبۆوە، دووبارە بەردم لە چیاوە بە هێستریێ هێنا.. لەو بەردانەی کە زوربەی شەوانی ئەو چوار ساڵەی کە لە چیابووم لەسەریان نووستبووم، بەردەستیی وەستا (زەکی) یم ئەکرد، ئەو رۆژە لە هەڵبەستنی گۆڕەکە بووینەوە، لە کەلێنە چکۆڵەکەی سەر گۆڕەکەوە، کە پڕم کردبوو لە گڵی باخە کۆنەکەم.. دڕکەزییەکانم لە شوێنی خۆیان رووانەدەوە.. پاشان دوو نەمامی سنەوبەرم رووان، هەندێ بەردیشم لای قاچیەوە دانا، لەو بەردانەی کە خوێنی سوڵتانیان پیاڕژا... حەوزێکی چکۆڵەشم دروست کردو وێنجەم رووان.

وەك بۆم باس کردیت، لە ماوەی سێ رۆژا، قەبرێکم دروست کرد لە گۆڕستانی تیبەدا وێنەی نەبوو، بەردەکان بە رەنگی خاك، بەڵام رەق و تۆکمە، لەسەر کێلەکان کە خاچەکەی لەسەر دائەنرێ.. وێنەی دارستانێکم هەڵکۆڵی، هەوڵم دا درەختەکانی لە دارسیۆو دار بایەم بچن.. برێك ئاوم بەسەر هەر بەردێکدا کرد، بەدەم هەڵگرتنی بەردەکانەوە بۆ وەستا زەکی، لە دڵی خۆما ئەمگوت: ئەی بەردی هاوڕێ، (حەنە) چ کەسێکی لەم دونیایەدا نەما، تاقە دوو هاوڕێی هەبوون، ئەلیاس و سوڵتان... ئەوانیش مردن.. جێی ئەوانی بۆ بگرەوە.. لەوانیش میهرەبانتریە !

گەڕامەوە بۆ تیبەو لە دڵیشما برینێکی گەورە، وەك ئەوەی تازە لە ناشتنی حەنە گەڕابمەوە.. رەش داگەڕاوو خەمبار، چاوانی نیوە داخراوو لێوەکانی ووشك هەڵگەڕاو، بەڵام هێشتا تنۆکەی ئارەقە بە گەردنییەوە تەڕ، کاتێك بۆ تیبە گەڕامەوە، (حەنە)م لەو شێوەیەدا

بینی.. ئەو شەوە خەو لە چاوم نەکەوت، خۆم سەرخۆش کرد.. لە ژیانما هێندەی ئەو شەوەم نەخواردۆتەوە.
ڕۆژانی دواتر، سەردانی گۆڕەکەیم ئەکرد، گوڵم بۆ ئەبرد.. گوڵە کێوییی، لەو گوڵانەی کە مرۆڤ نەیڕواندبوون، بەڵکو سروشت سەخاوەتمەندانە ئەیبەخشیّ.. گەڵای سەوزم بەسەر گۆڕەکەدا بڵاوئەکردەوە: لای سەریەوە، لای قاچیەوە... سوڵتانیشم لە بیرنەکردبوو.
کاتیّ لە بۆنەکەی تێربووم، کە هەر لە بۆنی گوڵە زەعفەران ئەچوو، بەلای باخەکەمەوە چووم، وەك پێم وتیت بەرلەهاتنی وەرزی هاوین، زوربەی ئەو درەختانەی ڕواندبووم سەوز ببوون.. گەرچی هێشتا چکۆڵەبوون، بەڵام لەگەڵ خاکا یەکانگیر ببوون.. بەوپەڕی میهرەبانییەوە بە ناخیدا ڕۆئەچوون، بەسەرم ئەکردنەوەو پرسیارم لیّئەکردن.. بەو درەختانەم بەراورد ئەکردن کە پێشتر لە باخە کۆنەکەمدا هەمبوون.
ڕۆژێکیان.. بە خۆدا هاتمەوە کە خاوەنی فلسێك نیم، هەموو پارەکانم تەواو ببوون، درەختەکانیش هێشتا بیّبەرو کەسیان خۆراك نەئەدا، بیرم کردەوە شتیّ پارە قەرزکەم.. هانام بۆ چەند کەسێك برد.. بەڵام جگە لە کوڕەکانی زێدان کەس ئامادە نەبوو قەرزم باتیّ.
شتێکی سەیر لە ئادەمیزادا هەیە، کاتیّ بە (مەتری) کوڕە گەورەی زێدانم وت: مەتری داوای قەرزت لیّ ئەکەم.. حەزناکەم ئەو داوایە لە هەموو کەسێك بکەم... ئەمدەیتیّ.. یاخود بە دوای کەسێکیتردا بگەڕێم؟.. مەتری لە وەڵامدا زەردەخەنەیەك گرتیو وتی:
– ڕەنگە نەزانی!، ئەوکاتەی باوکم گیانی ئەدا وتی: خۆزیا ئەتانتوانی وەك ئەلیاس بونایە، زەویتان پاراستبا.. تەنانەت گەر لە پێناویشیدا بمردنایە!.. باوکم وای ووت. تەنانەت گەر خوالێخۆش بوو شتێکی تریشی گوتبا.. ژیان کورتەو ئەوە ناهێنیّ مرۆڤ برای خۆی بکوژیّ... پێم بڵیّ چەندت ئەویّ.. بەیانی وەرە بیبە!
بڕوام نەکرد، وامئەزانی خەو ئەبینم، بەڵام بەیانی بینینم بەدەم ژماردنی پارە کاغەزەکانەوە دەستم گەرم ئەبنەوە.. (مەتری) قایل نەبوو کۆمپیالەیەك بنووسریّ یان کەسێك شاهیدی قەرزەکە بیّ، دەستی گوشیم و پیّی وتم: مرۆڤ ئەوەیە لە تەنگانەدا فریای مرۆڤ کەویّ.. گەرجارێکی تریش پێویستت بە پارەبوو.. بۆ لای کەس مەچۆ.. وەرە بۆ لای خۆم.. چەندت پێویست بیّ ئەتدەمیّ.
لە پاڵ درەختەکانەوە هەندیّ سەوزەواتم چاند، لە بەری خۆرئاواو لە نزیك دارگوێزەکانیشەوە وێنجەو نیسك، ماوەیەکی نەبرد، توانیم

لەسەر ئەو بەروبومانە بژیم.. بەڵام (میتری) قایل نەبوو لەساڵی یەکەما قەرزەکەی بدەمەوە.. بیّی وتم: ئێمەی جوتیاران ئەزانین کەنگیّ پێویستمان بە پارەیە.

نامەویّ درێژەی بەمیّ، سەرلەنویّ لە تیبەدا ژیامەوە، راستە رۆحم زۆر گۆڕابوو، حەزم بە قەرەباڵغی‌و هاورێیەتی خەڵکی نەبوو، بەڵام ژیانێکی تازەم بۆ خۆم دروست کردەوە، ئێواران سەردانی گۆڕەکەی حەنەم ئەکرد. پاشان خواردن و ئارەقم ئەکڕی‌و ئەگەڕامەوە ئەو ژوورەی کە لە خزمێکی پوورم بەکرێم گرتبوو.

زستان و هاوینیش تێپەڕین، گوێم لە هەموو ئەو شتانە ئەخەواند کە ئەمبیستن، چاوم لە هەموو ئەوشتانە ئەنوقاند کە ئەمبینین، بەو ژیانە قایل بووم، سەیری درەختەکانم ئەکرد کە لە هاوینا گەورە ئەبن و سەوز هەڵئەگەڕێن.. کە پاییزیش ئەهات زەرد ئەبوون و گەڵاکانیان هەڵئەوەرین.. سەوزەوات و دانەوێڵەم ئەچاند، تارۆژێك هات و سەلەنویّ ژیانم گۆڕا.

بەدەم نیسك لـێکردنەوەوە ئەمگوت: ئەلیاس.. تۆ وەك خەڵکی‌تر نەبوویت، بەکەڵکی ژن و منالّ نایەیت، بیری ژن هێنان لە سەرت دەرکە...

بە گرژی ئەو لاسکانەم هەڵئەپروکان کە خەریك بوو زەرد ئەبوون، تا لەگەڵیدا ئەو خەیاڵە ریشەکێش کەم کە هانی بۆ ژن هێنان ئەدام.

رۆژێکی ئاخرو ئۆخری هاوین، هەروەك ئەوەی ئێستا بیّ، رۆژی یەك شەممە بوو، بەڵیّ باش بیرم دێتەوە یەك شەممە بوو، چەپکیّ گوڵم بۆسەر گۆڕەکەی حەنە برد، لەسەر ئەو حەوزەی کە خوێنی سوڵتان بەسەر بەردەکانیدا رژابوو، لەلای قاچی حەنەوە دانیشتم، نازانم چۆن خەیاڵاتەکانم کێشیان کردم هەموو شتێك بۆ حەنە باسکەم، سەرەتا دوودڵ بووم، ئەترسام، بەڵام ناکاو وتم: حەنە! ئەزانی ئەلیاسی مێردت.. هەرگیز مێردت نەبوو.. بەڵکو خزمەتکارت بوو، پاسەوانت بوو، کۆیلەت بوو، وانەزانی بەو شێوەیە نەماوەتەوە! وانەزانی....، ئەلیاس رۆژانە ئەتبینیّ... خۆشەویستی بەرامبەرت زیاتر ئەبیّ.. هاوبەشی پارووە نان و پێکە ئارەقەکەییت... بەڵام ئیدی ئەلیاس بۆتە کەسیّ کە شەوانە لە خۆی ئەترسیّ.

بێدەنگ بووم، تاسەیری چاوانی کەم بەڵکو شتیّ ببینم.. لە پڕێکا وتم:

— حەنە.. چی‌یە گەر سەرلەنویّ ژن بێنمەوە؟

کە ئەوەم وت، زۆر پەشیمان بوومەوە، بەڵام نەمتوانی قسەکە بگەڕێنمەوە، دوای بێدەنگی‌یەکی کورت... بیّویست وتم: گەر

جارێكیتر ژن بێنم.. ئەوە لەسەر داوای تۆبووە.. گەر تۆ قایل نەبیت.. من ساتیێ بیر لەو مەسەلەیە ناكەمەوە.. چاوەڕێم ئەكردو ئەمویست وەڵامەكەی ببیستم.

چاوەڕوانییەكی قورس بوو، لەو چوارساڵە قورستر كە لە چیا بردمەسەر، بە ئازارێكی بەسویێ كە پێم وانەبوو ئادەمیزاد بەرگەری بگریێ.. بە چاو هەڵیگرتم، رۆشناییەكی شینی بروسكە ئاسا لە گۆرەكەیەوە هاتەدەر، یەكەم جار لە چاوی دام، پاشان بەرەو ئاسمان هەڵگژاو لە كەمتر لە دەقیقەیەك دا گوێم لە دەنگی بوو، وتی:

– ئەلیاس: تۆ بۆ من میهرەبانترین كەس بوویت، تۆ بە هێزو ئازا بوویت.. ئەی ئێستا بۆچی ئەترسیت؟

نەمتوانی وەڵام بدەمەوە.. بێدەنگ بووم.

بە دەنگێكی نزیك لە تكا، لــیێی پرسیم:

– ئەلیاس... هێشتا خۆشت ئەوێم؟

بیێ ئەوەی گوێم لە ووشەكانی بیێ وتم:

+ تەنانەت.. حەنە تۆیش. ئاوها سەیرم ئەكەیت..؟ چما چ كەسیێ هەبیێ بەو وێنەیەی كە من تۆم خۆش ویستووە كەسێكیتری خۆش ویستبیێ؟

چما چ ئادامیزادێكیتر هەبیێ ئادەمیزادێكیتری لە بیربیێ وەك ئەوەی من تۆم لە بیربووە؟

دەنگیم، ناسك وەك شەونم هاتە گویێ:

(بەڵام ئەلیاس تۆ خۆت عاشقان ئەناسیت.. شتیێ كە لە وتنەوەی بێزار نابن ئەم پرسیارەیە، خۆشت ئەوێم؟ كاممان ئەویترمان خۆشتر ئەویێ؟ ئەلیاس.. شەوی بومەلەرزەكەت لە بیرە؟ ئەو شەوەی خۆم پێوە گرتیت و تۆیش ئامێزت پیاكردم و گوتت: مەترسە! مادامەكی ئەلیاس زیندووە.. بەردێكت بەرناكەویێ... ئەو شەوە زۆر لە خانووەكان رووخان.. بەڵام خانووەكەی ئێمە وەك گاشەبەرد لەسەر شانت وەستا.. ئەو شەوە پێت وتم: سەدان جار خۆشـم ئەوییێ... بیرتە؟ ئێســـتاش یەك دوو جار پێم ئەڵێی خۆشم ئەوییێ!)

كاتیێ دەنگی هاتە گوێم، دامەپڕمەی گریان.. هێندە گریام كە ئیدی نەهیچم ئەبیست و نەهیچیشم ئەبینی، زۆر پەشیمان بوومەوە لەوەی بەرامبەری گۆراوم.. بەخۆم گوت: كوا خۆشەویستییەكەی جارانم بۆی! بیر لە ئافرەتیتر ئەكەمەوە؟ كە هەستام بە خۆم گوت: حەنە خۆشم ئەوێیت و چ شتێكیترم ناوییێ!

بەلآم هەر کە وەرچەرخام، رۆشنایییەکی شینی نەیزەك ئاسام بینی رۆچووە گۆڕەکەوە، ترسام.. ویستم راکەم، هاوارکەم، لەوساتەدا ئەقلم گۆد ببوو، دەنگیم بەرزتر لە هەموو جارەکانیتر هاتە گوێ:

((ئەلیاس ژن بێنە.. من داوات لێ ئەکەم ژن بێنیت، لە سبەینێوە ژن بێنە.. بەلآم کاتێ بۆ دیدەنیم دێی ژنەکەت لە بیر خۆت بەرەوە، باسیم بۆ مەکە، ژن بێنە، ئەمەوێ منالەکانت ببینم، منالی یەکەم بۆ من.. ناوی بنێ ئەلیاس، کاتێ دێی بۆ دیدەنیم لەگەل خۆت بیهێنە..)).

کە ئێستا ئەوەم وەبیردێتەوە، جنێو بە خۆم ئەدەم، گەر ئەو رۆژە بۆ سەردانی گۆڕەکەی نەچووبام نەئەکەوتمە ئەو هەلەیەوە.

شەوێك تارماییەکەی هات بۆ لام.

ئەو کراسەی پۆشیبوو کە بۆ یەکەم جار بۆیم کردبووە دیاری، سولتانم لەگەل بوو، پیرێژنەکەش لە چاوانیا ئەو پرشنگە هەبوو کە لە چاوی دایکانا نەبێ نابینرێ.. ئێستا هەموو ئەوانەم بیردێتەوە کە روویدا، پێم وت: حەنە ئەم جلانەت لێ دێ، ئەمەت بەوزمانە پێنالێم کە لە کاتی شت و مەك فرۆشتنا بە ئافرەتانی تری ئەلێم.. تاقە وشەیەك کە بەبێ شەرمکردن ئەیلێم ئەوەیە کە ئەم قوماشەت لێ دێ، بە بێدەنگی دەستی راکێشا، وەریگرت، دوای چەند رۆژێك لەبەری کرد.

لە ژیانما پۆشاکێکی جوانتر لەو پۆشاکەم نەدیبوو، ئەشێ پۆشاکی لەوە گرانترو ناسکتر هەبێ، ئەشێ لە هەندێکیانا گول و پەپوولەش هەبن، بەلآم بۆ جوانیی.. چ پۆشاکێکیتر نەبوو بیگاتێ.

گەر بە پۆشاکێکی ترەوە بهاتبا، ئەوا هێندە کاریگەریی لەسەرم نەئەبوو، من پیاوێکی قیرسیچمەم و ئەشێ بەرگە بگرم و بێدەنگ بم، بەلآم کوت و پڕ شتێ لەناخما تەقییەوە .. نەمتوانی خۆمی لەبەرا بگرم .. ئەکرا پێم گوتبا: حەنە لێم ببوورە.. هەلە بووم کاتێ لە بارەی ژن هێنانەوە پرسیارم لێکردیت.. لە تیبەو لە چ جێگەیەکی تریش هیچ ئافرەتێك نیە بیناسم و بمەوێ بیخوازم.. بەلکو ئەوە خەوو خەیالآتێکە ئادەمیزاد لە کاتی تەنیاییدا بەزەینیدا دێ.. تۆ ئەزانی.. ئادەمیزاد زۆر لە فیکرەوە ئەچێ.. بەلآم مەرج نیە هەموو ئەوەی بیری لێئەکاتەوە، بیەوێ، یاخود توانای وەدیهێنانیانی هەبێ.. حەنە لێم ئەبووریت؟

بەلآم دەرفەتی نەدام هیچ بلێم.. ئەو جلکەی پۆشیبوو.. زەردەخەنەیەکی سەوزیش لەسەر روخساری راکشابوو... بێئەوەی چاوەڕێ بکا وتی:

(ئەلیاس تۆ خۆشەویستی منی، باش ئەتناسم، ئەو رۆژانەم بیرناچێتەوە کە پێکەوە ژیاین .. بەلأم ئیدی واخەریکە لە پێناوتا ئەترسێم .. چ شتێ ناتوانێ رزگارت کا.. یان ئەوەتە بمریت و بێیتە لام، یان ئەوەتە ژن بێنی... تاوێ بێدەنگ بوو، پاشان لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: ئێستا نامەوێ بیێ... کەواتە چ شتێ لەبەردەمتا نەماوە.. ژن هێنان نەبێ!).

گەر ساتێك بواری دابام وشەیەکم گوتبا.. پێم ئەوت: حەنە دێم، ئەمەوێ بمرم.. بەلأم بواری نەدام، پەنجەی لەسەردەمم دانا، زەردەخەنەکەی روناك بۆوەو وتی: تورەنابم گەر ژن بێنی، ئەمەوێ ژن بێنی.. گەر تارستان دوای خەیت کە بەرێوەیە، ئەوا هێند ئەگریم تا لە فرمێسکەکانما غەرق ئەبم.. ئەلیاس خەمبار ئەبم.. بەلأم بیرت نەچێ.. گەر بۆ سەردانم هاتیت، باسیم بۆ مەکە.. ئەلیاس، بیرت نەچێ، کورەکەم لەگەڵ خۆتا بێنە.. ئەو کورەی چاوەرێم کردووەو تائێستاش چاوەرێی ئەکەم.

سەرلەنوێ ژیانم شلوێ بۆوە، بەلأم ئەمجارەیان حەنە شلوێی کرد، چونکە تارمایی‌یەکە هەموو شەوێ ئەهاتە لام، بە هەمان پۆشاکەوە ئەهات، جارێك خۆی ئەهات.. جارێکی تریش سولتانی لەگەڵدا.. لێکدا لێکدا دووبارەی ئەکردەوە: ژن بێنە.. ژن بێنە!

دوای ئەوەی بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێك پێم لە پوورم بریبوو، رۆژێکیان سەردانیم کرد، بۆ بازارەکەی تیبە چووم، سەرم لە کورەکانی زێدان دا، بۆ ئاهەنگێك رۆیشتم کە نەسراوی گۆرانی تیا دەووت، ئەمویست شتەکانم لە بیربچنەوە.. تا ئەو شەوەی کە مەسەلەکەی تیا یەکلایی بۆوە:

پوورم بەدەم دانانی مێوژو گوێزەوە لە بەردەمما وتی:

– خوا لێخۆش بووی باوکت ئەیویست بەر لە مردنی ژنت بۆ بێنێو منالەکانت ببینێ.. وائێستاش سالأنێکی دوورو درێژ بەسەر مردنیدا تێپەریوە.. تۆیش وەك خەلکی تیبە ئەلێن. دەستێك لە پێشەوەو دەستێك لە پاشەوە..نەکەس چاوەرێت ئەکاو نەکەسیش خواحافیزیت لێئەکا.. مالەکەت وەك مزگەوتی موسولمانان چۆلە!

پوورم بە قوولی لێم راماو بیری کردەوە.. پاشان لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

– خەلکی ئەزانن حەنە لای تۆ لە هەموو خەلکی تیبە خۆشەویستر بوو، گەر کەسێك ئیشێکی پێت بێ لەسەر گۆرەکەی ئەتدۆزێتەوە، گەر کەسێ بیەوێ گوێت لێبگرێ.. ئەو گۆرانیانە ئەچری کە بەسەر دەمی شوانەکانەوەیە، گەر کەسێ پرسیارت لێبکا، رووت وەرئەگێریو ئەرۆیت. ئەلیاس من پووری تۆم، لەم جیهانەدا کەسێ نیە هێندەی من

خۆشی بوێیت و بەرامبەرت میهرەبان بێ.. من دوای مردنی دایك و باوکت نزیکترین کەستم... ئێستا ئیتر پێویستە گوێ لە قسەکانم بگریت!

وتم: پورێ.. چیت ئەوێ!

وتی: ژن بێنە!

ویستم پێی بڵێم کێ بێنم.. بەڵام دوودڵ بووم.. وتم:

– بەر لە زستان.. یان ژن دێنم.. یاخود تیبە بەجێدێڵم.

وتی: ژن دێنی!

نەمزانی بۆچی ئەو شەوە چووم بۆ لای نەسراوی بۆماڵەوە. هاوڕێم! ژیان نهێنی‌یەکی گەورەیە.. ئادەمیزاد تێی ناگا.. گەر دیدەنی نەسراوی گەورەم نەکردبا.. مەسەلەکە ئەبڕایەوە.. بەڵام ئەو ئێوارەیە قاوەمان خواردەوەو جگەرەمان کێشا.. سێ کەسی تری خەڵکی تیبە هاتبوون تا بۆ ئاهەنگێکی بەرن.. نازانم.. ئەو ئێوارەیە چۆن بوو قسە لە بارەی ژن هێنانە کرا، من ئەو خەڵکانەم ئەناسی، تیبە چکۆڵەیەو خەڵکەکەی یەکتری ئەناسن.. کاتێك باسی ژن هێنان کرا کەوتنە گاڵە پێکردنم و وتیان: ئەلیاس.. بە کەڵکی هیچ نایەت.. گەر ئاقڵ بویتایە، ئەوا وەکو هەموو خەڵکی بە دوای ئافرەتێکا ئەگەڕایت و ئەتخواست.

واڵم: چی‌بکەم.. پیربووم و کەڵکی ژن هێنانم نەماوە.. تەنانەت گەربیشمەوێ.. لەکوێ ئەو ئافرەتە ئەدۆزمەوە؟

بۆ لەحزەیەك، کە نەسراوی هەستا.. ئەوەی لە پاڵما دانیشتبوو وتی: خوشکەکەی نەسراوی تاقە ئافرەتێکە شیاوی تۆ بێ.. ئافرەتێکە چاوەڕێی ئەوەیە کەسێ بیخوازێ.. ئێ دوای ئەوە خزمی خۆشتە.

دوای چەند رۆژێك چووم بۆ لای پوورم، لە هەر جارێکیتر زیاتر بە بینینم گەشایەوە، بەدەم چا هێنانەوە وتی: قەدری دگان بە لێوەوەیە.
ئەلیاس کوڕی خۆم وائیتر خەریکە خزمایەتی ئەفامیت!
بیئەوەی لە بارەی ژن هێنانەوە هیچم لیێ بپرسیێ، من لە بارەی خوشکەکەی نەسراویەوە پرسیارم لێکرد.. برۆکانی هێنایەوە یەك و هەولیدا بیری بێتەوە.. پاشان لەسەر شانی دام و زەردەخەنەیەکی گەورە لەسەر روخساری نەخشی.. وتی:
– ئا.. هێناتەوە بیرم، خوا بیوەیت کا، کچێکی گونجاوە، کەس و کارەکەشی چ نالێن.. گەر ئەتەویێ، مەسەلەکە بۆ خۆم دانیێ..... (دوای تاویێ بێدەنگی لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو) راستە کچەکە چۆتە تەمەنەوە، جوانییەکەشی مامناوەندییە، بەلام تۆ پێویستت بە ئافرەتێکە کۆت کاتەوە، پێکەوە لە ژێر سەقفێکا دانیشن.
هەفتەیەکی نەبرد، پوورم بۆ مالی نەسراوی چووبوو، لەویێ قسە لە بارەی ژن هێنانەوە کرابوو، بەلام مەسەلەکە ژن هێنانی ئەلیاس نەبوو، لەبەرئەوەی کەسێك نەمابوو لە تیبە بەوانەشەوە کە نەمئەناسین قەپالێکی لیینەگرتبم.. پارچەیەك لە پێستمی کەولێ نەکردبیێ..
حالی حازر، کە ئەوشتانەم بیردێتەوە.. نازانم چۆن توانیومە بەرگە بگرم، تاوێك لەمەوبەر وتت: ژیان پالەوانێتییە، بە تایبەتیێ کاتیێ ئادەمیزاد ئەو کارەساتانەی بیردێتەوە کە روبەرویان بۆتەوەو خۆی لە بەراگرتوون، ئەشیێ ئەوە پالەوانێتی نەبیێ، بەلام ئادەمیزاد کائینێکی بەهێزە.. مەزەنە بکە.. ئەو خەلکەی... کوتیێ گۆشتی ئەلیاسیان نەویست، پارچەیەك لە پێستەکەیان لێکردەوە.. ئەوانەشی گۆشت و پێستەکەشیان نەویست .. هەر هێندەیان بەس بوو .. بە دەنگی بەرزو وشەی زل زل
بکەونە گالتەو سوکایەتی پێکردنی.. بەلام نەسراوی بچووك دلڕەقانەتر ئازاری دام:
بە زمانێکی رەق.. وەك ئەوەی قسە لەگەلێ منالێکدا بکا.. پیێ وتم:
– هەرچیت هەیە.. ئەیخەیتە سەر ئەو!
وتم: تەنها خاوەنی ئەم زەوییەم.
دوای تاوێك بێدەنگی.. لێم پرسی: بۆچی؟

وتی: دنیا ژیان و مردنە.. ئێمەیش ئەمانەوێ ژیانی خوشکەکەمان مسۆگەرکەین.
وتم: بەلاَم خوشکەکەت ئەبێتە ژنی من.. چیم هەیە ئەبێتە هینی هەردووکمان.
وتی: بەلاَم تۆ سەفەر زۆر ئەکەیت.. لەسەر زەوی بەنگ نابیت، نامانەوێ بە دواتا راکەین.
وتم: تۆ ئەزانیت من سالاَنێکە لە تیبەم، سەفەرەکەشم دەرەنجامی بارودۆخێکە کە خۆت ئەیزانیت!
وتی: بۆچی ئەترسیت گەر زەوییەکە بخەیتە سەرئەو؟
وتم: ناترسم.. بەلاَم ئەوها مەرجێك بە پێویست نازانم!
وتی: خێری پێوەبێ.. مادامێ وایە تۆ بەڕێگەی خۆتا بڕۆ ئێمەیش بەڕێگەی خۆمانا.
بەلاَم پوورم و نەسراوی گەورە شتیتریان باس کردبوو، لێگەڕام نەسراوی گەورە چی بە باش ئەزانێ بڕیاری لەسەر بدات.. زەردەخەنەیەکی هاتێو وتی:
– ئێستا مەسەلەکە پەیوەندی بە زەوییەوە نیە، بەلکو پەیوەندی بە قەشە سەمعانەوە هەیە!
پرسیم: قەسە سەمعان چ دەخلێکی بەو مەسەلەیەوە هەیە؟
وتی: ئەو پێی وایە تۆ تا ئێستا پیاوێکی خاوەن ژنیت، نایەوێ جارێکیتر ژنت لێ مارەکا!
تێفکریم، مادامێ مەسەلەکە بەو رادەیە ئالۆزە، بە یەکجاری وازی لێبێنم.. بەلاَم رۆژی دواتر نەسراوی گەورە هاتە لام، بەدەم زەردەخەنەوە جنێوی بە قەشە سەمعان ئەدا. وتی: چی لەو جۆرە زەلامانە چاوەڕێ ئەکەیت؟ لە بارەی خواوە قسەت بۆ ئەکەن.. ئەلێن ئەم ژیانە سەفەرێکی کورتە، بەلاَم مەلەکوتی ئاسمان.. بەلاَم.. بەلاَم... لە کۆتاییش دا تەنیا هەر خۆیان ئەبنە خاوەنی هەردوو ژیانەکە، ئەبنە خاوەنی دونیاو قیامەت، ئەبنە خاوەنی زەوی‌و زارو مەڕو مالاَت، ئەبنە خاوەنی خەلکی.. ئەبنە خاوەنی بەهەشتیش...
وتم: ئەم شتانە ئەزانم... بەلاَم ئێستا قەشە سەمعان چی ئەوێ؟
وتی: تا قەشە سەمعان رازی نەکەی.. دەست بەسەرتا ناهێنێ.
وتم: چی ئەوێ؟
وتی: بەشێك لە زەوییەکەت.
وتم: ئەی نەسراوی بچووك چی ئەوێ؟
وتی: لەو حەسحەسە گرگنە گەڕێ.. گرنگ پاسەوانەکەی خوایە!

وتم: کەواتە ئەوەی بیەوێ مەسیحی‌یەکی سالم بێ، پێویستە لەسەری شتێك بداتە قەشە تا خواو کەنیسەی لـێ رازی بن!!
وتی: وا خەریکی حالی ئەبیت.. بەری خۆرهەلاتی زەوییەکە ئەدەیتە قەشە سەمعان.
وتم: رازیم.. گەر تۆ رازی بیت!
وتی: پێویستە ئەدمە شوو بکا.. مێردێکی لە تۆ باشتری دەست ناکەوێ.
وتم: دەی با قەشە لە پێناوی رەزای ئاسماندا رازی بێ.
وتی: باشە.. رێککەوتین!
ئاسان بوو گەر مەسەلەکە لە سەر بەری خۆرهەلاتی زەوی‌یەکە ببڕایەتەوە.. لەبەرئەوەی پۆلیسیش وتیان: مردنی حەنە تۆمار دەکەین و چ شتێکی‌تر نالێین، نالێین تۆ ژنی ترت هێناوە، بەلام ئەبێ لەبری ئەوە شتێکمان بدەیتێ..
سەرەنجام، نەسراوی گەورە برێ پارەی لە براکەی وەرگت و دامانە پۆلیس، زەوی‌یەکە خرایە سەر (ئەدمە)، قەشەش بەری خۆرهەلاتی زەوییەکەی بە ناوی (مەتانیۆس)ی کوریەوە تۆمارکرد.
گەر هەموو ئادەمیزادێك وەك من ژنی هێنابا، ئەوا کەس هەلەی وای نەئەکرد، بەلام پەندێك لە تیبە هەیە ئەلێ: (خوا تا کێو نەبینێ بەفری تێناکا)، گەر شێت نەبام، ئەوا (ئەدمە) تائەمرد شووی نەئەکردو منیش هەرخاوەنی زەوی خۆم ئەبووم، بەلام قەشە سەمعان قیراتێکی‌تری خستە سەر سەروەت و سامانەکەی.. راستە ئەو بە زەوی‌یەکەی من دەولەمەند نەببوو، بەلام وەك پێم وتیت: نموونەی وەك من زۆرن، کە ئەوانیش شێت و شبلن.. قەشە هەرچییەکی بوێ ئەیدەنێ..
دەستی قەشە سەمعان قورس بوو کاتێ بەسەر سەریدا ئەهێنام، وەك گوللە ساردو قورس بوو، ئەو شکۆیەت دیوە کە لە پیرۆزیی بەخشین بە کەسێك لە کاتی ژنهێنان، یاخود مردن لەسەر روخساری ئەو جۆرە خەلکانە وەدیار ئەکەوێ... گوایە زەوی‌یەکەی بەری خۆرهەلاتیان وەرنەگرتووەو گیرفانەکانیان پڕ لە پارە نەبووە.. گوایە لە پێناوی خوادا وەها کارێکی خێریان ئەنجامداوە.
هەمان ئەو رۆژەی کە قەشە سەمعان پیرۆزیی پێ بەخشیم، لە بەرەبەیانەوە چوومە سەرگۆڕی حەنە.. بە چۆکا هاتم و بە گریانەوە پێم وت: ئازیزەکەم.. ئەمە فەرمانی تۆ بوو، تۆ ویستت ئەلیاس سەرلەنوێ ئاوارە بێتەوە .. لە زەوی و لە درەخت بێ...
بەلێ.. ئەلیاس چیتر خاوەنی درەخت نەبوو، تەنانەت نەمامە چکۆلەکانیشیان لـێ زەوت کردم، بۆی هەیە سبەینێ بیانبڕنەوە.. بێدەنگ بووم و هیچم نەوت.. بەلام سەرنجم دا کە دڕکەزێیەکانی

سەرگۆڕی حەنە لە جاران سەوزترو لە هەموو شتێك جوانترن.. بە خۆم وت: گەر حەنە نەیەوێ بدوێ، ئەوا گوڵەكان لەبری ئەو ئەدوێن.. پێم وابوو.. دەسبازی گوڵەكان لەگەڵ بای خۆرئاوادا.. ئاماژەی قایل بوونیانە.. بەڵام قایل بونێكی لێواو لێو ئازار...

ئاوها ژنم هێنا...

ده ساڵ بەسەر ژن هێنانمدا تێپەڕیوە، لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا پێنج منالم خستۆتەوە، دوانیان کوڕو سیانیشیان کچ.. کوڕی یەکەمم ناونا (ئەلیاس)، ئەدمە تەواوێك لەوە نارازی بوو.. پێی ئەوتم: کوا خەڵکی تیبە کوڕ بە ناوی باوکەوە ناو ئەنێن مەگەر باوکی پێش لە دایك بوونی مردبێ.. چییە.. ئەتەوێ خۆت بە مردوو حساب کەیت؟

ئەدمە نەیئەزانی من دەمێکە مردووم، نەیئەزانی دەنگی حەنە لەو شەوەدا قووڵترین دەنگێ بووە لە ژیانما بیستبێتم.. گاڵتەم بە قسەکانی ئەدمە ئەهات و لەسەر ناوی کوڕەکە سوور بووم.. قەشە سەمعانیش لە کاتی تۆمارکردنی ناوەکەدا زۆر دوودڵ بوو.. وەك ئەوەی هەست بکا ئەو ماستە موویەکی تێدایە.. بەڵام پێداگرتن و سەیرکردنە رەقەکانم کە پڕ لە تاوانبارکردنی ئەو بوون.. بواریان نەدایە (نەو) بڵێ... راستە یەکەم جار نەئەچووە ژێربار.. بە لەبزێکی شیرینەوە ناوی پاپاو قەدیسەکانی بۆ ئەژماردم و پێی دائەگرت لەسەر ئەوەی کە کوڕەکەم بە ناوێك لەو ناوانەوە ناونێم.. بەڵام دواجار لەبەردەم کەللەڕەقی منا کۆڵیدا..

ئەدمە ئافرەتێك بوو وەك هەموو ئافرەتانیتر، بەڵێ ئێمە خزمی یەکتربووین، لەمناڵییەوە یەکترمان ئەناسی.. بەڵام ناسینێکی نزیك نەبوو، ئەو هەموو شتێکی لەبارەی منەوە ئەزانی، ئەکرا بە دوورو درێژی باسی ڕۆژانی مناڵیمان کردبا، گۆرانی وتن و میوە دزینی نێو بێستانەکان.. بەڵام بوارم نەئەدایە بدوێ، لەم ماوەیەدا حەزم نەئەکرد لە بارەی هیچ شتێکەوە قسەی بۆ بکەم، پێم خۆش نەبوو لە کاتی بیرکردنەوەدا گوێم لە دەنگەکانی دەوروبەرم بێ.. بەو دەنگانە قاڵس ئەبووم.. هەرزوو ئەدمە گۆڕا، هێشـــتا کوڕی دووەممـــان لەدایك نەببـــوو، کە بەر لەو کچێکمان

دوو مانگ دوای لەدایك بوونی مرد.. ئیدی ئەدمە بە تەواوی گۆڕا.

ئەدمە بووە ئافرەتێك خۆپەرست .. زۆر خۆر.. منیش ڕقم لە خواردن، زۆر ئەنوست، منیش ڕقم لە نووستن.. حەزی ئەکرد مناڵ زۆر بخاتەوە.. منیش وەها ئەرکێکم هێندە بەلاوە قورس کە نەمئەتوانی بیری لـێ بکەمەوە.

ڕۆژێکیان پێم وت:

– ئەدمە لە خواردن بێزار نابیت؟

بە گاڵتەجاڕییەوە جوابی دامەوە:

– بۆ ڕەزیلیەکە حەقی خۆتە، بەڵام گەر تەندروستی منت بەلاوە گرنگە.. ئەوا مەترسە.. خۆم ئەزانم چۆن تەندروستی خۆم ئەپارێزم.

جارێکیتر پێم وت: تۆ لە نەسراوی بچووکی برات ئەچیت.. (سووربووم لەسەر ئەوەی وای ناوبنێم)، مەسیح و کەنیسەت خۆش ئەوێ، بۆچی گوێ ڕایەڵی ئامۆژگارییەکانیان نابیت؟

بەسەر سوڕمانەوە پرسی:

مەبەستت کام ئامۆژگاریە؟

وتم: مەسیح، میللەتێکی تەواوی بە دوو کولێرەو ماسیەك تێرکرد، لە بیرتە؟ تاتێربوون لـێیان خوارد.. بەڵام نازانم تۆ ڕۆژی چەند کولێرە ئەخۆیت و هێشتا هەر تێر نابیت!

وتی: ئەی ماسییەکە کوا؟

وتم: گەر ماسی بکڕین.. دەدانە بە تاقی تەنیا ئەخۆیت.. ئەوجا تێریش نابیت!

وتی: هەزاران دایمەیخوا چاوبرسیین.. ئەوەتا پارووەکانم ئەژمێریت!

وتم: ئەدمە گاڵتەم لەگەڵ کردیت.. ئەوەی وتم لە دڵی مەگرە!

وتی: ئەی نوستن؟ بەویش بێزار ئەبیت؟

وتم: ژیانی ئادەمیزاد زۆر کورتە.. کەچی تۆ هەمووی بەخەو ئەبەیتە سەر.. ناتەوێ بژیت؟

وتی: ئەلیاس.. ئەی توخوا تۆ ئەژیت؟ شەوانە ئەستێرەکان ئەژمێریت و خەو ئەبینی.. بە رۆژیش هەر فریای سەردانی گۆڕەکەیو زەوی کیلاَن ئەکەویت.. جگە لەوە چ شتێکیتر ناکەیت!

وتم: من بە ژیانی خۆم قایلم.

وتی: منیش قایلم.. چ شتێکی ترت ئەوێ؟

وتم: ئەی منالێ؟ بۆچی حەزت لە منالَی زۆرە؟

وتی: دوو براو مێردێکم تاقیکردۆتەوەو شانسم لەگەلَیاندا نەیهێناوە، ئیتر ئەمەوێ لەمەولا شانسی خۆم بە منالێ تاقی بکەمەوە.

وتم: شانسەکە ئەگۆڕێ ئەگەر دە بن یان چوار؟

وتی: جگە لە منالێ خستنەوە چ شتێکیتر هەیە بیکەین؟.. دوای ئەوە من تەنها خۆم نەمخستونەتەوە.. خواستی تۆیشی تیابووە.... ووشەیەکم بۆ وەلاَمدانەوەی شك نەبرد، ئەو شەوە نووست و دوا پارووی قووت دا.. منیش بە تەنیا لەگەلێ ژماردنی ئەستێرەکان و خەون بینینا مامەوە.

بە هێمنییەکی ئەفسانەیی، هەموو جەستەی بۆ دواوە وەرچەرخان، مەتارەکەی لێکردەوەو پێکێکی تێکردو بە یەکجار هەلَیدا.. خەم و ماندوویی روخساریان پۆشیبوو .. پاشـــان پێکێکی تری تێکردو بۆی راگـــرت م.. وتی: چ شتێکی ترت لێم ئەوێ؟ چ شتێکی ترماوە نەمگوتبێ؟ چ شتێکیتر ماوە پرسیارت لێنەکردبێ؟ (بە تەوسەوە ئەوەی وت).

وتم: هێشتا هەموو شتێکم ئەوێ.. ژیانت چۆن بوو دوای ئەوەی قەشە سەمعان دەستی بەسەر بەری خۆرهەلاَتی زەوییەکەدا گرت و ئەوی تریشی خرایە سەر ژنەکەت؟

– رائەبوێری؟

بەوپەڕی گالَتەجاڕیی ئەمەی وت، پاشان تۆنی دەنگی گۆڕا... تەواوێك چاوانی تێبڕیم.

وتی: گەر هەر ئەبێ پرسیار بکەیت.. ئەوا وەك پیاو بپرسە.. (تاوێك بێدەنگ بوو، پاشان لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو) ئەتەوێ چۆن ژیابام؟ ئەبێ ئادەمیزاد چۆن بژی کاتێ شتێ نەمابێ بە دەورو بەرییەوەی ببەستێ؟

– وای دادەنێم هێشتا بە زەوییەوە پەیوەستیت، ژنێکیشت هەیەو بەرەو ژیانێکی واقیعی هانت ئەدا!

به پێکەنینەوە وتی: ژنێك کە جگە لە خواردن و نوستن چ شتێکیتر نەزانێ؟

+ ئێستا تۆ رائەبوێری!

− جیاوازی نیە کاممان رائەبوێرین.. بەڵام چۆن تەسەوری ژیانی ئادەمیزادێك ئەکەیت لەو بارو دۆخەی منا بژی؟

+ ژیانی تۆ لە ژیانی زوربەی خەڵکی ئەچێت.. زوربەی خەڵکی ئاوا ئەژین.

− بەڵام ئەو زوربەیە وەك ئەلیاس نین، رەنگە بڵێی من ئادەمێزادێکی لەخۆبابیم، خۆم زۆر خۆش ئەوێ، گەرواش نەڵێی ئەوا بیر لە وەها شتێك ئەکەیتەوە.. بەڵام وەك لەمەوبەر عەرزم کردیت.. من چکۆڵەترین شتم لە ئادەمیزادا تیاماوە.. بەڵێ هێشتا ئەخۆم و ئەنووم و منالێ ئەخەمەوە.. بەردەوام ئەوشتانە.. رەنگە هەموو رۆژێم بیانکەم.. بەڵام ئەو شتانەی کە لە خەڵکی ترم جیائەکەنەوە لێرەو لەوێ دایە (بەسەرو سنگی خۆیدا کێشا) کرمێك لەم سەرەدا هەیەو بەردەوام سەرگەرمی هەڵکۆڵێنە.. وەك سەعاتی کەنیسە سرەوتنی بۆ نیە.. لەم جێگەیەشا.. (دەستی بۆ سنگی راکێشا) بەردێکی زل هەیە وەك بەردە ئاش .. لەگەڵما هەڵئەستێو ئەنوێ..ساتێك چیە لێمناگەرێ..

+ بیرلە چی ئەکەیتەوە؟ ئەو بەردە چی ئەهارێ؟

− ئیتر ئەمجارەیان رائەبوێری.. گەر رانابوێری ئەی لە سەرەتای شەوەوە باسی چیت بۆ ئەکەم؟

+ تائەم رادەیە نەزان نیم.. ئەمەوێ راستەوخۆ گوێم لێت بێ..

− هەموو شتێکت گوێ لـێبوو!

+ زیاترم ئەوێ.. ئەمەوێ بۆم بدوێی!

− لە بارەی چییەوە؟

+ دوای ژن هێنان چۆن ژیایت؟ هەر زەویت ئەکێڵاو قسەت بۆ درەختەکان ئەکردو داوات لـێ ئەکردن.. گەورەبن و بەربگرن؟

− ئەتەوێت چیم کردبا؟ جگە لەوە شتێکی ترم نەئەزانی؟!

تاوێك وەستا، زەردەخەنەیەکی خەمینی هاتێ.. پاشان لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

گوێ بگرە.. دوای ئەوەی بۆ تیبە گەرامەوە.. جگە لەم کاسپییەی کە ئێستا ئەیکەم.. چوار کاسپی ترم تاقیکردەوە.

+ تەنها چوار کاسپی؟

− جارێکیتر کەوتیتەوە رابواردن.. وانیە؟

+ تۆ بەدگومانیت لە خەڵکی.. بۆچی بەردەوام هەست ئەکەیت پێت رائەبوێرم؟

– گێل نیم، لە چاوانتا.. لە جۆری پرسیار کردنەکەتا.. سەرنجی ئەوە ئەدەم.

+ ئەلیاس.. تۆ هەڵەیت!

– وەك هەمیشە!

+ گەر ئەتەوێ پرسیار نەکەم.. ئەوا پرسیار ناکەم.. تەنها شتێ کە تەمەنای بکەم ئەوەیە قسەم بۆ بکەیت!

– دوای ئەوەی قەشە سەمعان نیوەی زەوییەکەی دزیم و نەسراویش نیوەکەیتری برد.. بە خۆم گوت: ئەلیاس.. چ هێستریێکیت!.. بە درێژایی رۆژ لەپێناوی نان دا شەکەت ئەبیت.. من ئەزانم کە هەموو خەڵکی بە دوای نان دا رائەکەن.. بەڵام جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەو کولێرەیەی کە لە خۆری ئەسەنیت و بەلەزەتەوە ئەیخۆیو لە نێوان ئەو کولێرەیەی کە وەك ئالیك بۆ مەڕو ماڵاتی تووڕ هەڵئەدەن.. ئەوان هەموو بەروبومەکەیان ئەدزیو کولێرەیان بۆ تووڕ هەڵئەدام.

لەو ماوەیەدا هەمان خەونی شێتانە هاتەوە وێزەم، دیسانەو کەوتمەوە لە فیکرەوە چوون و خەون بینین..

خەونم بینی لە نانەوەخانەیەکا ئیش ئەکەم، بە خۆم وت: (ئەبمە نانەوایەکی چاك، خەڵکی بە نانێکی تێکەڵ بە هەناسە تێر ئەکەم و چ باکی قازانجم نیە.. هەروا بە خۆم ووت: مادامێ ئەدمە لە ئێوارەوە ئەنوێ، ئیدی چ شتێ هەیە بەرەو ماڵێم بەرێتەوە؟ لە نانەواخانەکەدا گەرمایی لەهەر بەردێکییەوە پرشنگ ئەداو منیش لەوێ کاتی خۆم بەسەر ئەبەم.

هەویر ئەشێلم و نان ئەبرژێنم، قسە لەگەڵ خەڵکیدا ئەکەم، بە رۆژیش ئەنووم.. ئەدمەش بێزار ناکەم.. لـێ ئەگەرێم بە ئارەزوی خۆی بخوا.. بەلأم بائەویش لێم گەرێ بە کەیفی خۆم بنووم و خەون ببینم!

ئاوها کەوتمەوە تێفکرین، چەند جارێك چووم بۆ لای ساڵحە کوێری خاوەن نانەواخانەکە.. بەدەم چا خواردنەوەوە، وەك دوو پیاو ماقووڵ کە بەکارو بارەکانی ژیانەوە خەریك بن و بە هاوسەنگی بیربکەنەوە.. سەری قسەم دامەزراندو وتم: وەستا ساڵح ئەزانیت نانەواخانەکەی ئەلیاس یەکەمین نانەواخانەبوو لە تیبەدا کە بەر لە نانەواخانەکەی تۆو نانەواخانەکەی قەشە سەمعان کراوەتەوە، گەر سەیری سەربانی دوکانەکەی حاجی موتعیب بکەیت، ئەو دوکانەی کە بە پاڵ مزگەوتەکەوەیە، ئەزانیت کە ئەوێ رۆژێ لە رۆژان نانەواخانەکەی ئەلیاس بووە! بەلأم خەڵکی تیبەی ئێستا.. جیاوازییان لەگەڵ خەڵکی تیبەی پانزە ساڵ لەمەوبەردا هەیە.. جاران نانی نانەواخانەیان نەئەخوارد.. بەلأم ئێستاکێ ئەیخۆن!

وەستا ساڵح بەسەر راوەشـاندن قسەکانمی سەلماند، لە یەکەمین بولێڵی ئێوارەدا

بەدەم قسەوە قوممان لە چاکانمان ئەدا..

– وەستا ساڵح شاگردت ناوێ؟

بە حەپەسانەوە سەیرێکی کردم، نەیئەزانی چیم وەلأم بداتەوە، بێدەنگیی باڵی بەسەرا کێشاین.. ویستم بەرلەوەی دەرفەتەکە لە دەست بچێ لەو بێدەنگی‌یەی دەربێنم. وتم:

– مرۆڤ چەند بەهێزو بەکاربێ، بە تاقی تەنیا هەر خۆی دەرەقەت نایە، پێویستی بە یارمەتی کەسانیتره.
سەری رەزامەندی لەقاندو وتی:– خەڵکی خزمەتکاری یەکترین.. هەرکەسێ لە خزمەتی ئەوانیترایە، ئەوانیش خزمەتی ئەم ئەکەن.. مەزەنە بکە گەر تیبە نانەواخانەی تیا نەبووایە؟ ئەوکات ئەبوو هەر ماڵەو تەنوورێکی هەبێ.. وەك ئەوەی پێشتر وابوو.. هەموو ماڵێك نانی ئەکرد.. بەڵام حاڵیحازرمەسەلەکە گۆڕاوە، من نانەوایی ئەکەم، تۆ بە کشت و کاڵەوە خەریکیت، حاجی موتعیب سەوزەوات ئەفرۆشێ، وەستا زەکی بەنایی ئەکا... ئەلیاس ئێمە پێویستیمان بە یەکترییە.
بە تەوسەوە وتم: وەستا ساڵح.. ئەی قەشە سەمعان چی ئەکا؟
بە زەردەخەنەوە وتی: تۆ مەسیحیت و لە من باشتر ئەزانی چ ئەکا!
وتم: من دواکەسم کە نازانم قەشە چی ئەکا!
بەکاوە خۆ چاکانمان هەڵقوراند، بە خۆم ووت: ئەمە یەکەم هەنگاو بوو. جارێ ئەو باسە هەڵئەگرم، پاش ماوەیەکیتر ئەگەرێمەوە لای.
لێت درێژ نەکەمەوە، دوای دوومانگ هەوڵدان، بە فێڵ و تکاو تەماع پێدان، وەستا ساڵح رازی بوو ئیشی لەگەڵا بکەم.
کاتێ لە نانەواخانەکەدا دەستم بە ئیش کرد، نەسراوی بچووك تورەبوو،کردیە هەرا.. وتبووی: ئەلیاس شێتەو نەسراوی گەورەش لەو شێت ترە.. سێ رۆژ بەر لەوەی ببمە نانەوا، شەوێك هاتە ماڵەوەو ئەدمە لە مابەینمانا دانیشت .. وتی:
– بینینت؟ گەر زەوییەکەت نەخستایە سەر ئەدمە چی ئەقەوما؟ گەر وامان نەکردبا..ئەوا دەتفرۆشت و سەرلەنوێ ئەتدایەوە دەشت و کێو!
وتم: ئیتر حەوسەڵەی زەویم نەماوە، زەوییەك هێندە هاتۆتەوەیەك کە ئیدی کەسی لەسەرناژی، بە درێژایی ساڵ تاکو وەرزی خۆی دێت خزمەتی ئەکەم، کە وەرزی خۆشی هات میوە لە بازاردا هەرزان ئەبێ، کەس نیە بیانگوێزێتەوە، هەندێ جاریش لەو ناوەدا ئەگەنن.. گەر نەبوومایەتە نانەوا، ئێوە پارەکەتان ئەبردو هیچتان بەش نەئەدام.
وتی: ئێمە هیچ نابەین.. خۆت و مناڵەکانیشت بەخێو ئەکەین، لەمەولا چۆن مناڵەکانت بەخێو ئەکەیت؟
وتم: بۆ خاوەن نانەواخانەکان مناڵەکانیان پێ بەخێو ناکرێ؟
بە تەوسەوە سەیرێکی کردم وتی:
– ناشێ بڵێی خـاوەنی نانەواخانەم؟ تۆ شاگردیت .. چەند رۆژێکەو دوایی

ساڵحە کوێر تڕۆت ئەکا.
وتم: ئەوکات بەدوای کاسپی‌یەکی‌ترا ئەگەڕێم!
وتی: ئەی زەوییەکە؟
وتم: زەوییەکە هی خۆتانە.. هی ئێوەو قەشە سەمعان..
بێزار بووم لەوەی وەك کەری کوێر لە بەرەبەیانییەوە تائێوارە باوە خولێم بیّ!
ئەمجارەیان بۆ ئەوەی قاییلم کا، بە هێمنی وتی:
– ئەلیاس ئەقلّ بێنەرەوە بەرخۆت، تۆ ئێستا وەك جاران زگورتی نیت، خاوەن ژن و منالّیت.. بیرێك لە ژیان و پاشەڕۆژیان بکەرەوە!
وتم: هەرچیم دەسکەویّ ئەیدەمە ئەدمە، تۆیش تەگبیری زەوییەکە بکە.
وتی: سالآنێك لەمەوبەر، خەڵك و ئاژەڵت لەپێنـاوی زەویدا کوشت، ئێستاش وا بەئاسانی دەسبەرداری ئەبیت؟ ئارامم نەماو وتم:
– لە سبەینیّوە لە نانەواخانەکە ئیش ئەکەم.. درەختەکانیش باوابن تاهاوین.. بەڵام لە ئێستاوە پێت ئەڵێم تەگبیری زەوی‌یەکە بکە، تاکو گەر بۆی نەگەڕامەوە سەرزەنشتم نەکەیت!
هەوڵی زۆر لەگەڵدام، بەڵام ئەو بلێسە ئاگرەی کە لە تەنوری نانەواخانەکەوە بەرزئەبۆوە، بە بلێسەی پەرۆشییەك ئەچوو کە لە سینەمەوە هەڵئەقوولی‌و بۆ لای خۆی بانگی ئەکردم. کەمتر لە هەفتەیەك، بەرکۆشێکی شینم لە نێو قەدمەوە ئالآن و سینگم لیّ رووت کرد.. بەوپەڕی خرۆشەوەو بیّماندوو بوون، نانم لە تەنورەکە ئەناو بە برژاوی ئەم هێنایە دەرەوە.. جۆرە نانێك کە ئەکرا ئادەمیزاد بیّ پێخۆر بیخوات.
+ ئەی نەسراوی چی لە زەوییەکە کرد؟
– لە نەسراوی.. لەو ئاژەڵە بیّ فەڕە گەڕیّ.. جگە لە پارە کۆکردنەوە فڕی بە دونیاوە نیە!
+ ئەی زەوییەکە؟
– جوتیارێکی بۆ گرت.. دوو سیّ ساڵ بەری هێنا، دوایی بە قەشە سەمعانی فرۆشت، بەڵام سەیر ئەوەیە هێشتا سیّ چوار مانگ بوو نانەوا بووم، بە هەڵەداوان هاتبووە لای خوشکەکەی، هاتبووە لای ژنەکەم و وتبووی: نەمئەزانی نانەواخانە ئەم هەموو قازانجەی بەدەمەوەیە،، ئەدمە تۆ دڵنیایت؟ لە قسەکانی ئەلیاس تەواو دڵنیایت؟ ئەلیاس فشە ئەکا.. گەر بیەویّ نیسکیّ ئەکاتە کێوێك، گەر بیەویّ هەرشتیّ ئەگەیەنێتە کەشکەلآنی فەلەك، گەر خۆشی حەزی پی‌نەبیّ ئەستێرە بە ناخی ئەرزا ئەبا.

ئەدمە پارەکانمی پیشاندابوو، ئەویش لـێی وەرگرتبوو.. ژماردبووی‌و بەدەم تێفکرینەوە ماوەیەکی درێژ لە نێو چنگی نابوو..

– ئەزانی ئەمجارەیان بەر لە خواحافیزی بە ئەدمەی وتبوو چی؟

+ پـێی وتووە پارەکانم بەرێ بۆت هەڵگرم.. وانیە؟

– نەخێر.. (زەردەخەنەیەکی هاتێ).. پـێی وتبوو: ئەدمە ئەڵـێی چی زەوییـــــەکە بفرۆشین و بە پارەکەی نانەواخانەیەك بكڕین؟ پێ ئەچێ نانەواخانە لە ئاڵتون باشتربێ!

کە رۆژی دواتر گەڕامەوە ماڵەوە، بینیم ئەدمە بە پێچەوانەی جارانەوە، لەنجەو لارم بۆ ئەکات و بەدەممەوە پـێ‌ئەکەنێ.. تێشتی خۆشی بۆ لـێنابووم و کاتێك دەستم بە خواردنی کرد، کەوتمە گومانەوەو ترسام.. بێدەنگییەکی قورس باڵی بەسەراکێشاین، ئەو بێدەنگییەکەی شکان و وتی:

– ئەلیاس.. ئیشت لە نانەواخانەکەدا چۆنە؟

بە حەپەسانەوە وتم: بۆچی ئەپرسیت؟ پارەی تەواوت بۆ مەسرەفی خواردنەکەت نادەمێ؟

وتی: دوێنێ شەو حەننا هات بۆ ئێرە.. حەننا ناوی ئەسڵی نەسراوی بچووك بوو، پـێی وتم: ئەیەوێ نانەواخانەیەك بکاتەوە، حەزیش ئەکا ئیشی لەگەڵا بکەی، ئەڵـێی چی؟

وتم: خۆ قەشە سەمعانیش نانەواخانەیەکی هەیە.. بۆچی ناچێ لەگەڵ جەنابیا شەریك بێ؟

وتی: حەننا ئەیەوێ پاشەڕۆژت دابین بکا!

وتم: من بەکاری خۆم رازیم و کاریتر ناکەم.

وتی: حەننا ئەڵێ نانەواخانە لە ئاڵتون باشترە، لەو مریشکە باشترە کە هێلکەی ئاڵتون ئەکا!

وتم: مادامێ وایە، بابڕوا بۆ لای قەشەو لە نانەواخانەکەیدا شەریك بێ.. قەشە سەمعان و نەسراوی لە زۆرشتا شەریکن .. لە زەوی، لە نانەواخانە، لە رەزای خوا...

وتی: مەیکەرە گاڵتە.. داوای لێکردوم رات بزانم.. گەر حەزیش ئەکەی پێکەوە سەرێکی لـێ‌ئەدەین و ئەو بۆخۆی قسەت لەگەڵا ئەکا.

وتم: ناچم!!

قسەکانمان تەواو، هەستم کرد ئیشتیهای ئەو خواردنەم نەماوە کە ئەیخۆم، بەخۆم ووت: ژنان تا شتێکیان لە بن سەرا نەبێ، خۆراك بە مێردەکانیان نادەن!

+ لە نانەواخانەکەدا تامی بەختەوەریت چەشت؟

– نۆ مانگی رەبەق لە نانەواخانەکەدا مامەوەو کارم کرد، نانەواخانەکە لە زستاندا بۆ من نیعمەمت بوو، هەستم ئەکرد پاشام کاتێ لە بەردەم تەنورەکەدا رائەوەستام.. بەهار هات.. درەختەکان لە سەرما کەوتنە گۆرانی وتن، دەمگوت داخۆ لە وەرزی بەهاردا چۆن بن؟ بڵێی کێ پشکوتنی شکۆفەکان تەماشاکا؟ کێ بۆ بەرگرتن لە کەوتنە خوارەوەی بەرەکان، بە رووی رەشەبادا ئەوەستێ؟ کێ قسە بۆ نەمامەکان ئەکا، تا گوڕی گەورەبونیان باتە بەر؟!

لەبەر تەنورەکەدا زۆر لەگەڵ خۆما ئەدووام، بەلام ئاگاشم لە نانەکەی وەستا ساڵح بوو، نەمئەهێشت بسوتێ، تانەیشبرژایە لە تەنورەکەم دەرنەدەهێنا... بەهار تێپەڕی و گرەی گەرما روخساری دائەگیرساندم و دارەکانیش بۆنی درەختەکانی بێستانە کۆنەکەمیان لێئەهات...

ددانم بە خۆدا گرت!

لە هاوینا بە ئاگر سوتام، بە یادەوەریی ترێ و هەنجیر سوتام، هاوڕێم.. مەزەنەبکە، لە رۆژانی مانگی ئاب دا شەونم خۆی لە نێو سێبەری درەخت دا حەشار ئەدا کێڵگەکەمان لە یەکەمین ساتەکانی کازیوەدا، ئەوکاتەی ئێمە سەرگەرمی لێکردنەوەی ترێو هەنجیر بووین، پڕ لە بۆنێکی وائەبوو، بۆنێك لە جیهاندا بێوێنە.. نەبۆنی درەختەو نەهی شەونم.. بەڵکو بۆنی شتێك کە نازانم چۆن ناوی بنێم!

دڵم لای ئەو درەختانە بوو کە کۆڵەکیان ئەویست، ئەمگوت: تۆ بڵێی ئەو جوتیارەی بۆ زەوییەکە بەکرێگیراوە، کۆڵەکی پتەو بۆ ئەو درەختانە دانێ؟ بڵێی پەنجەکانی بە میهرەبانی بنێتە سەر میوە تەڕو تازەکەو بەر لە لێکردنەوەی هەستی پێبکا؟ خەیاڵم زۆر ئەڕۆیشت.. بەلام کارێکم نەئەکرد نانەکانی وەستا ساڵحیش بسوتێن!

تا ڕۆژێکیان وەستا ساڵح بە توڕەیی هاتە لام و وتی:

– خزمەکەت، حەنای نەسراوی، بە دوای کەری تۆپیوا ئەگەڕێ ناڵێکا.. جگە لە کردنەوەی نانەواخانە، کاسپیەکیتری نەدۆزییەوە؟

وتم: من لەگەڵیدا نەبووم شتی وابکا.. پێشنیاری بۆ کردم نانەواخانەیەکم بۆ بکاتەوە.. بەلام من پێم ووت: پشتی وەستا ساڵح بەرنادەم.. حەزناکەین نانەواخانەیەکیتر لە تیبەدا بکرێتەوە.

وەك ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بدوێ.. وتی:

– تەنها باوەڕ بە برای دینی خۆت بکە!

وتم: وەستا ساڵح تۆ هەڵەیت، من خیانەتت لێ ناکەم، گەر بتدیبا چۆن بەرپەرچی نەسراویم دایەوە... ئەوا حیسابی زیاتر لە برایەکی خۆتت بۆ ئەکردم.

وتی: بەهەرحاڵ بابزانین... بەڵام لە ئێستاوە پێت ئەڵێم تیبە لەوە چکۆڵەترە نانەواخانەیەکیتری تیابکرێتەوە، ئەو نانەواخانەیەش ئەبێتە نەگبەتی بۆ هەموومان.. بۆ تۆو بۆ من و بۆ نەسراوییش...

ئیتر لەوە بەدوا.. وەستا ساڵح سەیرکردنێك سەیری ئەکردم کە پێی نیگەران بووم.

جارێکیان، نانێکی سوتاوی بینی، وتی:

– هائەلیاس.. دەستتان پێکرد؟

پرسیم: مەبەستت چییە؟

نانە سوتاوەکەی بە دەستەوە گرت و بە رووما بەرزی کردەوە.

وتی: حەرام نیە؟ لە خوا ناترسی؟ یان نەسراوی ئەوها دەرسی داداویت؟

خەریك بوو لە داخا ئەتەقیم، وتم: وەستا ساڵح پێم بڵێ لە ژیانتا چەند نانت سوتاندووە؟

وتی: بەڵام تۆ لەمەوبەر لای من نانت نەسوتاندووە.. ئەی ئێستا بۆ ئەیسوتێنی؟

وتم: رێکەوت ، ئەمتوانی لە نانەکە بگەڕێم بێئەوەی بیبینی بۆ خـۆی بســوتێ..

سانا بوو بیخەمە بنی تەنورەکەوە.. بەڵام..

وتی: ئاخری خێرە..

هەردووکمان بێدەنگ بووین، متەقمان لەخۆ بڕی، هەستم کرد ژیان سەرلەنوێ کەوتۆتەوە گەمارۆدانم، وەك ئەوەی دوژمنایەتییەك لە نێوان من و ئەم دونیایەدا هەبێ، دوژمنایەتییەك هەر کە بۆ ساتێك هێور ئەبێتەوە، دواتر توندترو بە هێزتر بڵێسە ئەسەنێ!

بە خۆم وت: ئەلیاس هەموو شتێك بیر خۆت بێنەرەوە.. چایخانەکە، یانسیب فرۆشتن، شوانکارەیی... چیت بەچیکرد؟ ئەتەوێ شانست لە نانەواخانەکەدا لەو کاسپیانەی تر باشتر بێ؟

بەرگەم زۆرگرت، بە خۆم گوت پێویستە ئارام بگرم، ئێستا ئیدی تەنها نیم، ئەدمە نانی ئەوێ، منداڵان نانیان ئەوێ.. پێویستە بەرگەی قسەکانی وەستا ساڵح بگرم.. پێویستە لە نەسراویش دوورکەومەوە، وەك چۆلەکەی نێوان دوو بەرداشەکەم لـێنەیەت!

رۆژێکیان بە تورەیی گەرامەوە ماڵ، ئەدمەم لە خەو هەستان.

وتم: نەسراوی چی ئەوێ؟ ئەیەوێ بمکوژێ؟

چاوانی هەڵگلۆفیو شتێ بە قورگیدا چووە خوارەوە، پاشان بە سەرسورمانەوە لێم وردبۆوەو وتی: سوێند بە مەسیح تۆ رقت لە هەموو

کەسێکە.. بۆ واز لە حەننا ناهێنی؟ گەر پیاوی بۆ خۆت ناچیت بۆ لای؟

وتم: ئەدمە.. نەسراوی رزقم ئەبڕێ، خەریکە ناکۆکی ئەکەوێتە نێوان من و وەستا ساڵحەوە، سەیر کردنەکەیم بە دڵ نیە، ئەڵێ نان ئەسوتێنی، دەست بۆ دەخیلەکە ئەبەی، ئەڵێ تۆ پیلانم لێ ئەکەیت.. بە مریەم و قورئان سوێندی بۆ ئەخۆم.. باوەڕناکا.

تاوێك حەوامەوەو لە فیکرەوە چووم..

لێم پرسی:

+ باشە نەسراوی چی لێم ئەوێ؟

بە باوێشك دانەوە وتی: ئێستا بنوو.. بەیانی قسەیەکی لێ ئەکەین.

نانەواخانەکەم لێ بووە دۆزەخ، ئەتگوت بێگارم پێ ئەکەن کاتێ هەویرەکەم ئەشێلا، روانینەکانی وەستا ساڵحیش لەولاوە بووەستێ.. روانینێکی قورس و بەگومانانە.. تیامابووم چیم کردبا.. چۆن قەناعەتم بە وەستا ساڵح هێنابا؟

چۆن لەگەڵیدا هەڵس و کەوتم کردبا؟ ئەی لەگەڵ نەسراویدا چۆن؟

لە ماوەی چەند رۆژێکدا، نانەواخانەکەی نەسراوی کەوتەگەڕ، لە هەمان ئەو ساتەدا کە بڕیارم دا ساڵحە کوێرو نانەواخانەکەی جێبێڵم، بیریشم لەوە کردەوە بەیەکجاری لە تیبە هەڵبێم.

هاوکات لەگەڵ وازهێنانم لە نانەواخانەکە، بە رێکەوت شاگردەکەی ئوتێلی (سەعادەت)یش وازی لە کارەکەی هێنا.. خاوەن ئوتێلەکە بە دوای شاگردێکی ترا ئەگەڕا.. سێ کەس بۆ ئەو ئیشە چووینە پێش، بەڵام هەر من هەڵبژێررام.. خاوەن ئوتێلەکە پێی وتم: تۆ دونیا دیدەو شارەزایت، بە حەزی رێبواران ئاشنایت.. لەسەروو ئەوەشەوە سەرت لە خوێندەواری دەرئەچێ.. ئەلیاس نامەوێ چ تەنگ و چەڵەمەیەکم بۆ بنێیتەوە، ئەمەوێ هەمیشە لە پشت مێزەکەوە بیت..گەر دەست پاك و گورج و گۆڵ بیت.. کرێیەکت ئەدەمێ بە دڵی خۆت.

چەند رۆژێك دواتر، دەستێ جلی پاك و تەمیزم پۆشی، بە کەش و فشەوە لە پشت مێزەکەی ئوتێلی (سەعادەت)ەوە دانیشتم، گەر لەو کاتەدا کەسێ منی بینیبا، بۆ ساتێ باوەڕی نەئەکرد چەند رۆژێ لەوەوبەر نانەوا بوبێتم، گەر کەسێکیش لە روخسارم ورد بووایەتەوە، زیاتر بڕوای ئەکرد کە من مرۆڤێکم دڵم لێوان لێوە لە خۆشنودیی.. خەڵکی تیبە ئەوانەی ئەیانناسیم ئەیانگوت: پیاوێکی نەگبەتەو بۆ ساتێك چیە جێگە بە خۆی ناگرێ.. ئەشێ خواوەندی لـێ چووبێ بە رقا.. یان ئەشێ غەزەبی دایك و باوکی گرتبێتی.. دوای مردنی ژنەکەی، نەگبەتیەکەی زیاتر بووە.. یاخود ئەیان گووت: ژنی هێناوەو منالی هەیە، کەچی تا ئەم لەحزەیە لەگەڵ ئافرەتێکا ئەژی کە بیست ساڵ لەمەوبەر مردووە.

چ کەسێك نیە لەم دونیایەدا ئەلیاس بناسێ، تەنانەت خودی ئەلیاسیش خۆی ناناسێ... شتێکی شاراوە لەو کابرایەدا هەیە.. شتێك زەحمەتە بۆ تێگەیشتن.

+ بەڵام ئەلیاس تۆیش وەك خەڵکانیتر وایت، وائەزانیت ژیان تاکۆتایی بەدەم کەسێکەوە پێ ئەکەنێ؟ کێ هەیە لە ژیانیا رووبەڕووی ئازارو بێکاریو رق نەبوبێتەوە ؟ کێ هەیە بە درێژایی ژیانی تێر بووبێ؟ نامەوێ تەسەللات بدەمەوە.. تۆیش وەها داوایەکت لە کەس نییە.. بەڵام تۆیش هەروەك خەڵکانیتر.. وەك ئەو خەڵکانەی کە بەرلەوەی پزیشك بگاتە سەریان ئەمرن، وەك ئەوانەی بەناچاری منالەکانیان جێدێڵن.. چونکە شتێك شك نابەن منالەکانیانی پێ تێرکەن.. ئەلیاس.. زوربەی خەڵکی خاوەن خەم و هەممی خۆیانن!

– زۆر فێربووم.. زۆر، تائێستاش هەر فێر ئەبم و ئەبینم.. بەڵام شتێك هەیە لەناخما هەستی پێئەکەم، شتێك کە رێگەنادا بۆ تەنها ساتێك بحەوێمەوە.

+ وامەزانە، هێمنیی سەر روخسارەکان، بەڵگەی بەختەوەریی بێ، شتێ لەناخی هەموو ئادەمیزادێکا هەیە، ئەیهەژێنێو ئازاری ئەدا.

– باوەڕم پێبکە نازانم، هەوڵم دا سنگم هەڵدڕم و لە ناوەوەی ڕا بنواڕم.. بەڵکو ئەوشتە ببینم، بەلاَم چەندین سەعات تێپەڕیو منیش بێهوودە تێئەفکریم.. هەرچەندێك زیاتر لە بیرکردنەوەدا ڕۆچم، زیاتر واقم وڕئەمێنێ.

+ تۆ زیاد لە پێویست خەمت بە دنیاوە هەڵگرتووە.

– هەرچی ئەڵێی بڵێ.. وەك پێم وتیت ئەوەی نەمناسیێ نازانێ لە بارەمەوە چی بڵێ!

+ ئەلیاس.. ئاخری لە ئوتێلی سەعادەت دا حەوایتەوە؟ ماوەیەکی درێژ لەوێ مایتەوە؟

– وەك هەر جارێکیتر خۆم خەڵەفاند بەوەی کە ئیتر حەواومەتەوە.. زۆرم بۆ ئەم سینگە ئەهێنا نەبا شەق بەرێ.. بە خۆم ئەگوت: ئەلیاس.. ئۆقرە بگرە.. ئاقڵ بە.. وەك جاران تەنهاو ڕەبەن نیت.. پێویستە لەمەولا بیر لە خەڵکانیتر بکەیتەوە!

بەسەرچاو... لە پشت مێزەکەوە دائەنیشم، زەردەخەنە لەسەر لێوم ئەنەخشێنم، لەگەڵ لێدانی زەنگەکەدا وەك سەگ بە پیرەوە ئەچووم، ئاوم ئەبرد، جگەرەم ئەکڕی، قاوەم لێئەنا، ئەو ڕێبوارانەم خەنی ئەکرد کە بۆ بینینی شوێنەوارەکان سەردانی تیبەیان ئەکرد، وەك ئەبینی من لە شوێنەوار ئەزانم.. یان لە کەسانیتر زیاتر ئەتوانم لە ڕوخساری ڕێبوارانا بیخوێنمەوە.

خەڵکی بە بەردەمما ڕەت ئەبوون، شەوێك دووشەو ئەمانەوە، هەر کە خەریك بوو بە ڕێبوارێك ئاشنا ئەبووم، لێی ئەداو ئەڕۆی، ڕۆژانە.. ئەم دیمەنە دووبارە ئەبۆوە: جانتای ئەو موسافیرانەم هەڵئەگرت کە لە ئوتێلەکە دائەبەزین، جانتانەی ئەو موسافیرانەم هەڵئەگرت کە ئوتێلیان جێئەهێشت، بەو کەسەم دەگوت کە تازە ئەگەیشت: گەورەم! ئەمە ژورەکەتە.. ئاوم بۆ ئەبرد.. گێلانە لێم ئەپرسی: گەورەم ئەمرێکیترتان نیە؟!

هەندێکیان شتێ پارەیان لە چنگم دەنا.. هەندێکیتریان ساردو سڕو بێئەوەی سەیرم کا دەیگوت: سوپاس..، هەندێکیتر هەر کە دەرگاکەت دائەخست و پێت ئەوت شەوباش، یەکسەر زەنگی لێئەداو بەغاردان ئەچوویتەوە لای، ئەیگوت: سەعات پێنج هەڵم سێنە.. تێدەگەی!، سەعات پێنج.. "منیش سەرم رائەوەشاند".

هەندێکیتر حەزی ئەکرد شەو لە دەرەوەی ئوتێل، لای هاوڕێیەکی لە تیبە ڕۆژکاتەوە، یان سەفەر بۆ دەوروبەری تیبە بکاو درەنگانێك بێتەوە، تۆیش ئەلیاس ئەبوو هەمیشە دەم بە زەردەخەنە بیت! ئەبوو لێکدا لێکدا زەردەخەنە لەسەر لێوت بێ.. بە ئەدەبەوە

وەڵامی هەموو پرسیارێك بدەیتەوە.. لە کات و ساتی دیاریکراوا بە دەم داخوازی خەڵکەوە بچیت! ئەبــوو بەرلەوانە لەخەو هەستیت، کە ئەیانەوێ زوو سەفەرکەن.. ئەبوو دوای ئەوانە بنوویت، کە ئەیانویست درەنگانێ بێنەوە.

لە ئوتێل مرۆڤێکی ساغ نەبووم، لە ئاوێنەدا سەیری خۆم ئەکرد، لەگەڵ ئەو هەموو ئارەزووەمدا بۆ نووستن، بۆ تەنیایی، بۆ قسە نەکردن لەگەڵ کەس.. کەچی هێشتا زەردەخەنەیەکی گەمژانەم لەسەر روخسارم ئەبینی.. من چ شتێکم لە خەڵکی نەئەویست.. بەڵام چۆن خەڵکی لێم ئەگەڕان؟

+ ئەی ژنەکەت.. ئەی حەنە.. بیرت لـێ نەئەکردەوە؟

– قورسترین شتێ ئەوەیە کە مرۆڤ خاوەنی خۆی نەبێ، کاتێکی زۆرم لە پشت ئەم مێزەمەوە، یان لە ماڵەوە بە دەستەوەبوو، بەڵام وەها کاتێك لە سیاقی زەمەن ئەچێتە دەرەوە... ئەچوومە ماڵەوە ئەدمە نووستبوو، کە ئەشهاتمە دەرەوە هەرنووستبوو! لەساتە درێژەکانی ئەودیو مێزەکەشەوە جگە لە حەنە بیرم لە چ شتێکیتر نەئەکردەوە.

بیرم لە درەخت و سەفەرو ژیانی خەڵکی ئەکردەوە، بیریشم لەو رێبوارانە ئەکردەوە کە بۆ شەوێك لایانئەدایە ئوتێل و بۆ بەیانی ئۆغریان ئەکرد..

گەر حەنە نەبووایە، قورس بوو گوزەراندنی ئەو سەعاتە درێژانە، هەمیشە بیرم لێئەکردەوە.. لە بەردەمما ئەمبینی، بە یەکەوە ئەدواین، گەر گوێمان لە زەنگێك یان بانگی یەکێ لە موسافیرەکان با، پێکەوە بەڕاکردن بە دەنگییەوە ئەچووین، کاتێ سەرنجی ئەدا هەڵگرتنی جانتاکان ماندووی کردووم، یارمەتی ئەدام.. رەنگە پێت سەیربێ گەر بڵێم هەستم بە دەستەکانی ئەکرد کاتێ جانتاکانی لەگەڵما بەرز ئەکردەوە، خەمیشی ئەخوارد کاتێ هاورێیەکمان لـێجیائەبۆوە.

مرۆڤ ئەیتوانی چ بکا، گەر خۆی بەم جۆرەشتانەوە خەریك نەکردبا؟ دڵنیابە گەر حەنە نەبا، سەرم بە دیوارا ئەکێشاو خۆم ئەکوشت، بیریشم لە مناڵەکان ئەکردەوە.. ئەمگوت: پێویستە چی بخۆن؟ پێویستە چی بپۆشن؟ بەڵام حەنە بەردەوام بەژوور سەرمەوە ئەشەکییەوە.. ژیانێکی گەورەم لە پاڵما ئەویست، وەك پێشم وتیت: خەوو خواردن بۆ ئەدمە لە هەموو شتێکیتر باشتر بوو!

لەو ماوەیەی کە لەو ئوتێلەدا کارم ئەکرد، هەڵس و کەوتم زۆر گۆڕا، لە خۆوە توڕە ئەبووم و زوو زوو هەڵئەچووم، هەموو زەنگێك.. بە

زەنگی کەنیسەشەوە کەللەیی ئەکردم، وەك ئەوەی دەنگێ بیٚو بە سەرما بقیژێنیٚ.. هەموو دەنگێك لەدواوە، بەلامەوە بانگێ بوو داوای هەڵگرتنی جانتای لێئەکردم.. داوای لـیٚ ئەکردم پەرداخێك ئاو بەرم.

وام لـیٚهات.. زۆر ئەچوومە ژێر خەیاڵەوە، ئەو زەردەخەنانەی لە ئوتێلەکەدا لەسەر روخسارم ئەمنەخشاند، لە ماڵەوە ئەبووە قیژەو تورەیی بە رووی ئەدمەو منالەکانا.. وەك ئەوەی بمەویٚ تۆڵەیان لـیٚبکەمەوە!

مەسەلەکە هەر هێندە نەبوو، بەڵکو تەندروستیشم تێك چوو، تۆ ئەزانیت ناکریٚ ئادەمیزاد بکرێتە ئامێر، ئاوها شتیٚ مەحالە، کاتیٚ دەنگی زەنگەکە بێداری ئەکردمەوە، جارێکیتر خەو نەئەچۆوە چاوم، کە خەویش لە چاو ئەتۆرا، ئەوا ئیتر ئەبوو تابەیانی دانیشم.. قاوە بخۆمەوە.. تۆزیٚ ئارەق بخۆمەوە. خۆ ئەگەر دەنگی زەنگەکە وەئاگای نەهێنابای، ئەبوو لەسەعات چواردا راپەڕیبای تا فلان موسافیر بێدارکەیتەوە.. ئەمەش مانای وایە کە نەئەبوو ئەو شەوە بنووم.. جەنابی موسافیریش تادرەنگانیٚ، تاسەعات پێنج لە بەزم و رەزمی خۆی نەدەکەوت، رەنگە لەو لەحزەیەدا خەوت لـیٚ کەوتبیٚ، هەزار پاساوت بۆ ئەو هەڵە چکۆڵەیە ئەهێنایەوە.. بیٚئەوەی بە تەنها وشەیەك ئیشارەت بەوە بدەی کە بە درێژایی شەو نەنوستوویت.

بەڵیٚ لە ئوتێلەکەدا تەواو گۆڕام، ئەدمەو نەسراوی گەورە هەستیان بەو گۆڕانە کردبوو، تەنانەت پوریشم سەرنجی ئەوەیدا، کاتیٚ رۆژێکیان چوومە سەردانی، چاوانی زەق کردنەوەو بەسەر سوڕمانەوە وتی: هیٚی ئەلیاس! زەمانە بە چ دەردێکی بردویت.. پێم وابوو گەر ژن بێنی، بۆ خۆت دەحەسێیتەوەو گەنج ئەبیتەوە... بۆ وات بەسەر هاتووە؟

بە درۆوە زەردەخەنەیەکم هاتیٚو وتم:

– پووریٚ پیربووم.. وائەزانی هێشتا گەنجم!

وتی: بەلام ئاخر زۆر گۆڕاویت!

– خەم!

لیٚی پرسیم: ئەلیاس خەمی چ شتێکت بە کۆڵەوە گرتووە؟

بە زەردەخەنەیەکی گەلۆرانەوە لە بارەی شتی ترەوە بۆی دووام تا ئەلیاسی بیرچێتەوە.

جارێکیان.. لەگەڵ نەسراوی گەورەدا بەدەم هەڵدانی پێکە ئارەقەوە پیٚی ووتم:

– واز لە ئوتێلەکە بێنەو وەرە بەیەکەوە ئیش ئەکەین!

وتم: ئەتوانم چ ئیشیٚ بکەم؟

وتی: له دگان کێشان و خەتەنەکردنی منالآندا یارمەتیم بده، شەوانەیش ئاهەنگ سازئەدەین.
بەلاّم له ئوتێلەکەدا مامەوەو به قسەیم نەکرد، تا رۆژێك هات و ئیدی برستم لـێبڕاو شەکەت بووم، هەستم کرد.. دلّم وەك مەلێکی سەربڕاو لـێ ئەدا.. به خۆم وت: ئەلیاس وازبێته.. برۆ یەك رۆژی تر چییه مەمێنەرەوە.
ئەمه ئەوەبوو که کردم، به ئەدەبەوه به خاوەن ئوتێلەکەم وت:
کاسپیی‌یەکی ترم دۆزیوەتەوە، زۆر لەگەلّم خەریك نەبوو، خواحافیزی لـێکردم و به زەردەخەیەکەوە گوتی: ئەلیاس! ژیان هەمووی ماندوویی‌یه.. وامەزانه ئیشی ئوتێل له ئیشەکانی‌تر قورسترببێ.. برۆ تاقیکەرەوەو بزانه چۆن به یادی ئوتێلی سەعادەتەوە کالّەك به ئەژنۆی خۆت ئەشکێنی!
ئوتێلەکەم جێهێشت و سووریش بووم لەسەرئەوەی پەشیمان نەبمەوە.
+ پەشیمان بوویتەوە؟
– لەچی پەشیمان بوومایەتەوە؟
+ ئەشێ ئەو کاسپیی‌یەی دواییت له ئیشی ئوتێلەکه باشتر بووبێ؟
– ئەوەیان زۆر گرنگ نیه! تاقه شتێ که پاش جێهێشتنی ئوتێلەکه هەستم پێکرد ئەوەبوو که ئازادم. راسته پێویسته ئادەمیزاد کاربکا، بەلاّم مافی خۆشیەتی بژی، له ئوتێل، گەرچی دیوارێك موجامەله له نێوان من و خەلّکیدا هەبوو، بەلاّم هەستم به خۆشەویستی نەئەکرد.. هەموو شتێك بەلامەوە مۆقەت بوو.. به ژیانی ئادەمیزادو تەنانەت به درەختەکانیشەوە!
+ جارێکی‌تر نەگەڕایتەوە ئامێزی زەوی؟

لەو ماوەیەدا بەینی نەسراوی بچوك و خوشکەکەی تێك چوو، یەکەم جار بەڵێنەکەیان وابوو کە نەسراوی بچوك موقابیلی زەوی‌یەکە ئەدمە بکاتە شەریك لە نانەواخانەکەدا، بەلاّم کاتێ نانەواخانەکە قازانجی باشی لێ‌ئەکەوتەوە، نەسراوی لەبارەی زەوییەکەوە پەڵپی بە ئەدمە ئەگرت.. پێ‌ی گوتبوو:

– خوشکێ.. زەوی‌یەکەتان چی‌لێ بکەم؟ بۆ ئەلیاس قەناعەت پێ‌ناکەی بۆ زەوییەکە بگەڕێتەوە؟

ئەویش وەڵامی دابۆوە: ئاخر حەننا تۆ زەوی‌یەکەت بردو وتت موقابیلی ئەوە سیٚ‌یەکی نانەواخانەکە بۆ منالّەکان!
به دەنگێکی شوشەیی مردوو وتبووی:
– ئەدمە، تۆ ئەزانیت فرم به زەوییەوە نییە، زەوی بۆ کەسیٚ باشە، بەردەوام خزمەتی بکات... ئەو کەسەش جگە له ئەلیاس کەسی‌تر نییە!
ئەدمە گەلۆرانە پرسی بووی: ئەی نانەواخانەکە؟
وەڵامی دابۆوە: ئەدمە نانەواخانەکە رۆژێك قازانجی هەیە رۆژێکیش زەرەر، ژنان نازانن کار له بازرگانیدا چۆنە... لـیٚی پرسیبوو: حەننا.. نانەواخانەکە چۆن زەرەر ئەکا، له کاتێکدا خەڵکی تیبە رۆژێك له نان خواردن ناکەون؟
به هەمان دەنگی ووشك وەڵامی دابۆوە:
– گەر خۆم بەسەریەوە نەبوایەم، دەمێك بوو زەرەری کردبوو، وەك چۆن ئەلیاس نانەواخانەکەی داخست، منیش دامئەخست، نانەواخانەکەی ئەلیاست یاد نیە؟
مەسەلەکە هەروامایەوەو ئەدمەو نەسراوی بچووکیش هەروا بەینیان نەبوو، نەسراوی گەورە وتی: مەســـــەلەکە بۆ خــۆم جیٚ بێلّن، بۆ رۆژانی جیٚ‌بێلّن .. هەمــوو
گیروگرفتەکان خۆبەخۆ یەکلایی ئەبنەوە.
+ ئەی تۆ.. دوای ئەوەی له ئوتێلەکە نەمایت.. خۆت به چی‌یەوە خەریك کرد؟
– ماوەیەکی درێژ بیٚ‌کاربووم، لەو ماوەیەدا گۆد ببووم، تاقەتم نەبوو پرسیاری ئیشیٚ له هیچ کەسیٚ بکەم .. نەسراوی گەورە هاتە لام و زۆری لێکردم پێکەوە ئیش بکەین.. بەڵام به قسەیم نەکرد.
تائەو رۆژەی کە (مەتری) هاتە سەردانم، بەڵیٚ (مەتری) کوڕی زێدان، سەعاتێکی نەبرد، لەسەر کاسپی‌یەك رێك کەوتین: وتی: به سەفەری کورت ئەڕۆیت، هەر هەفتەی جارێك، له شار ئالەف و پەیین ئەکڕی و شوانەکان لەگەڵ خۆت ئەبەیت، تا مەڕەکان بگەیەنن.. تۆیش به خاوەن خانەکانیان ئەدەیت، ئەتوانی وەها ئیشیٚ بکەیت، بیٚ‌دڵییت ناکەین.. ئەوەی دڵت ئەخوازیٚ بیکە، ئەوەش ناتەویٚ مەیکە!
بەمجۆرە لای میتری دامەزرام، نەمئەزانی کاسپیەکەم ناوی چیە، ناوی نەبوو، بەڵام تیایدا له یەك کاتدا هەستم به حەوانەوەو پیرێتی ئەکرد، سەفەرم ئەکردو ئەگەڕامەوە، ژیانم لەهەر کاتێکی‌تر خۆشتربوو، تەنانەت ئەدمە روانینێکی جیاواز له جاران لـیٚی ئەڕوانیم، به تایبەتی دوای ئەوەی کە بەینی لەگەڵ نەسراوی‌دا تێك‌چووبوو،

ئیدی وازی لە زۆر خۆریی هێنابوو، کە سەفەرم ئەکردو ماتڵ ئەبووم، ئەو شەونخونی ئەکێشا و لە چاوەڕوانیی گەڕانەوەمدا تەواوێك نیگەران ئەبوو!

+ بۆچی لای میتری نەمایتەوە؟ ئێستا ئەبینم خەریکی بازرگانیت و بۆ حسابی تایبەتی خۆت کار ئەکەیت!

– تۆ وەك ئەلیاس وایت، کرمەکە دڵت هەڵئەکۆڵێ.. ساتێك چیە لە پرسیارکردن ناکەویت!

+ ئەمەوێ شتێ زیاتر لە بارەی ئەم سەفەرەوە بزانم، ئەو سەفەرەی کە رۆژێك لەرۆژان دەستت پێکردووەو هێشتا کۆتایی نەهاتووە!

– هەموو شتێکت پێ ئەڵێم! بەڵام ئەم پەلەپڕوزکێیەی کە لە چاوەکانتا ئەیبینم ماندووت ئەکا!

+ ئەی تۆ ماندوو نەبوویت؟

– بۆ ماندووبم؟ تەسەوری چی ئەکەیت؟ من هێشتا بە گوڕم، گەر ئێستا بمگرن و هەموو شتێك بەرن، لە بەیانییەوە ئەکەومە گەڕان بەدوای دۆزینەوەی کارێکی‌ترا!

+ گرنگترین شت لەم ژیانەدا ئەوەیە ئادەمیزاد بە بەهێزیی بمێنێتەوە، کۆڵ نەدا، خۆی بە دەستەوە نەدا!

– بەڵێ خۆی بە دەستەوە نەدا.. رەنگە کەسانی‌تر هەبن لەو بەهێزتر، بەڵام ناتوانن ناچاری خۆ بە دەستەوە دانی بکەن.. بەردەوام ئەمەم بە خۆم وتووە.. بەڵام ئایا ئادەمیزاد ئەتوانێ بەردەوام یاخی بێ بەسەر سازش و خۆبەدەستەوەداندا؟

+ ئادەمیزاد بەهێزترین مەخلوقی سەرئەم زەمینەیەو بێهێزترین مەخلوقیشە.. ئاژەڵ توانای بەرەنگاربونەوەی هەیە بەڵام دواجار خۆی بەدەستەوە ئەدا، مێرووی چکۆڵە بەرەنگار ئەبێتەوە، بەڵام لە ساتەوەختێکی دیاری کراودا کۆڵ ئەدا.. بەڵام ئادەمیزاد ئەو مەخلووقە سەیرەی کە لە ژێر پێستیدا هەموو شتێکی هەڵگرتووە، ئەتوانێ بێهێزبێ، ئەشتوانێ تائەوپەڕی بەهێز بێ.. ئەوە لەسەر خودی مرۆڤەکە وەستاوە.

+ سنووری هێزی تۆ لە کوێدایە؟

– رۆژان پایەماڵی کردووم، وەك ئەبینی ماندووم، بەڵام لانی کەم تائێستا خۆم بەدەستەوە نەداوە.. ئەشێ رۆژێك بێ ناچاربم تەسلیم بم.. نازانم!

+ با بگەڕێینەوە لای تۆ .. دوای میتری چی‌بوو؟

– بەڵام لە بارەی خودی میتری‌یەوە قسەم بۆ نەکردیت..

+ چۆن حەز ئەکەیت بدویێ!
– ماوەیەکی درێژ لای ئەو کارم کرد، ئەو ماوەیە تەنها ساتە وەختێ بوو کە تیایدا هەستم بەوەکرد کە ژیانی ئادەمیزاد هەمووی پووچ نیە.. شتێکی سەیری لەخۆ گرتووەو تێگەیشتن لێی زەحمەتە، نازانم ئەوشتە چیە.. بەلاّم هەستی پێئەکەم.. چەندێ ئادەمیزاد هەولّی حەشاردانی بدا.. بەلاّم هەمووکاتێ ئەوەی بۆ ناچێتەسەر.. لەلای ئەو مامەوەو ئیشم کرد، تا ئەو رۆژەی بڕیاریدا بە یەکجاری لە شار دانیشێ، وەك کوری خۆی هانیدام لەگەلّیدا برۆم، بەلاّم قایل نەبووم.. وتی: لەگەلّمانا وەرەو هیچ ئیشێ مەکە.. قایل نەبووم، وتی: لە تیبە بمێنەوە.. نانەواخانەیەکت بۆ ئەکەینەوە، یان کێلّگەیەکت بۆ ئەکڕین... بەلاّم تازە لە هێزو توانای خۆم رانەئەبینی بچمە ژێر کارێکی لەو جۆرە.
دواجار بڕێك پارەی پێدام و چەند ووشەیەکیشی پێگوتم کە هەموو زەوی زاری دونیای ئەهێنا! بەدەم وتنی ئەو ووشانەوە، فرمێسکێکی چکۆلە لە چاوانیدا قەتیس مابوو، هەولّیدا بیشارێتەوە.. وتی: ئەلیاس! خوێنی ئەو مەرانەی کە رۆژێك لە رۆژان قەتلّوعامت کردن، وەك کانیەك وابوو کە لەناکاو ئەتەقێو ئیدی راوەستانی بۆنییە، من لەو رۆژەوە پێتەوە پەیوەست بووم، نازانم بۆ، تائێستاش نامەوێ بزانم. گەر گلەیی و سەرزەنشت کردنت بدەمە دەست رۆژان، ئەوا خوێنی مەڕەکان ئەبێتە میز.. با تا ئەمرین خوێن هەر خوێن بێ.. هەر رۆژێك ویستت بێ بۆلام وەرە.. گەر نەتتوانی جوابم بۆ بنێرە.. خۆم ئەگەمە لات!
ئەم برە پارەیەشم لێوەرگرە.. ئەشێ بەکەلّکت بێ.
پارەکانم لەو شوێنە جێهێشت کە لێی دانا، لە مالّ چوومە دەرێو یەکراست چووم بۆلای نەسراوی گەورەو پێم وت: هەرئێستا وەرە لەگەلّم! کاتێ گەیشتینە مالّ، پارەکانم پیشان داو وتم: ئەم پارانەم دەستکەوتووە.. مەپرسە لە کوێ!، گرنگ ژیانی منالّەکانی پێدابین بکە! نانەواخانەیەك، دوکانێك، خانوویەك، هەرشتێکیان بۆ بکڕە.. نامەوێ لەمڕۆوە تاوانی برسی بونیان هەلّگرم.
کاتێ نەسراوی بچووك لە ژماردنی پارەکە بۆوە، زەردەخەنەیەکی هاتێ کە لە بەلەمی نێو گەرداوێك ئەچوو.. نیوەی نانەواخانەکەی خستە سەر خوشکەکەی.
لەوساوە.. لە هەموو شتێك رزگارم بوو، هەروەك ئێستا ئەمبینی.. جارێکیتر بوومەتەوە بە دێوەرە.!

Ž

+ کەواتە ئەمە دوا خاڵی سەفەرەکەیە؟
– ئەشێ... بەڵام رەنگە سەرەتای سەفەرێکی درێژتر بێ!
+ ئەی تیبە؟!
– هێشتا لە جێی خۆیدایەتی، گەورەبووە.. گۆڕاوە، جارێك درەختەکانیان بڕییەوە، پاشان دەرەختەکانی بەری خۆرهەڵات و باکوری سەوز بوونەوە، دوای ئەوەی کە هەموو خەڵکەکە پەموویان چاند، رۆژێك لە رۆژان بیرە ئاوەکانی وشکیان کرد.. دواتر پەشیمان بونەوەو کەوتنە ریشەکێش کردنی پەمووەکان لەبەری باکوورو خۆرهەڵات و جارێکیتر درەختەکانیان لە جێی پەموو رواندەوە.

هەمان ئەو تیبەیەی کە شەڕی بە نانەواخانەکەی ئەلیاس فرۆشت و بەداخستنیدا، پێشوازی لە نانەواخانەکەی ساڵحە کوێرکرد، دواییش لە نانەواخانەکەی قەشە سەمعان و تەنانەت نەسراوی بچوکیش نانەواخانەیەکی کردەوە.. بەلاَ ئوتێلی سەعادەت هێشتا لە جێگەی خۆیدایەتی.. لەبەری دووەمی کەنیسە تازەکەوە ئوتێلێکیتر کراوەتەوە.. ناویان ناوە ئوتێلی سەوز..

بەڵام نەسراوی گەورە مرد، سەیرترین شتیش مردنەکەیەتی..

شەوێکیان بە دەنگێکی قووڵ و خەمگین گۆرانی ئەڵێ، ئەوانەی ئەو شەوە گوێیان لە دەنگیبووە ئەڵێن: هەرگیز ئاوها گۆرانی نەگوتووە.. کاتێ لە بەینی گۆرانیەکەدا وچانێکیداوە تاقومێ لە ئارەقەکەیبدا، لە بەردەمی هەموو خەڵکیدا سەری بۆدواوە داگەڕاندووە، وەك ئەوەی بیەوێ هێزێك لەناخیدا وەبەربێنێ تا لەسەر گۆرانی ووتن بەردەوام بێ... بەڵام چاوەڕوانیی خەڵك و بێدەنگییەکەی نەسراوی درێژەیـــان

کێشاوە، کاتێ لـێی نزیك بونەتەوە بینیویانە لە ئـــازارا زمانی ئەگەزێ و
دواتر گیانی سپارد.
بەڵام هێشتا نەسراوی بچووك زیندووە.. هەروەها قەشە سەمعانیش..
هەندێ کەس مردن، بەڵام ئەوانەی لەدایك بوون، لەوانە زیاترن کە مردوون... هێشتا تیبە ڕۆژانە بەخێرهاتن و خواحافیزی لە خەڵکی ئەکا.
+ ئەی تۆ؟
– تیبە جێدێڵم و بۆی ئەگەڕێمەوە، ڕۆژێك.. هەفتەیەك.. مانگێك.. جێی دێڵم، بەڵام دواتر بۆی ئەگەڕێمەوە.. هەمیشە بۆی ئەگەڕێمەوە.. لەبەرئەوەی لە تیبەداو سەرەڕای ساڵانی ئازار، ماڵئاواییم لە ژیانم کرد، ماڵئاواییم لە درەختەکان و حەنەو منداڵەکان کرد.. ئاواتیشم ئەوەیە لە تیبەدا بمرم.
ئەلیاس بە دەنگێکی شەکەت ئەدووا ئاسەواری خەم بەردەوام لەسەر ڕووخساری وەك شەپۆل.. لەهەڵچوون و داچونابوو.
کاتێ لە قسەکانی بۆوە، هەستی بەحەوانەوە کرد.. بە دووچاوی میهرەبان سەیری کردم.. پاشان سەری راوەشان و گوتی:
– هاوڕێم.. قسەکانم تەواو، چ شتێکی وروژێنەرت لەم ژیانەدا بینی؟
+ بە هەڵچونێکی عەجولانەو بێبیرکردنەوە وتم:
ئەمە ئەو ژیانەیە کە هیوا ئەخوازم بمگوزەراندبا.
بەگاڵتەجاریی وتی:
– گەر بشێ جارێکیتر بژیمەوە، ئارەزوو ناکەم هەمان ژیان بژیمەوە.
+ ئەی چ ژیانێکت ئەوێ؟
– ژیانێکیتر، ئەم ژیانە چکۆڵەترین ڕەوایی تیانیە.. ژیانێکم ئەوێ.. لەم ژیانە باشتر.
+ تۆ لەوەها تەمەننا کردنێکا هەڵەیت!
– تاکە شتێ کە بتوانم هەمووجارێ بە چاکی ئەنجامی دەم هەڵەیە.. ڕێك وەك هەموو جارەکان.
+ ئەلیاس ئەی چی دەربارەی سبەینێ؟
– هێشتا بۆ سبەینێ زووە.. جارێ بۆچی بیری لـێبکەمەوە؟ من لە ئێستادا ئەژیم.. لەمڕۆدا، پێویستە لەمەیان ببمەوە ئەوجار بیر لە سبەینێ بکەمەوە.

+ بەلاّم پێویستە ئادەمیزاد بیر لە سبەینێ بکاتەوە !
– لەسەر ئەلیاس پێویستە بیر لەم سەعاتە بکاتەوە.. پێویستە لەسەری بیر لەوە بکاتەوە کە چۆن ئەم چاکەتانە لە سنوور دەربازبکا. گەر دەربازیان کەم خەنی ئەبم، ئەوا پاش دوو رۆژیتر لە شەمەندەفەری چوارشەممەدا بۆ تیبە ئەگەڕێمەوە.. بایەم و هەنگوین بۆ منالّەکان ئەکڕم.. جگەرەش بۆ خۆم و بەلاّم نازانم چی بۆ ئەدمە بکڕم!
+ نیازت وایە هەر لەسەر ئەم کاسپیە بمێنیتەوە؟
– ئەمەیان نازانم... مەسەلەیەکی لەو جۆرە پەیوەندی بەکەسانیترەوە هەیە !
شەو لەدوا گیانەلاّیدابوو، شەمەنەفەرەکە لە تاریکیدا ئەیگرماند، ئەلیاس روخساری نابوو بە جامەکەوە، لەوێوە رێگەکەی ئەبینی کە خەریك بوو رۆشن ئەبۆوە، تارمایی خەلّکانی ئەبینی کە لە کوچەکانەوە تێپەڕ ئەبوون.
کاتێك لە سنوور نێزیك بوینەوە، چاکەتەکەی رێك کرد، چلّەسەوزەکەی لە ئێخەی جێگیرکرد، پاشان قومێکی لە ئارەقەکە داو زمانی لستەوەو دیسان لە فیکرەوەچوو.
پیاوانی گومرگ سەرکەوتن، بەچاوی گورگ لـێیان روانی، دوای لەحزەیەك پـێیان وت: فەرموو.. لەگەلّمانا وەرە.. رۆیشت و زۆری پـێنەچوو، بە جنێودانەوە گەڕایەوە، ئاوڕی بۆ دامەوەو وتی:
– دووچاکەتەکەم بدەرێ !
+ بۆچی؟
– هەر کوڕی باش زۆرن!
+ کوڕی باش کێن؟
– کوڕی باش لەم دونیایەدا زۆرن!
+ کەی خەبەریان لـێدای؟
– تۆزێك لەمەوبەر.. دووانیانم بینی لێرەوە تێپەڕین، یەکێکیان ئیشارەتی بۆ کردم، هەستم بە خەتەرێك کرد.. بەلاّم هەولّم دا خۆم تێك نەدەم.
+ ئارەق و گۆرەویت وەك بەرتیل بۆ دانەناون؟
– هەندێك لەوانە گۆڕان کە ئەمناسین ، خەلّکیتر لە جێگەی ئەوان دانراون ، تا لەگەلّ ئەمانەدا رێك ئەکەوم کاتی ئەوێ.
لە ویستگەی سەر سنوور و لەسەر شۆستەکە.. بۆ دوایەمین جار ئەلیاسم بینی..

لەسەر زەوییەکە چیچکەی کردبوو، جانتا شرەکەی لە نزیک خۆیەوە دانابوو، چاکەتە کۆنەکانی دابوو بەسەر جانتاکەدا.. هەرئەوەو هیچیتر!

لەناکاو ئەلیاس دیارنەما، دوو دڵیەکی شاراوە لە خۆیەوە پێچام، بەڵام لە دورەوە جانتاکەیم بینی، بە خۆم وت: تاوێکیتر دێتەوە، رەنگە لەگەڵمانا سەفەرکا.

شەمەنەفەرەکە فیشکاندی، لە دورەوە بینیم بەرەو رووم رادەکا، لەبەردەم جامەکەدا وەستا، دەنگێك لە قوڵاییە دورەکانەوە گەیشتە گوێم، دەنگی شەکەت و نووساوبوو:

– لێم وەرگرە.. ئەشێ لەم سەفەرە درێژەدا بەکەڵکت بێ!

مەتارەکەی بۆ راگرتم، بێدەنگییەکی قورس و بکوژ باڵی بەسەرمانا کێشا، نەمئەزانی چۆن بەسەریدا زاڵ بم، بێدەنگ مەتارەکەم بۆ گێڕایەوە، بە خەمبارى تیی روانیم.. چاوانی پڕبوون لە پرسیار.. کوت وپڕ وتم:

+ تا نەخۆیتەوە وەری ناگرم.. ئەمجارەیان لە خۆشی تۆ ئەخوێنەوە. خواردییەوە، دوای ئەو خواردمەوە.. لەترسی ئەوەی نەبا راونینەکانمان بەیەك بگەن.. لە دوورمان روانی.. بێدەنگییەکە تابلێی قورس بوو، خۆزگەم بوو وەها بێدەنگییەك بڕمێنم.

بێویست و بێبیرکردنەوە پرسیم:

+ ئێستا چی دەڵێی؟

– لە بارەی چییەوە؟

+ وشەیەك... کەلەم سەفەری ژیانەدا پارمەتیم بدا.

– چ وشەیەکم نییە!

بە دەنگێك کە بەزەحمەت ئەبیسترا بە خۆی گوت:

– من کێم.. تاکو بدوێم؟ ئەلیاس.. ئەو مرۆڤەی کە ئازاری بە درەخت و خۆشەویستییەوە چەشت.. تاوێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی:

– پیاوانی گومرگیش... ئێستا!

+ ئەلیاس.. پێت وایە چی بکەن؟

– یەکێکە لەم دووە.. یان رێگە ئەدەن.. یان نایدەن!

+ تۆ تەسەوری چی ئەکەیت؟

– رێگە ئەدەن.. بەڵام دوای ئەوەی موقابیلێکیان ئەدەمێ.

+ کەواتە رێگە ئەدەن لەگەڵمانا سەفەر بکەیت؟

– نەخێر.. ناهێڵن بەم شەمەنەفەرە سەفەر بکەم!

+ کەواتە کەی سەفەر ئەکەیت؟

– ئەوە بە دەست خۆیانە!

+ کەی شەمەنەفەرەکەیتر ئەکەوێتە رێ؟
– لە دنیادا بە زۆرشت سەفەر ئەکرێ.. بە شەمەنەفەر.. بە ئۆتۆمبێل...
شەمەنەفەرەکە فیشکاندیو کەوتە جووڵە..
سەیری کردم و جورئەتی دامەبەر، دوایین شتێ کە لەگەڵ زیاتربوونی خێرایی شەمەنەفەرەکەدا گوێم لێبوو:
– ناوم ئەلیاس نەخلەیە.. سەردانم کە.. گەر کارێکت دۆزییەوە نامەم بۆ بنووسە!

# نەسکی دووەم

–

ž

# 1

ئاخۆ مەنسور عەبدولسەلام بۆی نیە شتێك بڵێ؟

راستە مەنسور مرۆڤێكی ئاساییە، بەڵام ئەدی هەموو مرۆڤێك شتێك لە دڵیدا نییە كە ئەكرێ بیدركێنێ؟

لێگەرێن بابدوێ.. بەڵێ.. لێی گەرێن تا لە كۆتاییدا بزانین ئەو كێیەو ئەیەوێ چ بڵێ!!

دووچاوی قۆچاخ و دوو لێوی كلۆم دراو، كەشێكی پڕ تورەییەكی خەم ئامێز، باڵ بەسەر ئەو پیاوانەدا ئەكێشێ كە بە خۆشەویستییەكی ئاوێتە بە ترس لێی ئەروانن.. ئەو لەسەر ئەم روخسارە رایهێناون كاتێ كە ئاوها گرژو زەرد هەڵئەگەرێ.. خەریكە شتێكی خەتەر رووئەدا.. ووشەكان روون و لەسەرخۆ لە زاری دێنە دەر:

(لەمەودوا رۆئەچینە ژێر زەوی، لەوێدا ئەمێنینەوە، پاچ ئەوەشێنین ، پاچ ئەوەشێنین تا قەبرەكانیان هەڵكەنین!) پیاوەكان ئەكەونە سەما ئەشێ رەنگێ بێنن و رەنگێ بەرن.. لەیەك لەحزەدا روخساریان پرئەبێ لە خۆشیی .. خواخوایانە مەنسور عەبدولسەلام ئەم ووشانە بدركێنێ، كە بەم دواییە دركاندی!!).

(بەو زووانە رۆژێك دێ كە لاشەی سیخورەكان لە دەروازەی شارەكان، لە گۆرەپانەكان، بە عامودەكانەوە هەڵئەواسرێ.. ئەوسا خەڵكی دڵخۆش ئەبن، بەنەشئەوە ئەكەونە سەماو هەستێكی قووڵی خەنی بوون ئەیانگرێ، بێماندوبوون هەر ئەڵێن و ئەیڵێنەوە: شوكور وا گەیشتین!).

كاتێ مەنسور عەبدولسەلام و ئەلیاس، وەك دووپیاو ئەدوان كەبێ هودەیی لە دەرونیانا قوڵپی ئەدا، مەنسور بە ئەلیاسی گوت:

—

—

– ژیـان .. هاوڕێکەم، تەنهـا ژیـان پاڵەوانێتی‌یە! بەڵێ ژیان پاڵەوانێتی‌یە، بەڵام بێ‌هەراو زەنا، پاڵەوانێتی‌یەکی چکۆڵەیە کە مرۆڤ ڕۆژانە ئەنجامی ئەدا تا هەر ڕاستگۆو ئابڕوومەند بێ.. بەڵام ئەو بیروباوەڕانەی کە ساڵەهایە مەنسور عەبدولسەلام خەونیان پێوە ئەبینیو ئاواتی ئەخواست لە ژیانیدا بێنەدی، بە بارێکی ترا کەوتنەوە.. ئەو دەرئەنجامانەی کە هەنووکە ئەیانبینێ، وای لێ ئەکەن تا سنووری دێوانەیی خەمبار بێ.. لەبەرئەوەی لەسەر ئەم زەوییەدا کە ناوی ناوە نیشتمان، شتی‌وای بینیوە کە مەزەنەی نەئەکرد ڕووبدەن. مەنسوور برسێتی و نامۆیی‌و ماندوویی چەشت، وائێستاش بەدوای پاروە نانێکا ڕائەکا، بەڵێ.. بەدوای پاروە نانێك کە بۆتە سەراب.. بەڵام ئەوانەی کە مەزەنەی ئەکرد سێدارەیان بۆ هەڵخرێ .. هێشتا لە شوێنی خۆیانان.. لە مانگ ئەڕوانن و تەمبەڵ و تەوەزەلانە شان دائەدەن و دەست بەقژی ئافرەتانا ئەهێنن... چاوانیان نیوە داخراوو بە ئافرەت و ویسکی پڕبوون لە گێژو وڕیی.. بە ڕۆژیش دەرکی ئوتومبیلەکانیان بۆ ئەکرێتەوە... سووخۆر ئاسا لە قازانجەکانیان ورد ئەبنەوە، تا دڵنیابن لەوەی کە هەموو شتێ بەگوێرەی دڵی ئەوان ئەڕوات.

چما مەنسور عبدولسەلام بۆ ژێر زەوی دابەزیوە؟ وەك کوێرە مشکێ لەسەر زەوی شەکەت بووە؟ ناتوانێ بیری بکەوێتەوە ... بەڵام سەرەڕای ئەو هەراو زەنایەی کە هەموو لایەکی تەنیوە، دڵنیایە کە هێشتا شۆڕش ڕووینەداوە.

خودی مەنسور هەوڵی‌دا وەك پیاوێکی شەریف بمێنێتەوە، ئەشێ ئەمەی بۆ نەچووبێتە سەر، بەڵام هەر هەوڵی بۆ داوە.. هەر لەبەرئەمەشە کە ئێستا سەفەر ئەکا.. بەڵێ لە شەمەنەفەرێکا سەفەر ئەکا ڕووەو باشوور، تا لەو نێردەی شوێنەوار ناسییەدا ببێتە وەرگێڕ کە بە دوای سیرامیك و تابلۆی قوڕین دا ئەگەڕێ.

بەڵێ سەفەر ئەکا، دوای ئەوەی سێ ساڵ لەو مافە سادەیە مەحروم کرا کە بەهەموو مرۆڤی دونیا دراوە.. لەوو لە خەڵکانی تریش مەحروم کرا.. ئەیانویست زیندە بە چاڵی کەن، دوای ئەوەی لە کارەکەی دەرکرا... بە هەموو ئەوانەشیان ووت کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بیریان لە یارمەی دانی کردبۆوە: سەرەی ئێوەش دێ، خەیاڵ نەکەن.. تاوانبارو شەریکەکەی لە بەردەم یاسادا یەك شتن.. کاتێکیش ئێوە بیر لەوە ئەکەنەوە مەنسور عبدولسەلام لەو چارەنوسەی کە دەوڵەت بۆی دیاری کردووە ڕزگارکەن .. ئەبنە شەریکە تاوانی ئەو.

کەواتە مەنسور نیشتمان جێ‌دێڵێ... بۆ ئەوەی بە ئابڕومەندو زیندوو بمێنێتەوە.. نیشتمان جێ‌دێڵێ.

لە ژیاندا ساتەوەختی مەزن نییە، لەوساتەوەختانەی کە ئەم خۆی هەندێ جار لەکاتی پێڵووڵیك نان و خەون بینینا مەزەنەیان ئەکا.. لە ژیانیا گەشتی بەرەنگاربوونەوەی چارەنووسیش نییە وەك ئەوەی لە ژیانی ئەلیاس نەخلەدا هەیە.. بەڵام چما مافی ئەوەی نییە ئەو شتە چکۆڵانە بیری خۆی بێنێتەوە کە چ کەسێ بێزار ناکات؟

–

لـیّ گەڕێن.. با بەکەیفی خۆی شتەکانی بیربکەوێتەوەو وڕێنەبکا، وا ئێستا ئەو هەموو شتیّ جیّ دێڵیّو بەرەو ئەو باخچەیە ئەچێت کە بە درەختی خەمگینی سەرو پەرژین کراوە.. تا لەودیو تەلبەندەکانەوە بمێنێتەوەو بە تەوسەوە لە هەموو شتیّ بڕوانیّ!

بۆی نیە شتەکانی بیربێتەوە؟

راستە لە هەموو ژیانیدا درەختێکی وەك درەختەکانی ئەلیاس نەخلەی نییە.. بیرۆکەی (مێژووی نویّ)ش کە خەونی پێوە ئەبینی، شتیّ بوو وەکوخەون رەوییەوە.. هەمان ئەو ئافرەتانەش کە ئەلیاسیان داگیرکردو سویّیان کرد بەدڵیا، بەجۆرێکی تر مەنسور عەبدولسەلامیشیان ئەزیەت دا.. مەنسوور بە دوورودرێژی بیری لە ئافرەت کردۆتەوەو خەونی پێوە بینی، هەستی کردووە نائومێدی وەك چەقۆ بەدڵیدا رۆئەچیّو کەچی هەر چاوەڕیّی کردووە... نازانیّ چۆن مەسەلەکان دەستیان پێکردو چۆن کۆتاییان هات!

گەر ئێستا مەنسور عەبدولسەلام بیەویّ بدویّ... ئاخۆ کیّ گویّی بۆ رائەدێریّ؟

دوای ئەوەی ئەلیاس لە ویستگەی سەر سنوور دابەزی، لە هەموو ئەم شەمەنەفەرەدا چ کەسێکی شك نەبرد لەگەڵی بئاخڤیّو چیرۆکەکانی بۆ بگێڕێتەوە ..

بیری کردەوە بخوێنێتەوە.. بەڵام هەستی کرد ئەو کەئابەیەی لە مێژە لە سنگیا هێلانەی چیّکردووە، وەك ئەهریمەنێکی شین لەو پەڕەکاغەزانەوە هەڵقولاّ کە لە ژیانی رابردوویدا هەڵیداوەتەوە، گەر وازی لە کتێب هێنابا، هەروەك ئەوەی خەڵکانیتر وازیان هێنا، ئەوا ئێستا لەبەرخاتری پاروەنانیّ سەفەری نەئەکرد رووەو باشوور.

رێگەش بەرەو شوێنی کار درێژە...درێژە وەك ئەوەی کۆتایی نەبیّ.. ئەی کەواتە چ بکا بۆ ئەوەی مێشکی نەتەقیّ؟

گەر لـیّگەڕیّ بە کەیفی خۆی بیرکاتەوە.. ئەواشێت بوون لە هەموو شتێك لـیّی نێزیك ترە...

باشترە ئەقڵی گۆدبیّ، بە دەنگی بەرز کەوتە ئاخاوتن لەگەڵ خۆیدا.. کەوتە گۆرانی وتن.. هاوارکردن.. هەوڵ ئەدا بنویّ.. تەنها لەبەرئەوەی بیرنەکاتەوە.

باخەون ببینیّ.. بەڵیّ باخەون ببینیّ، گەر لە خەون بینین ماندووبوو، ئیدی ئەتوانیّ بیرکاتەوە.. پێویستە لەسەری ئازایانە شتەکانی بیربێتەوە.. پێویستە واشتەکانی بیربکەوێتەوە.. هەروەك ئەوەی بەلایەوە مەبەست نەبن.. یان شتیّ بن لە سەردەمە دێرینەکانا روویاندابیّ.

مەنسور عەبدولسەلام ئەیەویّ بدویّ، پیّی وایە ژیانی لەیەك کاتا پڕە لە جوانییو توندوتیژی، پیّی وایە شتی زۆر پیّیە کە ئەکریّ بیاندرکێنیّ ..مەنسـور وا مەزەنە ئەکات .. نازانیّ ئەوەی ئەیڵیّ جگە لە قسەی قۆڕ چ شتێکیتر نییە .. لـیّیگەڕێن!

درەختێکی نییە، گوێ درێژێکی نییە، تەنانەت خاوەنی بستێ زەوییش نییە.. گەر خاوەنی بستێ زەوی بووایە، نەیئەویست پەموو یان درەختی تیا بڕوێنێ.. بەڵکو ئەیویست قەبرێکی تیاهەڵکەنێ.. بەڵام ئەو چاکەتە کۆنانەی کە هەموو کەسێك هەیەتی، ئەم خاوەنی سیانیانە: یەکێکیانی داوە بەسەرشانیا، دوانەکەی‌تریش لەو جانتا سەوزەدان کە لە زۆر شت بۆی ماوەتەوە... لەو شتانەی کە رۆژێك لە رۆژان هەیبوون.

مەنسورعەبدولسەلام ئەیەوێ لە بارەی شتی گرنگەوە بئاخڤێ. بەڵام کاتێ گوێی لە ئەلیاس نەخلە گرت.. ترسا، خەریك بوو بە سەریا هەڵشاخێ.. بە چرپە وتی:

(ژیانم بە رادەیەك هیچە، شایانی ئەوە نییە بۆ کەسی بگێڕمەوە!).

لەبەر ئەم هۆیە زنجیرەی تێفکرینی پچڕا، ئەو لەرزوتایەی کە لێی هاتووە خستویەتییە وڕێنە..

لێی گەڕێن بابدوێ .. تا بەخۆی دڵنیا بێ کە خاوەنی چ شتێ نییە شایانی ووتن بێ..

بەڵام ئەو سەروکەللە قژنەی کە بەسەر شانییەوە هەڵیگرتووەو وەك مەنجەڵ تاوی سەندووە، رۆژێك لە رۆژان بەرەو پەتی سێدارەی ئەبا، خۆ گەر دڵیشی پێ‌بسوتێ ئەوا پێکەوە دوا رۆژەکانی ژیانیان لەو باخچە دوورەدا ئەبەنە سەر کە بە تەلبەند و درەختی سەروو پەرژین کراوە!

بەڕێزان .. پێویستە بڕوا بە هەموو ئەو قسانەی نەکەن.. بەڵێ.. بڕوای پێ‌مەکەن.. لەبەرئەوەی وڕێنە تێکەڵی روداوی چکۆڵە ئەکا.. تێکەڵی خەون.. هەندێ‌جار تێکەڵی درۆی ئەکا.. لە هەموو ئەوانەوە مەنسور عەبدولسەلام تەسەوری ژیانی خۆی ئەکا.. یا مەزەنەی ئەکا.

ئەشێ درۆتان بۆ بکا.. تەنها درۆ.. ئاگادارین!

که بالاّ چکۆڵه لاوازەکەی ئەلیاس نەخلە دوورئەکەوتەوە، درێژو لاکێشە ئەبۆوە، بە بۆشاییەکی رەشی نێو ئاسمانێکی بیّ رەنگ ئەچوو، بەلاّم کاتیّ گوتی:(ئەلیاس نەخلەت بیر نەچیّ)، دەنگی لە گوێما بووە دەنگدانەوەیەکی خنکاو، دەنگدانەوەیەك وەك دەنگی ئاژەڵێکی پێکراو.

وردە وردە شەمەنەفەرەکە خێراتر ئەبوو... دوور ئەکەوتەوە، یەکەمجار بالاّ لاوازەکەی ئەلیاس بەکاوەخۆو پاشان بەخێرایی ئەکشایەوە دووا... بەر لەوەی بۆ یەکجاری دیار نەمێنیّ، بەشەکەتیی دەستی تەکاندا، ئیدی بۆشاییەکە هاتەوە یەك، وەك ئەوەی لە نێو درەشانەوەی شەپۆلێکی شێت دا نوقوم بیّ و لەلای جانتاکەیەوە فڕیّی بات... تا ئەو و جانتاکەی بوونە یەك شت... وەك بڵێی هەر لە ئەزەلەوە پێکەوە لە دایك بووبن!

ئەلیاس نەخلە....

پیاوێکی تەمەن پەنجاسالاّنە، لە پەنجا ساڵی تێپەڕاندووە، لە سەد ساڵی تێپەراندووە، تەمەنی نییە، هەرگیز نەبووە، لە ئەزەلەوە هەیە، وەك تۆزوخوڵ ئەڕەوێتەوە.. بە تۆکمەیی گا بەردێك لە دەمی رووبارا وەستاوە... بەخەمەوە زەردەخەنە ئەیگریّ... خەریك بوو بگری کاتیّ وتی: – وەرە بۆ تیبە، گەر رۆژێك لە رۆژان هاتی... ئەلیاس نەخلە بدۆزەرەوە.. هەموو شتێکت پیشان ئەدەم.

که ئەرۆم بۆ تیبه، چیاو درەخت و گۆڕەکەی حەنە ئەبینم، ئەو دەرختانە ئەبینم که رووانددوونی... ئاسەواری درەختە بڕاوەکان ئەبینم... به هەناسە هەڵکێشانەوە وتی: بیرت نەچێ... بێی، گەر کارێکت دۆزییەوە نامەم بۆ بنووسە، ناونیشانەکەم تیبەیە.. تیبە شارۆچکەیەکی چکۆڵەیە، لەوێ خەڵکی هەموو یەکتری ئەناسن.

ئەلیاس نەخلەم وەبیردێتەوە، تەواوێك وەبیرم دێتەوە... چما ئادەمیزادێکی وەك ئەو بیر ئەچێتەوە؟ زۆر هەڵەیە گەر وابزانێ وەك خەڵکانی تر وەهایە..، تێئەپەڕێ بێئەوەی ئەوشتەی که له دڵی خەڵکانی شەکەت و پیرەمێردانا گیان ئەدا بلەرزێنێ.. بێ ئەوەی ترسێك جێ بێڵێ که له هاوارێکی ناکاوی نێو تاریکستانی گۆڕ ئەچێ.

پێت وایه ئێستا خەریکی چییە؟

– سەیید ئەلیاس وەرە..

– ئەمجارەیان وەك جاری پێشوو نابێ، تۆ دەمێکه خەریکی ئەم کاسپییەیت.. وانییە؟

– خەڵکینە من ئەیناسم..پیاوێکی حسابییە!!

– تۆ ئەیناسیت؟

– منیش ئەیناسم.....

ئەوان ئەیناسن و ناشیناسن! تاقەشتێ که کەس لێی تێك ناچێ پارەوپووله.. هەروەك چۆن منالی ساوا مەمکی دایکی لێ تێك ناچێ.

– پێشتر دیومە!

– کەواتە ئاسانە.

با ئێسکی وردبێ، با تا مردن خوێنێ بچۆڕێ، هەموو مرۆڤێك بەڕێگەی تایبەتی خۆی ئەمرێ.

– ئەلیاس کوا عارەقەکە؟

– له شەمەنەفەرەکەدا خواردمەوە.. له بیرمە.. بەڵام خوا کەسێکی بۆ نازڵ و کردم نەمزانی چۆن له ئاخاوتنێکی قۆڕییەوەی گلاندم.. لەمنەوە پێکێك و لەویشەوە پێکێ.. تا هەموو ئارەقەکەمان تەواو کرد!

– بۆتە عادەتت.. داییم بیانوت ئامادەیە!

– ئەمجارەیان لێم ببوورە، گەر جارێکی تر بێی، له باتی بوتڵێ دووان.

– ئەی ئێستا چی قوزەڵقورت کەین؟

– باشه.. ئەی دەرمانەکە؟

– گەر پێت بڵێم.. باوەڕناکەیت، بەڵام سوێند به خودا، بەدەرخت، به گۆڕی حەنە، بەکەرەکە، له جارێك زیاتر چووم بۆ ئەجزاخانە، هەموو جارێك پێیان ئەوتم: سەعاتێکی تر وەرەوە.. ئیتر شەمەنەفەرەکەش لەسەر رۆیشتن بوو... نەمتوانی چاوەڕێ بکەم!

– ئێ.. لەدوا له حزەدا چوویت.. تا دوا لەحزە دەرمانەکەت بیرنەبوو!

– براگیان.. سەرەڕای هەموو گیرگرفتەکانی خۆم.. دەرمانەکەم بیرنەچوو!

—

ئەقڵی مرۆڤ وەك بێژەنگ وایە، ڕۆژێ دێ عەمارە پڕ ئەبێ... ڕۆژێ دێ ئەو بێژەنگە ئەبێتە پێچکەو منداڵە وردکە غڵوری ئەکەنەوە.

– کوا دەرمانەکە؟

– عەرزم کردیت.. زیاتر لە جارێك چووم بۆ ئەجزاخانە!

– گرنگ دەرمانەکەیە.. خوای ئەکرد سەد جار چووبیت.. کوا دەرمانەکە؟

– گەر ئەمجارە، هاتم و پێم نەبوو.....

ئەجزاخانەی (شەفا) بەشەوو ڕۆژ کراوەیە، ئەجزاخانە ئێشکگرەکانیش پاش نیوەڕوان و شەوان.... عەینەکەکەی لەسەر لوتی دائەنێ و بەخەمساردی پێت ئەڵێ:(بەرلەوەی دەرمانەکە بخۆیتەوە.. باش رایوەشێنە!) پارەکەی ئەدەیتێ... باقیت ئەداتەوەو پێت ئەڵێ :(شەفات بێ).. بەر لە خۆر ئاوابوون... نەخۆشەکە ئەمرێ.

–ئەی گۆرەوی‌یەکان؟

– گەورەم ئەمە گۆرەوییەکانە!

پۆلیسی گومرگ گۆرەوەییەکان ئەبات، ئەم دیوو ئەو دیویان ئەکات، بەڕوانینێکی خۆشحاڵ تێکەڵ بە شەڕانگێزی سەیری ئەلیاس ئەکا.

– بەڵام رامسپاردبووی سێ جووت بێنی.. جوتێکیان سپی.

– بەخودا هەر ئەمە هەبوو.. هەر ئەوەم بیر بوو!

– ئەم گۆرەوییانە هەرزانن.. عادین.. هیچ نین.

(ڕۆژانی هاوین، ئافرەتان لە شانۆدا فەروو ئەپۆشن، بۆ پێستە سمۆرە پێویستە هێڵی ئیستیوا ببێتە قوتبی شێر... گرنگ بینینی پێستە گرانبەهاکانە!)

کاکی برا.. ئەمە باشترین جۆری گۆرەوی‌یە.. ئەلیاسی برات لەو جۆرە گۆرەوییانە لەپێ ئەکات!

– ئەلیاس لەو جۆرە لەپێ ئەکات؟ پیرۆزە! بەڵام من رامسپاردبووی مارکەی شێرم بۆ بێنی...

– ئەمەیان باشترە... تاقی کەرەوەو بەچاوی خۆت بیبینە!

– ئێستا لەو قسانە گەڕێن.. ئەلیاس بڵێ.. چەند ئەدەیت؟

– گەورەم هەر چەندێك تۆ ئەمرکەیت!

– چەندت لەم بازرگانییە دەست ئەکەوێ؟

– دوونان و پێکی ئارەق!

(ئارەق وەك دەرمانێك بۆ دگان ئێشە بەکارئەهێنرێ، بۆ ژانەسك، بۆ بیر چوونەوە، بۆ ئازایەتیش بەکار ئەهێنرێ).

– ئەمەوێ بزانم چەند ئەدەیت؟

– قازانجەکە بەنیوەیی!

– چەند؟

– ئەوەی تۆ ئەمرکەی؟

—

– قازانجەکە چەندە؟
– وتم : دوونان و پێکی ئارەق.
– فەلسەفەلێدان بەسە.. ئەمەوێ بزانم.. چەند ئەدەیت!.
– ئامادەم هەر چەندێ تۆ ئەمرکەیت بیدەم!
– راتان چییە؟
(زۆرینەی رێژەیی و زۆرینەی رەها، لە ووتەزاکانی ئەسینای کۆنن! تا ئێستاش خەڵکی هەڵەیان تیا ئەکەن!
بەڵام پۆلیسی گومرگ خەڵکانێکی دیموکراتیین. لە پێناوی سەرکەوتنی ئەسینادا جەنگین).
– ئەلیاس دڵ ودەروونی باشە، تەفسیری ناکا!
– بەڵام گۆڕاوە.. وەك جاران نەماوە..بەم دواییە رەزیل و چرووك بووە.
– من؟
– تۆ.. بەڵێ تۆ!
– خوا عافوت کا!
(ستایشی ئەکەین و سوپاسی ناکەین، پیرەمێردە چاوبەقولاچۆکان لە ترسی مەرگ وا ئەڵێن.. بەڵام مەرگ وەك ئەهریمەن قاقا لێ ئەدا.. ئەڵێن ئەهریمەن بێ دگانە... دگانی پێشەوەی ئاڵتونە!).
– خوا تۆ عافووکا.. ئەتەوێ نەیدەیت؟
– نامەوێ نەیدەم.. بەڵام فەرموو وەرەو لەگەڵما حسێبیکە.
کرێی رێگە... خواردن.. نووستن.. هەموو ئەوانە چەند ئەکەن؟
– کاسپی خۆتە.. خۆت ئەیزانی.
– ئەتەوێ هەر چیم پێیە داینێم و تۆیش چیت پێیە دابنێی... پاشان هەمووی بەنیوەیی بەشکەین؟
– نامەوێ بێمە ئەوکاسپییەوە.. گرنگ ئێستا چەند ئەدەیت؟
– ئەتانەوێ هەموو ئەوەی هەمانە داینێین و وەك برا بەشی کەین.. بۆ هەر یەکێ بەشێ.
(ئەهەمیەتی سۆشیالیزم یەکسانی نێوان شارو لادێیە،یەکسانی نێوان کاری دەستی و کاری ئەقڵیە، رۆژێك دێ، بەدڵنیاییەوە دێ، هەر ئادەمیزادێ بەپێی هەوڵ و هەر ئادەمیزادێ بەپێی پێداویستی خۆی ئەیدرێتێ.. باوەڕکەن ئەو رۆژە دێ).
– تۆ شێتیت؟
– بۆچی؟
– ئێستا واز لەم سوعبەتە بێنە.. ئەلیاس چەند ئەدەیت؟

که هاتنه ژورەوە، بە تەوسێکی دڵڕەقانەوە سەیریان کردم، پێیان کابرایەکی گومان لێکراوو تاوانبار بووم، پێیان قاچاخچی بووم، پەساپۆرتەکەیان لێوەرگرتم.. ئەم دیوو ئەودیویان کرد، لە تەوقی سەرمەوە تا قولەپێم لێم وردبونەوە.. سورفلە درێژەکەیان لێی پرسیم :

– سەفەرەکەت بۆ کاسپی‌یە یان بۆ سیاحەت؟

– کاسپی.

– ئیشت چییە؟

(ئیشم چییە؟ پێیان بڵێم پیسپۆڕی شوێنەوارناسیم؟ پێیان بڵێم وەرگێرم؟ بۆچی تا ئێستا ئەم پرسیارەم لە خۆم نەکردووە؟ بەلاّم خۆ لە پاسپۆرتەکەو لە خانەی پێشەدا نوسراوە. کارمەندی پێشوو.. کارمەندی پێشوو یەعنی‌چی؟ یەعنی خانەنیشین؟ دەرکراو؟ ئیدی وشەکان بەتاڵ بونەتەوە لە مانا.... پێویستە بپرسن!)

– وەرگێڕ!

(چەند دزێوە زمانی خۆرهەلاّتناسان و نوسەرانی دادگا.. زۆرشت ئەڵێن. کە چ پێویستی بەوتن نیە!).

– وەرگێڕ؟

– بەڵێ لەگەڵ نێردەیەکی شوێنەوارناسیدا.
– شوێنەوار؟ ئیجازەت پێیە؟
– بەڵێ...
(چما بێ ئیجازە پەساپۆرت ئەدەنە کەس؟ نازانن چەند چاوەڕێم کردووە تا ئەم ئیجازە لەحنەتییەم وەرگرتووە؟).
پرسیارەکان وەك تاوان دانەپاڵ وەهات.. بەڵام ساردوسڕیی پرسیارەکان وائەکا بەرگە بگیرێ.. پێویستە ددان بەخۆدا بگرم و وەڵام بدەمەوە... پێویستە وەك چۆن وەڵامی (ئەبو باسل) م دایەوە، ئاوهاش وەڵامی ئەمان بدەمەوە.. پێم گوت : چیت لەدەست دێ تەقسیری مەکە، پەساپۆرتەکەم بەڕوویدا بەرزکردەوەو شێلگیرانە ڕامەوەشاند، زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی : بەڵام مەنسور دونیا چکۆڵەیە... و دوایی بەچاوی خۆت ئەبینی.. بزانین ناگەڕێیتەوە بۆ لامان؟
– عەسکەرییت کردووە؟
– بێگومان.. بێگومان کردوومە!
(عەسکەریم لە دۆزەخ دا کردووە، ڕۆژێکیان مامۆستا کەمان لە بارەی ئایندەوە پرسیاری لێکردین.. من وتم: ئەمەوێ کە گەورەبووم ببمە فڕۆکەوان..بەڵام دوای ئەوەی بینیم عەمامە بەسەرەکان ئەبنە سەرکردەی سوپاو سوپا ناچاری شکست هێنان ئەکەن، بە خۆم ووت: بە خودا گێلیت!).
(عەسکەرییم کردووە، خەڵکانی تر بەدەل ئەدەن، بەڵام ئەوانەی وەك منن عەسکەری ئەکەن... عەسکەری کردن و بەدەل دان یەك شتن.. دەتوانی عەسکەری بکەیت و ئەشتوانی خۆتی لێ قوتارکەیت.. لەجیاتی زەریبەی خوێن.. زەریبەی پارە ئەدەیت! دەوڵەمەندەکان حەزیان لە عەسکەری نیە، بەدەل ئەدەن.. بەڵام هەژاران بەدەلیان لێ قەبوڵ ناکرێ.. کەس نییە قەرزیان بداتێ).
(هەموو شتێك لەم وڵاتەدا لەسەر هاوکێشەی ورد بیناکراوە، ئاینشتاین نەمردووە، ئەوەی بڵێ مردووە سەد قامچی ئەخوا.... هەمووشتێ ئەبێ و نابێیە.. لەیەك کاتا خوێن یەکسانە بە پووڵ، پووڵ یەکسانە بە خوێن و ڕێکەوت و ئافرەت و سەروەریی).
چما ئەم یاسایە لە هەموو دونیادا ئەخوا؟
ئای خۆزیا ئەقڵم هاوسەنگییەکەی جارانی وەرئەگرتەوە، تا لەو هاوکێشەوردانە گەیشتبام کە کۆنترۆڵی هەموو شتێکی ئەم وڵاتەی کردووە، بەڵام تازە لەپای چی؟ ئێستا ئیدی دونیا لە ئاخر و ئۆخری دایە.. چ پێویستی بە زانست.. بە هیچ جۆرە هاوکێشەیەك نییە.. تاقە شتێ پێویستی بێ ، بۆمبێکی ئەتومییە، بۆمبی ئەتۆمی وەك یاری منداڵان، لە گیرفانا، لەسەر مێزەکان دائەنرێ.. پێش خواردن و دوای خواردن بەکار ئەهێنرێ.. گەر خاوەنی بۆمبێکی ئەتومی بام هەموو شتێکم وێران ئەکرد، تا بەڵکو دونیایەکی نوێ لە دایك بایە.. تەنانەت باکم نەبوو گەر هیچ دونیایەك لە دایك نەبووایە.. گرنگ وێران کردنی ئەم دونیا خەمۆکەیە کە لەسەر

هاوكێشەی هەڵە و غەش و گەندەڵیی بونیات نراوە.چ شتێ لەم وڵاتەدا نیە كە شایستەی ئەوە بێ بەرگری لێ بكرێ... هاوكێشەكە بە سادەو ساكاریی ئاوهایە: بدزە.. درۆبكە.. بەرتیل وەرگرە.. هەمو شتێ بكە. ئیدی بێ خەم بە كە دونیا دەروازە گەورەكانیت بۆ ئەخاتە سەر پشت.. تا وەك پیاوێكی ماقووڵ و خۆشەویست و بەرێز خۆتی پیـاكەیت .. ئەشێ ببیتە شتێكی تر، رەنگە ببیتە گەورەترو گرنگتر لەوەی كە
خۆت خەونی پێوە ئەبینی!

ئەم دونیایە پێویستی بە تەقاندنەوەیە، گەر بۆمبێكی ئەتۆمیم هەبا، سڵم نەئەكرد لە بەكارهێنانی.. بەڵام سوپاس بۆ خوا كە نیمە).

ورێنە بكە مەنسور عەبدولسەلام.. پیربویت، خەونەكانیشت لەگەڵتا پیربوون.. ئەتەوێ بۆمبێكی ئەتۆمیت هەبا؟ وانیە؟

– چ شتێكت هەیە بە گومرگی راگەیەنیت؟

(رایئەگەیەنم كە من نیم، دەمێكە مردووم، سێ كەس ناشتمیان).

– جگە لە جل و بەرگی خۆم و هەندێ كتێب نەبێ.. هیچی تر لە جانتاكەما نییە!

– شتی نوێ : دیاری.. شتی تر؟

(كتێب پارەیەكی قەڵبە و حكومەت و بازرگانەكان پڕوپاگەندەی بۆ ئەكەن.. بەڵام قازی و چاكە خوازان لە كتێب ئەترسن.. بەتایبەتی ئەو كتێبانەی كە لە بارەی سەرەتای دروست بوون و ئافرەت و سۆشیالیزمەوە ئەدوێن!)

– حەواڵە.. ئاڵتونت پێیە؟

– شتێ پارەم پێیە... رەزامەندیی بانقم بۆ گۆڕینەوەی وەرگرتووە....

– ئەو كتێبانە چین؟

– كتێبی مێژوویی و جۆراو جۆر!

(دە كتێب هەڵئەبژێرم و لە ژووسەرمەوە دایانئەنێم، كاتێ خەوم لێ ئەتەرێ... پەرەكانیان هەڵ ئەدەمەوە تا خەوم لێ بكەوێ، یەكێ لەو كتێبانە رۆژژمێرێكی چكۆڵەیە ناوی ئەو كەسانەی تیانوسراوە كە قەرزاریانم).

– بێ زەحمەت جانتاكە بكەرەوە!

– بەسەرچاو.

(جانتاكە رائەكێشم و ئەیكەمەوە.. دەرپێیەكی مەلە، جوتێ نەعلی قاوەیی، كراس.. دەستی بردو كراسێكی چڵكنی دەرهێنا.. ئەو كراسەكەم جوان پێچابۆوە و لەبنی جانتاكەدا دامنابوو.. خەڵكی لێهاتووانە چڵكنی خۆیان ئەشارنەوە.... بەڵام خەڵكانی لەوان لێهاتووتر دێن و دەری ئەهێنن).

پێشەكی ئیبن خەلدون، فیكری كارل ماركس، نەوەی نا ئومێد، لۆركا.. دیراسەیەك لە بارەی ژیان و شیعری).

– ئەو كتێبە بیانییە ناوی چییە؟

—

—

- هەڵكۆڵینی رابردوو.

(گوێ رادێرە.. تۆ كتێب ئەكڕێت نەك پیاز.. یان بیكرە یاخود داینێرەوە، ماشەڵڵا چۆن كتێبەكە ئەم دیو و ئەودیو ئەكا.. ئەڵێی مەڕ ئەكڕێ).

كتێبەكەم كڕی.. دەمێكە ئەوە روویداوە، بەڵام هەركاتێ بیر لەو پارەیە ئەكەمەوە كە پێم كڕی.. خەمۆكی‌یەكی چڕ گەمارۆم ئەدا.

- هەڵكۆڵینی رابردوو؟

- بەڵێ

- ئەو كتێبە قەدەغە نییە؟

- قەدەغە نییە!

(جگەرەكێشان و گوڵەبەڕۆژە خواردن قەدەغەن.. قەدەغەیە میز لێرەدا بكرێ.. لە شوێنەكانی تریشا قەدەغەیە.. ئەوەی میز لێرەدا بكا..كەر كوڕی كەرە).

- ئەو كتێبە باسی چی ئەكا؟

- لە بارەی شوێنەوار و مێژووەوەیە!

گرگنە عەینەك لە چاوەكە ئاوڕی لێم دایەوە و بەتوڕەیی پرسی! پێشتر ئیشت چی بوو؟

(جارێكی تر ئیشم چییە؟ پێی بڵێم :

جوتیارم؟ بڵێم جل و بەرگی كۆنە ئەفرۆشم؟ چییە گەر پێی بڵێم بۆ یاخچی پێڵاوم؟ شەوكەت.. ئەم رۆژانە چی ئەخوێنیتەوە؟

ئەزانی مامۆستا رۆمانی ژنە نان فرۆشەكە، جوانترین كتێبێكە خوێندبێتمەوە! ئەو كتێبە نادەمە كەس.. بەرگم تێگرتووە و لە جێگەیەكی نهێنی دا هەڵیئەگرم.. هەروەها رۆمانی (لەگەڵ بادا چوو)، لەگەڵ رۆمانی (لێوبەبارەكان) ئەوسێ كتێبە نادەمە كەس).

(شەوكەت بۆیاخچی پێڵاوبوو. دەیخویندەوە.. كتێبی ئەكڕی ... بەرگی تێ‌ئەگرت، بەكەسی نەئەدا...چما شورەییە پێی بڵێم بۆیاخچی پێڵاوم؟).

- مامۆستای زانكۆ بووم!

- مامۆستای زانكۆ بوویت؟

- بەڵێ!

(هەندێ ووشە وەك موگناتیس وەهان، وشەی مامۆستای زانكۆش لەو ووشانەیەكە هێزی راكێشانی هەیە.. ترس و دەموچاوە زەردهەڵگەڕاوەكان رائەكێشێ).

- سلاو.. مامۆستا.. سلاو.

- سلاو

- مامۆستا بۆ سیاحەت ئەڕۆی یان بۆ ئیش؟

—

(ئەڕۆم لە بیابانە خۆڵاوییەکانا، بۆ پارووە نانێك لە خاچ بدرێم دوای ئەوەی ئەو پارووەنانە لە وڵاتەکەی خۆما قاتیی بوو، موریدەکانی یۆگا ئەڕۆن تا بە ئیسراحەت لە سەر بزمارو شیشی سورەوەبوو دانیشن!)

- بۆ ئیش.
- ببوورە مامۆستا.. تۆ ئەرکەکانی ئێمە ئەزانیت.. ئەمەوێ بپرسم :
ئامێری کارەباییت پێ یە؟ کامێرات پێیە؟
- نەء
- چەك؟
- چەك؟؟

(بۆمبی ئەتۆمی، موشەك، فڕۆکەی ناپاڵم هاوێژو جەنگیی، هەندێ جاریش چەکی بەرگری).

- بەڵێ چەك!
- نەء
- ئەتەوێ شتێك بەگومرگ راگەیەنیت؟

(جارێکی تر ئەڵێم من نیم.. مردووم، من مردووم، دەمێکە لە بوونانەماوم، بەو مەبەستەی بە پەیامێکی نوێوە بۆلای خەڵك بگەرێمەوە...
بەڵام هەڵەم زۆر کرد.. چونکە نە ئەشکەوتێکم دۆزییەوەو نە چ شتێکیشم چنگ کەوت بە خەڵکی راگەیەنم!).

- هیچ شتێ.
- سوپاس مامۆستا.. سەفەرێکی خۆش.
- ببوورە.. سوپاس!!

—

دوو زەلام، یەکێکیان درێژو نیشانەیەك لەسەر گۆنای چەپی، چاوانی بە بەدخویی پرشنگیان ئەدا، ئەوتیریان قەڵەوو گەمژە و میهرەبان دیاربوو.. بەدەم هاتنە ژوورەوە شتێکیان ئەجوو... وامزانی نەفەرن.. بەڵام کاتێ درێژەکەیان سەیری کردم.. ترسام، لە روخساری ئەڕوانیم.. لە جلەکانم.. ناکاو ئاوڕی بۆ جانتاکە دایەوەو بەگومانەوە تەماشای کردم!

– پەساپۆرتەکەم بدەرێ!

– فەرموو.

پەساپۆرتەکە سەوزێکی کاڵ بوو، پەرەکانیشی سەوزێکی تۆخ.. بەڵام مۆرەکان رەش بوون وەك شەوانی زەندەق چووان .. پەساپۆرتەکەی بە وردیی ئەم دیوو ئەودیو کرد.. بە دەستیەوە گرتی.. لێی پرسیم:

– ئەو کابرایەت ئەناسی کە لاتەوە دانیشتبوو؟ ئەوەی کە پێکەوە بوون؟

–

– له شه‌مه‌نه‌فه‌ره‌كه‌دا ناسیم ... پێشتر نه‌مئه‌ناسی.
(بۆچی ئه‌وها به‌ته‌وسه‌وه ئه‌دوێ؟)
– نایناسیت؟
– ئه‌زانیت ئیشی چییه‌؟
– وتی جل و به‌رگی كۆنه ئه‌فرۆشێ!
– چ شتێكی نه‌دایتێ.. به ئه‌مانه‌ت بۆی هه‌ڵگریت؟ بۆ نموونه... (چاو پیاوانی گۆمرگ چه‌ند به‌نه‌زاكه‌تن. رسته‌كه ته‌واو ناكه‌ن... وه‌ك پۆلیس نین... ئه‌ڵێن بۆ نموونه..پۆلیس ئه‌ڵێ : ده‌مت داخه.. ئه‌كه‌ونه بیراز كردنت!)
– نه‌ء!
– ببووره ئێمه پۆلیسی گومرگین.. ئه‌و كابرایه‌شی له‌م فارگۆنه دابوو قاچاخچی‌یه.. ئه‌مانه‌وێ بزانین چ شتێكی نه‌داوه‌ته نه‌فه‌ره‌كان!!
– هیچی نه‌داومه‌تێ.. ئه‌توانن بگه‌ڕێن!
– ببووره به‌ڵام واجبی ئێمه...
ئه‌ویتر لێی پرسیم : ئیشت چییه‌؟
– مامۆستای زانكۆ..
(مامۆستایه‌كی زانكۆ له فارگۆنی نومره دوودا؟ له فارگۆنی نومره(ده) دا؟ ئه‌مه مه‌سه‌له‌یه‌كی شه‌خسی‌یه‌و كه‌س بۆی نییه خۆی تێ هه‌ڵقورتێنێ.. چما مامۆستایانی زانكۆ هه‌ر ئه‌بێ سواری فارگۆنی نومره یه‌ك بن؟ من وام حه‌ز لێ نییه... به‌ڵێ.. مه‌نسور نامه‌وێ ناتوانم.. بتوانم.... یان نه‌توانم یه‌ك شته.. چی ئه‌بوو گه‌ر له فارگۆنی نومره یه‌ك بوومایه‌؟ چما له‌وێ به قاچاخچی یان ئاشنا ئه‌بووم؟ به‌م شێوه‌یه به پرسیار دایانئه‌گرتمه‌وه؟).
– ببووره مامۆستا... داوای لێبوردن ئه‌كه‌ین....
(به‌ڵێ.. پێویسته داوای لێبوردن كات.. پێویسته داوای لێبوردن له‌و رێكه‌وته بكا كه‌منی كردۆته مامۆستا و خه‌ڵكانێكی تریشی كردۆته ئیمپراتۆر.. ئه‌بێ داوای لێبوردن له‌و رێكه‌وته بكا كه (ئه‌بۆ دنحۆ) ی كردۆته كه‌نناس.. به‌ڵام پێویسته پیاوه ورگنه‌كان تۆزێ پشتێنه‌كانیان شل كه‌نه‌وه.. تا بحه‌وێته‌وه، ئه‌بێ ئاوی ساردیشیان بۆ ببرێت!).
– ببووره مامۆستا..
– فه‌رموو..
– نا.. نا هیچ، سوپاس.
(كه‌واته خۆم له ئه‌لیاس نه‌خله كرد به ئاشا.. ئه‌لیاس قاچاخچی‌یه، تۆیش له شه‌مه‌نه‌فه‌ره‌كه‌دا نه‌بێ.. پێشتر نه‌تناسیوه.. راست ناكه‌یت؟ خۆت وتت: له هه‌زاران ساڵ له‌مه‌وبه‌ره‌وه ئه‌یناسیت.. ته‌واوێك ئه‌یناسیت!

هەر لە لە دایك بونیەوە تا ئەم سەعاتەی ژیانی ئەزانیت! ئەی ئێستە بۆچی خۆت لێکرد بە ئاشا؟ بۆچی وات کرد؟ چما مەسەلەکە سیاسییە و ئەتەوێ تێوەنەگلێی؟ چما پێشتر ئاوها ئیحتیاتی خۆت ئەخست؟).

(خۆتان خۆش بن.. خوا جەزاتان باتەوە.. خوالێخۆش بوو نموونەی ئەخلاقی بەرزو زانست و نەزاهەت و خوا پەرستی بوو. بەلام تەمەن بە دەستی خوایە.. مردن لە ڕێی هەمووانداية.. ئەلیاس نەخلە مردو تۆ مایتەوە!).

- سوپاس.. سوپاس.

(بۆچی ئادەمیزاد لە بەردەم مەترسییە چکۆڵەکانا هەرەس دێنی؟

مەنسور تۆ پەساپۆرتی خۆت پێیە.. بێ هیچ شپرزەییەك ئەتوانیت بێ خەم سەفەری خۆت بکەیت... وا ئێستاش لە بەردەم یەکەمین پرسیارا خۆت لە هەموو ئەوشتانە گێل ئەکەیت کە بیرت لێ کردونەتەوە! ناتوانی خۆ راگربیت؟ ناتوانی پارێزگاری بە (تۆوی خێرەومەندیی وەك خۆت پێت خۆشە وای ناوبنێ) لە ناختا بکەیت؟

تۆ قسە زۆر ئەکەی.. بەلام خۆ راگر نیت .. جورئەتی ئەنجامدانی چ کارێکت نییە!!

ئادەمیزاد لاوازترین بونەوەرە، لە هەمووشیان نەگبەت ترە.. لە هەموویان زیاتر پێشبینی مەترسیە چکۆڵەکان ئەکا.. کاتێ پەرداخێ ئاو ئەکەوێ، ئەم دائەچڵەکێ و دڵی ئەکەوێتە خوارەوە.. کاتێ شانی بەرشانی ڕێبوارێك ئەکەوێ، لە شەرما سوور هەڵئەگەڕێ.. نازانێ چۆن داوای لێبوردن کات.. چما ئەمە گرێی جەنگەڵە؟ ئەو گرێی ترسەیە کە لە باوانییەوە بۆی ماوەتەوە؟ مەنسورە فەنی مەترسە!!

مارەکە لەو کاتەدا کە خەریك بوو ئەچووە کونەکەوە، مامۆستا کلکی گرت، مارەکە پڕکێشی کرد، ئەمیش کەمێك بۆی خاو کردەوەو پاشان بەتوندی رایکێشا و بەرزی کردەوەو کێشای بەزەویدا.. کاتێ مرد هێشتا پاسارییەکە لە ترسی ئەو شتە ڕەشە درێژە هەڵئەلەرزی... مامۆستا مەنسور مەترسە.. هۆ ئەی مامۆستای زانکۆ... شتەکان بەناوی خۆیانەوە ناوبنێ.. مەترسە.. ئەو دوو زەلامە تەنها فەرمانی خۆیان جێبەجێ کرد.

ئادەمیزاد بۆ چی ئەترسێ؟ بۆچی بە ترس و دڵەڕاوکێوە وەلامی پرسیارەکانیانت دایەوە؟ بۆ ئەوەی ڕێگەی سەرفەرکردنت بدەن؟

چما ئەوانە ئەتوانن ڕێی سەفەرت لێ بگرن؟ ڕێگەگرتن لە وێندەرییە.. لە وێندەر ئەتوانن ئەوە بکەن و ماوەیەکی درێژ یش کردیان.. بەلام لێرە چ شتێك ناکەن.. ئەمانەی ئێرە فەرمانبەری چکۆڵەن و سلاو ئەسێننەوەو بەقەد سوورسپی دەم و چاوی بەرامبەرەکەیان ڕێز لەکەسەکە ئەگرن.

مەنسور بۆچی هەڵئەلەرزیت؟ کوا ئەو پیاوە ئازایەی جاری جاران؟

زەردەخەنە ئەتگرێ و بەخۆت ئەڵێی : چ پێویست ناکات ئادەمیزاد لە خۆڕا سەر ئێشە بۆ خۆی دروست کا.. من ئەلیاس نەخلە ناناسم.... تەنها لە

—

شەمەنەفەرەکەدا یەکترمان بینی، ئەمە چ شتێك نییە... ئادەمیزادێك بەرێکەوت ئەبینی و لەگەڵیدا دەئاخڤی.. هەر ئەوەندەو تەواو.. ئەلیاس نەخلە ناناسیت؟ پێت وایە ئاسەواری لەلات نەمێنێ و لەزەینتدا بسڕێتەوە؟ تەواو وەك ئەو کەسانەی بێ ئەوەی بیانناسیت لە چایخانەکەدا ئەتبینین؟ وەك ئەوانەی لە کاتی بەڕێ کردنی تەرمێکا ئەتبینین؟

ئەلیاس هاورێتە... کەسێکە ئەوشتانەت بیردێنێتەوە کە ناوێریت بیرت بێنەوە.. کە ناوێریت دانیان پیانێی!.. نەخێ.. نۆ لە بیری ئەکەیت.. خۆتی لێ ئەکەی بە ئاشا.. چ کاتێکیش؟ ئەو کاتەی کە دوو زەلامەکە هاتن و لە بارەیەوە پرسیاریان لێکردیت!! چەند نەگبەتیت!!

ئەی ئەو تۆ پەڵە چکۆڵەیەی کە هێدی هێدی لەگەڵ دوورکەوتنەوەی شەمەنەفەرەکەدا دیار نەما.. هەمان ئەو تۆپەڵە نا ئومێدەییەکی تا رادەی هەڵایسان نائومێدیی لە دەرونتا جێهێشت.. کاتێ لێت جیابۆوە خەریك بوو بگریت.. ئیدی هەموو شتێ تەواو؟

مەنسور چیدی شتەکانت بۆ لەیەکتری جیا ناکرێتەوە!

گەر بۆمبێکی ئەتۆمیت هەبا.. ئەبوو بەر لە هەر شتێ خۆت پێ وێرانکردبا، تۆ تاقەکەسێکیت کە ئەبێ وێران بکرێی.. بەڵام دونیا شتێکی جوان و هەمیشەگییە.. خۆ گەر رۆژێ لە رۆژان شلوێ بێ، ئەوا دواتر پاقژی و سازگاریی خۆی وەدەست دێنێتەوە.. تۆ شیاوی ئەوەنیت بە لای ئەم دونیایەدا بچیت.. لێی نێزیك بیتەوە..

هەرگیز ئەلیاسم نەناسیوە. پێشتر نەمدیوە... تەنانەت ناوەکەشیم لە دووایین ساتەکانا ژنەوت، ئەو کاتەی کە شەمەنەفەرەکە کەوتەوە رێ).

– ئێوە پێکەوە نەبوون؟
– هەرگیز.. بەرێکەوت یەکترمان ناسی!
– پێشتر نەتئەناسی؟
– نەخێ.. هەرگیز..

(گەر ناوی خۆی نەگوتبا، وەك دەیان کەسی تر ئەرۆیشت.. لە هەموو جێگەیەکا روخسارەکان ئەبینم.. بەڵام خەریکە سیمایان لەلام کاڵ ئەبێتەوە. کە ئەکەومە سەفەری پەلاماردانی ناخم، لە ناوەوەم ئەڕوانم، خەون ئەبینم.. بەدەنگێکی شێتانە گۆرانی ئەڵێم..بێدەنگ گۆرانی ئەڵێم، ئەگریم، پاشان هیچ!! سینییەیەك شیرینی پێبوو، گۆرانی بۆ خۆی ئەچڕی.. دوای ماوەیەك کەوتە گۆرانی وتن بۆ خەڵکانی تر تا شیرینییەکەی بفرۆشێ.. سالێکی نەبرد، ئەم خۆی ئیشتیهای چووە سەر شیرینی،ئیدی بۆ ئەوەی لە خەڵکی بکڕێ گۆرانی دەگوت).

روخسارەکانی تر ئەچنەوە یەك، ئەڕەوێنەوە.. هەڵدێن.... جگە لەم مۆتەکە هەمیشەییە چ شتێکی تر نامێنێ.. ئەو مۆتەکەیەی کە تا دواساتەکانی ژیانم لەگەڵمایە... ئەو مۆتەکەیەی کە ناوی مەنسور عەبدولسەلامە!).

– چەکت پێیە؟

–

– چەك؟
– بەڵێ چەك؟
(ئادەمیزادی بێ چەك یەكسانە بەمێشی، مەنسور تۆ مێشیت!بەڵام نێشی راستەقینەش چەكی پێیە... پشیلە چڕنوكی هەیە، سەگ ئەوەڕێ و هەندێ جاریش پەلامارئەدا.. مار ژەهری هەیە، توانای ئەوەشی هەیە ئادەمیزاد راونێ..ئەشتوانێ ئادەمیزاد بكاتە مۆسیقارو لێكدالێكدا لە پێناو دامركاندنەوەی شەڕانگێزی یەكەیدا مۆسیقای بۆ بژەنێ.. بەڵام ئادەمیزاد.. بەبێ چەك بونەوەرێكی دەستە پاچەیە.. چما خاوەنی ژەهرو هاریی نیە؟ زمانی بەئامێرێكی مۆسیقایی دانانرێ؟
ئادەمیزاد گەورەترین دوژمنی ئەم ژیانەیە، گەر ئەونەبا... ژیان ساكارترو جوانتربوو... بەڵام لەوكاتەوەی كە ئامێری مۆسیقایی داهێنا، ژیان پڕبوو لە ترسنۆكی و ناپاكی و درۆ .. خۆ پەرستی بـووە دروشم و دەسبەرداربوون لە ئەلیاس
نەخلە بووە بنەما!).
– ئەو كابرایە ناناسیت كە لەم فارگۆنەدا لەگەڵتا بوو؟
(با زیاتر پێم رابوێرێ، پێویستە بە پێڵاو.. بە قۆناغە تفەنگ، بەتف لە ناوببرێم.. شایستەی یەك تۆز رێزو بەزەیی نیم.. هێندە بەس نەبوو دەست بەسەر پەساپۆرتەكەما بگیرێ، هێندە بەس نەبوو لە كارەكەم دەركرێم.. بەڵكو ئەبوو بەقاچ هەڵواسرێم ئەبوولە خاچ بدرێم!).
– نایناسم و بڕایەوە.
(مامۆستا مەنسور تۆ خۆت ئەناسیت؟ ئەزانی بۆ كوێ سەفەر ئەكەیت؟ ئەزانی بۆ چی سەفەر ئەكەیت؟ شەوانە خۆت واتەنی بەسەر بەها لەبەریەك هەڵوەشاوەكانا هەڵئەمیزێ، بەرۆژیش وەك منالْ لە پێناو وەرگرتنی پەساپۆرت و موافەقەت نامەی كاركردنا دەم پان ئەكەیتەوە.. هەموو ئەمانە ئەزانی و پاشان پێت وایە پیاوێكیت ئەوێریت چاو لە چاوی پیاوان ببڕیت؟
مەنسور تۆ پیاوێكی خەواڵوو نەخۆشیت، خەونەكەت درێژە ناكێشێ، رۆژێك دێ ئەڕمێ و وەك رمانی كۆشكێكی لمینی كەنار دەریا، كە بەر شەپۆل ئەكەوێ.. بەسەرتا هەرەس دێنێ!).
– نایناسم. تەنها دیدارێكی كورت بوو لە شەمەنەفەرەكەدا.. (لە ناوەوەت ڕا شتێك شكا، بووە خۆڵەمێشێكی فشەڵ و ناچیزە.. ناتوانیت دان بەخۆتا بگریت و وەك پیاوانی تر پیاو بیت!
لە ئازایەتی گەڕێ... چۆن ئەلیاست بیر نایەتەوە... چما ئەو ئارەقەی كە ئێستا ئەیخۆیتەوە هی كێیە؟
بە زمانێكی خەمگین ئاوێتە بەخۆشی ئەڵێ : لەم گەشتی ژیانەدا، ئارەق تاقە هاورێمە.. ژیان بەڕادەیەك تەنگە كە ناكرێ بەبێ ئارەق بەڕێ كرێ!...

—

**کەواتە بویتەتە فەیلەسوف، فەیلەسوفێك کە رەچەتە بەخۆڕایی ئەداتە خەڵکی.... بەڵام بیرتە کە یەکەم جار ئارەقت خواردەوە؟).**

_

Ž

**... شار لە ژێر قورسایی خۆرنشینا خەوی لێکەوتووە، لە پێکراوێك ئەچیٚ کە بەدرێژایی رۆژ خوێنی لەبەر رۆیشتبیٚ... پێکراوێك لە ساتەوەختی گیاندان و مردنا.**

**هاوینان... مانگی تەمموز، خەڵکی لە بەرەبەیانەوە ئەرژێنە دەرەوە، خۆر ئاوابوون ئاگر ئەمبار ئەکاو ومەرگ و چاوەڕوانی و خەونی مەحاڵ دەرئەهاوێژیٚ.**

—

—

روخسارەكان ئەبنە پارچە لاستيكی لينج، دەمارەكان ئەبنە دەزولەی لۆكەیی كە خێرا لە كەڵك ئەكەون و ئەسوتێن.... تۆیش ئەی مەنسوری ئینسان و تەرم.. بە دوای قەبرێكا ئەگەڕێی!

قەبر لەو خۆرنیشینەدا برێتی بوو لە سێ پێك بیرە.. تامی تاڵ بوو.... كاتێ هەڵتدا بووە هەڵم... هەڵمەكەبەرەو سەرت هەڵگژا.. ئارەزوویەك لە خۆوەی پێچای.... ئارەزوویەك تا ترۆپكی شەبەق.. نازانیت شەبەق بۆ چ شتێ؟ بۆ مەرگ؟بۆ جووت بوون؟ بۆ هەڵ خلیسكانە روبارێكەوە؟ نازانیت!!

لورەیەك لەناوەوەت ڕا تەقییەوە: مەی خراپ نییە، ئەشێ رێگەیەك بێ بۆ بیرچوونەوە.

پاشان شەوانی زستان هات، لە كونجێكا كەسێ پەنجەرەی هەبوو، خەریك بوو ئەیاندا لە زەوی، هەڵمی ئارەق لە سەرتا پێچی ئەخوارد.. هەڵمەكە بووە هەورێكی رەش، بارانی گریان و گۆرانی شێتانەی ئەباراند.. پاشان بووە خەون و خۆزگە.. دواجار بووە خەون و خۆزگەیەكی مەحاڵ.. ئیدی بە شكۆی تاوسێكی كوێر ئەتگوت: هەموو رۆژێ.. تا دوا ساتەكانی عومر هەر ئەخۆمەوە، لە هیچ ناترسم.. گرنگی بەو شتانە نادەم كە خەڵكی باسی ئەكەن : ئایین و تەندروستی و كۆمەڵگە.. ئیدی ئەم بەهایانەم بەلاوە شتێك نین....هەموو ئەو پردانەم تەقاندەوە كە منیان بەدونیاوە ئەبەستەوە.. كەمنیان بە رۆخەكانی دڵنیایییەوە ئەبەستەوە... جگە لە خواردنەوە هیچ چارەیەكی ترم لە بەردەما نەماوە..

ئەخۆیتەوەو هەر ئەخۆیتەوە، تا ئەو رۆژەی بەسەرتا دێ مێشكت بپژێنی و وەك سەگ بتۆپیت.. واتزانی مردوویت.... مەزەنەی زەردەخەنەیەكی بەسوێت لەسەر لێوەكانی كرد.. ئەو لێوانەی كە ماوەیەكی درێژ خۆشت ویستن، بۆ بینینیان ئەگریای.... مەرگ تاقە شتێكە نەمكردبێ...بەڵام چما ئەبێ ئادەمیزاد ئاوها بێنرخانە بمرێ؟ چما ئەبێ بمرێ وخەڵكانی بودوڵەش وەك كەڵەشێری هیندی وروژێنراو بژین؟

خەریكە شێت ئەبم.. ئەشێ بەڕاستی شێت بووبم.. دوای چەند ساتێكی تر لەسەر دارەمەیتێ هەڵدەگیرێم، رەنگە پریشكی خوێن بەر سەرو قژم كەوتبێ... گەر لە خەستەخانەش چارەسەركرێم، گەر كەسێك بەهانامەوە بێت،. ئەوا سەر لەنوێ بۆ ئازار چەشتن گیانم تێ دێتەوە.. ئەبێ چاوەڕێی هەلێكی تر بكەم تا خۆمی تیا بكوژم : بەڵام گەر بلیتی خەستەخانە دوا كەوێ، ئەوا تا ئەمرم خوێنم لەبەر ئەڕوا.... قوتابیان ئەوەستن و گوێیان بۆ مامۆستا كەچەڵەكەیان رائەدێرن كە سەیرم ئەكاو ئەڵێ : ئەم حاڵەتە بێی ئەوترێ خوێن بەربوونی ناوەوە.. گرنگ نیە لە دەرەوە هیچ نیشانەیەك وەدیاركەوێ.. دەزوو لەی وردی خوێن كە لەملاولای دەمەوە دێتەخوار... خوێن بەردبوونی ناوەوە ئەگەیەنێ..... باشتر بوو گەر خوێنەكە بۆ دەرەوە فیچقەی كردبا... ئەكرا لە مردن رزگار كرابا.

– ها ئەم مەتارەیە بۆ خۆت.. رەنگە لەم سەفەرە درێژە دا بەكەڵكت بێ!

—

– نا.. تا نەخۆیتەوە وەری ناگرم .. ئەمجارەیان لە تەندروستی تۆ ئەخۆینەوە!
– لە تەندروستی من؟ بۆ من کێم؟
– پێوستە بخۆیتەوە.
بەهێمنی‌یەکی خەمگین خواردمانەوە...
ئارەق لەلام بووە چەکێ بۆ خەم، بۆ خۆشی، بۆ بیرچوونەوە، بۆ ئازایەتی.. بۆ هەموو خەفەت و ئازارێك... لە گۆڕەپانی شاردا ئەوەستێ و ئەنەڕێنێ... هاوار ئەکا.. خەڵکی بە خۆشیی‌یەکی تێکەڵ بە حەپەسان تەماشای ئەکەن.... ئەکەوێتە بەکار هێنانی دەرمانە سیحراوی‌یەکەی.. ئەو دەرمانەی کە بۆ سەرئێشە و خەو زڕان و قەبزیی یەکاو یەکە... ئیشتیها ئەکاتەوەو ئازاری دگان ئەشکێنێ... تاقیکەرەوە.. تاقیکەرەوە.. دەرمانێکی هەرزانە... لە تور هەرزانترە... کاریگەرییەکەی سیحری‌یە.. لەیەك دەقیقەدا هەموو نەخۆشییەك چاك ئەکاتەوە.... خەڵکی بەواق ورماوییەوە سەیری ئەکەن و ئەمیش هاوارئەکا.... ئەمەیە دەرمان...، دەستەکان لێی کۆئەبنەوە، دەستێ ئەکڕێ، دەستێ دەرمانەکە ئەم دیوو ئەودیو پێ ئەکا، بەلأم ناکاو جانتا و ئەو کورسییە چکۆڵەیەی کە لەسەری ئەوەستا هەڵئەگرێ و هەڵدێ.. چاوی بە پۆلیسێ ئەکەوێ کە لە دوورەوە دێ..
– ناخۆمەوە ..یەکەم جار تۆ بخۆرەوە .. ئەمجارەیان لە تەندروستی ئەلیاس نەخلە...
مەنسور کێ مەتارەکەی دایتێ؟ ئەی بۆ ئاوها زوو ئەلیاس نەخلەت لە بیرکرد؟
شتێ لە ناختا پێ ئەکەنێ.. شتێك کە تیایدا گاڵتە جاڕی ئامێتەی ئارەزووی گریان بووە.. ئاوات ئەخوازیت هەموو شتێکت بیرچێتەوە،بەلأم بۆ جاری دووەم لەخۆت بپرسە کێ ئارەقەکەی دایتێ؟ مەترسە.... ئەلیاس نەخلە ئەتوانێ فریای خۆی کەوێ.. هەر وەك ئەوەی کە هەموو جارەکانی تر فریای خۆی کەوتووە.. ئادەمیزادێکی وەك ئەو بەئاسایی دەستەمۆ نابێ.. ئەشێ بکەوێ.. بەلأم کۆتایی نایەت.. بەلأم تۆ کەوتوویت.. لە قۆناغی دووەمدا.. دەیان ئالأی سپی بچووك بەرزئەکەیتەوە!
سەرکردە ئیتاڵی‌یەکە بە سەربازەکانی ووت: ئەی سەربازەکان ئازایانە بجەنگن... بەرگری لەو وڵاتە گەورەیە بکەن کە ئیتاڵیا لەودیو دەریاکانەوە بنیاتی ئەنێ... خۆ گەر بیشبەزێن، ئەوا ئێمە خاوەنی چەکێکی ترین، چەکێك کە فریامان ئەکەوێ.. لەبەر ئەوە مەترسن.
سەربازەکان بە ترس و سەرسوڕمانەوە سەیریان کردو پرسییان : (ئەی سەرکردەی مەزن.. ئەو چەکە چی‌یە؟).
سەرکردە بە باوەڕی پێغەمبەرێك زەردەخەنە گرتی و وتی:
– خاوەنی ئالأ سپییەکانین!
مەنسور ئاخرییەکەی... بۆ مووچە.. بۆ وەزیفە.. بۆ ئارەق خۆت بەدەستەوە ئەدەیت... تەنانەت بۆ سەگەکانیش خۆت بەدەستەوە ئەدەیت، بەدەم ئێسقان دانانەوە... ئەڵێی:

–

(ڕێزی زۆر و وەفاداریم قەبووڵ بفەرموو!).
ئەو ترسەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لە ناوەوەت ڕا گەشەی کرد، چیدی ئەو تۆوە چکۆڵەیەی جاران نییە، بەڵکو بۆتە تارمایی و دایمەی خوا بەدواتەوەیە.. کەوتویتە واهیمە کردن... پێت خۆشە بەخەڵکی بڵێی : ئەمڕۆ دوو زەلامم بینی لای ماڵەوە وەستابوون، وا خۆیان پیشان ئەدا کەسەیری ئەوبەر ئەکەن، بەڵام کاتێ لە ماڵ هاتمە دەرێ، دوام کەوتن.. زیاتر لە سێ سەعات بەدوامەوە بوون... هەوڵم دا خۆمیان لێحەشاردەم، دواجار سواری پاس بووم و خۆم لێ دەرباز کردن.. کە دەمەو ئێوارە گەڕامەوە ماڵەوە... جارێکی بینیمنەوە.
مەنسور ئەترسیت؟ مەسەلەکە یەکێکە لەم دووە: یان ئەترسی یاخود ناترسی!... بەلاّم بەخۆت ئەڵێی: مەسەلەکە بەو ئاسانییە نییە، هەندێ جار ترس و نەترسان تێکەڵاوی یەکتر ئەبن... لەو یەکانگیربوونەدا شتێکی نوێ لە دایك ئەبێ کە نازانم چییە، ناتوانم بەوردی دیاری بکەم.. شتێکە لەوەو بەر نەمدیوە.. شتێکە ناوی نییە!
کەواتە ئارەق ڕێگەچارەیە!
دوای مەغریب، کاتێ لەگەڵ دایکمانا لە ماڵی پورم ئەهاتینەوە، وەك ڕانەمەڕێك گورگ ڕاوی بنێ.. دایکمان کەوتە پەلە پڕوزکێ و ئەیویست هەرچی زووترە لە پێپلیکانەکان سەرکەوین تێپەڕین، ماڵی (ساڵح ئەبوجلدە) لە ناوەڕاستی پێپلیکانەکانا بوو، لە پەنجەرە کراوەکانییەوە بۆنی ئارەق و دەنگی پێکەنینی خەڵکانێکی مەست ئەهات.. دەنگی زەلامەکان وەك ڕێژنەی گوللە ئەهاتە گوێمان.. ئێمەیش ڕامان ئەکرد.. گورگەکان هێرشمان بۆدێنن، زەلامەکان هێرشمان بۆ دێنن.. خۆیان لەکون و قوژبنەکانا، لە شوێنە تاریك و نوتەکەکانا مەلاّس ئەدەن... هەر ئێستا دەرئەپەڕن، ئەکەونە وێزەمان.. هەر کە دەستیان ئەگاتە چاومان... بیناییمان تاریك دایەت... ناکاو هەوڵ ئەدەین هاوارکەین...بەلاّم دەنگمان دەرنایەت... لەیەك دەقیقەدا شەلاّلی خوێن ئەبین و ئەمرین.... ئەبینە کوتە گۆشتی ئەنجن کراوو ئێسکی کوتراو.
شار لە تەمموزا ئێسك قورس و بەسوێیە... هەوڵ ئەدەیت هەر چۆنێکە بۆ ماوەیەك فەرامۆشی کەیت... سێ پەرداخ بیرە و ئاوی ڕوبارەکەش دەس بازی لەگەڵ پێ وپلەڕوتەکانا ئەکرد.. تامی بیرەکە تاڵ بوو، بەلاّم کوت و پڕ شتێکی لە ناخم دا هەڵمژی...
ئەوشەوە سەرەتا بوو، وەك ڕووبارە گەورەکان بە دڵۆپە ئاوێ دەستی پێکرد..دڵۆپە ئاوێ لە شوێنێکی دوورەوە، پاشان ئەبێتە جۆگەلەیەکی باریك... ئەبێتە کۆمەڵە جۆگەلەیەك، لە پێچی ڕێگەیەکدا بەگوڕتر ئەبێ .. گەورەتر ئەبێ.... تا ئەبێتە شتێکی گەورەو کەس ناتوانێ بە ڕوویدا بووەستێ.
کەواتە مەسەلەکە کۆتایی هات .. تازە بێهودەیە خۆ سەرزەنشت کردن و حەسرەت خواردن بۆ ئەوساتە لاوازانەی کە بەدەم وەلاّمدانەوەی پرسیارەکانیانەوە

بینیتن.... ئەبوو خۆڕاگرانە وەڵام بدەیتەوە...بێ ترس وەڵام بدەیتەوە ... سەدان جار بەخۆت گوتووە: مەنسور ! پیاوبە .. مەترسە!!

که منالیش بوویت، هەر وا بوویت... هێشتا پانتۆڵە کورتەکەی ئەو سات لەبەردایە... ئای چەند بە سوێیە.. ئازاری وەبیرهاتنەوە.

---

پێویست ناکا هەموو شتێکیان لە بارەی خۆمەوە پێ بڵێم، من مرۆڤێکی ئاساییمو شایستەی گرنگی پێدانی کەس نیم.. ژمارەیەکی بێ شومار مرۆڤی وەك من هەن.. بە روخسارو جل و بەرگ لە من ئەچن.... بەڵام ئەوەی من لەو خەڵکانە

—

جیائەکاتەوەو شەڕانگێزانە داکۆکی لێ ئەکەم: دونیاکەی ناوەوەم و... هەندێ جاریش ئازادییەکەمە... ئەشێ لە چاوی ئێوەوە کابرایەکی بودەڵەبم، گرنگ نییە... بەڵام دەنگێکی نزم لە ناخمایە و بەردەوام سەری بۆ ئەلەقێنم.. حەز ئەکەم بەردەوام بیژنەوم.. ئەو دەنگە بەردەوام پێم ئەڵێ : ئەم دونیا مەجوسی‌یە هیچ وپوچە ئەفەرۆزکە.. لە گەڵیا یەکانگیر مەبە، گەر توانیت.. پێویستە بەشداری لە گۆڕینیا بکەیت. گەر تۆزێك بوێرم ددان بەوەدا ئەنێم کە هەندێ کەس بەکابرایەکی سەیرم دائەنێن.. کابرایەکی سەیرو پەنهان... بەڵام راپۆرتەکانی پۆلیس بە پیاوێکی خەتەرم وەسف ئەکەن... جارێکیشیان ژنێك پێی وتم : لەعین! من زەردەخەنە ئەمگرێ کاتێ گوێم لەو نازناوانە ئەبێ... من تەنها مرۆڤێکی ئاسایم... مرۆڤێکی چەوساوە... مرۆڤێکی لە مێژەوە لەسەر کار دەرکراو.. خاوەن هەندێ وورده خەم و زوربەی کاتیش خەون بین!

بەڵام چۆن لەگەڵ ئەم ژیانەدا تێ هەڵچووم و چۆنیش شکستم هێناو دڵم لێوالێو بوو لە نا ئومێدیی؟ ئەمە کوت و پڕ رووینەدا... بەڵکو هێور هێور.... هێور و هێور و لە دەمێکەوە.. گەر ئێستا سەیرم کەن... دوا بەشی ژیانی مرۆڤێك ئەبینن.. بەڵام کەی و چۆن کرمەکە کەوتە هەڵکۆڵینی دڵم؟... بیرم دێتەوە... رۆژێکیان دایکم و خاڵم لە حەوشی ماڵەوەمان دانیشتبوون قسەیان ئەکرد، منیش لە حەوشە چکۆڵەکەی نێوان موبەق و ئاودەستەکەدا واخۆم پیشان ئەدا کە خەریکی چاککردنەوەی پاسکیلەکەمم.... خاڵم بە دایکمی گوت: مەنسوور هەروا مەنگە؟ بۆچی وەڵامی پرسیارەکانم ناداتەوە؟

دایکم لە خاڵمی روانی و چەند جارێك بە میهرەبانییەوە سەری لەقاند و وتی: وەك منالانی تر نادوێ...بەڵام گەر شتێکی بوێ چ قورەتە کەس بتوانێ رێی لێبگرێ....

– ئەی ئەو برینانەی سەر گۆنای چییە؟

– هەموو جێگەیەکی لەشی برینە، سەر روومەتی، گۆنای سەر دەستی...چەند رۆژێ لەمەوبەر بەرێکەوت جێگە برینێکی قووڵم لە سەر رانی بینی.. بەهەناسە هەڵکێشانەوە بێدەنگ بوو...پاشان وتی: سەر چڵیی چۆتە خوێنییەوە.. گوێم لە خاڵم بوو بە چرپە بە دایکمی گوت:

– نابێ ئاوها لێی گەڕێی... ئەمڕۆ سەر چڵ بێ، ئەوا سبەینێ کە گەورەبوو ئەبێتە تاوانبارو ئەچێتە بەندیخانەوە... جاددە منالێ لەسەر کرداری بەدو دزی و کوشت و کوشتار رادێنێ.

دایکم روانینێکی سارد لە خاڵمی روانی، وەك ئەوەی هەموو ئەو شتانە بزانێ کە ئێستا گوێی لێبوو... پاشان کەوتە قسەو منیش گوێیەکم کردبووە هەزار گوێ... تا دوای رۆیشتنی خاڵم بزانم چۆن هەڵسوکەوت بکەم:

– من ئافرەتم.. چیم پێ ئەکرێ!

– داینیٚ بۆمن.. کارێکی لای بازرگانێك.... له کۆگایەك بۆ ئه دۆزمەوه.. گرنگ کاریٚ بکا!
– دایکم بەپاڕانەوه وه گوتی:
– هەر کارێك بیٚ.. هەر کارێك.. گرنگ ئەوەیه له بەر چاوما نەمێنیٚ!
خاڵم کارێکی بۆ دۆزیمەوه، زیاتر له کارێکی بۆ دۆزیمەوه.. ئەو ئیشانەم پیٚ قەبولٚ بوو لەبەر ئەوەی هەستی دۆزینەوەی دونیام تیاورۆژابوو.
لای بازرگانێك خرامه بەر ئیش، وەستاکەم پیٚی ئەوتم: گرگن دوکانەکه گسك به! ئاورشێنی که... که تەواو بوویت.. تۆپه قوماشەکان له ئەمبارەکه بێنەو لێرەدا دایاننیٚ!!
که لەوه ئەبوومەوه، وەستاکەم بەتوڕەیی پیٚی ئەوتم: گرگن.. بەپەله زەمیلەکه بۆ ماڵەوه بەرەوه.. گەر زوو نەیەیتەوه قاچت ئەشکێنم.. زەمیلەکەم هەڵئەگرت و بەر لەوەی ئەو له نێرگەلەکەی بێتەوه.. دەهاتمەوه....
رۆژێکیان.. زەمیلەکەم بەدەستێك و قاپیٚ شیرم به دەستەکەی ترم هەڵگرتبوو.. نەمزانی چۆن قاپه شیرەکه بەر دیوارەکه کەوت و شکا...وەستاکەم لیٚی پرسیم : چۆن شکاندت؟ پێم وت: شکا.. نازانم چۆن شکا.. کەوام وت، قیژاندی بەسەرما... قیژەکەی له بۆڕەی مانگا ئەچوو.. بەڵام من بێدەنگ بووم، تاقه یەك وشەم نەگوت، بەرقەوه سەیری کردم، هەروەك ئەوەی بێدەنگییەکەم ئازاری دابیٚ، بەرەو رووم هات و شەپازلەیەکی تیٚسرەواندم... هەر بێدەنگ بووم... بەڵام کاتێك گوێم لیٚی بوو به دراوسیٚ دوکانەکانی وت: گەر هەتبو نەبووایه سەریم ئەشکان... جگه لەوەی خاڵیشی برادەرەو داوای لێکردم بۆ ئەوەی له شەقامەکان خوێڕی نەبیٚ لای خۆم گلی بدەمەوه.. کاتێك گوێم لیٚی بوو ئاوها بۆ خەڵکەکه ئەدووا.. بەدەنگی بەرز گریام... سەیری کردم و زەردەخەنەیەکی هاتیٚ، روتی : میاواندن بەسه گەڕه، تۆزیٚ ئاوم بەریٚ... نازانم لەوکاتەدا چ شەیتانێك هەتەبن کلێشەم و وتم: (هەسته خۆت ئاو بخۆرەوه)... باوەڕی نەکرد، چاوانی ئەبلەق بوون، هەستا تیٚم سرەوێنیٚ، بەڵام من وەك ماسییەك خۆم له ژێر دەستی رزگار کردو به دەنگی بەرز هاوارم ئەکرد : تۆ سەگیت... تۆ سەگ و کەریت.. رام کرد.. لەوساتەوه هەستی رقم بەرامبەر زۆر شت تیا رووژا.
دوای چەند رۆژێك، خاڵم ئیشێکی تری له کتێبخانەیەکا بۆ دۆزیمەوه، شانی راوەشاندم و گوتی: گەر ئەمجاره ئاقلٚ و گویٚ رایەلٚ نەبیت سەرت ئەشکێنم.. تیٚگەیشتی؟
نه وەڵامم دایەوه و نه سەیرم کرد، وەك کەروێشکێکی زەندەق چوو وەژوور کەوتم، بەدوای جێگەیەکا ئەگەڕام لیٚی بووەستم.. کەوتمه فرۆشتنی رۆژنامەو گۆڤار... به دەنگێکی وەك میاواندنی پشیله هاوارم ئەکرد تا مشتەری بۆ رۆژنامەو گۆڤارەکان پەیداکەم.. به خۆشحاڵییەکی شاراوه لەو کەسانەم ئەڕوانی که رۆژنامەو گۆڤاریان لیٚ ئەکڕیم و خۆشم ئەویستن.. له دڵی خۆمدا ئەمگوت : ئەم خاڵکانه هیچ له

خاڵم و لەوەستاکەم ناچن. خاوەنی کتێبخانەکە کابرایەکی خێڵ بوو، هێندەی نەبرد کەوتە دوژمنایەتی کردنم.. کاتێ تەماشای گۆڤارەکانم ئەکرد، قاوی ئەدام و بەدەنگێکی بەرز پێی ئەوتم: هەی مشکە، دەستەکانت چڵکنن.. گۆڤار بۆ ئەوە نییە نموونەی وەك تۆ سەیری کا... بەوە زۆر خەفەتم خوارد... بەڵام بێدەنگ بووم... هیچم نەگوت.

ڕۆژێکیان لە گۆڤارێکدا تەماشای وێنەی ئافرەت و ئەسپێکم ئەکرد، کابرای خێڵ هاتەپێشێ و کوێچکەی گرتم، بەزمانیکی باوکانە وتی: وا باشترە لە تەنەکەی زبڵ دا بەدوای نان دا بگەڕێی نەك لەکتێبا... هەی مشکە گەڕە.. تێگەیشتی؟ سەیریم کردو هیچم نەگوت.. بەڵام ئەو بەدەم گوێچکە راکێشانمەوە لێی پرسیم تێ گەیشتی چیم گوت؟ وەڵامم نەدایەوە.. زیاتر گوێچکەی راکێشام، هەستم کرد خەریکە لە بنەوە دەری دێنێ... سوێ چووە دڵمەوە... زریکارندم... وتی: هاوریش ئەکەی هەی مشکە گەڕە... کەوای وت چاوانم لە چاوی بڕی و وتم: خۆت مشکە گەڕیت.. هەی خێلە.... خۆت دزیت!

قیژاندی بەسەرما : بڕۆ دەرەوە هەی سەگی خوێڕی... بە تەپڵەکی جگەرە کەوتە لێدانم... رام کردە دەرێ و بەردێکم هەڵگرت و تێم گرت.. بەردەکە کەوتە بەینی کتێبەکانەوە.. بەدەم راکردنەوە جنێوم ئەدا:

– هەی خێلە... سەرت ئەشکێنم و ئەتکەمە سەگ!

دەمەو عەسر کتێبخانەکەم جێهێشت، چووم بۆ بازاڕ، بەبەر ئەو کتێبخانە گەورەیەدا تێپەڕیم کە هەموو ڕۆژێ گۆڤار و ڕۆژنامەم لێ ئەهێنا.. حەزم ئەکرد لەوێ کاربکەم..بەڵام ناکاو رقم لە هەموو شتێ هەستا.. کە گەڕامەوە ماڵ بەدایکم گوت: بڕۆ کرێکەم لە (مەغریبی) بۆ وەرگرە.. لە سبەینێوە ئیشی لاناکەم.... هەر چەندی کرد... بۆم روون نەکردەوە بۆچی ئیشی لاناکەم... ووتم: ئیشی لاناکەم و بڕایەوە!

خاڵم دوای ساڵانێك، بەدەم هەڵدانەوەی کتێبی (النبی) جوبرانەوە، کە کوڕەکەی رەسمە روتەکانی لێ کردبۆوە،پێی وتم:

– بۆچی واز لە خوێندنەوەی ئەم کتێبانە ناهێنن؟

سەیری کردم، خەریك بوو شتێ لە ناخما ئەتەقییەوە.. بەڵام خۆم گرت و بێدەنگ بووم... کوڕەکەی وتی:

– مامۆستا داوای خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی لێکردووین!

– راستە قوتابخانە داوای لێکردوون بیانکڕن؟

بێ ئەوەی سەیری کەم، بەسەر لەقاندن وەڵامیم دایەوە.

– بۆ وەڵام نادەیتەوە... بەتوڕەیی نەڕاندی بەسەرما : بدوێ... بێرە زمان.. لاڵیت؟

وەڵامم نەدایەوە و هەستام، بێ بیرکردنەوە کتێبەکانم لەسەر تاقی پەنجەرەکە هەڵگرت و لە ماڵی خاڵم هاتمە دەر، ویستم جارێکی تر سەری پیانەکەمەوە.

—

کارگەییە رادەیەك بەبینینی خاڵم بێزار ئەبووم، کردبوویە عادەت، ئێوارەی هەموو ڕۆژانێکی هەینی دوای سەردانی لە خانووە تازەکان و بێستانەکانی ترۆزی نزیك ماڵمان. سەرێکی لە ئێمەش ئەدا.

خاڵم حەزی لەوەبوو ئامۆژگاری خەڵکی بکا، ئامۆژگاری وەستای خانووبەرەو ئامۆژگاری جوتیار و ئامۆژگاری خاوەن ئاپارتمانەکان لەوەش زیاتر حەزی بەوە بوو بەدەنگێکی بەرز و بەبێ بۆنە خۆی بە هەموو ئەو خەڵکانە بناسێنێ کە نەیئەناسین:

(حاجی رەمەزان سەهلی.. بازرگانی جوملە!)

لەو کاتانەدا بۆ ماڵەوە نەئەچوومەوە، تا دڵنیا ئەبووم لەوەی کە ئەو لەوێ نییە!

ڕۆژێکی هەینی، لە نێو تاریکی یەکی تەنك ولە حەوشە چکۆڵەکەی ماڵەوە، کاتێ چوومە ماڵی رووم بە روویدا تەقییەوە.. شڵەژام... رەنگم پەڕی.. هەستم بە پەشیمانی کرد، خاڵم کابرایەك بوو بەخۆیدا ئەنازی...هەر کە بینیمی لێی پرسیم :

– ئەم ڕۆژانە خەریکی خوێندنەوەی چیت؟

بەزەحمەت وەڵامم دایەوە:

– کتێبەکانی مەکتەب!

بێئەوەی چاوەڕێی وەڵامەکەم بێ وتی:

– هێشتا لێمان بەڕقیت.. ئەتەوێ پوول و پارەکانمان لێ زەوت کەیت و بمانکەیتە هەژار و سواڵکەر؟

نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە، پرسیارەکەیم پێ کوت وپر بوو... پڕبووم لە رقێکی ناکاو.. بەر لەوەی وەڵام بدەمەوە، جگە لە پرسیارێکی چکۆڵە هیچی ترم نەدۆزییەوە خۆمی پێ بپارێزم.. وتم:

– من..؟ من..؟

– بیستومە ئەڵێن بویتەتە سیاسی، بویتەتە فەوزەوی، نازانم...! تاوێك بێدەنگ بوو.. پاشان رووی کردە دایکم و لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو.... ئەحمەد حوسەینی سەرکردەی سۆشیالیستەکان لە میسر ئەیەوێ پارەوپولی دەوڵەمەندەکان بەرێ و ئیفلاس بە هەموو خەڵکی بکا، رقی لە هەر کەسێکە خاوەنی فلسێ بێ.. (مسقۆف) ە کانیش هەر وایان ئەوێ،نەك هەر ئەوە، بەڵکو ئەیانەوێ دنیا بکەنە قەحپەخانە، کوڕدایکی خۆی بخوازێ و خوشکی خۆی مارەکا.... نە دینیان هەیە و نە حەرام و نەحەڵاڵ!

یەکەمجار بوو گوێم لەو شتانە ئەبوو، ئەو سیاسەتەی کە خاڵم لەبارەیەوە ئەدوا مانای خۆپیشاندانی ئەگەیاند، کەواتە خۆپیشاندان سیاسەتە... ئیدی دونیای مناڵیم تەلاق دا... لە ناوەوەم ڕا کرمی یاخی بوون کەوتە جووڵە... تا ئیدی بووە مارو تێمەوە ئالا و دەستی نایە بینم.

خاڵم و دونیای مانیفاتۆرە و ئەو قسە تاڵانەم ئەفەرۆز کرد کە پێی خۆش بوو بیدا بە گوێی دایکما... ئیدی لەو کاتەوە لە جیهاندا سەرگەردان بووم.

—

–

ž

**کەواتە زانیتان من کێم، دڵنیاش بوون لەوەی کە من تەواوێك سادەم، چ خەسڵەتێکی تایبەتیم نییە... گەر ئەتانەوێ زیاتریش لە بارەمەوە بزانن پێتان ئەڵێم:**

—

—

تەمەنم لە سی و پێنج ساڵ تێپەڕیوە، ژنم نەهێناوە، زیاتر لە جارێك شێتانە کەسێکم خۆش ویستووە و ئاسەواری ئەو خۆشەویستیانەش بەو خەمەوە دیارە کە لەسەر روخسارم رۆنیشتووە... بەو یادەوەرییە تاڵانەوە دیارە کە لە سەرمدا دێن و ئەچن... بە تایبەتی کاتیَ ئەخۆمەوە، لەو خەونە ترسناکانەدا دیارە کە بۆ تاقە شەوێك دەس لە بەرۆکم بەرنادەن... ئەمە گرنگ نییە، گەر ئەتانەوێ زیاتر بزانن، پێتان ئەڵێم: زۆر حەزم بە خوێندنەوەیە، لە رادەیەك حەزم بە خوێندنەوەیە کە کتێب لای من یەکسانە بە زەلامێك... کتێبی چاك یەکسانە بەوەندە و زیاتریش!!

تا ئەم دواییەش کتێبخانەیەکی چکۆڵەم هەبوو، هەندێ کتێبیان لە لام لە هەر شتێکی ئەم ژیانە بە نرخ تر بوون... بەڵام بەو دواییە دڵنیا بووم لەوەی کە کتێب بەڵایە و پێویستە ئادەمیزاد لە گەڵیا بجەنگێ و خۆی لە شەڕی رزگار بکا، بۆ ئەمەش خۆم کردە سورەی بەر لەشکر و زۆربەی ئەو کتێبانەم سووتاند کە ساڵانێکە پاراستبوومن... بەڵێ، باوەڕم پێ بکەن... زۆر لەو کتێبانەم سووتاند....بەتایبەتی دوای ئەوەی کە نرخی راستەقینەی کتێبەکانم بە (ئەنوەر)ی خاوەنی کتێبخانەی (ئەمەل) وت و ئەو بە تەوسەوە زەردەخەنەی هاتێ.

پێم ووت: نیوەی نرخەکەیانم بدەرێ!

بە تەوسەوە پێکەنی و گوتی:

– گەر ئەتەوێ بیانفرۆشی، ئەوا نرخە نووسراوەکەی سەریان لە بیر خۆت بەرەوە. من ئاوها ئەیانکڕم.

پێم ووت: بەڵام خۆ تۆ پیاز ناکڕیت... حەزم کرد ئەو وشەیە بە کاربێنم کە رۆژێك لە رۆژان بیستبووم و ئێشێکی بەسوێی وای لا جێ هێشتبووم کە تائێستاش هەستی پێئەکەم.

وتی: لەبەر تۆ ئەیانکڕم، خۆت باش ئەزانیت کە هیچ ناکەن ... کتێبی کۆن بۆ ئەوە باشە لە ئەمبار دانرێ و مشك بیخوا...

وتم بە کەمتر لە نیوە قیمەتی نادەم.. ئەم کتێبانە کتێبی چاك و بە بەهان!

هەستا، ویستی بڕوا.. رامگرت و بڕیارم دابوو زۆر نەیەمەخوارەوە، وتم: نیوەی ئەو نرخەی لەسەریان نووسراوە و لە سەدا دەیش...

بە گاڵتەجاڕییەوە وتی:

بیانگوشە و ئاوەکەیان بخۆرەوە.

ئارەزووم لە چ شتێك نەما، رقێکی رەش بەر چاوی گرتم و پێم وت:

– لە کوڕی مامەکەت پیاوتر نیت. هەمووتان دزن... گەر لە بری نرخەکەی ئاڵتونم بدەیتێ، پێت نافرۆشم!

هەر کە چووە دەرەوە، زۆربەی کتێبەکانم کۆمەڵ کرد و کەوتمە سووتاندنیان... چەند کتێبێ بە ساغی دەرچوون، ئەوانیش رێکەوت لە سووتان رزگاری کردن!

یەکەمجار بەرگەکان دڕان، پاشان پەڕەکانی یەکەم و دواوە لول بوون و پاشان دڕان... پەڕەکان کۆئەکەمەوە و لە ژێر ڕاخەرەکە دایان ئەنێم شەویش بە دەم خولاندنەوەی پانکەی ژووری زیندانەوە، (وێرانە خاك)* ئەخوێنمەوە.

لە زینداندا ژمارەمان سی کەس بوو لە ژوورێکا کە جیٚی سیٚ کەسی تیانەئەبۆوە، لە کیسە گونیٚی دڕاو پانکەیەکمان دروست کرد و گوریسێکمان پێوە بەست... نۆرەمان دانا، هەر سەعاتەو یەکیٚ... تا بتوانین هەناسە بدەین و بشتوانین جێگە بۆ یەکێکمان بکەینەوە بنویٚ.

ئەوەی نۆرەی بوایە، بەدەم ڕاکێشانی گوریسی پانکەکەوە... یان ئەیخوێندنەوە یاخود بیری ئەکردەوە.

من لەگەلٚ ڕاکێشانی گوریسەکەدا ئەمخوێندەوە، هەندێك جار خەمیٚ دایئەگرتم نەمئەتوانی چۆن بەرەنگاری بمەوە، دوای ئەوەی نەمتوانی وەلاٚمێك بۆ ئەو پرسیارە دووبارەو بەردەوامە بدۆزمەوە، زیاتر لە جارێك هات بە خەیالٚمدا بگریم.

بۆچی ئێمە لێرەین؟ چ شتێکمان کردووە ئەوە بهێنیٚ لەسەری زیندانی بکرێین؟ لەسەر بیروباوەڕ؟ بەلاٚم کیٚ لەم دونیایەدا هەیە خاوەنی بیروباوەڕ نەبیٚ؟ چما لەسەر ئەم ئەستێرەیەی کە ناوی نراوە زەوی زەلامێك هەیە بیری خەتەر لە کەللەی دا نەبیٚ؟ هەر پیاوێك سەدان جار خەونی بە شتی خەتەرەوە دیوە، ڕاستە خەونەکان لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر ئەگۆڕێن، بەلاٚم زۆربەی جار لەو ژوورە تاریکە تەنگ و تروسکەدا، خەونم ئەبینی کە لەگەلٚ ژنە ئەکتەرەکانی سینەمادا جووت ئەبم، زۆرجار وێرام خەون بە ژنی دەولٚەمەندەکان و هەندیٚ جار خەون بە کچانی زانکۆوە ببینم. ئەگەر ئێوەش وەك من خەونی ئاوەهاتان نەدیوە، ئەوا بیٚشك درۆ ئەکەن... خەونم زۆر بینی.. بەلٚیٚ خەونم بینی... تا ئێستا خەون ئەبینم!

گرنگ نییە چ دەلٚێن.. من کەم گویٚ ئەدەمە ئەو قسانەی کە خەلٚکی لە بارەی منەوە ئەیلٚێن. بەلاٚم لەبەر چەند هۆیەك کە تەواو باوەڕم پیٚیەتی، لەگەلٚ ئەم دونیایەدا بەینم تێك چوو... ئیدی چ شتیٚ نییە کۆمان کاتەوە... گرنگ نییە بەلامەوە گەر ئەوەی من خەونی پێوە ئەبینم بە خەتەری ناوبەرن!

بەلاشمەوە گرنگ نییە لەگەلٚ کەسێکا هەلٚکەم یان نا...!! من لە هەموو شتێکی دەوروبەر جۆی بوومەتەوە... ئەشیٚ تا ئەبەد هەر وابمێنمەوە، ئیدی بە ڕەوتێکی خێرا بەرەو نادیار مل ئەنێم... گەر ئەو یادەوەریانە نەبان، کە هێشتا تەڕن و خوێنم ئەهەژێنن، ئەوا کەتنی زۆرم ئەنایەوە.

تا ئێستا لە یادمایە...!!

تویٚلٚی لەسەر شوشەی پەنجەرەکە دانابوو، ڕووە و ئاسۆ لە شتێکی ئەڕوانی، بلٚیٚی ئێستا بیر لە چی بکاتەوە؟ چەند جوانە کەزی و پرچە ڕەشەکەی!... کەزی و پرچی تەواوێك ڕەش بوو... لە شەوی بەر تریفەی مانگ ئەچوو... لە پەرۆش بوون

---

[1] ویَرانة خاك ˜شاكارة بةناوبانطةكةى ئيليةت˜˜

ئەچوو، ئەو دەمەی بە تەواوی ئەو کەزی و پرچە لە هۆش خۆی ئەبردم، ئەوە جریوەی پاسارییەکانی هەموو دونیابوو. چما ئەی چاوانی؟ ئەبێ ئێستا لە چ شتێ بڕوانن؟ گەر گۆشەی ئەو ماڵەبام کە بەرامبەر پەنجەرەکەیەتی! گەر شوشەی ئەو پەنجەرەیە بام کە توێڵی لەسەر داناوە! گەر ئەو شوشەیە بام... بە جیلۆتینم ئەگوت: لەم لەحزەیەدا وەرە خوارێ و سەرم بپەڕێنە... تا دوا تارمایی کە بەدەم مردنەوە ببینم، تارمایی ئەو بێ، بەو (با)یانەم ئەگوت کە لە ئۆقیانوسە دوورەکانەوە هەڵیانئەکرد، لە شوێنی خۆتانا راوەستن، رۆحم بهەژێنن. بیکەنە هەزار پارچەوە تا لەم لەحزەیەدا بمرم!

لە جاددەی شارانا سەرگەردان ئەبم، بە دوای چاوانێکا ئەگەڕێم کە لە چاوانی ئەو بچن... کەچی وەها چاوانێك نا دۆزمەوە، ئەگەڕێم و ئەگەڕێم کەچی ناگەم چاوانێك نادۆزمەوە کە رەنگەکانی تێکەڵ بە شەونم بن، تێکەڵی نمەی باران و خاکی تەڕ و خۆر بن، شتێکی لێ پێك ئەهێنێ کە پێناسە ناکرێ... ناونانرێ... ناچێتە ئەقڵەوە!

مەنسور عەبدولسەلام کە هەنووکە ئەدوێ، لە بارەی ئافرەتێکەوە ئەدوێ کە لەمێژە ناسیویەتی و، ئێستا شوی کردووە، ناوی (رەحاب)بوو، بەلاّم مەنسور تائێستا ئەو ئافرەتەی لەیادە، وەك ئەوەی لە بەردەمیدا راوەستابێ... رەحاب دوورکەوتەوە، سێ منالّی هەیە.. ئەشێ ئەو ئێستا مەنسور عەبدولسەلامی بیرنەمابێ!

– کوڕێکی چکۆڵەتان نەدیوە؟

لە ئافرەتەکەم روانی، پرسیارەکەی رایچڵەکاندم... گەلۆرانە دەمم پان کردەوەو وتم:

– کەسم نەدیوە!

– منالّێکی چکۆڵەیە، تەمەنی پێنج سالاّنە... کراسێکی شینی لەبەردایە؟

– پێم وتیت کەسم نەدیوە.

ئەتەوێ گیرفانەکانمی بۆ بگەڕێی؟ دەفەرموو.. ئەتوانی جانتاکەشم بکەیتەوە... چ دونیایەکی بەدە... بە دتریش لەو بەشەرە، بوار نادەنە مرۆڤ بۆ تەنها ساتێك خەون ببینێ!

گەر وازم لە خەون هێناباو بەهێمنی پیاوێکی ماقووڵ بیرم کردبایەوە، پیاوێك کە تەمەنی لە سی ساڵ تێپەڕیوە و پێشتر مامۆستای مێژوو بووە... گەر وام کردبا، ئەوا مەسەلەکان تا ئەم رادەیە نەدەئاڵۆزکان... گەر وازم لە کتێب هێنابا، ئەوا ئەبومە پیاوێکی تر، پیاوێك کە لە واقیع ئەگا، لە ناویدا ئەژی... بێ گومڕابوون و تەسلیم بوون مامەڵەی لەگەڵ ئەکا. گەر پیاوێکی ئاقڵ بام، ئەوا ئێستا سەرۆکی بەشی مێژوی هاوچەرخ ئەبووم... ساڵێ دوو ساڵ بە وەفدێك ئەیانناردمە دەرەوە... ئەبوومە...

– یاغنیش مەبە، سەرۆکایەتی بەش مانای قەرەبووکردنەوە، مانای هەموو مانگێك سەفەرکردن... سەروو ئەمەش یەعنی پلە و پایەیەکی مەعنەوی... بیر لە مەسەلەکە بکەرەوە!

چوار ساڵ لەمەوبەر ئەمە روویدا... بەڵام من هەر بیرم لێ نەکردەوە.... مەنسور عەبدولسەلام ئێستا نایەوێ کەس ختوکەبا. ئەوەی ئەیەوێ بیناسێ، پێویستە کەمەکێ ئارەزوی رەتکردنەوەی ئەم دونیـایەی تیابێ... پێویســـتە شتێ رەت کاتەوە... تەنانەت گەر ئەو رەت کردنەوەیە بریتی بێ لەوەی کە بڵێ ئەو شەقامەی کە مۆزەخانە و سەنتەری شار بەیەك ئەگەیەنێ پیسە!

هەر لەبەر ئەمە... ناڕەزایی نامەیەك ئەدەمە لایەنێك، کاتێ وا ئەڵێین ئەوا ئەبینە هاوکار لە شتێکا، هاوکار لەوەی کە وتوومانە ئەو جاددەیە پیسە... بەڵام کاتێ لە شەقامە سەرەکییەکەوە بەرەو مزگەوتی گەورە یان بەرەو بازاڕی سەوزە فرۆشان ئەڕۆین، ئەوا هاوکارییەکەی نێوانمان گەورەتر ئەبێ و ئەشێ لەوەوە بکەوینە زانینی ئەو هەڵوێستە هاوبەشانەی کە کۆمان ئەکاتەوە، رەنگە تێڕوانینەکانمان لە بارەی ئەوەوە کە پیێ ئەوترێ مێژوو، لە بارەی ئەوەوە کە لە رۆژنامەکانا دەنووسرێ هاوگونجاوبێ... ئیدی لە ساتێکدا خۆمان ئەبینین کە دونیا رەت ئەکەینەوەو هەوڵی رووخاندنی ئەدەین.. ئەشێ لە یەك شانەدا ئیش بکەین... لە پێناو هەڵواسینی دەیەها سەر بە دەروازەی شارەکانەوە ... بە عاموودەکانی کارەباوە، لە گۆڕەپانەکانا... رەنگیشە وەك مێش بمرین.

باوکم حەزی لە سیاسەت بوو، دوای ئەوەی خۆی واتەنی عەینەکە لەحنەتییەکەی لەچاو ئەکرد کە لە فرۆشیارێکی سەر شۆستەی کڕی بوو، ئەکەوتە رۆژنامە خوێندنەوە.

شەوانی هاوین، چەند زەلامێك لە ماڵی ئێمە لە ژێر مێوەکەی حەوشە یاخود لەو ژوورە لاکێشەییەی ژێر قاڵدرمەکانا کە پیێ ئەوترا دیوەخان دائەنیشتن، سەری قسە دائەمەزرا:

– حاجی ئەحمەد، ئەو جێگەیە حەبەشە بوو کە پێغەمبەر بە هاوەڵەکانی فەرموو کۆچی بۆ بکەن؟

– بەڵێ... ئەوێ بوو!

– کام لە ئەسحابەکان کۆچی بۆ کرد؟

–...............

– ژنە حەبەشییەکەی پێغەمبەر ناوی چی بوو؟

– سارە.

– نەء... سارە ژنی ئیبراهیم بوو... دایکی ئیسماعیل بوو.

– کەواتە ناوی مریەم بوو!

– ئەشێ مریەم بێ.

– با لە شێخ رەمەزان بپرسین... ئەو لە مەسەلەی ئاین دا شارەزاترە...

– ئەی ئەم جەنگە چیە؟ حاجی ئەحمەد چما ئەم جەنگە لەسەر چییە؟

—

– له راستیدا... ڕۆژنامەکان سەر لە بونیادەم تێك ئەدەن... هەر ڕۆژەی شتێ ئەڵێن، جارێ ئەڵێن...
– موسوڵمان لە حەبەشە هەن؟
– زۆر هەیە.. بەڵام کافریشی لێیە! (وەك دایکم ئەیوت: باوکم حەزی لە بەکارهێنانی وشە "دیسانەوە" بوو).
– چما ئەبێ کامیان زۆرتربن... موسوڵمان یان کافر؟
– بەخودا نازانم... بەڵام دیسانەوە ئەبێ موسوڵمان زۆرتربن، ئەگینا پێغەمبەر بە هاوەڵانی خۆی نەئەفەرموو کۆچی بۆ بکەن!!
– ژمارەیەکی زۆر لە هاوەڵانی کۆچیان بۆ کرد؟
– دیسانەوە ئەبێ لە شێخ ڕەمەزان بپرسین!
باوکم بۆ هیندستان نەفی کرا، تا ئەم لەحزەیە نازانم شا لەسەر چی نەفی کرد... دایکم ئەیوت: حاجی حەزی بە گێرمە و کێشەیە، حەزی لە سیاسەتە... بەڵام پیاوەکان ئەیانووت: حاجی پیاوێکی نیشتمانپەروەرە... جارێکیان جنێوی بە شا داوە و پیّی وتووە خائین!
– ئەی چۆن ژیاین؟ دایە پاش ئەوەی باوکم نەفی کرا... چۆن ژیاین؟
– دوای ئەوەی باوکت لە هیندستان گیرسایەوە، لەگەڵ هەندێ کەسا خۆی بە بازرگانییەوە خەریك کرد. جار نا جار شتێکی بۆ ئەناردینەوە و پیّی ئەژیاین.
– دایە... هیندستان دوورە؟
– سەفەری دوو مانگ... سێ مانگ!
– ئەی بۆچی نەچووین بۆ لای باوکم؟
– ئەیوت... بەم زوانە دەرومان لێ ئەکرێتەوە.... پێویست ناکا بە دەستی خۆمانماڵی خۆمان وێرانکەین!
– ئەی چەند لەوێ مایەوە؟
– ئەم جارە پێنج ساڵ مایەوە، ئاو و هەوای هیندستانی پێ نەئەکەوت... کاتێ نەخۆشکەوت، ڕێگەیان دا بگەڕێتەوە... زیاتر لە حەوت مانگێ لە ناومان نەمایەوەو کۆچی دوایی کرد.
– باوکم پیر بوو؟
– باوکت لە تەمەنی پێغەمبەرا بوو کە مرد... ژوور شەست!
یادەوەری ئەو ڕۆژانە، وەك بۆنی خوێنی گەرم لە زەینما مایەوە! هەر ئەو ڕۆژەی لە قوتابخانە داخڵ کرام، قوتابیان خۆپیشاندانیان سازکرد، ویستم لەگەڵیاندا بەشداربم، بەڵام ترسام... هەر کە گەیشتمە سەر جاددەکە ڕامکرد... بە پێپلیکانەکانا هەڵگەڕام بەرەو ماڵەوە... بەر لەوەی بگەمە ماڵەوە... هەستم کرد لەو بێدەنگییە مرێنەرەدا تەنهام، ئەو بێ دەنگییەی کە لە هەموو شتێکی چوار دەورمەوە ئەهاتە دەرەوە: لە بەرد و دیوار و خۆرەوە!

**لە دوورەوە تەقینەوەیەکی کپم بیست کە نزیك بوو لە گۆرانی... بڕیارم دا بگەڕێمەوە.**

**کاتێ نیوەڕۆی ئەو رۆژە گەڕامەوە ماڵەوە، جێگە لێدان و جێگە برین بە دەست و پل و روخسارمەوە دیار بوو، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکیدا چوو بووم بۆ کۆشك... بەڵام بەر لەوەی بگەین.. سوارە بۆمان دەرپەڕین.. یەکەمجار رامانکرد.. دووەمجار رامانکرد... بەڵام لە جاری سێیەمدا تەواوێك چووینە ژێر بانیژەکانەوە.. خەڵکی لەوێدا بە زریان ئەچوون.**

**بە روخسارە گۆشتن و چاوە چکۆڵەکانیەوە هاتە دەرەوە، سەیرم کرد، بینیم لە بەرێوەبەری قوتابخانەکە ئەچێ... بەرامبەری هەستم بە رق کرد، هەر کە کەوتە قسە، دروشم و جنێو بەرز بۆوە. نەیتوانی شتێ بڵێ... بە تورەیی سەر بانیژەکەی جێهێشت... سوارە کەوتنە داپڵۆسینی خەڵك... کەوتنە پلیشاندنەوەی خەڵك... کوتوپڕ دەنگی تەقە بەرز بۆوە... کشاینەوە و گوێم لە دەنگێ بوو لە دەنگی وێرد و ئەڵڵاهو ئەکبەر ئەچوو... پاشان بووە هاواری یەك لە دوای یەك و لاواندنەوە.**

**پیاوەکان وتیان: سوارە یەکێکیان کوشت.. دووانیان کوشت، سیانیان کوشت.**

**دوای هەر کوژرانێك، تورەیی پیاوەکان زیاتر ئەبوو... زیاتر شێتگیر ئەبوون... تا هەموو شتێکیان راماڵی.**

**بە براکانم و بە کوڕانی گەڕەکم وت... کە لە ژێر دارتووە گەورەکەدا دانیشتبووین: لاشەیەکم بەسەر دەستی خەڵکەوە بینی... هاواریان ئەکرد، پێم وتن: ئەسپێکم بینی ورگی هەڵدرابوو...**

**لەوساوە کەوتمە بینینی خەونی زۆر... خووم بە گریانەوە گرت.**

لەو رۆژەوە کەوتمە واهیمە و بەدەم خۆوە قسە کردن، ئیدی لە خەوەکانما رامئەکرد، سوارم لەسەر ئەسپەکان هەڵئەدایە خوارەوە، تا مردن لێم ئەدان... بەرووی ئەو پیاوە کورتەبنە قەڵەوەدا هەر هاوارم ئەکرد و قەستم بوو ریشی راکێشم!

خاڵم و هاوسێ کونج و کونجەکەی... ئەوەی کە لەسەر شکاندنی قاپە شیرەکە بیرازی کردم و پێ وتم: تۆ وەك میش هەتیویت.. پاشان ئەو کابرا خێلەی کە لچی هەڵقورتان و پەنجەی بۆ دوور راکێشا و وەك پۆلیس وتی: لە بری هەڵدانەوەی کتێب و گۆڤار، برۆ لە تەنەکەی خۆڵەکانا بەدوای نانا بگەڕێ... ئەو خەڵکانە وایان کرد کە ئادەمیزادێکی شەڕانگێز و تووڕەم لێ دەرچێ، تووشی خەوزڕانیان کردم، خەوزڕانێك کە بە رەشماڵێکی رەش ئەچوو... هەر ئەوان وایان لێکردم رقم لە زۆرشت بێتەوە و دژی هەموو ئەو شتانە بم کە ئەوان حەزیان پێ ئەکرد.

دوای ئەوە بە ساڵانێك، رۆژێك هات کە ئیدی مەسەلەکە لە لام خەمێکی نزیك لە نائومێدی ئەوروژان، پاشان بۆ ترس گۆڕا، هەزاران شت لە گۆڕەپانی شار کەڵەکە کرابوون: دەرگای دەرهێنرا و کە هێشتا ئاسەواری چیمەنتۆکەیان پێوەبوو، پەنجەرە بە رەنگ و قەبارەی جیاجیا، پارچە ئاسنی کۆن و تازە، نوێن، سەرین، هەندێکیان چڵکن و هەندێکیشیان دڕاو، بانیۆی گەورە، بچووك، ئەملاولا شکاو، لەو کەل وپەلە کەڵەکە کراوانەدا هەموو شتێکت ئەبینی... تەنانەت خشتی چیمەنتۆ و قوڕاوی... زەرفی بەتاڵ و بەرمیل!

پیاوان روخساریان بە خەم داگیرساو و کەلوپەلەکەیان ئەم دیو و ئەودیو ئەکرد، بە چرپە پرسیاریان ئەکرد.. نەتئەزانی کێیە پرسیار ئەکا... کەسیش نەئەهاتە وەڵام... تەنها دەنگێ لێکدالێکدا ئەبیسترا و لە دەنگی پیاوەکان بەرزتر بوو:

– مامە یان بیکڕە یان فەرموو بە رێگەی خۆتەوە برۆ... ئەم کەل و پەلانە ئاڵتونن... ئاڵتون... هەلی عومرە... هەموو رۆژێك کەل و پەلی واتان دەست ناکەوێ... بیکڕە... یان بەرێگەی خۆتەوە برۆ... دەنگەکە وەك تۆپێکی لاستیکی تۆکمە، لەسەر روخسارەکان دەگەڕایەوە، پیاوان بە بێدەنگی دەستیان لە کەل و پەلەکانەوە ئەدا و پرسیاریان ئەکرد.

لە هەمان گۆڕەپان و لە نزیك کەل و پەلە کەڵەکە کراوەکان، پیاوەکان لە قسە نەئەکەوتن، هەموو لە یەك کاتا ئەدووان!

مەنسور... بەڵام چیرۆکەکە چۆن دەستی پێکرد؟ تۆ ئێستا وەك شێرەکوللە هەڵئەبەزیتەوە... تۆ وڕێنە ئەکەیت... بە تەمایت دونیا بڕوخێنی کەچی مێشێکت پێ ناکوژرێ...

مەنسور... بۆ خۆت وا باشترە بێ دەنگ بیت... وا باشترە لاڵ بیت!

بەڵام پیاوەکان دەئاخڤین:

سوپای رزگاری بە شەو (سەفەد)ی بڕی، موجاهیدەکان لە بیابانی کەنارەوە پێشڕەوی ئەکەن و دەروازەی دۆڵەکەیان کۆنترۆڵ کردووە... چەند رۆژێکی تر و

چاوەڕێ بن... ئیدی کاتی ئەوەیە مەسەلەکان یەکلایی بکرێنەوە، ئینگلیز دوژمنمانە، برایان پشت بە خوا بەستن!

کەل و پەلە کەڵەکە کراوەکانی گۆڕەپانی شار زیاتر ئەبوون، تەنەکەی بەتاڵ و بەرمیل لە هەر کاتێکی تر زۆرتر بوون، دەرگا و پەنجەرەکان نەمان، پارچە ئاسنەکان نەمان.. پیاوانیش بێ ماندوو بوون کەل و پەلەکانیان ئەمدیو و ئەودیو ئەکرد، بەڵام بە خەمەوە کەوتبوونە پرسیار کردن... کەس وەڵامی نەئەدایەوە.. پیرەمێردێك کە خۆی بە گۆچانێکەوە راگرتبوو... هاواری کرد:

– ئەم کەل و پەلانە فەرهودن، ماڵی براکانتانە... هی عارەبە، هی یەهود نییە وەك ئەوەی ئەم زەلامە ئەڵێ.

– هی یەهودە.

– نەء... هی ئەو عارەبانەیە کە رایانکردووە.

– نەء... هی یەهودە.

– راست نییە، تۆ ئەتەوێ خەڵکی فریو بەیت... ئەتەوێ بفرۆشیت و قازانج بکەیت... جگە لەوە چ شتێکی ترت پێ گرنگ نییە.

– تۆ پیرەمێردێکی خەڵەفاویت.. فڕت بە دونیاوە نییە.

– بێ دەنگ بە هەی سەگە کوێر... لە تۆ باشتر لە دونیا ئەگەم!

– لاچۆ لەبەر چاوم هەی پیرەمێردی شووم، بە پارەی حەڵاڵی خۆم ئەم کەلوپەلانەم کڕیوە.. بە خوێنی دڵم کڕیومن... یان بیکڕە یاخود عارەبانەکەت راکێشە!

سوپای رزگاریش هێشتا هەر لە پێشڕەوی دایە... چەند رۆژێکە و لە حەیفا یەکتری ئەبینینەوە!

– مەولویەکم لەسەرە... حەوت شەو و حەوت رۆژ شایی!

– وەرن دە رۆژ میوانی منن.

– ئەبو سالم ئەزانیت عارەب ئازان، وەك شێر ئازان، چ شتێ لە بەردەمیانا خۆی ناگرێ، هۆی ئەم کارەساتانە ئەوەیە کە عارەب تا ئێستا خاوەنی خۆیان نەبوون، گەر عارەب ئازاد و خاوەنی قسەی خۆیان بان، ئەوا داریان بەسەر بەردەوە نەئەهێشت، بەڵام وا ئیدی ئەو رۆژە هات کە لەمێژە چاوەڕێی ئەکەین!

– جەماعەت خۆتان فریو مەدەن.. هەڵە مەکەن... ئینگلیز و یەهود جنۆکەن.

– قەلە رەشی شوم نوقلانەی لێ دا!

– هێشتا ئەووەڵی دونیایە... زۆر گەشبین مەبن!

– ئەو رۆژانە تێپەڕین کە وەك گایەل یەخ ئەدراین... ئیتر نۆرەی خۆمانە!

پیاوان بە ئارامییەکی خەمینەوە سەریان رائەوەشاند، چاوەڕێ هەواڵ بوون، دڵخۆش ئەبوون، خەمبار ئەبوون، حەپەسان و ئازار بە روخساریانەوە دیار بوو... درێژەیان بە قسەکانیان ئەدا. هەموو دەقیقەیەك و هەواڵێك، هەر کەسێ ئەهات

—

هەواڵێکی ئەهێنا، لە بەری دووەمەوە، پیاوان دەستیان لە دەرگا و عامودە دار و ئاسنەکانەوە ئەدا، مامەڵەیان ئەکرد و چاوەڕێ بوون.
گۆڕەپانی شاریش ڕۆژانە قەرەباڵغ و پڕ لە کەلوپەل... پاشان چۆڵ ئەبوو، دەمەو ئێوارە تەنها تەنەکەی بەتاڵ و بەرمیلی لێ ئەما... هەروەها خەمیشی لێ‌ئەما.
منداڵانیش وەك پشیلە کە کاغەزیان بە کلکەوە بسوتێ، هەڵئەقونینەوە... هەموو ڕۆژێ خۆپیشاندان... هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە... بڕۆخێ بەلفۆر...بمرن خائینان! بەلفۆر کێ‌یە؟ پیاوە؟ کەنیسەیەکە لە جێگەیەك؟ نازانم... بەڵام با بڕۆخێ بەلفۆر... منداڵان هەموو ئەیانووت:
بڕوخێ بەلفۆر!
ئەی خائینان؟؟ خائینان چۆن چۆنین؟ چۆن ئەنون؟ چۆن دەئاخڤن؟ چما چاوی لاکێشەییان لە ژێر توێڵەوە هەیە؟ دگانیان هەیە؟ چما وەك پیاوانی تر وان؟
خائینان چاوانیان پانە، سمێڵیان هەزەلییە، یەکێکیان کورتەبنە و یەکێکی تریان درێژ. درێژ...، ئەی ئەگینا بۆچی ئەبنە خائین؟ لەگەڵ هەموو ئەمانەشا بابمرن خائینان!!
لە قیژە و هاوارمان بۆڕۆ بوون، بۆڕۆ بوون لەو مانگرتن و خۆپیشاندانانەی کە هەموو ڕۆژێك ئەمانکرد.
سمێڵە قنجەکەی هەڵئەلەرزی، تەربوشەکەی هێندە بە حیرسەوە کردبووە سەری، ببوە بەشێك لە کەللەی... ئێمە لە ڕێزا وەستابووین و ئەویش بە توڕەیی سەیری ئەکردین... هاواری کرد:
– ئەمڕۆ ئیتر خوێندنە، پێشتر نەمانویستووە بە ڕووی سۆزە نیشتمانییەکانتانا ڕاوەستین، لەمەوبەر هەلی ئەوەمان داونەتێ گوزارشت لە هەستی خۆتان بکەن... بەڵام لەمڕۆوە خوێندن ئەگەڕێتەوە بارودۆخی ئاسایی خۆی... تێگەیشتن؟؟ هەمووان متەقمان لەخۆ بڕی بوو، سەیری ئەکردین و لە روخساریدا دڵەڕاوکێ تێکەڵ بە لەخۆرازی بوون ببوو، بێدەنگیەکی قورس باڵی بەسەردا کێشاین... بە هێمنی وتی:
– کوڕەکانم... ئەرکی ئێوە ئەوەیە بخوێنن، سیاسەت و مەسەلەی فەلەستین بۆ حکومەت جێ بێڵن... حکومەت خۆی چارەسەری ئەکا... تێ گەیشتن؟
بۆ جاری دووەم کەس وەڵامی نەدایەوە، بەڵام ئەو وشانە بێ مانا بوون، لەبەرئەوەی تاوێکی تر ئەو هەموو قوتابییە لە دەرکی حەوشی مەکتەبەوە ڕووەو گۆڕەپانی شار بەرێ ئەکەوتن، چ شتێ نییە بتوانێ بەڕوویاندا بووەستێ... ئاوەهامان بە یەکتری وت... هەر لەسەر ئەمەش لەگەڵ قوتابخانەکانی ترا ڕێککەوتبووین.
وشەکانی بەڕێوەبەر لە هەوادا ڕەوینەوە، کەس گوێی پێ نەدا، بەڵام بۆ ئەوەی بە تەواوی دەرفەتەکەی لە دەست دەر نەچێ لێی پرسین:

کەس هەیە لە ئێوە بیەوێ بچێتە پاڵ تێکۆشەران؟ دەستەکان بەرز کرانەوە... دەیەها دەست... هەموو دەستەکان... بەڕێوەبەر بە ترسەوە سەیری کردین، هەر وەك ئەوەی دونیایەکی خەتەرناکی هاتبێتە پێش چاو.

– هەمووتان ئەتانەوێ بچنە جیهاد؟

بە دەنگێکی شێتانە هاوارمان کرد: "سلاَوتان لێ بێ* ولاَتپارێزان... سەرشۆڕیتان ڕەت کردەوە... بە ماڵ... بە گیان!!" هێندە هاوارمان کرد، ماندووبووین... خەریك بوو بێدەنگ ئەبووین... ناکاو دەنگێ ئاسمانی شەق کرد: بمرن خائینان... چەکمان ئەوێ!

لە ماوەی چەند چرکەیەکا دەرکی حەوشی مەکتەبمان بەزاند، مانگێ بوو یان زیاتر لە گۆڕەپانی شار کەل و پەلەکان کەڵکە ئەکران... هەموو شتێ ئەگۆڕا، بەلاَم ڕۆژی دوایی وەك خۆی لێ ئەهاتەوە، لە هەمان گۆڕەپاندا، ئۆتۆمبیلی گەورە ئەوەستان... سەرنشینەکانی پیاوانێك بوون ڕوخساریان لێواولێو بوو لە خەم و خۆشی... ئەوانە موجاهیدەکان بوون، بۆ چەند چرکەیەك لایانئەدا تا شت و مەك بکڕن و خواحافیزی بکەن.

بەر لە دوو ڕۆژ گەیشتبوونە (سەفەد)، ئەمشەو هەموو شتێ یەکلایی ئەبێتەوە، ئینگلیز کشاونەتەوە و سوپاکان گەمارۆی ئەدەن... کێ بە جولەکەی وت تەشریف بێننە ولاَتەکەمانەوە؟ پیاوێك هات بۆ قوتابخانەکەمان کە هەموو خەڵکی بە چرپە ناوەکەیان ئەهێنا... پیاوێکی کورتە بالاَبوو، چل ساڵی تەواو نەکردبوو، گۆچانێکی سەرخڕی ئارنگاری بە دەستەوە، تۆزێ خۆی پێوە ڕائەگرت، لە هەوادا ڕایئەوەشاند، وەك ئەوەی دەسبازی لەگەڵ شتێکا بکا.

بەڕێوەبەر لە پاڵیا وەستابوو، بەڕێوەبەر پیر و شەکەت ئەینواند، هەر کە لە وتنی سروودەکە بووینەوە، پیاوەکە هاتە پێشێ و هاواری کرد: ئەوانەی ئەیانەوێ بچن بۆ جیهاد دوو هەنگاو بێنە پێشێ!

دوو هەنگاو لە ڕیزەکە دوور کەوتەوە، گۆچانەکەی ئەدا لە شانی قوتابییەکان... گۆچانەکە بەرشانی هەر قوتابییەك کەوتبا، ئەبوو هەنگاوێ بێتە پێشێ، ئەو قوتابییەش کە گوچانەکەی بەرشانی نەکەوتبا، هەنگاوێ بچوایە دووا... بە دەنگێکی نزم کە جگە لەوانەی لەلایەوە وەستابوون کەسی تر گوێی لێ نەبوو، وتی:

– بەرەو چەپ وەرگەڕێ... بەرەو ئالاَکە!

گۆڕەپانی شار پڕ ئەبوو لە کەل و پەل.. قسە و باسی پیاوەکانیش کەڵکە ئەبوو.

ئەو ڕۆژانە تێپەڕین... سوپاکانیش... هەزاران سوپا بەرامبەر چەتەکان... گۆڕەپانی شار چۆڵ بوو، ئیدی ئۆتۆمبیلە گەورەکان کەسیان هەڵنەئەگرت... ئیدی ووشەی تازەمان ئەژنەوت.... ئەو وشانەی کە پیاوانێك بە گریان و خەمەوە

---

[1] تةرجومةی دةقاودةقی دروشمةکة نةکراوة[]

ئەیانووت... ئەو وشانەی کە پیاوانێکی تر بە تورەیی و بە دەم تف لەزەوی کردنەوە ئەیانوت.

تامی ئارەقەکە تاڵە، بەڵام خۆ هەموو دەرمانێك هەمان تامی هەیە، یەکەم جار تاڵ بوو، پاشان تامی خۆش بوو... لە دەرمانیش کاریگەرتر... بە تام بوو وەك پێکەنینی منالاّن.... تاڵ بوو وەك فرمێسکی دایکان... بەلاّم بۆ ئێمە وەك خوێ زەوی لێهات... تەرکی ناکەین و جگە لەوە چ شتێکی ترمان ناوێ!

—

– یەکەم جارە بۆ ئێرە دێی؟
– بەڵێ... یەکەم جارە.
– بۆ ئیش یان سیاحەت؟
– ئیش!

ئەمەوێ خۆم بە دار خورمایەکەوە لە خاچ دەم، ئەمەوێ لە ئەشکەوتێکی بەرزترین چیادا گۆشەگیربم... چ شتێکی ناوێ.
– مۆڵەت نامەی کارکردنت پێیە؟
– بەڵێ...

پەڕەکەی ئەمدیو و ئەودیوو کرد، وەك ئەوەی باوەڕ نەکا سەیری ئەکردم... زەڕەبینێکی لە گیرفانی دەرهێناو لە سەری پەڕەکاغەزەکە داینا، چاوی لێ نزیك کردەوە تا بزانێ ساختەیە یان نا...، چی دەکا با بیکا... ناتوانێ تەنها وشەیەك بڵێ!
– فەرموو... ئەم کاغەزە پڕ بکەوە!

قیتارەکە وەك مارێکی رەش لەسەر لمەکە ئەبزوێ، عامودی تەلەفۆنەکان بە خێرایی بەدوای یەکا دێن...، بە دەم بیرکردنەوەوە پەڕەکانی کتێبەکەی بەردەمم هەڵئەدەمەوە، نامەوێ بیر بکەمەوە و ناشمەوێ بخوێنمەوە... ئادەمیزاد هیچ چارەیەکی تری نەماوە چوونەوەنا و قۆزاخە و بوونەوە بە قوڕ نەبێ، گەر ئەوەی بۆ بچێتە سەر، ئەوا ئەتوانێ تەواوێك گۆشەگیر لە هەموو شتێ بژی... بەڵام لەو ساتەوەی کە پەنجەی برد و توێژاڵەکەی دڕی، ژیان خراپ بوو، مرۆڤ نەیتوانی ببێتە پەپوولە یان تەیرێ بەو جۆرەی ناو قۆزاخەکەش نەمایەوە... بەڵکو بووە کائینێ دڵتەنگ و هەژەلیی... بە قونی خۆیدا کێشا و کەوتە گەڕان بە دوای کارا، ئەیخوارد و ئەنووست.. ئای گەر توانیبام بازم بدایەتە دەرەوەی ئەم کەونە!

مەنسور پێم وتیت تۆ خەون زۆر ئەبینی.. بەڵام چ شتێکی تر ماوە جگە لە خەون، ئەتوانم چی بکەم، زۆر جار ئەم پرسیارەم لە خۆم کردووە، بەڵام نەمتوانیوە چ وەڵامێك بدۆزمەوە... کاتێ لەگەڵ ئەلیاس نەخلەدا وەك بۆق دەئاخڤاین... ئەلیاس وتی: گەر بتوانم جارێکی تر بژیمەوە ، ئەو ژیانەی ئێستام هەڵنابژێرمەوە. وەك حەکیمێکی کوێر لێم پرسی: ئەیاس... چما ئەی چ ژیانێکت ئەوێ؟

وتی: ژیانێکی تر، بەڵام من بە دەنگی بەرز کە لە دەنگی ئەو پۆلیسە ئەچوو کە جارێکیان لە خۆڕا لێی دام... وتم: بەڵام من هەمان ژیان هەڵئەبژێرمەوە... سەیرکەن!

مەنسور عەبدولسەلام جەنابت کێیت؟ تۆ... شەرم ناکەیت... دەی هەمان ئەو وشانە بڵێ کە دوای ئەوەی مانت لە قسە کردن گرت و بە لێدانێکی زۆریش ئەو مانگرتنەت نەشکاند پێیان وتیت...، شەرم ناکەیت... بەڵام ئێستا وشە چ

سوودێکی هەیە؟ ڕاستە تووڕەبووم... بەڵام ئەوە لە دەمێکەوەیە... دواتر ئەو جنێوانەم نەبیستەوە... بەڵام هێشتا هەمان وشە لە گوێما ئەزرنگێنەوە!

ئەلیاس نەخلە پیاوێکی دۆزییەوە لەگەڵیدا بئاخڤێ، پیێ وتم ئادەمیزاد بێ خەڵك یەکسانە بە مێشێ... ئادەمیزاد پێویستە بدوێ، گوێ لە خەڵکی ڕادێرێ... بەڵام گەر بە تاقی تەنها بێ شێت ئەبێ!

ئای گەر ئێستا مرۆڤێك هەبایە قسەی لە گەڵا کردبام... پێویستم بە کەسێکە لەگەڵیا بدوێم... هەر کەسێك بێ... چیرۆکەکەی (چیخەف)م بیر ئەکەوێتەوە... (ئەو پیاوەی لەگەڵ ئەسپا دەئاخڤێ) کابرا چ کەسێکی نەدۆزییەوە قسەی لەگەڵا بکا، لەگەڵ هەندێ کەس هەوڵی دا، کەس گوێی بۆ ڕانەئەدێرا... ئەیویست لە بارەی مردنی کوڕەکەیەوە بۆ کەسێك بئاخڤێ، بەڵام جگە لە ئەسپەکەی چ مەخلۆقێکی تری نەدۆزییەوە... کاتێ بۆ ئەسپەکەی دووا هەستی بە حەوانەوە کرد.

ئەم قیتارەی کە هەر لە گۆڕستان ئەچێ، پڕە لە دەیەها کەس، هەر فارگۆنێك ژمارەیەك خەڵکی تیایە... هەر یەکێ لەوانە دوو چاو و دوو گوێی هەیە... چما بڵێی لەناو ئەوانەدا کەسێ نەبێ گوێم بۆ ڕادێرێ؟ لە چاوانم بڕوانێ؟

مەنسور تۆ تەنیایت... بە ڕادەیەك تەنیایت کە ناکرێ ئادەمیزاد هێند تەنیا بێت. بەکەڵکی چی هاتن ئەو کتێبانەی کە خوێندووتنەوە؟ زۆرت خوێندەوە... چاوانت ماندووبوون.. بێزار بوویت... دواجار خۆت دییەوە برسیت!

بۆچی پێ لەوە نانێی کە کتێب تووشی چەرمەسەری کردوویت و ئەم بۆشاییە گەورەیەی لە نێوان خۆت و خەڵکا بۆ دروست کردوویت؟ پێ لەوە بنێ... کتێبەکان بسووتێنە... بیاندڕێنە....، بۆ ئاوا دونیات گرتووە بە کۆڵەوە، جگە لەم کتێبە زەردانەی جانتاکەت چ شتێکی ترت بۆ نەماوە... تۆ (نیرۆن)یت، بسووتێنە و مەترسە... ئەوەی خوێندنووتەوە بەسە... بەڵام سوپاس بۆ خوا کە هەموو شتێکت بیرچۆتەوە. گەر بیرچوونەوە نەبا، ئەوا مرۆڤ لە تاو زۆریی ئەو شتانەی کە ئەیزانێ ئەمرد... لە تاو خەم و ئازار و بیر و خەیاڵاتەکانی مێشکی ئەمرد...

بۆچی لەم فارگۆنە ناچیتە دەرێ و ناڕۆیت لەگەڵ خەڵکێدا بدوێی؟ ئەی بۆچی لەگەڵ ئەلیاس نەخلەدا نەدوایت؟ وەك مشك گەمارۆت دا تا هەموو شتێکی خۆی بۆ درکاندی... دەیەها کەڕەت داوای لێکردی بدوێی... بەڵام نەتکرد... ئەتویست هەڵیمژی... هەموو شتێ لە بارەی ژیانییەوە ئەزانیت... ئەمە چ کەڵکێکی بۆ تۆ هەیە؟!

بەڵام چما پێویستە لەسەرم ببمە یەکێ لەو خەڵکە؟ ببمە یەکێ لەوانەی کە چاك ئەیانناسم؟ هێشتا لە یادمن... تەواوێك ئەیانناسم... هەموو شتێ لە بارەی ژیانیانەوە ئەزانم... چۆن دەستیان پێکرد و گەیشتنە کوێ..... چما ئەمەوێ ببمە یەکێ لەوان؟

گەر هەموو ئەو شتانە بڵێم کە دەیزانم.. گەر هەموو ئەو کەسانە بێنمەوە یادم کە ناسیومن ئەوا مێشکم ئەتەقێ... بە جۆرێك وام لێهاتووە لە بەڵای ئەوە ئەترسم کە

—

ئەیزانم... لەسەر پیاوانی پۆلیس پێویستە بمکوژن... چونکە گەر من بە زیندوویێتی بمێنمەوە... ئەوا ئەبمە ئادەمیزادێکی خەتەر...! مەنسور دوور رۆشتی! کەس نایەوێ مێشکت بتەقێنێ... ئێستا ئیدی لەو شتانە گەڕێ کە ئەیانزانی و لەو خەڵکانە گەڕێ کە ئەیانناسی... لەو شتانە گەڕێ کە فشاری خوێن بەرز ئەکەنەوە... لە بارەی لایەنەکانی تری ژیانی خۆتەوە بدوێ!

لە بارەی ئافرەتەوە بدوێ... لە بارەی ئەو ساتانەوە کە هەستت کردووە زەویت وەك تۆپێ لەسەر پەنجەکانت هەڵگرتووە و وەك جادوو گەرێك خولاندووتەتەوە... وتت ئافرەت ئازاری داویت... لە سەرەتادا وات وت.. بیرت چۆوە؟ گەر ناتەوێ لەبارەی ئەو ئافرەتانەوە بدوێی کە ناسیوتن... ئیتر بۆچی ناکەویتە درۆکردن؟ هەر وەك ئەوەی هەمیشە وا دەکیت؟ واهیمە ئەکەیت و خەون ئەبینی؟ مەنسور رێگەکە درێژە... درێژ... پێویستە شتێ بکەیت!

–ž

–

چما ئەکرێ لە بارەی کام ئافرەتەوە بدوێم؟

مەنسور عەبدولسەلام لێواولێو ئەبێ لە بەرائەت و ئەم پرسیارە ئەکا... ئەیەوێ وەهاتان پێ نیشان بدات کە گوایە زۆر ئافرەتی ناسیوە و هەنووکەش نازانێ لەبارەی کامیانەوە بئاخڤێ؟

بەڵام چما ئەلیاس نەخلە لەم باشترە؟ مادامەکی ئەم کابرا پیاوخراپە خاوەن تاوانە چکۆلانانەی کە جگە لە درەخت و جل و بەرگی کۆنە هیچی تر لە دونیا نازانێ، ژمارەیەکی زۆر ئافرەتی ناسیبێ، ناچێتە ئەقڵەوە ئەو کەسەی کە دەیان ساڵی لە سەریەکی وەك قوتابییەك لێرە و ئەوروپا لە زانکۆ بەسەر بردبێ و پاشان وەك مامۆستایەك گەڕابێتەوە زانکۆ... ماقووڵە ژماریەکی زۆر ئافرەتی نەناسیبێ؟!

مەنسور.. ئاوها مەسەلەکە ئەخاتە روو، تێپەڕبوونی ئەلیاسیش چ شتێکی نەگۆڕی.. جگە لەوەی وای لێکرد هەست بە سوکایەتییەك بکا کە بەرەنگاربوونەوەی زەحمەتە، سوکایەتییەك کە گەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ شکۆ وەلاوە بنێ... ئەو دڵەڕاوکێیەی کە هەندێ جار وای لێ ئەکات روانینەکانی بڕندە و روخساری گرژ و مۆن بێ!! ئیدی ئامادەیە لەو مەسەلە چکۆلانە بدوێ، کە خەڵکییان سەرقاڵ کردووە... لێی گەڕێن، لێی گەڕێن با بدوێ...

بەڵام کلکی سەگ هەر گێڕە گەر چل رۆژیش لە قامیش هەڵبەسترێ... تازە مەنسور ناگۆڕێ، ئەو سیفەتە بۆ ماوەیی یانەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە کە لە باو و باپیرانییەوە بۆی ماوەتەوە... بۆ کوێ بڕوات لەگەڵ خۆیدا ئەیانبا... کاتێ دایکی توڕە ئەبوو و ئەیووت:

تازە بنەماڵەی عەبدولسەلام تا رۆژی قیـــامەت بە لەحنەت بووە! تۆش لە باوکت باشتر نابیت، چوار ژنی هێنا... بەوەشەوە دانەمرکا، کەوتە گەڕان بەدوای سەرئێشەوە و راکردن بە دوای مەحاڵ دا... بەوەش تەمێ نەبوو... دواجار سیاسەت کوشتی!

مەنسور! هەموو فێڵ و تەڵەیەك بخە کار بۆ ئەوەی ئامادەگی لای خەڵکانی تر دروست کەیت، لە ژێر ئەم پێستە چرچەوە بووەدا کە لە چاکەت و پانتۆڵێکی رەساسییەوە پێچراوە، مرۆڤێك خۆی مەڵاس داوە... مرۆڤێك کە مێژووی هەیە، مێژووەکەشی لەگەڵ ئافرەتاندا بە بۆنی خۆش و ئازار چنراوە... گەرمە وەك شەوانی هاوین... درێژە وەك ئەوەی کۆتایی نەبێ.

چ پێویست بە وشەی زل و قەبە ناکا... بە تەمامەبە کەس لێت بپرسێتەوە، تەنانەت ئەو خەڵکانەش کە قسە و باسە خوێناوییەکانت ئەیانگرێتەوە، بە تەوسەوە لچیان هەڵئەقورتێنن و ئەڵێن "خەڵکانێك هەن حەز ئەکەن دایمەی خوا خەون ببینن!".

—

بەر لە سالأنێکی دوور، رۆژێکیان من و هانی بەرامبەر یەك دانیشتبووین، من ئەو قسانەم لەبەربوو کە دەیگوت، هەزاران جار وترابوون و هەزارەها جاری تریش ئەوترانەوە.

رۆژنامەیەکم فڕێ دایە بەردەمی و بە خۆم گوت: وەلأم نادەمەوە و وەك بەردێکی رەش متەق لە خۆم ئەبڕم.

باڕەکەش وەك جاران: دوکەڵ و روخساری شەکەت و شتی مەحاڵ.

بە توڕەیی لە رۆژنامەکەی روانی، پاشان لایبرد... تەواوێك لە چاوانم ورد بۆوە و وتی:

– مەنسور... مەسەلەیەکی تایبەتی هەیە ئەمەوێ رای تۆی تیا وەرگرم...
هەستم بە ترسێکی ناکاوکرد، شتێ لە ناخما جولأ و ئاگاداری کردمەوە... حەزم ئەکرد بێدەنگ بێ... نەپرسێ... وتم: فەرموو.

– رەحاب ئەناسیت؟

دڵنیابووم کە ئەیەوێ قسە لە بارەی ئافرەتەوە دامەزرێنێ، بەلأم هەرگیز بۆ ئەوە نەچووم کە لە بارەی رەحابەوە پرسیارم لێ بکا!!

دڵم گوشرا... وەك یەکەمین جار کە بینیبووم هاتەوە بەرچاوم.. بەوپەڕی شکۆوە وەستا بوو، تەنوورەیەکی رەش و بلوسێکی رەساسی لەبەرا... رۆژێك بوو بەهاریی... بۆنی زەوی و بۆنی درەختەکان، بۆنی خۆشی گژوگیا... لە دوو بازنەی نزیك یەکترا دانیشتبووین و سپیندار سێبەری خۆی بۆ راخستبووین... پیاوەکان بە ئەتەکیتێکی دەبەنگانەوە ئەدوان... تەواو وەك ئەوەی نوکتە لە پرسەیەکا بگێڕێنەوە... کچانیش لەگەڵ هەندێ لە بەرازەکانا –حەزم ئەکرد ئەو پیاوانە ناوبنێم بەراز کە بە خێرایی کچانیان بەلای خۆیانا رائەکێشا– سەرقاڵی ئامادەکردنی خواردن بوون... هێشتا تامی ئەو ناوساجی‌یە لە بن دگانمایە کە رەحاب بۆی هەڵدام و پاشان وەك ئاسك هەڵهات!

ئەمە سەرەتا بوو... دواتر بوومە سەگێکی لأڵ... بە دەوریدا ئەسوڕامەوە و تاقە وشەیەکم نەئەوت.. رۆژان تێئەپەڕین و تەنوورە رەشەکەیشی زیاتر رۆئەچووە زەینمەوە.

بە دەنگێکی خنکاو، وەك ئەوەی دەرمانێکی تاڵ قووت بدەم وتم:

– ئەیناسم!

– ئافرەتێکی چۆنە؟

کەسێکی تری نەدۆزییەوە رای بەرامبەر رەحاب بزانێ من نەبێ؟ بەلأم لە کوێوە بزانێ؟ لەو ساتانەی کە دوای چەند رۆژێك ئازایەتی بە خۆدان و دوای ئەوەی پرسیارەکەم بە دیوارێکی ئەستوور لە قسە و باسی سیاسی تێکەڵ ئەکرد، ئەوجا پرسیاری رەحابم لە هاوڕێکانم ئەکرد... بە زیرەکی رێوییەکی پیر ئەچوومە پێش... کەس بە چیرۆکی خۆشەویستی یەکەمی نەئەزانی!

– خراپ نییە!

—

– ئەمەویٚ بیٚ ئەملاوئەولا رای خۆتم پیٚ بلێی.

ئەڵێی پرسیاری بۆیمباخەکەی... یان پێڵاوەکانیم لیٚ ئەکا؟ چما نازانیٚ هەر وشەیەکی وەك چەقۆ بەلا کەلەکەما رۆئەچیٚ؟

"سەفەرێکی "وادی الملوك" ئەکەین... لەویٚ مانگێك لە نێو گەرماییەکی ناسك و بە چێژدا بەسەر ئەبەین، هەندیٚ بەیانی بەر لەو لە خەو رادەبم پەنجەرەکە ئەخەمە سەر پشت تا خۆر لەسەر کەزی و پرچی خۆی هەڵخا.

ئەویش تۆزیٚ ئەمدیوو و ئەو دیوو ئەکا، سەری وەرئەچەرخێنیٚ، تەمەڵانە خۆی ئەکێشێتەوە، پاشان چاوانی ئەکاتەوە، چاوانێك کە لە جوانیدا چ شتێکیان ناگاتیٚ، بە چرپە ئەڵیٚ: بەیانیت باش!".

– کچێکی باشە... بەڵام بۆ؟

بە نەشوەوە زەردەخەنەی دەهاتیٚ، ئەزانم ئەیەویٚ بمچەوسێنێتەوە،

– ئەزانیت... رەحابم بەدڵە و ئەمەویٚ بیهێنم!

– باش ئەیناسیت؟

ئەمە ئەو ئافرەتە بوو کە بە درێژایی چەندین شەو بیرم لێکردبۆوە، بە شێوەیەکی گوماناوی پرسیارەکەم کرد... هێڵێکی رەشم بە ژێر وشەی (باش)دا هێنا.

– بێگومان ئەیناسم، پرسیارم لە برادەرە نزیکەکانیش کردووە: لە رەمزی و ئەحمەد و پرسیاریشم لە مونا کردووە.

– کەواتە هەموو شتیٚ بڕاوەتەوە.

– بە تەواوی نا، بەڵام ئەمەویٚ بە چاکی بیری لیٚ بکەمەوە و رای تۆیش وەرگرم!

– هێشتا زوو نییە بۆ ژن هێنان؟

– گەر هیچ گرفتیٚ نەیەتە پێشیٚ مارەی ئەکەم، گواستنەوەکەش هەڵئەگرم بۆ ساڵێکی تر.

"گەر هیچ گرفتیٚ نەیەتە پێشیٚ... کەواتە هێشتا کارەکە لە ئەووەڵیدایە، ئەتوانم چی بکەم تا رێگەی ئەو ژن هێنانەی لیٚ بگرم؟

باشە گەر ئەمی جواب کرد، من بچمە داوای؟ ئەی هاوڕێیەتی؟ ئەی نان و نمەك؟ ئەی تەمەنێکی درێژ لە سیاسەتا؟ خۆزگە جوابی ئەکرد.. جواب کردن رێگەی رزگار بوونە!"

– ئێستا گەییوێتە کویٚ؟ مەسەلەکەت لەگەڵا باس کردووە؟

– چەند جارێك یەکترمان دیوە... قسەمان لە بارەی زۆر شتەوە کردووە... ناڕاستەوخۆ پێم وتووە کە نیازێکی وام هەیە... بە (مونا)شم وتووە لەو بارەیەوە پرسیاری لیٚ بکا!

"دەی با گەمارۆکانی چوار دەورم تەنگ بێتەوە... با وەك گەڕێك بمرم، بێدەنگی ترسنۆکانە ئەو پەتی سێدارەیە بوو کە لە گەردنمەوە ئاڵا... شایستەی هەموو ئەو شتانەم.... ئای گەر بۆ تەنها لەحزەیەك ئازا بام!"

"قژت بەم شێوەیە مەبەستە، لێ گەڕێ با پەخش بێ تا وەك خواوەندێکی گریگی بنوێنیت... کاتێك قژت ئەبەستیت، روخسارت لاکێشەیی ئەبێ و زیاتر لە کچانی قوتابخانە ئەچیت... رەحاب.. تەنورە رەشەکەت لە یادە؟ جوان بوویت... جوان... بۆچی بێدەنگ بوویت؟ من حەزم لە سەفەری جەماعی نییە... لەگەڵ تەبیعەتما نایەتەوە.

ئێستاش حەز ئەکەیت بچین بۆ کوێ؟"

ئای خۆزیا جوابی بکردبایە! تەنانەت گەر جوابیشی بکا، چ شتێ ناکرێ... من ئەم هاوینە خوێندن تەواو ئەکەم و ئەوانیش ساڵێکیان لە بەردەما ماوە پێکەوە بیبەنە سەر!

– خۆت بە تەنها بڕیار ئەدەیت؟ پرسیار بە کەس و کارەکەت ناکەیت؟

– دوو مانگ لەمەوبەر نامەیەکم بۆ دایکم نووسیوە، ئەو رازییە... بەڵام وای پێ باشترە مەسەلەکە بۆ ساڵی داهاتوو هەڵبگرین.

کەواتە تاقە فریودراوێ هەبێ منم... ئەی لەو ماوەیەدا من لە کوێ بووم؟ سەرم لە خۆڵ نابوو؟... بەڵام رەحاب هەرگیز ناگۆڕێ... چ شتێ لە هەڵس و کەوتیدا ناگۆڕێ بەرامبەرم.

هانی کابرایەکی عەمەلییە، ساڵی داهاتوو خوێندن تەواو ئەکا و ئەبێتە پزیشك، ئەیەوێ ژن بێنێ، سەیری ئەملاولای خۆ کردووە و لە رەحاب باشتری نەدۆزیوەتەوە... ئیدی بە پەلە بڕیاری داوە و مەسەلەکە بڕاوەتەوە.

"رەحاب ئەو شیعرانەت بۆ ئەخوێنمەوە کە خۆشم ئەوێن، لە نێو گژوگیاکەدا رائەکێشم و سەرم ئەنێمە ئامێزی و ئەخوێنمەوە...سەرم بەرز ئەکەمەوە تا ماچیکەم... قژی لەسەر روخسارم پەخش ئەبێ و تەواوێك ئەفسون ئەبم... هەست بە گەرمی و تەڕوبڕی لەشی ئەکەم، چاوو کەپووم پڕ ئەبێ لە رووناکییەکی رەشی بریقەدار، دەست لە ملانی ئەبم و پێی ئەڵێم: ئەی شۆخ و شەنگ ترین ئافرەتی ئەم گەردوونە، ئەو پێئەکەنێ، کوتوپڕ قاچی لائەبا و سەرم ئەکەوێتە سەر چیمەنەکە، وەك ئاسك هەڵئەبەزێتەوە، بە خۆشحاڵییەوە هەڵدێ، ئەکەومە سەر سك و بە روانین دوای ئەکەوم، روانینێ کە هەموو شتێکی تیادا لە ئامێز ئەگرێ.... بیر ئەکەمەوە چۆن دەستگیری کەم ، گەر دەسگیری کەم، بە ماچێك ئێسکی ئەهاڕم، ماچێکی وا کە چ پیاوێك نەیبەخشیبێتە ئافرەت).

– کەواتە هەموو شتێ بڕاوەتەوە... ئەی بۆچی پێت نەوتووم؟

– هێشتا مەسەلەکە لە ئەووەڵیدایە، بەستەزمانە تا ئێستا نازانێ ... ئەشێ پێکنەیەین.

– ئەم هەموو هەنگاوەت ناوەو هێشتا ئەڵێی هیچ نەکراوە؟

– کام هەنگاو؟

زەردەخەنەیەکی هاتێ. هەستم کرد زەردەخەنەکەی تیژترە، زەردەخەنەکەی زەردەخەنەی گاڵتە پێکردن بوو، لەوە زیاتر چی لێم ئەوێ!

—

—

بەدەم زەردەخەنەیەکی فراوانترەوە وتی:

– من و باوکم رازین، پاشاو شازادە ماون!

(بەڵێ رەحاب شازادەیە، چاوانی خەمباری.... ناسکیی، هەموو شتێ لەودا گۆرانییەکی گویێ نەوازە..... وەك بارینی باران، بەلاّم چ دڵێك لە وێنەی دڵی منی بۆ نادۆزێتەوە، هانی ئەتوانێ ژیانێکی خۆشی بۆ دابین کا، بەلاّم دڵی وەك ئەمبار وایە. رەحاب هەر پەشیمان ئەبێتەوە، رۆژێك دێ هەموو شتێکی پێئەڵێم! هانی بە عەیادەکەیەوە ئەبەسترێتەوە، رەحاب نابینێ، تەنها وەك نەخۆشێك نەبێ کە بیەوێ سەردانی کا!).

(رەحاب.... باران ئەبارێ... پاڵتۆکەت لەبەرکە و بابڕۆین، حەزم لە بۆنی بارانە، کاتێ بۆنی باران هەڵئەمژم هەموو شتێکم تیانوێ ئەبێتەوە ... قردێلەکە ئاوها گرێ مەدە بەم جۆرەیان باشترە.. ئێستا بە ژنە ئەکتەرەکانی سینەما ئەچیت..)

چەند ناسك ونیان بوو.. دەستم گرت و بەژێر بارنا رامان کرد!

– بەخودا هانییە فەنی لەخشتەت بردین!

گەر هەنگاوێ پێشی کەوتبام، هەمووشتێ ئەبڕایەوە، بەلاّم ئیدی پێ ئەچێ هەموو شتێ مەحاڵ بێ!

– مەنسور تۆ هەڵەیت... بڕیارم دابوو بەر لەوەی پرسیارت لێ نەکەم چ هەنگاوێ نەنێم!

– دوای ئەوەی بڕیاری هەموو شتێکت داوە، تازە رای من کەڵکی چییە؟

– رەنگە لەبەر ئەوە عاجز بووبێتی کە لە (رەمزی) یم پرسیوە؟

– نەء..بەلاّم ئەبوو پێشتر ئاگادار بوومایە!

ئەو شەوە سەرخۆش بووین. نەء... هەرمن سەرخۆش بووم، ئەو تەنها خواردبییەوە!

رەحاب سێیەمین ئافرەت بوو کە لە دەستم چوو، کاتێ لەیلا شووی کرد، هەستم بەو ئەسەفە نەکرد کە ئێستا هەستی پێ ئەکەم.

ئەوە دەمێکە.. زۆر دەمێکە.. لە تاریکی دا لە مانگ و ئەستێرەکانم ئەڕوانی و لێکدا لێکدا سوێندم ئەخوارد کە واز لە لەیلا نەهێنم.. بیخوازم و بەختیاری کەم..ئەمگوت : (لەیلا.. لەبەر دەم ئەم مانگە شکۆدارەدا، لە بەردەم ئەم ئەستێرە پرشنگدارانەدا.. سوێند ئەخۆم کە بتکەمە بەختەوەرترین بونەوەری سەر روی ئەم زەوییە) لەیلا شوی کرد.. یەکێ لەگاڵتە جارییەکانی قەدەریش ئەوەبوو.. کە خۆم لە ئاهەنگی شوکردنەکەیدا بووم.

دوای ئەوە بەسێ ساڵ، (ویداد) یش شووی کرد، کاتێ بەردەرگای ماڵەکەیانی ئەشۆردو پێ و پووزە ئاوریشمییە سپییەکانم ئەبینی، هەستم ئەکرد شیشی سوورەوەکراو ئەچەقێننە گیانمەوە.. لەودیو پەردە دادراوەکانەوە سەیریم ئەکرد، شێت ئەبووم کاتێ ئەمبینی سەری بەرز ئەکاتەوەو بەبەری دەستی قژی بۆ دواوە هەڵئەداتەوە.. هەستم ئەکرد ئەودڵۆپە ئارەقانەی کە لە چەناگەو لاگەردنییەوە

—

ئەتکێن، پشکۆی هەڵیساون و ئەرژێنە خوێنمەوە... ئەوهاوینە بڕیارم دا بە دایکم بڵێم، بەڵام شتێکی بێ مانا پەژیوانی کردمەوە، مەسەلەکەم بۆ هاوینێکی تر هەڵگرت.. لە هەموو نامەیەکا کە ئەمناردەوە ئەمنوسی : سڵاوم بەویداد بگەیەنن!)

کە ئەو هاوینە هات، ویداد شوی کردو سەفەری کرد، زۆر خەمبار بووم، شەوانە ئەگریام و بیرم لەویداد ئەکردەوە.

ئەی ئەمڕۆ.. چما رەحاب ئەبێتە شتێ لە رابردوو؟

– لە چاوی رەحاب!

– لە چاوی!

لە پێناوی ئەودا، ئامادەم هەموو بادەی دونیا بخۆمەوە، ئامادەم دەریاو ئەستێرەکان بخۆمەوە.. جارێکی تر پێکەکە بەرز ئەکەمەوە.. بەتەحەداوە پێی ئەڵێم:

– جارێکی تر لە چاوی رەحاب!

هەڵماندا، هەموو پێکەکەم بەجارێ هەڵقوڕاند، کاتێ بینیم هانی تەنها قومێکی لە پێکەکەی خۆیدا.. هاوارم کرد:

– سەید هانی بخۆرەوە.. لە چاوی شازادە بخۆرەوە!

بەسەرسوڕمانەوە سەیری کردم، وەك بڵێی پەرۆشییەکەمی پێسەیر بێ.. وتی:

– هێشتا ئێوارەیە... پەلەی چیتە؟

– ئەم پێکەش بۆ رەحاب!

– ئۆف.. ف... لەسەر خۆ، پێ ئەچێ ئەمشەو بە رەحابەوە بیگریت!

– تۆ بخۆرەوە.. دوایی رێك ئەکەوین...

– بەڵام بۆچی پەلەئەکەیت؟

– پێم وتیت بخۆرەوە.. پێکی شازادە ناگەرێنرێتەوە.. ئەبێ هەمووی بخورێتەوە!

– گەر وا دەست پێبکەین.. ناگەینە کۆتایی!

– لەسەری مەڕۆ.. بخۆرەوە.

کوتوپڕ گەشامەوە، هەستم کرد گەرمایی رۆئەچێتە خوێنمەوە..

لە خۆوە لێم پرسی :

– هانی... کەی ژنەکەت دێنی؟

بەرلەوەی وەڵامبداتەوە سەیری کردم، وەك ئەوەی هەستی کردبێ پێی رائەبوێرم.. بێ گرنگیدان وتی:

– هێشتا ماوێتی..ساڵێ دوو ساڵی تر ئەخایەنێ!

– ئەی بۆ مانگی هەنگوینی ئەچیت بۆ کوێ؟

– رائەبوێری؟ سەیری کردم تا روخسارم بخوێنێتەوە.. وتی:

هێشتا بیرم لەوە نەکردۆتەوە.. زۆری ماوە.

– پێویستە بڕیاربدەیت.. ئەوە شتێکی زۆر گرنگە!

—

– له ئەسکەندەریە بێ. له بەندەری مەتروح بێ، حۆ گەر زرووفم له بار بێ رەنگه بچم بۆ یۆنان.
– یۆنان باشتره!
– ئەشێ.. ئەڵێن ئەسینا جوانه.
بەر لەوەی قسەکەی تەواوکا، من قومم له پێکەکەم دابوو، نازانم چ خەیاڵاتێکی ئەهریمەنانه کۆنترۆڵی کردبووم، پێکەنینێکی قایم گرتبوومی ،به چاوانێکی ئەبڵەق بووەوه وەك چاوی شێتەکان سەیریم ئەکرد.. پێئەکەنیم و پێئەکەنیم... کاتێ پێکەنینەکەم هێور بۆوه، بینیم رق له چاوو روخساریدا قوڵپ ئەدا.... پێم وت:
– بمبووره.. مەزەنەم ئەکردیت چاکەت وپانتۆڵێکی رەشت له بەرایه... بۆیمباخێکت بەستووه... تەواویێك بەو بۆیمباخانه ئەچێ کەله سینەمادا ئەیبینین، رەحابیش جلکێکی سپی درێژی پۆشیوه، دووکچی چکۆڵەش لەدواوه داوێنی کراسەکەیان بۆ هەڵگرتووه... ئاهەنگی مەیمونەکانه!
– بۆ پێت وایه من نیازی وەها ئەتەکێتێکم هەیه؟
– پێم وابوو!
– تۆ هەڵەیت!
– کەواته له خۆشی رەحاب بخۆرەوه! جارێکی تر.. له چاوی ئاهەنگێکی میللی بخۆرەوه!
پێکەکەی بەرزکردەوه، بەرلەوەی بخواتەوه، قوڵێ گرتم و وتی:
– ئەخۆمەوه، بەدڵی تۆ ئەخۆمەوه..بەڵام تەنها تکایەکەم هەیه...سەیری کردم و ئەیویست ووشەیەك له ناخیدا بێنێته سەر زمان... بۆ ئەوەی رێگەی لێ بەستمەوه وتم:
– ئێستا پێکەکەت بخۆرەوه.. دوایی پێك دێین.
روخساری گرژبوو.. وتی:
– تا پێك نەیەین.. ناخۆمەوه.

– لەسەر چ شتێ پێك بێین؟
– ناوی رەحاب لەم دانیشتنەدا نەهێنین.
– بۆچی؟
– وام پێ خۆشه.
– ئەترسیت؟
– مەسەلەکە ترس نییه..بەڵام وا باشتره ناوی نەبەین ئێره شوێنی خواردنەوەیەو ئێمەش ئەمانەوێ به ئیسراحەت بخۆینەوه.
– رەحاب چەند بەلای تۆوه گرنگه، بەلای منیشەوه گرنگه.. وەك تۆرێزی ئەگرم.. بگره له تۆ زیاتریش...
– مەبەستم هیچ نەبوو.. بەڵام واباشتره مەسەلەکە بگۆڕین!

–

– غیرەی لێ ئەکەیت؟
– زۆر گەورەت کرد.. لە رەحاب گەڕێ.
( بووەتە خاوەنی رەحاب ، بۆتە کەل و پەل و ئەیەوێ مامەڵەی پێوەبکا... وا غیرەشی لێ ئەکا.. پەیوەندی ئەم چییە بەرەحابەوە؟ تا ئەم لەخرەیەش رەحاب هی هەمووانە چ جیاوازییەکمان نییە! ).
(دوو پێشنیارم هەیە.. یان بچین بۆ شانۆ.. یاخود بۆ پیاسەیەکی شێتانە.. کامیانت پێ باشە؟
بە دەنگێکی پاقژ، وەك خلۆربونەوەی دڵۆپە فرمێسکێ لە چاو... وتی: هەڵبژێرە.. ئەڵێی چی تۆ خۆت بشاریتەوەو من گرت بەم؟ یان من چاوت ئەبەستمەوە و تۆ بمدۆزەرەوە؟
ئەڵێی چی؟ شتێکی تر، ئەم رستەیە ئیعراب کە.. نەءll تۆ رقت لە ئیعراب و لەوشتە قوڕانەیە.. هەڵی بێنە: بۆچی ناپلیۆن کەناڵی سویسی داگیرنەکرد؟ گەر بیزانی ماچێکت ئەدەمێ..گەر نەیشت زانی تۆ ماچێکم بدەرێ.. رازیت؟ بادەست پێبکەین.. بەڵام یادت نەچێ..گەر نەیزانی بەرامبەرێکی گەورە ئەدەیت..... دەی...
– چونکە کەناڵەکە تۆکمە بوو..
– نەء!
– لە بەر ئەوەی نەیئەتوانی بیگاتێ...
– نەخێر!
– بڵێ بۆچی؟
– بەرامبەرەکەت لە یاد نەچێ.. لە بەر ئەوەی ئەوکاتە کەناڵی سویس دروست نەکرابوو.
پێکەنی، هێند پێکەنی تا چاوانی پڕ بوون لە ئاو، جارێك ماچی ئەکەم سەد جار ماچی ئەکەم... لە باوەشیا ئەنووم.. گڵۆپە گەورەکە ئەکوژێنمەوە، تەنها رۆشنایی رادیۆکە ئەمێنێتەوەو گوێ لە مۆسیقا رائەدێرم.. لێم ئەپرسێ : ئەزانی ئەم مۆسقایە چی‌یە..؟ گەر نەیزانی ئەبێ شتێکی گەورەبدەیت.. نایزانم..لەگەڵ نزیك کردنەوەی لێوە هەڵیساوە شێتەکەیدا... ئەڵێ: هەمووشتێ لەبەر رۆشنایی مانگ دا شۆخ و شەنگە!).
– رازیم بە مۆقەت واز لەم مەسەلەیە بێنین!
– مۆقەت بێ.. یان هەمیشە..گرنگ وازی لێ بێنین!
– گەر پێت وایە رازیم واز لەو مەسەلەیە بێنم، لەبەر ئەوەی رەحاب بەلای تۆوە شتێکی تایبەتی‌یە... ئەوا هەڵەیت.. تەنها لەیەك حاڵەتدا رازیم...
– قوربان ئەو حاڵەتە چی‌یە؟
– هیچ.. هیچ! لێ گەڕێ!
– تورە بوویت؟
– نەء.. مافی ئەوەم نییە تورەبم.

- کەواتە بابخۆینەوە.
- دواجار لە خۆشی رەحاب ئەخۆینەوە.. دوای ئەوە ئەچینە سەر باسکردنی شتی تر.
- جگە لەوە هیچ چارەسەرێکی تر نییە؟
- حاڵی حازر نیمە.
- باشە.. بالە خۆشی رەحاب بخۆینەوە!
- هانی.. بۆچی خەمباریت؟
- کێ ئەڵێ خەمبارم؟
- خەم لە چاوانتا ئەبینم!

(خەم لە دڵمایە.. لە چاوانمایە... خەم وەك توێژاڵێك چەوری سەر خوێنم کەوتووە.. هەمووشتێکی لە خۆیەوە پێچاوە.. هەمووشتێکی گەمارۆداوە... بەڵام ئەو نازانێ خەمی گەورە چییە!).

- ئەوەی ئەیبینی خەم نیە.. بەڵکو بێزارییە!
- هەمدیسان بویتەوە بە وجودی!
- وجودی نەبووم و ناشمەوێ ببم!
- کەواتە بۆچی خەمباریت؟ بیرلە رەحاب ئەکەیتەوە؟
- رەحاب.. رەحاب.. کاکی برا.. باسی مەکە!
- باشە قوربان..!
- بخۆرەوە..ئەی هەرزەکاری پیر.
- بخۆرەوە.ئەی ئەوەی وای بەسەر لێواری نغرۆبونەوە!

زۆرشت لەزەینما نەماون، بیرم دێتەوە.. ئەوشەوە جنێوم دا، وەك خەتیبێ بەپێوە راوەستام... زۆرشتم ووت کەهی وتن نەبوون.. بەڵام رەحاب لەم ژیانەدا لەگەڵ هانی دا کەوتە رێ،من چووم بۆ تەواو کردنی خوێندنی باڵا.... دوای ئەوە چەند جارێکی کەم نەبێ رەحابم نەبینییەوە... ئەویش لە وەزعیەتێکی خەمگین دا.... ئێستایش رەحاب دوورە.. دوورە وەك ئەوەی ئەستێرەیەك بێ بە ئاسمانەوە.... سێ منالی هەیە.. زۆر چۆتە تەمەنەوە.. روخساری چرچ و لۆچ... زەردەخەنەکەی خەمبارانە.. ئیدی منی یاد نایەتەوە، تەنها وەك تارماییەك نەبێ کە رۆژێ لە رۆژان بەلایدا رەتبووم!

تۆ هەنووکە کەڵەشێرێکی ئاوەڕوت کراو و گەڕوپیر و نابوتیت، بەلای حاجی زوهدیەوە یەکسانیت بە مێشێك، توڕە مەبە، دونیا کورسی کورسییە، ئیدی کورسی کورسییەکەی تۆیش ئەیمەنسور عەبدولسەلام تازە بەرز نابێتەوە... ڕۆژێك لە ڕۆژان نەویوە و لە قوڕا چەقیوە... فێڵی ڕێویت بۆ دەرهێناوەی خستە گەڕ، بەلاّم هەر لە جیّی خۆیدایە و جوڵەی بۆ ناکا!

تا دوێنیّ وەك کارمەندی پێشوازی بە دواتا رایئەکرد: "فەرموو... فەرموو... خێر و بەرەکەتت هێنا... خۆش هاتیت... بە خودا مامۆستا مەنسور بیرمان ئەکردیت...".

دوای ماوەیەك حاجی زوهدی گۆڕا بە مامۆستایەکی کوێری قوتابخانە... "ناتوانین... گرنگ ئەوەیە ئێستا بە دوای کارێکا بگەڕیّ... دوای ئەوە ئەکریّ قسەیەك لەو مەسەلەیە بکەین...".

بەڵێ... کەڵەشێرێکی ئاوەڕونکرا و و مزمەعیلیت، توڕە مەبە... خەون ببینە... شتەکان یادی خۆت بێنەوە...، ئەو خەمەت بەسە کەلەمیانەی ئەم سیّ ساڵەی دواییدا هێلانەی لە دڵتا چیّ کردووە، بەلاّم بەر لەوە وەك خواوەندێك ئەژیایت... راستە خواوەندێکی چکۆڵە بوویت... نەزەنگت بۆ لیّ ئەدرا و نە نوێژت بۆ ئەکرا... بەلاّم تۆ هێندەت کیفایەت بوو کە... نا... نازانم... نا...، بەلاّم گێلانە ئیشت بەو بیروباوەڕانە کرد کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بڕوات پێیـــان بوو، زەریبەی ئەوەشت دا... تا هەنووکەش هەر ئەیدەی. لە مەودواش ئەیدەی تا ئەو کاتەی پاڵێکی توندت بەرەو باخچەی سەرووەکان پێوە ئەنێن... یان تا مردن ئەو زەریبەیە هەر ئەدەی.

– کاترین... کاترین... "دەستم ئەنێمە سەر دەمم و هاوار ئەکەم، فلیمی (گورگەکانی بەندەر)م بیر ئەکەوێتەوە، مارلۆن براندۆ بەم حۆرە بەلاّم بە توڕەیی هاواری لە دوڵبەرەکەی ئەکرد... ئەم یادەوەرییە خەنیم ئەکا!".

لە ژێر باراندا راوەستابووین، فیکەم لیّ ئەدا... ئاوازێکی سەمام بە فیکە ئەژەنی، ئاوازێك کە من و کاترین حەزمان لیّی بوو... ئەو شەوەی پێکەوە بۆ یەکەم جار سەرخۆش بووین... بە یەکتریمان وت: لەمەولا ئەم ئاوازە ئەبێتە بانگی نێوانمان!".

کاترین لە پەنجەرەی موبەقەوە دەرکەوت... دەستی راوەشان و وتی:

"هەر ئێستا دێم... خۆشەویستەکەم"

روزخساری کاترین سوور و سپی و لێواولێو لە شەهوە و حەزی پیّ بەخشین، بەخۆم ئەگوت: مەنسور... ئەی هەڵۆی رەنگ خۆڵەمێشی... تۆ کابرایەکی

بەختەوەریت، زەوی پیاوی بەختەوەری وەك تۆی بەخۆوە نەدیوە... ئەو شەوە بڕیارم دا لەگەڵیدا بنووم!

ئەو شەوە قسەمان زۆر کرد لە بارەی بیابانی پان و بەرینەوە کە ئەستێرەی نزیك وەك چرای ڕەنگاوڕەنگ بە ژوور سەریدا شۆڕبوونەتەوە، قسەمان زۆر کرد لە بارەی ئەو خۆرەوە کە لە ڕۆژدا وەك ئاگر لە ئاسمانەوە ئەبارێ و لە عەردەوە هەڵئەقوڵێ و لە هەموو شوێنێکا ئەتەقێتەوە... بەڵام کاترین هەرچی بەفرە.. ئێمە لە وڵاتەکەمانا نەماندیوە.

دوای کەمێ بێدەنگی، ئەمویست بیخەمە سەرسوڕمانەوە پێم وت:

"کاترین.. لەوێ ئەتوانیت لە مانگی شوبات دا بچیتە کەنار دەریا...". بەهەڵچونە پیێ وتم: مەنسور... پێویستە هەموو شتێ ببینم... بێزار نابم لەوەی بەدرێژایی شەو لە ئەستێرەکان بنوارم... بە ڕۆژیش وەك ماسی خۆم هەڵئەدەمە دەریاوە. لەوێ تا شەو دادێ هەر مەلە ئەکەم و مەلە ئەکەم.. تۆ خواردنم بۆ ئەهێنی... لە کەنار دەریا پێکەوە نان ئەخۆین.

– پاشان فێری زمانەکەشمان ئەبیت... دوای ماوەیەك وەك ئافرەتی وڵاتەکەی ئێمەت لێ دێ.... کەس بۆی جیاناکرێیتەوە!

– هەر سەما ئەکەین و گۆرانی ئەڵێین... بە جلکێکی تەنکەوە سەما ئەکەم... ئەمەوێ لەم سەرما دڵرەقە ڕزگارم بێ.

دوای چەند مانگێ پێم وت:

– کاترین... ئەزانی لە وڵاتەکەمانا پلەی گەرما لە هاوینا ئەگاتە چەند؟

– بە تەواوی نازانم!

– ئەگاتە سەد... گەرمایەکی هەڵپڕۆکێن... ڕەنگە تۆ نەتوانی بەرگەی بگریت!

– گەر سەروو سەدیش بێ بەرگەی ئەگرم!

– بە دەم نابێ!

– دوایی بە چاوی خۆت ئەیبینی!

– بەڵام ناتوانیت بەکەیفی خۆت سەما بکەیت.

– بۆ ناتوانم! کاتێکی تەواوم بە دەستەوە ئەبێ... ئێستا گرنگ ئەوەیە خوێندنەکەم تەواو کەم.. دوای ئەوە بۆ خۆن سەربەستم.

– بەڵام مەسەلەکە بەو ئاسانی‌یە نییە، لای ئێمە وەك لای ئێوە نییە!

– مەبەستت چی‌یە؟

– خەڵکی لای ئێمە لە بۆنەکانا نەبێ سەما ناکەن، لەو بۆنانەشدا، بە شێوەیەکی دڕندانە... تەواوێك وەك قەرەج سەما ئەکەن.

– بەڵام من کەی بمەوێ سەما ئەکەم... بەو شێوەیەش کە فێری بووم!

– ژیان لای ئێمە زۆر لەم ژیانەی ئێرە جیاوازە!

– بەڵام مەنسور تۆ لە هەموو شتێك دا لە من ئەچیت.. لە خواردن و سەما و مۆسیقادا.

—

– لەسەر ژیانی ئێوە راهاتووم، بوومەتە یەکێ لە ئێوە!
– چما خەڵکی وڵاتەکەت لە تۆ ناچن؟
– زۆر...
– زۆر...؟ لە چ شتێك دا؟
– کاترین خەوم دێ... نەچین بنووین؟
رۆژێکیان هەستم کرد خەمێکی چڕ باڵی بەسەرا کێشاوم، وەك کەڵەشێرێکی پیر کە پەڕوپۆ لەبەر هەتاودا راوەشێنێ بە کاترینم وت:
– ئێوە لە دوا پلەی شارستانییەت دان و بێزاریشن! ئەی ئێمە بڵێین چی؟ ئەو شتانەی کە تۆ رقت لێیانە، ئێمە لە وڵاتەکەی خۆماندا خەریکە سویێمان بۆیان ئەبێتەوە... ئامادەین بۆ وەدەست هێنانیان بمرین... ئەو شتانەش کە حەزمان لێیان نییە... تۆ پەرۆشی بینینیانیت!
– مەنسور... جیاواز لە جاران ئەدوێی...
– من تا ئێستا وێنەی پرشنگدار و ئارەزوو بزوێنم لە وڵاتەکەما پێ نیشان داویت... ئەو وێنانەی کە ئارەزووم ئەکرد بەو جۆرە بوونایە!
– کەواتە درۆت ئەکرد!
– هەموو راستییەکەم پێ نەگوتویت!
– درۆت لەگەڵ کردووم؟
– یەك وشە درۆم لەگەڵ نەکردوویت... بەڵام هەموو ئەوەم پێ نەگوتویت کە ئەیزانم.
– مەنسور تێت ناگەم...
– ئەشێ ئەمە جیاوازی نێوانمان بێ.
– بەڵام من تێ ناگەم جیاوازی نێوان ژیانی ئێمە و ئێوە چییە؟ وەك ئێمە ناخۆن؟ وەك ئێمە منداڵ ناخەنەوە؟ وەك ئێمە کار ناکەن و سەما ناکەن؟
– هەموو ئەوانە ئەکەین... هەروەها شتی تریش ئەکەین؟
– زیاتر لەوەی کە ئێمە ئەیکەین؟
– بەڵێ.
– بۆ نموونە...چی؟
– بۆ نموونە... درۆ ئەکەین، ئیشی ئەمڕۆ ئەخەینە سبەینێ، لە ژنەکانمان ئەدەین... دوای نیوەڕوان ئەنوین... ئەڵقە لە گوێی گەواد و قاچاخچی و جادووگەرانین!
– بەڵام مەنسور بۆ درۆ ئەکەن؟
– درۆ خوێی پیاوانە!
– زۆر سەرم سوڕماوە!!
– کاترین... با واز لەم قسانە بێنین.. باسکردنی وڵاتەکەم خەمێکی ناوەخت لەدەرونما ئەزێنێ.

Ž

Ž

– خەم ئەزێنیٚ؟ من پێم وایە کاتیٚ ئادەمیزاد باسی وڵاتەکەی خۆی ئەکا، بەخولیا و تامەزرۆبوونەوە باسی ئەکا...

– من بە پێچەوانەوەم!

– وڵاتەکەت خۆشناویٚ؟

– زۆرم خۆشئەویٚ!

– ئەی کەواتە بۆچی وا بیر ئەکەیتەوە؟

– لەبەر ئەوەی ژیانمان لەویٚ بیٚ مانایە و پێویستە هیچی بەسەر هیچەوە نەهێڵریٚ... بسوتێنریٚ.

– حەزت لە سیاسەتە... وانییە؟

– نازانم حەزم لە چیٚیە...، بەڵام ئەزانم رقم لە چییە! رقم لە شێوازی ژیان و پەیوەندییەکانی وڵاتەکەمە... ئەمەش رانامالریٚ بە شۆڕشێك نەبیٚ کە هەموو شتیٚ بسوتێنیٚ.

– کەواتە تۆ حەزت لە سیاسەتە و تیایدا قالٚ بوویت!

– پێم وتیت نازانم حەزم لە چییە. بەڵام گەر بم توانیبا داریم بەسەر بەردییەوە نەئەهێشت!

– تۆ پیاوێکی خوێن خۆر و رق ئەنگێزیت!

– هەرگیز حەزم بە خوێن نەبووە... بەڵام چارە چییە کاتیٚ ئەیانەویٚ تا ئەبەد لەنێو تەنەکەی زبلٚ و ژێر پیلاٚودا بین؟

– مەنسور...دڵنیابە ئێستا لە هەموو کاتێکی تر زیاتر سەر لە قسەکانت دەرناکەم... تۆ هەر لە یەکەمین شەوەوە شتی سەیر باس ئەکەیت:

خوێن...، زبلٚ... جگە لەو قسانە چ شتێکی ترم لە تۆ نەبیستووە... نازانم باسی چی ئەکەی!

– کاترین! ئێمە دوو دنیاین و رێکەوت بە یەکتری ناساندین، تاوێکی تر لە یەك جیائەبینەوە... چەند هەولٚ بدەین... ناتوانین درێژە بەوەها یەکتر ناسینیٚ بدەین... لەبەر ئەوە زۆر خۆت ماندوو مەکە، نەك لەبەر ئەوەی تۆم ناویٚ، بەڵکو بە یەك ئاشنابوونیٚ کە تۆ خەوی پێوە ئەبینی... کورت و بە سویٚ ئەبیٚ، وەك پێم وتیت ئێمە دوو دونیاین: دوو دونیا لە خاڵێکا بە یەك گەیشتن، بەڵام سوڕانەوەی خێرای شتەکان نەیهێشتووە هەست بەو بەیەك گەیشتنە بکەین... کاترین، ئەمەویٚ پرسیارێکی چکۆڵەت لیٚ بکەم... ئامادەیت وەڵامم بدەیتەوە؟

– بپرسە.

– باوەڕت بە خڕێتی عەرد هەیە؟

– ئەم پرسیارەت بەڕاستە؟

– ئەوپەڕی بەڕاستمە!

– خڕێتی عەرد شتێکی بەڵگە نەویستە... ئادەمیزاد بۆ تەنها ساتێك ناتوانیٚ گومان لەوە بکا.

Ž

—

– خرێتی عەرد لای من وەڵامە بۆ دوو پرسیاری تر: وەڵامی سوڕانەوەیەکی بەردەوام، کە گەرچی مرۆڤ هەستی پێناکا، بەڵام ناشتوانێ رەتی کاتەوە... ئەمەش لە بەیەك گەیشتنی هەردوو دونیاکەی ئێمە ئەچێ... سەبارەت بە پرسیاری دووەمیش کە تۆ بە بەڵگە نەویستی دائەنێیت و منالآن لە قوتابخانەکانا وەك ناوی خۆیان لەبەریانە و جگە لەوە شتێکی تر نازانن... کەچی ئەوە لە وڵاتەکەی منا، هەر لە ئەزەلەوە تا ئێستا بۆتە تەوەری گومانێکی گەورە.

– ببوورە مەنسور... نازانم ئەڵێی چی!

– ناتوانم لەوە زیاتر بۆت روون کەمەوە.

– بەڵام ئێمە بە شتێ دەستمان پێکرد و بە شتێکی تر کۆتاییمان پێ هێنا!

– لە کوێوە دەستمان پێکرد و ئێستا لە کوێداین؟

– خێرایی ئەو سوڕانەوەیە گێژی کردم، نازانم لە کوێوە دەستمان پێکرد و لەکوێدا تەواو بووین!

– ئەتوانین خێرایی‌یەکە هێواش کەینەوە و راوەستین... سەرلەنوێ پێت بڵێمەوە کە من بیر لە چی ئەکەمەوە و چ شتێکیش لە توانامدایە.

– گەر دوای ئەم ئاهەنگی گێژبوونە بتوانیت ئەوە بڵێی ئەوا تۆ کابرایەکی بلیمەتیت!

– لەبەر ئەوەی بلیمەت نیم. ئەتوانم پێت بڵێم.

– لە ژیانما رووبەڕووی گێرمە و کێشەیەکی ئاوها نەبوومەتەوە... کەسیشم نەدیوە بەم زمانە قورسەی کە تۆ قسەی پێ ئەکەیت... لەگەڵما دووابێ...مەنسور... تۆ بە دەستی ئەنقەست ئەتەوێ شتەکانم لێ بئاڵۆزکێنی. بە زمانێك ئەدوێی لەگەڵ ئاستی خوێندنەکەتا ناگونجێ... تۆ وەك دەریاوان و چەتەکان ئەدوێی!!

– کاترین... خۆشەویستەکەم کاترین، من چەتەم... دەریاوانێکی سەرگەردانم... بەڵام پێویستە شتەکان رووت بنەوە و ئەو وەهمە رامالرێ ئەوجا ئەکرێ بەیەکەوە بدوێین! ئەوجا ئەکرێ کاتێکی خۆش بەیەکەوە بەرینە سەر... سبەینێش کاتێ جیائەبینەوە و دەستی یەکتر ئەگوشین... خەفەت بۆ ئەو یەکتر جێهێشتنە نەخۆین... بەڵام ناتوانین چ شتێکی تر بکەین... گەر بیکەین ئەوا گێلین... ئێستا تێگەیشتی ئەمەوێ چی بڵێم؟

– ئەمجارەشیان تێناگەم!

– کاترین... کچە چکۆڵە نازدارەکە... ئیدی چ وشەیەکم پێ نییە، بەڵام پێویستە بزانیت کە ئێمە لە دوو دونیـــای جیاوازەوە هاتین و لە خاڵێکا بەیەك گەیشتین. هەر دونیایەك لە ئێمە بەرێی خۆیدا ئەڕوا... تا ئەوپەڕی جیهان... تا ئەوپەڕی ژیان ئەڕوا و جارێکی تر بەیەك ناگەینەوە.

– بەسە ئیتر نامەوێ لەوە زیاتر گوێم لەو قسانە بێ!

– ئازیزەکەم.. تووڕە بوویت؟ کاترین خۆشم ئەوێی... هەر لە یەکەمین رۆژەوە کە تۆم ناسی خەیاڵی جوان جوان بە هزرما هات، پێم وابوو تۆ تاقە ئافرەتێکیت کە من

بە دوایدا ئەگەڕێم، بەڵام کاتێ بیر لەو دێوەزمەیە ئەکەمەوە کە پێی ئەڵێن نیشتمان، تەواوێك باوەڕ بەوە دێنم کە تۆ دوا ئافرەتیت بۆ من بشێی! نامەوێ ڕەشبین و دڵڕەق بم، بەڵام ئەمەوێ وشەکان بە ساکاری دەربڕم، تۆ ئێستا هەر چەندێ پێداگریت، ناکرێ لەگەڵما بێیت... منیش ناتوانم لێرە بمێنمەوە... لەبەر ئەوەی لەوێ کارم هەیە!

لە دوای ئەو شەوەوە، مامەڵەیەکی جیاوازی کاترینم ئەکرد، ئارەزووم بۆ بینی کەمتر بوو... جارێکیان پێم وت: هێندە خەمبارم... کە خەریکە نەخۆش ئەکەوم... ئامۆژگاری کردم بچم بۆ لای پزیشك... بەڵام نەچووم.

شەوی سەفەر هەموو شتێکم پێ وت:

– کاترین وڵاتەکەم گەورەیە، خۆری لێ هەڵدێ و ئاوا نابێ، خەڵکانی لای ئێمە جگە لە زاو و زێ کردن، چ شتێکی تر نازانن... ئەو خەڵکانە زۆرن ... زۆر زۆرن...هەموو ڕۆژێکیش لە زیادبووندان، ئەنوون و زاو زێ ئەکەن... بە شەو و بەڕۆژ...، چکۆڵەترین خێزانیان دە نەفەرە، خەڵکی نان و مرۆر ئەخۆن، لەبەر ئەوەی چ شتێکی تر بۆ خواردن شك نابەن، ئەو خەڵکانە زۆر ئەگرین، ئەیانەوێ تۆڵەی شتێ بکەنەوە، بە تووڕەیی پێ ئەکەنن، ئەشێ لەتاو خەم نەخۆش کەون... هەروەها لە تاو برسێتیش... خۆ گەر نامەیەك بگاتە دەستی کەسێ، ئەوا ڕۆژە ڕێیەك بە پێ ئەبڕێ تا بچێ بۆ لای کابرایەکی کەڵەکچی مێزەر بەسەر، بۆ ئەوێ تا نامەکەی بۆ بخوێنێتەوە.... کابرای مێزەر بەسەر نامەکە وەرئەگرێ و بە دەنگەوە ئەکەوێتە خوێندنەوەی، بەرامبەر خوێندنەوەی نامەکە مریشکێك و دە کولێرە وەرئەگرێ... ڕەنگە لە بری خوێندنەوەی نامەکە... کچی خاوەن نامە بخوازێ کە تەمەنی لە یانزە ساڵ تێنەپەڕێوە... ئەم ژنە ئەبێتە دەیەمین ژنی، دوای نۆ ژنی تر کە چوار پێنجێکیان بەسەر مناڵەوە مردوون، ئەوانی تریش لە پەنا و پەسێرەکانا دانیشتوونو بە دەم تەسبیحات کردنەوە قاچ و قولیان ئەخورێنن.

کاترین! شاکانی لای ئێمە هەرگیز لە شاکانی لای ئێوە ناچن... هەموو پیاوێك لای ئێمە شایەکە بۆ خۆی، ڕووبەری دەسەڵاتدارێتی ئەو شایانە هێندە چکۆڵەیە، کە وەك ئاودەستخانەی چایخانە و ئوتێلەکان بە پاڵ یەکەوەن... ئەو شا چکۆڵانە لە ژنەکانیان ئەدەن، قژیان ڕائەکێشن، بەسەر منالانا ئەنەڕێنن و ناچاریان ئەکەن بەسکی برسی بنوون... لەبەر ئەوەی خواردنەکەیان لەبەردەم میوانە ورگنەکانیانا داناوە!! بەڵام کاتێك ئەچنە خزمەتی ئەو شایانەی کە لە خۆیان گەورەترن، لەسەر عەردەکە ئەکەونە سەر چۆك و خۆڵی ژێر پێیان ماچ ئەکەن. ئامادەن هەموو شتێ بکەن بە مەرجێ زەردەخەنەیەکی چکۆڵە لەو شاگەورەیەوە بۆ خۆیان مسۆگەر کەن... ئەو شا گەورانەش سوژدە بۆ شاگەورەترەکان ئەبەن... تا ئیدی هەموو ئەو شایانە سوژدە بۆ شایەك ئەبەن... ئەم شا گەورەیەش خوێندەواریی نییە، لە هەموو شاکانی تر زیاتر ژنی هەیە، سەد ژنی هەیە، سەد ژن لە هەموو لایەکی دونیاوە، ئەشێ ژنێکی بەلژیکیشی هەبێ و بۆی هەیە ناویشی کاترین بێ... تووڕە مەبە! بە ڕاستمە،

Ž

ئەم شایەی کە باسیت بۆ ئەکەم، کورتە بنە... قەڵەو... ورگی هێندەی ورگی (بیردورا)یە، ئەوەی ساڵی رابردوو لە پێشبڕکێی بیرە خواردنەوەدا پلەی یەکەمی هێنا... ئەو شایە تا بڵێی زۆر خۆرە، یەکسەر دوای نانی نیوەڕۆ ئەنوێ... ئەنوێ کاتێ خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمانا لا بە لای خۆرئاوابوونا ئەکاتەوە... تا شێوان خەبەری نابێتەوە... ئەم شایە بە رادەیەك دڵڕەقە کە بەردەوام پڕیشکی ئاگر لە چاوانییەوە دەرئەپەڕێ... رۆژانە سەدان کەس ئەکوژێ...بەڵێ ئەیانکوژێ...دەست و سەریان ئەپەڕێنێ و لە گۆڕەپانە گەورەکەدا پێستیان ئەگروێ، لە هەر بستە زەوییەکدا دەنکە گەنمێ بڕوێ... ئەم ئەیدزێ...، نانەوردە بۆ خەڵکی فڕێ ئەدا، خەڵکیش سەری سوپاس و ئەمەکداری بۆ دائەنەوێنن... زۆر زیاتر لەوەی کە کاردینال ئەدوارد ئەیکا... دواجار کاتێ لەگەڵتا دەئاخڤم، پێم دەڵێی: تۆ لە سیاسەت دا کار ئەکەی! کاترین نامەوێ خەمبارت کەم... بەڵام هەموو شتێ لە نیشتمانەکەما لنگەو قووچە، پێغەمبەرانێکی گەرەکە تا لەسەرپێ رایگرنەوە... ئەو پێغەمبەرانەش نین... بەڵام پێویستە هەموو پیاوێك هەوڵبدا... بەڵێ هەوڵبدا... تا بەڵکو ببێتە پێغەمبەرێ... ئێمە پێویستمان بە هەزارەها پێغەمبەر هەیە... لە ئێستادا هیچ کامیان نین... هەموو ئەوانەی کە ئێستا ئەنەڕێنن... خەڵکانێکی کەڵەکەچین و ئەیانەوێ پارەی نەڕینەکانیان وەرگرن!

دوای ئەوەی ماندوو بووم... لێم پرسی: کاترین! هیچ تێگەیشتیت؟

– بەر لەوەی قسە بکەی زیاتر تێگەیشتبووم وەك لە ئێستا!

– من هەڵم کرد... بەڵێ لە سەرەتاوە هەڵە بووم.... ئەبوو هەموو شتێکت بە سادە و ساکاری پێ بڵێم، بەڵام پێم وابوو مەسەلەکان بەو رادەیە ئاڵۆزنین... تا ئێرە دواجار لەو خاڵە ترسناکەدا چەقیم.

– خاڵی ترسناك؟

– خاڵی ئاڵۆز، ئەو خاڵەی کە ئادەمیزاد ناتوانێ بە سەلامەتی خۆی لێ دەربێنێتەوە... کاترین... من تا رادەی شێت بوون خۆشم ویستویت، وا ئێستاش خۆم لەو خۆشەویستی‌یە دائەماڵم.

– بەر لەوەی سەفەر بکەیت... شتی خۆشم بۆ باسکە!

– خۆشترین شتێ بۆتی باسکەم ئەوەیە کە سەفەر ئەکەم... ئیدی لەم دێوەزمەیە رزگارت ئەبێ کە چوار ساڵە بەدواتەوەیە.

– چوار ساڵ؟ مەبەستت خۆشەویستی‌یەکەمانە؟

– رێك... خۆشەویستی‌یەکەمان!

– زۆر هەڵەیت، گەر بەو خۆشەویستی‌یە بەختیار نەبوومایە نەمئەهێشت بۆ تاقە رۆژێ بەردەوام بێ... وا بزانم نکوڵی لەمە ناکەیت!

– نا... نا... نکوڵێ ناکەم... بەڵام لەبەر ئەوەی خۆشەویستی‌یەکەمان بەو شێتی‌یە بووە و ئێستاش جیائەبینەوە، ئەبێ بزانی کە ئەوە چەند ئازارم ئەدا!

– لەمەوبەر بەڵێنمان بەیەکدی دابوو کە هەر بەهاوڕێ بین، بەڵێنت دابوو لەبارەی هەموو شتێکەوە نامەم بۆ بنووسیت... لە بارەی ژیانی خۆتەوە لەوێ...لەبارەی خەون و پڕۆژەکانتەوە.
– نامەت بۆ ئەنووسم... بەڵام دوای چەند مانگێ لە نامەنووسین ئەکەوم.
– بۆچی؟
– چونکە ناتوانم بەردەوام بم!
– ناتوانی یان خۆت ناتەوێ؟
– نازانم...
– بۆچی نازانیت... دیسان کەوتیتەوە ئازاردانم... هەر وەك بڵێی چێژ لە ئازاردانم وەرگریت... چ شتێ ڕێت لێ ئەگرێ هەموو مانگێ نامەیەکم بۆ بنووسیت؟
– ئەچمە ژێر ئەرزەوە... بەڵێ ئەچمە ژێر ئەرزەوە... تا خۆم قاییل کەم کە گوایە ئەتوانم شتێ بکەم.
– ئەچیتە ژێر ئەرزەوە؟
– بەڵێ... ئەشێ کارم دەست نەکەوێ، ئەشێ زیندانی کرێم.... هەموو شتێ لە وڵاتی پاشا بێ تاجەکانا ڕێی تێ ئەچێ.
– پێ ئەچێ حەزکەیت بە دوای سەرئێشەدا بگەڕێی، حەز بکەیت ئازاری خۆت بەیت لە تۆڵەی ئەو گوناهەدا کە ئێستا ئەنجامی ئەدەیت.
– ناخوازم تۆڵەی هیچ بکەمەوە....
– بەڵام... لەو وڵاتە دوورەدا...
– مانگی نامەیەك...
– تەنانەت ناتوانم بەڵێنی نامەنووسینیشت بدەمێ... بەڵام بەڵێنت ئەدەمێ کە هەوڵ ئەدەم!
– ئەو بەڵێنەم بەسە.
– ئەی ئایندە؟
– هەر وەك ئەوەی کە لەسەری پێکهاتبووین.
– لەسەر چ شتێ پێکهاتبووین؟ بیرم چۆتەوە.
– ئەتەوێ ئازارم بەیت؟
– بڕوا بکە... کاترین، من بۆتۆ ئازار ئەچێژم.
– لە کاترین گەڕێ... ئەو خۆی ئەزانێ چی ئەکا.
– بەڵام هەست ئەکەم هەڵەم زۆر کردووە.
– هەر لە سەرەتاوە هەڵەت نەکردووە. لەسەر چ شتێکیش پێکنەهاتووین، وا ئێستاش سەفەر ئەکەیت، بەڵام بۆ هەزارەمین جار پێت ئەڵێم: گەر ڕۆژێك هاتیتەوە... هەر ڕۆژێك بێ... هەمان کاترین ئەبینی کە پێشتر ناسیوتە... زۆر هەول ئەدەم بۆ ئەوەی هەمان ئەو کاترینەی جاران بم و نەگۆڕێم... کە دێیتەوە... هەمان

سینەی گەرم و هەمان ئەو دڵە ئەبینیتەوە کە بەو یادەوەری‌یە ئازیزانە لێئەدا ... ئەو یادەوەریانەی تاقە شتێکن لای من کە لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا بەدەستم هێنابێ!

– گەر ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆ ئێرە بگەڕێمەوە، لە تۆ زیاتر کەسی تر شك نابەم!

– پێت وایە بگەڕێیتەوە بۆ ئێرە؟

– نازانم، گەر نەمرم بیری ئێرە ئەکەم... زیاتر بیری تۆ ئەکەم... ڕەنگە بێم!

– ئەبێ زۆر هەوڵ بدەیت تا بۆ ئێرە بگەڕێیتەوە!

– مەترسە! بەڵام مەرجی سەرەکیم ئەوەیە کە نەمرم.

– مەنسور ئەزانم مردوو نایەت!!

– ڕەنگە نەمرم... بەڵام...

– ئێستا لەوە گەڕێ، هەر وەك بڕیارەکەی خۆمان باشترە، تا سەعات چواری پاش نیوەڕۆی سبەینێ هەر ئەخوێنەوە، تا کاتی بەڕێ کەوتنی شەمەنەفەرەکە... شەمەنەفەری مەرگ!

خواردمانەوە... دوا شتێ کە بیرم دێتەوە، تارمایی کاترینە کە بەرەو لای شەمەنەفەرەکە بەڕێی ئەخستم... گوێم لە دەنگی لێدانی تەپڵ بوو... گوڵۆپی ڕەنگاوڕەنگم ئەبینی... بیرم دێتەوە شتێکی گەرم لەسەر سینگم بوو ئەو کاتەی بلیتی شەمەنەفەرەکەم دایە دەستی پیاوێك کە بەدلەیەکی شینی پۆشیبوو.. ئیدی دوای ئەوە خەوم لێ کەوت!!

ž

ž

مەنسور تۆ لەگەڵ کاترینا کەڵەشێریٚ بوویت بۆ خۆت، کەڵەشێرێکی تەربوش بەسەر و جوتیٚ گۆرەوی رەش لەپیٚ... شکۆی پادشایەکی خۆرهەڵاتی بەسمێڵتەوە دیار بوو، تەنها لە گوڵێکت کەم بوو بیکەی بە کونە قۆپچەی چاکەتەکەتا... ئەلیاس نەخلەت بینی کە چۆن چڵێکی سەوزی کردبوو بە کونە قۆپچەی چاکەتەکەیدا... بەڵام تۆ لەو گەورەتری... پیٚیەکیش لەو درێژتری، بۆیە بێویستە گوڵیٚ دانیٚی، گوڵێکی رەشی قەترانی.. بە شەقاوی گەورە بەرەو لای حاجی زوهدی سەنادیقی بچێتە پێش و پێی بڵیٚی: من مەنسور عەبدولسەلامم... وەك هەموو پیاوێك نیم، حاجی پێویستە بزانیت کاتیٚ داوای دەستی کچەکەت ئەکەم، شەرەفێکی گەورەت پیٚ ئەبەخشم... من لە خانەوادەیەکم هەموومان بلیمەت و قارەمانین!! راستە تۆ باوکت نەدیوە... بەڵام کەسیٚ نییە لەم شارەدا نەیناسیٚ... ئەحمەد عەبدولسەلام ناوێکە پڕاوپڕی چاو و گویٚ... لە ژیان و مردنیدا پیاوێکی حیسابی بووە، منیش مەنسور عەبدولسەلامم... مامۆستای زانکۆ... خاوەن شەهادەیەکی بەرز... یەکەمین هەنگاوم بەرەو مەزنیی ئەنێم.... حاجی زوهدی ئەمەویٚ کچەکەت بخوازم.

حاجی زەردەخەنەیەکی هاتیٚ و سیمای لێواولێو بوو لە خۆشحاڵی و شکۆ، لەگەڵ ئەو مەزنی و ناوبانگەدا یەتەوە، کچەکەی شایستەی ئەم پیاوە گەورەیەیە، لەماوەیەکی کەم دا هەموو شتیٚ ئەبڕێتەوە، مەنسور ژن دێنیٚ... بەرەو ئایندە هەنگاو هەڵدێنیٚ... ئەو ئایندەیەی کە دەروازەکانی بۆ گەورە پیاوان خستۆتە سەرپشت.

مەنسور هەر تەنها گوڵێکی رەشت کەم بوو، گەر گوڵێکی رەشت کردبا بە کونە قۆپچەی چاکەتەکەتەوە، ئەوا ئێستا پادشایەك بوویت بۆ خۆت! هەرچی حاجی زوهدیشە وەك مشکێکی چکۆڵە هاتیتە پێش چاوی... لەسەر کورسیەکە هەڵبەزیتەوە هەر وەك ئەوەی ئاگرێك داخت کا... دوایین کەڕەت وەك جارەکانی تر سەیری نەکردیت... چی بووە؟ بۆ گۆڕاوە؟

خۆت زۆر ماندوو مەکە... گرنگ ئەوەیە لە یاساکان حاڵی بێت، گەر بە تەواوی تیٚیان بگەیت، ئەتوانی قورسترین هاوکێشە حەل کەیت. بەڵام گەر تیٚیان نەگەیت... ئەوا خۆت ماندوو مەکە! هیچ هەولٚ مەدە ... تەنـانەت گەر هەوڵیش بدەی پێش وەخت دەرەنجامەکە زانراوە.

له مانگی یەکەمدا سێ نامەم بۆ نارد... زۆر شتم له بارەی سەفەر و وڵات و یادەوەرییەکانەوە بۆ نووسی... بۆم نووسی: کاترین خۆشم ئەوێ... مانگی دووەمیش سێ نامە و کارتێکم بۆ نارد... پاشان بە هۆی چەند مەسەلەیەکی کوتوپڕەوە لە نامە نووسین کەوتم، لەویشەوە، هەموو مانگێ بەڕێك و پێکی سێ نامەم بۆ ئەهات.. نامەکانی خەمگین بوون ... "لە نامەیەکدا نووسیبووی: ئەمساڵ ناچێتە کەنار دەریا" زۆر سەرم سوڕما... لەبەر ئەوەی وا ڕێك کەوتبووین کە بچێ و نامەکەی بەو ناونیشانە بۆ بنێرم کە بۆی نووسیبووم ... لە نامەیەکی ترا نووسیبووی بەو دواییە نامەکانی چیخەفی خوێندۆتەوە و ئەیەوێ تەرجەمەیان کا و ناتوانێ سەفەر کات ... لە نامەیەکی ترا نووسیبووی: زۆر هەوڵ ئەدا کە بەهاری داهاتوو سەردانم بکا.

دوای ماوەیەك بۆم نووسی: کاترین پێویستە بە جۆرێکی تر بیر کەیتەوە، بڕۆ بۆ کەنار دەریا... نامەکانی چیخەف تەرجەمەکە، هەر شتێ ئەکەی بیکە، بەڵام مەیە بۆ دیدەنیم... ناتوانم پێشوازیت کەم، لەبەر ئەوەی دوای ماوەیەکی تر ئەگیرێم بە سەرباز. ئەچم بۆ خزمەتی سەربازی.

لە کۆتایی نامەکەدا نووسیبووم: کاترین واقعی بە، مەنسور زۆر لەوە دوورترە کە تۆ مەزندەی ئەکەیت.. بە ڕادەیەك دوورە... کە ئەو خۆیشی نازانێ کەوتۆتە کوێ.. نووسیبووم: کاترین لە جاران زیاترم خۆش ئەوێ!

هەنووکە مەنسور دەسهەڵئەگرێ، ئیدی نایەوێ وشەیەکی تر بوونسێ! مەنسور مرد... بەڵێ بە تەواوی مرد!

هەندێ لە هاوڕێکانی خۆیان کوشت، هەندێکی تریان کوژران، ئەوانەش کە بەزیندوویی ماونەتەوە، ئێستا خەریکی ژماردنی ڕۆژەکانن تا سەری مانگ بێ و موچەکەیان وەرگرن... بەردەوام هەڕەشەی ئەوەیان لەسەرە کە بە ئەمبۆلانسەکان بەرەو باخچەی سەرووەکان یاخود بەرەو گۆڕستان ببرێن... لەبەر ئەوەی فێری جۆرە خویەکی خراپی وابوون کە لە قۆناغی ئێستادا لەگەڵ ژیان دا ناگونجێ.... بەڵام بۆچی مەنسور مرد؟ کەی مرد؟ هیچ کەسێ نییە هۆی مردنەکەی بە تەواوی بزانێ... چیرۆکەکان لە بارەی مردنییەوە زۆر لە یەکتری جیاوازن:

هەندێ کەس ئەڵێن: تینووی بووە و مردووە! هەندێکی تر ئەڵێن: ئەو خەمەی لەکاتی خزمەتی سەربازیدا دایگرتووە، وای لێکردووە حەوسەڵەی چ شتێکی نەمێنێ و ناچار خۆی ژەهرخوارد کردووە و مردووە! هەندێ کەسی تریش ئەڵێن: مەنسور لە کاتی خزمەتکردنی سەربازیدا ئەچێتە شەڕێکەوە، لەوێ هێند لاوازی و ترسنۆکی ئەنوێنێ، ناچار سەرکردەکەی لە داخا ئەیکوژێ... سەرکردەکە بەدەم تەقەڵێ کردنییەوە ئەڵێ: "بتۆپە هەی سەگ... ترسنۆکیی تۆ شکست بە بەهێزەترین سوپا ئەهێنێ"... وا ئەڵێ و سێ گوللەی پێوە ئەنێ... یەکێکیان لە دواوە بەر پشت ملی ئەکەوێ... بە گوێرەی ڕاپۆرتی پزیشکی وەحدەکەی، ئەو گوللەیە بۆتە هۆی مردنی.

**مادامەکی مەنسور مردووە، کەواتە ئیتر ناتوانیٚ بئاخڤیٚ، دواجاریش کەس ناتوانیٚ هۆی مردنەکەی ئاشکرا بکا... بەلاٚم جاریٚك لە جاران، پڕوپاگەندەیەکی بەهیٚز بلاٚووبۆوە کە گوایە مەنسور دوای مردنی زیندووبۆتەوە... بە گویٚرەی پڕوپاگەندەکە ئەم مەنسورەی ئیٚستا زۆر جیاوازە لە مەنسورە مردووەکە ... گەرچی شتی هاوبەش لە روخسارياندا هەیە...**

**بەلاٚم ئەو کەسەی کە بەم قیتارە سەفەر ئەکا، لە کەلٚەشیٚریٚکی ئاوەڕوت کراو ئەچیٚ... ئەشبیٚ مەنسوری یەکەمی ناسیبیٚ و لە جیٚگەیەك یەکتريان بینیبیٚ... مەسەلەکەش بە رادەیەك ئالٚۆز و بوغرەنج بووە و ویٚنەکان هیٚند بەیەکاچوون کە ئیدی زەحمەتە بتوانریٚ راستی لە خەیالٚەوە هەلٚهیٚنجریٚ... ئەو موسافیرەی کە لە واگۆنی نومرە دوودا دانیشتووە، بیری ئەکەویٚتەوە ئەو دەمەی کە لە بەلژیکا قوتابی بووە، ئافرەتیٚکی ناسیوە و ناوی کاترین بووە... بیری دەکەویٚتەوە: جاریٚکیان نامەیەکی خەمینی ئەو ئافرەتەی بەدەست گەیشت، لەو نامەیەدا نووسیبووی: "مەنسور سیٚ سالٚ چاوەڕیٚم کرد، گەرچی نامەشت لیٚ بڕیم... بەلاٚم من هەر چاوەڕیٚم کردیت، بەم دواییە هاوڕیٚیەکم لە شویٚنی ئیش کردنەکەم ناسی و بڕیارم دا شووی پیٚ بکەم.... بە دریٚژی لە باری تۆوە قسەم بۆ کردووە، ئیٚستا وای لیٚ هاتووە بۆ بینینت پەرۆشە و ئەخوازیٚ بە زوویی مسیۆ مەنسور بناسیٚ".**

**خزمەتی سەربازی، ئەو گوللەیەی کە مەنسوری پیٚکا، شکست.... جگە لەوە شتیٚکی تر نازانریٚ... ئەوەش وای لە پیاویٚك کرد کە بە ئافرەتیٚکی دوور.... زۆر دوور بلٚیٚ: کاترین... لە جاران زۆر زیاترم خۆش ئەویٚی!**

**مرۆڤ مەخلٚوقیٚکی دەبەنگە، دەبەنگی سیفەتیٚکی بە مرۆڤەوە لکاوە و بیٚ وچان دووبارە ئەبیٚتەوە، ئەشیٚ ئەم نەوە بیگویٚزیٚتەوە بۆ ئەو نەوە... بەلاٚم بۆچی مەنسور بە کاترینی وت: لە جارانم خۆشتر ئەویٚی؟ کەس نازانیٚ... ئەشیٚ نەزوەیەك هانی دابیٚ وا بلٚیٚ... یاخود ساتە وەختیٚ لە ساتە وەختەکانی خەمۆکیـیە چڕەکە... کەواتە مەنسور لەو کاتەدا و دوای ئەوەی خزمەتی سەربازی تەواو کرد... حەوایەوەو ستاری گرت، ووردە ووردە شتەکانی بیر کەوتنەوە، جیٚگە بڕینی ئەو گوللەیە ساڕیٚژ بوو کە پشت ملی پیٚکابوو، گەرچی ئەو برینەی ساڕیٚژ ببوو، بەلاٚم برینیٚکی تر لە دلٚیدا خویٚنیٚکی رەشی لیٚ ئەچۆڕا... رۆژانە، بەردەوام ئەکولایەوە ... چ دەوایەکی بۆ ئەو برینە نەدۆزییەوە.**

**حەکایەتی ئەو هاوڕیٚیانەی ژنەوت کە دوای شکست خۆيان کوشت، حەکایەتی ئەو هاوڕیٚیانەی ژنەوت کە چووبوون بۆ باخچەی سەرووە بەرزەکان، حەکایەتی ئەو کەسانەشی ژنەوت کە ورگیان ئاوساو و ببوونە بۆق: ورگیان زل و سەریشیان رۆژ بەرۆژ چکۆلٚەتر ئەبۆوە.**

**مەنسور عەبدولسەلام بڕیاری دا ژن بیٚنیٚ تا لەو ئازار و مۆتەکانە رزگاری بیٚ کە شەوانە بە دوايەوەن... بۆ ئەوەی لەو رەشبینیـیە قوتاری بیٚ کە بە رۆژ داگیری ئەکا.**

– مامۆستا مەنسور ئەزانین کە ئەم داب و نەریتانە کۆنن و پێویستە بنەبڕ بکرێن... بەڵام ئاخر چی بە ناسیاو و خزمانمان بڵێین؟

– حاجی... گرنگ ئەوەیە هەموو شتێ ساکار و کردەیی بێ... پاشان ئافرەت کەل و پەل نییە سەودا و مامەڵەی پێ بکرێ.

– بەڵام خوشکەکەی... مارەیی خۆشکەکەی زۆر زۆر لەوە زیاتر بوو!

– ئاخر مێردی خوشکەکەی دەوڵەمەندە، منیش جگە لە موچەکەم چ پارەیەکی تر شك نابەم... پێشم وایە کە لێك حاڵی بوون هەموو شتێکە... ئەشێ مرۆۋ پارەیەکی زۆربدا... بەڵام دواجار پێی وا ئەبێ ئەو پارەیە ڕێگەی ئەدا هەرچییەکی ئەوێ بیکا...

– ناتوانم... خوشکەکەی ساڵێکە شووی کردووە!

– منیش ناتوانم پارەیەکی زیاتر لەوە بدەم کە پێم وتیت!

– هیچ نەبێ پارەکە بکە بە دووقات... من خۆم باقییەکەی تەواو ئەکەم!

– بە راشکاوی ئەڵێم نیمە... گەر هەمبایە سێ و دووم لێ نەئەکرد.

– پەیای کە! لە ناسیاو و هاوڕێکانتی قەرزکە.

– جگە لەوە؟

– ببوورە... پێم وایە زیاد لە پێویست دابەزیوین، گەر لە رەوشتت دڵنیا نەبووینایە و نەماننناسیتایە، قسەمان لەو مەسەلەیە نە ئەکرد..... مامۆستا مەنسور... یەکەم شت و بەر لە هەموو شتێ رەوشت گرنگە... بەڵێ رەوشت.

– با ئێستا هەموو شتێ هەڵگرین... دەرفەتێکم بدەرێ بیری تیابکەمەوە.

– مەسەلەکە ئاسانە... پێویستی بە بیرکردنەوە و دوودڵی نییە!

– حاجی... تۆ چۆنی بە باش ئەزانیت، باوابێ!

– مامۆستا مەنسور... بەخودا ماڵی دونیا گرنگ نییە. سەروەت و سامان دێت و ئەڕوا، گرنگ رەوشت و ناوی چاکە... تۆیش لە خودا بەزیادبێ... مەنسور عەبدولسەلامیت.... لەسەر سەر و سەر چاوانمانیت.

– سوپاس.. پیاوەتی خۆتانە!

– گرنگ رەوشتە، مامۆستا مەنسور... رەوشت!! دوای چەند مانگێ، لەسەر هەمان کورسی دانیشتمەوە، حاجی زوهدی سەنادیقی پێی وتم: ئەبێ مارەیی‌یەکە هێندی مارەیی خوشکەکەی بێ، مەسەلەکە ئێستا وەك جاران نییە... جاران موچەخۆربوویت، مامۆستای زانکۆ بوویت.. بەڵام ئێستا...

بێ دەنگ بوو قسەکەی تەواو نەکرد!

– حاجی تۆ لە خەڵکی تر باشتر ئەزانیت کە وەزعەکەی ئێستام کاتییە، راستە لە زانکۆ دەرکراوم، بەڵام هێشتا دەرفەتی کارکردنم لە بەردەما زۆرە... خۆ گەر کاریشم لێرە دەست نەکەوێ، سەفەر ئەکەم!

– سەفەر ئەکەیت؟ کچەکەمان لەسەر سەفەر نادەین بە شوو.

– چی تیایە؟

–

–

– وا باشترە مەسەلەکە دواخەین!
– بۆچی؟
– پێویست ناکا چونکە... پاشان ژن هێنان پارەی ئەوێ... پارەت هەیە؟
– حاڵی حازر... نەء!
– بەڵام ژن هێنان پارەی ئەوێ، سبەینێش منالْ... ئێستا با لە ژن هێنان گەڕێین، گرنگ ئەوەیە بە دوای کارێکا بگەڕێی.
– نامەوێ هەر ئێستا ژن هێنانەکە تەواو بێ... ئێستا گرنگ نیشانەکردنەکەیە.
– ئەی چۆن ژن دێنی؟
– ژن هێنانەکە دوائەخەین!
– بەخودا وا باشترە هەموو شتێ دواخەین!
– بۆ کەی؟
– تا ئەو کاتەی خودا ئەیەوێ.. تا ئەو کاتەی وەزعت ئەگۆڕێ.
– ئەی ئەگەر ئەم وەزعەم درێژەی کێشا.
– ئەو کات قسەیەکی لێ ئەکەین.
– مەبەستت چییە؟
– مەبەستم چ شتێ نییە، بەڵام عەرزم کردیت... ژن هێنان پارەی ئەوێ... دوای ئەوە ماڵ و منالْ..... تۆ هەموو ئەم شتانە ئەزانیت!
– گرنگ نیشانەکردنەکەیە!
– گرنگ ئیشە... دوای ئەوە قسەیەك لە ژن هێنان ئەکەین........ مەسەلەکە کۆتایی هات، چوار مانگ دوای دەرکردنم لە زانکۆ، سیهام شوی کرد، ئەندازیارێك چووە داوای، شوی پێکرد و لەگەڵیدا سەفەری کرد!
"حاجی زوهدی... ئەی رەوشت؟"
"گرنگ رەوشتە... مامۆستا مەنسور.. رەوشت لە هەموو شتێ گرنگترە!"
زەوی لە ژێر پێما لەرزی... هەستم کرد هەموو شتێ درۆیە... تەنانەت ئەو کاتانەش کە مرۆڤ ناوی خۆی بیر دێتەوە!
گەر گوڵێکی رەشم بە کونە قۆپچەی چاکەتەکەمەوە کردبا، بە حاجی زوهدیم ئەوت: من مەنسور عەبدولسەلامم... کاتێ کچەکەت ئەهێنم، مانای وایە شەرەفێکی گەورەت پێ ئەبەخشم... گەر زەرەخەنە نەیگرێ، ئەوا تفێ لە روخساری ئەکەم و ئەچمە دەرێ، بەڵام کاتم چۆن لێ رۆیشت و چۆن چۆنی چوومە دەرەوە... چ شتێکم لەو بارەیەوە بیر نایەتەوە، هێندە نەبێ کە فنجانێ قاوەم بەسەر چاکەت و پانتۆڵە رەساسی‌یە تازەکەما رشت و کەوتمە چاڵێکی چکۆڵەوە کە بارانی پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە پڕی کردبوو لە ئاو... ئەو کاتەی کە ئەچووم بۆ ماڵی حاجی زوهدی سەنادیقی بۆ داواکردنی کچەکەی، داکردنی ئەو بارانە لەو پاش نیوەڕۆیەدا وای لێکردم بەرامبەر ئاکامی ئەو چوونەم زۆر رەشبین بم!

ئەو شـــەوە نائومێد و شـــەکەت لە ماڵی زوهدی سەنادیقی چوومە دەرێ، بەر لە هەر شوێنێ یەکسەر بەرەو باڕی (عایدە) کەوتمەڕێ، بە کۆڵانێکی باریکی پڕ لە چاڵ چۆڵیی تێپەڕیم کە باران کردبووی بە چاڵاو، ئەمویست خۆم بگەیەنمە شەقامە سەرەکییەکەی پێش مەیدان... بەدەم ڕۆیشتنەوە بە خۆم وت: مەنسور تۆ شێتیت... ئەگینا چۆن ئێستا بیر لە ژن هێنان ئەکەیتەوە؟ هێندەت پارە بەدەستەوەیە بەشی کڕینی جل و نوێن و کەل و پەلی ماڵ بکا؟ چما پارەکەت بەشی ئەوە ئەکا ئاهەنگێکی وەك ئەوەی پێ سازبکەیت کە بەر لە ساڵێك بۆ خوشکەکەی سازکرا؟ ئەی حاجی زوهدی... ڕاستە ڕقێکی وەهات لێیەتی کە هەر ئەوە نییە ئەو ڕقە لە چاو و زەردەخەنەکانتەوە سەربکا... بە تایبەتیش کاتێ کە ئەیەوێ قسەت لەبارەی سیاسەتەوە لەگەڵا دامەزرێنێ... بەڵام حاجی هەر پیاوێکی بەمشورە، ئەیەوێ مەرجی شووکردنێکی سەرکەوتوو بۆ کچەکەی دابین کا! مەنسور... پێویستە لە خەڵك بگەیت... ڕێزی بیر و بۆچوونەکانیان بگریت!!

هەرچی سیهامیشە، کاتێ وەك قەشەیەکی زۆر ماندوو کە بیەوێ گونجاوترین وشە و دەربڕین بۆ قسەکانی هەڵبژێرێ، لەگەڵیدا ئەدوایت، کەچی ئەو بێ گرنگیدان سەیری ئەکردیت... وەك ئەوەی مەسەلەکە چ پەیوەندییەکی بەوەوە نەبێ... بێباکانە سەیری ئەکردیت!

وشە گەورەکان.... خەون و شارستانیەت، هەموو ئەو شتانەی کە خەویان لێزڕاندوویت... بەلای ئەوەوە چ مانایەکیان نییە!

جارێکیان ... کاتێ هەوڵت ئەدا قەنـاعەتی پێ بێنی وەك تۆ بیرکاتەوە، پێی وتیت: من هەقم نییە... گرنگ ئەوەیە لەگەڵ بابەدا ڕێك کەویت!

– سیهام... بەڵام تۆ شوو ئەکەیت!

– ئەزانم... بەڵام بابە خۆی بڕیاری هەموو شتێ ئەدا!

– ئەی تۆ... تۆ بڕیاری چی ئەدەیت؟

– ئیمتیحانم ئەکەیت؟

بەڵام دیسان ئەپرسم: ئێستا پێویستت بەو شتانە هەیە؟ چییە گەر ماڵەکە بەشێوەیەکی تر رێك خەین؟ لە جیاتی ئەو ژوورە غەمگینە کە ناویان ناوە ژووری میوان .. شتی سادە و بەکەڵك بکڕین... بۆ نموونە کتێبخانەیەك!

– ئەی میوان لە کوێ دانیشێ؟

– با لە هەمان ئەو شوێنە دانیشێ کە خۆمانی لێ دائەنیشین!

– یەعنی ژووری میوانمان نەبێ؟

– وا ناڵێم... بەڵام تا خانوویەکی تر ئەدۆزینەوە، کڕینی ئەو شتانە دوائەخەین... دواتر ئەتوانین لەسەرخۆ بپەرژێینە سەر هەموو شتێ!

– ئەی پەردە و ژووری نوستن... ئەوانیشت ناوێ؟

– سیهام... گرنگ ئەوەیە رێك کەوین... ناکرێ خۆمان لەو داب و نەریتە خراپانە رزگارکەین؟ لەو شتە هیچ و پووچەی کە ناویان ناوە جیازی؟

– مەنسور وەك پێم وتیت... ئەم شتانە لەگەڵ من باس مەکە... لەگەڵ بابەدا رێککەوە...

– سیهام... من ئەمەوێ لەگەڵ تۆدا رێك کەوم... گەر من و تۆ رێککەوین، ئەتوانین بە ئاسانی لەگەڵ باوکیشتا پێکبێین!

– ئەی خەڵك... چیمان پێ ئەڵێن؟

رێك نەکەوتین...

ماوەیەکی زۆر لەوەوبەر ئەم جۆرە وت و وێژانە لە نێوانماندا هەبوو..... ئەو کاتەی کە هێشتا لە زانکۆ بووم و بۆ ماڵی زوهدی سەنادیقی ئەچووم! بەڵام ئێستا هەموو شتێ تێپەڕیوە!

باوکی وەك پادشای مەرگ دائەنیشت، دایکی ئەهاتە دەرێ و بانگی ئەکرد، لەو لەحزانەی کە بە تەنیا جێیان ئەهێشتین... هەوڵم ئەدا شتێك بڵێم... بەڵام دونیای ئەو ژوورە نەحلەتییە متەقی لێ ئەبڕیم!

گوڵی سەناعی لە هەر چوارلاوە گەمارۆیان دابووم، رەنگی دێزی کورسی و پەردەکان وەك پەنجە لە چاوم نەچەقین... وێنەکەی حاجی زوهدی سەنادیقیش لەولاوە بووەستێ... کە وەك دەرکەوتنی پۆلیس و لێکۆڵەرەوەکان وابوو، ئەو دەمەی لە زیندانا بووین و لە درزی دەرگاکانەوە ئەمانبینین!

کە بە کۆڵانە تاریکەکەدا رەت ئەبووم... بیرم لە هەموو شتێ کردەوە... هێشتا نەگەیشتبوومە باڕی (عایدە)، هەستم کرد بارێکی قورس لەسەر شانم لاچووە... هەستێکی بەرەنگاربوونەوە کۆنتڕۆڵی کردبووم... بە خۆم وت: "حاجی زوهدی سەنادیقی ماوەردی ئەسفەهانی سەعالیبی بە دۆزەخ... بە خۆی و هەموو مناڵەکانییەوە... بە خاتونی بەڕێز و بە شکۆ و نازدار و بە رەوشت... خاتوو سیهامیشەوە!" کەوتمە خواردنەوە... بەڵام ئەمجارەیان بە خۆشحاڵی، لەبەر ئەوەی لە تەڵەیەك قوتارببووم... بەڵکو لە بۆسەیەك کە رێوییەکی فێڵباز و لێزانی وەك حاجی زوهدی سەنادیقی بۆی نابوومەوە.

–

مەنسور ئەو یادەوەری‌یە تاڵانە لەسەری خۆت دەرکە، خانووی زل و گوڵی سەناعی و وێنە لە چوار چێوەی ئاڵتون گیراوەکان لە بیری خۆت بەرەوە... ئیدی وەك کەڵەشێرێکی بەر خۆرەتاوێکی پایزان خۆت راوەشێنە!

خۆر لە نێو هەورە راکردووەکانا بە شتێکی گەورە گەورە ئەچوو، بەڵام قورس بەسەر سەری قیتارەکەوە و جیّی نەدەهێشت.... نەمئەتوانی ماوەیەکی درێژ لیّی بڕوانم... هەستم کرد تامێکی سوێری هەیە... لە خۆری شوێنەکانی تر ناچیّ.

ئاوها خۆرم ئەبینی، جارێکیان لە کەنارەکانی دەریای رەش بووم، خۆر بەتین و تاو و دڵڕەق بوو، پێستی دەم و چاوی سوتاندبووم و رەش هەڵگەڕابووم.. پێستم لە پێستی مانگا ئەچوو، کراسەکەم لە ئاو هەڵکێشا و خستمە سەر پشتی رووتم تا ئێشی سووتاندنەکە کەم کاتەوە... بەڵام ئاوە سوێرەکە رۆچووە ئێسقانمەوە، سویّی خستە دڵمەوە... هاوارم کرد... ئەو لامەوە دانیشتبوو کتێبێکی ئەخوێندەوە، کاتیّ گویّی لە هاوارە کپەکەم بوو، ئاوڕی دایەوە... لە ژێر عەینەکە رەشەکەیەوە سەیری کردم و پیّکەنی!

یەکەمین شەو، پێکەوە سەمامان کرد... رۆژەکانی تریش لە یەکتری جیانەبووینەوە.

مەنسور عەبدولسەلام... لاپەڕەی دەفتەرە کۆنەکانت هەڵدەرەوە.... وەك جولەکەیەکی پیر لاپەڕە بە لاپەڕەیان بگەڕیّ... کە حاجی زوهدی سەنادیقی وەك سەگ دەرت کا.. چما ئیدی سنگێك نەبووە رۆژیّ لە رۆژان لە ئامێزی گرتبێت؟

.... بەڵیّ... یەکەمین شەوە پێکەوە سەمامان کرد... سیّ رۆژی دوایش لەیەکتری جیانەبووینەوە، پاشان خۆی و جانتاکەی لە واگۆنی قیتارێکا بینی‌یەوە کە بەرەو بۆدابست ئەچوو، بۆ جاری دووەم دابەزی‌یە سەر شۆستەکە.. خەمبار و خۆڕاگرتوو بوو، سەیری چاوانمی کرد و وتی:

– گەر زوو بهاتبای، کاتێکی خۆش و درێژترمان پێکەوە ئەبردە سەر.

– ئەم سیّ رۆژە لە هەموو رۆژانی تر زیاتر لە یادەوەریما رۆچووە.

– بۆچی؟

– لەبەر ئەوەی تۆم تیا ناسی و پێکەوە ژیاین.

تاویّ بیّ دەنگ بوو، پاشان بە تەوسێکی خەمبارانەوە وتی:

– تۆزێکی تر، دوای ئەوەی قیتارەکە ئەکەوێتە ری، ئەچی بە دوای ئافرەتێکی ترا بگەڕیّی!

– وام ناکەم!

– بۆچی؟

– لەبەر ئەوەی تازە بوونت لە بوونمایە و نامەویّ چ ئافرەتێکی تر جێگەت بگرێتەوە.

بێدەنگ بووم و ئەمویست گەرم و گوڕی پەنجەکانیم بیربێتەوە ئەو کاتەی بە پێستە سوتاوەکەما ڕۆئەچوون.. کاتێ بیری هەموو شتێکم کەوتەوە... وتم: هیچ ئافرەتێك وەك تۆ نابێ.

– بەڕاستتە؟

– ئەوپەڕی بەڕاستمە...

– خۆشت ئەوێم؟

بە دەنگێکی لەسەرخۆ و نزم وتم:

– لەم وشەیە ئەترسم... ئەترسم هەڵە لە بەکارهێنانیدا بکەم.. بۆیە بڕیارم داوە بیرخۆمی بەرمەوە!

– کەواتە خۆشت ناوێم!

– وام نەوتووە .. گەر لەم وشەیە گەڕێین، ئەوا بەرامبەرت هەست بە جۆرە سۆزو ئاشناییەك ئەکەم، کە لە زۆر دەمێکەوە وەها هەستێکم تیانەبووە.

– مەبەستت کام هەست و سۆزە؟

– هەست و سۆز بەشتی شاراوە کە نازانم چۆن دێن... باوەڕم پێبکە نە ئەزانم و نەئەشتوانم گوزارشی لێ بکەم.

– هەوڵ بدە شتەکان بە وشە بڵێی.

– پێم وتیت نازانم چۆن وەسفیان کەم... نازانم چۆن بیانکەمە وشە!

بێزاری لە چاوانیدا وەدیار کەوت... وتی:

– لە ژیانتا زانیوتە خۆشەویستی چییە؟

– نامەوێ بزانم...

– ڕۆژێ لە ڕۆژان خۆشەویستیت کردووە؟

– ناچارم وەڵام بدەمەوە؟

– ناچاری هیچ شتێ نیت!

– با لە بارەی شتی ترەوە بدوێین... تاوێکی تر ئەڕۆیت.

– حەز ئەکەیت جارێکی تر یەکتری ببینینەوە و پێکەوە بژین؟

بێ بیرکردنەوە...وتم: ئاواتی پێ ئەخوازم.

– ئەی بۆ ئێستا نەبێ؟

– چۆن؟

– لەگەڵما سەفەرکە.

– بۆچی ماوەیەکی درێژتر نامێنیتەوە.... بیر لە هەموو شتێ بکەینەوە و ئەوجا بڕیار بەین؟

– ناتوانم بمێنمەوە... تەنها ئەگەر....بۆ ساتێ بێدەنگ بوو...خەم بە لاگەردن و نێوچەوانیدا ئەهات و ئەچوو.. وتی: دایکم سبەینێ لە بۆدابست چاوەڕێم ئەکا.

– ئەتوانیت بروسکەی بۆ بکەیت و پێی بڵێی سەفەرەکەت دواخستووە!

– بەڵام بۆچی بمێنمەوە؟

–

– تا بیر بکەینەوە!
– ئەی دوایی؟
– نازانم...!
– گەر خۆشت ئەوێم ئەتوانم بمێنمەوە، خۆ گەر ئەشتەوێ لەگەڵما بژیت ئەتوانم تا ئەوپەڕی دونیا لەگەڵت بێم، چ شتێکم ناوێ تەنها ئەوە نەبێ لەگەڵ تۆدا بڕۆم.. بەڵام گەر ئەتەوێ...

شووتی قیتارەکە لێیدا، باوەشی کرد بە ملما.. رایکێشام.... شێتانە ماچی کردم، پاڵی پێوە نام... ئەیویست لەگەڵیدا کەوم... بەڵام من لە جێی خۆم وشك ببووم، نەئەمتوانی هیچ بکەم... ئەقڵم لە بیرکردنەوە کەوتبووە.

جارێکی تر شووتی قیتارەکە لێیدا... کەوتبوو بەسەر گەردنما... هەستم بە گەرمایی لەشی ئەکرد و حەزم بوو بگریم... وتی:
– لەگەڵما سەرکەوە و پەشیمان نابیتەوە .. خۆ گەر ناشتەوێ سەرکەویت ... پێم بڵێ لێرە ئەمێنمەوە!
– بەڵام من لە ئاسمانم روانی... لە واگۆنەکەم روانی، هەمو شتێ رەنگێکی سەوزی مردووی پۆشی بوو... تەنانەت روخساری ئەویشم بینی کە رەش هەڵگەڕابوو.. وردە وردە ئەڕەوییەوە!

ئیدی نەمبینییەوە!

کاتێ قیتارەکە کەوتە جووڵە... بینیم لە جامەکەوە بە خەمباری دەستم بۆ رائەوەشێنێ... ئەو دەست راوەشاندنە هی ماڵئاوایی نەبوو... بەڵکو مانای ئەسەف بوو... مانای خۆشەویستییەکی بەزیو بوو، مانای دەستەپاچەیی بوو، شتێ بوو کە دزەی ئەکردە ناخی ئادەمیزاد و لە شوێنێکی دوورا جێگیر ئەبوو... نازانێ لەکوێ... بەڵام هەست ئەکا ئەیهەژێنێ... ئازاری ئەدا.... ئەیخاتە گریان.

ئارەزوویەکی ناکاو لە دڵما تەقییەوە کە باوەشی پیاکەم... کە خۆمی بگەیەنمێ....، رامکرد.. شانم بەر کارمەندی ویستگەکە کەوت کە لەوسەری شۆستەکە راوەستابوو، بە خەمەوە سەیری کردم و دەستی راکێشا تا رامگرێ، جوڵەی قیتارەکە زیادبوو... دوکەڵێکی سپی بەرز بۆوە و هەوای پڕکرد.... کاتێ دوور کەوتەوە وەك باڵندەیەکی لێهات، روخساریم بینی سەوزێکی تۆخ ئەینواند...!

رۆحم هەژا... بە دوای قیتارەکەدا رام کرد... شێتانە بەسەر شیشەکانا رامکرد... پاشان ماندووبووم... راوەستام... کوت و پڕ دامە پڕمەی گریان... نەمزانی بۆ... تا ئێستاش نازانم!

ئەی حاجی زوهدی؟

" گرنگ رەوشتە... مامۆستا مەنسور... رەوشت؟!"

– بۆ لێگەڕایت بڕوا؟ بۆ؟ بۆ؟؟

–

ئەوە لە دەمێکەوەیە!

مەنسور... ئەی ئێستا چیت پێیە؟

بە دڵنیاییەوە تۆ مێشیت، مێشێکی حۆلیت... گایەکی چاوبەستراویت و بەدەوری خۆتا باوەخولێتە... بە دەوری شتێکا کە ناوی مەنسور عەبدولسەلامە ... لە سەرەتای ژیانتەوە تا ئێستا چ شتێکت نییە شایستەی گێڕانەوە بێ‌ڕاستیان کردووە کە وتویانە: ناڵی تازەیان بۆ ئەسپ لێ ئەدا، کەچی مشکەفەنی قاچی بردە پێشێ و وتی: بۆ منیش!!

لە چ شتێکا لە ئەلیاس نەخلە ناچیت، لێ گەڕێ با یادەوەری ئەو قەبرە بە شکۆیە وەبیری خۆ بێنێتەوە کە لە نێوەڕۆیەکی پایزیدا هەڵی بەست... لێگەڕێ سوڵتان وەبیری خۆ بێنێتەوە... ئەو گوێدرێژەی کە لە هیچ گوێدرێژێکی تری ئەم گەردوونە ناچێ... بەڵام ئەو درەختانەی کە بڕدرانەوە و ئەوانەشی کە هەنووکە پێئەگەن، وەك برووسکەی پرشنگدار لە نێو یادەوەری ئەودا رۆچوون... تۆیش ئەی مەنسور عەبدولسەلام، ئەی ئەو پیاوە بنێسەی کە خۆی لە چاکەت و پانتۆڵێکی رەساسییەوە پێچاوە...، چاکەت و پانتۆڵێك کە هێند بە هاوەنەکەیەوە چۆتە بەردەمی کارمەندی زل و پیاوانی لێکۆڵینەوە رەنگەکەی کاڵ بۆتەوە... بەڵێ... تۆ وەك ئەو مشکە زمانت درێژ نەکەیت! لە هەندێك کاتی دیاری کراودا پێت وایە کە ژیانت لە ژیانی ناپلیۆن ئەچێ، بەڵام لە هەندێ کاتی ترا وەك ژیانێکی پووچ و قاقڕ و پۆش ئەیبینی، وێنەی دووەم حەقیقەتە رەهاکەیە کە خۆتیت، ئەوەی کە نینۆکەکانی خۆی ئەکرۆژێ، وەك گورگێکی دڕ جگەرە ئەکێشێ... ئەیەوێ هەموو دەریاکانی دونیا بکاتە ئارەق و بیخواتەوە... تیایدا نووقم بێ!

ژیانت کە پێت وایە لە ژیانی ناپلیۆن ئەچێ، ژیانێکی لنگە و قووچە.... سەرکەوتنەکانی ناپلیۆن لە کوێ و شکستەکانی تۆ لە کوێ! عەشیقەکانی ناپلیۆن

لەکویٚ و تۆیەك لە کویٚ کە رۆژانە خەو ئەبینی و گێلانە دەمت پان ئەکەیتەوە و لە بۆشایی ئەڕوانیت... تەنانەت شکستەکانی ناپلیۆن لای تۆ خۆزگەن و تۆ ئاواتی پیٚئەخوازیت.

خۆر باشترە قوڕوقەپی لێکەیت... تێگەیشتی؟ وەك تاڤگە ئەڕژیٚ و فارگۆنەکە پڕ ئەبیٚ لە هەتاو، دەزوولەیەك لە تۆز و خۆڵ بەرز ئەبێتەوە و تۆش وەك شەیتان قاچت ئەجولێنی، پێت وایە کە قاچ چ پەیوەندییەکی بە جەستەوە نییە، شێتەکان چی ئەکەن تۆیش ئەوە بکە.... قاچت بجولێنە... قۆڵت بجولێنە، بەڵکو شتی نویٚ و سەرسوڕهێنەر بدۆزیتەوە... تا رۆژێك لە رۆژان ئەو دۆزینەوانە بەرەو باخچەی دارسەرووەکانت بەرن...

– کوڕم... کەست لاوەیە؟ ئەم کورسییانەی ئێرە چۆڵن؟

ژنێك هاتە ژوریٚ و کچۆڵەیەك لە دوایەوە کە تەمەنی بیست ساڵی تەواو نەکردبوو، دڵم راچڵەکی کاتیٚ ئەو بڵیسەی مێینەیە بە لرفەیەم بینی، مەنسور بردتەوە... ئەو کەسەی ئارامی گرت دواجار بردییەوە...، ئێستا ئیدی ئەتوانیت ببیتە پیاوێکی تر... ئەم کچۆڵە مناڵکارەیە هی تۆیە، هەمووی هی تۆیە... لەش و چاوان و قژی، وەك کەڵەشێرێك خۆت راوەشێنە، تۆز و خۆڵی نیشتووی سەر رۆحت بتەکێنە.... خۆت بۆ رووبەڕووبوونەوە ئامادە بکە... رووبەڕووبوونەوەی قەدەر! دوو ژنی راستەقینە، چکۆڵەکەیان هی تۆیە، جگە لەوە کەسی ترت ناویٚ... بە پیٚی خۆی هات... بەڵیٚ، بە شەرمەوە ئەڕوا... بەڵام چ ئافرەتێك هەیە وا نەڕوا؟

– کچم دانیشە.... ئێرە هەزاران جار لەویٚ باشترە!

وەرە لە دڵما دانیشە، دڵم جوانترین شوێنێکە لیٚی دانیشی، دانیشە و قاچی لیٚراکێشە...

چاوانی بڕیوەتە ئەرزەکە، هەر ئەوە نییە خوێن لە کوڵمەکانییەوە فیچقەکا.... برژانگەکانی درێژ... درێژ بەخێوەتێکی رەش ئەچن.... هەر ئەڵیٚی کەپری مێون..

چی بڵێم ئێستا؟ با بیر بکەمەوە... تا جوانترین وێنە، وردترین وشە هەڵبژێرم... وەك سواڵکەرێك لە بەردەمیا ئەوەستم و پیٚی ئەڵێم: مرۆڤێکم ئەویٚ لەگەڵیدا بئاخڤم.... ئافرەتێکم ئەویٚ لە چاوانی بنواڕم... و تیایدا نووقم بم... چما ئەتوانیت بۆ من بیت... هەر وەك ئەوەی کە حەنە بۆ ئەلیاس نەخلە بوو؟

بەڵام ئەو چ شتێکی ژیانی منی پیٚ گرنگە؟

ژیانی من بریتی‌یە لە چی...؟ ئەو ژیانەی کە وەك مەشکە لەسەر پشتم ناوە و پێوەی رائەکەم!!

مەنسور... لەو مەزەندە شێواوانە گەڕیٚ.. واز لە خەون بینین بێنە، بخوێنەوە... لەبارەی شتە ئاساییەکانەوە بدویٚ.... ئینگلیزەکان بارانیان هەیە و هەمیشە لەبارەیەوە ئەدوێن، ئەی تۆ چیت هەیە؟ واز لە گۆشە تاریکەکانی ژیانە پڕ لە پاڵەوانێتی‌یەکەت بێنە.... ئێستا وازی لیٚ بێنە... لەبەر ئەوەی تەنها گوڕ ئەتوانیٚ رۆژیٚ لە رۆژان بە میهرەبانییەوە لە ئامێزی خۆی بگریٚ!

–

– کچم... پێم وتیت نابێ لەگەڵ پیاوانا بدوێی!
– ئەی چی بکەم؟
– ئاوڕیان لێمەدەرەوە... بۆیە پرسیار ئەکەن تا لێت نزیک بنەوە!
– واتە ئەبێ قوڕوقەپی لێ بکەم؟
– بەڵام بە چاوی خۆت بینیت... یەکەم جار لێی پرسیت بۆ کوێ سەفەر ئەکەیت... دوایی پرسی: ئەمە دایکتە یان خزمتە؟ دواجار لێی پرسیت شووت کردووە یان نا...
– ئەمە هیچی تیایە؟
– خۆم گوێم لێ بوو ئەوەی لامەوە بە برادەرەکەی وت:
ئافەرین... قولاپەکە گرتی.
– بەلامەوە گرنگ نییە چی ئەڵێن...
– بەڵام کچی ئاقڵ نابێ روو بداتە پیاوان!
– چیم کردووە؟
– من ناڵێم شتی خراپت کردووە.... بەڵام ئەوە خووی بەردەوامی پیاوانە... یەکەم جار پرسیاری سەعات ئەکا... دواجاریش پەلامارت ئەدا.. من پیاو ئەناسم!
– بۆ پێت وایە چییە... لە شەمەنەفەرا و...بە رۆژی نیوەڕۆ و تۆیشم لەگەڵ بیت؟
– کچم ئەو دەرگایەی کە رەشەبای لێ دێتە ژوورێ...
– پورێ... تۆئەو خوایە بەسە!
– من بۆ خۆتمە... گەر ئەم قسانەت پێ ناخۆشە بێ دەنگ ئەبم.
– پێم ناخۆش نییە... بەڵام تۆ لە خۆتەوە شت دروست ئەکەیت!
– من؟
– بەڵێ تۆ!
– با وابێ... بەڵام کچم من پیاوان لە تۆ باشتر ئەناسم!

وەك دەروازەی زیندان... کاتێ دەستێکی توکنی بەهێز ئەیهێنێتە لەرزە و دایئەخا، مەنسور ئاوها دەروازەکە بە رووتا داخرا... هەموو شتێکت گوێ لێ بوو... کەواتە هیچ هەوڵ مەدە... تەنها وشەیەك مەڵێ.. ژنە هەڵهاتووە کاتێ لێیان پرسیوە شووت کردووە یان نا... ئەی تۆ ئێستا خەون بە چییەوە ئەبینی؟

چاوانی گەورە هەر وەك چاوانی ئاسك، برژانگەکانی خێوەتێکی ئاوریشمین، لەشە باریکەلە رێك و جوانەکەی گەرم هەر وەکو شەوانی تەمموز.. ئەشێ زیاتر خەون ببینی، ئەشێ بیر لەوە بکەیتەوە دەست بدەیت لە قژی، دەست لەو شەوە ئەفریقاییە تۆخە بدەیت... ئەشێ خەون بەوەوە ببینی دەست بەریت بۆ پا و پووزی، یان بیر لەوە بکەیتەوە دەست بەری بۆ مەمکی، دەستت لەوێدا جێبێڵی، ئەشێ خەونی زیاتر ببینی... کەس لە خەون ناپێچێتەوە... ئەلیاس نەخلەی مامۆستات

پێی وتی: خەون تاقە شتێکە کە مرۆڤ ئەتوانێ دوور لە چاودێری کردنی خەڵکی ئەنجامی با.

ئەتوانیت چی بکەیت؟ هەوڵ بە شتێك بڵێ... بەڵام پیرێژنەکە بەچاوە ڕەنگ خۆڵەمێشییە خامۆشەکانییەوە پێت ئەڵێ: ئوسکوت بەرەڵا... ئەشێ بقیژێنێ و خەڵکت لێ کۆکاتەوە... خۆ گەر واش نەکا... ئەوا دەستی ئەم فریشتەیە ئەگرێ کە ئێستا لە بەردەمتایە... پێکەوە ئەچنە دەرەوە، مەنسور... بە ئەدەب بە، چاوانت داگرە و گێلانە زەردەخەنە نەتگرێ، لەو مێشکوژە گەڕێ کە بە چاوانتا شۆڕبۆتەوە... نەك ئەوە...

– پۆرێ... ئەم جێگەیەش چۆڵە... ئەتوانی لێرەدا رووەو ڕێ ڕۆیشتنی شەمەنەفەرەکە دانیشت!

– سوپاس... کوڕم.. ئەم جێگەیە باشە!

پیرێژنەکە سەیری کردیت و ویستی وشە و مەرامەکانت تاووتوێ بکا، چما ئەو جێگەیەی نەبینی کە ئاماژەی بۆکرد... وەك ئەوەی قەشە سەمعان بیت، یان منداڵێکی بێ گوناه....

– تۆ نەبوویت یەکەمجار داوای ئاوت لێ کردن؟

– بەڵێ... بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەس درێژی بکەنە سەر ناموسی خەڵك!

– هیچیان نەووت... تەنها پرسیاری ئاسایی بوو!

– سەد جار پێم وتویت، سەرەتا مەسەلەکە ئاوها دەست پێ ئەکا، پاشان پەرەئەسێنێ و....

– باشە.... باشە....

– توڕە بوویت؟

– نەء... بەڵام دەنکە نیسکێ ئەکەیتە کێوێ، مەزەندەی شتی خراپ ئەکەیت، گومانت لە خەڵك هەیە، ئێ دوای ئەوەش خۆ من منداڵ نیم نەزانم چی ئەکەم!

– گەر حەز ئەکەیت بگەڕێینەوە بۆ جێگەکەی پێشوو... فەرموو با بچین!

– وتوومە حەز ئەکەم بچمەوە ئەوێ؟

– ئەبینم لالوتیت... وەك ئەوەی تاوانێکی گەورەم کردبێ!!

– نەء... بەڵام شورەییە لە بەردەمی خەڵکیدا ئاوها قسەم لەگەڵا بکەیت... دوای ئەوە خۆ من منداڵ نیم...

– چیم وتووە؟

– بیرت چۆوە؟ وەك منداڵ قسەت لەگەڵا کردم!

– چیم وت؟

– وتت: هەستە کچێ... پیاو بێ چاو و رووە... قسەکانتان بۆ کوێ برد... پێتان وایە کچی سەر جادەیە؟

– ئەم قسەیە هیچی تیایە؟

– ئەکرا... بیٚ هەرا و هوریا داوام لیٚ بکەیت یچینە جیٚگەیەکی تر.
– تۆ لیٚم لالوتیت لەبەر ئەوەی بەو پیاوانەم وت شورەییە ئەم پرسیارانە!
– ئەمە دواجارە سەفەرت لەگەلٚ ئەکەم... ئەمجارە خۆم بە تەنها سەفەر ئەکەم!
– چاکە مەکە و خراپە نایەتە ریٚت!
فریشتەکە پیٚکەنی... بە تورەیی پیٚکەنی و بیٚدەنگ بوو!
مەنسور تۆیش... ئەی قارەمان.. ئیدی ئەتوانیت چی بکەیت؟ باش لەو دەرسە گەیشتیت؟
چ مەرامیٚك لە سەرتایە؟چ خەونیٚك لەم جەستەیەدا سەفەر ئەکات؟ ئەو جەستەیەی کە لە چاکەت و پانتۆلیٚکی رەساسی بۆرهەلٚگەراوەوە پیٚچراوە؟
بئاخڤە... بچۆ پیٚشیٚ.. پیاوبە.. بە رابووردووی خۆتەوە مەنازە، چ وشەیەکت بیرنایەتەوە... تەنانەت بیر کردنەوەشت لیٚ یاساغە... کاترین لە کویٚیە؟ ئەی ئەو کیژۆلٚە هەنگارییە کوا کە روخساریت لیٚ ئاوابوو؟ ئەو کیژۆلٚەیەی کە گەر جاریٚکی تر نەیبینیتەوە شیٚوەیت بیرناکەویٚتەوە؟ ئەی رەحاب؟ ئەی لەیلا؟ ... هەموو شتیٚ بیرخۆت بەرەوە، ئیٚستا یان پیاو بە... قارەمان بە، یان تۆ میٚشیت... مشکیٚکی گیٚریت، مرۆڤیٚکت ئەویست لە بارەی ژیانی خۆتەوە بۆی بئاخڤی.. لە بارەی ئەو مەنسورە عەبدولسەلامەوە کە ئیٚستا سەفەر ئەکا.
هەنگاویٚ بۆ دواوە بگەریٚوە... سەد و یەك هەنگاو بۆ دواوە بگەریٚوە...، لەسوچەکەدا زەلیل و نەفرەت لیٚکراوانە بخویٚنەوە... خەون ببینە... هەر شتیٚك ئەکەیت بیکە... بەلاٚم هەر خۆت بیکە!
گەر ئەو کیژۆلٚەیە بە تەنها با، پیٚت دەوت: کە تۆ خەمبـــار و تەنهایت... پیٚت دەوت مرۆڤیٚکم گەرەکە با سکی بنیٚتە ژیٚر سەرە ماندووەکەم... روانینیٚکی میهرەبانانەم ئەویٚ... شیعرەکانی دونیات بۆ ئەخویٚندەوە، بەلاٚم ئەم پیریٚژنە نەحلەتی‌یەی کە ئیٚستا گەمارۆی داویت، هەموو ریٚگاکان بە رووتا دائەخا... تەنانەت ئەو پەنجەرە چکۆلٚەیەش دائەخا کە هەموو مرۆڤیٚك لیٚوەی ئەروانیٚتە دونیا... پەنجەرەی چاو، پیریٚژنەکە ئەیەویٚ ئەویشت لیٚ داخا.
ناتوانیت لە کچەکە بپرسیت: تەمەنت چەندە... ناوت چییە... ناتوانیت لیٚی بپرسیت: بۆ کویٚ سەفەر ئەکەیت... چ جای لیٚی بپرسیت: شووت کردووە یان هیٚشتا پاکیژیت... ئەم پرسیارەیانت لیٚ یاساغە... دەی... وەك کەرویٚشك خەون و بیرو یادەوەرییەکان بکرۆژە... جوان جوان بیانکرۆژە... بەلٚکو لەم سەفەرە دریٚژ و نادیارەدا ببنە خۆراك و تیٚرت کەن.
ئەی ئارەق؟ چما ئیٚستا ئەتوانیت ئارەق بخۆیٚتەوە؟
ئاه... چیدی ئادەمیزاد توانای کردنی چ شتیٚکی نییە، تاویٚك لەوەوبەر، بە دوای مرۆڤیٚکا ئەگەرای... هەر مرۆڤیٚ با، کەچی ئیٚستا ئەتەویٚ خۆت حەشار دەیت، رۆچیتە نیٚو جەستەت و سەرتی تیا بزرکەیت... ئای گەر ئیٚستا ئەلیاس نەخلە

لێرەبا.... گەر لێرە با وەك منالێ ئەتریقایەوە، وەك خەتیبێكی جومعە ئەدووا.. قژە سپی پیرێژنەكەی ئەگرت و قسەی وای بۆ ئەكرد كە لە پێكەنینا ژانی كردبا... پاشان چاوێكی دائەگرت و تۆیش وەك سەركردەیەكی سەركەوتوو ئە چوویتە پێش... بە باوەڕ بەخۆبوونێكی شاهانەوە ئەدوایت... وەك هەر پیاوێك كە لە ژووری نووستنا بێت هەڵس و كەوتت ئەكرد!

"گوێ رادێرە... ئێستا ئەچین بۆ كەناری دەریا، زۆر لەوێ نامێنینەوە، تا سەعات پێنج.... دوای ئەوە ئەچینەوە بۆ ئوتێل... رازیت؟ سەرێ رائەوەشێنیێ... دەست ئەنێیتە نێو قەدی و بەسەر لمە داخ بووەكەدا رائەكەن... وردە هاواری وروژێنەر دێتە گوێت... كۆنترۆڵت بەسەر خۆتا نامێنیێ!"

مەنسور عەبدولسەلام... مامۆستای پێشووی زانکۆ، کۆلیژی ئەدەبیات... بەشی مێژوو.

لە بارەی نیشانەوە... چ نیشانەیەکی دیاری کراوی نییە.. هەر وەك لە پەساپۆرتەکەیدا نووسراوە، هێمای جیاکەرەوە: نییە... لە ژمارەیەکی بێ شوماری خەڵك ئەچێ... نە درێژە و نە کورتە، نە لاوازە و نە زۆر قەڵەوە، تەمەنی لە سی و پێنج ساڵ تێپەڕیوە، جگەرە ئەکێشێ، ئەخواتەوە... زۆر ئەخوێنێتەوە، ژمارەیەك هاوڕێی هەیە... ژنی نەهێناوە.

هەنووکە مەنسور عەبدولسەلام بە قیتار سەفەر ئەکا، لە واگۆنی نومرە دوودایە، رووەو ڕێ رۆیشتنی قیتارەکە دانیشتووە، سێ کتێبی لە بەردەممایە، "ئەفسانەی گەلگامش"، "نەوەی نائومێد"، "هەڵکۆڵین لە رابردوو"... بە بێزارییەوە لاپەڕەی کتێبەکان هەڵئەداتەوە، ئەخوێنێتەوە بەڵام مێشکی هیچ وەرناگرێ... لە نێو یادەوەرییە دوور و شپرزەکانا وێڵ بووە، بیر لە رۆژانی ئاییندە ئەکاتەوە، بیر لە ژیانی خۆی ئەکاتەوە لە میانەی ئەم سێ ساڵەی دواییدا،... هەندێ جار خەیاڵ بۆ رۆژە زۆر دوورەکانی ئەباتەوە، ئەو رۆژانە هێند دوورن تاریك و نوتەك ئەچنەوە... وەك تارمایی لە پێش چاوانیدان... هەروەها رووداوەکانیش... ئەو رووداوانەی کە لە میانەی ئەو رۆژانەدا روویانداوە... یان روویان نەداوە... نازانێ... بەڵام لەو رۆژە دوورانەدا وێنەی دڵتەزێن ئەبینێ، بە وردەکارییە چکۆڵەکانیانەوە ئەیانبینێ... وەك ئەوەی ئێستا... لەم لەحزەیەدا روو بدەن.

مەنسور سەفەر ئەکا... بەڵێ سەفەر ئەکا، ئەمە تەواوێك شتێکی واقعییە... نەخەونە و نە وەك جارانیش حەزێکی مەحاڵە... سەفەر ئەکا تا کارێکی نوێ بدۆزێتەوە... هەستێکی قووڵ بە حەوانەوە دایگرتووە، ئەو ئێشەی کە رۆژێك

لەرۆژان هەستی پێکردووە، ئەم حەوانەوە و ئارامییەی لیٚ تێك نادا... ئێشیٚ کە بەر لە زیاتر لە دە سالیٚ، کاتێك بۆ یەکەم جار سەفەری بۆ دەرەوەی ولاٚت کرد هەستی پێکرد...

مەنسوور چۆتە تەمەنەوە... هەڵچوونەکانی هاوسەنگ و سەرەڕۆیی دامرکاوەتەوە، ئیدی بە هێمنی بیر ئەکاتەوە و بە هێمنیش بڕیار ئەدا.

کەواتە ئەمجارەیان کاتیٚ مەنسور ولاٚت جیٚ دێڵیٚ هەست بە ئازار و خەمۆکی ناکا... هەروەها دڵخۆشیش نییە، "دڵخۆشی وەهمێکی گەورەیە"... ئێستا ئەو لە مرۆڤێك ئەچیٚ کە کارێکی ئاسایی ئەنجام بدا... بۆ نموونە نان خواردن، کارێکی پێویست ئەنجام ئەدا... نەك لەبەرە ئەوەی برسییەتی، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەست ئەکا ئەرکێکی لەسەرە... هەست کردن... بە حەوانەوە و هیچی تر... لەم وێنە مات و نەحلەتییە حاڵی بوون؟

سەفەرەکەی مەنسور راستییەکی واقعیـیە، لەو بەڵگانەی کە ئەم سەفەرە ئەسەلمێنیٚ: ئێستا ئەو لە قیتارایە.. لە واگۆنی نومر دوو، رووەو ریٚ رۆیشتنی شەمەنەفەرەکە دانیشتووە... بەڵگەیەکی تر: ئەو شتانەی بەردەمییەتی، ئەو رەفە چکۆڵەیەی بەردەمییەتی کە کتێب و پاکەتە جگەرەکەی لەسەر داناون، بەڵگەیەکی تریش: ئەو دوو ئافرەتەن کە بەرامبەری دانیشتوون... مەنسور بەو شەوە دووبارەبووەدا... بە دەنگ دا....بە روخسارەکانی بەرامبەریدا.... تێبینی لەرینەوەی قیتارەکە ئەکا.

مەنسور پڕ بە دڵ حەز ئەکا سەیری ئەو کیژۆڵەیە بکا، لەگەڵیدا بئاخڤیٚ، بەلاٚم پیرێژنەکە ئەو رێگەیەی لە بەردەما داخست، ئەو ئارەزووەی کوشت، یاخود ئەو ئارەزووەی کردە شتێکی مەحالیٚ، ئیدی ناتوانیٚ رووبەڕوو سەیری ئەو کیژۆڵەیە بکا، بەڵکو ئەبیٚ دزەنیگای کا، ئەبیٚ لە دوورەوە ئیشتیهای کا، لە خەونا لەگەڵیدا بنویٚ... خۆ گەر تۆزێکیش چاوانی لێك بنیٚ، ئەشیٚ وەك ئافرەتێکی تر مەزەنەی کا.

مەنسور فەلسەفەیەکی تایبەتی هەیە، فەلسەفەیەکی ساکار، بریتیـیە لەوەی، کە هەموو مرۆڤێك ئەتوانیٚ هەر چییەکی بویٚ خەیاڵی لیٚ بکاتەوە...، هەر هێندەیە چاوانی لێك نیٚ و دڵ بداتە ئەو شتەی کە خەیاڵی لیٚ ئەکاتەوە، یان ئەتوانیٚ رەوە ئەسپ لە هەورەکانا ببینیٚ..... ئەم خۆی زۆر جار روخساری ئافرەتی لە هەورا بینیوە، زۆربەی جاریش روخساری ئافرەتێکی تیا ئەبینیٚ کە ئەیناسیٚ.. هەندیٚ جاریش پشیلە و سەگێکی تیا ئەبینیٚ کە بە شەڕ هاتوون، هەر ئەوە نا... بەڵکو مەنسور ئەتوانیٚ زۆرشت بکا... واتە زیاتر لە خەیاڵکردنەوە.... ئەتوانیٚ خەونیش ببینیٚ...

ئەمە مەنسور عەبدولسەلام بوو، ئەشیٚ بووتریٚ ئەم کابرایە ئاسایی نییە... یان مەنگ و خەتەرە... یاخود رەنگە خەڵك بە کابرایەکی خەیاڵی و خەواڵووی ناوبەرن... بەلاٚم چی لە دەست دیٚ بەرامبەر ئەو ژیانەی کە ئەیگوزەرێنیٚ؟

مەنسور بەمدواییە دڵڕەق بووە.. دڵڕەق و شەڕانگێز، بەرامبەر کێ؟ بەرامبەر خۆی، کاتێ لە ئاوێنەدا خۆی ئەبینێ، تفێ لە وێنەکەی ئەکا.... پێی خۆشە جنێو بەخۆی بدا.. کاتێ گوێی لە دەنگی خۆی ئەبێ ئەحەپەسێ... وەك ئەوەی دەنگی مرۆڤێکی تر بژنەوێ.

سەیرترین شتێ کە تەواوێك کوت و پڕ سەرنجی دابێ ئەوەیە کە دەنگی لە قروسکەی سەگ ئەچێ... ئەم مەسەلەیەی بە رادەیەك پێ نائاساییە، کە بە نیازە گەر شتێ پارەی کەوتە دەست خۆی پیشانی پزیشکێ بدات.

بەڵام چۆن هەستی بەمە کرد؟

ڕۆژێکیان لە بارەی هاتنی سیستمی پادشایەتییەوە بۆ قوتابییەکانی ئەدووا... بێدەنگیی باڵی بەسەر هۆڵی خوێندن دا کێشابوو، قوتابییەکان بە پەرۆشەوە سەیریان ئەکرد و بە وردی گوێیان دابووە قسەکانی.... کوت و پڕ سەرنجی لە دەنگی خۆیدا، تا ئەو کاتە تێبینی ئەوەی نەکردبوو، تۆزێ سەری لارکردەوە و بۆی دەرکەوت کە دەنگی سەیر و تیژ و بە قروسکەی سەگ ئەچێ... ئیدی لەو دەقیقەیەدا شیرازەی بیرکردنەوەی پچڕا... ئەو وشانە لە سەریدا ڕەونیەوە کە بە نیاز بوو بیانڵێ... لە قسەکردن وەستا، قووڵ لە قوتابییەکان ڕاما، پاشان کەوتە قسە، ئیدی دەنگی لێ بووە دوژمنی، حەوسەڵەی گوێگرتنی لێ نەبوو.. تەواوێك لە قسەکردن وەستا، سەیری قوتابییەکانی کرد و بە چاو تکای لێکردن کە لێی ببوورن.. بەڵام ڕوانینی قوتابییەکان لێوان لێو بوو لە سەرسوڕمان و پاشان پرسیار... تا دواجار بووە غەرابەت.

دەنگی قوتابییەکان... نزم و تکاکارانە هەتا گوێی... داوایان لێکرد لەسەر قسەکانی بەردەوام بێ.. لێیان پرسی: ئەتوانن شتێکی بۆ بکەن... بۆ نموونە ئاوی بۆ بێنن ... یاخود پەنجەرەکان بکەنەوە ...، بەڵام مەنسور بەسەر ڕاوەشاندنێ تێی گەیاندن کە هیچی ناوێ... جگەرەیەکی دەرهێنا و کەوتە کێشانی...، بڕیاریدا هەڵسێتە سەر پێ... هەڵسایە سەرپێ و نەیئەزانی چ بکا... سەیری دەم و چاوەکانی بەردەمی کرد کە خەریك بوو بە ورتە ورت بێدەنگییەکەیان شەقار ئەکرد و پاشان لە ئەقڵیدا ئەبووە تەقینەوەیەکی زل... هیچی شك نەبرد تەختە ڕەشەکە نەبێ... تەباشیرێکی گرت بە دەستەوە و لەسەری نووسی: "ببوورن .. گەرووم ڕێگەی قسەکردنم نادات.. داوای لێ بووردن ئەکەم".

چووە دەرێ و جگەرەکەی هەر بە دەستەوە بوو، کەوتە جنێو پێدانی خۆی، گەر کەسێك لەو کاتەدا بەلایدا ڕۆیشتبا، گوێی لێ بوو کە دەیگوت: تڕحێو مەنسور عەبدولسەلام... بۆت دەرکەوت کە بەهرەی گۆرانیبێژێکی ئۆپرالیت تیایە؟ چ کیشوەرێکی ونت دۆزیوەتەوە...؟

هەر هێندە نا... بەڵکو حەوسەڵەی چ شتێکیشی نەما... "با" بێزاری ئەکرد، بێزارییەك تا ڕادەی خەمۆکی... ئەکەوتە جنێو دان بە "با"، جنێوی بەو تۆز و خۆڵە ئەدا کە وەك گەڵای وەریو بڵاو ئەبۆوە، جنێوی بە لەرینەوەی پەنجەرەکان ئەدا.

خۆ گەر دوای ئەو "با"یە باران نەباریبا، بە رقەوە ئەیقیژاند، ئەم هەموو زرمە زلّیە و کەچی دلّۆپە بارانێکی پێ نەبوو؟!

ئەمەیە خووی سروشت، سروشت وەك مرۆڤ بەرەلاّیە... سروشت هاوار ئەکا... ئەپاڕێتەوە.. نێرینەیەکی گەرەکە!!

ئاوێنە بووە سەر سەرختترین دوژمنی مەنسور عەبدولسەلام، ئادەمیزاد چۆن ئەتوانێ چەند سەعاتێك بە پێوە بووەستێ تا خۆی لە ئاوێنەدا ببینێ؟ چما چۆن لە رقا ناتەقێ؟ مەنسور گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە ئافرەت و ئاوێنە لە نەفرەتەکانی قەدەرن... بەو دووە ئیرادەی پیاو و توانای خۆڕاگرتنی پیاو تاقی ئەکرێتەوە!

بڕیاری دا سەیری ئاوێنە نەکا، شەڕانگێزانە بە خۆی وت: مەنسور گەر پیاوی هەموو رۆژێك بێ ئاوێنە ریشت بتاشە، ئیدی بێ بەکارهێنانی ئاوێنە یان بێ ئەوەی سەیری شوشەی پەنجەرە بکا ریشی ئەتاشی... پێی وابوو چاوەکانی پەنجەرەیەکن رووەو دەرەوە، گەر لە ئاوێنەدا پێچەوانە بێتەوە، ئەوا ئەچێتەوە ناوەوەی ئازاری ئەدا.. ئیدی لە روخساری خۆی نە ئەڕوانی... بە تەواوی وایکرد، تەنانەت ئەو زیکە بچوکانەشی نەئەدی کە لەسەر روخسار و گوێچکەی دەرکەوتبوون... خۆ گەر پەنجەی نەبایە کە وەك هەستەوەری ورد بەکار ئەهێنان... ئەوا نەخۆش ئەکەوت و رەنگە بشمردایە.

مەنسور بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ، وردە وردە ببووە کابرایەکی رەشبین، "با" بەلایەوە گەورەترین دزێوی بوو، پێی وابوو، میزاج تێك ئەدا و هەندێ جاریش سادە و ساکاریی مرۆڤ خەراب ئەکا... ئەو دەنکە لمەی کە ئەچێتە چاوییەوە تیژە وەك چەقۆ، ئەو پشیلە رەشەی لەسەر دیواری ماڵەکە، لە پشت باخچەکەی بەرامبەریەوە وەستاوە، ئەهریمەنێکە و هەموو سیفەتێکی ناپاکی و سپڵەیی تیاکۆبۆتەوە.

هەموو بەیانییەك شیر فرۆشە کوێرەکە تەنگی پێ هەڵئەچنێ... وەك ئەوەی لەلایەنێکەوە راسپێردرابێ میزاجی ئەم تێك بدا... هەر ئەمەش نا، بەڵکو بۆچی ئیدی مەحاڵە ئەو شتانە بدۆزێتەوە کە بە دوایانا ئەگەڕێ؟ بۆچی ئەو بیتاقەی یانسیبەی ون کرد کە دوو هەفتە لەوەوبەر کڕیوێتی؟ ئێستا لە جێگەیەکایە... ئەشێ ئادەمیزادێ..... قووەتێك لە شوێنێکی دوور داینابێ... تا ئەم نەیبینێ...، دەرچووە... مەنسور دڵنیابە دەرچووە... بەڵام ئەبێ بیتاقەکە لەکوێ بێ؟ ئەی بۆی ونی کرد؟ رەشبینی رۆچۆتە دەمارەکانییەوە، بەڵام بەوەی باشە کە جگەرە کێشان بەشێ لە ئازارەکانی هەڵئەمژێ، ئارەقیش بەشەکەی تری...، هەنووکە مەنسور لەرادەبەدەر جگەرە ئەکێشێ... خەڵکی وا ئەڵێن... بەڵام ئەم حۆی ئەڵێ: بەپێی پێویست جگەرە ئەکێشم، تا پێویستم نەبێ ناکێشم.... لە راستیشدا تا هەست بە پێویستی، یان ئارەزوویەك نەکا جگەرە داناگیرسێنێ، هەندێ ساتی دیاری کرا و ددان بە خۆیدا ئەگرێ، بەڵام دواجار دڵنیا بوو لەوەی کە زیانی دان بە خۆدا گرتن لەبەردەم ئارەزووکانا، زۆر لە زیانی جگەرەکێشان زیاترە!

ئەی ئارەق... چما خواردنەوەی ئەمیش زەرەر و زیانی هەیە؟ وا چاکترە خەڵکی لێی گەڕێن چی ئەکا... با بیکا!! چما پارەی لە کەسێ قەرز کردووە و نەیدابێتەوە؟ ئەو بە پارەی خۆی ئەخواتەوە... یان بەو پارەیە ئەخواتەوە کە قەرزی کردووە و رۆژێ لە رۆژان ئەیداتەوە...، ئێستا ئەو پارەیە بە قەرز حسێبە... خەڵکی ناخۆشیان کردووە... بە رادەیەك هەر لە خۆڕا خۆیان لە شتێ هەڵئەقورتێنن کە چ پەیوەندییەکی بەوانەوە نییە... "مەنسور زۆر مەخۆرەوە... خواردنەوە بۆ تەندروستیت خراپە! مەنسور جگەرە مەکێشە جگەرەکێشان نەخۆشی شێرپەنجە... شێرپەنجەی سی و شێرپەنجەی لێوی بەدواوەیە".

بۆچی خەڵکی بەو رادەیە خۆیان هەڵئەقورتێننە ژیانی مەنسورەوە؟ لەبەر ئەوەی خۆشیان ئەوێ! ئەوانە جگە لە خۆیان کەسی تریان خۆشناوێ... گەر بەیەکێ لەوانە بڵێی: چیت هەیە بمدەرێ... تۆ بڵێی بتداتێ؟

جارێکیان کە لە باڕی (عایدە) ئەیانخواردەوە... وەلید پێی وت:

– پێویستە بە چاوێکی تر لە شتەکان بنواڕیت... چاوانێك کە رەشبینی بەری نەگرتبێ... تەنها لەم رێگەیەوە ئەتوانیت هەزارەها جۆر لەززەت لە شتەکانا بدۆزیتەوە...، بەو جۆرە تەنانەت ئەگەر بشمریت دڵنیا و رەزامەند ئەمریت... مەنسور ژیان کورتە... زۆر کورتە... لە بیست ساڵ زیاتر نییە، دوای ئەوە ئەبێتە خەوزڕان و نەخۆشی، شەوانیش ئەبێتە تڕ و کۆکە! گەر بەم جۆرە بخۆیتەوە و شەونخونی بکێشی، دوایی پەنجەی پەشیمانی ئەگەزیت!

لەو کاتەدا جیرانێکیانی بیر کەوتەوە و پێکەنین گرتی... ئەو جیرانەیان تەمەنی گەیشتبووە هەشت ساڵ، نە جگەرەی ئەکێشا و نە ئەشیخواردەوە، رێك لە سەعات نۆدا ئەنوست... ئەم پیاوە تەمەنی تا سەد بڕ ئەکا... تا هەزار ساڵ بڕ ئەکا..

بەلام مەنسور عەبدولسەلام ئەخواتەوە، زۆر زۆر ئەخواتەوە، جگەر ئەکێشێ، گوێ بە کاتەکانی نوستن نادا، تا ئێستاش چ نەخۆشییەك بەلایدا نەهاتووە ... وای بە وەلید وت و بە لەززەتێکی شێتانەوە پێکە ئارەقەکەی بەردەمی هەڵقوڕاند!

وەلید وەڵامی دایەوە: بەڵام جارێ ئەووەڵی عومرتە!

– تا کۆتایی عومرم هەر وائەبم.

– بەڵام ئاخر درێژ ناژیت؟

– پان ئەژیم... نامەوێ وەك داربەڕویەکی گەمژە زۆربژیم، پەنحا ساڵ بەسە، سەروزیادمە، دوای ئەوە پەشیمان نابم!

– گەر لە پەنجا ساڵیدا بمریت و نەخۆش نەبیت قەیناکا... بەڵام چی ئەکەیت گەر بە نەخۆشی تەمەنت بگەیەنیتە حەفتا ساڵی؟

– نایگەیەنم!

– گەر نەمریت... ئەیگەیەنیت!

– پێت ئەڵێم نامەوێ بە نەخۆشی بژیم.

– بەڵام نەخۆش ئەکەویت.. لەشت بەرگە ناگرێ، حەوسەڵەی نامێنێ، ڕۆژێك دێ کە پەکت ئەکەوێ... نەخۆشی یەخەت پێ ئەگرێ!
– ئەتەوێ بڵێی چی؟
– ئەمەوێ هاوسەنگی خۆت لە هەموو شتێکا وەرگریتەوە: لە خواردن و خواردنەوەو جگەرەکێشانا... پێویستە ژیانت ڕێك خەیت!
– بۆچی ڕێکی خەم؟
– بۆ ئەوەی زۆر بژیت!
– کێ ئەڵێ من ئارەزوو ئەکەم زۆر بژیم؟
– پیاوی ئاقڵ وا بیر ئەکاتەوە.
– ئەی نائاقڵەکان چۆن بیر ئەکەنەوە؟
– وەك ئاژەڵ!
– کەواتە من ئاژەڵم... حەزیش ئەکەم تا هەتایە هەر ئاژەڵ بم...
– تەنانەت ئاژەڵەکانیش نە جگەرە ئەکێشن و نە ئەخۆنەوە!
– ئاخر لەبەر ئەوەی ئاژەڵن!
– قسەکردن لەگەڵ تۆ بێ سوودە.
– کەواتە بۆچی ئەمهێنیتە قسە؟
– تا لەگەڵتا بگەمە ئەنجامێك!
– کێ پێی وتووی من ئەمەوێ بگەمە ئەنجامێك؟
– خۆم پێم وایە.
– هەڵەیت!
– ببوورە.
– کەیفی خۆتە!

گفت و گۆکەی نێوانیان تەواو بوو، مەنسور عەبدولسەلامیش درێژەی بەخـواردنــەوەو جگەرە کێشانی خۆی دا ... تا ئێستاش هەر ئەژی ... نە نەخۆشکەوتووەو نە پێویستیشی بە هیچ جۆرە نەشتەرگەرییەك بووە.

ڕەشبینی مەنسوری بەرەو گۆشەگیری و پاشان خەمۆکی برد، چووەوە ناوخۆی، چیدی پێکەنین بەلای ڕوخساریدا نەئەهات، تەنانەت زەردەخەنەکانیشی چکۆڵە و خەمین بوون... گەر خۆی بە تاوانی ئەنجامدانی پێکەنینەوە گرتبا، ئەوا کۆڵێك لەشەرما تەریق ئەبۆوە... مەنسور پێکەنینی بیرچووبۆوە، هەر وەك ئەوەی زۆر خوی تریشی بیرچووبۆوە.

دوو ئافرەتەکەی بەردەمی قسە ئەکەن، ئەو توڕەییەی سەر ڕوخساری کیژۆڵەکە ڕەویوەتەوە کە تاوێ لەوەوبەر سێبەرەکەی بینی، تەواوێك وەك ڕەوینەی سێبەری سەر ئاوێنەیەك دوای ئەوەی جنۆکەکەی بەردەمی لەبەریدا نامێنێ!

کیژۆڵەکە قاچی لێ ڕاکێشا..... تۆزێك قاچی ڕاکێشا... پێڵاوەکانی داکەند... پاژنەی پێی لە هەوادا خوراند، جارێکی تر خوراندی... مەنسور هەستی کرد قاچ

بۆ خۆی مەخلوقێکە... ژیان و قەوارەی خۆی هەیە... چی ئەبێ گەر کیژۆڵەکە قاچی ڕاکێشێ و پاژنەی پێی بخاتە سەر کورسییەکەی ئەم؟ گەر وا بکا، ئەوا ئەمیش دەستی درێژ ئەکا و پەنجەی پێکانی بۆ ئەخورێنێ.. ناکاو ختوکەی بنی پێی ئەدا... کیژۆڵەکە وەك پشیلە ڕائەچڵەکێ... ئەمیش شاڵاوی بۆ دەبا و بە توندی ماچی ئەکا!! پیرێژنەکە واق و ڕماوانە سەیر ئەکا... مەنسور هەر خۆشی تێناگەیەنێ، لە دڵی خۆیدا ئەڵێ: خۆی و ساڵەکانی تەمەنی بە جەهەننەم... تازە نۆرەی بەسەرچووە... ژیانی خۆی گوزەراندووە، تڵپی تەڕی تیانەماوە... ئێستاش ئیدی نۆرەی مەنسور عەبدولسەلامە... پێویستە خەنی بێ، پێویستە بتەقێتەوە، پێویستە ئەم جەستە تەڕە کارەباییە هەڵگلۆفێ‌کە بەرامبەری دانیشتووە.

مەنسور لاپەڕەکانی داستانی گەلگامشی هەڵدایەوە.. لەسەر لاپەڕەیەك وەستا و خوێندییەوە: "ئەشتار لە ڕێ و بانەکانا، چ کەسێکی نەبینی تەسەلای باتەوە و دڵی خۆش کا".

لە شوێنێکی ترا خوێندییەوە:

" ئەنکیدۆ... نان بخۆ... نان.. هەوێنی ژیانە.

لەو شەرابە قورسە نۆش کە...

ئەمە نەریتی خەڵکی وڵاتە".

ناتوانێ دڵۆپێ ئارەق بخواتەوە، گەر بیخواتەوە... ئەوا ئەبێتە ئەنکیدۆیەك بۆ خۆی، لە ئەنکیدۆش ئازاتر، ئەتوانێ لەگەڵ گایەکا بجەنگێ... ئەم پیرێژنە ڕیوەڵەیە چییە؟ بەرگەی هیچ ناگرێت... ئیدی جلکەکانی بەری کیژۆڵەکە دائەکەنێ.. بەتوندی دایانناکەنێ، بە گرژی دایانناکەنێ... بە هێمنی دەستی ڕائەکێشێ و دزە ئەکاتە گەردنییەوە، گوێچکەیەوە... دەسبازی لەگەڵ جەستەیدا ئەکا، کاتێ کە ئەکەوێتە هاوار... ئیدی جلەکانی بەری دائەکەنێ، ئەشێ ئەم جلەکانی بەری کیژۆڵەکە دانەکەنێ، بەڵکو کیژۆڵەکە بەبێ دەنگی ئەوە بکا... کاتێك ڕووت ئەبێتەوە... مەنسور ئەو تیشکە پرشنگدارە ئەبینێ، کە لەسەر شانی، لەسەر مەمکی، لەسەر پاوپوزی ئارنگ ئەداتەوە، دڕندانە ماچی ئەکا.. پێی ئەڵێ:

"ئەشتار.. ئەوە منم کە دڵت ئەدەمەوە"... بێ ئەوەی بدوێ... ئەو سینگ و مەمکە مەڕمەڕییەی ئەبینێ کە وەك ئەسپێك کە غاردان ماندووی کردبێ هەڵبەز و دابەز ئەکا، لە چاوانیدا ئەو هاواری شەیداییە ئەبینێ کە ڕۆئەچێتە ئێسکەوە.

ئیدی لەحزەیەکە و نوقوم ئەبن... لە لەززەتێکی شێتانەدا ئەتوێنەوە... لەززەتێك کە ئەوسەری دیار نییە!

دەی.. مامۆستای پێشووی زانکۆ خەون ببینە!! خەون تاکە شتێکە کە لێی ئەزانیت... شتێکە کە هیچ کەسێ لەسەری لێت ناپێچێتەوە!

بەڵام دڵنیابە کە ڕوانینەکانی پیرێژنەکە گەمارۆت ئەدا... وەك زریانێکی مەحاڵ ڕێگەی هەموو شتێکت لێ ئەگرێ... لە هەموو شتێ بێ بەشت ئەکا...

تەواو..... وەك زۆر لە جارەکانی تر...

خەونت زۆر بینی... زەریبەی خەونەکانیشت دا.. مەنسور باش ئەمەت لە بیرە..؟!

بەر لە کۆتایی هاوین و دوای ئەوەی خوێندنی بالأم لە بەلژیکا تەواو کرد .. بۆ وڵات گەڕامەوە، ئەمە لە دەمێکەوەیە، دوای گەڕانەوەم بە چەند هەفتەیەك .. بۆ خزمەتی سەربازی بانگ کرام.

هەنووکە..مەنسور عەبدوسەلام نایەوێ ئەو سێ ساڵەی وەبیربێتەوە کە لە خزمەتی سەربازیدا بە سەری برد..ئیدی ئەم جۆرە یادەوەرییانە وای لێ ئەکەن بەدەنگی بەرز بگری..تەواوێك وەك منالْ بگری..هەر هێندە نا..بەڵکو بەسەریا دێ خۆی رووت کاتەوەو بچێتە سەر جاددە، هەندێ جاریش بە بیجامەوە بەرەو گۆڕستان بکەوێتە ڕێ.. لەوێ لای گۆڕێك، کەپێی وایە گۆڕی دایکیەتی دائەنیشێ.. لە مردووەکان و لەبەردو لە خۆڵی سەر گۆڕەکە ئەپرسێ:((هەموو ئەو شتانە بۆ روویدا؟ من پرسیار ئەکەم و پێویستە وەلأمم بدەنەوە،وەلأمێکم ئەوێ تیژ وەك نوکی چەقۆ،چ کەسێکیش نیە لە مردووان بە توانا تر بێ بۆ وەلأم دانەوە. دایکە تۆیش دەمێکە... زۆر دەمێکە لێرە دا نوستویت، هەموو شتێ ئەزانیت، ئەتوانیت پێم بڵێی بۆچی ئەوە رویدا!)).

کابرای گۆڕ هەڵکەن، کە پیاوێکی بالأ بەرز و گرژو مۆن و ئێسك قورس بوو وتی: زیاد لە جارێك مەنسورم بە نوستویی لە مابەینی گۆڕەکانا دیوە،بەدەما ئەنویۆ هەردوو لە پی دەستی ئەنێتە پشت سەری، گەردنی،کاتێ بە ئاگای دێنمەوە، بۆنی عارەقێکی کەسکون دێتە لوتم، روخساری زەرد هەڵگەڕاوو ڕەنگی مردووانی لێ نیشتووە، کە مەنسور لە بەئاگادێتەوە..چ شتێك ناکا، هێندە نەبێ بەدەنگێکی نزمی نزیك لە بۆڵە بۆڵ ئەڵێ: ((هەموو شتێکیان نەوتووە.. بەڵێ.. تۆزێك حاڵی بووم.. پێویستە.. زیاتر لەوە حاڵی بم)).

**لە بارەی چیەوە ئەپرسیٚ؟ لە کویٚ ئەپرسیٚ؟**

**لە سەعاتەکانی ئەو بێداربونەوە پرشنگدارەدا.. مەنسور عەبدولسەلام ئەڵیٚ: جەنگ .. هەر جەنگیٚ بیٚ، بەزۆری یەعنی سەرکەوتنی سوپایەك و بەزینی سوپایەکی تر.. ئەمەیە یاسای جەنگ، زۆر بە کەمیش جەنگیٚ کۆتایی دیٚ کە نەبراوەی تیابیٚ و نە دۆڕاو.**

**لە سەعاتەکانی بێداربوونەوەدا مەنسور عەبدولسەلام بە هێمنی قەشەیەکی هەژاری لادییٚی... لەسەر قسەکانی بەردەوام ئەبیٚو ئەڵیٚ : لەوە ئەگەم کە جاریٚ ببەزین.. کە سەد جار ببەزین.. بەڵام ئەوە تیٚ ناگەم ئەوەیە کە بەزینەکانمان لیٚ ببێتە سەرکەوتن.. بەڵیٚ ئەمە ئەو شتەیە کە تیٚی ناگەم.. چۆن ڕەنگەکان ئەگۆڕێن؟ چۆن ئەبنە ڕەنگی تر؟ بۆچی؟پزیشکیٚ کە عەینەکەکەی هێنابووە سەر کەپووی بە مەنسوری وت: ئەو خەمۆکییەی کەسواری سەرت بووە... هۆی جەستەیی و دەروونی هەیە.. ئەو پارچەیەی پێکاوتی ئاسەوارێکی جیٚ هێشتووە کە پاش ماوەیەك بە چارەسەرکردن لا ئەچیٚ..بەڵام بۆ هیلاکی دەروونی..ناتوانم هیچی لە گەڵا بکەم.. ئەوە تۆیت کە ئەتوانیت ئەوە بکەیت.. ئەبیٚ واز لە بیرکردنەوەی مەسەلەکان بێنیت، لە هەرشتیٚ خۆت بەدوور بگرە کەبێزارت ئەکا.. هەوڵ بە بحەوێیتەوە، زوو بنوو، زۆر مەخوێنەرەوە... تورە مەبە... بەکارهێنانی مادەی ووریا کەرەوەکەم بکەوە.. واز لە جگەرە کێشان بێنە!**

**مەنسور گوێی بۆ ئەو وشە کریستاڵیانە ڕائەدێرا، گوێی بۆ رائەدێرا وەك ئەوەی تەنها دەنگ بن و هیچ نەگەیەنن، یان بڵقی سابون بن و بۆ ساتێك دەرکەون و پاشان نەمێنن.چەند وشەیەکی کەم نەبیٚ هیچی تریان لیٚ نەئەکەوتەوە.**

**– ئاخر چۆن ئەتوانم؟ دکتۆر بۆ من ئادەمیزاد نیم؟**

**– بەڵام ئەی ئەتوانیت چی بکەیت؟ تۆ ئێستا نەخۆشیت.. کە چاك بویتەوە ئەتوانیت بکەویتەوە کار.. ئەتوانیت هەموو شتیٚ بکەیت!**

**– ئەتوانم چی بکەم؟بەر لەم پرسیارە ئەمەویٚ وەڵامی پرسیارێکی گرنگترم بەیتەوە : بۆچی ئەوە ڕوویدا؟ تۆ پزیشکیت و تاقە ئەرکی تۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە.. بەڵام پێویستە هۆیەکانی دەست نیشان بکەیت، عیللەتەکە لەوێدایە.. لە جێگەیەکی تاریك ونوتەك دا، بەڵام گەر بتەویٚ ئەو توێژاڵە دەرەکییە بکرێنی و ئیدی پێت وابیٚ کە مەسەلەکان چونەتەوە دۆخی جاران.. ئەوا زۆر هەڵەیت.. ببورە دکتۆر.. نامەویٚ لووت بژەنمە کاری تۆوە.. بەڵام شارەزاو هەستیار بووم، نەخۆشی زۆر جار حاڵەتێکی دەروونیە و نەخۆش لە پزیشك زیاتری لیٚ ئەزانیٚ.**

**– تۆ پزیشکی خۆتیت.. گەر یارمەتیم بدەیت، هێندە نابا لە جاران چاك ترو باوەڕت بەخۆت زیاتر ئەبیٚ.**

**– چۆن ئەتوانم؟**

**– وەك پێم وتیت :لە هەموو ئەو شتانە خۆت بەدوور بگرە کە خەم و بێزاری و ماندوویت تیا ئەوروژێنن!**

– مانای کردەیی ئەم قسەیە چییە؟
– مانای ئەوەیە کەواز لەم پرسیارە هەڵیت و پڵیتانە بێنیت.. مەنسور..جەنگ روویداو تەواو، هەموومان ئەوە ئەزانین. ئەشزانین کە ئەو شکستە هێندە تاڵ و گەورە بووکە ئیدی لەکەس شاراوە نییە.. ئەو پاساوانەشی کە بۆ ئەو شکستە ئەهێنرێتەوە پشیلەیەك قەناعەت پیٚناکا.. منالأنیش قەناعەت پیٚ ناکا!
– بەلأم خۆهەر ئەو پاساوانە ئەهێنینەوە.. بەدەنگی بەرز ئەو پاساوانە ئەهێنینەوە!
– تا قەناعەت بە خۆیان بێنن!
– قەناعەت بەچی؟
– نازانم!
– ئەمە ئەوەیە کەبیری لیٚ ئەکەمەوە.. هەر ئەوەشە کەسەرم لیٚی سوڕماوە!
– باشە وازانیت.. هیچ لە مەسەلەکە ئەگۆڕیٚ؟
– بیگۆڕیٚ.. یان نەیگۆڕیٚ،گرنگ ئەوەیە بزانم.
– ئەی دوایی؟
– کە هۆکە زانرا...سەرسوڕمان ئەڕەوێتەوە!
– ئەمە تەنها پەندێکەو هیچ ناگەیەنیٚ!
– هێشتا هەر لە هەمان جێگەداین....ئەمەویٚ بزانم.
– مامۆستا مەنسور وەك پێم وتیت، تۆ خۆت پزیشکی خۆتیت، گەر ئەتەویٚ چاكبیتەوە، ئەوا ئەبیٚ هاریکاری یەك بکەین.
– ئێستا دەرمانەکانم بۆ بنووسە..
– بە تەنها دەرمان سودی نییە! گرنگ ئەوەیە بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە بڕیاری چاك بونەوە بدەیت!
هاوڕێکانی ئەڵێن هەروا بۆ ماوەیەکی درێژ ئەو خەمۆکی و گۆشە گیرییە یەخەیان بەرنەدا... تا لە زانکۆ بە مامۆستای وانەی مێژووی هاوچەرخ دانەمەزرا، چاك نەبۆوە.
هەڵەکە لە کوێدایەو کەی کرا؟ تا ئەم ساتە نازانم.... ئێستا ئەپرسم: چما گەر لەبری وانەی مێژووی هاوچەرخ وانەیەکی ترم بوتبایەوە، ڕووبەڕووی هەمان گێچەڵ ئەبوومەوەو بە هەمان ئەو دەرەنجامە تالەش ئەگەیشتم؟!
تازە پەشیمان بوونەوە سودی نییە، هەموو شتەکان دوورو مەحاڵن، گەر پەشیمانیش ببمـەوە هیچ شتیٚ لە مەســـەلەکە ناگۆڕیٚ .. پەشیمان بوونەوە واتە دان نان بەجۆرێك لە هەڵەدا... من هەڵەم نەکردووە، گەر بمەویٚ خاتری خەڵکانی تر بگرم ئەڵێم: تا ئێستا نازانم ئەو هەڵەیە چیە کە توڕیدامە سەر جاددە..
سەرەتا.. کۆتایی،کۆتایی.. بەلأم ڕێك هەموو ئەو شتانە ڕوویاندا.
یەکەمین ڕۆژ، دوای ئەوەی کرامە مامۆستای وانەی مێژووی هاوچەرخ زوو لەخەو هەستام، خۆر بە تەمبەڵیی لەسەر پەردەکان، شانی دادابوو، تامی عەرەق لە

هەموو خانەیەکی لەشمەوە ئەهات، هەستم کرد ناو دەمم ووشك هەڵاتووەو دڵم ئەلەرزێ.. تەنانەت گەرمایی ژێر لێفەکەش بۆژۆو هەراسانی ئەکردم..

یەکەم ڕۆژ بوو کە ڕووبەڕووی قوتابیان ئەبوومەوە، چاوەکان..دەیەها چاو سەیریان ئەکردم ... ڕوانینەکانیان وەك قورقوشمی تواوە لە سەر جەستەم ئەخلیسکا، بەخۆت وت: مەنسور پێویستە کۆنترۆڵی خۆت لەدەست نەدەیت، بەهێمنی بدوێ، هەموو ئەو شتانە ئەزانی کە ئەتەوێ بیانڵێی .. مەشڵەژێ.. مەترسە ... لە هەندێ ساتی دیاری کراوا شورایەکی زۆر بەرز لە نێوان من و دونیادا هەڵئەچنرێ کە بڕستی بە زاندنیم نییە!چۆن چۆنی بەرامبەر قوتابیان ڕاوەستم؟ چی لەو بۆنی عارەقە کەم کە لە دەممەوە دێ؟خۆ ئەو ماجونە نەحلەتییەش وەك جاران بۆنی خۆشی نەعنای ساردی لێنایەت!چ شتێ بۆنی ئەو عارەق بنەبڕناکا..خواردنەوەی قاوەش سوودی نییە.. جگەرەش بۆنی ئارەق کەم ناکاتەوە.. پێویستە بە یەکجاری واز لە خواردنەوە بێنم، گەر بۆنی ئارەقیشم لەکۆڵ بێتەوە، ئەی چۆن لە سوور هەڵگەڕانی چاوم ڕزگار ئەبم؟ ئەو سوور هەڵگەڕانەی چاوم حەیام ئەبا..چاو حەیای مرۆڤ ئەبا! سارتەر... ئەو کابرا خێلە زۆڵە ئەڵێ : چاو زیاتر لە زمان دەئاخڤێ، ئەو پیاوە خێلە لە قسەی قۆڕ زیاتر چ شتێکی تر ناڵێ..من لە چاو ئەترسم.. لە چاوی منالأن، ناتوانم لە چاوی منالأن بنواڕم... منالأن ئەپرسن.. بەردەوام ئەپرسن، چی لەبارەی ڕوخسارە مس ڕەنگە ژەنگ گرتووەکەمەوە بڵێم؟

چی لە بارەی سوور هەڵگەڕانی چاوانمەوە بڵێم؟

جارێکیان..منالێك پرسیاری برینەکەی ژێرچەناگەمی کرد...وتی: کێ لێیداویت؟ بۆچی لێی دایت؟ نەمتوانی وەڵام بدەمەوە.. زیندانم بیرکەوتەوەو خەریكبوو بدەمە پڕمەی گریان.

کە چوومە هۆڵی وانەی خوێندنەوە، بە خۆم وت :لەسەر خۆ ئەدوێم... بە هێمنی گێلە پیاوێك ئەدوێم..نزیك لە خوێندنەوەی نەشرەیەکی ئیملاییەوە!چما بۆچی ئێزگەکان وازیان لە خوێندنەوەی نەشرەی ئیملایی هێناوە؟ هێشتا لە یادمە.. ئەوە لە دەمێکەوەیە..، ماوەیەکی زۆرە گوێم لەو جۆرە نەشرانە نەبووە....ئامێری نوێ تەنگی بە هەموو شتێ هەڵچنیوە، ڕۆژنامەیەك ئەتوانێ بەکڕینی ئامێری نوێ، لە یەك ساتا هەواڵەکانی هەموو دونیای بۆ بگوێزێتەوە.. ڕۆژنامەکان بریتین لە هەزاران فەرمانبەرو ئاپارتمانی گەورە و ئامێرو درۆ!ئێستا تۆ مامۆستای مێژووی هاوچەرخیت.... زۆر شت لەبارەی مێژووەوە ئەزانیت، بەڵام مێژوو چییە؟ بۆچی ئەم پرسیارەت لە خۆت نەکردوە؟

مێژوو چیرۆکێکی درێژو خەمینە، پڕە لە درۆ... لە سەرەتاوە وا بووەو لەمەولاش هەروا دەبێ!!

کاتێك خودا توڕە بوو لە ئادەم و حەوا و لە بەهەشت دەریکردن، هەریەکەیانی لەجێگەیەکا فڕێ دا.. هێشتا قاچ و قولە ڕوتەکانیان نەگەییبووە سەر زەوی کە سەفەری گەڕان دەستی پێکرد.. کەوتنە گەڕان بەدوای یەکتریدا، حەوا بە شەوو ڕۆژ

بەدوای ئادەما ئەگەڕا، بەڵام ئادەم بە ڕۆژ بەدوای حەوادا ئەگەڕاو بە شەو ئەنوست. بەو شێوەیە بەدوای یەکتریدا ئەگەڕان تا ڕۆژێکیان لە سەر شاخی عەرەفات یەکتریان دۆزییەوە!

حەوا لە ئادەمی پرسی :

– ئادەم....لە کەیەوە بە دواما ئەگەڕیێ؟

– لەو کاتەوە کە سێوەکەمان خوارد.

– ئادەم... بۆچی سێوەکەت خوارد؟

– لە بەرئەوەی هاوارێکم گویێ لێ بوو پیێ ووتم : بیخۆو مەترسە!

– ئەی چۆن و لە کویێ لە دووم ئەگەڕای؟

– لە خورماستانەکا.. لە ئەشکەوتەکانا.. لە دووت ئەگەڕام، هێند گەڕام بە دووتا بڕستم لێ بڕا، شوێن نەما لە دووت نەگەڕێم.

– لە هەموو کاتێکا ئەگەڕایت؟

– لە خۆر هەڵاتنەوە تا خۆر ئاوابوون.. کە تاریك دا ئەهات ئەنووستم و چاوەڕیێ ڕۆژێکی ترم ئەکرد تا سەر لەنویێ بەدواتا بگەڕێم!

دوای ئەوەی حەوا لە ئامێزی ئادەما حەوایەوەو هەناسەی دڵنیایی هەڵکێشا. ئادەم لێی پرسی :

– ئەی تۆ.. ئەی حەوای ئازیزو دڵ پڕ لە ئازار.. بە دواما گەڕایت ؟

حەوا بە ڕوانینێکی شکستەو تەوساوییەوە سەیری ئادەمی کردو وتی :

– ئادەم .. هەر کە سێوەکەت دەرخوارد دام لێرەدا خۆم بینیوەتەوە .. چ شتێکم لەدەست نەهاتووەو لە جیێ خۆم نەجوڵاوم.

ئادەم بە خەمەوە سەری راوەشان و وتی :

– تا یەکترمان دۆزییەوە زۆر ماندوو بووین.. لەم ساتەوە بەدوا لە یەکتر جیانابینەوە.

دایکم پیێئەکەنی و بە چێژو تاسەوە قسەکانی کۆتایی پیێ ئەهێنا..پاشان بەزمانێك کە تامێکی تایبەتی هەبوو ئەیوت:

– کاتیێ خودا لێیان چوو بە رقاو لە بەهەشت دەریکردن، حەوا شەو ڕۆژ، لەهەموو جێگەیەکا بەدوای ئادەما ئەگەڕا، تا لە شاخی عەرەفات یەکتریان دۆزییەوە.. بەڵام حەوا پیێ خۆش نەبوو دان بە ماندووبوونی خۆیدا بنیێ، حەزی نەئەکرد حەقیقەت بڵیێ!

دایکم وەك حەکیمیێ چیرۆکەکەی کۆتایی پیێ ئەهێناو ئەیوت : ئافرەت حەزی لە فێڵە، حەزی لە درۆیە..فێڵ و درۆ لە سەرەتای دروست بوونەوە هەن!

ئەمە یەکەمین مێژووە کە گویێم بۆ ڕادێرا.. ئیدی لەو کاتەوە گومان گەمارۆیدام.. بەجۆرێك کە بڕوام بە هیچ شتیێ نەئەکرد.

ڕۆژی یەکەم رووبەرووبونەوەی قوتابیان، قسەکردن لە بارەی مێژوو و حەقیقەتەوە!

چیرۆکی (تۆفان) هاتە پێش.. هەر وەك ئەوەی کە کتێبە قەبەکان چیرۆکەکە ئەگێڕنەوە، چیرۆکەکەم خوێندەوەو دڵم پڕ بوو لەترس..مەزەنەی نوحم ئەکرد ئەوکاتەی کە درەختی دارستانەکە ئەبڕێتەوە تا کەشتییەکیان لێ دروست بکا..ئاویش لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی داوە، زەوی نوقووم بووە بەڵام کەشتیەکە بە هێمنی سەر ئاو ئەکەوێ.. لە هەر بونەوەرێك نێرو مێیەك لەسەر ڕووی کەشتییەکەن... بە ئەسپێ و مێشوولەو مارو چەقەڵیشەوە.. کاتێ زەوی نوقووم بوو، ئاو سەر باڵای درەختەکان کەوت، پاشان چیاکانیشی داپۆشی، ترس دونیای گرتەوە.... دوای چل ڕۆژ ئاوەکە کەم بۆوە! گەلگامش بوو کە هەموو شتێکی بینی، داستانە نوسراوەکەی سەر تابلۆ قوڕینەکان وائەڵێ.. گەلگامش و داستانەکە هەزار ساڵ بەر لە کتێبە قەبەو ئەستورەکان ژیاون.. خەڵکیش...هەموو خەڵکی تەنها لەسەر بناغەی تەورات لەبارەی تۆفان و بوونەوەرە نێرو مێکانەوە دەئاخڤن، مێژووش لە تۆفانەکەوە دەستی پێکردووە، بەر لە تۆفان مێژوو نەبووە، کەس دانی پیا نانێ.. لە سەر هەموو کەسێکیش پێویستە باوەڕی پێ بێنێ.... ڤیروسیا لە تابلۆ قوڕینە سورەکان، ڤیروسیا لە شیعرو ئەنکیدۆ.. ئەوەی باوەڕ ناکا کافرەو شیاوی ئەوەیە بە هەرسێ ئاینەکە ڕەجم کرێ!

کەواتە مێژوو چییە؟ چۆن دەستی پێکرد..؟ ئەشێ مەنسور عەبدولسەلام چۆن لەگەڵ ئەو قوتابیانەدا بئاخڤێ کە حاڵی حازر وەك بوکە شوشەیەك لێی ئەڕوانن؟

(ئەو وانانەی کە پێتان ئەڵێم لە بارەی مێژووی نوێوەیە ، پێویستە خاڵە سەرەکیەکان لای خۆتان یاداشت کەن، چاپکردنی موحازەرەکانیش دوو مانگێکی پێ ئەچێ، هەوڵ ئەدەم بەزوویی ئامادەی کەم، بەڵام پێشنیارم بۆ هەمموان ئەوەیە، کە زانیاریو تێبینیەکان لای خۆتان یاداشت کەن!

بەر لەوەی بچینە ناو باسەکەوە، پێویستە چاوێ بەو تێورە بنەڕەتییانەدا بگێڕین کە مێژوو دیاری ئەکەن و لەنێو مەعریفەکانی تری ئادەمیزادا ڕیزبەندی ئەکەن.. بەمانایەکی تر ئایا مێژوو زانســتە یاخود ئەدەبە؟ هەندێ لە تێورەکان پێیان وایە کە مێژوو زانستێکە وەك هەموو زانسنەکانی تر، وەك ماتماتیك و فیزیا..).

(پێویست بوو یەکەم جار زانستم پێناسەکردبا، لە شتی ساکارەوە بچومایەتە ناو بابەتەکەوە!).

(مامۆستا فەرید بە عەینەکە پزیشکییە کەشخەکەیەوە لە بەرامبەرمانا ڕاوەستا.... یەکەم جار دەمی بەسترا، وشەکان پچڕ پچڕ لە زارییەوە ئەهاتنە دەر، لەشەرما ڕوخساری سوور هەڵگەڕا.. بەڵام بە توڕەیی درێژەی بە قسەکانی دا.. (مێژوو زانستە، نەك هەر زانستە بەڵکو بناغەی هەموو زانستەکانیشە، بەڵام ئەدەب..) ڕوخساری گۆڕا، تەوسێك تاڕادەی ڤێز لێهاتنەوە لەسەر ڕوخساری شەپۆلی ئەدا، (مێژوو چ پەیوەندییەکی توندو تۆڵی لەگەڵ ئەدەبدا نییە، لەبەر ئەوەی ئەدەب پشت بەئەندێشە ئەبەستێ، هەرچی زانستیشە.. بنەمای پتەوی بابەتیانەی خۆی هەیە!).

مامۆستا فەرید بە بڕوانامە باڵاکەیەوە ڕق و سوکایەتیمان تیا ئەوروژێنێ.. بەڵام مامۆستا ئەدهەم کە مێژووی عارەبی ناوەڕستی پێ ئەوتین، مێژووی ئەکردە جۆلانەیەك لە چێژیی بێ کۆتایی..مێژووی ئەکردە چیرۆکی خۆشی وا کە بە تاسەوە گوێمان بۆی ڕائەدێرا! بەڵام ئەو تیۆرەی کە مێژوو لە چوار چێوەی ئەدەب دا ریزبەند ئەکا، تیۆرێکە کە پشتی بە کەلەپوور بەستووە.. بە تایبەتی کەلەپووری کۆن.. لەبەرئەوەی لە داب و نەرێتی گەلانەوە هەڵگۆزراوە.. لە شیعرو داستان و چیرۆکەوە!)

(ڕاستە نووسینەوەی مێژوو، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بەڕادەیەکی جەوهەری جیاوازە.. بەڵام نوسینەوەی مێژوو لە ئێستا دا بەندە بە بنەمای دیاریکراو و بابەتییەوە، هەروەك چۆن کە ڕووداوە مێژووییەکان لەسەر بنەمای دیاری کراو ڕاڤە ئەکرێ..لەگەڵ ئەوەشا هێشتا خەسڵەتی ئەدەبیانەی مێژوو ئاشکرایەو هەندێ جاریش ئەو خەسڵەتە شتێکی بنەرەتییە بۆ تێگەیشتن لە مێژووی گەلێك لە گەلان.

لە درێژەی قسەکانا ئەڵێن : ئیبن خەلدون بنەماکانی زانستی مێژووی داڕشت، یەکەم کەسێکیشە کە تێگەیشتن و ڕێ و شوێنی تێگەیشتن لە مێژووی گۆڕی.... کتێبی (پێشەکی) یەکەی بە گرنگترین نوسراوی مێژوویی سەردەمەکەی خۆی و سەردەمەکانی دواییش دائەنرێ، بەڵام ئیبن خەلدون کە ئەو بنەما زانستیانەی داڕشت، لەو مێژووەدا کاری پێ نەکردووە کە خۆی نوسیویەتیەوە!).

چما هەموو شتێکیان پێ بڵێم؟ بە یەکجار حەقیقەتیان بدەم بە ڕوودا؟ بەڵام چ پێویست بەو داچڵەکاندنە ناکا.... وردە وردە دەروازەی عەقڵیان ئەخەمە سەرپشت..

(وەك سەرنجتان دا.. مێژوو پێویستی بە چاوپیاگێڕانەوە هەیە، پیویستی بە نوسینەوەیەکی نوێ هەیە.. (ژیانمان هەمووی درۆیە).. بەتایبەتی مێژووی هاوچەرخ..).

گەر تەماشایەکی مێژووی هاوچەرخ بکەین، بەڵێنی بەلفۆر، یەکەمین تەقە، شۆڕشەکان، شکستەکان.. ڕاستیەکان لە کوێدان؟ سەرچاوەکانی مێژوو کوان؟ ئینگلیز عادەتی وایە هەموو بەڵگە نامەکان بە بەڵگە نامە نهێنیەکانیشەوە، دوای پەنجا ساڵ لە دەرچوونیان.. ئەخاتە بەر چاوی خەڵك.. بەڵام مێژووی ئێمە.... مێژووی ئێمە چییە؟

سوکایەتی کردن بە هەموو حەقیقەتێ.. شێواندن ولنگە و قوچ کردنی هەموو حەقیقەتێ!

ئەو کتێبانەی ئێستا کتێبی ڕەسمین ، دەسەڵاتداران نوسیویانن.. لە ڕوانگەی بەرژەوەندی خۆیانەوە و بۆ خزمەت کردنی خۆیان نوسیویانن.. هەرچی ڕاستیەکانیشە لە نێو سینگی خەڵکی دا پێچراونەتەوە، بە جۆرێك پێچراونەتەوە کە تیشکی خۆریشیان ناگاتێ،کاتێ ئەو خەڵکانە ئەمرن ڕاستیەکانیشیان لەگەڵ ئەمرێ!

مێژووی کۆن.... مێژووی پادشاو سەرکردەو پەلامارەکان کێ نوسیویەتی؟ بۆچی بەو شێوەیە نوسراوە؟ چما ئەوەی ئەیخوێنینەوە بە ڕاستی روویداوە؟ یان

تەنها وێنەیەکەو خەیاڵ دروستی کردوە؟ بۆ نموونە.. کردنی شا فەیسەڵ بە پادشای عێراق..ئەو مێژووەی لە بەردەستمانایە ئەڵێ : دوای ئەوەی فەیسەڵ بە پادشای عێراق هەڵبژێررا، شادی ولاّتی تەنی و لە هەموو جێگەیەك ئاهەنگ بەو بۆنەیەوە ساز کرا، لە شارو لە لادێ،لە دەشت و لە بیابان.. شەو وڕۆژ پەرۆی ڕەنگاو ڕەنگ و ئالاّی عارەبی بەسەر مالاّنەوە ئەشەکایەوە... نیوە ڕوان و ئێواران هەر دەعوەت و دەعوەتکاری بوو،تەنانەت هەژارانیش هێند تێر بوون بەرماوەی خواردنەکەیان لەگەڵ خۆ نەئەبرد.. ناچار ئەدرایە سەگ یاخود لە نێو تەنەکەی خۆڵ ئەنرا.

ئیدی لەو ڕۆژەوە، هەموو ولاّت بەرەو کۆشکی پادشایەتی کەوتە ڕێ تا گوزارشت لە خۆشحاڵی و شادیی خۆی بکاو سەر لە نوێ پەیمان و بەڵێن بۆ شا ڕاگەیەنێتەوە، ئەم بەڵگەیەش بەسە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە گەل بڕیاری هەڵبژاردنی داوەو لەو هەڵبژاردنەش دا مۆفەق بووە!

گەر بمانەوێ ڕوداوێ بکەینە مێژوو.. ئەبێ چی بکەین؟ روداوەکان چڕئەکەینەوە، پاشـــان لە رووی مێژووی ڕوودانیـــانەوە ڕیز بەندیان ئەکەین، لە سەرچاوەکانی ئەکۆڵینەوە،خاڵە هاوبەشەکانیان شی ئەکەینەوە.. و پاشان دەرنجامەکانیان ئەنووسینەوە.. گەر هەوڵ بدەین  ئەم بنەمایانە بەسەر هەر ڕووداوێکی مێژوویی دا دابڕین، مەبەستم ڕووداوە هاوچەرخەکانە، ئەگەینە مێژوویەك کە تەواوێك جیاوازە لەو مێژووەی کە لەبەر دەستمانایە، زۆر جیاوازە لەو مێژووەی کە لە قوتابخانەکانا فێری ئەبین!هەرچەندێ مێژوو کۆنتربێ، کەمتر گومانی ئەوەی لێ ئەکرێ کە شێوێنرابێ،لە بەر ئەوەی ژمارەی ئەوانەی کە سوود لەو شێواندنە ئەبینن کەمتر ئەبنەوە! خۆ گەر ئەو تابلۆ قوڕینانەی کە مێژووی کۆن و داستان و حەکایەتەکانیان لەسەر تۆمار کراوە درزی نەبردبا، ئەوا ئەمانتوانی بگەینە هەموو ڕاستیەکان....

شەش هەفتە دوای رەوانەکردنی نامەی یەکەمم بۆ مسیۆ مارشان.. ئەم نامەیەی خوارەوەم بە دەست گەیشت :(تکایە هەر کە ئەگەنە وولاّت،لە شوێنی کاردا خۆتان بە مسیۆ دۆناڵ بناسێنن.. ئەمەش لە بەرئەوەی کە مسیۆ دۆناڵ بەر پرسیاری نێردەکەیە، پاشان ئێمە رەزامەندی خۆمان بۆ کارکردنتان لە گەڵمانا بە لایەنە بەرپرسەکان ڕائەگەیەنین تا ڕێو شوێنی سەفەرتان بۆ ئاسان بکرێ). کەواتە سەفەرەکە لە پێناو گەڕانە بە دوای شوێنەوارا، مسیۆ مارشان بەداواکەم قایل بووە.. مسیۆ مارشان.... سوپاس.... هیوادارم ڕۆژێك یەکتری ببینین.. دڵنیام کە ڕۆژێك سەردانی نێردەکە ئەکەیت، یاخود ئەشێ لە مەنسور عەبدولسەلامت پرسیبێ.. ڕنگە پێت سەیر بێ کە من تا سنووری خۆشەویستی ڕێزێکی قووڵم هەیە بۆت.. ئەو ڕێزو خۆشەویستیەم  بەرامبەر هیچ کەسێ لە ولاّتەکەما نییە..لە بەر ئەوەی تۆ ڕزگارت کردم.. یان بواری ئیش کردنت بۆ رەخساندم؟.. نازانم..

ئەبێ شێوەی مسیۆ مارشان چۆن بێ؟ مەزەنە ئەکەم بالاّ بەرز بێ.. زۆر بالاّ بەرز بێ.. لەڕو لاواز بێ .. سمێڵکی سپی قنجی هەبێ .. مەزەنە ئەکەم چاوی شین بێ....

لوتی باریك بێ....مەزەنە ئەکەم لە گەنج گورج و گۆڵتر بێ .. مەزەنە ئەکەم هەندێ وشەی عارەبی بزانێ.... مەزەنە ئەکەم هەمووان خۆشیان بوێ، مەزەنە ئەکەم زوو هەڵبچێ.. بەتایبەت لە دوای مردنی ژنەکەیەوە!ئاوها مەزەنەی مسیۆ مارشان ئەکەم... تا ئەیبینم وێنەی مسیۆ مارشانم ئاوها لا ئەمێنێتەوە.. هەرچی مسیۆ دۆناڵیشە نامەوێ مەزەنەی وێنەکەی بکەم.. دووسبەی خۆمی پێ ئەناسێنم:

(مسیۆ دۆناڵ... ڕێزی خۆمت پێشکەش ئەکەم، من مەنسور عەبدولسەلامی وەرگێڕم!).. کاتێ وا ئەڵێم.. بڵێی چ سەرنجێ لەسەر ڕوخساری دەرکەوێ؟

چەند هەنگاوێك ماوە .. مسیۆ دۆناڵ زۆر نزیك بۆتەوە .. دواجار سنووری گەمارۆکەی چوار دەورمم بەزاند .. کەواتە سەفەر ئەکەم.. تا دەست بە ئیش بکەم سوپاس .. سوپاس بۆ شتێك!

—

ڕوخساری کاترین لە یادەوەریما دائەگیرسێ وخامۆش ئەبێ، لە هەموو ساتێکا دائەگیرسێ و خامۆش ئەبێ.. عامودی تەلەفۆن و درەختە سەوزەکان بە خێرای ڕەت ئەبن، بیرم ئەکەوێتەوە ... و لەبیرم ئەچێتەوە، ئەمویست بۆ هەتا هەتایە یادم بێتەوە، ئەمویست دوای ئەو ساڵە درێژانەی خەون و چاوەڕوانی،کاتێ بۆ نیشتمان ئەگەڕێمەوە تەواوێك بیرم بچێتەوە!

لەگەڵ جووڵەی یەك ڕیتمی قیتارەکەدا .... بیرو ئەندێشەکان لێکدا لێکدا خۆیان بە زەینمدا ئەکێشا!

مەنسور خێرا دەست پێ بکە! بەڵێ، پێویستە دەست پێ بکەی... بەتەنها نیت، ئەوەی بیری لێ ئەکەیتەوە هێند ساکارو پێویستە کە چ کەسێ بۆ ئەنجامدانی دوانەکەوێ... ئەبنە گروپێکی توندو تۆڵی وەك بەرد و پێکەوە دەست بە کار ئەبن.

زۆرن ئەوانەی کە وەك تۆ بێزار بوون لە کتێبە زەردەکان... کە وەك تۆ بێزاربوون لە کتێبە ڕەسمییەکان... پێویستە سەر لە نوێ مێژوو بنوسرێتەوە.

بەڵام پێویستە کام مێژوو بنوسرێ؟بێگومان مێژووی پادشاو دەلاڵ و گەوادە کەڵەشێر ئاساکان نا.. بەڵکو مێژووی ئەو خەڵکانەی کە تێپەڕین بێ ئەوەی کتێبێ یان پاچە سیرامیکێ ناویانی بردبێ..مێژووی ئەو ڕووداوانە ئەبێ کە ژیانی گۆڕی.... بێ ئەوەی کەشف کرابێتن!!

قیتارەکە گەیشتە نیشتمان.. دوای ئەمیش هەزاران قیتاری تریش گەیشتن و زۆر خەونیش مردن!چ زەمەنێ تێ پەڕیوە لەو ساتەوەی کە قیتارەکە تۆی گەیاندەوە وڵات! چ تاسەو حەزێکیش لەو ساڵانەدا خامۆش بوون؟ تۆو خەڵکانی تر چ ئەزمونێکتان تێپەڕاند تا دواتر دڵنیا بیت لەوەی کە پێویستە ئەم دونیا مەجوسی‌یە

بسوتێنری؟ هێندەی نەبرد، پیاوەکان کەوتنە پرسیار : ئەکرێ کام مێژوو بنوسرێ؟ بە نائومێدییەکی بە ناسۆرەوە وتیان : پێویستە ببینە زانای شوێنەوار ناس تابتوانین بەرد بخوێنینەوە.. جگە لە بەرد هیچی تر نا.. لەبەر ئەوەی بەردی بێجوولەیە کە تەنگ بەژیانی کەس هەڵناچنێ.... پاشان دەسخەتە بزمارییەکان ساغ ئەکەینەوە، تابلۆ قورینەکان ئەخوێنینەوە... ئیدی ئەتوانین شتێ لەبارەی مێژووی کۆنەوە بنوسین، ئەتوانین شتێ بنوسین.. کە دەسەلأتداران ڕێگەی پێ بدەن..یان ئەبێ لەبارەی زیندووانەوە بنووسین یاخود ئەبێ بە خەڵك بڵێین کە پێویستە مێژوو چۆن بێ!! ئەمەش تەنگ هەڵچنینە بە ژیانی کەڵەشێرە ئاوساوەکان، بۆیە توڕەئەبن و ئەشێ ئەوشتە تەواوێك ئافەرۆز کەن کە ناوی نراوە مێژوو!

ئەو ڕۆژانە کۆتایی یان هات! لە گەڵیدا ئەو ئارەزووە سەرکێشانەش کۆتاییان هات کە لە زەینی ئەم زەمەنە مردووەدا ڕۆیشتبوون.

دوای چەند ڕۆژێکی تر ئەچمە سەر ئیشە تازەکەم، ئەمجارەیان ئەمەوێ بەدەستم کاربکەم.. پاچ ئەگرمە دەست و بە زەویدا ئەکێشم، دەست و دەم و چاوم ئەنێمە خۆڵ.. جلێکی کۆن ئەپۆشم و لە بەرە بەیانەوە تا ئێوارە ئیش ئەکەم..چما مسیۆ دۆناڵ ڕێگە ئەدا ئیشێکی لەو جۆرە بکەم؟ هەموو ئەرکێکی تەرجومە ڕائەپەڕێنم.... بەلأم بڵێی ڕێگە بدا وەك ئەوانی تر بەشداری لە هەڵکەندن و هەڵکۆڵیندا بکەم؟ ئەوان وەرگێڕێکیان ئەوێ نەك کرێکارێك پاچیان بۆ هەڵگرێ... کەواتە بڵێی سەرلەنوێ فڕێ بدرێمە ئەو دیو مێزی نوسینگەوە؟

لە ئەوەڵەوە بەموو لە ڕانومابیەکانیان لانادەم، چ شتێ پێچەوانەی خواستی ئەوان ناکەم، بەلأم وردە وردە ئەکەومە ئەنجامدانی ئەو ئیشەی کەزیاتر لەگەڵ حەزی منا دێتەوە.... هەمووممان لە شوێنی کارا ئەبین.. لە پاڵ یەکدا دەئاخڤین و ئیش ئەکەین، چ جیاوازییەك نابێ لەنێوان ئەو کەسەی کە تەرجومە ئەکاو لەنێوان ئەو کەسەدا کە پاچێکی بە دەستەوەیەو زەوی هەڵئەکەنێ . تەنانەت مسیۆ دۆناڵیش پاچێکی بەدەستەوە ئەبێ!

– مسیۆ دۆناڵ.. حەز ئەکەم بەدەستەکانم کاربکەم.. هەموو ئیشێکی تەرجومە ڕائەپەڕێنم، بەلأم ڕێگەم بدە بەشداری ئەو کەسانەش بکەم کە زەوی هەڵئەکەنن!

– مسیۆ مەنسور تۆ ئەزانیت کە لە نوسینگەدا زیاتر پێویستمان پێتە وەك لە شوێنی کار... پێویستە پەیوەندیەکانمان لەگەڵ بەر پرسیارانا لە دەزگاکانی شوێنەوارو دەسەلأت بۆ ڕاپەڕێنیت.... هەرچی سەبارەت بە ئیش کردنە لە شوێنەکانی کاریش دا، ئەوا ئێمە ژمارەیەکی باش کرێکارمان هەیە.. پێویستمان بەهی تر نییە!

– مسیۆ دۆناڵ... ئەی کرێکارەکان..کێ تەرجومەیان بۆ بکا؟ کێ ڕانومابییان کا کە کارەکانیان بە باشترین شێوە ئەنجامدەن؟

– خەمت نەبێ، ئەوەیان کێشەیەك نییە... هەرهێندەیە لێرەدا هەڵکەنە.. هەڵئەکەنێ ....خــۆڵەکەی ئێرە لابە..لای ئەبا..وەرە..دێت، مسیۆ مەنسور پێت وایە

تەرجومەی نێوان ئێمەو کرێکارەکان بەو گرانییەیە؟
– مسیۆ دۆناڵ .... بەڵام ئاسەوار شتێکی ناسکە. هەڵە هەڵناگرێ، مەزەنە بکە گەر کرێکارێك لە مەبەستەکەت نەگا.. لەبری ئەوەی بە هێمنی پاچ لە زەوی بدا بەتوندی پاچەکەی بووەشێنێ و ئەو پارچەیە بشکێنێ کە ئێمە لە دووی ئەگەڕێین!.. ئیدی ڕیسەکەمان لێ ئەبێتەوە بە خوری!
– وردە وردە فێر ئەبن .... ئەمان بینن کە ئێمە کار ئەکەین .... ئێ جگە لەوە ئێمە.. ئێمە لەکوێ ئەبین؟ لە هەموو ساتێکا لەگەڵیاندا ئەبین! – بەڵام مسیۆ دۆناڵ..من ئەمەوێ لە هەڵکۆڵین دا بەشدار بم!
– کاتی ئەوەش دێ بۆ ئەوە پێویستمان بە یارمەتیت بێ، بەڵام ئێستا گرنگترین شت ئەوەیە تەرجومەی شتە پێویستەکان ڕاپەڕێنیت.
دوا جار مسیۆ دۆناڵ قایل ئەبێ وپێم ئەڵێ :
– مسیۆ مەنسور.. ئەو کاغەزانە دانێ، وەرە لەگەڵمان بۆ شوێنی کار،پێویستە تامی خەنی بوون بەساتی دەگمەن .... بە ساتی دۆزینەوەوە بکەین.. پێویستە بڵێین: کاتێ تابلۆکانمان دۆزییەوە مسیۆ مەنسوریشمان لەگەڵ بوو!
– مسیۆ دۆناڵ..لەکاتێکی ترا ئەپەرژێمە سەر تەرجومە کردنی ئەم کاغەزانە، بەڵێ هەر ئێستا لەگەڵتان دێم، پێویستە شاهیدی ئەو دۆزینەوەیە بم، تا دواهەناسەی ژیانم ئەم ساتانە لەیادەوەریما ئەمێنێ، زۆر چاوەڕێمان کرد.. کارمان زۆر کرد.... وا ئێستاش بردمانەوە! دوای نیو سەعات ئەگەینە شوێنی کار، هێشتا بەیانییە .... خۆری زستان گەرماییەکی بەتام بۆ زەوی ئەنێرێ، سەرما پاشەکشێی کردووە..پیاوەکان پاڵتۆی کاریان لەبەرایە، پاچی چکۆڵەو ڕاخەرەکانیان پێیە .... سنوقی بریقە داریان لەبەردەمایە کە چاوەڕێی لە ئامێز گرتنی تابلۆکان ئەکەن، دەست بەکار ئەکرێ، لەگەڵ پاچ وەشاندنە نەرم ونیانەکان، دەنگی گۆرانی بەرز ئەبێتەوە، گۆرانییەك بە گۆرانی ئەو کەشتییەوانانە ئەچێ کە لەگەڕانەوەیانا ڕۆشنایی کەناریان دیوە.. خۆشییەکی دەگمەن.. خۆشییەك کەکەم لەژیاندا ئەڕەخسێ .... هەموو شتێکی لێ لێواو لێو ئەبێ.. چەند سەعاتێك وکاتێ خۆر ملی بەلای خۆر ئاوابونا وەرئەگێڕێ، سنوقەکان پڕ ئەبن لە تابلۆو روخساری پیاوەکانیش بەشادیی‌ئەدرەوشێتەوە،بتڵە شەرابەکان ئەگرن بەدەستەوەو لەچاوی سەر کەوتن ئەخۆنەوە.. لە کەمتر لە سەعاتێك دا بروسکە بەهەر چوارلادا ئەنێررێ کە مژدەی مەزنترین دۆزینەوەی مێژوویی پێیە..کێ بەشداری تیا کرد؟ زۆر کەس بەشداری یان تیاکرد.. خەڵکانێکی بێ ناو.... خەڵکانێکی دەم وچاو رەش و دەم و چاو سوور.. خەڵکانێك کە چاوانیان پێ ئەکەنێ..دەستیشیان بە جۆرێك پارچە چکۆلە قوڕینەکانی هەڵگرتووە.کە هەر ئەڵێی لەوادەی سەفەرا ئامێزیان بە خۆشەویستەکانیانا کردووە... مەنسوریش لەگەڵ ئەوکەسانەدا بوو، هاوکاری ئەو کەسانەی کرد، ئەو تۆزو خۆڵە بەتامە لەسەر قژو روخسارێتی و لەگەڵ خۆی و لەگەڵ ئەوانی ترا ئەدوێ.. قسەکانی ئاشکرانین وکەس تێیان ناگا.. مەنسور تەنها

ئەیەویٚ بدویٚ....ئەیەویٚ هاوار کا... ئەیەویٚ شتیٚ بکا... دوای ئەوەی سنوقەکە دائەنیٚ، بوتلٚی شەراب هەلٚئەگریٚ، ئەخواتەوە..و ئەخواتەوە.. مەنسور بردییەوە.. چەند خۆشە سەرکەوتنی ئادەمیزاد.. چەند بەتامە ئەم شەرابە.. هیٚشتا خۆر بە ژوور سەریٚوەیەتی، بەلاٚم تامەکەی هەر لە تامی ئەو شەرابە ئەچیٚ کە رۆژیٚك لە رۆژان لە کەناری دەریای رەش خواردییەوە، ئەوە زۆر دەمیٚکە... شتەکان کوت وپڕ بەیەك ئەگەن.. کۆئەبنەوە.. مرۆڤ بردییەوە.. گەیشت بەو شتەی کە ئەیویست!

مەنسور هەموو شتیٚ لە بیرکەو بۆ ئەم سەعاتە بژی.. ئیدی ئەمە مەزنترین ساتە.. هەرگیز ساتی وا بەخۆتەوە نابینیتەوە.. چما لەماناکەی ئەگەیت؟هەست بەگرنگی ئەم ساتە ئەکەیت؟

ئادەمیزاد لەنیٚوان دوو سنوری کۆتاییدا دیٚت و ئەچیٚ : دۆزینەوەو شکست ، ئەو شتەی بە دوایدا ئەگەڕیٚ و هیچ شتیٚ.. ژیان و فەنا بوون.. ئەمەیە ساتە گەورەکان.. واگەیشتیت، لە پیٚناو وەها ساتیٚکا ئەکریٚ نەهامەتییەکانت تەواویٚك لەبیر بکەیت.. شتەکان بەلاتەوە لە یادەوەری زیاتر چ شتیٚکی تر نەبن.. رۆژانی چەرمە سەری بەسەرچوون.. رۆژانیٚك کەبەدوای کارا ئەگەڕایت و دەستت نەئەکەوت، رۆژانیٚك کەلە دەرگاکانت ئەداو کەس وەلاٚمی نەئەدایتەوە.... رۆژانیٚك کە بەسەعات چاوەڕیٚت ئەکرد تا بەزەیی ئەو پیاوە زلە بجولٚیٚ، بەلاٚم ئەو لە دەرگایەکی ترەوە ئەچووە دەریٚ وچاوەڕوانیەکانت بەهەدەر ئەچوون!.. هەستی نەگبەتیو رق و نائومیٚدیت تیا ئەوروژا، بەلاٚم وا ئیٚستا بەچاوی خۆت تابلۆ جوانەکان ئەبینی، ئەیبینی و زەردەخەنەش هەموو روخسارەکانی داپۆشیوە، پیاوەکان بوونەتە برا، لەخۆشیدا پیٚکەوە ئەگرین و پیٚکەوە پیٚئەکەنن. ئەم ساتانە بەرامبەر هەموو ژیانتە!

بەلاٚم مەنسور تۆ خەو ئەبینی... ئەوەتا کیژۆلٚەکەی بەرامبەرت بەبەزەییەوە تیٚت ئەڕوانیٚ.. پیریٚژنەکەش پریاسکەیەکی کردەوە.. نازانیت چی لەو پریاسکەیەدایە.. پیریٚژنەکە خۆی پیٚوە خەریك کرد! قیتارەکەش وەك ئەوەی لە جیٚگەی خۆیدا وەستا بیٚ، بە ریتمیٚکی یەك لە دوای یەکی وەك یەك ئەلەریٚتەوە!! مەنسور.. دوور رۆیشتیت...! خەوت بینی بەهەردوو دەست تابلۆ قورینەکانت گرتووە، تۆ هیٚشتا لیٚرەیت.. نەگەیشتویتە شویٚنی کار و نەمسیۆ دۆنالٚیشت دیوە.. بۆ مەسەلەی دۆزینەوەکەش...جاریٚ زووە!

ئەمەویٚ لەگەلٚیدا بئاخڤم و شتیٚکی پیٚ بلٚیٚم.. ناوەکەیم پیٚ گرنگ نییە، ناشمەویٚ چ شتیٚ لە رابردووی... لە بارەی ژیانییەوە بەر لەوەی سواری قیتارەکە بیٚ بزانم.. لەم ساتەیدا ئەمەویٚ.. لەبەر ئەوەی پاش ساتیٚکی تر لیٚکدی جویٚ ئەبینەوە، ئەشیٚ جاریٚکی تر یەکدی نەبینینەوە! ((نازدارترین شۆخ و شەنگ..ریٚگە هەیە پرسیاریٚکت لیٚ بکەم..)) سەری رائەوەشیٚنیٚ و زەردەخەنەیەکی چکۆلەش لەسەر لیٚوانی ئەنەخشیٚ...پیٚی ئەلٚیٚم : ((نامەویٚ بەدەنگی بەرز وەلاٚمم بەیتەوە... هیٚندە بەسە بەشیٚوەیەك لە شیٚوەکان وەلاٚمم بدەیتەوە، ئەتوانیت سەرەتاییانە وەلاٚمم بدەیتەوەو گوزارشت لە ئارەزووەکانت بکەیت.. بۆ نموونە ئەتوانیت دەستبخەیتە

سەر شوشەی پەنجەرەکە... ئەتوانیت سێ جار پەنجە بە مێزەکەدا بدەیت، ئەتوانیت پێڵاوەکانت تاکەو تاك لە پێکەیت.. ئەو ئیشارەتانەم بەسە تا تێبگەم کە ئارەزووەکانت لەگەڵ ئارەزووەکانی من بەرامبەرن.

گەر وابێ... ئەوا ئەو ئارەزووەی کە ئێستا لە سینەما تاوی سەندووە، هێندە توندو بەجۆش و سەرکێشە کەناتوانم بەری لێ بگرم، پێویستە بە هاواریەوە بچم.. لەم پیرێژنە نەحلەتییە مەترسە، بەشی خۆی لێواو لێو بووە لە لەزەت تا سنوری لێرژان و پاشان وشك هەڵگەران.. ئێستا ئیدی بۆی نییە تاقە وشەیەك چییە بیلێ... بەڵام سوودی هەموو ئەم شتانە چییە کە ئێستا بیریان لێ ئەکەمەوە....؟ تۆزێکی تر پیرێژن زەمبیلەو کوڵەکەی هەڵئەگرێ و کیژۆڵەکەش پێش خۆی ئەداو ئەڕۆن.. بێوتنی ووشەیەکی ماڵئاوایی ئەڕۆن... بێ سەیر کردنێ ئەڕۆن...ئیدی ئەتوانم چیبکەم؟ مەنسور... هیچ شتێ...، سوودی ووشەیەك چییە بیڵێم کە وەك لەبەردەمی پۆلیسا بم کەوتومەتە هەناسە بڕکێ؟ چ شتێ سوودی نییە، تازە مەسەلەکان بڕیاریان لەسەر دراوە .. ڕێچکەی خۆیان وەرگرتووە، چ هێزێك ناتوانێ بیانگۆڕێ... دەی... با شتەکان چۆنیان پێ خۆشە وا بڕۆن... منیش ئەتوانم بێ ترس... بێئەوەی هیچ کەسێ تاقە وشەیەك بڵێ.. درێژە بە خەون بینینی خۆم بدەم... هێشتا مسیۆ دۆناڵ دوورە ... ئەی شوێنگەی کار؟ شوێنگەی کار لە کوێیە؟ نزیك شارە؟ دوورە لێوەی؟ لە کوێ ئەنووین؟ هەر لەوێ نان ئەخۆین؟ بە یەکەوە؟ مەنسور تۆ خەون بینینیش بەڵەد نیت، لە خەونێکەوە باز ئەدەیت بۆ خەونێکی تر، تەنانەت تۆ وەك خەڵکیش نازانیت چێژ لە خەون بینین وەرگریت... هێشتا هەموو شتێ دوورە، هەموو شتێ مەحاڵە... نازانیت ئەو ئیشەی بۆی ئەچیت چیە...! تەنها هێندە ئەزانیت کە گردۆڵکەیەکی خۆڵ و بەردە... ئەشێ ئیشەکەت پێ خۆش بێ و ڕەنگیشە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە لێی هەراسان بیت... سەبارەت بەو پیاوانەش کە لەگەڵیان ئەژیت.. چما دڵنیایت لەو پیاوانەن کە تۆ بە دوایانا ئەگەڕێی؟ نازانیت... بەڵێ نازانیت... بەڵام دونیاکەی ئێستا، هەزاران جار لە دونیاکەی دوێنێ باشترە... دونیای سێ ساڵی رابردوو .... بیرت چۆوە؟

**کەی هەڵەم کردو... هەڵەکە چییە؟**

**بەڵام بۆچی خۆم بەو گەڕانە بێ هودەیەوە ماندوو کەم؟ ئەوانە چ پێویستسیان بەبەڵگە نەبووە... بەردەوام بیانویان بە دەستەوەیە. ئەتوانن هەمیشە بیانو بێننەوە..، مەسەلەکە زۆر ئاسانە، ئەو بنەمایەی کە لە هەموو کات و شوێنێکا دووبارە ئەبێتەوە فێری کردوون، هەرچیت پێ خۆشە ئەوە بکە... پاشان بە دوای هۆکارو بیانووەکانا بگەڕێ!**

**ئیدی زۆر باش لەو بنەمایە ئەگەم، لەگەڵ ئەوەشا هەر ئەپرسم : ئەو هۆیانە چین کە وای لێکردن ئەو بڕیارانە بدەن؟ ئینگلیز عێراقی داگیر کرد، شاحوسەینیش گوللە بە ناوبانگەی دژی تورك تەقاند!**

**ئینگلیز وەك رزگارکەر هاتوون نەك وەك داگیرکەر! ئەو ووشانە رۆژێك لە رۆژان لە خوار پەیکەری ئەو سەرکردەیەوە نووسرا کە بەغدای داگیر کرد، پەیکەرەکە نەما... لە خۆپیشاندانەکانا شکێنرا، خەڵکی ئەسپ و پەیکەرەکەیان بە گورسێك راکێشا، سەرکردە لار بۆوە وشەکانیشی رەوینەوە! بەڵام فەیسەڵ چۆن کرایە پادشا؟ کێ پێشوازی کرد؟ ئەی خەڵکی چیان وت؟ سەرکردەکان لە عێراق لەسەر دەسەڵات شەڕیان بوو، فەرەنسیەکان فەیسەڵیان لە دیمەشق دەرکرد... فەیسەڵی کوڕیش کە یەکەم فیشەکی تەقان، ئەبوو عەرشێکی هەبێ. عێراقیش چۆڵ و چاوەڕێی ئەکرد... فەیسەڵ بە دەریادا گەیشتە بەسرە، لەوێ جولەکە پێشوازی لێکرد! تا ئەم دواییەش مێژوو ئەیووت : خەڵکی عێراق لە باکوورەوە تا باشوور پێشوازیان لە فەیسەڵ کردو پشتگیری خۆیان بۆ پادشایەتی ئەو راگەیاند... نەك هەر مێژوو، بەڵکو شاعیرو گۆرانی بێژەکانیش وایان ووت؟؟**

چما عێراق دوای داگیر کردن، یان سەرۆك واتەنی دوای رزگار کردن... ئافرەتێکی بەستەزمان بووەو چاوەڕێی پیاوێکی ئەو دیو سنوورەکانی ئەکرد؟ چما عێراق پیاوی تیا نەبوو؟ ئینگلیزیش... ئەو لەعنەتەی کە بەردەوام دووبارە ئەبێتەوە بێ ئەوەی دەستی سزای بگاتێ.... ئینگلیز کلاوی بە پەڕ ڕازاوە لەسەر، پێیان وابوو شیاو ترین خەڵات بۆ ئەو خانەوادەیەی کە یەکەم فیشەکی تەقاند ئەوەیە عەرشێکی بدەنێ...لە عەرشێ زیاتریش... ئافرەتێکی بەستەزمانی لێ مارەکەن....، مەزبەتەو پاشان بەڵێن تازە کردنەوە... دواجاریش گۆڕستانی پادشایەتی کە لاشە نەسووتاوەکانی تیا نێژرا!

کوانێ مێـــژوو؟ درۆو دەلەسەو بوختانی لەسەریەك کەڵەکەکراو و هیچی تر ... چ ڕووداوێکی لە خۆ نەگرتووە کە بە ڕاستی تۆمار کرابێ، زنجیرەیەك لە کاری چەتەیی و خیانەت و گەوادی... لەبەرە بەیانی مێژووەوە دەستی پێکردووەو هێشتا کۆتایی نەهاتووە... قابیل هابیلی کوشت، هەمیشە هابیلێکی کوژراوو قابیلێکی بکوژ هەبوون، پاشان نۆرەی تۆفان و ئایین و داگیرکارییەکان هات و سەرکردە سەربازییەکانی تورك چاوی خەلیفەکانیان هەڵکۆڵی و سامەڕایان دروست کرد... ژەهریان ڕۆکردە خۆراکی منالآنەوە...، بەو جۆرە ئەو مێژووەی ئەمڕۆ ئەیخوێنینەوە بووە زنجیرەیەك پەیوەندی سێکسی و خیانەتکاری کە هەمیشە کەنیزەکەکان دەستیان تیا هەبووە!

چی لە مێژوودا موتالآ ئەکەین؟

لە مێژوودا ئەخوێنینەوە کە (عەقبەی کوڕی نافیع) بە سواری ئەسپەکەیەوە بەدەم پەڕینەوەی لە دەریای ئەتڵەسی ئەڵێ : گەر ئەم دەریایە نەبا ئەگەیشتمە ئەو پەڕی دونیا! ئەم قۆناغە تەواو.... سەردەمی کەنیزەك و کۆشکەکان دێ... سەردەمی بەرمەکیو قەرمیتی، سەردەمی سەفیەی ئەمنازی، سەردەمی عەبلەی دۆستی خدێوی .. پاشــان سەردەمی بە پادشــا کردنی فەیسەڵ لەسەر عەرشی عێراق!! ئەی گەلان... کوان گەلان؟ (گاڵتەتان لێ نەیە... وشەی گەلان داهێنراوێکی هاوچەرخانەیە).. لە کۆنەوەو ئێستاشی لەگەڵدا بێ، شتێ نیە ناوی گەل بێ.. بەڵام لە سەدەی رابردوودا هەندێ لەزانا سۆسۆلۆژییەکان گرنگیان بەو مەسەلەیەداو گەیشتنە چەند دەرەنجامێکی خەتەرناك، گەیشتنە ئەوەی : کە خەڵکیە مێژوو دروست ئەکا!

کاتێ کەژاوەکە تێپەڕی من هەڵ لەرزیم.... لە نزیك شوراکانی وەزارەتی بەرگرییەوە بووم.. خەڵکی لە شێوەی گروپ گروپی تۆقێنەردا، لە تۆفان ئەچوون، رژابوونە شەقامەکانەوە.. رژابوونە سەربانەکانەوە.... بە عامودەکانا هەڵگژا بوون.. وەسی خنجیلانە، لەبووکە شوشەیەکی ژاپۆنی ئەچوو!خەڵکی کەوتنە چەپڵە کوتان.. زەوی هەژا.. کەژاوەکە نزیك بوو...نەء...من نزیك بووم.. گێلانە ناڕەزایی خۆم ڕاگەیاند، ئەمویست تۆڵەی سەردەمی کۆیلەو خەسێنراوەکان بکەمەوە .. من چەپڵەم لێ نەدا .. چمــا بۆچی لەو کاتەدا روانینەکانمان بەیەك گەیشتن؟ بۆچی

سەیری کردم؟ هەڵلەرزیم.. لە تەوقی سەرمەوە تا قوولە پێم هەڵلەرزیم.. خەریك بوو لە کەژاوەکە دابەزیٚ، یان من پێم وابوو خەریکە دابەزیٚ.، بۆ ئەوەی جۆرە هاوسەنگییەك دروست کەم هەوڵم دا لەناوەوەم ڕا چەپڵە لێدەم ، بەڵام کەژاوەکە تێپەڕی، ژیلەمۆی ترسێك لەسەر دڵم جێما، ئەو ژیلەمۆیە لە سوتان نەکەوت تا بیستم لاشەی وەسی بۆتە پارچەیەك بەزی ڕەشی سووتاو.. چاوانی دیار نەمان .. بۆ هەتا هەتایە بزر بوو.. لەگەڵیدا ژیلەمۆکەش خامۆش بوو.. ژیلەمۆکەش شکا،پەیکەری سەرکردە سەربازییەکەو ووشە نوسراوەکانی سەر پەیکەرەکەش شکا. ئەمەویٚ چی بڵێم! مێژوو زنجیرەیەك درۆیە و خەڵکانێکی بەرێز هەڵیانبەستووە کە چاویلکەی پزیشکی ئەستوریان لە چاودایە.. ئەو خەڵکانە بەرامبەر هەوڵەکانیان موچەیەکی زۆر وەرئەگرن. ئەو خەڵکانە تەواوێك درۆزن نین... بەڵکو خزمەتی ئامانجێکی گەورە ئەکەن.. ئامانجێکی گەورە کەناوی : حەقیقەتە! ئەمە نموونەیەکی چکۆڵەی مێژووە، لەمەولا هەر ڕووداوێکتان بەر چاو کەوت کە بە دەستخەتێکی جوان و لەسەر پەڕەی بریسکەدار نوسرابێتەوە، پێش وەخت بزانن کە ئەو ڕووداوە درۆیە! یان لانی کەم پێویستە بەرامبەر ڕاستیی ئەو ڕووداوە خانە گومان بن.. لەئەقڵی ئەو کەسانەدا بە دوای مێژوودا بگەڕێن کە لە گۆشەی چایخانەکانا دانیشتوون و لەگەڵ کەس نائاخڤن، بەڵکو لە کەژاوە تێپەڕبووەکان ئەڕوانن و زەردەخەنەی تاڵ لەسەر لێویان ئەنەخشیٚ.. لەوێدا بگەڕێن بەڵکو سەرەتایەك بۆ نوسینەوەی مێژوویەکی ڕاستەقینە بدۆزنەوە!ڕۆژێکیان وام وت .. مەسەلەکە ئاسایی بوو، بەڵام دوای ئەوەی ڕاستەو خۆ شتیٚ ڕوویدا کە زمانمی لەسەر وتنی شتی خراپ ڕاهێنا.. ئەوە لەوپەڕی هەڵچوون دا ڕوویدا!

بە زەردەخەنەوە لیٚ‌ی پرسیم :

– ئەی چی لەبارەی مێژووی دوای پادشاکانەوە ئەڵیٚ‌ی؟

– من لەبارەی مێژووەوە ئەدوێم، تا ئەم دواییەش ئەوەی بەڕوداوی گەورە ناوزەد ئەکرا، بە ڕاستییەکی ئەزەلی دائەنرا.... پاشان ئەوە لەبەریەك هەڵوەشاو ڕووداوی تر کەوتنە ڕوو.. ئەوەی بەسەر ئەو ڕووداوەدا ئەچەسپیٚ بەسەر ئەوانی تریشا ئەچەسپیٚ.. ئەرکی ئێمە گومانکردنە.. گەڕانە تا ئەوکاتەی ئەگەین.... ئەوی چاویلکە قەبەکەی لە چاوا بوو وتی :

– ئەتەویٚ بگەیتە چی؟

– مێژوویەکی ڕاستەقینە، تا لە دونیا حاڵی بین و بزانین لە چ سەدەیەکا ئەژین!

– ئەی چی ئەڵیٚ‌ی سەبارەت بەو مێژووەی کە ئەم ڕۆژانە تیایدا ئەژین؟

– ئەوەی وتومە بەسە، ئەو کەسەشی ئەیەویٚ زیاتر بگەڕیٚ، پێویستە لەکتێبە نارەسمییەکانا بگەڕیٚ، لەسنگی ئەو کەسانەدا بۆی بگەڕیٚ کە وەك تاوس نابریسکێنەوە! دەك مار وەك چۆلەکە بتخوا مەنسور! دەمت پڕ بیٚ لە ژەقنەبوت.. بۆچی هەموو شتیٚ نالیٚ‌ی؟ ئەترسی ڕاپۆرتەکان ڕاپێچی ئەوێت کەن؟ بۆ ئەو شوێنەی کە ژمارەیەك لە هاوڕیٚ و قوتابیەکانتی بۆ ڕاپێچ کراون؟ بۆ زیندانە

—

دورەکان ژێر زەمینەکان؟ بۆچی بەرەنگاری ئەم چاویلکەیە نابیتەوە کە لە بنی بوتڵێکی مردوو ئەچیٚ؟ گەر بۆ رۆژێك دووان بتشکاندبا.. ئەوا رێگەی نوسینی راپۆرتەکانت لیٚئەگرت! یەکێکتان گێلن....مەنسور ئەشیٚ تۆبیت! ئەگینا بۆچی وەك سەگ دەری ناکەیت؟ ئەگینا بۆچی دەرگاکە ناکەیتەوە و شەقیٚ لەو شەقانەی جاران کە یاریکەری تۆپی پیٚ بویت لەقونی هەڵنادەیت؟یەك جار بدویٚ و وەك پیاو بدویٚ..دوای ئەوە چش... با زریان هەستیٚ! بەڵام تازە لەپای چی؟ ئەوانەی بیست ساڵە ئیشیان خوێندنەوەی راپۆرتەکانە، تائێستا هەر خۆیانن و نەگۆڕاون.. گەورەکان ئەڕۆن..لێهاتووەکان ئەڕۆن..تاوسەکان ئەڕۆن.. بەڵام ئەوانەی کە ئیشیان راپۆرت خوێندنەوەیە، تا هەتایە هەر لەسەر ئەو ئیشە ئەبن.... تا رۆژێك لە رۆژان لەسەر نوێنێکی پان و پۆڕ بە ئینتەلاکردن یاخود بە نەخۆشی نوقرس ئەمرن.

ئەوانە دوژمنی تۆ نین، بەڵام بە دڵنیاییەوە خەڵکانیٚ هەیە ئیشیان بۆسەنانەوەیە، ئیشیان کوشتنی خەڵکییە.. ئەوانە کێن؟ کەس نایاننناسیٚ.. بەڵام لە هەموو شوێنێکا هەن.. روخساریان نییە.. ناویان نییە.. نیشانەیان نییە..، بەڵام نامرن.. ناجوڵێن و بزریش نابن! بڵیٚ.. مەترسە، گرنگ ئەوەیە دومەڵەکە بتەقیٚ.. بیتەقێنە....کاتیٚ موحازەرەکە تەواو بوو، هەڵچونەکەم دامرکابۆوە.. کە گوێم لە زەنگ بوو، هەستم کرد بەرەو دونیایەکی واقیعی ئەگەڕێمەوە.. ئەکرا زیاتر بئاخڤم.. ئەکرا هاوارکەم.. بەڵام..لەو سەعاتەوە کە هەرگیز شەست دەقیقە نەبوو.. بەڵکو هەزارەها دەقیقەی بارگە کراو بە مەترسی و تەقینەوە بوو....قوتابییەکی تر لەگەڵ قوتابییە چاویلکە لە چاوەکەدا ئەهاتە پۆلەوە.... ئەم قوتابییە قۆز بوو..هێمن دیاربوو، بەروخساریدا لەوە ئەچوو لە هەموو قوتابییەکانی تر جددی تر بیٚ.. بەوردی گویٚی رائەدێرا... بەوردی ئەینووسی.. بۆ ساتێك چاوی لیٚ نە ئەتروکاندم... ئیدی لەو ساتەوە ژیانم تەواوێك تێکچوو! بوومە کابرایەکی توڕەو تڕۆو کەللەیی.. بە هەموو پرسیارێك هەڵئەچووم، گەرچی بڕیارم دابوو کە بە وردی ووشەکانم هەڵبژێرم و بە هێمنی گێلە پیاوێك وەڵام بدەمەوە.. بەڵام دڵم ژەهراوی ببوو، نەمئەزانی چۆن بدوێم.. چۆن هاوسەنگی خۆم بپارێزم.. هەستم ئەکرد قوتابییەکان رقیان لێمە، هەستم ئەکرد خۆم رقم لە خۆمە.. ئیدی وەك جاران زەردەخەنەی خۆشیم بە روخساری قوتابیانەوە نە ئەبینی کاتیٚ باسی رۆژە شومەکان و رۆژانی تەکنەلۆژیام بۆ ئەکردن.. ئەو رۆژانەی کە نوسەرە گەورەکان حەز ئەکەن وای ناو بنێن.. دوای ئەوەی بە خێرایی بەسەر رۆژانی یەکەمی یاخی بووانا بازیان دا.

وەك جاران چیتر ئەو توڕەییەم نە ئەدی کە هەوای پەنگ خواردووی شەقار ئەکردو وەك هەورێکی رەشی رق و تۆڵە بەرز ئەبۆوە و ئەیویست هەموو درۆو هەموو شتەکۆنەکان غەرق کا.. ئیدی ڕوخسارەکانم ئەبینی کە بیٚ دەنگی و پرسیار ئازاری ئەدان... هەستم کرد بومەتە خوێنەری کتێبە رەسمیە بریقەدارەکان و مامۆستاکەی جاران نەماوم، پیشم ئەخواردەوە، رقم لە خۆم ئەبۆوە،بیٚ ئەوەی سەیری ئاوێنە بکەم

جنێوم ئەدا.. خوویەکی قۆڕم گرت کە بۆپیاوێکی وەك من نەئەشیا .. خووم بەوەوە گرت کە تفم لە هەموو شوێنێکا ڕۆ ئەکرد.. لەسەر زەوی.. بەدیوارەکانا.... زۆرجار بە خەیاڵما هات تف لە بنمیچەکانیش بکەم. بەڕاستی کەوتمە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی کە فەرهەنگە راستەقینەکەم بەکاربێنم، ئەو فەرهەنگەی بەبێ دەنگی لەگەڵ خۆم بەکارم ئەهێنا : کە بەدەنگی بەرز جنێو بدەم، ووشە قەبەکانی سەر زاری حەماڵ ویانسیب فرۆش و شۆفێرەکان بەکاربێنم.. بەڵام چوار دیواری زانکۆ زیاتر لە چوار دیواری زیندان دڵی ئەگوشیم.... هۆڵە گەورە ساردو پڕ لە چاوەکانی موحازەرەش لە ژورەکانی زیندان ئەچوون وبۆنی ئاودەستخانەیان لێ ئەهات.... وەك کەروێشکێکی تۆقیو، رۆ ئەچوومە ناوخۆم.... خەریکی ریز کردنی ئەو ووشانە ئەبووم کە ئەمویست بیانڵێم.. ووشەی لوسی وەك کێلی قەبرەکانم هەڵئەبژارد، بەو شێوەیە بومە کوێرە مشکێ کە بە چاوانێکی کوژاوەوە لە شتەکان ئەڕوانێ...

دوژمنایەتی راستەقینە لە نێوان خۆم و شتەکانی دەورو بەرما تەقییەوە.. (با)بەلامەوە بەڵگە بوو بۆ بەرەڵایی سروشت، جاددە بەلامەوە تەنەکەی خۆڵ بوو.... پاسەوانانی زیندان.. کۆمەڵێ کەڵەشێری خەسیو بوون،ماڵیش پاکەتێکی بە تاڵ.. کە ژاوە ژاو و خەمۆکی لە هەر چوار دیوارییەوە بەرز ئەبۆوە..، ئەی سیخوڕەکان..سیخوڕەکان کێن؟.. ئەو پشیلە ڕەشەی سەر دیواری باخچەکەی پاڵمان.. سیخوڕەو لە پێستی پشیلەدایە، شیر فرۆشەکەش.. بەیانییەکیان یەخەی شیر فرۆشەکەم گرت و پێم وت:

– گەر جارێکی تر لە دەرگاکەم بدەیت.. ئەتکەمە خۆراکی جرج.. بڕۆ نامەوێ بتبینم....

تۆ ناحەزیت، تۆ گێرە شێوێنیت،تۆ پۆخزیت.. چەندین ناو ناتۆرەی تریش.. بەڵام بەهۆی زۆر وتنەوەیانەوە بێ مانا بوون و وەك كاژی بێ كەڵكی مارێكیان لێهاتووە!

پێم ئەوتن : من مرۆڤێكم كە بەدووی ئاسەوارە ئابڕومەندەكانی خەڵكیدا ئەگەڕێم بەرلەوەی ژێر پێ بنرێن و نەمێنن!

گاڵتەیان پێ ئەكردم، بەڕقێكی تێكەڵ بە بەزەیی وترسەوە سەیریان ئەكردم.. وەك قازییەكان قسەی زلیان ئەكرد و ئەیان وت : تۆ تەنها دیوە رەشەكەی دونیا ئەبینی، جگە لە خراپییەكان چ شتێكی تر نابینی.. هەر لەسەر ئەو زەمینەیەش بڕیارو هەڵوێستەكانت ئەخەیتە روو.. ئێمە پێ لەوە ئەنێن كە هەڵە هەیە، ئەگەر...و ئەگەر..، بەڵام هەر پێویستە كەلایەنە باشەكانیش.. كە دەسكەوتەكانیش ببینی!

جارێكیان، ئارامم لە بەر بڕا...وتم:

– چیتان لێم ئەوێ؟

هاوڕێیەكم كە بە خەمەم وئەسەفەوە لە هەڵوێستەكانی ئەڕوانیم..وتی:

– مەنسور..تۆ سەر ئێشە بۆ خۆت دروست ئەكەیت!

پرسیم چۆن؟

– ئەڵێی لەم دونیایەدا ناژیت، پێت وایە لە شوێنێكی ترو لە سەردەمێكی ترایت.. گەر كەسێكی واقیعی بای رەفتارت جۆرێكی تر ئەبوو!

– چیم كردبا؟

– ئەهاتیتەوە سەر رێی راست..بێ دەنگ ئەبوویت!

– واز لە زانكۆ بێنم؟

– مەسەلەکە ئەوە نییە لەزانکۆ بمێنیتەوە یان وازی لێ بێنی..گرنگ ئەوەیە شێوازی ژیانت بگۆڕێت!

– چۆن؟

– زمان بهێڵێ سەر رەحەتە، پێویستە زۆر قسەنەکەی، پێویستە زۆر شت نەبینی! وێنەی سێ مەیمونەکەت دیوە؟ نە ئەبینم...نە ئەبیستم نە ئەدوێم.

– ئەزانم ناتوانیت وابیت، بەڵام چییە گەر هەوڵ بدەیت؟

– لەبارەی هاوسەنگی وتوندڕەوییەوە ئەدوێ.. وەك ئەوەی خاوەن هێزێکی زلی وابم کە بمەوێ بەهۆیەوە دونیا وێرانکەم!

((من خاوەنی چیم؟ چما ئەشێ درۆیـــان بۆ بکەم؟ وەك ئەو سەرکردەیە بکەم کە بەخەڵکی ئەو شارەی وت کە داگیری ئەکرد: من هاتوم رزگارتان کەم .. نەك داگیرتان کەم!!)).

– مەسەلەکە وانییە، بەڵام خۆت ئەزانیت کە راپۆرت نوسەکان سەرەداوێکیان ئەوێ.. تەنها سەرەداوێ.. تۆیش نەك هەر سەرە داوەکەیان ئەدەیتێ بەڵکو راپۆرتەکەشیان لەگەلا ئەنوسیت!

– چیم کردوە وا ئەم قسانە ئەکەیت؟

– وام بیستوە.. گەر هاوڕێم نەبوویتایە... ئەم قسانەم نەئەکرد...

– لە سبەینێوە جۆرێکی تر لەگەڵ قوتابییەکان ئەدوێم!

– چۆن؟

– مێژووە باوەکەیان پێ ئەخوێنم.. ئەو مێژووەی کە لەسەر لاپەڕە بریقەدارەکان نوسراوە.. ئەو مێژووەیان پێ ئەنوسمەوە!

– ئەوەی بیەوێ بژی ئەبێ وابکا!

– بەڵام ئەمە چ شتێ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، بەچاوی خۆت ئەبینی کە راپۆرتەکان لە ناردن ناکەون..ئەو ڕاستییانەیان خستە ژێر پێ، میزیان بەسەر ئەو راستیانەدا کرد کە ئەبوو قوتابیان بیزانن.. ئەو راستیانەی کە ئەکرا رۆژێك لە رۆژان شتێ بەشتێ بکەن.. ئیدی مەنسور عەبدولسەلامیش خۆی بە توێکڵە پیازێك ئەزانێ.. بەڵکو پێی وایە کە ئەبێ بمرێ!

– من نامەوێ خیانەت لە بیرو باوەڕی خۆت بکەیت بەڵام پێویستە بزانیت لە چ بارو دۆخێکا ئەژیت!

– لە ئێستاوە بزانە کە ئەوە هیچ لە دەرەنجامەکان ناگۆڕێ!

– زۆر هەڵەیت .. گەر ئاوها لە مەسەلەکان بگەیت!

– ئەبینیت.

هۆڵی موحازەرەم لابووە زیندان، زیندانێکی راستەقینە، ووشەکانیش لە گەروما بوونە ئاسنێکی ژەنگاوی، بڕوام نەئەکرد ئەو وشانە لەزاری منەوە بێنەدەر، گوێچکەم لارئەکردەوە تابیانژنەوم، پاشان حاشام ئەکرد لەوەی وشەی من بن، درۆم زۆر نەئەکرد، بەڵام گوێم نەئەدایە ئەوەی کە پێویستە چی بوترێ ... وانەکانم وا

ئەوتەوە وەك ئەوەی ئەركێكی زۆر لەسەر شانم قورس بن، وەلاّم دانەوەی هەر جۆرە پرسیارێكم رەت ئەكردەوە، گەرچی ئەوە زۆر ئازاری پێ گەیاندم.. ئازارێك بەدەر لە وزەی بەرگەگرتنی ئادەمیزاد....

– بۆچی یەكەم جار دۆڕانمان كەسوپامان هەبوو، ئەوانیش چەتە بوون.. ئەی باشە دووەم جار بۆ دۆڕانمان كە سوپاو چەتەشمان هەبوو..بەلاّم ئەوان تەنها سوپایان هەبوو؟؟

چی‌یان وەلاّم بدەمەوە؟ ئەكرێ هاواركەم و جلەكانم لەبەری خۆم دادڕم؟ ئەشێ خۆم لەپەنجەرەكەوە فڕێ بدەمەخواری؟خوا خوام بوو بیست سەعات لەسەریەك لەبارەی ئەم بابەتەوە بدوێم..خوا خوام بوو لەبارەی سوپاو چەتەوە، لەبارەی ئیرادەی جەنگینەوە، لەبارەی ئامادەگی جەنگینەوەقسەیان بۆ بكەم.. خوا خوام بوو دەست پێ بكەم و تەواو نەبم.. خوا خوام بوو پێیان بڵێم : فەرموو باپێكەوە راستیەكان هەڵسەنگێنین..هەڵەكان بدۆزینەوە..، لافی ئەوە لێ نادەم كە حەقیقەتم لایە، بەلاّم فەرموو با پێكەوە بەدوایا بگەڕێین....بەلاّم ئەو دوو زەلامەی لەپۆلا دانیشتبوون.. لە من و ئەو بەستەزمانەیان ئەڕوانی كە پرسیارەكەی كرد، بە ڕوانینە بزێوەكانیان كە هەر لە بەندۆلی كاتژمێر ئەچوو.. چاوەڕێی ئەوە بوون وەلاّم بدەمەوە... بەلاّم من هیچم نەوت.. سەیریم كردو سەرم راوەشاندو وتم :

– بـا ئێستا بچینە سەر قۆناغی دوای شكست ! وام وت و تفێكی گەورەم لەناخم كرد.

مەنسور! گرنگ ئەوەیە پەنجا دەقیقە پڕكەیتەوە، هەرشتێك ئەڵێی بیڵێ.. بەلاّم وریابە... لە هێڵی یەكسانی نزیك نەكەویتەوە، لە وێدا خۆرێكی سوتێنەر هەیە.. هەركەسێ سەری بداتە بەری ئەیسوتێنێ، باجەكەی ئەدا.. بەو جۆرە كەوتمە ئەوەی شتی وەها بڵێم، كە پێ ئەچوو لە بارەی ئەستێرەیەكی ترەوە بن... لەگەڵ ئەوەشا، نەمتوانی خۆم لەوكۆتاییە دەربازكەم كە چاوەڕوانی ئەكردم.

سێ‌مانگ بەر لەكۆتایی ساڵی خوێندن، بڕیاری دەركردنەكەم وەرگرت و چوومە ئەو دیو شوراكانی زیندانەوە، خۆشحاڵ بووم.. بەخۆم وت: مردن باشترە لە شێواندنی حەقیقەت، تۆیش مەنسور بویتەتە كوێرە مشك.... بویتەتە سەگێكی شەل.. بویتەتە شەیتانێكی لێو هەڵپاچراو، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشا بڕێ پارەت هەیە كە بە كەڵكت بێ..

دەست بەو پارەیەوە بگرە تا ئیشێ ئەدۆزیتەوە... لەمیانەی مانگێ.. دوو مانگا ئیشێ ئەدۆزیتەوە... مەترسە، هێشتا دونیا بەبەریەوە ماوەو ئەكرێ سەر لەنوێ بژێیتەوە.

## ž

مادامەکی خەڵکی ئازادو یەکسان دروست بوون ئیتر بۆچی ئێمەیش بەشمان لەو شتە تالاّنکراوانەدا نەبیٚ کە هەموو رۆژیٚ دابەش ئەکریٚن؟

هاواریان کردو هاواریان کرد... تا ریٚگەی خۆیان بە هاوار کردەوە، سەردەمی دەرەبەگایەتی کۆتایی هات، سەردەمی خیٚزانە گەورە حوکمڕانەکان کۆتایی هات.. ئیدی پیٚویستە خەڵکی هەناسەیەك بدەن.. بژین! دواجار هەر ئەوانیش کە ئەژین.. هەر ئەوانیش ئەبنە جۆریٚکی نویٚ لە دەرەبەگ.

هەموو شتیٚکیان بیر چۆوە ، پیرە میٚردان و ئەو زەمەنەیان بیرچۆوە کەتا ئەوپەڕی کۆتایی دریٚژ ببۆوە.. کوللە و کیٚڵگە ویٚرانەکانیان بیرچۆوە.. چاوەڕوانییە قورسەکانی شەوانی دریٚژی زستانیان بیرچۆوە ئەو دەمەی کە پیاوان لە تاو سیٚبەرو تارماییەکان روخساریان زەرد هەڵئەگەڕا.... ئە پیاوانەی لەدوی پەنایەك ئەگەڕان شەویٚکی تیا رۆژ بکەنەوە، تا بۆ بەیانی دریٚژە بە سەفەرە نادیارەکەیان بدەن، پەتی سیٚدارە لە زەینی ئەو پیاوانەدا وەك ڕەش ماریٚك کە تەواویٚك بە دەمەوە بدات ئەلەرییەوە.

پیاوان بە شەو ئەڕۆیشتن، بە رۆژیش چاوەڕیٚی ئافرەتیٚکیان ئەکرد کە جلی پیاوانەی لەبەراو خۆراك و هەواڵ و سلاٌوی ئازیزانی پیٚ بوو، ئەو ئافرەتە ئەیوت : بیستومە بەم نزیکانە بڕیاری لیٚبوردنیٚك دەرئەچیٚت... کاتیٚ ئەو بڕیاری لیٚبوردنە دەرئەچیٚ، رۆژانی ترس و لیٚك دابڕانیش بەسەر ئەچیٚ!! پیاوەکان بە بیٚ دەنگی ئەکەوتنە نان خواردن، بەدەم نان خواردنەوە... بە چاوانیٚکی نائومیٚدەوە لە دووریان ئەڕوانی، چ شتیٚکیان نەدەویست هیٚندە نەبیٚ کە بە زیندویی بمیٚننەوە، کاتیٚ بیٚزاری ئەیکرۆژتن و جورئەتی گۆرانی وتنیان نە ئەما، بەدەما پاڵ ئەکەوتن و

ئەکەوتنە یاری کردنی بە دەنکە چەو... ئەکەوتنە ژماردنی دەنکە گەنم... گەنمەکەیان ئەکردە چەند کۆمەڵێکەوەو گرەویان لەسەر ئەکرد... کە ماندوو ئەبوون، بە بێ دەنگی ئەگریان و چاوەڕێیان ئەکرد، لەو شەوانەدا کاتێ (با) ئەیلوران، کاتێ باران ئەباری، ئەو پیاوانە وایان ئەزانی کە تارمایی گەمارۆی داون، وایان ئەزانی بەردەکان ئەدوێن.. بەردەکان چاویان لێ ناتروکێنن...ئیدی ئەمان خەو لە چاویان ئەتەری، کە رۆژ ئەبۆوە...رەنگی روخساریان پەڕیوو شەلاڵ لە خەم!!!

ئەمە جۆرێ لە پیاوان بوو کە رۆژێك لە رۆژان ژیان، بە گۆچان ... بە ووشە ... بە چاوانێکی توڕە هەوڵیان دا، پاشان بە گومناوی سەریان نایەوە، کەسێ نەبوو گۆڕەکانیشیان بۆ هەڵکەنێ! کوان ئەو پیاوانە لەوانەی کە ئیمرۆ ئەیانبینین؟

– وەك ئەوەی چیرۆکێ بگێڕیتەوە.. وەك ئەوەی خەو ببینیت!!

چاوانی ئەسعەد نوری پێکەنینیان لێ ئەڕژا .. تەوسیان زیاتر تیادا بوو وەك لە بەزەیی.

ئەسعەد نوری هاوڕێم بوو، ساڵانێکی درێژ پێکەوە بووین، پێکەوە زیندانی کراین و هەرپێکیشەوە لە قوتابخانە دەرکراین... پاشان پێکەوە لە سیاسەتا ئیشمان کرد، ئەو واتەنی من ماندوو بووم، بەڵام ئەو بەردەوام بوو، لە کۆتاییدا بووە خاوەنی خانوویەك بە باخچەیەکەوە کە سێ تاوس و ئاسکێکی تیا بوو، جگە لە زیاتر لە سەدو حەڤدە جۆری گوڵ... ئەسعەد نوری بەدەم باسکردنی باخچەکەیەوە، شانازی بەو گوڵە ڕەشەوە ئەکرد کە بە دیاری بۆیان هێنابوو..!

تەواوێك ڕۆحم هاتبۆوە یەك.. پێم وت :

– نوری .. ڕۆژ دوای رۆژ، هەژاری زیاتر ئەبێ، کەنیسەی پاپایەتی لە سەدەکانی ناوەڕاستا کە هەندێ کەسی لە دەوری خۆی بۆ کۆکرایەوە.. ئەو کەنیسەیەی لە رۆژی سێ شەممەدا سوتێنرا لە چاو کەنیسە تازەکەی ئێوەدا هەر بەراورد ناکرێ، ئەم کەنیسە تازەیەی ئێوە نایەوێ تاقە مرۆڤێك بمێنێ ئەگەر کلکێکی بۆ دروست نەکا!

– لە بارەی چییەوە ئەدوێی؟

پاڕانەوەیەك لە چاوانیا ئەبینرا .. وەك ئەوەی پێشبینی جۆرە کۆتاییەکی کردبێ!

ڕوم بەلای دیوارەکەدا وەرگێڕاو وتم :

– تو خودا مەجوسییەکەت وازم لێ بێنە... لێم گەڕێ با خەون ببینم!

– خەون تەنها شتێکە کە کەس ناتوانێ لێت زەوت کا!

– بەڵام چیدی خەون بەشتە خۆشەکانەوە نابینم... خەون بەو شتانەوە نابینم کە پەرۆشیانم، بەڵکو خەون بەو رۆژە ترسناکە ڕەشانەوە ئەبینم کە ژیانی لە نیشتمانا داپۆشیوە... من ئێستا وەك سەگێ بەر لەجێبەجێ کردنی بڕیاری گوللە بارانکردن... هەڵتروشکاوم!

– گەر بەشێوەیەکی واقیعی بیرت کردبایەوە، ئێستا پێویستیت بە خەون نەئەبوو!

– هەموو پەیوەندییەکم لەگەڵ دونیا واقیعی‌یەکەی ئێوەدا پچڕاوە.. ئەمەوێ تەنها خەون ببینم.. بەڵام ئەزانی ئەمەوێ خەون بە چییەوە ببینم؟

– خەون بە هەرشتێکەوە ببینی... وەك بەربونەوەی بایەك وایە!

– ئەو لەزەتە چکۆڵەیەم پێ ڕەوا ئەبینی!

– کام لەزەت؟

– لەزەتی ئەوەی کە خەون بە کۆتایی هاتنتانەوە ببینم... خەون بەوەوە کە بتانبینم لنگەو قوچ هەڵواسراون!

– بە ئارەزووی خۆت خەون ببینە! بەڵام دڵنیابە وەك مۆتەکە لەسەر سنگت ئەمێنینەوە، دڵنیابە بە زیندوویی ئەتکوژین ... باوەجوو تۆ گەمژەیت و شایستەی کوشتن نیت.. باوەڕ ناکەم برادەران دەستی خۆیان بە کوشتنی تۆ پیس کەن... هێندە بەسە وەك مشك بفلیقێنرێیتەوە!

– تا دوا هەناسە لە ناخم دا پێ ئەکەنم... لەبەر ئەوەی لاشەکانتان وەك لاشەی بەراز ئەبینم!

– بە ئارەزووی خۆت لە وەهما بژی... خەون ببینە!

– وا ئەکەم، تۆیش سەرەڕای ئەو هاوڕێیەتییەی کە کۆمان ئەکاتەوە، هەست ئەکەم چ بەهایەکی مرۆڤت تیا نەماوە!

– مەنسور... توخودا واز لە خەون بینین بێنەو با بە شێوەیەکی واقیعی بدوێین!

قاچم ڕاکێشا، بە تەوسەوە سەیریم کردو لەسەرخۆ وتم : فەرموو ئەی یاسادانەر! بەڵام بەر لەوەی گوێم لێی بێ... بیرم کەوتەوە :

((ناخوازم بە چ وشەیەك لە وشە قەبەکانتان دەست وەردەنە ژیانمەوە، تاقە شتێ کە تاکۆتایی پێی لەسەردا ئەگرم ئەوەیە شێت ئەبم... خەیاڵ نەکەن.... قەت شێت نابم، چما ئەو خەڵکە بودەڵەیە لەیە شایستەی ئەوەن گوللە باران کرێن،؟ من نایکەم.. بەڵام ئەی شێتی! چما شێتەکان خۆیان ئەکوژن؟ جارێکیان خوێندمەوە : شێتەکان لە هەموو کەسێکی تر زیاتر ژیانی خۆیان لەلا شیرینە... بەڵام چما ئازار ئەچێژن؟

بفەرموو.. ئەم پارە کاغەزانە نیو ملیۆن لیرەی ئاڵتونە، ئەتوانی ڕاستەوخۆ لە بانقی سەردار بیگۆڕیتەوە... پێیان بڵێ گەر نەیگۆڕنەوە ئیفلاسیان پێ ئەکەم... ناکرێ ئاوا پارەو پولی خەڵکی بەهەدەر بدەن...

بەڵێ ناکرێ.. بەڵام پێم وایە ئەمجارەیان ئەیگۆڕنەوە، جارەکانی تر قەیناکە....!! بوراون... خۆت ئەزانی ژیان تاڵی و شیرینی‌یە... چما ئەزانی مانای چییە گەر پارەو پولەکەم لە بانقی سەردار راکێشمەوە؟ مانای ئیفلاس پێکردنیانە.. ڕێك مانای ئەوەیە کە بانقەکە وەك سەربازێکی تۆقیو لە دوژمنەکەی دەست بەرز ئەکاتەوە! دەستم لە شیشەکەوە راکێشا و کاغەزەکەم وەرگرت.. کە دەستی درێژ کردو کاغەزەکەی خستە دەستمەوە.. چاوانی لە ترسا ئەبڵەق ببوون... کاغەزەکەی

ترنجانە دەستم و وتی: مەهێڵە کەس ببیینیّ! گەر کەسیّ ببیینیّ ژیانت ئەکەوێتە خەتەرەوە... ژیانت یەکسان ئەبیّ بەمێشولەیەك، یان بە خوێنی کێچیّ.

بەهێمنی دوو هەنگاو گەڕایەوە دواوەو کەوتەوە نووسین.. سەیری کاغەزەکەم کردو خوێندمەوە (تەنها پێنج سەد هەزار لیرەی ئاڵتونی عوسمانی بدەنە هەڵگری ئەم کاغەزە)..

لەپشتی کاغەزەکە نوسرا بوو:

(خودا پاداشتی سەبەبکار بداتەوە.. تڕحێو لەم دونیایە.. کەپووی مانگایەکی مردارەوە بوو ناهێنیّ).

– مەنسور ئەڵێی چی؟

گەڕانم لەناو کێڵگەکانا درێژە پێدا.. بە دەم خۆوە هەر ئەموت (شێتی ترۆپکی لەزەتە!).

– ئەم نەوەیەش وەك نەوەکانی تر وان، واز لە خەون بینین بێنەو بۆ ئەوەی بژیت بە شێوەیەکی واقیعی بیر بکەوە.. تۆ پێشتر وەها نەبوویت! چیت لێ بەسەرهاتووە؟

– بڕوا بکە.. هەموو نەوەکانی مێژوو لەم نەوەیە باشتر بوون، نەوەی ئێمە هێشتا سەری لە هێلکە نەجوقا بوو کە لەنێو بودەڵەییدا رۆچوو، نەوەی ئێمە دزێو ترین نەوەی سەر ئەم زەمینەیە، بەلأم دان بەوەدا نانیّ.. ئەسعەد ئێمە چین؟ ئێمە ستونی سێدارەکانمان دیوە؟ بۆنی باروتمان کردووە؟ ئێمە بە هەر چوار لای دونیادا ئاوارە نەبووین.. چاومان لەسەر پلە و پایەی گەورە هەڵێناوە، ئەسعەد تۆخۆت.. ناتەویّ ببیتە وەزیر؟ ئەویتر تەماحی موچەیەکی مۆڵی لەبن سەرا نییە؟ بیر لەوە ناکاتەوە کچ لە خێزانێك بخوازیّ کە تا دوێنیّ جنێوی پیّ ئەدا؟ ئەی دزیی.. بەڵیّ دزی.. دزی، مامەڵە قەبەکان.. لەگەڵ کیّ؟ لەگەڵ هەمان دەلاڵ و هەمان گەوادەکانی پێشو... ئەمرۆ چەند لە دوێنیّ ئەچیّ!

– بە خودا گەر چاویشت هەڵکۆڵن هێشتا کەمە!

– با هەڵیکۆڵن تا تێر ئەبن.. ئیدی لەمەولا کوفر کردن گوناه نییە.. توڕە ئەبن گەر یەکیّ راستیتان پیّ بڵیّ.. بەڵیّ پێویستە توڕە بن!

– کاکی برا.. تۆ هیچت پیّ ناکریّ، گەر باوەڕ بە هەموو قسەکانیشت بێنم... بەلأم ئێستا سوودی قسە چییە؟ تۆ هەرخۆتیت! مێشیّ ناهێنیت!

– ئەو نەوەیەی کەبەرگری لیّ ئەکەیت.... ئەم نەوە قێزەوەن و حیز و فشەکەرە... ئەم نەوەیەی کە هەزار ناوو ناتۆرەی تری لەم جۆرەی لیّ بنریّ ناگاتەوە بەم ناز ناوە گەورانەی کە بەسەر خۆیدا دایبڕیوە.

– چما نەوەکانی تر باشتر بوون؟

– نەوەی ئێمە تەنانەت دەرفەتی ئەندێشە کردنیشی بە خۆی نەدا، ئەندێشە بەبیناکردنی شارە بەختەوەرەکانەوە.... ئەندێشە بە وێرانکردنی ئەم دونیا دڕندە خەمۆکەوە، ئەم وردە لەزەتانەی کە هەر تلیاك خۆرێك هەستی پیّ ئەکا، لای ئەو منالە ورتکانە قاتی بوو.. ئەوانە بەدوای هەندیّ مەسەلەدا غار غارێنیانە ئەو

پیرەمێردانەی کە تەمەنیان لە سەد ساڵ تێپەڕیوە شەرم ئەکەن بیری لێبکەنەوە! بەرلەوەی دەست پێ بکەن تەواو بوون... ئێستا ئەو منداڵە ورتکانە هەریەکەیان بیری لای ژماردنی موچەی خانە نشینییەکەیەتی، بیری لای مسۆگەر کردنی پەیوەندی خۆیەتی لەگەڵ لایەنێکا، بیری لای ئەوەیە بەپەساپۆرتێکی دیپلۆماسییەوە بە دونیادا بگەڕێ.. کەچی کە دێتە سەر ئەوەی شتێ ببەخشێ... پڕ بە گەروی ئەقیژێنێ.. هەڵئەچێ... ناڕەزایی دەر ئەبڕێ، لەم بەر ئەچێتە ئەوبەر.. واخۆی پیشان ئەدا کە چەوسێنراوەتەوە، واخۆی پیشان ئەدا کەشەهیدە.. خەون ئەبینێ بەوەوە بگەڕێتەوە سەر پلەو پایەی باشتر، خەون ئەبینێ موچەیەکی زیاتری بدرێتێ!

– تۆ ناحەقی بەرامبەر خەڵکی ئەکەیت، ئێمە هەوڵماندا دونیایەکی نوێ بونیات نێین.. وا ئێستاش ئەوە ئەکەین. هەموو شتێ گۆڕاوە، بەڵام هەل و مەرج لە ئێمە گەورەترە، پیویستە تێگەیشتنێکی واقیعییانە لە مەسەلەکان حاڵی بین.. ئەم نەوەیە خاوەنی توانایەکەو با زیاتر لەو توانایەی لێ داوا نەکەین!

– پێم وتیت ئەم نەوەیە نەخۆشە، تەنانەت ئیفلیجە لە خەون بینینیش.. هەموو نەوەکان.. لە هەموو شوێنێکا هەوڵیان داوە شتێ بە شتێ بکەن.. تەنانەت لە سەختترین بارو دۆخا، هیچ کام لە نەوەکانی تر خواستی ئەوەی نەبووە خۆی بەدەستەوە بدا!

چ گاڵتە جاڕییەکە : نەوەی نائومێد : پیاوان و ژنان لەگەڵ منداڵەکانیان لە نێو ئەو گالیسکانەدا کە ئەسپ رای ئەکێشان، لەکوێش؟ لە زستانێکی ئەوروپایی سەخت و خەمگین دا... کەوتونەتە گەشتێکی بێ کۆتایی.. گەشتێکی بێ هیوا لەپێناوی خەونێکا کە ئەزانن بە دی نایەت....

بەڵام پێشبینی ئەکەن یەکەمین پەیامبەرێك کە لە رووسیاوە دێت بۆ لایان، ئەبێتە ئەو مژدەهێن و پێغەمبەرەی کە مزگێنی هەواڵی روخاندنی قەیسەرو کۆتایی هاتنی کۆیلایەتییان ئەداتێ!

لە تاراوگەکانی ئەوروپادا زایە بوون.. بەڵام بەو زایە بونەشەوە هێشتا هەر لە خەون بینین نەکەوتن.. ئێمەیش؟ جنێویان پێ ئەدەین بە گێلیان ناو ئەبەین..

گوایە نەیانتوانیوە لە جوڵەی مێژوو بگەن!

نەوەی باوکان، نەوەی باپیران.. ئەوانەی کەویستیان گەرچی بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ وەك شەهید دەرکەون.. بەگوێزان دەماری خۆیان ئەبڕی وخوێن فیچقەی ئەکرد.. بە دەرگای ژووری زیندانەکانا هەڵئەزنان تا خوێن لەو دیوەوە بچۆڕێتە خواری‌و پاسەوانەکان بیبینن.. تەنانەت ئەو خەڵکانەیش کە جنێویان پێ ئەدەین و پارچە زەوییەکیان بە درێژی شەش پێ و پانی دوو پێ پێڕەوا نابینین تا لەناویدا بنێژرێن.... تەنانەت ئەو خەڵکانەیش لە نەوەی ئێمە باشتر بوون!

– مەنسور پێم ناڵێی ئێستا خەو بە چییەوە ئەبینی؟

– خەون بەوەوە ئەبینم کرم و قەلەڕەش و چەقەڵ لاشەتان بخوا....

– ئەی لاشەی ئیمپراتۆر؟
– بەچیم ناو ئەبەی ئارەزووی خۆتە.. گرنگ نییە!
– هەر هاوڕێ ئەبین.. هەر چیت ئەوێ بیڵێ!
– نامەوێ هیچ بڵێم.. ئەمەوێ خەون ببینم!
– ئەتەوێ خەون بە چییەوە ببینی دوای ئەوەی لاشەمان بەسێدارەکانەوە هەڵئەواسرێ؟
– مادامێ خەون بێ.. چ سوودێکی هەیە پێت بڵێم!
– تۆ خەون بە هەمووانەوە ئەبینی.. هەر بە دەم خەون بینینیشەوە ئەمریت!
– گەر ئەتەوێ لەزەت لە خەونەکانم وەرگرم وازم لێ بێنە.. نامەوێ روخسارت ببینم..
– تۆ زیاد لە پێویست خۆپەرستیت.
نەوەی نائومێد ئەکەمەوەو ووشەکانی لیرمەنتۆف ئەخوێنمەوە!
(بێهەراو زەنا..بێ شیکایەت لەژیان رامێنین..
ئەشێ ئەوە باشترین هەڵوێست بێ
بەشداری لە شتەکانا نەکەین
بەڵام ئەوکات بەدەم تێڕامانەوە
تێ ئەگەین کە ژیان جگە لە سوعبەتێکی بێتام
چ شتێکی تر نییە.
سوعبەتێکی پوچ و گێلانە!
یاری کردنێکی نەزانانە بە ووشە).

**به ڕوانینەکانم بەسەر پیٚ وپوزیا هەڵزنیم...لە سکیٚوە سەرکەوتم، ریٚك لای مەمکەکانییەوە، هەناسە بڕکیٚم پیٚکەوت....ئەمویست خۆم بگەیٚنمە چاوانی، لەبەرئەوەی ئەوکاتەی پیریٚژنەکە خەریکی کردنەوەی پریاسکەکەی بوو... چاوانی هەموو لەشمیان وروژان، گشت ئەو تونیٚلە پیسانەی کردەوە کە لەخویٚنما دەنگیان... ئەدایەوە بەدەم پاڵپیٚوەنانی زەردەخەنەیەکی فراوان بۆ ناخم کە نەمئەویست لەسەر لیٚوم دەرکەویٚ.. بە خۆم وت : مەنسور! ئەو کەسەی ئارامی گرت گرەوەکەی بردەوە... هەنوکە تۆیش وەك پەیکەریٚکی گریکی لە چاوانیا راکشاویت... ئەو کیژۆڵەیە ئەیەوییٚت... حەزت پیٚ ئەکا... گەر لیٚی بزانی.. بەرلەوەی لە قیتارەکە دابەزیت ئەبیتە مانگی یەك شەوە، ئەبیتە پادشا.. ئیٚستا گرنگ ئەوەیە بزانیت چۆن ژەهر بۆ ئەم پیریٚژنە نەحلەتییە ڕۆکەیت.. ئەم پیریٚژنەی کە تەنها ئەو چاوە کزانەی تیاماوە، وەك چۆن مار زمانی ئەجولێنیٚ، ئەمیش ئاوها چاوانی ئەجولێنیٚ، خیٚرا بیکوژە... ڕاوەستە، ملە چرچەوە بووەکەی بگرەو بە هەرچی هیٚزیٚك هەتە بیگوشە تا زمانی دەرئەپەڕیٚ..تا وەك پارچەیەك لاستیك شۆڕ ئەبیٚتەوە، ئیدی بە تاقی تەنها لەگەڵ ئەو کیژۆڵەیەدا ئەمیٚنیتەوە... لە ناوەکەی ئەپرسیت، دەست بۆ پرچی ئەبەیت و دەسبازی لەگەلاٚ ئەکەیت، ئەویش سەیرت ئەکاو پیٚ ئەکەنیٚ... کوت و پڕ لیٚت ئەپرسیٚ : چما ئەم ویژدانە مردووە لیٚرەدا جیٚبیٚڵین؟ پاشان پیریٚژنەکە هەڵئەگری و لەواگۆنەکەوە توڕی هەڵئەدەیتە خواریٚ...**

تەنها پڕیاسکە ڕەشەکەی و بەرماوەی خواردنەکەی لێ جێ دەمێنێ! چما ئەم کیژۆڵەیە لەگەڵ خۆتا ئەبەیت بۆ شوێنی کار؟ مسیۆ دۆناڵ چ ناڵێ، لێت ناپرسێ تۆ ژنت هێناوە یان نا؟ ئەی مسیۆ دۆناڵ... بڵێ ژنی هێنا بێ؟ ژنەکەی لە پاریس جێدەهێڵێ؟ نەء... خەڵکانی بیانی هەرگیز ژنەکانیان جێ ناهێڵن... مسیۆ دۆناڵ : ئەمە ژنمە... بەڵام ناوی چیە؟ ڕەحاب؟ کاترین؟ سیهام سەنادیقی؟ ناوی لەیلایە...مسیۆ دۆناڵیش پێت ئەڵێ : چەند خۆشە ئەم ناوە... لەگەڵ ئەم چاوە جوانانەدا ئەگونجێ! ((مسیۆ دۆناڵ... تەنها هەر چاوانی جوان نین، بەڵکو ڕوخساریشی ناسکە وەك کریستاڵ... هەروەها دڵیشی!)).

بەڵام خۆشییەکەت ئەڕەوێتەوە کاتێ پیرێژنەکە چاوانی ماندووی خۆیت تێئەبڕێ، خەریکیت هەڵئەلەرزیت... خەریکیت ئەگریت.. هیچم نەکردووە... لەشوێنی خۆم نەجولاوم... تەنانەت ناوێرم بە دەنگ ئارەزووە ڕێپێدراوەکانیشمەوە بچم.. جگەرەم کەم کردۆتەوە، وازم لە عارەق خواردنەوە هێناوە... ناجوڵێم... وەك ئاژەڵێکی بێ دەنگ متەقم لە خۆ بڕیوە.. چی ترت لێمئەوێ؟

مەنسور هەموو خۆشییەکەت ڕەوییەوە، ئیدی خەنی بوون تەواو، چما خەڵکی خەنی ئەبن؟ چۆن خەنی ئەبن؟ هەموو شتێکت تیا ڕەوییەوە.. بویتەتە مەسینەیەکی کوناودەر، تەنها خەمت تێ ئەچێ، خەمەکە هێند چڕە کە لە ناوەوەڕا بەملاو لای لەشتەوە نوستاوە، پێوەی نوساوەو لێی نابێتەوە... چما هەست بەو تۆێژاڵە لینجەی سەر زمانت ناکەیت؟ لە ناوەوەڕا هەست بەو تۆێژاڵە لینجەی سەر دیواری دەمارەکانت ناکەیت؟

مەنسور ئیدی خۆشی گوزەشت... ڕەوییەوە وەك نەمانی پارە لە گیرفانەکانتا!!

بە دەنگێکی بەرزو بێ هیچ ئەملاو لایەك پێیان وتی:

((هەوڵ مەدە... بەڵێ هەوڵ مەدە..، بە دوای چ وەزیفەیەکی ترا مەگەڕێ .. تۆ لەکار دەرکراویت...! ئەزانیت دەرکردن یەعنی چی؟)).

سەرەتا پێم وابوو ئەوە تەنها هەڵچونێکەو هێندە نابا دائەمرکێتەوە، بەڵام ڕۆژ دوای ڕۆژ دەرگاکان زیاتر بەڕووما دائەخران!... ڕۆژێکیان بە خۆم ووت : ناهێڵم بمکوژن... ناتوانن ئیرادەی بەرگەگرتنم تیا بکوژن... خەمت نەبێ نامریت... تەنانەت سەگیش لە برسا نامرێ ... چما کێن ئەوانەی کە ئەیانەوێ بمکوژن؟ ئەیان ناسم... یەکە یەکە ئەیان ناسم... هێندە ئەو دەم و چاوانەم دیوە کە ئیدی بێزار بووم لە بینینیان.... دەم و چاوی تریشم بینی.. ئەو دەم و چاوانە چیان لێ هات؟ لە ڕێگەی هاوڕێیەکەوە جوابیان بۆ ناردم : (دوو ڕێگەت لەبەردەمایە.... یان ئەوەتا ببیتە پیاوێکی ماقووڵ... یاخود ئەوەیە شێت بیت!!).

(هەڵەی واش ناکەین ڕاپێچی زیندانت کەین، ئەو ڕێزەت پێ ڕەوا نابینین وەك پێشتر پێت ڕەوا ئەبینرا، نامانەوێ بتکەینە قارەمان و شەهید، بەڵکو مادامەکی ئاوها قیرسیچمەیت، هەلی ئەوەت نادەینێ بە ئیسراحەت بژیت!).

دوای ئەوەی وەزیفە حکومییەکانیان لێ قەدەغە کردم... ئیدی چییان لێم ئەوێ؟ ئەیانەوێ چی بکەم؟ مەنسور عەبدولسەلام هێشتا ئەووەڵی عومرێتی... ئەکرێ ببێتە دەرگاوان.. ببێتە کەنناس، ببێتە بازرگانێکی چکۆڵە... بەسەر شەهادەکەما هەڵئەمیزێم و لەمەولا بە دەستەکانم کار ئەکەم.. ناهێڵم پێم خۆشبن... لە سبەینێوە سەر لە هیچ دەزگاو دائیرەیەکی ڕەسمی نادەم.. بە چاوی خۆتان ئەبینن!

بە دەم پیشاندانی شەهادەکەمەوە... بە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی تایبەتیم وت: ئەتوانیت بە مووچەی دەرچووی زانکۆ لای خۆت بمکەیتە مامۆستا.. من چاو لە شەهادەکەم ئەپۆشم! بەسەر سوڕمانەوە لێم وورد بۆوە، زیاتریش سەری سوڕما کاتێ زانی کە من مامۆستای زانکۆ بووم... وتی :

– شەرەفە بۆ ئێمە پیاوێکی وەك تۆ بێتە نێو دەزگای خوێندنەوە... وای وت و بێ دەنگ بوو.

ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بووین.. وەك ئەوەی خوی قسە کردنمان بیرچوبێتەوە، کوت و پڕ دەنگێ هەردووکمانی بە ئاگا هێنایەوە، سەر لە نوێ سەیری کردم و بەڕێزێکی ئاوێتە بە ترس لێی پرسیم :

– مامۆستا بۆچی وازت لە زانکۆ هێنا؟

بە هێمنی‌یەکی گێلانە، هەوڵم دا گرانترین ووشە بڵێم :

– دەرکرام.. لەبەر هۆی سیاسی دەرکرام! قاچی ڕاکێشا، تۆزێ چەمییەوە، پاشان چەکمەجی مێزەکەی کردەوە، کاغەزێکی دەرهێناو بێ شەرمانە فڕێی دایە بەردەمم... وتی : ببورە مامۆستا.. فەرموو خۆت ئەو ڕانومایانە بخوێنەوە کە سوود وەرگرتن لە هەر کەسێکی دەرکراوی لێ قەدەغە کردووین!!

چووم بۆ لای بازرگانێك کە هاوڕێی کوڕی پورم بوو، بە لەبزێکی شیرین لەگەڵم دوواو قسەکانی جارناجار باسێکی هەندەرانی تێئەکەوت... دواجار ئەو بازرگانە وتی : زۆر بە داخەوە کە حاڵی حازر چ ئیشێکت بۆ شك نابەم.

ناڕاستەو خۆ تیێی گەیاندم کە لە بوارێکی ترا بە دوای ئیشا بگەڕێم، لەبەرئەوەی شارەزاییم لە کارو باری بازرگانی‌دا ئەوەندە نییە کە هیچ کەسێ هانبدا ئیشێکی لەو جۆرەم بداتێ!

لە زۆر دەرگام دا، بەڵام کەس دەرگای لێ نەکردمەوە، وەڵامەکان چوون یەك بوون... ڕوخسارەکانیش سەرەڕای زەردەخەنەکەی سەریان، گرژ ئەبوون کاتێ سەری قسەم لەبارەی کارەوە دائەمەزران، لەو ماوەیەدا دەیەها بیرو بۆچونی بلیمەتانە لە کەللەمدا لە دایك بوو... بەڵام کاتێ مەسەلەی پارە ئەهاتە پێشێ، تەواوی ئەو بیرو ئەندیشانە ئەڕەوینەوە!

دواجار دڵنیابووم کە تەنها ئیشی دەستە ئەتوانێ قوتارم کا، بەڵام چما ئەم باسکە ئیفلیجانەی کە لە مێژە بەر هەتاویان نەدیوە، دەرەقەتی ئیشێکی لەو جۆرە دێن؟

چییه گەر ببمه کرێکاری خانووبەرە؟ یاخود ببمه گۆزە ساز؟ چما بەردم پێ‌هەڵئەگیرێ؟ ئەتوانم قوڕی بێگیان بکەمە بونەوەری زیندوو کە لە هەموو ماڵێکا بجوڵێن؟

ئەی چییە گەر هەوڵ بدەم سەفەر بکەم؟

بەڵێ سەفەر... تاقە ڕێگە چارەیە، ئەکرێ یەکسەر سەفەر بکەم، گرنگ نییە بۆ کوێ... خوای ئەکرد بۆ دۆزەخ ئەبوو... تەنها ئەمەوێ بە زیندوویی بمێنمەوە... لەماوەی هەفتەیەکا ئەتوانم جانتاکەم هەڵگرم و سەفەر بکەم... عەریزەیەکم بۆ دەرهێنانی پەساپۆرت نووسی، بەخۆم وت : کاتێ پەساپۆرتەکە ئەنێمە گیرفانم، ئەتوانم باشتر بیر بکەمەوە... بیرکردنەوەی ئێستام لە بیرکردنەوەی سەگ ئەچێ ...

سەفەری دەرهێنانی پەساپۆرتەکە دەستی پێکرد،درێژترین سەفەری ژیان...دوای دوو ساڵ و حەوت مانگ ئەو سەفەرەم گەیاندە کۆتایی...

کێ باوەڕ ئەکا کە دوو ساڵ و حەوت مانگ چاوەڕێی دەرهێنانی پەساپۆرتم کردبێ؟

– ئەتەوێ بۆ کوێ سەفەرکەیت؟

– چ وڵاتێکی دیاری کراوم لە خەیاڵا نییە، ئەمەوێ بە دوای کارێکا بگەڕێم... لەهەر کوێ کار هەبێ ئەچم بۆ ئەوێ!

– دوای مانگێ سەر بەرەوە!

دوای مانگێ لە دەرگام ئەدایەوە، تەواوێك بیرچووبومەوە، بیری نەئەکەوتەوە کە پێشتر منی دیوە... لێی ئەگەڕام نانەکەی بخوا.. دوای نیو سەعات ئەچوومەوە لای... بە هێمنی دەرگاکەم دائەخست.

– دوای مانگێکی تر... سەر بەرەوە!

چەندین مانگ تێپەڕین... ساڵێکی تەواو تێپەڕی و منیش بێ ماندوبوون سەرم ئەدا.. ئیدی کەوتمە قەرز کردن، هاوڕێ و ناسیاوێك نەما قەرزی لێ نەکەم، ئیدی کاتێ ئەچووم بۆ لایان... کاتێ ئەمبینین لە شەرما سوور هەڵئەگەڕام، بەسەر زەوییەوە بەنگ نەئەبووم، وەك مێشولە چکۆڵەو وەك پشیلیەیەکی گەڕ قێزەوەن بووم، قەستم بوو خۆم فڕێ بەمە زێرابی سەر جاددەوە، خۆم هەڵدەمە دەریاوە... (مەنسور... ئاخرییەکەی بویتە سواڵکەریش؟!).

تاکەی هاوڕێکانت لێت قەبوڵکەن! تاکەی پارەت بدەنێ؟ بەڵام قەرز لە زەمانی نوحەوە لە نێوان خەڵکیدا هەیە! بۆ شەرم کەم؟

لەو ماوەیەدا بۆم دەرکەوت کە تەرجومەکردن باشترین شتێکە کە مرۆڤ بتوانێ پێی بژی!

پێم سەیربوو کە چۆن ماوەیەکی درێژ لەوەوبەر کارێکی لەو جۆرەم بە خەیاڵا نەهاتووە! بە خۆم وت : گەر بکەومە تەرجومە، ئەتوانم لە ماوەی ئەو ساڵەدا سێ چوار کتێب تەواو کەم... تەرجومەکردنی هەر کتێبێك بە قەدەر مووچەی ساڵێکی زانکۆیە.. مانای وایە دەوڵەمەند ئەبم! هەموو ئەوانەی خەریکی تەرجومەن

دەوڵەمەندن... پێشتر وا نەبوون... بەڵام دوای چەند ساڵێك لە خەڵکانی ئاساییەوە بوونە خەڵکانی دەوڵەمەند.

کەواتە تەرجومە بەلەمی رزگار بوونە، کتێبێکی گونجاو هەڵئەبژێرم... تەرجومەی کتێبی خراپ ناکەم... وەك ئەو تەرجومانەی کە بازاڕیان لێ پڕبووە... بەڵکو کتێبی دانسقە هەڵئەبژێرم... گرنگ نییە کتێبی سیاسی بێ یان ئەدەبی... بەڵام تەرجومەی شتی ئەدەبی پێویستی بە فەرهەنگێکی تایبەتییە... نازانم ئەو فەرهەنگەم هەیە... یان نا!

بە قورعە کتێبێکم هەڵبژارد، بەڵێ.. باوەڕ بکەن..دوای ئەوەی ماوەیەکی درێژ لە هەڵبژاردنی کتێبێکا تیامام، بڕیارم دا بە قورعە کتێبێ لە حەوت کتێب هەڵبژێرم.. دواتر ئەو کتێبە بووە هۆیەکی تر لەو هۆی نەگبەتییەی کە لە یەخەم نەبۆوە.. کتێبە هەڵبژێرراوەکە " کۆمۆنەی پاریس" بوو، شەوو رۆژ ئیشم تیا ئەکرد، ژمارەیەکی هێجگار زۆر جگەرەم بە دیار تەرجومە کردنییەوە کێشا.. بەدەم هەڵگۆزانی ووشەکانەوە،زۆر بە قووڵی ڕائەمام.. کاتێ لە تەرجومەکە بومەوە، هەستم بە جۆرە خۆشییەکی وا کرد کە بە درێژایی ژیانم هەستم پێ نەکردبوو.

لە یەك ساتا ماندوویم حەوایەوەو پەلە شینەکانی چوار دەوری چاوم دیارنەمان.. هەستم کرد ئەتوانم یەکسەر دەست بدەمە تەرجومەی کتێبێکی تر.. بەڵام بەخۆم وت :

مەنسور پێویستە جارێ ئاهەنگ بۆ ئەم پرۆژەیە بگێڕیت.. مۆڵەتی دوو سێ ڕۆژێ بەرە خۆت، گەر ئێستا سەرخۆش بیت، بە خەمەوە ناتگرێ... ئیدی ئێستا کاتی خەنی بوونە... ئەکرێ بەرامبەر ئەوەی بە ئەنجامت گەیاندووە..خەلاتی خۆت بکەیت!

هەر کە لە ئامادەکردنی کتێبەکە بوومەوە بۆ چاپ، کەوتمە سەر ئەوەی کتێبی دووەم بۆ تەرجومە هەڵبژێرم.. خەریك بوو کتێبی دووەمم هەڵئەبژارد.. کە مەسەلەی چاپی کتێبی یەکەم هەموو پرۆژەکانمی پەك خست!

خاوەن چاپەمەنی یەکەم بە هیچ جۆرێ قایل نەبوو باسی مەسەلەکەم لەگەڵا بکا.. وتی :

کتێبی قوتابخانەمان لایە و ئەمەوێ بەر لەهاتنی پایز لە چاپکردنیان ببمەوە .. بۆیە تا ئەو کتێبانە وەستا بێ کتێبی تر چاپ ناکەم!

خاوەن چاپەمەنی دووەم بە فیزێکەوە وتی :

– کتێبێکی چاکە.. بەڵام ئەمڕۆ فرۆختی نییە، کتێبەکەت کتێبێکی بازرگانی نییە، لەبەر ئەوە خۆم لە قەرەی چاپکرنی نادەم..

ناونیشانی خاوەن چاپەمەنییەکی تریان بۆ هەڵدام و پێی وتم : ئەشێ ئەو توانای چاپکردنی ئەم جۆرە کتێبانەی هەبێ.

ئەمیشیان چەند لە کتێبەکە ورد بۆوە، دوو هێندە لە دەم و چاوم ورد بۆوە.. وتی :

– وابزانم ئێمە پێشتر یەکتریمان دیوە.. نازانم کەی و لەکوێ....من بۆ جارێ یەکێ ببینم هەرگیز شێوەیم لە بیرناچێ! کە هاتیتە ژوورێ شێوەم کردیت.. بەخۆم وت ئەم ڕوخسارەم پێ ئاشنایە.. بەڵام نازانم لە کوێ یەکتریمان دیوە!

لە گەڵیا گەیشتمە ئەوەی کە کتێبەکەی لەلا جێبێڵم و دوای دوو هەفتە بگەڕێمەوە بۆ لای، لە میانەی ئەو دوو هەفتەیەدا بە خەیاڵما هات بکەومە تەرجومە کردنی کتێبە تازەکە، بەڵام بەخۆم وت : مەنسور ئارام گرە..خۆ بەو ڕادەیە گێل نیت.. ئەو تۆزە پارەیەی قەرزت کردووە لە کڕینی کاغەزا خەرج کەیت!

کە چومەوە لای.. بە زەردەخەنەوە کەوتە باسکردنی بێبازاڕی کتێب و ئەو گیروگرفتانەی کە ڕوو بە ڕووی خاوەن چاپەمەنییەکان ئەبێتەوە.. باسی ئەوەی کرد کە چۆن دەسەڵاتداران گێچەڵی پێئەکەن.. وتی : ڕاستە دەسەڵاتداران ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هەندێ کتێب ئەدەن کە پێشتر قەدەغە بوون.. بەڵام هەموو شتێ زەریبەی خۆی هەیە!

هەرچەند زیاتر قسەکانیم ئەبیست، زیاتر ڕەشبین ئەبووم..دواجار دەنگیم ساردو زیقن هاتە گوێ!

– کتێبەکەتم خوێندەوە، کتێبێکی گرنگە، زۆر گرنگە.. بەڵام پێم وایە کۆسپ دێتە بەردەم چاپکردنی، ئەشێ لێپرسراوان مۆڵەتی چاپکردنی نەدەن، خۆ گەر مۆڵەتیشی بدەنێ...ئەوا کتێبەکە کتێبێکی بازرگانی نییە... مامۆستا مەنسور.. ئەڵێی چی کتێبی (الف ليلة وليلة)بۆ فەرەنسی تەرجومە بکەیت... ئەمەیان باشتر نییە؟.

دوا خاوەن چاپەمەنیش..بەدەم پاڵدانەوەوە وتی :

– من بازرگانم، ئەو کتێبەی قازانجی هەبێ چاپی ئەکەم، من بۆ خۆم ناتوانم کتێب هەڵسەنگێنم، کتێبەکەتم لەلا جێبێڵە، پیشانی ڕاوێژکارەکەمی ئەدەم..گەر ئەو لەسەری قاییل بێ، ئەوا تۆ ئیشێکی ترت لەبەردەما ئەمێنێ، ئەویش دەرهێنانی مۆڵەتی چاپکردنیەتی، ئەو کات ئەتوانم بڕێك لەو پارەیەت بدەمێ کە لەسەری پیكدێین!

ڕای ڕاوێژکاری ڕۆشنبیری ئاوهابوو : ڕەنگە لێپرسراوان ڕێگەی چاپکردنی نەدەن!

گەشتێکی درێژم بۆ وەرگرتنی مۆڵەت لەگەڵ لێپرسراوانا دەست پێکرد، بەشکست هێنان کۆتایی هات..لە چاپدانی کتێبەکەیان ڕەت کردەوە ((..ئاماژە بە داواکارییە تایبەتیەکەتان بۆ لە چاپدانی کتێبی (کۆمونەی پاریس) پێتان ڕائەگەیەنین کە بە لە چاپدانی ئەوکتێبە قایل نین!))

ئەتانەوێ لە برسانا بمرم؟ ئەتانەوێ سنوور ببەزێنم و ڕاکەم؟ ڕاست و ڕەوان چیتان لێم ئەوێ؟

ئەسعەد نوری.. بەتەوسەوە لچی هەڵقورتاندو وتی :

– بۆچی واقسەم لەگەڵ ئەکەیت؟ خۆ دوژمنت نیم؟

– بەلاَم ئەمەویٚ تیٚبگەم .. تاکەی ئاوهـا مامەڵە ئەکریٚم ؟ نە ئیش ... نە پەساپۆرت... تەنانەت کتیٚبیٚکیش کە ئەمەویٚ چاپی کەم...ریٚگە نادەن؟

– من لەوە بەر پرسیار نیم و چ شتیٚکی لیٚ نازانم!

– ئەی کیٚ ئەزانیٚ؟ گەر لە جیٚی من بویتایە چیت ئەکرد؟

– ناتوانم هیچ شتیٚکت بۆ بکەم!

– ئەی ئەو کتیٚبانەی کە لەسەریەك هەڵچنراون ... کتیٚب لە بارەی لادانی سیٚکسی، کتیٚب لەبارەی عەشیقەکانی ناپلیۆن.. کتیٚب لەبارەی... کتیٚب لە بارەی.... ڕیٚگە بە چاپکردنی هەموو ئەو کتیٚبانە ئەدریٚ.. بەلاَم ریٚگە بە چاپکردنی تەرجومەکەی مەنسور عبدولسە لامی بەستەزمان نادەن!

– ناتوانم هیچ بکەم.

– ئەی کیٚ ئەتوانیٚ؟

– خۆت ئەزانیت!

– بەخودا گەر لە برسا بمرم ئەوە ناکەم! ڕاستە من توانای بەرەنگار بوونەوەم نییە.. بەلاَم نابمە ئەو کەسەی کە ئیٚوە ئەتانەویٚ.. ئەسعەد ئەمەویٚ پرسیاریٚکی چکۆڵەت لیٚ بکەم... ئایا مەنسور دوژمنی سەرەکی ئیٚوەیە؟

– وا قسەم لەگەڵ ئەکەی، وەك ئەوەی من ریٚگەم لیٚ گرتبیت؟.

– تۆیش وەك ئەوانیت...یەکیٚکیت لەوان...

– پیٚم وتیت هەوڵم لەگەڵ دان.... خۆم روو بەرووی زۆر تاوان و گومان کردەوە...تەنانەت لیٚیان پیٚچامەوەو، لەبارەی پەیوەندیم بە تۆوە پرسیاریان لیٚکردم..ووتیان : بۆ لەسەر مەنسور ئەکەیتەوە؟ پیٚم وتن : برادەرینە... مەنسوریش مرۆڤەو ئەیەویٚ بژی..پیٚم وایە لە خەڵکانی تر خراپتر نییە... وتیان : نەء تۆ مەنسور ناناسیت... یان ئەتەویٚ بۆی بپۆشیت!

بەلاَم مەنسور لە هەڵۆ بە هیٚز ترە....مەنسور کۆتایی نایەت...ئیٚستا سەفەر ئەکا.. ئەو قەرزانەش ئەدەمەوە کە لامن..قەرەزەکان لەگەڵ سوپاسیٚکی ناسکدا ئەدەمەوە : ئەی ئەو خەڵکانەی کە یارمەتی مەنسورتان دا بە زیندووی بمیٚنیٚنەوە.. تەنها سوپاستان ناکەم.. بەڵکو ئەمەویٚ شتیٚ لە ڕۆحی خۆشمتان بدەمیٚ، ئەمەویٚ زمانیٚ بۆ دەربڕینی ریٚزو خۆشەویستیم بەرامبەر ئیٚوە بەکار بیٚنم کە تا ئیٚستا مرۆڤ بە کاری نەهیٚنابیٚ...چما سەگتان دیوە چۆن سوپاسی خاوەنەکەی ئەکا؟ منیش ئەمەویٚ... بۆ سوپاس کردنتان هەمان ئەو شیٚوازە بەکار بهیٚنم...کە سەگ بۆ سوپاس کردنی خاوەنەکەی بەکاری ئەهیٚنیٚ.

—

مافی خۆمە لەسەر قاچێك ڕاوەستم و بکەومە سەما، مافی خۆمە پێڵاوەکانم داکەنم و لەسەر کورسیەکە ڕاکشێم... مافم زۆرە... بۆچی نەیکەم؟ پارەی بلیتێکی تەواوم نەداوە؟ تا دوا فلسیم داوە! مەزەنە بکەن پارەی بلیتەکەیان بۆ دانەشکاندم! هەنوکەش وەك کەری بیرە ئاو بەستراومەتەوە...گەلۆرانە سەیری ئەو دوو ئافرەتەی بەرامبەرم ئەکەم..لەکتێبەکان ئەڕوانم...جگەرە ئەکێشم، لەو خۆرە ئەڕوانم کە لە پرشنگێکی ڕەش دا غەرق بووە،لەفیکرەوە ئەچم،خەون ئەبینم تف، لەناخم ئەکەم،ئاوات ئەخوازم خاوەن بۆمبی ئەتۆمی بام:

ئەی تۆ مسیۆدۆناڵ... گەیشتیتە شوێنی کار؟ هەموو شتێکت بۆ پێشوازی ئەو زەلامانە ئامادە کردووە کە ئەیانەوێ بەدوای تابلۆ قۆڕینەکانا بگەڕێن؟ مسیۆدۆناڵ..گەر تابلۆکانمان دۆزییەوە...چییان لێ بکەین؟بۆ ئەوە باشە کە ئەتوانین مێژووی کۆنیان باشتر پێ بناسین؟ گریمان ئەوا باشتر مێژووی کۆنیشمان ناسی،چما ئەوە شتێ لەژیانی خەڵك ئەگۆڕێ؟مسیۆدۆناڵ..ئەوەی بیری لێ ئەکەیتەوە شتێکی بێ هودەیە.تەنانەت مسیۆمارشان..ئەو پیاوەی کەزۆرم خۆش ئەوێ..

ئەوەی ئەویش بیری لێ ئەکاتەوە بێ هودەیە.. باشتر نییە لێ گەڕێین تابلۆکان لەشوێنی خۆیاندا بن و بڕزن..باشترنییە...؟ بەڵام مەنسور پێویستە خۆشحاڵبیت..بەڵێ.. ژیان بەڕادەیەك کورتە کە مرۆڤ پێویستە ساتەکانی شادومانیی بدزێ، گەر مرۆڤ دزێکی باش نەبێ.. ئەوا ژیانی لەدەست ئەچێ.. ئەوا رۆژێ لە رۆژان ئاوڕ بۆ دواوە ئەدەیتەوەو تفێ لە ڕابردووی خۆت ئەکەیت... بەخۆت ئەڵێی : ئەو هەموو ساڵە بەبێ تاقە ساتێکی شادمانی تێپەڕی!

خەنی بە .. هەستەو لەســەر قاچێ هەڵپەڕە، مافی خۆتە هەڵپەڕیت، مافی خۆتە

لەسەر کورسییەکە ڕاکشێی .. هەرچی ئەم کریستاڵە ناسکەی بەرامبەریشتە .. لە ویستگەکەی تر دائەبەزێ و ئەڕوا .. خۆ گەر لەو ویستگەیەش دانەبەزێ، ئەوا هەر ئەبێ لەویتر دابەزێ.... چ شتێ لەم ژیانە نامینێ، یادەوەرییەك نەبێ کە ئەو کاتەی ئەچیت پاچە چکۆڵەکـەت بهێنیت لە تەپ و تۆزی شوێنی کاردا ئەڕەوێتەوە ... ڕێ ڕۆیشتنی شتەکان ئەبینیت؟ شتەکان وەك روبار وەهان و کەس ناتوانێ ڕەوتی ڕۆیینیان بگۆڕێ... گەر قسە لەگەڵ ئەو کیژۆڵەیەدا بکەیت، گەر لە ناوەکەی بپرسیت... گەر پێشی بڵێی : کیژۆڵەکە تۆ جوانیت... وا هەموو ئەو شتانەنەشت ووت... ئەی دوای ئەوە؟؟! دوای دوو ساڵی تر ... جارێکی تر ئەچم بۆ بەلژیکا... سەردانی کاترین ئەکەم ... (کاترین لە ماوەی ئەم ساڵانەدا زۆر گۆڕاویت ... چی بووە؟!)

(مەنسور تۆیش زۆر گۆڕاویت، زەمەن چەند دڵڕەقە، باوەڕم نەئەکرد وا پیر بوویبیت! چۆن بەو خێراییە چرچی‌و لۆچی شاڵاوی بۆ نێو چەوانت هێنا؟ بیرمە ئەتگوت : پیر نابم ... سەرم سپی نابێ .. کەچی وا ئێستا ئەتبینم پیرە مێردێکی بۆ خۆت!).

(کاترین کچی دووەمت ناو نا چی؟).

(بەڵێ... وێنەی ئیزابیل و وێنەی دایانام ئەوێ ... وێنەیەکی گەورەم ئەوێ...).

(مەنسور ئەی تۆ بیر لەوە ناکەیتەوە ژن بێنیت؟).

مسیۆ دۆناڵ ...!! مسیۆ دۆناڵ... گەر بتزانیبا چۆن ژیاوم... ئەوا هەرگیز بەدوای تابلۆی قورین دا نەئەگەڕایت... مێژوو....؟ مێژوو چییە؟ درۆیەکی گەورەیە، زەبرو زەنگە، دوژمنایەتیە، درۆیە، هەر لە زەمانی نوحەوە تا ئێستا هەموو شتێ لەسەر درۆ بنیات نراوە ... خەڵکیش بە لەزەتەوە لەبەر دەم ئەو درۆیانەدا سوژدە ئەبەن و ماچیان ئەکەن!!

مسیۆ دۆناڵ ناتوانم ئەم مەسەلەیە بگەیەنمە دادگاکان، زۆر بیرم لەوە کردەوە... بەڵام ناوێرم، هەوڵێکی لەو جۆرە... سەرئێشەی زۆری بەدواوەیە... جگە لەوەی بێهودەشە... مسیۆ مەنسور، کارکردن... ماف و ئەرکە...، بێ ئیشی وەك مەرگ قەدەر نییە، بەڵام ئەو ڕۆژانە تێپەڕ یوون و وا چاکترە مرۆڤ لە بیری خۆیان بەرێتەوە.

کاترین! نیازمە سبەینێ سەفەر بکەم ... ئەو ڕۆژانە جوان بوون ... لە رۆژانی چەند ساڵێ لەمەو پێش ئەچوون... بەڵام ناتوانم بمێنمەوە، لە گەرانەوەما سەرێکی پاریس ئەدەم... لەگەڵ مسیۆ مارشان وا رێك کەوتووم... هەندێك دەقیان هەیەو ئەیانەوێ بۆیان تەرجومە بکەم، گەر چی مسیۆ مارشان دڵڕەقە... کەچی لە شەراب خواردنەوەو پێکەنینی خۆی ناکەوێ... پیاوێکی کورتە بنەو ورگنە، لە ژیانما پیاوێکی تری وەك ئەوم نەدیوە.. بە دەستی خۆی خواردنی خۆی ئامادە ئەکا، تاسەری ئەکەوێتە ژان... ئەخواتەوە، راستە من و ئەو هەمان ڕوانگەمان بۆ تێگەیشتنی مێژوو نییەو هەر جارێك کە یەکتری ئەبینین وەك کەڵەشێر ئەکەوینە هاوارکردن بەسەر یەکا، بەڵام دواجار بەدەم لەیەك دانی پێکەکانمانەوە بەختەوەریەکی ڕاستەقینە باڵی بە سەرمانا ئەکێشێ.

رەحابیش... رەوییەوە، بووە تارمایی... هەرچی (هانی)یشە تەواوێك بەعەیادەکەیەوە بەستراوەتەوە، زوو زوو سەفەری بەریتانیا ئەکا هێشتا پیێ نەناوەتەوە ئێرە، جارێکی تر خەیاڵی سەفەرێکی تری بەریتانیا ئەیداتەوە لەکەللەی...بڵێی ئافرەتێکی ئینگلیزیی خۆشنەوێ؟ لەوێندەر عەشیقەیەکی نەبێ؟!

بە رەحاب ئەڵێ :((رەحاب تۆ پێویستە لای مناڵەکان بیت... من چیم پێ ئەکرێ کە هەموو ژیانم لە خەستەخانەو لە ناو نەخۆشدا بەسەر ئەبەم؟ نە شانۆگەریەك ئەبینم... ساڵی ڕابردوو لە دوجار زیاتر بۆ سینەما نەچووم... رەحاب بڕوام پێ بکە، خۆگەر باوەڕیش ناکەیت... فەرموو سەرت بە دیوارا بماڵە... بەڵێ پێویستە سەرت تێك وپێك بشکێ. هەموو ئەو رۆژانە کۆتاییان هات ... چ شتێکیان لێ جێ نەماوە))!

بۆم هەیە هەڵپەڕم... بۆم هەیە بە دەنگی بەرز گۆرانی بڵێم، چما پارەی تەواوی بلیتێکم نەداوە؟ دوو سبەی.. دوای سێ رۆژی تر ئەکەویتە کار... پاڵتۆیەکی شین لەبەر ئەکەیت و پاچێکی چکۆڵە هەڵئەگریت، پێویستە لە ماسولکەی ئیفیلج و لە روخساری خەمۆك و لە چاوانێك کە ڕووناکی کارەبا ماندووی کردون و لە کتێب و تەنانەت لە گەلگامشیش کە زۆرت خۆش ئەوێ رزگارت بێ، ئیدی پێویستە شێوەی ژیانت بگۆڕیت! هەوڵ بدە ببەرە ئەلیاس نەخلەیەکی نوێ... مەنسور بۆچی نابیتە فەیلەسوف؟ بۆچی فەلسەفەیەکت لە ژیانا نەبێ؟ گەر باش بیر بکەیتەوە، ئەتوانیت حەقیقەتە گەورەکان بدۆزیتەوە، دۆزینەوەی حەقیقەتەکان بۆ خۆی سەرەتایەکی جوانە... ئیدی تێئەگەیت کە بۆ چی ئەلیاس نەخلە ڕاو ئەنرێت... تێ ئەگەیت بۆچی درەختەکانیان بڕییەوە؟ تۆیش لە ژیانی خۆت ئەگەیت، تێئەگەیت بۆچی واسەرگەرد ناتەوێ وەك خەڵکانی تر بژیت؟بەڵام ئێستا لەبارەی کام خەڵکێکەوە ئەدوێی؟ ئەحمەد.. مەحمود..راتب..ئەسعەد؟بەڵێ بەباشی بیرت دێنەوە ... هەموو شتێکت بیردێتەوە وئیدی پێویستت بەیادەوەری ترنییە..بەڵام ژیان وایە..وەك شمشێر تیژە.. گەر مرۆڤ نەتوانێ تەواوێك بەئاراستەی شمشێر رێبکات ئەوا هەلا هەلا ئەبێ..لاشەی ئەبێتە پارچەی ورد .. وردتر لە هەنگ .. ئەی بیرو باوەڕ!

ئەی ووشەگەورەکان؟ واز لەهەموو شتیٚ بیٚنە .. گرنگ ئەوەیە بەعەقلێکی تازە دەست پیٚبکەیتەوە ... هەولٚ بدە شتەکان لەبیرکەیت.

قیتارەکە لە ویستگەیەکی بچوك دا وەستاو یستگەیەکی بیٚناو..لەویٚدا وەستاو نەجولاٚ..لەجامەکەوە ژمارەیەك سەربازم بینی بەچەکەوە ئابلٚوقەی قیتارەکەیان دابوو.. چەند دەنگێکی کپ وچەند جولٚەیەکی بارگەکراو بەمەترسی، لەجامەکەوە بینیم سەربازەکان دووکەسیان راپیٚچ ئەکرد،دووکەس بوون تەمەنیان سی سالاٚنیٚك ئەبوو، چما بلٚیٚی فرۆشیاری جل وبەرگی کۆنە بن؟ بلٚیٚ قاچاخچی بن؟ بلٚیٚ بازرگانی چەك بن؟ بلٚیٚی خەلٚکانیٚکی سیاسی بن؟

خــۆر تیـــژو ئاویٚتە بە ئـــازارو بیٚزاریی لە ئاسمانەوە هوروژمی ئەهیٚنا، لەچاوی پیاوەکانم رووانی، چاوانیان تورەو خەمبار بوو،چاوانی پیاوەکانی تریش تورەو خەمبار بوو..دوو پیاوەکەش تورەو خەمبار بەباوەری پیٚغەمبەرانی چکۆلٚەوە ئەرۆیشتن ئەو سەربازانەش تورەو خەمبار بوون کە چواردەوری قیتارو دوو پیاوەکەیان گرتبوو...سەیری زەویم کرد... لەئاسمانم رووانی.تەماشای رووخساری ئەو دوو ئافرەتەم کرد کە بەرامبەرم دانیشتبوون ولەو دیمەنەیان ئەروانی.. هەموو شتەکان تاسنووری گریان خەمباربوون..لەجامەکەوە سەیری دەرەوەم کرد و ووتم : ئەبیٚ کاریٚکی نایاساییان کردبیٚ..ئەشبیٚ بەرەنگاری چارەنووس بوبیٚتنەوە.. پیٚویستە ئەم دوو زەلامە تامردن بەر قامچی بدریٚن.

# یاداشتەکان

سێ شەممە: 7ی تشرینی یەکەم :

ئاسمان ساماڵە ، دوورە..هەروەها شادییش دوورە.

شوێنی کار لە شارەوە دوورە، تا چاو بڕکا بیابانە... چڵێکی سەوز لێرە ناڕوێ..لێرە درەختەکان خەونن.

بەڵام..شوێنی کار بریتی‌یە لەچی؟

شوێنی کار کۆمەڵێ خێوەت وکابینەیەکە...لەناوەڕاستی گردۆڵکەی زەرداو هیچی تر!

مسیۆدۆناڵ لەدانانی کابینەی بەڕێوەبەرێتی بۆوە،کەبریتی‌یە لە واگۆنێکی تەختەیی جوانی ڕەساسی ڕەنگ،دوای ئەوەی لەئوتومبیلەکەکرایەوەو لاکانی کەوتە سەر زەوی، خانویەك و نوسینگەیەك و ئەمبارێکی بۆ بیرەو شەراب لێ پێك هات.

بەشێکی گرنگی کاتی خۆم لەنوسینگەکەدا بەسەر برد،سەرقاڵی ئامادەکردنی نامە بووم بۆ بەرێوەبەرێتی شوێنەوارو بۆ مسیۆمارشان... هەنوکە ئێمە سیانزە زەلامین... لە روبەرێکا کە نیوە تیرەکەی پانزە کیلۆمەترە بۆنی ئافرەتێك نایەت، ژنەکەی مسیۆدۆناڵیش دوای بەهار ئەگات.

(مسیۆ مەنسور گەر ژنت هەبا کێشەی بۆ ئەنایەوە، لەو بارەیەوە قسەم لەگەڵ مسیۆ مارشان کرد، بەسەری خۆیدا کێشاو وتی: ئەو زنجی‌یە چاك فریوی داین...

هەڵەی ئێمەی قۆستەوەو چ شتێکی لە بارەی ژنەکەیەوە نەوت...ئەوجا ببینە چۆن بەیەکەوە دێن بۆ شوێنی کار!).

بیرم لە کاترین کردەوە، گەر ئێستا لەگەڵمان با لە کویێ نیشتەجێ ئەبوو؟ ئەیتوانی چ ئیشێ بکا؟ یـــان ئەو کیژۆڵەیەی کە لە قیتارەکەدا بینیم ... هەر ئافرەتێکی تر!

پیاو ناتوانێ بە هاوسەنگی بیر بکاتەوە گەر ئافرەتێکی لە نزیکەوە نەبێ، ئەقڵی تێك ئەچێ.. کاتێکی درێژ بە مەسەلەی چکۆڵەوە ئەکوژێ!

دوێنێ کەوتینە ئیش، هێڵی سپیمان لەسەر گردۆڵکە گەورەکە کێشا،پێشتر خێوەتەکانمان هەڵداو گۆڕەپانە سەرەکیەکەمان چاك کرد تا ببێتە شوێنی کۆبونەوەو ببێتە ئەمبارو بشببێتە شوێنی وەستانی ترومبیلەکان!

بەبیرما هات شتێ بڕۆینین، بەڵام ئاو بە ڕادەیەك کەمە کە ناکرێ ئادەمیزاد بیر لە شتی قوڕی وا بکاتەوە.

یەکەم دیدارم لەگەڵ مسیۆ دۆناڵ دا گەرم و گوڕ نەبوو، بەڵکو دیدارێکی ڕەسمی بوو، هەروەها جێگەی شەرمەزاریش نەبوو.. دەستی ڕاکێشاو تەوقەی لەگەڵ کردم.. وتی :

- هیوادارم کاتێکی خۆش پێکەوە بەرینە سەر.

پاشان ئەو کەسانەی پێ ناساندم کە لێرە لەگەڵمانا ئیش ئەکەن :

- مسیۆ فرانسوا - ئەندازیار، مسیۆ ڕائول - چاك کەرەوەی شوێنەوار، مسیۆ ڕیجی - کۆمەڵێ پسپۆری هەیە... هەر لە تام کردنی شەرابەوە تا ئەگاتە گیتار ژەنین... لە نێوان شەراب و گیتاریشا : وێنەکێش، چێشت لێنەر، پەیکەر سازە!

مسیۆ ڕێجی سەیری کردم، چاوی داگرت و پێکەنی.. ئەم پیاوە سەرەڕای ئەو خۆشحاڵییەی کە بە روخسارییەوە دیارە، پێ ئەچێ کابرایەکی ڕەشبین بێ!

پاشان مسیۆ دۆناڵ کارمەندە خۆماڵییەکانی پێ ناساندم :

- ناوی هیچیان نازانم، تەنها بە روخساریانا ئەیانناسمەوە ، بەڵام مسیۆ جوبەیر لێپرسراویانە..

هەنگاوێك بەرەو لای جوبەیر چووە پێشێ‌و بە زەردەخەنەوە باسکی گوشی!

- مسیۆ مەنسور خۆرهەڵات و خۆرئاوا بە یەکتر ئەگەیەنێ، ئەبێتە زمانی هەمووان .. لە یەك کاتا ئەبێتە عارەب و فەڕەنسیش!

ئێستا نامەوێ تاقە وشەیە لەو بارەیەوە بڵێم...

ئاسمان ساماڵ و دوورە.. تا ئێستا تنۆکە ئاوێ نییە، شەوانێك درەنگ، شنەیەکی سارد هەڵئەکا... گردۆڵەکان گرژو مۆن و وەك دومەڵ لەم پانتاییە بەرینەدا هەڵتۆقیون..گەر ئەو ماندوییە نەبا کە پیاوان هەستی پێ‌ئەکەن .. ئەوا یان ئەکەوتنە گۆرانی .. یان بێزار ئەبوون .. ماندویی زۆر شت هەڵئەمژێ!

چوار شەممە : 8ی تشرین :

ئەمڕۆ کارمەندی شوێنەوار لەگەڵ ئەفسەرێکی پۆلیسا هات.

دیدارەکە رەسمی بوو، لەمیانەیدا باسی کارو کەش و هەوا کرا، من خەریکی تەرجومە کردنی قسەکانیان بووم بۆ مسیۆدۆناڵ...لەژووری بەڕێوەبەرێتی دانیشتبووین و چامان ئەخواردەوە.. ئەفسەرەکە شتێکی وت کە پیٚی نیگەران بووم.

ئەفسەرەکە وتی : پێویستە لاتان ئاشکرا بیٚ کە بۆ هەر ئەندامیٚ لە ئەندامەکانی نێردەکە قەدەغەیە پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسانەدا دروست کا کە خەڵکی ناوچەکەن.. هیچ جۆرە سەر ئێشەیەکمان ناویٚ..بەڵام قسەو باسی سیاسی...سەری ڕاوەشاند..

مسیۆ دۆناڵ قسەکانی سەلماند، زۆر لەسەر ئەو مەسەلەیە نەوەستا، بەڵام هەستم کرد دڵم گوشرا، بڵیٚی شتیٚ لە بارەمەوە بزانن؟ چما ئەیانەویٚ، ئادەمیزاد مشتیٚ خۆڵ بخواو بمریٚ؟!

ئەم زەلامە لە بارەی کام سیاسەتەوە ئەدویٚ؟

ئەفسەرەکە لە پێشی ئوتومبیلەکەدا دانیشت، بەر لەوەی بجولیٚ، ئاوڕی لێمدایەوەو بە زمانێکی نەرم و هاوڕێیانە، تەواو پێچەوانەی ئەو زمانەی کە تۆزێك لەوەوبەر قسەی پێکرد، پیٚی وتم :

– لە مسیۆ بپرسە... ئەکریٚ کرێکاریٚ... دوو کرێکارم لای خۆیان بۆ دامەزرێنن.. ئەو مەسەلەیەم پیٚ گرنگە!

ئەوەم لە مسیۆ دۆناڵ پرسی، بە بێزارییەوە وتی : دامەزراندنی خەڵك دراوەتە دەستی مسیۆ جوبەیر.

بیری کەوتەوەو وتی : کرێکارێك ئەبیٚ!

دوایی قسەمان لەبارەی زۆر شتەوە کرد، شەوێکی درەنگ بە مسیۆ دۆناڵم وت :

– ئەڵیٚی چی بیرە ئاوێك لێدەین؟

بە سەرسوڕمانەوە سەیری کردم و پرسی :

– بۆ ئاو خواردنەوە؟

– نەء... بۆ ئەوەی درەخت بڕوێنین.. بۆ ئەوەی باخچەیەك دروست کەین.

وەڵامی دامەوە : لەم زەوییە قاقڕەدا درەخت بە کەڵکی چی دیٚ؟

پاشان درەخت ماوەیەکی زۆری ئەویٚ تا پیٚ ئەگاو گەورە ئەبیٚ... پێشم وایە من ناتوانم زۆر لێرە بمێنمەوە!

– زۆر نامێنیتەوە؟

هیٚی ڕەشبینێکی ترم دۆزییەوە، هەر بە تەنها مسیۆ ڕیجی ڕەشبین نییە، ئەوەتا سەرۆکی نێردەکەش، ئەو پیاوەی کە ئەبوو وەك ڕم بەم زەوییەدا بچەقیایە... ئەوەتا ئەڵیٚ : زۆر لێرە نامێنێتەوە!

ئەو شەوە مسیۆ فرانسوا سەر خۆش بوو، بەڵام مسیۆ ڕائول چووە لای کرێکارەکان... یاری ئەنگوستیلە شاردنەوەی لەگەڵ کردن، زیاتر لە جارێك ئەنگوستیلەکەی پیٚ گیراو بیراز کرا... کاتیٚ لیٚی ئەدرا وردە هاواری لیٚ هەڵئەسا... بەڵام ڕۆحی هەر بەکەیف بوو، کاتیٚ ئەکەوتنە لێدانی... یان کاتیٚ ئەم ئەکەوتە لێدانی ئەوان!

—

پێویستە مرۆڤ بیرکردنەوەی چڕ کاتەوە کاتێ کە مەسەلە گەورەکان سەرقاڵی ئەکەن .. پێویستە مرۆڤ خەیاڵی نەڕواو لە مەسەلە هەمە جۆرەکانا سەرگەردان نەبێ.

لە سبەینێوە بیر ئەکەمەوە : بۆچی ڕۆژ دوای ڕۆژ وەزعی مرۆڤ خراپتر ئەبێ لەسەر ئەو زەوییەی کە ناویان ناوە نیشتمان!

پێنج شەممە : 9ی کانونی یەکەم :

من و مسیۆ دۆناڵ بۆ شار دابەزین، وێنەو نەخشەی سەرەتامان دایە دەزگای شوێنەوار.

عارەقم کڕی و بەدەم داخستنی جامی ئوتومبیلەکەوە بە مسیۆ دوناڵم وت :

– باشترین ڕێگە لە بارودۆخی ئێمەدا بۆ بەرەنگار بونەوەی ژیان عارەق خواردنەوەیە... ئەمشەو تامی ئەکەیت و واز لە خواردنەوەی شەراب ئەهێنیت!

بە زمانێکی نزیك لە زمانی منداڵان لێی پرسیم :

– جیاوازی نێوان عارەق و کۆنیاك چییە؟هەردووکیان لە ترێ دروست ئەکرێن، ڕێژەی ئەلکهولیشیان بەقەدیەك تیایە!

– مسیۆ دۆناڵ.. عارەق لە دڵەوە نزیکترە.. ساردو بوێرە، وەك چۆن کۆنیاك ڕەمزی فەرەنسایە، عارەقیش ڕەمزی ڕۆژهەڵاتە.. ئێمە عارەق ئەخۆینەوە تا ئازابین و بتوانین ڕووبەڕوی هەمووشتێ بینەوە، ئافرەت و گڕەو لێکۆڵەرەوەکان!

بە هەمان زمانی منداڵانە، هەمان ئەو ووشانەی لەبەر خۆیەوە وتەوە : ئافرەت و گڕەو لێکۆڵەرەوەکان؟

– بەڵێ مسیۆ دۆناڵ ئافرەت و گڕەو لێکۆڵەرەوەکان، هەر بۆ ئەوە نا.. بەڵکو بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەموو شتێکی ئەم ڕۆژهەڵاتە لەحنەتییە...ئێوە ئەخۆنەوە بۆئەوەی دڵخۆش بن... بەڵام ئێمە ئەخۆینەوە بۆ ئەوەی سڕ بین، ئێوە ئەخۆنەوە بۆئەوەی ڕۆحتان بگەشێتەوە.. شکۆف بکا..بەڵام ئێمە لەم ڕۆژهەڵاتە لەحنەتییەدا، ڕۆژهەڵاتی ووڵاتی خەمۆکی و قاڵونچە ڕەشەکان... ئەخۆینەوە بۆ ئەوەی غەرق بین‌و شتەکانمان بیر بچێتەوە...

– پەیوەندی ئەوە چییە بە ئافرەت و لێکۆڵەرەوە؟

ئەم خەڵکە بیانییە تێمان ناگەن، ڕاستە مسیۆ دۆناڵ زیاتر لە جارێك بۆ ئێرە هاتووە، بەڵام هەموو جارێك بۆ هەڵکەندنی زەوی و گەڕان بە دوای شوێنەواردا هاتووە... نازانێ چی لە دڵی خەڵکیدا هەیە.. پێی وایە پشووی هەفتە بریتی‌یە لە بڕێکی زیاتر شەراب، پێی وایە بریتی‌یە لە مەلەو نووستن تا سەعات دەو لەبەرکردنی کراسی ڕەنگاو ڕەنگ و هیچی تر.. مسیۆ دۆناڵ گوێ بگرە : ئەم مرۆڤەی کە ئێستا لە بەردەمتا ئەیبینی، لە قوڵایی دڵییەوە حەزی ئەکرد خاوەن بۆمبێکی ئەتۆمی با، گەر خاوەنی بۆمبێکی ئەتۆمی با، ئەوا تەربوشێکی سەوزی ئەکردە سەرو تەپڵێکی هەڵئەگرت و کەڵەشێرێکی ئەخستە سەر شانی، هەزاران بۆمبیشی ئەنایە سەرپشتی.. ڕێك لای نیوەڕۆدا و لە ژێر سێبەری دارزەیتونێکی ڕەش داگەڕاودا، تەربۆشەکەی لەسەری دا ئەکەندو بەسەریا هەڵئەمیزا، پاشان کەڵەشێرەکەی سەرشانی دائەگرت پێی ئەوت:لای ڕاستەوە بووەستەو مەترسە،

ئەکەوتە لێدانی تەپڵەکە، یەکەمجار بە سێ زرمەی سەرەتا دەستی پێ ئەکرد، پاشان ئەکەوتە لوراندن، زەڕین، حیلاندن.. کاتێ نۆرەی زەڕینیش ئەهات، بە گوڕی هێسترێك لە تەپڵەکەی ئەدا..تا ماندوو ئەبوو لێی ئەدا.. مێروولەو قالۆنچەو بونەوەرە چکۆڵە لەسەر سك خشۆکەکانی تری لێ کۆئەبوونەوە..پێی ئەوتن:

– کاتی ئەوە هاتووە بە بۆنەی کۆتایی هاتنی ژیان لەسەر ئەم پەڵە عەردە کە پێی ئەلێن خۆرهەلات ئاهەنگ بگێڕین..

بۆمبەکانی دەردەهێنا، لە مابەینی پەنجەکانیدا ئەمدیوو ئەودیوی ئەکردن، بەخۆشحالێیەوە سەیری ئەکردن..

تفی لە بەری دەستی ئەکرد، ئینجا بە هەرچی هێزی هەیە ئەکەوتە هەڵدانی بۆمبەکان... بە هەر چوار لادا هەڵی ئەدان.. دوا بۆمبێشی وەك هێلکە لە ژێر خۆی دائەناو لەسەری کڕئەکەوت!

چما بڵێی مسیۆ دۆناڵ بەشداری ئەم موغامەرەیە بکا؟

سێ شەممە : 18ی کانونی یەکەم :

بە مسیۆ (ڕیجی)یم وت : ئەتوانێ فێری گیتار ژەنینم کات..

پێم وت : کاتێ گوێم لە ئاوازی گیتار ئەبێ دڵم پڕ ئەبێ... ئەمەوێ فێری گیتار ژەنین بم!

وەڵامی نەدامەوە،بەمیهرەبانییەکی زیاترەوە سەیری کردم وجێی هێشتم،پاش تۆزێك گەڕایەوە و گیتارەکەشی لەگەڵ خۆی هێنا.

من بەدەم سەیری کردنی پەنجەکانیەوە،بیرم لەزۆر شت کردەوە... بیرم لەکاترین، لە ئەستێرەکان.... لە ڕۆژەگەرم وگوڕەکان ئەکردەوە..کاتێ گیتارەکەی دامێ تا ئەو جوڵە سەرەتاییانە دووبارە بکەمەوە کە فێری کردبووم.. وتم بۆچی تۆ ئێستا نایژەنیت؟من هەڵگرە بۆ سبەینێ؟هیچی نەوت،بەڵام جۆری سەیرکردنەکەی ئازاریدام.. هەستم کرد ڕەفتارمی بەدڵ نییە.

پێنج شەممە 20یکانونی یەکەم :

ئەو چاڵانە پڕبوونەوە کە بەهەڵکەندنیانەوە ماندوبووین، ئەمێستا بونەتە گۆلاوی گەورە تەنها ماسییان کەمە خێوەتەکانیش هەڵوەشاو وەك پێستی پشیلەی تەڕ... چوار دەوری خێوەتەکانمان هەڵکەند، جۆگەمان لێداو چاك عامودەکانمان چەقاند تا ڕەشەبا وەك هەفتەی رابردوومان پێ نەکا. پیاوان لە خێوەتەکەی جوبەیردا گۆرانی ئەڵێن وجگەرە ئەکێشن،پیاوەکانمان سەیرن.گەر هەنوکە نوح بهاتبا نەیئەزانی کامیان لەگەڵ خۆی بە رێ :هەریەکەیان دونیایەکی تایبەتە.... هەریەکەیان دورگەیەکی لاکەوتەیەو چ پەیوەندییەکی بە دورگەکانی ترەوە نییە..یەکێکیان گۆرانی ئەڵێ، ئەوی تریان بەبێ فرمێسك ئەگری و لەفیکرەوە چووە..ئەمیتر دەمی

بەبوتڵە عارەقەکەوە ئەنێ تەواوێك وەك ئەوەی لێوی لەسەر لێوی خۆشەویستەکەی نابێ.. ئەوی کەیان نوێژ ئەکا.. چما ئەکرێ نوح کامیان لەگەڵ خۆیدا بەرێ؟

بە مسیۆدۆناڵم وت :سێ ڕۆژە باران مۆڵەتی نەداوە،ئەمەش مانای وایە کە هەفتەیەکی تەواو ئیش ناکەین..پێشنیارم بۆ کرد کرێکارەکان مۆڵەت بەین بچنەوە ماڵی خۆیان و بەیانی زوو بێنەوە... مسیۆدۆناڵ قایل بوو، هەر چوارمانماینەوە. کاتێك پیاوان تەنیا ئەبن، بەتایبەتی لە شوێنێکی وەك ئەوی ئێمەدا... ئەبنە برا کوشتەی یەکتر... زوو هەڵدەچووین، زوو ئاشت ئەبووینەوە، چەند بەرفراوان و چەند دەوڵەمەندە دونیای ئادەمیزاد، بەڵام دونیایەکی ناوەکییەو ناکرێ بۆ دەرەوە ڕەنگ بداتەوە... هەرچی وشەکانیشە ئەو قۆناغەیە کە وای لە مرۆڤ کرد زیاتر بەرگەی لاوازی و ئاڵۆزیی بگرێ.

پێنج شەممە 27ی کانونی یەکەم :

ئاهەنگەکەی دوێنێمان لەگەڵ پیاوە ڕەبەنەکانی بیاباندا قەشەنگ بوو، هەموو شتێکمان بە ووردی ئامادە کرد...عەلەشیشێکی گەورەو میوەو سەوزەی جۆراو جۆرمان کڕی، تاحەمامممان نەکرد... شارمان جێ نەهێشت!

مسیۆدۆناڵمان لە ناوەڕاستا لەسەر سەکۆ گەرمەکە دانا، توونـد دەست و قاچیمان گرت، ئەویش هەر هاواری ئەکردو ئەپاڕایەوە تا هەموو لەشی سوور هەڵگەڕا.. دەموچاوو گوێچکەو لوتی، بە ئاشکرا نیشانەی سووتان بە شانیەوە دیار بوو، کاتێ بەرمان دا، هەستاو کەوت، چەند دقیقەیەك لە شوێنی خۆی مایەوە، پاشان کوتوپڕ ڕاپەڕی و شاڵاوی بۆ ڕێچی برد.. پێم وابوو ئەبێتە شەڕیان...بەڵام ملی ڕێچی گرت و خۆیدا بە سەریدا... کەوتە پاڵپێوەنانی تا هێنایە هەمان شوێن، هێنایە سەر سەکۆ گەرمەکە.

کاتێ نۆرەی من هات پێم ووتن :

ئەزیەت مەکەێشن... خۆم دائەنیشم ، دانیشتم... هەردوو سمتم سووتا، هەستم کرد ئاگر ڕۆ ئەچێتە ناوسکمەوە، بەڵام دانم بە خۆما گرت، کاتێ کەوتنە ئاو پیاکردنم، پێم وتن : ئێمە لە ڕۆژهەڵات نەك هەر بەرگە ئەگرین بەڵکو حەز بە ئازاردانی خۆیشمان ئەکەین، یەکێ لە هەڵە باوەکان ناسینی هیندیەکانە بە بەرگەگرتن! ڕۆژهەڵات نیشتمانی بەرگە گرتنە، ڕۆژهەڵات بۆتە کەر... بەم وشەیەی دوایی پێکەنین، لەژوورە ساردەکەدا خۆمان لە خاولێوە پێچاو لەبەردەم حەوزەکەدا چامان خواردەوە، لەو کاتەدا ڕۆژهەڵاتم ئاوها هاتە بەر چاو.. شای بەزیو، کەڵەشێری ئاوە رووت کراو، پیاوانێك کەبۆ چەند ساتێکیش بێ پێیان وایە بوونەتە خاوەنی دونیا...عەورەتمان جوانتر بوو لەو مێزەرانەی کە لەسەریان کردین سەکۆ گەرمەکەش زۆر لە ژووری ساردو حەوزەکە وزۆریش لە وشکە پێکەنینەکانی کابرای حەمامچی خۆشترە کەسەیرمان ئەکاو لەدڵی خۆیدا ئەڵێ :چاك ئەم خەڵکە بیانیەم

راوکرد... چما ئەکرێ رووتی باڵ بەسەر دونیادا بکێشێ وخەڵکی لە بۆیمباخ و گۆرەوی و دەرپیێی ژێرەوە رزگاریان بێ؟پێم وایە شتێکی لەو جۆرە ئەکرێ.

سێ شەممە 1ی کانونی دووەم :

فرانسوا سەری بەبرین پێچ بەستووە هێشتا ئاسەواری خوێنی پێوەیە، لاچاوی شین هەڵ گەڕاوە، رەنگی رووخساری پەڕیوە.

شەوی رابردوو وەك سەگی برسی گریاین، یەکێکمان نەبوو نەگری، وەك بارگیرێك کە مێشە سەگانە زۆری بۆ هێنابێ، پێم وتن:

بونەتە خەڵکی رۆژهەڵات، هێندە بگرین تا عەرد لێواو لێو ئەبێ لەفرمێسك، بگرین و مەترسن.... گریان دەرروونی مرۆڤ پاقژ ئەکاتەوە،ئەیشواتەوە، ئێوە مانانیش هێندەی پێویستتان بەگریانە پێویستتان بەچ شتێکی تر نییە!

گریام، بۆ هەموو شتێ گریام..بۆ نیشتمان گریام،بۆ رەحاب گریام... بۆ ئەو ئافرەتەی کە پرچی لەڕۆشنایی مانگ ئەچوو... بۆ ئەو پیاوە خێڵە گریام کە بەتەپڵەکی جگەرە لێیدام... بۆ رۆژانی زیندان و رۆژانی برسێتی گریام... بۆچی مرۆڤ لەنیشتمانەکەیدا برسی ئەبێ؟ بۆچی وایلێ ئەکەن رقی لە هەموو شتێ هەستێ؟

قیژاندیان بەسەرما..ڕائول بوو کە قیژاندی : تۆو رۆژهەڵاتەکەت بەجەهەننەم، جگە لەم هەقایەتە قۆڕانەی کە بێماندووبوون بۆمان ئەگێڕێتەوە، چ شتێکی ترت پێنییە؟ زیندان، ئەشکەنجە، بێکاری، چەوسانەوە... ماوەی چوار مانگە شەو نیە گوێمان لە حەقایەتانە نەبێ..ئێمە ئەمشەو ئەمانەوێ یادی پاریس بکەینەوە پاریسی رەنگاو رەنگی لێواو لێولە پێکەنین و ماچ...پاریسی ئافرەت... هەر ئافرەتێکی پاریس یەکسانە بە هەموو رۆژهەڵاتەکەی تۆ!

کاترینم بیرکەوتەوە :چوار ساڵ پێکەوە ئاهەنگمان بەبۆنەی سەری ساڵەوە گێڕا، لە دوانزەی نیوەڕۆوە دەستمان پێ ئەکرد... هەموو سەری سەعاتێك هەڵدەساینە سەر پێ، وەك قەشەی کوێر پێکەکانمان لەیەك ئەداو ئەمان خواردەوەو ئەمان وت ساڵی نوێ لە سەنگافورە دەستی پێکرد، ساڵی نوێ لە ژاپۆن دەستی پێکرد، ساڵی نوێ لە فلیپین دەستی پێکرد، ساڵی نوێ لە مالیزیا دەستی پێکرد... کاتێ لە برۆکسل میلی کات ژمێر ئەچووە سەر سەعات دوانزە، ئیدی تەواو روتوقوت ببوینەوە... هەر چوار دەورمان شوشەی بەتاڵ و کاغەزی رەنگاو رەنگ وقنچکە سێوو فلتەری جگەرە بوو..تاسەعات دوانزەی رۆژی داهاتوو ئەنوستین... دەی هەنوکە ئەی فەڕەنسیە سوعلوکەکان بە بۆنەی خۆڵ خواردنەوە ئاهەنگ بگێڕن... لەهەموو ئەم زەوییەداو بەماوەی چەندین میل..بەماوەی سەدان میلیش ئافرەتێ نابینن..پێو پۆزێ نابینن ئارەزووتان بوروژێنێ..ماچێك نابینن بەهەوادا بفرێ ئیمپراتۆرێکی لچ هەڵپچڕاو نابینن لەو دیو ئافرەتێکەوە خۆی حەشار

دابێ..لەچاڵتان ئەنێم... هەزاران میلتان بڕیوە تالێرە بمرن... مەنسور عەبدول سەلام گۆڕ هەڵکەنەو لەچاڵتان ئەنێ..مژدەتان لێ بێ!

هەینی 11ی کانونی دووەم :

ڕەجەب بیرت نەچێ کە ڕۆژنامەکانم بۆ بێنی، دە ڕۆژنامەم بۆ بێنە، گرنك نیە ڕۆژنامەی ئەمساڵ بێ یان هی پار... ئەمەوێ هەواڵیخەڵکی بزانم.

ڕەجەب پێکەنی و لێی نەپرسیم چ ڕۆژنامەیەکم ئەوێ... ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆ، ڕۆژنامەکانی پار، ڕۆژنامەکانی ساڵانی داهاتوو .. هەموویان لە هەمان لەحزەدا چاپ ئەبن، تەنها لە ڕۆژی دەرچوونیانا جیاوازییان هەیە ... چما بابلیەکان ڕۆژنامەیان دەرئەکرد؟ ئەی فیرعەونییەکان؟

کەسێك لە وڵات مردووە؟ کەسێ لنگەو قوچ هەڵواسراوە؟ لیژنەکانی لێکۆڵینەوە دەست پێ ئەکەن و لێ نابنەوە؟ کاغەزەکانیش لەسەر یەك کەڵەکە ئەکرێن، هەزارەها کاغەز! مشکیش نایانخوا! ئەی زیندان و ئەشکەنجەدان وبرسێتی؟ مەنسور... بڵێی وڵات چی بەسەر هاتبێ..نامە نانووسیت؟

هێشتا چاڵەکان پڕن لەئاو، بە مسیۆ دۆناڵم وت:ئەمەوێ درەخت بڕوێنم ، پێکەنیو وەڵامی نەدامەوە ، ئاوڕم بۆ ڕائول دایەوەو پێم وت : ئەمەوێ درەخت بڕوێنم.. کەچی دەستی بۆ زەکەری برد و وتی : ئەمەش لەگەڵ درەختەکانا بڕوێنە.. بەڵکو دامرکێتەوە.. فرانسوا پێکەنیو تفێکی ڕۆکرد!

هێشتا ئەفسەری پۆلیس پێ لەسەر ئەوە دائەگرێ کە کەسی چوارەمیش دابمەزرێنرێ، مسیۆ دۆناڵ پێی وت :

بەڵام ئەبینی.. مانگێکە ئیشمان نەکردووە، تەنانەت پێویستمان بە کرێکارەکانی خۆشمان نییە، ئەفسەرەکە تووڕە بوو، ڕق و هەڕەشە لە چاوانیا ئەبینرا.

گەرماوەکەی شار وەك جاران خۆش نەبوو، وەك ڕەوە بەراز ئەچوینە ژوورێ و ئاومان ئەکرد بە خۆماناو ئەهاتینە دەرەوە.... لێواو لێو بووین لە هەست کردن بە پۆخڵیی!

نامە بۆ کاترین بنووسم؟ پیاوەکان لێرە نامەیان بۆ دێ، لە سێبەری کابینەی بەڕێوەبەرێتی یان لەبەر هەتاودا دائەنیشن و نامەکانیان ئەخوێننەوە.. بەڵام بۆچی جارێکی تر ژیان لە کاترین تێك بەمەوە؟

پێویستە بەڕێگەیەکی سوکراتییانە بیرکەمەوە :من بیرئەکەمەوە..کەواتە هەم.

سێ شەممە 18ی شوبات :

جگە لە ئافرەت چ شتێکیتر دەرەقەتی سەرما نایەت، عارەق کەم بۆتەوە وەك میزی سەگ...ڕائول شەڕانگێزو ناڕەسەن بووە...دوا جار پێی وتم : گەر ویستت لەو دەرمانە بخۆیتەوە.. بچۆ ئەویا بیخۆرەوە.. دەستی بۆ ئەو شوێنە ڕاکێشا کە پیساییمان لێئەکرد..کاتێ ئەو قسەیەی کرد خەمبار بووم..بەڵام لێی بورام..ڕائول

نامە زۆر ئەنووسیٚ، کەچی مانگی نامەیەکی بە دەست ئەگا، کاتیٚ نامە بۆ ئەوانی تربیٚ و نامە بۆ ئەم نەیەت تورە ئەبیٚ...قەیناکا لیٚی ئەبورم!! ئای..گەر رەجەبم راسپاردبا هەندیٚ کتیٚبی بۆ هیٚنابام..

بەلاٚم کتیٚب بە کەلٚکی چی دیٚت؟

## چوار شەممە 19ی شوبات :

ڕائول لە دەستم دەرناچیت... شەرت بیٚ لە خاچت بەم..ئەو کاتەی کە لە خاچت ئەدەم ئەبمە قەرەج.. بەلاٚم پیٚم بلیٚ حەز ئەکەیت چۆن بمریت؟ بە خازووخ؟ بەجیلۆتین؟ تۆ فەرەنسیت و فەڕەنسییەکان زیاتر حەز ئەکەن بەجیلۆتین بمرن..

شۆڕشیان بەسەرا کرد.. چەپلٚەیان بۆ لیٚداو پاشان سوتاندیان!

لە بیٚزاریدا... لە تاو نەخۆشی چاوانی ئەتروکیٚن، لیٚوی شەهوانییە، بەلاٚم ئیٚستا وشك هەلٚگەڕاوە، لەشە کورتەبنەکەشی بە ڕووتی داوەتە بەر خۆر.. تەواویٚك لە بەرازی ئینگلیزی ئەچیٚ!

ڕائول لە دەستم دەرناچیت، شەرت بیٚ لە خاچت بەم هەروەك چۆن ئەلیاس نەخلە بە درختەکانیا لە خاچ درا، کاتیٚکیش خەلٚکی لە بارەی (ڕائول بورجیە)وە شت ئەخویٚننەوە، ئەزانن کە تۆ خۆ پەرست و قین لە دلٚ و شەهوانیت... باست ئەکەم کە چۆن خەوت ئەزڕیٚ و لەسەر جیٚگەکەت ئەمدی و ئەو دیو ئەکەیت... نیوە شەویٚکی درەنگیش تا لەو شیٚتگیرییەی جەستەت رزگارت بیٚ بە دوای ماکەریٚکا ئەگەڕیٚ ی.

تۆ قسەی رەقم پیٚ ئەلیٚی... کاتیٚ باسی ولاٚتەکەم ئەکەم بیٚزار ئەبیت... دایمەی خوا خەیالٚت لای ئافرەتە، منیش گورزیٚکی گورچکبڕت تیٚئەسرەویٚنم... حەکایەتی تۆ بۆ خەلٚکی ئەگیٚڕمەوە.

## هەینی 3ی ئازار:

بەهار بەڕیٚوەیە، مەلەکان پۆل پۆل بە ئاسمانا رەت ئەبن، خۆڕ گڕەیەکی هەیە وەك هەمان ئەو گڕەیەی کە رۆژیٚك لە رۆژان لەسەر کەناری دەریای ڕەش سوتاندمی... پیاوەکان زوو تورە ئەبن، لە هیچە لەگەلٚ یەکتریدا ئەیکەنە شەڕ، مسیۆ دۆنالٚ زیاد لە جاریٚك ئارامی لەبەر بڕا، کاتیٚ هەولٚی دا سنووریٚك بۆ ئەو ناکۆکییانە دانیٚ کە پیٚناچیٚ کۆتاییان بیٚ.

فرانسوا بڕیاری داوە پیٚش سەری مانگ سەفەر کا، فرانسوا وتی : تابلۆ قۆڕینەکان بە جەهەننەم، ماقوولٚ نیە پاریس لە بەهارا جیٚ بیٚلٚم و بۆ ئەم جیٚگە ترسناکە بیٚم کە سەگیش ئیدارەی تیا ناکا. ڕیٚجی لە کریٚکاریٚکیداو دەمی خویٚناوی کرد، تا ڕیٚجی هەندیٚ پارەی نەدا کە جوبەیر دەست نیشانی کردو لە بری سولٚحی دانا... مەسەلەکە کۆتایی نەهات. بابەتی سیٚ کورتە چیرۆکم لا گەلاٚلٚە بوون، ڕائولٚ تا ئەبەد بە لە خاچ دراوی ئەمیٚنیٚتەوە... هەرچی (حامید)ی شۆفیٚری شۆفلٚە

گەورەكەشە، هێندەم زانیاری لەبارەیەوە لایە كە ئەتوانم هەر ئێستا بكەومە نووسینی چیرۆكەكەی... نیشتمانیش : تەمتومانێكی ڕەش، ئەستێرەی سوتاو لە هەوادا، گوێچكەی هەڵواسراوی سەگەكان بە شەقامەكانا... بگری وڵاتەكەم... خۆزیا پەتایەكەت تیا بڵاو ئەبۆوە، خۆزیا زریانێك نوقومی ئەكردیت... بەڵام پێویستە ئەو پیاوە چكۆڵە ئاوساوانە ژێر ئاو بكەون، ئەو هەژارە گێلانەش كە چەكیان پێ نییە، ئەو چەرمەسەرییەیان بەسە كە تیا ئەژین! لەو ڕۆژنامانەدا كە هەفتەی ڕابردوو ڕەجەب بۆی هێنام خوێندمەوە : ئاژاوە كەوتۆتە وڵات، ڕۆژنامەكان ئەڵێن : بەخێرایی ئاژاوەكە بنەبڕ كراوە، دەسەڵاتداران پیلان گێڕەكانیان دەسگیر كردووەو كۆنترۆڵی بارودۆخەكەیان كردووە... مەرگ لەوێ.. لە وڵاتەكەم... ئاسان و بەر دەوامە وەك ماچ لە پاریس. شەش مەترمان لە عەرد هەڵكەند، شتێكی ئەوتۆمان نەدۆزییەوە، مسیۆ دۆناڵ ئەڵێ ئەو گردۆڵەیەی كە ئێستا ئیشی تیا ئەكەین، دەروازەی شارە ژێر ئاو كەوتووەكەیە، هەرچی خودی شارەكەیشە :

به هۆڵ و كۆشك و حەمام و شانۆكانیەوە لەوێدایە... بە نیگەرانییەوە دەستی بۆ جێگەیەكی دوور ڕاكێشا....

دوای چەند ڕۆژێكی تر خاتوو دۆناڵ ئەگات، مسیۆ دۆناڵ خانوویەكی لە شار بۆ بەكرێ گرتووە....ئەمەش مانای وایە كە هەموو ڕۆژێك ئەچێ بۆ ئەوێ.. بەهەڵسوكەوتی (ڕێجی) دا دیارە ئەم جێگەی مسیۆ دۆناڵ ئەگرێتەوە.

ڕێجی گوێ رادێرە..ئەكرێ هەروەك جاران هاورێ بین گەر ڕێزی خەڵكی بگریت...تۆ ئێستا سەرۆكیت... پێویستە وەك سەرۆكەكان رەفتار كەیت..پێویستە ڕێزی خەڵك بگریت...بۆیان ببیتە نموونە...چ شتێكم لێت ناوێ... ئەوە نەبێ ئەم جنێوانە تەرك كەیت...كە وتنەوەیان لەلات بۆتە ئاو خواردنەوە...

نامەیەك لە مسیۆ مارشانەوە هات ئەڵێ: لەو ماوەیەدا كە ئەو پەڕەكەی كۆتایی مانگی ئایارە..ئەگاتە لامان بێت یان نەیە بەلامەوە گرنگ نییە!

دووشەممە 26ی ئازار:

دووسبەی فرانسوا سەفەر ئەكات، فرانسوا تالێرە بوو چ ئاشنایەتییەكی گەرموگوڕی لەگەڵ كەسا دروست نەكرد. هەمیشە سەرقاڵی حسابات و نەخشەی بێكەڵك بوو.. دوێنێ بەشێ لەجلەكانی بەكرێكارەكان بەخشی،سەیری كردم و دووربینێكی پیشاندام..وتی مەنسور ئەیكڕیت؟چی لێ بكەم؟دواجار كڕیم..بەخۆم وت :ڕۆژێك لەرۆژان بۆ سەیركردنی ئەستێرەكان بۆبینینی ڕووداوەكانی ئەو دیو سنوور....بۆخوێندنەوەی دەست بەكاری دێنم!خۆ گەر بەكەڵكیشم نەهات ئەوا ئەیشكێنم..دوای ئەوەی پارەكەم دایە فرانسوا زۆر پەشیمان بومەوە..گەر بیرم كردبایەوە نەم ئەكڕی، گەر رائول نەهاتایەمامەڵەكەوە نەم ئەكری... ئەی دووربینەكە..وەك مار راكشێ...، چما دووربین نییە لەبری ئەوەی شتەكان

نزيكخاتەوە، دووريان بخاتەوە؟گەر دووربينێكی لەو جۆرەم لێهەڵكەوێ..ئەيكڕم... نامەوێ خەڵكی لەنزيكەوە ببينم.
ئەمە وا لە ئەستێرەكان دوورترين..تا وەك مرۆڤی ماقوڵ بيانبينم!

## چوارشەممە 12ی نيسان:

پێرێ نامەيەكی فرانسوا هات، نامەكە بۆ مسيۆ دۆناڵ بوو.. سەرو كارتێكی رەنگاو رەنگی بۆ ئێمەش ناردبوو.
فرنسوا زۆر بەدخوو ترە لەوەی كە من مەزەنەم ئەكرد،بۆ هەريەكەمان وێنەيەكی هەڵبژاردبوو كەگوزارشتی لەشتێ ئەكرد،وێنەی خانمێكی بۆ رائۆڵ ناردبوو كە گوێدرێژێ ماچ ئەكا. نەك هەر ماچی ئەكا بەڵكو لەئامێزيشی گرتووە..رائۆل ئارامی لەبەر بڕاو بەر لەوەی بيخوێنێتەوە دڕاندی و كردييە هەزار پارچەوە.
وێنەی سواڵكەرێكی بۆ رێجی ناردبوو كە گيتار ئەژەنێ وكلاوەكەشی لەبەردەمیدا داناوە تا خەڵكی پارەی بۆ تیَكەن..لەپشتی كارتەكە نووسيبووی : ڕێجی دوای دەساڵی تر..شتی تريشی نووسيبوو كە شەرم ئەكەم بيڵێم!
وێنەيەكی (دۆنكيشۆتی)يشی بۆ من ناردبوو،دۆنكيشۆتێكی كاريكاتێری..بەسەر پشتی مانگايەكەوە،قۆچی مانگاكە بەناوگەڵيدا چووە،، قەڵەمێكی خوارو خێچی نوك شكاويشی بەدەستەوە!
ئەمە دەقاو دەقی ئەو قسانەيە كە فرانسوا بۆی نوسيوم!
مسيۆ مەنسور عەبدولسەلام :
خۆم وێنەكەم نەكێشاوە،بەڵكو هەڵمبژاردووە،تووڕە مەبە... هەرچۆنێ بێ دۆنكيشۆت مرۆڤێكە زۆر لەو كەسانە باشترە كە لەم ژيانەدا ئەيانناسين، گەر بتوانيت وێنەكە دروست كەيتەوە،ئەوا ئەبيتە ئەو دۆنكيشۆتە.. ئەوا تۆ پياوێكی بەختەوەريت..لێم مەپرسە بۆ؟... لەگەڵ رێزی فرانسوادا كە ئێستا لەناو نوێنی جوانترين ژنی ئەم دونيايەدا ئەو ووشانەت بۆ ئەنووسێ... نوێنێكی بۆن خۆش، گەرموگوڕ، پڕ لەمەی و پڕ لەماچ..
جوانترين وێنە ئەو وێنەيە بووكە فرنسوا بۆ جوبەيری ناردبوو..وێنەی فرانسوا لەگەڵ ژنێكی شۆخ وشەنگی فەرەنسیدا..لەژێريدا نوسيويەتی :پێويستە بۆ جاری پێنجەم ژن بێنی، گەر هاتيت بۆ فەرەنسا خوشكەكەيت لێ مارە ئەكەم..بيرت نەچێ بێيت!
چۆن ئەو كوێرە مشكە نەحلەتييەم لەدەست دەرچوو؟ گەر بمزانيبا هێندە زمان درێژو دڵرەق، تەواوێك خۆم بۆ ئەنايەوە..كارێكم پێ ئەكرد... كە خەڵكيم پێبهێنايە پێكەنين و تاماون لەياديان نەچوايەتەوە..ئێستا ئەو دوورە..

## هەينی 14ی نيسان :

**هەنوکە خەمۆکییەکی تیژ کۆنترۆڵی کردووم... هەموو شتێ هیچەو بۆنێکی ناخۆشی لێ دێ...**

**دوێنێ شەو بۆ ساتێ خەو نەچووە چاوم...مەرزوقیان کوشتووە. کەس نازانێ کێ کوشتویەتی وچۆن کوژراوە!**

**ئەڵێن : بەکوژراوی دۆزراوەتەوەو تەواو!**

**مەرزوقی گەنم رەنگ، مەرزوقی ئەسپ، مەرزوقی دەم بەپێکەنین ، مەرزق... ئەو مرۆڤەی کە ئەردی نیشتمانی لەباکوورەوە بۆ باشوور تەی کرد تا دەسەڵاتدارەکانی ببنە...**

**هەنوکە مەرزوق مردووە؟ بڵێی گۆرێکی هەبێ؟ بڵێی کەسێ بەخاکی سپاردبێ؟**

**هەنوکە مەرزوق ساردە وەك بەرد، هەنوکە مەرزوق لە بوونانییە.بۆ کوشتیان؟بۆچی؟ بۆچی؟ ئەمەوێ خۆم لەو تونێلەدا لەگۆڕنێم کە دوێنێ لێماندا... ئەمەوێ رۆبچمە ناوییەوەو ئەوعامودانە بڕمێنم کە تونێلەکەیان ڕاگرتوە..ئیدی با مسیۆ دۆناڵو مسیۆ مارشانی سەرۆکی بەلابردنی دارو پەردووی تونێلەکەو دەرهێنانی نەوەی وەرگێڕەکەوە ماندووبن..بەڵام بۆچی مەرزوقیان کوشت؟**

**چما هەر خۆی کوژراوە؟جگە لەو کەسی تریان نەکوشتووە؟**

**نیشتمان ئەو عابا رەشەی کە هەموو خەڵکی ئەیپۆشن...بەشەو بەرۆژ ئەیپۆشن... لەکاتی نووستن و لەکاتی نان خواردندا ئەیپۆشن..ئەی نیشتمان تاکەی ئاوها ئەمێنێتەوە؟**

**برسێتی و ئازار..ئەمڕۆیش، کوشتن!**

**دووشەممە —ی نیسان :**

**ئەمڕۆ لە شوێنی کار دوورکەوتمەوە، ئاهەنگێکی چکۆڵەم بۆ مەرزوق سازدا..ئاهەنگێکی ئاسایی بوو: کولێرەیەك وقاپێ عارەق..پارچەیەك لە کولێرەکەم خوارد،پاشان بە نینۆکەکانم گۆڕێکی بچوکم هەڵکەند،چڵێکی سەوزم تیادانا، وتم ئەمە تەرمی مەرزوقە،پاشماوەی کولێرەکەم تێکردو ئەوەی لەعارەقەکە مابۆوە کردم بە کولێرەو چڵەسەوزەکەدا..بەدەنگێکی بەرز وتم :**

**– مەرزوق..لەو کولێرەیە بخۆو لەم مەیە بەهێزە بخۆرەوە!ژیانی هەردووکمانم پێکەوە بیرکەوتەوە... هەزاران ووشەو خەم و پێکەنینم بیرکەوتەوە کە بەسەر ئەو روخسارە گەنم رەنگە تورەیەدا تێپەڕین..مانگە شەوانم بیرکەوتەوە،رۆژانی زستان و هێشووە ترێم بیرکەوتەوە.... هەمووشتێکم لەو پەڵە عەردەدا بیرکەوتەوە کە پێیئەڵێن نیشتمان و..گریام..گریام وەك ئەو جارەی کە وەستا کونج کونجەکەم لێی دام.**

**مەرزوق ناوت ون نابێ...گەر نەتوانم تۆڵەت بکەمەوە،ئەوا ئەنووسم....نازانم ئەکرێچی بنووسم، بەڵام ئەنووسم کە تۆ ئینسان بوویت ... ئینسان بوویت و هیچی**

تر... ووشەی پاڵەوانێتی و ووشە گەورەکان بۆ ئەوان جێ دێڵم..تۆ هێندەت بەسە کە ئینسان بوویت.. تەنها ئینسان بوویت!

سێ شەممە 18ی نیسان :

مەرزوق یەك کەس نییە، مەرزوق هەموو خەڵکییە، مەرزوق درەختێکە، مەرزوق سەرچاوەی کانییە، مەرزوق ئەو ئەلیاس نەخلەیەیە کە نامرێ.

چوار شەممە 19ی نیسان :

بە تووڕەیی بە مسیۆ ڕێجیم وت :

– کابرا وازم لێبێنە.. هێند گوێم لە نوکتەو قسە قۆڕەکانت بووە کە ئیدی حەوسەڵەی بیستنیم نەماوە!

مسیۆ دۆناڵ بە سەرسوڕمانەوە وتی :

– مسیۆ مەنسور.. تۆ زیاد لە پێویست خەمبارو لاساریت...گەر شتێکت بەسەرهاتووە و ئێمە نایزانین تکایە پێمان بڵێ!

هیچم نەوت.. ڕۆژنامەکانم هەڵگرت رووەو گردۆڵکەکەی لای باکوور ڕۆیشتم.

بیرم لە هەموو شتێ ئەکردەوە .. لە خاك و لە مێژوو و لە بەردە بورکانییەکان ... لە چ شتێکی ڕۆژنامەکان حاڵی نەبووم .. هەواڵی ئافرەتێ سەرنجی ڕاکێشام کە بەیەکجار هەشت مناڵی بووە..خۆزگەم خواست هەموو ئافرەتێك وەك ئەو بە یەکجار هەشت مناڵیان ببێ.

بە خۆم وت : گەر هەموو ئافرەتێك وەك ئەو مناڵیان ببوایە، ئەوا لە ماوەی چەند ساڵێکی کەم دا ژیان کۆتایی ئەهات... خۆزگەم خواست کە هەموو ئافرەتێك لە وڵاتەکەمانا سەد جار مناڵیان ببوایە، هەر جارەو نۆ مناڵ..بەراز شتی وا ناکا.

پێنج شەممە 20ی نیسان :

نامەیەك لە مسیۆ مارشانەوە هات کە تیایدا وادەی گەیشتنی خۆی دیاری کردووە، نوسیویەتی لە سیانزەی ئایاردا ئەگاتە لامان.. خۆزگە مەرزوق ئەهات، مسیۆ مارشان بە فرۆکە دێت، مەرزوق نایەت.. مەرزوق لە ژێر خاکایە... مەرزوق بێدەنگەو نامە نانێرێ.

چما پێویست ئەکا نامە بۆ دایکی بنووسم؟ پێویست ئەکا نامە بۆ کەسێ بنووسم؟

بەڵام چیتر مەرزوق لەبوونا نەماوە، بە چی ئەچێ هەموو نامەکانی، ئەم دونیایە؟ خۆزگە بۆ تاقە ڕۆژێك ئەهات و ئەوسا ئەمرد... گەر بهاتبا نەمئەهێشت بڕوا..بە هەموو هێزم ئەمپاراست، مەرزوق گوێ بگرە.. تۆ هەڵەشەو لاساریت... وازیان لێ بێنە، ئەوانە گورگی برسین، بیرت نایەت چەند ئازارت چەشت؟ سەربازی و لە بەرەی پێشەوە، زانکۆو سیخوڕەکان.... پاشان دەرکردن و برسێتی و ڕاکردن

بەدوای سەراب دا..مادامەکی هەموو ئەو شتانە ئەزانیت... ئیتر بۆچی سواری سەری خۆت ئەبیت!

ئای گەر مەرزوق بۆ تاقە ڕۆژێك بهاتبا..بەڵام مەرزوق نامرێ.. زۆریان لێدا، زیاتر لە جارێك لێیـــان داو ئەویش وەك کەر بێدەنگ بوو ... ئەو خۆی ناوی کەری لەخۆی نا... ئیدی مەرزوق لە بوونا نەماوە... چما بڵێی مەرزوق ببێتە مەل؟ ببێتە شەپۆلی دەریا؟مەرزوق نەمردووە.. تەحەدای هەر کەسێ ئەکەم کە بڵێ مەرزوق مردووە!

### هەینی 21ی نیسان :

دوێنێ شەو کرێکارێك لوتی خۆی بڕی، بە چەقۆیەکی تیژ بڕی... تا بەرەبەیان ئەوجا توانیمان خوێنەکەی ڕاگرین.

ڕوخساری خەمبار، بەڵام ترس و حەوانەوە لە چاوانیا بوو...لای نیوەڕۆو پاش هەوڵێکی زۆر کە هەڕەشەی بانگ کردنی پۆلیسمان لێکرد.. دانی بەهۆی لوت بڕینەکەیدا ناو وتی :

- ئەبو ڕەجوبی کوڕی قەحپە ئەڵێ من خەسیوم! کاتێك پرسیاری ئەو هۆیانەمان کرد کە وای لە ئەبو ڕەجوب کردووە وای پێ بڵێ.. دوو دڵ بوو لە وەڵامدانەوە...کاتێ زۆرمان لێکرد.. وتی :
- ڕۆژی هەینی چووم بۆ شار، لەگەڵ قەحپەیەکدا جووت بووم، نازانم بۆچی هیچم پێ نەکرا، تومەز ئەو ئافرەتە ئەبو ڕەحوب ئەناسێ و چ ناونیشانێکی شكنەبردووە شێوەی منی بۆ هەڵدا جگە لە (لوت زل)نەبێ!
- بەڵام بۆچی لوتت بڕی؟
- نازانم ئافرەتەکە وتویەتی، یان ئەبو ڕەجوب خۆی دروستی کردووە.. ئەبو ڕەحوب پێی وتم : وا چاکترە ئەم جارەیان لوتت بەکار بێنی.. لوتت نائومێدت ناکا!
- ئەی دوایی؟
- زۆر خەمبار بووم.. چ شتێکم شك نەبرد جگە لە بڕینی لوتم نەبێ!

گەر هەموو کەسێ وەك ئەم کرێکارە سزای خۆی دابا ئەوا کەس سەری پێوە نەئەما! خۆزگە وایان کردبا!

### یەك شەممە 22ی نیسان :

ڕائول تۆ گەمژەیت، چاوت هێلکە شەیتانۆکەو دەمت زێرابە، ڕائول خۆت بکە بە کونە ماراو لەوێ بنوو، تا ئەمریت هەر بۆ خۆت گژوگیای ژەهراوی بخۆ.. ڕائول تۆ بۆقیت.

دوێنێ کاتێ لە بارەی ئەو کرێکارەوە قسەمان ئەکرد کە لوتی خۆی بریوە، ڕائول پێی وتم :

- مەنسور لوتی خۆت نابڕیت؟

لێم پرسی : رائول بۆچی؟

قاقایەکی لێدا، قاقایەکی وا کە ترساندمی.. وتی :

- بۆ ئەوەی لوتی سەگ و کلکی کەرت بۆ پێوە کەین.

نەمهێشت دەرچێ.. پێم وت : ڕائول ئەی تۆ... گەر لوتی خۆت بڕی، لە بری ئەوە چیت بۆ پێوە کەین؟

- لوتی کیلۆپاترا... ئەمەوێ سەرلەنوێ سەری دونیا بێنمە ژان.

بە هەمان شێوەی ئەو پێکەنیم و وتم :

- ڕائول تۆ پێویستت بە لوتی فیلە تا بتوانیت بۆن بە قونی خۆتەوە بکەیت!

خەفەتم خوارد کاتێ ئەو قسەیەم پێ وت، چومە دەرێو ئەمویست بە دوای گولا بگەڕێم تا لەسەر گۆڕەکەی مەرزوقی دانێم.. چ گوڵێکم نەدۆزییەوە.. داستانی (گلگامش)م دەرهێناو ئەم قەسیدەیەی خوارەوەم بە دەست و خەتێکی جوان نووسییەوە، لای گۆڕەکەیەوە دامناو چەند بەردێکم خستە سەر تا (با) نەیبات!

چۆن گۆنـــام ناژاکێ و ڕوخســارم وشك هەڵناگەڕێ؟ چۆن دڵم لێواو لێو نابێ لە خەم و نائومێدی و هەیئەتم ناگۆڕێ.

گڕەی گەرماو کزەی سەرما بە ڕوخسارما ڕۆچوون و سەرم هەڵگرت بەرەو بیابان.

هاوەڵ و برای بچوکم ئەنکیدۆ پەی بە چارەنووسی مرۆڤ برد.

(نووسیم برای گەورەم مەرزوق)

ئەوەی کە کەری کێوی لە بیابان و

پڵنگی لە سەحرادا ڕاوکرد

ئەوەی هەموو بەڵاکانی بەزاند

بەسەر چیادا هەڵگڕاو گای ئاسمانی گرت و

کوشتی

بەسەر خومبابای دارستانی ئەرز نشینا

سەرکەوت

ئەوە ئەنکیدۆ (مەرزوق)ی هاوەڵ و هاوڕێمە

کەچی بە هەمان چارەنووسی هەموو مرۆڤ گەیشت

شەوو ڕۆژ بۆی گریام

شەش ڕۆژو حەوت شەو شیوەنم بۆ کرد

دڵی خۆم بەوە ئەدایەوە کە ئەشێ بەو هەموو

گریان و شیوەنەم هەستێتەوە

بە خۆم ڕەوا نەبینی بە گۆڕی بسپێرم

شەش رۆژو حەوت شەو هێشتمەوە

تا کرم دایە روخساری

لە مردن زەندەقم چوو.. تا سەرم هەڵگرت بەرەو بیابان

ئەو بەڵایەی بەسەر هاوڕێکەما هات
خەوی لێ تاراندم
ئای.. ئەو هاوڕێیەی کە خۆشم ئەویست
بووە خۆڵ
منیش وەك ئەو تا هەتایە
ڕائەکشێم و هەڵناسمەوە!

چوار شەممە 25ی نیسان :

بڵێی مەرزوق کوژرابێ؟ ڕێی تێناچێ ڕۆژنامەکان سەهووبن؟ ڕێی تێناچێ کەسێکی تر کوژرا بێ نەك مەرزوق؟

بەڵام ئەو ڕۆژنامەیەی کە لەبەر دەستمایە نوسیویەتی :"لە نزیك ویستگەی قیتارەوە تەرمی پیاوێك دۆزراوەتەوە، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کە کوژراوەکە ناوی مەرزوق عەبدوڵڵایە، مامۆستای جوگرافیایە، تەمەنی سیوسێ ساڵە، دایکی ناوی هایلەیە!)).

کەواتە کوشتیان! بەڵام بۆچی ڕۆژنامەکە نەینووسیوە، کێ کوشتویەتی؟ بۆچی لەو بارەیەوە تەواوێك و متەقی لە خۆی بڕیوە؟ باشە وا گریمان نازانن کێ مەرزوقی کوشتووە... بەڵام ئەی چۆن کوژراوە؟ بە گوللە؟ بە چەقۆ؟

ئای خۆزیا بۆ تاقە ڕۆژێك بگەڕامایەتەوە نیشتمان... هەنوکە مەرزوق لاشەیەکی ساردو سڕی ژێر خاکە!

بە دەنگێکی بەرز بە هەموو خەڵکی ئەڵێم.. مەرزوق نامرێ. بڕوا ناکەم بمرێ، ئەو چاوانەی کەلە تاریکیدا پرشنگیان ئەدا، ناکرێ خۆڵیان بەسەرا بکرێو بکوژێنەوە... دگانە سپیەکانی – جگە لە دگانی پێشەوەی کە بۆکسێکی پۆلیسی بەر کەوت و دواتر ڕەش بۆوە... ڕەنگی لە نێوان سپی و ڕەش دا بوو – ، قژی، پێکەنینەکەی... هەموو شتێك تیایدا زیندوو بوو... هەموو شتێ تیایدا لێواو لێو بوو لە ژیان.

باسم و ئەمەل و هانی... مناڵەکانی مەرزوقن... بڵێ بتوانم شتێکیان بۆ بکەم؟ ژنەکەی عەردەکە هەڵئەکەنێ و لەسەری ئەنوێ، ئەو پیرێژنەش ئەمرێ کە شەوێکی درەنگ چای بۆ لێئەناین... بڕوا ناکەم دوای کوژرانی کوڕەکەی بۆ لەحزەیەك بژی.

مەرزوق مرد.. پیرێژنەکە مرد، من مردم... کەس نەما... هەست ئەکەم شتێك لەناخما وەك توێژاڵێکی ئەستوری چەوری سەر ڕۆحم کەوتووە... ئیدی ڕۆحم مرد... بەسەر هەموو گردۆڵکەکانی مسیۆ دۆناڵ دا هەڵئەمیزێم، لە گردۆڵکە گەورەکەوە دەست پێئەکەم تا ئەگەمە هۆڵی فەرمانڕەوایی... گەر مەرزوق بمرێ، گەر خەڵکی بمرن... بە چی ئەچن تابلۆی قوڕین؟، بە چی ئەچێ سیرامیك و پارچە ئاسنی ژەنگ گرتوو.؟

هەر کە  مسیۆ مارشان گەیشتە لامان پیی ئەڵێم من ئیتر حەوسەڵەی ئیشم نەماوە، بۆ رۆژی دواتر شوێنی کار جێ دێڵم و رووەو باشوور ئەکەومە رێ.., ئەڕۆم تا ئەگەمە دەریاو لەوێ خۆم هەڵئەدەمە دەریاوە، بە من چی هەڵکۆڵین و گەڕان بەدوای شوێنەواردا؟ بۆ خۆم ئەبمە ماسی گر... سواری بەلەمی چکۆڵە ئەبم و لە دەریادا ئەنووم. مسیۆ دۆناڵ کابرایەکی قیرسیچمەیە. لەو کاتەی کە ژنەکەی هاتووە زۆر گۆڕاوە، چما ژنەکەی چییە؟ قامیشێکی کلۆر، چاوانی شین وەك موورو، دگانی وەك بەرد دەرپەڕیو.

ڕائۆل و...ڕێجی و... جوبەیر...بەرازن من لە تاریکیدا، وەك سەگێکی بریندار ئەقروسکێنم و پاشان هەڵئەمیزێم.

## هەینی 27ی نیسان :

داوام لە مسیۆ دۆناڵ کرد کە ئەمەوێ خێوەتێکی تایبەت بە خۆمم هەبێ .... پێم وت : ئەمەوێ خێوەتەکەم لەوپەڕی شوێنی کارەوە و لەنزیك گردۆڵکەکەی خوارەوە بێ...کاتێ ئەوەم پێوت مسیۆ دۆناڵ حەپەسا،بەچاوێکی پڕ لە سەرسوڕمان بەقووڵی لێم راما...لێی پرسیم : مسیۆ مەنسور..ئەی لەکوێ نان ئەخۆی؟چۆن ئیشمان لەگەڵ ئەکەی؟

– مسیۆدۆناڵ.. بەڵام من ئەتوانم وەك ئەسپ بڕۆم.. پێنج کیلۆمەتر چییە؟ پێت وایە زۆرە؟

– مسیۆ مەنسور ئاخر بۆچی؟مسیۆ دۆناڵ بۆ دووەم جار ئەوەی لێپرسیم و هێشتا هەر حەپەساوو واق وڕمابوو.

مسیۆ دۆناڵ نازانێ کە نووسین لەبارەی مەرزوقەوە  مێشك سافییەکی لە رادە بەدەری ئەوێ..نووسین لەبارەی مەرزوقەوە مانای ئەوەیە کە ئەبێ ئادەمیزاد بەهێمنی بیرکاتەوەو کەس بێزاری نەکات... بۆ مێشەکانیش خۆم ئەزانم چۆن دەرەقەتیان بێم، یەکەم رۆژ مێشەکان لە خێوەتەکە دەرئەکەم، پاشان قوماشێکی لاکێشەیی تەنك کە هەوای لێوە بێتە ژوورێ بەدەروازەی خێوەتەکەوە ئەکەم... شارستانییەتە؟بەڵێ شارستانییەت ڕێگەچارەی بۆ هەموو شتێ پێیە.. بەقەلاچۆکردنی مێش و کوشتنی مرۆڤیشەوە.

کاتێ مسیۆ دۆناڵ دڵنیا بوو کە ئاوها لەسەر داواکارییەکەم سوورم، ووتی:

– ناتوانم بەر لەم ئارەزوەت بگرم، بەڵام حاڵی حازر خێوەتمان نییە،گەر یەکێکمان دەست کەوت قسەیەکی لێ ئەکەین.

ئێوارە هەستم کرد هەموویان بە پێکەنینەوە سەیرم ئەکەن، ڕائول بوو کە قاقایەکی لێ دا، لێم نزیك بۆوە و شانێکی لێدام...کاتێ ئاوڕم بۆ دایەوە،لێی پرسیم:

– بۆچی لەسەر  لوتکەی چیاکە خانویەك بۆ خۆت دروست ناکەیت؟ دەستی بۆ چیا دوورەکە ڕاکێشا.. بە تورەیی وتم : ئەی  تۆ بۆچی  تونێلێك لێنادەیت و وەك بۆرە مشکێ تیی ناخزێیت؟

ڕێجیش، تەنانەت ڕێجیش کە بەو دواییەیە خەمبار ئەینواند، بەشداری ڕائولی، لە گاڵتە پێکردنما کرد...، پیەی وتم : مسیۆ مەنسور پێت نەوتین بۆچی ئەتەوێ دوور بژیت؟ لەگەڵ ئافرەتێکا ڕێك کەوتوویت بێت بۆ لات؟ بە زمانێکی تر وتی: بەڵام ئافرەت لەم عەردە قاقڕەدا چیئەکات.. بۆ هەمان زمانە گاڵتە جاڕییەکەی پێشووی گەڕایەوەو وتی : ڕەنگە لەگەڵ وشتر مورغێکدا ڕێك کەوتبیت... پێمان بڵێ لەگەڵ کێ ڕێك کەوتویت؟

قەیناکا... هەرچی ئەڵێن... با بڵێن... نووسین لەبارەی مەرزوقەوە پێویستی بە کەشێکی تر هەیە.. جیاواز لەم کەشەی کە ئێستا تیا ئەژیم...

ئەوانە مەرزوق ناناسن، هەرگیز مەرزوقیان نەدیوە، قەت ناشیبینن.. مەرزوق مرد، تەواوێك مرد.. ڕۆژنامەکان وا ئەڵێن... بەڵام من مل بۆ ئەو درۆو دەلەسانە نادەم.. ڕۆژنامەکان درۆ ئەکەن... دەسەڵاتداران درۆ ئەکەن، مەرزوق لە لەهۆش خۆ چوونە کورتەکەی وە ئاگا دێتەوە، وەك ئەسپێکی ڕەش ڕائەپەڕێ... کاتێ ئەبینن وەك دارسنەوبەرێك، باڵابەرزو تۆکمە قینج و قیت وەستاوە، زەندەقیان ئەچێ..شار جێ‌دێڵن و هەڵدێن...

لە کاتێکا کە لە ترسا هەناسەیان لەبەر بڕاوە، بەخۆیان ئەڵێن : بەڵام خۆ ئێمە کوشتمان .. چۆن سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە؟

دووشەممە 30ی نیسان :

مەرزوق تۆ نامریت.. ئەوانن کە ئەمرن... مەرزوق گوێت لێمە؟ دایکم وتی: ڕۆحی شەهید پەپولەیە.. پاسارییەکی شینە، مەرزوق تۆ پەپولەیت، پاسارییەکیت هەزار ڕەنگت هەیە.. مەرزوق گوێت لێمە؟ دوێنێ بە مسیۆ دۆناڵم وت : من یەکەم کەس ئەبم کە داستانەکە ئەخوێنمەوە، ئێمە کوڕانی ئەم وڵاتەین و ئەتوانین تابلۆ قۆڕینەکان بخوێنینەوە.

مسیۆ دۆناڵ سەیری کردم و زەردەخەنەیەکی هاتێ... زەردەخەنەیەکی سەوزی خەمین بوو، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی‌درێژ لێم ورد بۆوە.. لێی پرسیم :

– بەڵام هیچ پەیوەندییەك نیە لە نێوان زمانی ئەمڕۆو زمانە دێرینەکانا... تۆ دڵنیایت کە ئەتوانیت داستانەکە بخوێنیتەوە؟

یەکسەر چووم بۆ ژووری بەڕێوەبەرێتیو داستانەکەم هەڵگرت و بەراکردن بۆ لای مسیۆ دۆناڵ گەڕامەوە :

– مسیۆ دۆناڵ گوێ ڕادێرە... بە شێکم خوێندەوەو پاشان بۆم تەرجومەکرد... وتی : بەڵام تۆ تەرجومەکە ئەخوێنیتەوە.. ئێمە ژمارەیەك تەرجومەی داستانەکەمان هەیە.

وتم : من گلگامشم خۆش ئەوێ.

مسیۆ دۆناڵ بێدەنگ بوو، تاقە وشەیەکی نەوت.

ئەم قەسیدەیەی خوارەوەم بۆ خوێندەوە، مەبەستم لە خوێندنەوەی هەبوو... بەڵام مسیۆ دۆناڵ لەو مەبەستە حاڵی نەبوو.

مەرگ دڵڕەق و بێ بەزەییە.
کەی خانوویەکمان دروست کردووەو تا ئەبەد بڕی کردبێ؟
کەی پەیمانێکمان مۆر کردووەو هەتا سەر بڕی کردبێ؟
چما میراتی بەشکراوی براکان تا سەر ئەمێنێتەوە؟
چما تاسەر ڕق لە دڵان لەسەر عەرد ئەمێننەوە؟
چما ڕووبار هەڵئەچێ... بەردەوام زریان ئەخاتەوە؟
هەر کە پەپولە لە قۆزاخەکەی دێتە دەرێ و هەتاو لێی ئەدا، ئیدی مەرگ شاڵاوی بۆ ئەبات.
هەر لە مێژەوە بەردەوامی و نەمری نەبووە.
ئای چەند گەورەیە لێك چوونی نێوان نوستویەك و مردوویەك.
چما هەردووکیان شێوەی مەرگ نانوێنن؟

دووشەممە 30ی نیسان... شەوێکی درەنگ :
شکات لە ڕێجی ئەکەم، بە مسیۆ مارشان ئەڵێم ڕێگە مەدە ڕێجی شەوان فیکە لێبدا!
فیکە شەیتانەکان کۆئەکاتەوە ... شەیتانەکانیش لێناگەڕێن خەو بچێتە چاوی کەس..
سێشەممە 1ی ئایار :
ڕۆژێکی ناخۆش و خەمگین بوو!
هەرکە ئاهەنگەکەمان دەست پێکرد.. هەموو شتێ تێك چوو.. لە دوورەوە تەپ و تۆزێکمان بینی کە بەرەو ئاسمان بەرز ئەبۆوە.زانیمان کە ژمارەیەك ئۆتۆمبێل بەرەو لای ئێمە دێن.. لە ماوەی چەند دەقیقەیەکا ئەفسەری پۆلیس و مەفرەزەیەك سەرباز دابەزین، چوار دەوریان گرتین، ئێمەیش بە دەوری مێزەکەدا دانیشتبووین کە خواردنی جۆراو جۆرو خواردنەوەی خۆماڵیو فەڕەنسی لەسەر دانرابوو..چەپکی گوڵی سووریشمان لە ناوەڕاستی مێزەکەدا دانابوو!
ماوەی سێ ڕۆژ بوو خۆم بە نووسینی نوتقێکەوە ماندوو کردبوو، نوتقەکەم بەشێوەیەك نووسیبوو کە لە بارەی مەرزوقەوە بێ.. ناوی مەرزوقم لە نوتقەکەدا نەهێنابوو، بەڵام نوسیبووم : زۆرن ئەو مرۆڤانەی کە لە پێناوی بەرگری کردن لە مرۆڤدا کوژراون... بەڕێزان...ماوەیەك لەمەوبەر هاوڕێیەکم کوژرا.. ناوی مەرزوقم نەبرد..بەڵام مەرزوق وەك داربەڕوویەکی گەورە باڵی بەسەر بیرکردنەوەما کێشابوو.
ئەفسەری پۆلیس سەیری کردم و بە مسیۆ دۆناڵی وت :
– ئێوەی فەڕەنسیەکان بۆ هەرکوێ بڕۆن.. شۆڕشی فەڕەنسیو مەی لەگەڵ خۆتان ئەبەن!
ئەو قسەیەم بۆ مسیۆ دۆناڵ تەرجومە کرد، بەڵام هیچ حاڵی نەبوو... بە زمانێکی منداڵانە کە ماوەیەکی کەمە، دوای گەیشتنی ژنەکەی گۆڕیویەتی، لێی پرسیم :
– بە سەرۆك بڵێ ئەفەرمۆێ بەشداری ئاهەنگەکەمان بکا؟

کاتێ ئەو قسەیەی مسیۆ دۆناڵم بۆ ئەفسەری پۆلیس تەرجومە کرد، چەند ووشەیەکی خۆیشم تێهەڵکێش کرد، ئەوەی ئەگەیاند کە ئێمە ئاهەنگێکی چکۆڵەو ساکارمان سازداوە...ئەفسەرەکە سەری ڕاوەشان و بە ڕقەوە وتی : بە مسیۆ دۆناڵ بڵێ ئێمە ئاهەنگ بۆ ئەم بۆنە پۆخلانە ناگێڕین ... گەر ئەشیەوێ میوان داوەت کا ئەوا ئەبێ پێشتر داوەتی کا... لانی کەم شەوێك پێشتر!

نەمان توانی بگەیەنە ئەنجام، فەرەنسییەکان سوور بوون لەسەر ئەوەی کە لەسەر ئاهەنگەکەیان بەردەوام بن... تەنانەت ئەگەر لە زیندانیشا کۆتایی پێ بێنن... هەرچی کرێکارە خۆماڵییەکانیش بوو... مسیۆ دۆناڵ پیێی وتن : ئەتوانن بەشداری ئاهەنگەکەمان بکەن و ئەشتوانن بچنەوە ماڵی خۆتان... ئەمڕۆ ئێمە نامانەوێ ئیشبکەین و بڕایەوە! ئەفسەرەکە تا کرێکارەکانی ناچار نەکرد، پاچەکانیان هەڵگرنو بەرەو گردەکە بچن.. شوێنەکەی جێ نەهێشت.. بەڵام پاش نیوەڕۆ دووان لە سەربازەکان هاتنە سەر ئەو مێزەی کە لەتونێلەکەدا دانرابوو، کەوتنە خواردنەوەو گۆرانی وتن،سەربازی سێیەمیش کە ئەفسەرەکە گلی دابوۆە، یەکەمجار ملی نەدا.. بەڵام دوایی قایل بوو بخواو بخواتەوە بە مەرجێ نەیەتە سەر مێزەکە.

زۆر خەمبار بووم بەوەی کە لەئاهەنگەکەدا نەبووم... لەو ماوەیەدا من لەپاڵ گۆڕەکەی مەرزوق دا بووم... بڕیارم دا ئەو بۆنەیەم بێ ئاهەنگێڕان بەسەر نەڕوا، بەدەنگێکی گڕ نوتقێکم دا...دەستم لە هەوادا ڕائەوەشان و هەڕەشەم لەو کەسانە ئەکرد کە مەرزوقیان کوشتوە! بۆ شەوێ بە رائولم وت: تۆ ئەستێرەیەکیت بۆ خۆت... وا مەزانە رقم لێت بێ..من ئەو پیاوانەم خۆش ئەوێ کە ئیرادەی بەرەنگاربونەوەیان تیایە تۆ ئەمڕۆ بەرەنگاری ئەفسەرو شوێنەوار بویتەوە..بەوە زۆر خەنی بووم...رائۆل بەتەوسەوە سەیری کردم وقسەیەکی کرد کە پێم ناخۆش بوو.. وتی: تۆ وەك بۆق وایت تا گوێت لە گۆرانی نەبێ گۆرانی ناڵێیت! بۆچی قسەیەکت بەو ئەفسەرە نەوت کە زمانەکەشی ئەزانیت؟ ڕائۆل هەموو شتێکم وت..پاشان تۆ مەرزوق ناناسیت..مەرزوق ئەناسیت؟ بەبێزارییەوە سەری راوەشان و لێیدا رۆی!

پێنج شەممە 3ی ئایار :

بڕیارمدا خێوەتەکەم لەکوێدا هەڵبەم..رێك دەمەو ئێوارە سوکە یاتاغێکم لەبن هەنگڵ ناو رۆیشتم تا یەکەمین شەوم لە نیشتمانە نوێکەمدا رۆژکەمەوە.

ئاسمان بەژوور سەرمەوە، لەخێوەتێکی قەترانی کون کون ئەچوو..بۆچی فێری رەسەد کردنی ئەستێرەکان نەبووم؟ ئەوە لەبیاباندا زۆر بە سوودە.. لەدوورەوە ڕۆشنایی کزی خێوەتەکان ئەبینم.. چ دەنگێکم نایەتە گوێ... بڵێی ئێستا پیاوەکان پێکەوە بئاخفن؟ ئەی بڵێی رائول.. ئەو بەرازە گەڕە بەتەواوی واز لە جنێودان بێنێ؟ ڕائول لێم گەڕێ... توخواکەت لێم گەڕێ..من هیچم لێت ناوێ...تەنانەت ئەو چیرۆکەش نامجوڵێنێ کە ویستم لەبارەی تۆوە بینووسم...ئەشێ هەر نەینووسم..

رائول چۆن باست کەم؟ رائول دەم وچاوێکی درێژ کۆلەو لوتێکی درێژی هەیە،چاوەکانی لەچاوی پشیلە ئەچن،کاتیٚ ئەروا لەشی بۆ پێشەوە لار ئەکاتەوە،هەروەك ئەوەی شتێکی لەسەر شانی هەڵگرتبیٚ..لەوە زیاتر چی لەبارەی تۆوە بنووسم؟

چیتر وشەکان لەدەست نیشان کردنی وردی ئەو بابەتانەدا کە ئەمەویٚ بیاننووسم بە فریام ناگەن،لێرە... لە شوێنە تازەکەما تەواوێك ئەندێشەم چڕ ئەکەمەوە..ئەوەی ئەمەویٚ دوور لە روانینەکانی ڕائول و دوور لە تانەو تەشەرەکانی رێجی..ئەینووسم،هەرچی مسیۆ دۆناڵیشە بەیەکجاری وازی لەوە هێناوە کەدەست وەرداتە کارو بارمەوە،ئەو شتانەی کە بیەویٚ تەرجومەیان کەم..لەگەڵ تێبینیەکانیدا بۆم دائەنیٚ..

مسیۆ دۆناڵ زیاتر تێمگەیشتووە،پێویستە ئەوانی تریش تیٚبگەن..ڕائول ئەیخوا بەدەستم... مشتە کۆڵەیەك لەلا چاوی چەپی ئەسرەوێنم..ڕائول لەدەستم دەرناچی...!! تێمئەگەی ئەڵێم چی؟

## پینج شەممە - هەینی 3-4 ی ئایار :

لەگەڵ سپێدەدا بەئاگا بوومەوە، تێرخەو بووم، کە ئەچمە سەر کار.. هێشتا پیاوەکان لە پرخەی خەودان. چراکەم لە پاڵ بەردێکا بە جێهێشت، یاتاغەکەشم هەڵگرت و گەڕامەوە.

لەو ڕێڕۆیشتنە بەیانیەدا... بیرم لە زۆر شت کردەوە... بۆچی ئاژەڵ لە بیاباندا ئەژی؟ چما ئەکریٚ ڕائول ببێتە پیاوێکی تر؟ چۆن خۆر لە سوڕانەوەی هەمە ڕۆژەی ماندوو نابیٚ؟ پێویستە مرۆڤ باش بیر کاتەوە، ئێستا مەرزوق توانای بیرکردنەوەی نیە... هەرچی مێژووشە.. من یەکێك ئەبم لەوانەی کە خۆم بۆ نووسینەوەی تەرخان ئەکەم... دڵنیام کە ئێستا ناتوانم ئەوە بکەم... بەڵام کاتیٚ ئەگەڕێمەوە بۆ وڵات ئەبمە خاوەنی کتێبخانەیەك و سەرچاوەی گرنگم لەبەر دەستا ئەبیٚ... شەوو ڕۆژ ئەو سەرچاوانە ئەگەڕێم تا ڕاستیەکان هەڵهێنجم .... ڕاستیەکان دڵی خەڵکی خۆش ئەکەن... ئەیانخاتە سەما...بەڵام درۆ، ڕەشە وەك کەلاکی ئاژەڵی مردارەوە بوو... کەچی خەڵکی حەز لە خواردنی گۆشتی ئەو جۆرە ئاژەڵانە ئەکەن!

مسیۆ دۆناڵ بۆتە ئیمپراتۆرو ئێمەش بووینەتە مڵەت، تا سەعات دەش ناگاتە سەر کار، جلەکانی پاك و تەمیزو چاویلکەیەکی ڕەش ئەکاتە چاوی، هەمیشە پایپەکەی بە لا لێوەوەیە، لە نووسینگەی بەڕێوەبەرێتی دائەنیشیٚ، من ڕقم لە مسیۆ دۆناڵ نیە، بەڵام حەز ناکەم وەك جاران قسەی لەگەڵا بکەم... ماوەیەکە زۆر ئەچم بۆ شوێنی کار... لەویٚ لە تونێلەکەدا دائەنیشم و ئەنووسم!

سوپاس بۆ خودا کە فەڕەنسییەکان عارەبی نازانن، گەر عارەبیان زانیبا... ئەوە یاداشتەکانیان لیٚ ئەدزیم و ئەشیٚ بیانخوێندبایاوە... ئەشیان ووت ئەوە دزی نییە، بەڵکو لیٚ خواستنێکی کاتییە!

مسیۆ مارشان : ڕێگەم بە بە ناوی کرێکارە خۆماڵیەکانەوە بدوێم...تۆ نازانیت ئێمە چەند سوورین لەسەرئەوەی کە بە پەلە بگەینە ئاکامەکان... بەڵام مادامەکی هەزاران ساڵە ئەو تابلۆیانە لە ژێر عەردان... ئەتوانیت پێمان بڵێی ئەم گرنگی پێدانە لە ڕادە بەدەرو پەلە پەلە بۆ؟

ئای گەر ئاسکێکم دیبا، ئەمەوێ ئاسکێ ببینم و بیگرم... وورده وورده پێکەوه ئەبینە هاوڕێ، بە دەستی خۆم خواردنی ئەدەمێ، دەست بەسەر توکەکەیدا ئەهێنم.... چەندین سەعات لە چاوانی ئەڕوانم، چاوانی ئاسك قووڵ و خەمێکی سەرسوڕهێنەریان تیایە... چما بڵێی بۆچیخەمبار بێ؟ بڵێی هاوڕێکانیان کوشتبێ؟ بڵێی مەرزوق بناسێ؟ ئەڵێن هەمووشتێ باشترە لە مرۆڤ... پێم وانییە ئاسك ئاسکێکی تر بکوژێ!

شەممە 5ی ئایار :

ئەشێ برایەکت هەبێ، لە دایکت نەبووبێ.

جرجێکم گرت، هێند ڕامکرد بەدوایدا تا گرتم... چاوانی ترساو، لوتی بەرز ئەکردەوە وەك ئەوەی هەست بە بۆنی خەتەرێك بکا، بەڵام سەیر کلکی بوو.... بۆچی ئەم پەڕەی بە کۆتایی کلکیەوە کردووە؟ سەربازە ئینگلیزەکان پەڕیان ئەکرد بە کڵاوەکانیانەوە!

چۆن بتوانم لای خۆم گلی بەمەوە بێ ئەوەی کەس پێ بزانێ؟

هەینی 4ی ئایار :

چراکەم داگیرساند، گوێم لە دەنگێك بوو ترساندمی، سەیری ئەملاو لای خۆم کرد... چ شتێکم نەدی...بڵێی گورگ بێ؟ پێموانیە گورگ بوێرێ توخنم کەوێ.

سەعاتێ نووستن بۆ مرۆڤ بەسە؟

ئێستا مسیۆ دۆناڵ نووستوە... شار دوورە، نیشتمان مەحاڵە، مەرزوق لە ژێر گڵا چاوانی لێك ناوە... بڵێی لە گۆڕیان نابێ؟

هەینی 4ی ئایار :

گەر ئەمجارە بۆ شار دابەزم، ئەکەومە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی یاداشتەکانم، ئوتێلی (نزهة الشرق) بە هۆڵە فراوانە ڕۆشنەکانییەوە باشترین شوێنی دونیایە... شەربەتێك داوا ئەکەم و لەو گۆشەیەی سەروودا کە ئەڕوانێ بەسەر باخچەکەدا دائەنیشم و ئەنوسم.

نامەوێ کەس قسەم لەگەڵا بکا، خەڵکینە ئێوە نازانن من ئەمەوێ لە بارەی کێوە بنووسم... لەبارەی مەرزوقەوە ئەنوسم...بەڵێ لە بارەی مەرزوقەوە، گەر مەرزوقتان ناسیبا، بە شکۆو بێدەنگییەوە هەڵئەسانە سەر پێ، لە منیش ئەگەڕان و کاتی ئەوەتان بۆ ئەڕەخساندم تا مەرزوق وەك سرودی دەریاوانەکان... وەك هاژەی شەپۆلو ڕەق وەك تاشەبەرد ڕابێتەوە.

مەرزووق نامرێ، ڕۆژنامەکان درۆ ئەکەن.. ڕۆژنامەکان درۆ زۆر ئەکەن، بەتایبەتیش لەم ڕۆژانەدا....پاشان ناوەکان لە یەك ئەچن، ناکرێ کەسێکی تر هەبێ ماموستای جوگرافیا بێو تەمەنی سی و سێ ساڵ بێ؟ بەڵام دایکی ئەو مەرزوقەی کە لە بارەیەوە نوسیویانە ناوی هایلەیە.. کاتێ کە سەرمان ئەکردە سەری پێمان ئەوت کوڕی هایلە... کەوامان ئەوت توڕە ئەبوو.. زیاتر لە جارێك کەوتە بیانوو هێنانەوە و وتی : دایکم ناوی هایلە نییە، بشمرن ناوەکەیتان پێنالێم، بەڵام ئاخرییەکەی زانیمان... سەرەتا توڕەبونەکەی دەرنەئەبڕی تا ئەو وەرەقەیەمان بەدەستەوە نەهێڵێ..بەڵام دوای ئەوەی زیاد لە جارێك ناوەکەمان دووبارە کردەوە، بە توڕەییەوە هەستاو وتی : ئەوەی بە کوڕی هایلە بانگم بکا، زیندە بە چاڵی ئەکەم!

ئێستا گەڵا سەوزەکان بەسەر پەلکی درەختەکانەوە چرۆ ئەکەن... هێشتا ترێ پێنەگەییوە، کاتێ دڵ بریندار بوو ئیدی سارێژ نابێ... کاترین تۆ لە کوێی؟

ئەی جرجەکە... بە هێمنی لەو چاڵەدا بنوو کە زیاتر لە هەڵکەندنی گۆڕەکەی مەرزوق بە هەڵکۆڵینیەوە ماندوو بووم.

ئەستێرەکان بە ئاسمانەوەن!

یەك شەممە 6 ئایار :

دوێنێ بە مسیۆ دۆناڵم وت : مۆڵەتێکی سێ ڕۆژیم ئەوێ. بە زمانێکی ڕەق لێی پرسیم :

بە هەفتەیەك پێش گەیشتنی مسیۆ مارشان نەبێ، بیرت لە مۆڵەت نەکردۆتەوە؟

– مسیۆ دۆناڵ ئاخر ئەو ئاژەڵەیان لێدزیم کە بە خێوم کردبوو.

بە تەوسەوە لێی پرسیم :

– کام ئاژەڵ و کێ لێی دزیت؟

پێم وت : من ئەمەوێ لێت بپرسم... چما مسیۆ مارشان قایل ئەبێ یەکێ لە کرێکارەکانی دزی بکا؟

– بەڵام کێ دزی لێکردوویت... چییان لێ دزیویت؟

– مسیۆ دۆناڵ گرنگ نییە... ئێستا مۆڵەتێکم ئەوێ تا بچم بۆ شارو دارخورمایەك بکڕم.

بە توڕەیی وەڵامی دامەوە... تەنانەت لە توڕەییدا پایپەکەی کەوتە خوارەوەو شکا : مسیۆ مونسور...

من مۆڵەتت نادەمێ... گەر ئەشتەوێ بچیت بۆ شار... فەرموو بڕۆ.. بەڵام ئۆباڵی خۆت بە ئەستۆی خۆت.

مەرزوقیان کوشت، ئەو جرجە چکۆڵەیەشیان دزی کە بە دوادا ڕاکردن و گرتنی ماندووی کردم... ئێستاش مسیۆ دۆناڵ قایل نییە مۆڵەتێکی کورتم بداتێ... مۆڵەتێکی سێ ڕۆژەیی.چما چ شتێکی تریان لە بن سەردایە بیانەوێ ئەنجامی بدەن؟

یەك شەممە 6ی ئایار... نیوەڕۆ :

تەواوێك لە چاوانی ڕائولم ڕووانی، ئەمویست بزانم ئەو جرجەکەی دزیوە یان نا، لە ڕوانینەکانم پەشۆکا... ڕائول دەستێکی لەو دزییەدا هەیە... ئەگینا بۆچی ئاوها پەشۆکا؟

ئەمشەو لێرەدا ئەنووم... بۆ نیشتمانە تازەکەم ناچم، بەرگەی ئەوە ناگرم ماڵی جرجەکە بە چۆڵی ببینم. شەوان دەرونی مرۆڤ پاکژ ئەبێتەوە.. ئەبێتەوە مرۆڤ. ڕائول...تۆیش خەم و خەفەت داینەگرتیت کاتێ ولاتەکەت لە جەنگا شکستی هێنا؟ نامەوێ وەلامم بدەیتەوە..من وەلامەکە ئەزانم.. لەبەر ئەوەی ولاتەکەم بەزیوە.

گەر ڕائول دان بە تاوانەکەیدا نەنێ... ئەوا هەر کە مسیۆ مارشان گەییشت شکاتی لێ ئەکەم...(بەڵێ.. مسیۆ مارشان تۆ سەرۆکی هەموومانیت و پێم وا نییە ڕێگە بەوە بدەیت کە یەکێ لە کرێکارەکانت بە جۆرێك لە جۆرەکان بچەوسێنرێتەوە، ئەم پیاوەش کە ئێستا لە بەردەمتا ئەیبینی...)دەست بۆ چاوانی مسیۆ ڕائول ڕائەکێشم..(ئەمە خەڵك ئەچەوسێنیتەوە.. جنێوی ناشرین ئەدا.. کاتێ خەڵك و خوا ئەنوون.. ئەم دەست ئەکاتە فیکە لێدان).

(مسیۆ مارشان.. تۆ ڕازیت ئاژاوە باڵ بەسەر شوێنی کارکردنا بکێشێ؟).

یەك شەممە 6ی ئایار... شەو :

کەوتمە فیکە لێدان، ڕیجی لێم ورد بۆوەو پاشان هاواری کرد :

فیکە لێدان بەسە!

- مسیۆ ڕێجی ئاخر بۆچی؟ گوێت لێ نییە ڕائول بە درێژایی شەو فیکە لێ ئەدا؟
- ئاخر ڕائول ئەزانێ فیکە لێدا... بەلام تۆ... بە شێوەیەکی ناشیرین، بە قونی خۆیدا کێشاو چووە دەرەوە...((مسیۆ ماشان.بەچاوی خۆت ببینە..واز ناهێنن... ئەم ڕائۆلە شتی قۆڕی وائەکا ئاژاڵ نایکا... هەر ئەمیش جرجەکەی دزیوە... لەوە دڵنیا بووم کاتێ لێم پرسی: ڕائۆلْ ئاژەڵێکی چکۆڵەی زەردت دیوە؟ کەچی هێندە پێکەنی بەپشتا کەوت..ئەیویست تاوانەکەی بشارێتەوە.. بەلام من کوتوپڕ پەیم بەهەمـــوو شتێ برد. ڕائولْ قاچی بە رووما درێژ کردو وتی : مسیۆ مەنسور تو ئاژەڵەکەت پێم بڵێ..بۆچی پرسیارم لێئەکەیت؟ پێم وت :بەلام ڕائۆلْ ئەو ئاژەڵە ئاژەڵی خودایە..ئاژەڵی من نییە، من دروستم نەکردوە،من تەنها گرتوومە.ئاژەڵێکی ناسك بوو.. وەك لم زەرد بوو...

ئای ڕائۆل...گەر بتدیبا!!

کوتوپڕ هاواری کردو ڕێجی بانگ کرد کە لە نزیك نوسینگەی بەڕێوەبەرێتییەوە گیتاری ئەژەند...کاتێ ڕێجی هات من لەگێڕانەوەی چیرۆکی جرجەکە ببوومەوە... لەنوکەوە بۆ رائۆڵم گێڕابۆوە..ڕائۆڵ ئاوڕی بۆ ڕێجی دایەوە و وتی : ڕێجی پێویستە ئەمشەو لە چاوی ئاژەڵێکی چکۆڵەی ناسك بخۆینەوە،ئاژەڵێك وەك لم زەرد..کە مسیۆ مەنسور لێی ون بووە... سبەینێش بەر لەوەی دەست بەکار بکەین..دەقیقەیەك

بەبێدەنگی لە پرسەی هەردووکیانا رائەوەستین. هەردووکیان پێکەنین.. بەڵام من خەفەتم بۆ مەرزووق و جرجەکە خوارد.. پاشان شکستم بیرکەوتەوە..دامە پڕمەی گریان.. کاتێ رائۆڵ بینیمی ئاوها ئەگریم ..شالأوی بۆ هێنام... بە میهرەبانییەوە باوەشی پیاکردم..من رائۆڵم زۆر خۆشئەوێ..ئێستا زیاترم خۆشئەوێ.

بەڵام رێجی بەفیکە ئاوازی مارشی ماڵئاوایی بۆ لێداین.. کەلێبۆوە..تەماشای کردم و وتی :من خەڵکم خۆشئەوێ.

سێ شەممە 8ی ئایار :

مەنسور.. ماوەیەکی زۆرە بیرت لەنیشتمان نەکردۆتەوە..بیرت چۆتەوە؟پێویستە رێگەیەك بدۆزمەوە تابەهۆیەوە هەموو شتێکی وڵات تەفروتوناکەم :درەخت و بزن و خیانەت و بەزین و چاڵو چۆڵی شەقامەکان و دزێویی.. دزێوی لەبەر دڵ گرانە!

کەبەنێوان هەردوو گردۆڵکەکەی باکوور وباشووردا رەت ئەبووم، بەفیکە ئەو ئاوازەم ئەژەند کە رێجی فێری کردبووم، باران ئەباری کەباران لێی دام خەمم رەوییەوە..نامەوێ شتەکانی بەردەمم ببینم. ناشمەوێ نیشتمان ببینم، بۆچی نەبمە مەیمون؟ گەر ببومایەتە مەیمون بازم بەسەر درەختەکانا ئەدا..ئەمەوێ ببمە فیل،فیل زۆر بەهێزە، ئەتوانێ شوێنەوارەکان پایە ماڵ کاو باخچەی پادشاو دەوڵەمەندەکان تێك وپێك دا...فیل.. بەڕادەیەك دەبەنگیشە کە زەحمەتە لەگەڵیدا پێك بێ... پێویسیتە ئادەمیزاد لە نیشتمان دەبەنگ و بەهێز بێ تابتوانێ بژی و دەوڵەمەند بێ.. بەڵام گەر ئاسك بێ ئەوا بە لەحنەت ئەبێ..پێویستە ئاسکەکان لە قۆچەکانیانەوە لە خاچ بدرێن .. لە هەوادا هەڵواسرێن و تا ئەمرن کەس نەچێ بەلایانەوە... لەبەرئەوەی ئاسکەکان چاوانێکی گریاناوی و ئەفسوناوییان هەیە.. پێستیان بە سروە ئەچێ..بەڵام پێوپلیان بەڕادەیەك بچووکە کە بە بارانێکی پێش وەخت لە ئاودا ڕۆئەچن. ئاوازەکەی رێجی ئاوها نییە،باسەر لەنوێ تاقی بکەمەوە... وا باشترە دانیشم و فیکە لێدەم.. دانیشتم. گەر مرۆڤ کەسێك نەدۆزێتەوە لەگەڵیدا بدوێ، ئەوا قیتارەکان لێواو لێون لەخەمۆکی... گەر نەمامی دارخورماکەم کڕیبا. ئەوا لە دەروازەی شوێنی کاردا ئەمرواند، کاتێ مسیۆ مارشان ئەیبینێ، ئاوڕ بۆ مسیۆ دۆناڵ ئەداتەوەو پیێی ئەڵێ : (پێویستە هەموو شتێ لەم گردۆڵکانەدا بدۆزینەوە..دارخورما هێمای بەرەکەتە...) ئەشێ مسیۆ مارشان لە پاڵ دارخورماکەدا.. رووەو باشوور هەڵمیزێ.

مارەکان رەشن.. کاتێ پیاوان بە ساڵا ئەچن رەشبین ئەبن..درەختەکان لە بۆقەکان بەهێز ترن..بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە ناقیڕێنن..دوێنێ زۆر پێکەنین کاتێ منیان بەو پانتۆڵە کورتەوە بینی..وتیان: مسیۆ مەنسور.. ڕابردووی تەڵاق داوە.

– مسیۆ ڕائۆڵ.. چاوی مەنسور عەبدول سەلام.. ئەڵێی چاوی هەڵۆیە... هەمووشتێ ئەبینێ، بەڵام هەموو شتێکی پێ گرنگ نییە!

ڕێجی پێکەنی،وتی :تۆ هەڵۆیەکی موزمەعیلیت.پێم وت : تۆیش قونی مەیمونێکی پیریت!

مسیۆ دۆناڵ ئاوڕی لێدامەوەو وتی:

مسیۆ مەنسور.. کێ وشەی ناشرینی بەدەمەوەیە؟

– مسیۆ دۆناڵ بۆ مەیمونی گەورەو بچوك قونیان نییە؟

وام وت.. نازانم بۆچی ئاوها پێکەنین؟ حاجی سەنادیقی مەیمونە،کچەکەی لە مەیمون بووە.. خۆت بە خۆت بی..لەحنەتی ڕەشت لێبێ .. مەرزوقیش مردوە..لەرائۆلم پرسی :ئەشێ کوژراو نەمرێ؟یەکەم جار حاڵی نەبوو...بەلاّم کاتێ ڕۆژنامەکەم دەرهێناو ئەو هەواڵەم بۆ تەرجومە کرد کە لەبارەی مەرزوقەوەیە،نیگەرانی لە سەر ڕوخساری دەرکەوت و وتی : مسیۆ مەنسور ئارامبگرە..وتم : رائۆڵ..بەلاّم ئاخر پرسیارێکت لێ ئەکەم..ئەو پرسیارە نییە کە تۆ وەلاّمەکەت ئامادە کردوە..تاوێك دیار نەماو پاشان بە بوتڵێ کۆنیاکەوە هاتەوە.. دەستی بەشانما کێشاو وتی : بۆ مسیۆ مارشانم هەڵگرتبوو..بەلاّم پێویستە ئێستا بیخۆینەوە..لە هەموو کەسێ شایستە ترین بیخۆینەوە...

کاتی خۆرئاوابوون بەفیکە لێدانەوە ڕووەو باکوور ڕۆیشتم...جارێکیان کاتێ بەرەو بازاڕی سەوزە فرۆشان ئەڕۆیشتم، فیکەم لێئەدا.. باران ئەباری...ئەمبینی باران ئەچووە مەنهوڵی شەقامەکانەوە .. وتم : ئەی بارانەکە..بچۆ بۆ کێڵگەکان..ڕێك سێ جاری تەواو تفم کردەوە... بەسەر جاددەکەو بەپاڵ شۆستەکەدا ئەڕۆیشتم و تفەکانم ئەژمارد.. ماوەی نێوان من و شۆستەکە مەترێك بوو.

خۆر لێرەوە هەڵدێ و تفێکم کرد،خۆر لەوێوە ئاوا ئەبێ وتفێکم کرد..مەنسور... ئەی باکوور و باشوور کامەن؟ (ئەگەر راوەستیت و پشت بەیت بەخۆر ئەوێ باکوورە!( بەلاّم من پشتم نادەم بە کەس، نە باکوورم ئەوێ و نە باشوور...پشتم بەخوداش نادەم، ئەوەی جارێ پشتی با هەموو جارێك ئەیدا.. مامۆستای جوگرافیا پێی ئەوتین: گەر پشت بدەنە خۆر!!.. بەلاّم جگە لەم شێوازە خەمینە چ شێوازێکی تری شك نەئەبرد؟ کاتێ خڕێتی زەویم بیست باوەڕم نەکرد.. تائێستا تەواوێك ئەوەم ناچێ بەئەقلاّ..باشتێکی تر بڵێن.. ئەو بەڕێزانە جگە لە خڕێتی زەوی شتێکی تر بڵێن... چما ئاوی ئۆقیانوسەکان بەسەرسەریانا ناڕژێ هەروەك ئەوەی جارێکیان مەنجەڵێك گیپەم پیا ڕژا؟

مسیۆ ڕائۆڵ ئەم پارچە گۆشتە بخۆ. ئەها چەند ناسکە.. گۆشتی پشتی وشترە.. وشتر هەر گۆشتی پشتە... کێشی وشتر هەزار کیلۆیە؟ ئەی کیلۆی بە چەندە؟ قەسابەکان چەند بەختەوەرن... خاوەن گۆشتێکی زۆر و زەوەندن..تا تێر ئەبن گۆشت ئەخۆن. بەلاّم بلێ‌ی جگە لە گۆشت هیچی تر نەخۆن..؟ مەنسوریش.. پارچەیەکی چکۆڵە... زۆر چکۆڵەی ئەوێ.. گەر داوای پارچەیەك گۆشت.. هێندەی گوێچکە سەگێ بکا .. پێی ئەڵێن : سەیر.. چەند دەست بلأوو چاو برسییە !! گەر داوای پارچەیەك گۆشت هێندەی گوێچکە پشیلەیەك بکا پێی ئەڵێن..سەیر چەند

**ڕزیله! پشیله گوێچکەی چکۆڵەیە.. گەر بیست گوێچکەی لێبخوا ئەوسا تێر نابێ...ئەو وەك کەروێشك برسییە.. پێیان وتم :**

**دگانی کەروێشك بەڕادەیەك ئەکشێ کە ئادەمیزاد پێیوانیە ئەوە وابێ.. یەکەمجار باوەڕم نەکرد، پێم وابوو زۆر بەو قسەیەوە نراوە، بەڵام ڕۆژێکیان بڕیارمدا پارچەیەك پلاستەر لەمابەینی دگانی کەروێشکا دانێم و سەیرکەم..**

**نەمهێشت دگانەکانی کەروێشکەکە بەر یەك بکەون، شتێکم لە مابەینی دگانیا داناو چاوەڕێم کرد .. دوای دووهەفتە دگانی کەروێشکەکە کشان .. پاشان دایە لاوازی و مردار بۆوە...! بەڵام من لەو تیۆرە دڵنیا بووم.. هەموو تییۆرێك پێویستی بە بەڵگەو سەلماندن هەیە، من هەرگیز پێویستم بە هیچ نییە، بەڵام، قسەکردن لەبارەی ئەو کە شتیانەوە کە بەندەر جێدێڵن و لە دەریادا وەر ئەگەڕێن گوایە ئەوە بەڵگەی خڕێتی زەوییە ئەوە تەواوێك بە پێچەوانەوەیە.. کاتێ کەشتیەکان دوور ئەکەونەوە نابینرێن، ئیدی پێویست ناکا چ شتێکی تر بڵێین!!**

**بەڕێزان ئەی ئاوی ئۆقیانوسەکان؟ ئاوەکە بکەنە بەرمیلێکەوە، بیکەنە دەفرێکەوە، بە گۆشەیەکی دیاریکراو لاری کەنەوە چی ڕووئەدا؟ کەس گرەو ئەکا؟ کاتێ ئاوەکە ئەڕژێ و پەرش ئەبێ..لە هەمان کاتدا جوان و تۆقێنەریشە...مەیمون و ژیشك و تیمساح و هەموو ئاژەڵێکی تر کە لە سەرزەوی و لە ژێر ئاودا ئەژین.. ئایا تەواوێك ئەیسەلمێنن کە عەرد خڕ نییە؟**

**چ بەڵگەیەکی ترتان بەدەستەوەیە؟درەخت و ئاسك و بۆق و کەروێشك و فیل، هەموو ئاژەڵ و ڕووەکەکانی سەر عەرد خاوەن سیفەتی باش و زۆر گرنگ و کاریگەرن.. بۆ نموونە ڕەنگی کەروێشك ڕەش و سپی و لەنێوان هەردوو ڕەنگەکەدایە.. بەڵام فیل... لەباخچەی ئاژەڵاندا نەبێ فیلم نەدیوە. گژو گیا ئەخواو هەڵئەمیزێ.. پاشان هەڵئەمیزێ و هیچ ناخوا.. کاتێ پاسەوانە کە تووڕە بوو تفی کرد.. باشە فیل چۆن زاووزێ ئەکا؟ ئەی وشترو ئاژەڵە زەبەلاحە ئەفسانییەکان چۆن؟ نەهەنگەکان؟ ئەمەوێ دوو حوت ببینم..نێرەیەك و مێییەیەك...ئەمەوێ جووت بوونیان تەماشا کەم .. بینینی دیمەنێکی لەو جۆرە جوان نییە .. بەڵکو تۆقێنەرە، ئاو و وشکانی... هەموو شتێ لێکۆڵینەوەی ئەوێ، بەڵام چما ئادەمیزاد کاتی ئەوەی بەدەستەوەیە بیر لە هەموو ئەو شتە قۆڕانە بکاتەوە کە وەك دومەڵ سەرزەوی کەوتون؟... پرسیار ئەکەم و سەرم سوڕماوە لەوەی کە لەهەزاران ساڵەوە تا ئێستا هەموو شتێ لەجێگەی خۆیدایە  رووبارەکان لە شوێنی دیاری کراوەوە هەڵئەقوڵێن و شالاودێنن... بەڕێگەی خویانەوە ئەڕۆن و پیاوان و ژنان ئەبیننن بەڵام باکیان لەکەس نییە.. ماسیەکان لەبنی دەریادا خۆراك ئەخۆن، هەرچی فیلیشە خانووەکان ئەپلیشێنێتەوەو لەدارستانەکانا ڕائەکا... بەڵام ناویان نییە... هەر فیلێك ناوێکی خۆی هەیە.. مەزەنە بکەن گەر فیل ناوی هەبووایە ناوی چی ئەبوو؟ بەرازەکانیش.. گەر هەر بەرازێ ناوی لە بەچکەکانی بنایە.. ئەوا زەوی  بڕئەبوو لە ناوی بەراز...بڵێی مەلەکان بئاخفن؟ بڵێی چۆلەکە لە کۆتر حاڵی بێ؟ گەر لە یەك**

گەیشتبان.. بڵێی مارمێلکە سەردانی ماری لەماڵەکەی خۆیدا کردباو وەك دوو بونەوەری گەشەسەندوو کە سەرقاڵی کارو باری ژیان و ئازارەکانی دارستان بن، سەری قسەیان دامەزراندبا؟

روخساری زوهدی سەنادیقی نەبێ، هەمووشتێ.... رەنگی هەموو شتێ سەوزێکی تۆخە.. خودا بە قوڕیا بردووە.. کردویەتیە ڕەنگێکی زەردی دزێو.. ساتێك لەساتەکان ئەستێرەی قوتبی ئەڵێ : من خاوەنی تۆزێك بەزەیی نیم، ئەمەوێ بۆ دواجار بسوڕێمەوە و ببمە نەیزەك.. دوای ئەوە چی ئەبێ با ببێ.. کاتێ ئادەمیزاد بڕیاری خۆکوشتن ئەدا... ئیدی هیچی بەلاوە گرنگ نییە.. ئەستێرەی قوتبی ئاوها بڕیاری دا...مەپرسن.. هەموو شتێ سەرەتاو کۆتایی لە چارە نوسراوە، هەرچی سوڕی کاربۆنیشە لە زەوی و لە سروشتا.. ئەوە سەر سوڕهێنەرترین شتە.. کاربۆن .. هۆ ئەی ئادەمیزادە بەختەوەرەکە... بیرت لە کاربۆن کردۆتەوە؟ هەوڵ بە بیری لێ بکەیتەوە..هەوڵ بە هەندێ کتێبی لە بارەوە موتالاکەیت؟ ئەوجا سەرت ئەسوڕمێ – کاربۆن هەیە! شتێکی پێویستە بۆ بوون.. شتێکی هەمیشەییە بۆ بوون.. ئەو کاتەی نامێنێ.. ئیدی زەوی لەپەتادا نوقوم ئەبێ و کۆتایی بە هەموو شتێ دێ!

بەلام شێخ حازم بەهبەهانی ساڵی ڕابردوو چوو بۆ حەج، دایکی و خەیریەی کچی خاڵی لەگەلا بوو، ئەتگوت پۆلی مەلن، ڕۆژی سێ شەممە ڕێ و ڕەسمی حەج دەستی پێکرد، پاشان ڕۆژی پێنج شەممە خودا هەموو مردووەکانی لە حەجاجەکان سەندەوە و بەخاکی سپاردن.. بەشێخ حازمی وت : تۆ بەرانێکی شەلیت.. ئیدی قاچی شکا.. بەلام لە ڕۆژانی جەژنا خەڵکی جلکی سپییان پۆشی، ئەتگوت خەتەنەکراون.. بەلام هەستیان بەئازار نە ئەکرد.. چەند زەحمەتە مرۆڤ بە تەنها بژیو لەتەنەکەیەکی بەتاڵ بداو بلورێنێ! وتی : ئەمەوێ ماچت کەم، ئەمەوێ هەزار ماچت کەم.. ئەمیش وتی : وەك تیمساح خۆشم ئەوێیت و ئەمەوێ پیێو پوزت ببینم.. ئەمەوێ ئەو کریستاڵە سوتێنەرە ببینم... ئەمەوێ لۆچی سکت ببینم، ئەو بەنازەوە سەیری کردو تفێکی کردەوە، ئەم بەخۆشحاڵییەوە هەستاو وتی : سەعاتی لە دایك بوونە، لەماوەی پێنج ساڵا سێ کوڕو کچێك و گوێرەیەکی چکۆڵەم لێی بوو کە بە سێ مانگی مرد.. بەدەم خواردنی گۆشتی گوێرەکەکەوە خەمبار بوو.. ئەو شەوە بە خەمەوە نووست و بۆ بەیانی مرد.

ڕۆژێك دێ بە دوای شوێنەواردا ناگەڕێن، بەلام دەسەلاتداران و ئەوانەی کە خەون بە زوڕناوە ئەبینن هەرگیز فریای فوو پیاکردنی ناکەون.

مەنسور..حاجی مەنسور، وەستا مەنسور، مەنسور بەگ، نا مەنسور..هەزارو چوارسەدو یانزە ناوی تری لە(سین)ەوە هەڵهێنجراو.. سابون..سەرامی..سەیاد..سەعلوك..سامۆئیل.سوس..سواس..ئەللاهو ئەکبەر..نوێژی بەیانی و تەراویح و مۆسیقا..سوپاس.. مسیۆ مارشان، خەمت نەبێ کارەکە بەباشی بەڕێوە ئەچێو کرێکارەکانیش ڕێك و پێکن.. مسیۆ ڕائول تف

لەبەری دەستی ئەکاو هەوڵ ئەدا ئەو ئاسەوارە بچوکانە پێکەوە بلکێنێتەوە کە ڕۆژانە ئەیدۆزینەوە... ریجیش.. ئای خۆزگە لەو گۆشتەت ئەخوارد کە ڕێجی لێی ئەنیێ! بەڵام کاتێك بەکرێکارەکانم وت : مۆڵەت وەرگرن و بەر لە گەیشتنی مسیۆ مارشان بچن نەمامی دار خورما بێنن..و گەر ئاسکێکیشتان بینی.. لەگەڵ خۆتانی بێنن... کە ئەوەم بەکرێکارەکان وت، مسیۆ دۆناڵ بە ڕقەوە سەیری کردم.

ئەی مەرزوق! مەرزوق پێکەنینی بەخەم نەرم و نیان، مەرزوقی چاوانێکی ماندوو. مەرزوق ئەو دڵە گوڵ گوڵییەی کەلە شەوا پرشنگ ئەدا.. مەرزوق نامرێ... بیبەن، بیکەن بەژێر خۆڵەوە... بەڵام گوتوپڕ ڕائەپەڕی، خۆڵەکە ڕائەماڵێ وهەڵئەسێ... ئای.. مەرزوق خۆزگە پەساپۆرتێکت پەیدا ئەکرد! بەڵام ناتوانیت بە قاچاغ سنور ببەزێنی؟ پێویستە مشوری پەساپۆرتێکی ساختەی بۆ بخۆم.. وێنەکەی خۆم هەڵئەگرم و.. وێنەکەی ئەوی ئەخەمە سەرو تەواو.. بەڵام چۆن پەساپۆرتەکەی بۆ رەوانەکەم؟ هەموو شتێ بە مسیۆ مارشان ئەڵێم.. مسیۆ مارشان کەی ئەگەیت.. ڕۆحم دەرچوو؟

خەتای مەرزوقە.. خەتای مەرزوق بوو؟ خەتای مەرزوق.. خەتای مەرزوق بوو؟

# کۆتایی

Ž

Ž

ماوەیەك بوو واڕاهاتبووم  هەر كاتێ ئەگەیشتمە شار، لە ئوتێلی (نزهة الشرق) دائەبەزیم، لەنێوان من وكرێكارانی ئەو ئوتێلەدا ئاشنایەتییەكی توندو تۆڵ دروست ببوو، هەر بەهۆی ئەوانیشەوە هەندێ دەنگ و باسی ڕۆژنامەوانی وەهام دەستئەكەوت كە ئەبووە هۆی ئەوەی لە گەیاندنو بڵاوكردنەوەی ئەو هەواڵانەدا پێش هەر ڕۆژنامەوانێكی تر بەمەوە، لەئاكامی چالاكی ئارەزووم دا بۆ هەڵهێنجانی وردی هەواڵەكان، خۆم دوچاری زەحمەت و ماندوبونێكی زۆر ئەكرد.. زەحمەت و ماندو بونێك كە هێشتا لە ناوەندە ڕۆژنامەوانییەكەی ئەمڕۆدا شتێكی دەگمەنە.. بۆ

نموونه گەر بۆ ئامادەکردنی هەواڵەکانی تایبەت بە خۆلی پێشبڕکێی ئەسپ سواری چوبام، هەر بەوەندە دانەئەسەکنام دووربینێ هەڵگرم و لەنێوان بینەراندا دانیشم.. بەڵکو ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ بەر لە دەست پێکردنی خولەکە، ئەگەیشتم... پەیوەندیم بە خاوەن ئەسپ و ئەو کەسانەوە ئەکرد کە سەرپەرشتی گرەوەکەیان ئەکرد، پاشان پەیوەندیم بە جوکییەکانەوە ئەکرد، هەڵم ئەدا وردترین زانیاری لەبارەی ژیانی ئەسپەکانەوە وەربگرم.. دوا جاریش سووربووم لەسەر ئەوەی کە خۆم ئەسپەکان ببینم. هەموو ئەو شتانەم ئەنجامئەداو هەرشتێ کەبۆ هەواڵەکانی تایبەت بەو خولە بەکەڵك هاتبا، بۆ ئەو ڕۆژنامەیەم ئەنارد کە کارم تیا ئەکرد.

هەمان شتم بۆ ئامادەکردنی هەواڵ و دەنگ وباسی پێشانگای جل و بەرگی بەهارە کرد.. کەلە مانگی ئازاری ڕابردوودا کرایەوە. ئێواران لە هۆڵی ئوتێلەکە دائەنیشتم و لە دەم و چاوەکان وورد ئەبومەوەو لە فیکرەوە ئەچووم.

لە ڕۆژانی قوتابخانەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ (ئەد هەم غالب)ی خوشکەزای خاوەن ئوتێلەکەدا هەبوو، هەر (ئەدهەم) یش بوو کە(ئەسعەد مورتەجی)خاوەن ئوتێلەکەی پێناساندم.

ئەسعەد مورتەجی پیاوێکی بە سالآچوو، گرژو مۆن و بێدەنگ بوو، لەڕادە بەدەر جگەرەی ئەکێشا..ئەمەش بەو ڕەنگە زەردەی سمێڵ و سەر پەنجەکانیدا دیار بوو، زیاد لەجارێك هەوڵم دا لەگەڵیدا بکەومە دامەزراندنی سەری قسە لە بارەی ئەو مەسەلانەوە کە خەڵکیان سەر قاڵ کردووە.. بەلآم لە هەموو ئەو جارانەدا خۆم ڕوو بەڕووی هەڵوێسی ئەبینیەوە کە نزیك بوو لە ئەفەرۆز کردن و ڕووپێنەدان... تا ئیدی جارێکیان گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە ئەسعەد مورتەجی حەز بەبینینم ناکا و قسەو باسەکانم نایوروژێنێ... تا سەردانەکەی ئەمجارەم بۆ شار.

نێوان من و ئەسعەد مورتەجی وامایەوەو تەنانەت خەریك بوو کوڵ بەم لە کردنەوەی هەر جۆرە وتویژێك لەگەڵیدا.. ئەمڕۆ گەیشتمە شار بۆ ئامادەکردنی هەواڵی سەردانەکەی سەرۆك کە سبەینێ پێشانگای کشتوکاڵی ئەکاتەوە.

پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ سەردانی ئەو شوێنەم کرد کە پێشانگاکەی تیا ئەکرێتەوە، زوربەی بەشەکانی پێشانگاکەم بینی، قسەم لەگەڵ بەرێوەبەرو ژمارەیەك لە کارمەندەکان کرد.. تێبینییەکانم نوسییەوە و تاوێك پێش ئێستا بۆ ڕۆژنامەکەم نارد. سبەینێش درێژە بەکارەکەم ئەدەم تا کە سەرۆك گەیشت بتوانم لە گۆشەیەکی ترەوە هەواڵی سەردانەکەی ئامادەکەم.. هیوادارم بتوانم لەم چالاکییەشدا لە ڕووی کاری ڕۆژنامەوانییەوە پێش هاوکارەکانم بدەمەوە!

نازانم چ قەدەرێك بوو هانی دام لەگەڵ ئەسعەد مورتەجی دا دانیشم!! بەقووڵی لێم ڕاما، سەری راوەشان و زەردەخەنەیەکی چکۆڵەی هاتێ..ئەو زەردەخەنەیە زیاتر لەوەی هەر شتێ بێ زەردەخەنەیەکی گاڵتە جاڕیانەبوو.. زیاتر لەومەزەندەیەم دڵنیا بووم کاتێ بەزمانێکی ڕەق و دەنگێکی قوڵ لێی پرسیم : ئەم ڕۆژانە...چ هەواڵێکی ڕۆژنامەوانیانە هەیە؟

- پێشانگای کشت وکاڵی هەیە.. خەڵکی بەگرنگی پێدانەوە لەو پێشانگایە ئەڕوانن... پێم وایە لای تۆش جێگەی گرنگی پێدانە.
- بەڵێ..

تاوێ بێدەنگ بوو، پاشان بەهەمان زمان و بەهەمان زەردەخەنەی گاڵتە جاڕیانەوە.. بەردەوام بوو :

- ئەی جگە لەپێشانگا؟

جگە لە پێشانگاکە چ هەواڵێکی تر نییە!

کوتوپڕ ڕوخساری گۆڕاو لێی پرسیم :

- ئەو پیاوەت بیرە کەجاری پێشو هەرایەکت لەگەڵیدا بۆ نایەوە؟

هەوڵم دا بیرم بێتەوە...چ هەرایەکم بیر نەهاتەوە... چما ئەسعەد مورتەجی لەبارەی چ هەرایەکەوە ئەدوێ؟

- بیرم نایەتەوە!
- ئەوەی قاوەکەت بە جلەکانیا ڕشت!

بیرم کەوتەوە..

مانگی ئازاری ڕابردوو کاتێ هاتم بۆ ئامادەکردنی دەنگ وباسی تایبەت بەجلی بەهارە، لە گۆشەی ژوروی هۆڵی ئوتێلەکەوە، پیاوێکم بینی دانیشتوەوکۆمەڵێك کاغەزی لەبەردەمایە، وامزانی هاوڕێیەکی ڕۆژنامەوانی خۆمە...لە دوایەوە وەستام و کەوتمە تەماشا کردنی کاغەزەکانی بەردەمی، ویستم بینینەکەمان ناکاو بێ .. خەریك بوونم بەسەیر کردنی کاغەزەکانەوە نەیهێشت دڵنیا بم کە ئەو پیاوە هاوڕێکەمە یان نا! کاغەزەکان ڕەنگاو ڕەنگ و بەقەوارەی زۆر جیاواز... کوتوپڕ بەتوندی دەستم بەشانیدا کێشا، داچڵەکی...کوپە قاوەکەی بەردەمی بەسەر جلەکانیا ڕژا.. کاتێ ئاوڕی دایەوە خەریك بوو لەهۆش خۆی بچێ..

هاوڕێکەم نەبوو!!

چاوانی ئەو پیاوە شوشەیی بوون.. لێوە لەرەی پێ کەوت و توڕەبوو..ویستم داوای لێبوردنی لێبکەم، بەڵام بینیم ئەو وشانەی کە داوای لێبوردنی پێئەکەم بەڕادەیەك ساردو سڕو دزێون کە وای لە ئەسعەد مورتەجی کرد بە هەڵەداوان بۆ ناوبژی بگاتە لامان.. کوت و پڕ پیاوەکە، کاغەزەکانی کۆکردەوەو بێ ئەوەی وشەیەك بڵێ لێی دا ڕۆیشت!

ئەسعەد مورتەجی پێی وتم :

- کەواتە یادت هاتەوە؟
- یادم هاتەوە..بەڵام گەر ئێستا ببیبنمەوە نایناسمەوە، خۆت ئەزانی ئەوە یەکتر ناسینێکی خێراو لە کەشێکی توڕەیی دا بوو...
- ئەی کاغەزەکانت لەیادە؟
- لە یادمە.. کاغەزی سەوز و سوور بوون... جگە لەڕەنگی کاغەزەکان هیچی ترم بیرنایەتەوە.

——

– نازانی چییان تیانوسرا بوو؟
ئەم قسانەی دوایی بەتەوسەوە وت..لەبەر ئەوەی وەلأمەکەی ئەزانیم.
وەلأمم نەدایەوە..
– ئەی گەر ئەو کاغەزانەت بدەمێ، ئامادەیت بیانخوێنیتەوەو شتێکیان لەسەر بنووسیت، شتێکی جیاواز لەم شتە قۆڕانەی کە ئەینوسیت!
تورە بووم.. بەلأم نەمتوانی هیچ بڵێم، لە نێوان ئەسعەد مورتاجی، بە ڕوخسارە گرژو مۆن و ڕوانینە تیژەکانی و بێدەنگیەکەی لە لایەك و چیرۆکی ئەو پیاوەو کاغەزەکانی لە لایەکی تر. تێا ماببووم... نەمئەزانی چۆن هەڵس وکەوت کەم.. کوتوپڕ وتم :
– ئەبو مەمدوح (ئەسعەد مورتەجیان وا بانگ ئەکرد) ئەتەوێ تاقیم کەیتەوە؟
– ئەزانم تۆ هیچ لە بارا نەبویت... بەلأم دوا دەرفەتت ئەدەمێ.. هەروەك چۆن لە پێشبڕکێی ئەسپ سواری‌دا دوا دەرفەت ئەدرێ.
بە بێ هیچ بەرگرییەك، بینیم ئەسعەد مورتەجی دەستی گرتم و بردمی.
لە ژورەکەی‌دا و لە پشت مێزی ئوتێلەکەوە دانیشت، کۆمەڵێ کاغەزی زۆری دامێ و وتی :
– بیخوێنەرەوە و هیچم لێ مەپرسە، بەلأم بۆ ئەوەی هەندێ لە هیوایەتە رۆژنامەوانییەکانت دامرکێتەوە... هەندێ شتت پێ‌ئەڵێم :
ئەم کاغەزانە هی ئەو پیاوەیە! ناوەکەیم لێ مەپرسە.. گەر بشپرسیت ناوەکەیت پێ‌ناڵێم، زۆر لەگەڵ نوسینەکەیدا نیم، بەلأم ئەو شتەی کە ئەم لەو نوسینەدا وتویەتی، خەڵکانی تر نەیانوێراوە بیڵێن...ئەشێ شتێ پاڵیپێوە نابێ ئەم شتانە بڵێ.. دواجاریش زەریبەی قسەکانی دا!
قسەکانی ئەسعەد مورتەجی وشك و ئاڵۆز بوون، بەلأم ئەو عەودالێ بوونەی کە لەکاتی وەرگرتنی کاغەزەکانا هەستم پێکرد، وای لێکردم چاو لە هەموو شتێ بپۆشم!
ڕۆژی دوایی لای عەسر، چووم بۆ هۆڵی ئوتێلەکە، هەستم کرد سەرەخولێیەکی بەهێز هەموو خانەیەکی لەشی گرتومەتەوە، هەستم بە قێزەوەنی، بە ڕق، بە شێتی ئەکرد... لەو ساتانەدا هەموو شتێکم بیر چوبۆوە، خەوو پێشانگای کشت وکاڵی و پیشە رۆژنامەوانییەکەم! خەمێکی ڕەش باڵی بەسەرا کێشا بووم... بە ئەسعەد مورتەجیم وت :
– ئەبو مەمدوح... ئێستا ئەو پیاوە لە کوێیە؟
– بچۆرەوە سەر پیشە ڕۆژنامەوانییەکەت.. برۆ لەسەر ئەسپ و جل و بەرگ بنووسە... تۆ هەر بۆ ئەوە باشیت!
بێ گرنگی دان لێم پرسی : بۆچی؟
– گەر دوای خوێندنەوەی هەموو ئەو پەڕە کاغەزانە نەزانیت ئێستا ئەو پیاوە لەکوێیە... ئیدی ئەتوانم چیت پێ بڵێم؟
– کوشتیان؟
– کوشتن هەزاران جار لەو چارەنووسەی باشترە!
– بەلأم پێم بڵێ چی ڕوویدا؟

—

– بەر لە هەفتەیەك هات بۆ ئێرە، نەخۆش و هیلاك دیار بوو، شتێكی ترسێنەر لە چاوانیا بوو... دوای ڕۆژێك بینیم لە ژورەكەی نایەتە دەرەوە... نیگەرانییەكی شاراوە گرتمی.. ئەو پیاوە كوا؟ بۆ نایەتە دەرەوە؟

چوومە سەریٚ، بە لای ژورەكەیدا ڕۆیشتم، ڕاوەستام، گوێم لە دەنگی بوو.. كەوتمە گومانەوە... بەلاٚم لەو كاتەدا هاوارێكی چكۆڵەی نزیك لە گریان تەقیەوە.دوای چەند چركەیەك تەلەفۆنم بۆ مسیۆ دۆناڵ كرد.. گوللەیەكی بە وێنەكەی خۆیەوە لە ئاوێنەكەدا نابوو... لە ماوەی نیوسەعاتا...هاتن و بردیان.

– بۆ كویٚ؟ بۆ كوێیان برد؟
– ئەبیٚ بۆ كوێیان بردبیٚ؟
– بۆ زیندان؟
– .... بۆ شێتخانە!
– ئەی كاغەزەكان.... ئەی دەمانچەكە؟
– دەمانچەكەم دا بە مسیۆ دۆناڵ و ئەویش تەسلیمی پۆلیسی كرد!
– ئەی چۆن كاغەزەكانت لای خۆت پاراست؟
– بە خۆم وت : ئەشیٚ نهێنییەك ... یان كەنزیٚ لەم كاغەزانەدا هەبیٚ.. منیش سی ساڵێك ئەبیٚ بە دوای كاغەزی بزر بوودا ئەگەڕێم، شتی وام تیانووسیون... خۆزگە ئێستە پێم بونایە!

* * *

هەنوكە ئەو كاغەزانە چاپ و بلاٚو ئەكەمەوە، چ دەسكارییەكی وام نەكردوون كە لە ماناكەیان بگۆڕیٚ .. هێندە نەبیٚ .. هەندیٚ ناو و هەندیٚ جنێوم لیٚ لابردوون !!

- تەوا و -

—